# ئافرەتیزم

## مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان
## لە باشووری کوردستان
## (١٩١٨-٢٠١٨)

**توێژینەوەی مێژوویی**

**مەهاباد قەرەداغی**

**٢٠١٨**

ناوی کتێب:        ئافرەتیزم
"مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان"
(١٩١٨-٢٠١٨)
جۆری کتێب:        توێژینەوەی مێژوویی
ناوی نووسەر:        مەهاباد قەرەداغی
نۆرەی چاپ:        یەکەم
ساڵی:        ٢٠١٨
دیزاینی بەرگ:        شاکار گەرمیانی
دیزاینی ناوەوە:        هێمن خدر
هەڵەچنی:        ڤینۆس سەڵاحەدین
چاپخانەی:        شەهاب
تیراژ:        ١٠٠٠
نرخ:        ١٠٠٠٠
لە چاپکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.. زنجیرەی کتێب ژمارە (١٦)
لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٠) ساڵی ٢٠١٨ی دراوەتێ

© هەر کەسێک یان دەزگایەک سوود لە هەر بەشێکی ئەم کتێبە وەردەگرێت، دەبێت ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکات، وەک تر تووشی لێپرسینەوە دەبێت.

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

# AFRATISIM

A History of the Struggle for Gender Equality
in Southern Kurdistan
(1918-2018)

Written by: Mahabad Qaradaghi

2018

ISBN 978-91-981378-8-0

**پێشکەشە**

**بە**

# "نێچیرڤان بارزانی"

**لە سۆنگەی ئەوەی وەک سەرۆکوەزیران**

**لە ساڵی ٢٠٠٥**

# "سیاسەتی یەکسانی"

**پەسەند کرد**

*********

*******

*****

**"یەکسانی جێندەر، خۆی لە خۆیدا لە ئامانجێک زیاترە، مەرجێکی پێشوەختە بۆ ئاڵنگاری و بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و هاندانی پەرەپێدانی بەردەوام و بنیاتنانی فەرمانڕەوایەتی باش."**

**کۆفی عەنان**

# پێشواژە

گومانهەڵنەگرە؛ کە هەر کۆمەڵێکی سەر ڕووی ئەم زەوییە، بە بێ بەشدارییەکی کارا و ڕاستەقینەی هەردوو توخمەکەی مرۆڤ"نێر و مێ"، ناتوانێ بە شێوەیەکی هاوسەنگ بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت. ئەو کۆمەڵانەی پێچەوانەی ئەم بنەمایە بەڕێوەچوون و مێیان لە پەراوێز ناوە و نێریان لە ناوەندەکانی ژیاندا کردۆتە هەمەکارە، مەحکوم بوون بە دواکەوتن و گیرۆدە بوون بە نەداری و نەزانی، نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵانەشمان لە جیهاندا کەم نییە، بەڵام لەو کۆمەڵانەی کە ناویان لێنراوە جیهانی سێیەم، نموونەیان زیاترە.

جێی مشتومڕ نییە؛ ئەگەر بڵێین دیموکراسی، بە بێ هاوبەشیکردنێکی ڕاستەقینەی چین و توێژەکانی خەڵک، لە دەسەڵاتەکاندا، مانای خۆی لەدەست دەدات، دەبێتە کراسێک، سیستەمێکی تری دەسەڵات دەیپۆشێت، تاوەکو بە دیموکراسی بناسرێت، واتە پیشاندنی دێوجامەی دیموکراسی، بۆ ئەوەی زەین و چاوی مرۆی پێ هەڵبخەڵەتێندرێت. هیچ گومانیش لەوەدا نییە، تەنها بەکارهێنانی قاوغی دیموکراسیی و فەرامۆشکردنی مانا و ناوەرۆکەکەی، دەشێ وەک ڕواڵەت بەشداری هەردوو توخمی مرۆڤی تێدا ببیندرێت و نێر و مێ وەک شێوە و بە ژمارەیەکی بەرچاویش تیایدا دەربکەون، وەلێ وەک جۆر و کاریگەریی، لە ئەرکە ڕاستەقینەکانی سەرشانیان سەرنەکەون، چونکە هیچ کاتێک ژمارەی زۆر بە ڕەنگی بۆرەوە ناتوانن کۆمەڵ بۆ پێشەوە ببەن. دەشێ ژمارەی کەم و پوختیش کاریگەرییان سنووردار بێت، بەڵام قەوارەی گەورە و توانای فرە و ڕەنگی جیاواز لە نێو دامودەزگای مرۆڤساز، دەتوانێ پەرجووخوڵقێن بێت و ماوەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی، کورت بکاتەوە.

بەڵگەنەویستە؛ کە لێکۆڵینەوە لە هەر بوارێکدا و بە تایبەتیش زانستە مرۆییەکان، پێویستە بۆ ئەوە بێت ئەنجامگیرییەکی دروستی لێبکرێت بۆ بەرچاورۆونکردنەوە. لێکۆڵینەوە؛ لە بواری زانستە مرۆییەکان بێت یان ئەوانی تر، داب و نەریت و ڕێوشوێن و میتودی تایبەتی خۆی هەیە و نە لێکدانەوەی سۆزناکانە و نەش لایەنگیری بێبنەما، نە ترسی واقیعی و نە ترسی ساختە و دروستکراو، نە ئایین نە ئایدۆلۆژیا، نابێت جێگە بەو پیودانگانە لەق بکات کە

زیاتر لە سەد ساڵە زانستە مرۆییەکان بە هەموو بەشەکانییەوە، لە سەری کۆکن و دەڕۆن.

بۆ ئەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێمە نەشێوێندرێت و تیشکێکی راستەقینەی بێلایەنانەی زانستی بخرێتە سەر، بە پێویستم زانی، سەرەتا وەک کارەکتەرێکی بەشدار و ئاگادار لە هەموو ئەو پرس و ڕووداوانەی کە لەچل ساڵی رابردوودا لە باشووری کوردستاندا ڕوویانداوە، واتە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە کە وەک کچێکی گەنج هاتمە نێو کەشی گشتی و بە قەڵەم ، لە پێناوی دروستکردنی ئاشتی و ئازادیدا، بەشداریم لە دوو جەنگی سامناکدا کرد، جەنگ لە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەکەم کە کوردە و جەنگ لە دژی چەوساندنەوەی توخمەکەم کە مێیە، هەروەها وەک توێژەرێک کە پرسی ژنان و خەبات بۆ یەکسانی بابەتێکی زیندوو بووە بەشێکی فراوانی ڕامانی منی داگیرکردووە و چەندین کتێبی لێکۆڵینەوەش بووەتە بەرهەم و ئەنجامی ئەو ڕامان و تێفکرینە قووڵە.

لێکۆڵینەوە لەم بابەتە؛ بۆ من نوێ نییە و نزیکەی ٣٠ ساڵ ئەزموونی لە پشتەوەیە. یەکەم جار کە لەم بابەتەم توێژییەوە ساڵی ١٩٨٩ بوو کە هێشتا باشووری کوردستان بە تەواوی داگیرکراوی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بوو، بە ئاگر و ئاسن حوکمی دەکرد و چەندین جینۆسایدی بەسەر کورددا هێنابوو، توێژینەوەکەم ناو نا (لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا)، چونکە پێم وابوو توخمی مێ وەک کارەکتەری زیندووی خاوەن کاریگەری لە کۆمەڵی ئێمەدا دەرناکەوێت وئەزموونی جۆرێک لە مردن دەکات، چونکە ژیان بێ چالاکی و بزوتنەوە، شێوازێکە لە مردن، بۆیە پێویستی بە ژیاندنەوە هەیە، پێویستی بەوەیە لە تاریکییەوە بگوێزرێتەوە بۆ ناو ڕووناکی و سەرەتاش تیشکی لێکۆڵینەوەی بخرێتە سەر، تا لە هۆکارەکانی چەوساندنەوەییەوە، بە دوای دەرمانی دەردەکانی بگەڕێین، بەڵام ئەو کتێبە دوای پێنج ساڵ ئینجا بە چاپ گەیشت و لە ساڵی ١٩٩٤ کە ئیدی خۆم نیشتەجێی وڵاتی سوید بووم و دەرفەتی چاپکردنی کتێبەکانم بۆ هەڵکەوت، ئەو کتێبەشیانم لە پاڵ چەندین کتێبی ئەدەبی تر کە ساڵانێک بوو لەبەر سانسۆری ڕژێمی بەعس لەچاپ نەدرابوون، لە سوێد پەخش و بڵاوم کردنەوە.

چەند ساڵ دواتر و دوای ئەوەی زمانی دیکە فێر بووم و لە زانکۆدا شارەزاییم لە بواری کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پەروەردە پەیدا کرد و باشتر و ڕوونتر دەمتوانی لە دیاردەکان ڕابمێنم، کتێبێکی تری لێکۆڵینەوەم لەسەر پرسی ژن نووسی بە ناوی (ئازادکردنی مێژوو)، لە ٢٠٠١ لە سوێد و لە ٢٠٠٢ لە کوردستان چاپ و بڵاوبووەوە. لەو کتێبەدا جەختم لەسەر دیلبوونی کەسایەتی ژن کردۆتەوە بەهۆی کۆتە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابوورییەکانەوە و ئەو مێژووەش پێویستە ئازاد بکرێت و ئازادکردنیشی بەندە بە ئازادکردنی هاوتەریبی خوودی کەسایەتی نێرینە و مێینەی کوردەوە لە ستەمی کولتوور و سیستەمی بابسالاری، کە هاوکات دیلی دەستی چەوسێنەرانی نەتەوەشن. خەبات بۆ ئازادکردنی مێژووی ژن نابێت فەرامۆش بکرێت و تەنها خەبات بۆ ئازادکردنی مێژووی کورد بکرێت، بە پێچەوانەشەوە، تا کورد دیل و ژێردەستە بێت ژنیش بە تەنیا ئازاد نابێت، کەواتە وەکو کورد و وەکو ژنی کورد پێویستمان بە خەباتێکی هاوتەریبە بۆ ئازادکردنی هەردوو مێژووی دیل، پێکەوە و هاوکات و دەستبەجێ. مەرجیشە هەردوو توخم خەبات بۆ ئازادکردنی هەردوو مێژووی دیل بکەن.

دوو ساڵ دواتر کتێبێکم نووسی بە ناوی (شەرەفنامە.. شەرەف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن) و لە ٢٠٠٤ لە سوید و کوردستان چاپ و بڵاو بووەوە. لەوێدا باسم لەو کلیلە ترسناکە کردووە کە عەقڵی کۆمەڵی پێ قفڵ دراوە، کلیلی شەرەف، کە لە کۆمەڵی کورد و کۆمەڵە دواکەوتووەکانی تریشدا لە نێو سێگۆشەیەکی جەستەی ژن دانراوە و بەهۆیەوە ئەو بەشە لە جەستەی ژن وەک سێگۆشەی بەندەری بەرمۆدا سامناک بووە و بەهۆیەوە لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا سەدان هەزار گیانی مێینەی بردۆتەوە، ئەویش ئەندامی زاوزێیەتی و سێکسوالێتی ژنە کراوە بەو کۆدە سامناکە. لەو کتێبەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە تا ئەو تێڕوانینە نەگۆڕێت و ئەو کۆدی شەرەفە بەو مانا سامناکەیەوە لە نێو زەینی پیاو و جەستەی ژن دەرنەکرێت، کۆیلەیەتی ژنیش کۆتایی نایەت. جگە لەمانە چەندین لێکۆڵینەوەی تری ئەدەبی کە میتودەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی بە چاویلکەی فێمینیستیی، تێدا بەکار براون و لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە. بەو هیوایەی ئەمانە و ئەم کتێبەش، ببنە بەردی بنیاتنانی کولتوورێکی دادپەروەرانەی شایستە بە مرۆڤی سەردەم.

لە هیچ کۆمەڵێکدا، خەبات بۆ دادپەروەری و یەکسانی، ئاسان و بێ ئارێشە نەبووە، چونکە خوودی ئەو خەباتە بەهۆی هەبوونی کێشەیەکەوە دەکرێت کە ڕەگی لە قوڵایی هەزارساڵەی مێژووی چەوساندنەوەی مرۆڤدا هەیە، بۆیە دەبێت هەر ڕەنجێک، هەر کارێک، هەر بەرهەمێک، هەر وتەیەک، هەر وشەیەک، هەر هەنگاوێک کە لە پێناوی بنیاتنانی کۆمەڵێکی یەکسان و دادپەروەردا دەنرێت، فەرامۆش نەکرێت و پێبزانرێت. مەخابنە کە لێرە و لەوێ، لە بەشی باشووری کوردستان، کتێب و نامیلکە دەردەچێت کە گوایە لەسەر پرسی یەکسانییە یاخوود سەبارەت بە مێژووی خەباتی ئافرەتان و تێکۆشان بۆ یەکسانییە، بەڵام کە ناوەڕۆکەکەی هەڵدەدەیتەوە پڕە لە هەڵاواردن و فەرامۆشکردن و پەراوێزخستنی ئەم و تیشکخستنە سەر ئەویتر بە مەبەستەوە، لە کاتێکدا خوودی خەبات بۆ یەکسانی "خەباتە بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن، نەهێشتنی فەرامۆشکردن و پەراوێزخستن، نەهێشتنی کولتووری دووڕوویی و خزمخزمێنە و حیزبحیزبێنە و هتد، کە ئەمەیان نابێت یەکسانخواز پیادەی بکات، چونکە خەبات بۆ یەکسانی بنچینەکەی فێمینیزمە، کە دادپەروەری چەترەکەیەتی و ئازادیش زەمینەکەیەتی.

چاوەڕێ بووم کەسێکی تر کتێبێکی گشتگر سەبارەت بە مێژووی تێکۆشانی ژنانی کوردستان بۆ یەکسانی بنووسێت، چونکە من پرۆژەی ئەدەبیم بە دەستەوە بوو، چیرۆک و ڕۆمان بە تایبەتی، سەرقاڵیان کردبووم، بەڵام کە چارەکە سەدەیەک بەسەر ڕاپەڕیندا تێپەڕی و کتێبێکی وام نەبینی، بڕیارم دا پرۆژە ئەدەبیەکانم کەمێک ڕاگرم و ئەم کتێبە مێژووییە دڵخوازەم بنوسم، مێژووی خەباتی خۆمان بنووسمەوە، رەخنەگرانە شیکاری بۆ ڕووداوەکانی بکەم. وەک بەرپرسیارێتی مێژووییم، چوون کارەکتەرێکی خەباتکاری دێرینی پرسی یەکسانی، کە هاوکات ماوەیەکی زۆر وەک چالاکوان و خەباتکارێک لە بواری رێکخراوەیی، دواتریش لە نێو حکومەتدا، لەسەر هەمان پرس کارو چالاکییم هەبووە، خۆم لەناو بەشێکی زیندووی ئەو مێژووەم، بۆیە دەشێ ڕوونبینانەتر لە کەسێکی تر کە لە ناو ڕووداوەکاندا نەژیاوە، لێیان ڕابمێنم. بڕیارم دا بە میتودی رەخنەی مێژوویی، تیشک بخەمە سەر خەباتی ژنانی کوردستان لە پێناوی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە گشتی و، چارەکەسەدەی ڕابردوو بە تایبەتی، بە میتود رەخنەی مێژوویی، تاوتوێ بکەم.

ئەم کتێبەم پێشکەش کردووە بە برای بەرێز و سەرکردە نێچیرڤان بارزانی؛ وەک ئەمەک و پێزانینێک بۆ دوو هەڵوێستی جوان و نایابی ئەو بەرامبەر بە پرسی ژن بە گشتی و هەروەها هەڵوێستی بەرامبەر بە خۆم وەک نووسەر و خەباتکارێکی ژن، بە تایبەتی. یەکەمیان؛ لە ساڵی ٢٠٠٥دا کە بەرێزی سەرۆک وەزیران بوو لە کابینەی چوارەم، داوای کرد وەک راوێژکاری کاروباری یەکسانی کاری لەگەڵ بکەم و منیش "سیاسەتی یەکسانی"م کرد بە پرۆژە و پەسەندی کرد و دەست بە کاربووین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو سیاسەتە، لە ئەنجومەنی وەزیران "دەزگای یەکسانی"مان دامەزراند و ئەمە یەکەم هەنگاوی سیستەماتیکی بوو بۆ کارکردن لە سەر پرسی ژن لە نێو حکومەتی کوردستان، کە هەنگاوێکی بوێرانەی گرنگ بوو، بایەخی مێژوویشی هەیە و دەمێنێت. دووەمیشیان لەبەر هەڵوێستی مرۆڤانەی بەرامبەر بە خۆم وەک نووسەر و خەباتکارێکی ژن، چونکە هەرلەو دەمانەدا کە کارم بۆ پرسی یەکسانی دەکرد، کۆنەپەرستان و نەیارانی یەکسانی لە لایەکەوە و کەسانی بێویژدانی تر لەبەر ململانێی حیزبایەتی لە لایەکی ترەوە، وەک گەلەگورگی برسی پەلاماریان دەدام و سەدان نووسینیان لە دژی من بڵاو دەکردەوە، نێچیرڤان بارزانی تاکە سەرکردەیەک بوو، پشتیوانی لێ کردم و نەکەوتە ژێر کاریگەری ئەو وزە ڕەشانەی کە بەرەی دژ دەیانڕشت. بۆ ئەو دوو هەڵوێستە لەبیرنەکراوەی، ئەم کتێبە تایبەتە، کە مێژووی تێکۆشانی سەدەیەکی ژنانی باشووری کوردستانی تیادا باسکراوە و لای خۆم کتێبێکی زۆر خۆشەویست و تایبەتە، پێشکەشیانی دەکەم.

بە هیوام ئەم کتێبەش، بەردێکی تر بێت لە بنیاتنانی تەلاری دادپەروەری و یەکسانی، سوودمەند بێت بۆ ئەو ناوەندە زانستیانەی کە تایبەتمەندن بە پرسی توێژینەوەی جەندەرناسیی. ئومێد دەکەم لە ساڵانی داهاتوودا سەدان کتێب لەم بوارەدا پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکرێت و ببێتە بابەتی پسپۆرێتی قوتابیانی خوێندنی باڵا و نووسەرانی پێشکەوتنخوازی کوردستان و بە تایبەتیش نووسەرانی ژن پێنووسی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن.

مەهاباد قەرەداغی
نەورۆزی ٢٧١٨
٢١ی ئاداری ٢٠١٨

**"بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەر، پێویستی بە بەشداری ژنان و پیاوان، کچان و کوڕانە، ئەمە بەرپرسیارێتی هەموو کەسێکە."**

**بان کی مۆن**

# دەروازە

ئەم کتێبە چوار توێژینەوەیە و پەیوەندیدارن بە یەکترە و دەچنە چوارچێوەی باسکردنی مێژووی تێکۆشانی ژن و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەو تێکۆشانە و دەستکەوتەکانی ئەو تێکۆشانە.

**توێژینەوەی یەکەم؛** توێژینەوەیەکی بەرفراوانە و کرۆکی ئەم کتێبەیە، بریتییە لە تیشک خستنە سەر سەدەیەک تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان، لە سەر ئاستی تاک و کۆمەڵ و دامەزراوەکان: ڕۆشنبیران، رێکخراوەکان، حکومەت، پەرلەمان و پارت و رێکخراوە سیاسییەکان. لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا تیشکیش دەخەینە سەر خەباتی ژنانی دنیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دوای ئەوەی باسی پاشخانی مێژوویی سێ چارەکە سەدەی رابردوو تەواو دەبێت، بە تایبەت ڕامان لەسەر مێژووی چارەکە سەدەیەک چڕ دەکەینەوە کە لە نێوان ساڵانی دوای ڕاپەڕینە ۱۹۹۲-۲۰۱۷ بەڵام ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی دووسەد ساڵەی خەباتی ژن لە جیهاندا و کاریگەریان لەسەر بەشەکانی تری دنیا و بە تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیریش کوردستان، بە پێویست زانراوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە دیدێکی رەخنەگرانەی شیکاریئامێزەوە چۆنێتی گەشەکردنی خەباتی یەکسانخوازانە لە باشووری کوردستاندا تاوتوێ بکەین و ئاستەنگییەکانی رێگای ئەم تێکۆشانە دەستنیشان بکەین و دەستکەوتەکانیشی پیشان بدەین.

**توێژینەوەی دووەم؛** توێژینەوەیەکی تایبەتە بە هۆکار و ئەنجامەکانی توندوتیژی لە کۆمەڵی کوردستان و ئاماری چەند ساڵێکیش بەراورد کراوە وەک نمونە. توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان و کاریگەری و لێکەوتە و دەرکەوتەکانی تاوتوێ کراوە، چوون توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە بەرامبەر بە توخمی مێ، لە کۆمەڵی کوردستاندا پیادەیە و بەتایبەتیش ئەو

توندوتیژییانەی کە بە شەرمەفپارێزی پاساودراون. هەروەها هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و چۆنێتیی چارەسەرکردنی پێشنیار کراون.

**توێژینەوەی سێیەم؛** تەرخانە بۆ کۆڵینەوەیەک لە هۆکار و ئەنجامەکانی جیابوونەوەی هاوسەران، لە پەیوەندی خێزان و لێکترازانی لە هەرێمی کوردستان، هۆکار و لێکەوتە و دەرکەوتەکانی، چوون ئەم دیاردەیە لەم ساڵانەی دوایدا پەرەی سەندووە و لە دۆخەوە بووەتە دیاردە، بۆیە پێویستە لێکۆڵەرانە ئاوڕی لێبدرێتەوە.

**توێژینەوەی چوارەم؛** دەربارەی ژنێکی کوردە لە سەدەی بیستەمدا ژیاوە و سەدان شیعری هۆنیوەتەوە بە هۆشیارییەکی نەتەوەیی، فێمینیستی، چینایەتی، ژینگەدۆستی و سروشتگەراییەوە، ئەویش زەینەب خانە، بەڵام لە کات و سەردەمی خۆیدا ئەو بابەتانەی بڵاونەبوونەتەوە و خۆیشی نەناسراوە. لە شوباتی ٢٠١٨دا دیوانەکەی بۆ یەکەم جار ڕووناکی بینی. ئەم خانمە شاعێرێکی پایەدار و گرنگە، وەک پیرەمێرد و بێکەس و گۆران و هەموو شاعیرانی ناوداری پیاو کە هاوچەرخی ئەو بوون، بەڵام ئەوان دیار و ئەم نادیار بووە. ئێستا کە دۆزراوەتەوە، مێژووی ئەدەبی کوردی لەبەر ئەو پێویستە هەڵبوەشێتەوە و دووبارە بنووسرێتەوە، تا لە پڕشنگدارترین لاپەرەکانیدا ناوی زەینەب خان تۆمار بکات. بە هەمان شێوە مێژووی ژنی کورد بە ڕێز و شانازییەوە لە ئامێزی بگرێت.

لەم دەروازەیەدا بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە ناوی کتێبەکەم ناوە "ئافرەتیزم" کە مەبەست لێی کوردانِدنی دەستەواژەی"فێمینیزم"ە، بۆ ئەوەی لە گۆشەنیگایەکی فێمینیستانەوە (ئافرەتیست)انەوە تایبەتمەندێتی ئافرەتی کورد بەرجەستە بکەم و ئەو دڕدۆنگی و بەندوباوانەش کە بەهۆی سیاسەتەوە بە باڵای وشەگەلی وەک (ئافرەت)، (ژن)،(خانم) و هتد..ەوە نراون و جۆرێکی تر لە دابەشکاری ناماقوڵانەتر لە دابەشکارییە جەندەرییەکەیان، لە کۆمەڵی ئێمەدا دروست کردووە، لە زەینی خوێنەر داماڵم و دەستەواژەکان وەک خۆیان و بێلایەن، وەک مانا و سیمبولە زمانەوانییەکانیان، ئافرەت، ژن، خانم، مێ، کچ، ئازادانە بەکار بهێنم. ئافرەتیزم هەموو ئەو دۆخ و دیاردانەی پەیوەندیدارە بە کێشەی ئافرەتەوە،

دەگرێتە خۆی، بۆیە بەو مانا فراوانە بەکاری دەبەم، تا بتوانم هەر توێژینەوەیەک پەیوەندیدار بێت بە پرسی ئازادکردنی توخمی مێی مرۆڤی کوردەوە، لەم چوارچێوەیەدا جێگەی بکەمەوە. ئافرەتیزم، چوارچێوەیەکی تیۆری و فەلسەفییە هەموو ئەو بیرکردنەوە و ڕامان و تێکۆشانانە دەگرێتەوە کە لە پێناوی یەکسانی و بەرەنگاربوونەوەی هەڵواردن بەهۆی جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتی و توخمبەندییەوە، ئەنجام دەدرێت.

## توێژینەوەی یەکەم

# ئافرەتیزم

## قۆناغەکانی مێژووی تێکۆشان
## بۆ مافی یەکسان

**"مافەکانی مرۆڤ مافەکانی ئافرەتانن، مافەکانی ئافرەتان مافەکانی مرۆڤن."**
**هیلاری کلینتۆن**

## سەرەتا:

سەرەتای هەزارەی سێیەم و سەدەی بیستویەکەم؛ لە دنیادا وەرزی دروێنەکردنی بەری درەختی خەبات لە پێناوی مافەکانی ژنان بوو، کە نزیکەی دووسەدساڵ بە پەرۆشەوە بۆی تێکۆشابوون، بۆیە لە ئەدەبیاتی یەکسانخوازیدا گوێمان لەوە دەبوو کە سەدەی بیست و یەکەم وەک سەدەی مافەکانی ژن، ناوزەد دەکرا.

لە کوردستانی ئێمەشدا؛ لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا، بزاڤێکی نوێی ژن لەدایکبوو، بەڵام هەر لە ساواییەوە تا قۆناغەکانی تری تەمەنیشی و تا ئێستاش، ئاستەنگی گەورە گەورەی بۆ درووست بووە و، بەهۆی دۆخی زێدە تایبەتی کوردەوە وەک نەتەوەیەکی ژێردەستی ناوچەیەکی ئاڵۆز کە کاریگەری لە سەر سایکۆلۆژیای تاک بە تاکی مرۆڤی کورد داناوە، ، ڕێی گەشەکردنی لێگیراوە و دەگیرێت. لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا و دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس و ڕووخانی دیکتاتۆرەکەی بەغدا"سەددام حسێن"، کورد هێدی هێدی دەستی کرد بە بوژانەوە و بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستانیش دەستی کرد بەوەی گەشە بکات و لەسەر پێی خۆی رابوەستێت.

باشووری کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم، کەوتە ژێر بوومەلەرزەی پەلاماری قڕکردن و کۆکوژی لە لایەن ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی عێراقەوە و لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا و دوای چەندین شەڕ و شۆڕش لە دژی داگیرکەرەکەی، ئینجا لە راپەڕینێکدا سەرکەوت و بەهاری ١٩٩١ بوو بە بەهاری کورد. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێکی زۆری خاکی باشووری کوردستان هێشتا لە دەستی داگیرکەردا مابووەوە، بەڵام سێ شاری گەورە، سێ پارێزگا کەوتە دەستی کورد خۆی و سیستەمێکی ئیداری خۆماڵی بۆ بەڕێوەبردنی چێکرد. من ئەم قۆناغە ناو دەنێم قۆناغی ژیانەوە.

گەلێک کە هیچ کات لەمێژوودا بوار نەدرابوو کۆمەڵانی خەڵکی خۆی بەڕێوەبەرێت، بێ ئەزموون و دەستوپێ سپی لە زانست و هونەری بەڕێوەبردن، بەڵام بە هیوا و شاگەشکە بە سەرکەوتنی ڕاپەڕین و بڕوادار بە ئازادی و مافەکانی خۆی، دەستی کرد بە چێکردنی پەرلەمان و حکومەتی خۆجێی و حکومەتی هەرێمی و دامودەزگای دیکەی بەڕێوەبردن.
گروپ گروپ خەڵکی ڕۆشنبیر و دیموکراتخواز؛ دەستیان کردن بە چێکردنی سەندیکا و رێکخراوە پیشەییەکان و، گەشەدان بەو ڕێکخراوانەی کە پێشتر هەبوون و سڕکرابوون. یەکێتی نووسەرانی کورد، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی ژنانی کوردستان، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، سەندیکای پارێزەران، ئەندازیاران، کارمەندانی تەندروستی، سەندیکای کرێکاران، فەرمانبەران و زۆری تر دامەزران و دەستیان کرد بە پەرەپێدانی خەباتی مەدەنی بۆ بەرگری لە مافەکانیان. قۆناغێکی نوێ دەستی پێکردبوو، کە هەموو شتێک نوێ و ناوازە بوو. ئەزموون لە هەموو شتێک کەم بوو، بەڵام هیوا بۆ گەشەسەندن زۆر بوو. هەوڵی سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی دنیا بۆ گەشەدان بەو رێکخراوانە و ئەو دەزگا و دامەزراوانە لە هەموو ئاقارێکەوە بە جۆش و خرۆشێکی "لە شۆڕشگێڕییەوە بەرەو مەدەنیەت" چوونی پێوە دیار بوو.

خەباتی ئافرەتانیش بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان؛ بە هۆشیارییەکی تا ڕادەیەک ئافرەتیستانە"فێمینیست"انە، دەتوانین وەک بزوتنەوەیەکی تا ڕادەیەکی باش رێکخراو، لەو بەهاری کوردەوە، واتە لە ١٩٩١ەوە، دەستپێکە نوێیەکەی بژمێرین. چونکە لە پێش ئەوسا خەباتی نهێنی لە کەشی ترسئامێزی ژێرسایەی دیکتاتۆرەکان و ڕژێمە یەک لە دوای یەکە داگیرکەرەکانی کوردستاندا کرابوو، ئەو خەباتەش خەباتی بەدەستهێنانی مافەکانی ژن نەبوو، بەڵکو زیاترخەباتێکی گشتی نەتەوایەتی بوو کە ژنان لە بەشدارییان لە شۆڕشەکانی رزگاریخوازی کوردستاندا ئەنجامیان دابوو، لە پاڵیشییەوە هەندێ چالاکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەنجام درابوو. بۆ ئەوەی چۆنێتی گەشەی بزوتنەوەی ژنان لە باشووری کوردستاندا بخەینە ڕوو، پێویستە تیشک بخەینە سەر ئەو جموجوڵ و تێکۆشانانەی ژنانی کورد کە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەستی پێکردووە و بەهۆی

بارودۆخی ئاڵۆزی کوردەوە ڕێگایەکی پێچاوپێچ و هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و تا گەیشتووەتە ئێستا.

کە بە شێوەیەکی گشتی دەڕوانینە کۆمەڵی کوردستان، کە هەر ئەم کۆمەڵەشە پێکهێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی سیڤیل و دامودەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان و سەرکردایەتی و بنکردایەتی حیزبەکانە، دەبینین دوای بیست و پێنج ساڵ لە بەڕێوەبردنی خۆجێی و لە تێکۆشانی مەدەنی و لە خەبات بۆ دیموکراسی و دادپەروەری و مافی مرۆڤ و یەکسانی هێشتا ئەم گریمانانە لە زەینماندا بۆ لێکۆڵینەوە دروست دەبن سەبارەت بە پێگەی ژن لە باشووری کوردستاندا، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ژن لە تێڕوانینی باوی کۆمەڵی کوردیدا وەک بوونەوەرێکی لاواز دەبینرێت و ژنبینی مرۆڤی کورد لە تێڕوانینێکی نێرسالارییەوە سەرچاوە دەگرێت.
- هەر هەمان تێڕوانینی باو زاڵە بەسەر سەرکردایەتی حیزبەکانی باشووری کوردستاندا، بۆیە بڕوایان بە توانا و لێهاتوویی ئافرەتان کەمە و دەرفەتیان بۆ گەشەسەندن و بەشداری ڕاستەقینە لە بڕیاردان و لە سیاسەتکردن، بۆ چێناکەن.
- بەشداری ژن لە ژیانی سیاسی، کولتووری و ئابووریدا لاوازە، ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشتر گەشەی کردووە و لە هەندێ قۆناغدا گەشەی وەستاوە و لە هەندێکی تریشدا پێشڤەچوونی خێرای بەخۆیەوە دیوە.
- دەستکەوتەکانی بزوتنەوەی ژنان لە دوای ڕاپەڕینەوە بارتەقای ڕەنج و تێکۆشانی چارەکەسەدەیەک نییە کە لە قۆناغی نوێی خەباتیاندا بۆ یەکسانی، کردوویانە. ئەمە جگە لە ڕەنج و تێکۆشانی سالانی پێشووتر کە تێکڕای نزیک دەبێتەوە لە یەک سەدە تێکۆشان.
- ڕێژە و ژمارەی ژن لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان نەبووەتە هۆی ئەوەی لە ڕووی قەوارەشەوە ژن ببێتە خاوەنی پێگە و ناسنامە، ببێتە هێزێکی فشار و کاریگەری لەسەر گۆڕینی بڕیار، یان دەستی لە سازکردنی بڕیاردا، هەبێت.

❖ ململانێی حیزبایەتی هۆیەکی ڕاستەقینەیە لە دابڕانی ژنان لە یەکتری و دروستنەبوونی چەترێکی هاوبەش بۆ خەباتیان و بوونیان بە هێزێکی یەکگرتوو تا بتوانن ببنە قەوارەیەکی سەربەخۆ و گروپی فشار و مەرج و داخوازییەکانیان بسەپێنن.

## میتودە بەکاربراوەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا:

بۆ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە، وێڕای بەکارهێنانی شێوازی ڕەخنەی مێژوویی و هەڵسەنگاندنی زانیاری، پشت دەبەستم بە شێواز و پێوەرە زانستییە باوەکانی تری زانستە مرۆییەکان بە گشتی و کۆمەڵناسی بە تایبەتی، لە هەرکوێیەکیش پێویست بکات پێوەرەکانی زانستی دەروونناسی، ئابووری و سیاسەتیش دەکەم بە پاڵپشت و زەمینەی شیکارییەکانی پێ سازدەکەم. هەڵبەتە لە باسی پرسی یەکسانیدا، میتودی جێندەرناسی ناکرێ ڕەچاو نەکرێت و مەرجێکیشە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە پڕبە پێست بێت.

## ئامانج و پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە؛ پیشاندانی پانۆرامایەکی مێژووییە لە بارەی نزیکەی سەد ساڵ خەباتی ئافرەتانی باشووری کوردستان بۆ گەیشتن بە یەکسانی و بەدەستهێنانەوەی مافە لێزەوتکراوەکانیان، واتە لە ساڵی ١٩١٨ەوە تا ٢٠١٨ کە دەکاتە سەدەیەکی ڕەبەق. بە تایبەتیش ئەم چارەکە سەدەیەی کۆتایی١٩٩٢-٢٠١٨، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کوردستان ببەستین بە ناوچەکە و دنیاوە و لە ئەزموونی جیهانەوە بڕوانینە خەباتی خۆمان و لە کوردستانیشەوە بڕوانینە بەشەکانی تری دنیا. هەموو ئەمانەش بە دۆزینەوەی بەرسڤ بۆ ئەم پرسیارانە دێتە دی، کە لە خوارەوە دەیانوروژێنین:

- لەکەیەوە ژنی کورد دەستی بەکار و خەبات کرد بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە و بۆ وەکیەکی نێوان خۆی و ئەویتر؟
- فێمینیزم لە جیهاندا چۆن پرسی یەکسانی تاوتوێ کرد، چۆن کاریگەری دانا و چۆن بۆن و بەرامەی گەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵی کورد چۆن سوودیان لێ بینی؟

- پرسی مافەکانی ژن لە دوای ڕاپەڕینەوە چۆن چالاک کرایەوە؟
- پرسی یەکسانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کەی و چۆن دەستی پێکرد و دەزگای یەکسانی چی بوو، چی کرد و چی نەکرد؟
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان چۆن دامەزرا، ڕۆڵی ئەم وەزارەتە لەسەر نەخشەی خەباتی ژندا لە کوێدا بوو؟
- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کەی و چۆن و بۆ دامەزرا و چۆن کار دەکات؟
- ژنانی هەڕەشەلێکراو لە کوێ داڵدە دەدرێن، ئەی ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتان چۆن بەڕێوە دەچن؟
- حکومەت چۆن بەرەنگاری توندوتیژی دەبێتەوە، ئەی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی کاری چییە و چەند کاریگەری هەبووە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییدا؟
- یاساکان چۆن و کەی و بۆچی هەموار کرانەوە، ئەی یاسا دانراو و هەموارکراوەکان تا چەند جێبەجێ دەکرێن؟
- پێگەی ژن لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە کابینەکاندا چۆن و چەندە؟
- پێگەی ژن لەناو ئەنجومەنەکانی نیشتیمانی و پارێزگاکاندا چۆن و چەندە؟
- پێگەی ژن لەناو سەرکردایەتی حیزبەکاندا (کە پێکهێنەری کابینەکانی حکومەتن) چۆن و چەندە؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانە و ئەو گریمانەیە، میتودی چەندێتی و چۆنێتی بەکار دەبەم و هەموو ئەو زانیارییانەش کە خۆم دەبمە سەرچاوەی، لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە من بەشێکی زیندوو و ئاگاداری ئەو ڕووداوانەم کە لەو ساڵانەدا ڕوویانداوە کە حکومەت بۆ پرسی یەکسانی کاری بۆ کردووە.[١]

---

[١] هۆکاری ئاگاداربوونم لە کۆی ئەو ڕووداوانە ئەوەیە وەک پیشە راوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بووم بۆ کاروباری ئافرەتان و یەکسانی، لە کابینەی چوارەمی ئیدارەی هەولێر، کە بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو. لەساڵی ٢٠٠٥ دا سیاسەتی یەکسانیمان راگەیاند و کارمان لەسەر کرد، لە کابینەی پێنجەم و ئەوانی دواتریشدا سەرۆک وەزیران ئەم سیاسەتەی پیادە کردووە.

جگە لەوەی خۆم هێشتا لە ژیاندام و زانیارییەکان لە لامن، زۆربەی ئەو زانیارانە لە کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.
**دەستەواژە کلیلییەکانی** ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتین لە: ئافرەتیزم، ئافرەتیست، توخمبەندی، سیستەمی بابسالاری، یەکسانی، توندوتیژی، ژنبینی و ژیانبینی.
پێناسەی هەر یەکەیان بەم جۆرە دەکەین:

**ئافرەتیزم:**

ئەم دەستەواژەیە کوردانندنی دەستەواژەی "فێمینیزم"ی ئینگلیزییە بە پێدانی تایبەتمەندێتییەکی کۆمەڵی کوردستانییەوە. لە پێناسەیەکی کورت و پوختدا دەتوانین بڵێین فێمینیزم بریتییە لە دیدگایەکی مێیانە یاخود دنیابینییەکی ئافرەتانە و بینینی هۆکار و ئەنجام و چارەسەرییەکانی کێشەی هەڵاواردنی توخمبەندی نێوان ئافرەت و پیاو، بە چاویلکەیەکی هاوسەنگبینەوە. کەواتە مەبەستمان لە "ئافرەتیزم"یش دنیابینییەکی ئافرەتانەی کوردییە لە کێشەکان، ئاخر بەهۆی تایبەتمەندێتی جوگرافیا، مێژوو، کولتوور و ئایین، کوردستان و کورد جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ ئەو شوێن و مرۆڤانەی کە لە بنچینەوە دیدگای فێمێنیزمیان تیادا بەرهەم هاتووە. کورد خۆی خاوەنی دۆز و کێشەیەکی تریشە کە کێشەی نەتەوایەتییە، کە کێشەی داگیرکردنی خاک و داگیرکردنی ناسنامەیەتی، بۆیە ژنی کوردیش دووقات دەچەوسێتەوە و خەباتێکی دووهێندەی پێویستە بۆ رزگاربوون لەو دوو کۆتە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییە.

**ئافرەتیست:**

ئەم دەستەواژەیەش کوردانندنی دەستەواژەی"فێمینیست"ی ئینگلیزییە، بە پێدانی سروشتی کوردانەوە. پێناسەی ئەمیش بریتییە لەو کەسانەی کە خەبات بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناهاوسەنگی نێوان نێر و مێی کۆمەڵ دەکەن. ئەو کەسانەی بۆ یەکسانی تێدەکۆشن. ئافرەتیست دەتوانێ هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز، یەکسانیخواز و دادپەروەریخواز بێت، ژن بێت یان پیاو، بەڵام مەرجە بڕوای بە دیدگای ئافرەتیزم هەبێت بۆ چارەسەری کێشەی ناهاوسەنگی لە کۆمەڵدا.

هەندێ جار؛ خودی ئافرەت دێتە نێو خەباتی یەکسانخوازانە، بەڵام بەبێ هۆشیارییەکی ئافرەتیستانە، بۆیە خەباتەکەی یان بێ ئەنجام دەبێت، یانیش زیان لە بزاڤی رزگاریخوازی ژنان دەدات. ئێمە لە کوردستاندا مەخابن نمونەی لەم جۆرەمان هەیە، کە ئافرەت بووە و بەئاشکرا وەک ئافرەتیست و خەباتگێری پرسی یەکسانی خۆی ناساندووە و فیگەری ناسراوی ئەو بوارە بووە، بەڵام لەناکاو ڕەفتارێکی نواندووە کە زیانی لە دۆزی ژن داوە. بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی کە ڕەخنەیان لە فرەژنی هەیە و خۆیان سەر بە هەوێ هاوسەرگیری دەکەن لەگەڵ پیاوێکی هاوسەردار و ڕازین بەوەی ئەو پیاوە وەک نیومرۆڤ ڕەفتاریان لەگەڵ بکات!
ئافرەتیست، کەسێکی هۆشیارە بە فەلسەفەی ئافرەتیزم. فەلسەفەی ئافرەتیزمیش بریتییە لە "رەتکردنەوەی لاسەنگی" و "تێکۆشان بۆ هاوسەنگی". بریتییە لە "رەتکردنەوەی پیاوسالاری" و تێکۆشان بۆ هێنانەکایەی "مرۆڤسالاری".

**توخمبەندی:**

زۆرجار لە ئەدەبیاتی تایبەت بە دۆزی ئافرەت "ڕەگەز" بۆ ئافرەت و پیاو بە کار هێنراوە، کە ئەمە هەڵەیە. ئافرەت و پیاو توخمن نەک ڕەگەز. دەبێت بگوترێت توخمی نێر و توخمی مێ، نەک ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ.
توخمبەندی؛ کورداندنی هەڵاواردنە بە پاساوی جێندەری. دابەشکردنی مرۆڤ بە پێی "جێندەر" بریتییە لە جیاکردنەوەی بە پێی جۆری کۆمەڵایەتی، کە جۆرێکیان دەکرێت بە سەردەست و ئەویتریان بە ژێردەست. جیاکردنەوەی مرۆڤ بە پێی جۆری کۆمەڵایەتی کێشەی ناهاوسەنگی خوڵقاندووە و دەخوڵقێنێت.
ئەو دابەشکارییەی کە لە سەر بنچینەی توخمبەندی دەکرێت بەهۆی هەڵاواردنی بەشێک لە مرۆڤەکان و داشکاندنی مافەکانیان لەبەرژەوەندی بەشێکی تر لە مرۆڤەکان و زێدەکردنی مافەکانیان، پێی دەگوترێت ستەم لەسەر بنچینەی توخمبەندی، کە ئەمەش لاسەنگی دەخوڵقێنێت کە زۆرینەی کێشەکانی لێ دەکەوێتەوە.

لە دیدگای ئافرەتیزمەوە؛ هەردوو توخمی مرۆڤ نائاساییین، چەوسێنەریش و چەوساوەیش. چەوسێنەر بەهۆی ئەوەی ستەمکارە و زێدەمافی بۆ خۆی زەوتکردووە و لە ئەنجامدا کردوویەتی بە مرۆڤێکی نائاسایی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە و ناهاوسەنگ لە ڕووی کەسایەتییەوە. چەوساوەش لەبەر ئەوەی ستەملێکراوە و مافەکانی لێ زەوتکراوە و لە ئەنجامدا زەبری لە گەشەی کەسایەتی داوە و کێشەی نەبوونی ناسنامەی مرۆڤێکی ئازادی بۆ خۆڵقاندووە.

**سیستەمی بابسالاری:**

مەبەست لێی ئەو سیستەمەیە؛ کە بەهۆی دابەشکردنی کار لە نێوان ژن و پیاودا، لە هەزاران ساڵی لەمەوبەرەوە دروست بووە و، تا ئێستاش لە زۆرێک لە کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتیدا بەردەوامە و، کێشەکانی توخمبەندی لێکەوتۆتەوە.
لەوساوە کە کار دابەشکرا و؛ پیاو بەهۆی گرتنەدەستی هەموو ئەو کارانەی کە داهاتیان هەبوو بوو بە سەردەست و، ژنیش بەهۆی ئەوەی کارە بێ داهاتەکانی پێ سپێردرا بوو بە بندەست، کێشەی چینایەتی و توێژایەتیش سەری هەڵدا و، ڕۆڵی سەردەست و بندەست، ستەمکار و ستەملێکراو، چەوسێنەر و چاوساوەی لێ بەرهەم هات. هەرەمی دەسەڵات دروست بوو، پیاو لە قوچەکی هەرەمەکە و ژن لە پایینی هەرەمەکەدا جێگەی پێ درا. ئەم هەرەمە لە ناو خێزانەوە دەستی پێکرد و، هێدی هێدی بوو بە سیستەمێکی باوی دەسەڵات لە ناو کۆمەڵ و، خێڵ و، هۆز و، تایفەکان و، پاشان لە ناو دەوڵەتەکان و، دامودەزگاکانی بەڕێوەبردندا.

**یەکسانی:**

مەبەست لێی ؛دروستکردنەوەی ئەو هاوسەنگییەیە کە بەهۆی هەڵاواردن و دابەشکاری جۆری مرۆڤەکانەوە، لە کۆمەڵ و، لە خێزان و، لە هەموو بار و بوارەکانی ژیاندا، لاسەنگی دروستکردووە. ژن و پیاو؛ لە ڕووی پێکهاتەی جەستەییەوە چەند جیاوازیشیان هەبێت، لە ڕووی مافەکانەوە دەبێت یەکسان بن، دەرفەتی یەکسان بۆ هەردووکیان بخوڵقێندرێت و، سوود لە تواناکانیان

وەربگیرێت بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی خۆیان و، سوودگەیاندن بە کۆمەڵ و، گەشەدان بە کۆمەڵ.
یەکسانی؛ واتە ڕەتکردنەوەی هەموو جیاکارییەک، کە ڕێ دەگرێت لە بەهرەمەندبوون لە مافەکان بەهۆکاری توخمبەندییەوە.
یەکسانخواز؛ ئەو مرۆڤەیە، باوەڕی بە هاونرخی مرۆڤ هەیە و پاشا وەک گەدا، پیاو وەک ژن، گەورە وەک بچووک، بەنرخن لە لای و، مرۆڤبینی ئەو بەند نییە بە پلەوپایەبەندییەوە.

**توندوتیژی:**
هەڵاواردن بەهۆی جۆری کۆمەڵایەتی مرۆڤ و بە سۆنگەی توخمبەندییەوە؛ هۆکاری خوڵقاندنی ستەم، نادادپەروەری و پەراوێزخستن و ئافرۆزکردنە، کە ئەمانەش زیانی ڕاستەوخۆ و کوشندە بە مێینە دەگەیەنن. هەڵاواردان و لێکەوتە و دەرکەوتەکانی توندوتیژین و ئاکامی خراپیان هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان و بەتایبەتی مرۆڤە ستەملێکراوەکان. توندوتیژیی یەک جۆر و شێوەی نییە، بۆیە دەبێ شێوە و جۆرەکانی بناسرێن تا لە هۆکارەکانی و لە ئەنجامەکانی بکۆڵدرێتەوە و چارەسەر بکرێت، یان هیچ نەبێت ڕێژەکانی لە کۆمەڵدا کەم بکرێتەوە. ئەو جۆرانەی توندوتیژی کە ناسراون و پێناسەکراون، بریتین لە توندوتیژی زارەکی کە لە سیستەمی زماندا جێگیر بووە، توندوتیژی ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی.

**ژنبینی:**

ڕوانینێک سەبارەت بە ژن؛ کە لای کۆمەڵ هەیە و دەبێتە کۆدی ژن لە زەینی مرۆڤی ئەو کۆمەڵە لە کاتی بیرکردنەوەی لە ژن و مامەڵەکردنی لەگەڵ ژن. ژنبینی پەیوەندی هەیە بە دنیابینی مرۆڤەکانیشەوە. لە دیدگایەکی مرۆڤانەی یەکسانخوازەوە ژن وەکو بوونەوەرێکی کامڵ و بێ کەموکوڕی دەبیندرێت، بۆیە شایان بە هەموو مافەکانیشی دەزاندرێت. لە دیدگایەکی نامرۆڤانەی نادادپەریشەوە ژن بە کەمتر لە پیاو دەبیندرێت و بە شایانی هەمان ئەو مافانە نازانرێت کە پیاو هەیەتی. لە کتێبی ئافرەتیزمدا دەمانەوێ ژنبینی مرۆڤی کورد پێناسە بکەین و ئاکامی ئەو جۆرە بینینەش بخەینە روو کە چی لێ کەوتۆتەوە لە کۆمەڵدا و چ زیانێکی گەیاندووە. ئامانجمان ئەوەیە

ئەو ئیماژە لاوازەی ژن لە زەینی مرۆڤی کورد دا بسڕینەوە و وێنەیەکی تری شایەستە بە مرۆڤبوونی، دروست بکەین.

## ژیانبینی:

تێڕوانینی مرۆڤ بۆ ژیان لە گۆشەنیگایەکی تایبەت و دنیابینییەکی تایبەتەوە. هەموو کەسێک وەک یەک ژیان نابینێت ئەگەرچی بینینی ژیان لە لای هەموو کەس بە چاوەکانیانە. ژیانبینی پەیوەستە بە بیرکردنەوە و چاوی سێیەمی مرۆڤەوە، کە چاوی زەینە. چاوی زەینیش پەیوەندیدارە بە فەلسەفە و باوەڕی مرۆڤەکانەوە، بۆیە هەر گەلەو بە جۆرێک ژیان دەبینێت. ژیانبینی پەیوەستە بەوەی تۆ لە کوێی ژیاندا گیرساویتەوە و ئایا دەزانیت تۆ کێیت و بۆ هاتوویتەتە بوون. پرسی ژیانبینی پرسێکی فەلسەفی و بونیادگەرانەیە. کورد چۆن خۆی دەبینێت، ئەی چۆن ئەویتر دەبینێت، ئەی چۆن دنیا و دەوروبەر دەبینێت، وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە دەتوانێت جۆری ژیانبینی کورد دەستنیشان بکات.

***

**پاشخانی مێژوویی خەباتی ژن و پرسی یەکسانی جێندەری:**

- **لە جیهان**
- **لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**
- **لە کوردستان**

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی یەکسانی بکرێت لە کوردستان، پێویستە پاشخانی مێژوویی پرسی یەکسانی بە شێوەیەکی گشتی لە جیهان و رەنگدانەوەی لەسەر بەشەکانی تری دنیا و بە تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەو بەشەیە کوردستانی تێکەوتووە، بەشێک بێت لەو لێکۆڵینەوەیە، ئینجا پاشخانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی پرسی یەکسانی لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی باس بکرێت.

زانستە مرۆییەکان پەیوەندی نێوان دیاردەکان راڤە دەکەن و هەڵدەسەنگێنن، تا پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجامەکان لە هاوکێشەیەکی هاوسەنگدا پێشکەش بکەن. وا نەبێت لێکۆڵینەوە ناتوانێت باوەڕپێکراو بێت و ئەنجامەکانی بۆ ئەوە دەست بدەن ببنە سەرچاوەی پشتپێبەستراو لە داڕشتنی سیاسەتەکاندا. وەک کۆمەڵناسی ناسراو "ئەنتۆنی گیدنز دەڵێت **"**ئێمە گەر بمانەوێت بزانین بۆچی دیاردەکان ڕوودەدەن، سەبارەت بەم کارەشمان دەبێت فێری ئەوە بین چۆن پرسیارگەلێکی تیۆری پێشنیار بکەین، تاکو بتوانین، لە رێی تێگەیشتنی هۆکارەکاندا، هەموو ئەو شتانەی کە بابەتێکی سەرەکی خوێندنەوەی تایبەتن، راستییەکانمان بە دروستی بۆ بەیان بکات.**"**[٢]

کە لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە پرسێکی گرنگی وەکو یەکسانی دەکرێت، پێویستە بە **"ئەندێشەیەکی کۆمەڵناسیانە"** مامەڵە لەگەڵ زانیاری و بابەت و دیاردەکاندا بکرێت. سی، رایت میلز بەرهەمهێنەری دەستەواژەی ئەندێشە

[٢] ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، و: حەسەن ئەحمەد مستەفا، ل ٤٦.

یان خەیاڵی کۆمەڵناسانەیە. "میلز پێی وایە دژوارە توێژەر توێژینەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بکات بە دابڕاوی لە ناوکۆییە مێژووییەکەی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان مامەڵە لەگەڵ سێ پێکەوەبەستراو دەکەن، ئەوانیش مێژووی ژیان و، مێژووی کۆمەڵگا و، پەیوەندی نێوانیان لە نێو بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندایە."[٣]

گرنگە بە ئەندێشەیەکی کۆمەڵناسیانە تاوتوێی پرسی یەکسانی بکەین لە ناو حکومەت و کۆمەڵدا، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە لێکۆڵینەوەمان لەو پرسە، بۆ ئەوە بێت دەرەنجامێکی وای لێ هەڵهێنجین یارمەتی سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران بدات کە وێنەیەکی دروستی ریالیتەی کۆمەڵایەتی ببینن تا بتوانن ئەگەر بیانەوێت پەرە بە سیاسەتێک بدەن لەو بوارەدا کە ناوی سیاسەتی یەکسانی بێت.

**پرسی یەکسانی چییە؟**

یەکسانی دەستەواژەیەکی مافناسانەیە، پێش ئەوەی دەستەواژەیەکی فێمینیستانە بێت. کە خودی دەستەواژەکە بەکار دێت، دەبێت بەرامبەرێکیشی هەبێت کە هاوسەنگی ناوەڕۆک و مانای دەستەواژەکە بپارێزێت. کە دەگووترێت پێویستە یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵدا پیادە بێت، مەبەست لێی یەکسانی نێوان توخمی نێر و مێیە لە ڕووی مافەوە، دەنا لە ڕووی کەسایەتی و ڕواڵەتە فیزیکی و دەروونی و رۆحییەکانەوە، هیچ بوونەوەرێک وەک ئەویتر نییە و جیاوازییش خۆی لە خۆیدا جێگەی بایەخە و تایبەتێتی کەسەکان و کەسایەتییەکان دەگەیەنێت. هەر مرۆڤێک خۆی لە خۆیدا تایبەت و جیاواز و خاوەن بایەخە، لە ڕووی شێوەش و ناوەڕۆکیشەوە، بەڵام بە پێی پلانی گەردوونییش، لەبەردەم یاسای سەرەکی گەردووندا مرۆڤەکان یەکسانن، چ نێر بن، چ مێ، چ رەش بن یان سپی، سەر بە هەر نەتەوە و نەژادێکیش بن، بەڵام ئەم مافە سروشتی و گەردوونییە، بەهۆی هەژموونی بەشێک لە مرۆڤ بەسەر بەشێکی تریدا، زەوت دەکرێت، ئینجا لاسەنگی دێتە ئاراوە. هەبوونی لاسەنگی، واتە نەبوونی یەکسانی. نەبوونی یەکسانی، واتە هەبوونی کێشە.

---

[٣] ئیبراهیم ئەبراش، میتودەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و: دیدار ئەبوزێد. ل ٢٢٧.

هەبوونی کێشەش واتە بوونی "پرس"ێک یان دۆزێک کە پێویستی بە چارەسەرییە، بۆ ئەو مەبەستەش خەبات و تێکۆشان پێویستە.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەو لاسەنگییە گوتراوە "کێشەی ژن"، بەڵام بە دەگمەنیش بۆ ئەو لاسەنگییە نابیسترێت یان ناگوترێت "کێشەی پیاو". ئایا ئەو لاسەنگییە دیرۆکییە تەنها "کێشەی ژن"ە یان "کێشەی پیاو"یش؟ خوودی دارِشتنی پرسیارە تیۆرییەکەش لە مێژوودا هەر بە لاسەنگی و هەڵە هاتووە، دەبێ هەوڵی تیۆریسێنەکان ئەوەش بێت کە ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە و ئەو لاسەنگییەش هاوسەنگ بکەنەوە. لە ڕاستیدا دوو کێشەی هاوڕەگ لە ئارادایە، "کێشەی پیاو" و "کێشەی ژن"، ڕەگی هەردوو کێشەکە لەسەر یەک زەمینەدا داکوتراوە، زەمینەی ئابووری، کە پاشتر پەلی کێشایە نێو هەموو بارو بوارەکانی تر و کولتوورێک پێکهات کە جۆری کۆمەڵایەتی جیاواز بەرهەم بهێنێت. توخمبەندی لە زەین و زماندا، لە باوەڕی ئایینی و ئایدۆلۆژیاکاندا، لەنەریت و نۆرمەکاندا، لە زانست و ئەدەب و هونەردا، لە سیاسەت و لە پەروەردە و لە ژیانی رۆژانە و شەوانەدا، ڕەنگی دایەوە و ڕەگی قوڵتر داکوتا.

شاڕەگی کێشەکە لە سەرەتای سەرەتاکانەوە بەهۆی ئابوورییەوە بوو. بەهۆی زەمینەی دابەشکردنی کارەوە بوو لە نێوان ژن و پیاو، ئیدی کێشەی دەسەڵات کەوتە نێوانیانەوە. بەڵگەنەویستە ئابووری و دەستکەوتە مادییەکان لای کێ کەڵەک بێت، دەسەڵاتیش لای ئەو دەبێت و ئەو دەبێتە سالار و باڵادەست. پیاو لە کۆمەڵی سەرەتایی مرۆڤدا، ئەوەی لە مێژوودا بە کۆمۆنەی سەرەتایی ناسرا، بە زەینی بەدەستهێنانی سالارێتییەوە کاری ماڵ و کابانێتی بێ دەسکەوتی ماددی دا بە ژن و کاری دەرەوەی ماندووکەر و پڕداهاتی بۆ خۆی دانا. بابسالارێتی لەوێوە دەستی پێکرد و لاسەنگی لە ماف لە ناو چوارچێوەی خێزاندا لەو ساتانەوە کێشەی دروستکرد و هێدی هێدی لە هەموو بوارەکاندا ستەمی بەرهەم هێنا و تا وای لێهات ئەو ستەمە ببێت بە سیستەم.

"ئەو کۆمەڵگەیە کە کارڵ مارکس ناوی لێنابوو، کۆمۆنیزمی سەرەتایی، کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی بوو، کە تیایدا کەس خاوەنی شتومەکی تایبەت بە

خۆی نەبوو، هێشتا دەوڵەتی تێدا پەیدا نەبووبوو. لە کۆمۆنیزمی سەرەتاییدا، خەڵکەکە بە شێوەیەکی هاوبەش لە شتەکان سوودمەند دەبوون، پێکەوە کۆمەڵیان بەڕێوەدەبرد، بڕیاردەرەکان هەر خۆیان بڕیارجێبەجێکەریش بوون و ڕۆڵی ژنان هیچی لە ڕۆڵی پیاوان کەمتر نەبوو. گواستنەوە لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەری دار و ڕاوەوە، بۆ قۆناغی کشتوکاڵکردن، هەزاران ساڵی خایاند، ئێنگلس بەو ماوەی گواستنەوەیە دەڵێت: بەربەریزم کە بناغەی دامەزراندنی شارستانیی کۆمەڵگەی چینایەتی بوو."[٤] ستەمکاری چینایەتی پەیوەست بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سەر بنچینەی توخمبەندی لە ناو خێزانەوە دەستی پێکرد و ژنی تێدا چەوسایەوە بە دەستی پیاوەکانی خێزانەوە.

کێشەکە و ستەمکاریی پەیوەست بە توخمبەندی لەوساوە دروست بوو، تەمەنی ململانێی دەسەڵات لە نێوان پیاو و ژنیش، هێندەی تەمەنی مێژووی سیستەمی بابسالاری درێژە و تا گەیشتن بە یەکسانی لە مافیش، درێژە دەکێشێت. کەواتە پرسی یەکسانی بریتییە لە پرسی دادپەروەری و خەباتیش بۆ نەهێشتنی ستەمی سەرچاوەگرتوو لە توخمبەندی، خەباتە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی.

ئەو سیستەمی ستەمکارییە کە هەزاران ساڵی خایاند، کولتوورێکی بەرهەم هێنا کە تیایدا مرۆڤەکان ڕۆح و دەروونیان بخرێتە زیندانێکەوە کە خۆیان بەرهەمهێنەری بیرۆکەی ئەو زیندانەن. جەستەی کەمێک یان تەنانەت زۆریش جیاهەڵکەوتووی نێر و مێ، بە بیرۆکەی ستەمکارانە تیۆریزە کرا کە گوایە جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی نێرە، تا هەستبەلاوازی ببێتە خەسڵەتێک لە پێکهاتەی دەروونی مێ. مێ پەروەردەیەکی لەسەر بنچینەی هەڵاواردن و ئافەرۆزکردن کرا و هەنگاو دوای هەنگاو بەرەو پەراوێزەکانی هەموو بار و بوارەکانی ژیان توور درا. مێ مێژوویەکی دوورودرێژی لە پەراوێزەکاندا بەسەر برد، لە گۆشەمردووەکانی کۆمەڵگەدا بە نەبینراوی مایەوە، تا دەستەبژێرێکی تێدا دەرکەوت ڕابمێنێت و بیربکاتەوە و بیهێنێتە زمان، دەنگ هەڵببڕێت و باس لە مافەکانی توخمی مێ بکات و

[٤] حەمەسەعید حەسەن. مێ لە سایەی ستەمدا.دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣. ل ٧٣.

هێدی هێدی لە باسەوە بیکاتە بابەتی خەبات و پرۆژە و داواکاری شۆڕشگێڕانە.
فێمینیزم؛ وەک تیۆری و وەک پراکتیکیش شۆڕشێک بوو دژ بە ستەمی سیستەمی بابسالاری. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، فەلسەفەیەک بەرهەم هات لە ئاوەزی ژن خۆیەوە هەڵقوڵابێت و پێشنیاری سیستەمێکی ئەڵتەرناتیڤ بکات و ببێتە جێگرەوەی سیستەمی بابسالاری. لە تیۆرییەکانی فێمینیزمدا دادپەروەری بریتی بوو لە مرۆڤسالاری و نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی توخمبەندی لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە. فێمینیزم کاری ئەوە بوو ڕووبەندی هەموو ئەو نادادپەروەرییانە هەڵماڵێت کە دەستکردی ئەو ستەم و سیستەمە بوو کە ڕەگی ئابووری هەیە، بەڵام لقەکانی بەناو دنیای سیاسەت و ئۆل و کولتووردا بڵاو بووەتەوە و خێزان و کۆمەڵ و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ پەیڕەوی دەکەن و ڕۆژانەش بەرهەمی دەهێننەوە.

ئەگەر ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژهەڵاتیشدا میسۆپۆتامیا "کە خاکەکەی ئێمەش دەگرێتەوە"، لانکەی شارستانیەت بێت، ئەوە ڕۆژئاوا و لە ڕۆژئاواشدا ئەمەریکا و بەریتانیا، زێد و لانکەی فێمینیزم و شۆڕشی سپی ژنانەیە لە پێناوی ئازادکردنی مێژووی دیلی خۆیان و کەسایەتی بەکۆیلەکراویان لە سایەی ستەمی بابسالاریدا. ئەم شۆڕشەش لە خۆوە پەیدا نەبوو، بەڵکو لە هەناوی شۆڕشی پیشەسازییەوە هاتە بوون، کە سەدەی هەژدەیەم و خۆرئاوا کات و شوێنی هەڵگیرسان و پەرەگرتنی ئەو شۆڕشەیە و بە دیاریکراوییش بەریتانیا کە لە ١٧٦٠ەکانەوە دەستی بە شۆڕشی پیشەسازی کرد.

هەزاران ساڵ لەوەوبەر دابەشکردنی کار ژنی کردە بوونەوەرێکی ماڵیی و هەر کاروبارێکی تایبەت بە ماڵ بوو پێی سپارد و قەتیش داهات و دەستکەوتێکی لە سایەیدا بەدەست نەدەهات. دوای ئەو هەزاران ساڵە شۆرشی پیشەسازی جارێکی تر پێویستی بە دەستی کاری مێ بووەوە لە دەرەوەی ماڵدا و هێنایەوە نێو بازاڕی کار و لە کارگەکاندا بوو بە کارگەر، بەڵام ئەم دەربازبوون لە چوارچێوەی ماڵە نەبووە هۆی شکاندنی چوارچێوەی ئەو کۆتەی کە مێژوویەکی دوورودرێژ پێی گیرۆدە بوو بوو، بەڵکو جۆرێکی تریشی لە چەوساندنەوە بۆ هێنایە بەرهەم، چەوساندنەوەی لە

لایەن خاوەن کارگەکانەوە. ئێستا ئیتر جگە لە بابسالاری کە ببووە سیستەمێکی ڕەگداکوتاو، سیستەمی سەرمایەدارییش بۆ وەبەرهێنانەکەی و لە پێناوی قازانجدا سڵی لە چەوساندنەوەی نەدەکردەوە. کرێی کەم و کاری زۆری تاقەتپڕوکێن بەشی ژنان و منداڵان بوو. کرێکارانی پیاویش لە چەوساندنەوە بێبەش نەبوون، بەڵام بەهۆی نزمی پایەی کۆمەڵایەتی و لاوازی پێگەی ژن کە میراتی کولتوورێکی هەزاران ساڵەی بابسالاری بوو، ژنان دووهێندەی پیاوان دەکەوتنە بەر مامەڵەی نادادپەروەرانە و چەوساندنەوە و بەرامبەر هەمان کار کە پیاوان دەیانکرد، ژنان بۆ ئەو کارە نزیکەی نیوەی هەقدەستیان پێ دەدرا. ئەوە ژنانی کارگەر بوون یەکەمجار بەرهەڵستییان لە دژی خاوەن کارگەکان دروست کرد و داوای هەقدەستی زیاتر و سەعاتی کاری کەمتریان دەکرد. ئەو بەرهەڵستییانەش بوونە سەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنان.

هەرچۆنێک بێت هاتنە نێو بازاڕی کار بۆ ژنان لایەنی گەشی ئەوە بوو، بوون بە خاوەنی داهاتی سەربەخۆی خۆیان، ئەوەش بووە هۆکاری گەڕاندنەوە و بەهێزتربوونی پێگەی لە نێو کۆمەڵگا و لە ناو خێزان و بەهێزبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریشی، بەڵام هێشتاش ئەوەی بە دەستی هێنا بەشێک بوو لە هەموو، نەک هەموو مافەکانی، کەواتە ئەوە هاوکێشەیەکی ئابووری ڕوون و ئاشکرایە، تا پێگەی ئابووری ژن بەهێزتر بکرێت، مافەکانی زیاتر بۆ دەگەڕێتەوە و پێویستە ئەو گێڕانەوەی مافە بەردەوام بێت تا دەگات بە دۆخی یەکسانی. هەڵبەتە زیاتر لە یەکسانیش بۆ ژن، ئەمجارە بە لای ژندا هاوکێشەکە لاسەنگ دەکات و ژن دەکات بە ستەمکار، بۆیە هیچ کاتێک لە فەلسەفەی فێمینیزمدا دایکسالاریی یان مێسالاری نەکراوەتە ئەڵتەرناتیڤی سیستەمی بابسالاری یان نێرسالاریی، بەڵکو فێمینیزم چاوی بڕیوەتە هاوسانی، هاوشانی و یەکسانی، ئامانجی ئەوەیە هاودەنگییەک بۆ هاوسەنگی لە جیهاندا پێک بهێنێت و ئەو ئامانجە دادپەروەریخوازانەیە لە سیستەمی بیرکردنەوەوە بهێنێتە نێو جیهانی تیۆریی و لە ڕێی زمانەوە بهێنێتە سەر زەمین و ئەو ئامانجانەی کە بۆ یەکسانی داڕشتووە، بیهێنێتە دی و بە ئەنجام بگەن.

جگە لە بەدەستهێنانەوەی مافە ئابوورییەکان، پێویست بوو مێ لە لایەکەوە پێگەی سیاسی بەهێز بکرێتەوە و جێدەستی لە ناوەندەکانی بڕیارداندا هەبێت، لە لایەکی ترەوە پێوسیت بوو باری لاربووی دەروونی و رۆحی ژن ڕاست بکرێتەوە، چونکە هەزاران ساڵ لە بن کاریگەری پەروەردە و ستەمی سیستەمێکدا بە پەراوێزخراوی و ئافەرۆزکراوی ژیابوو، هێزی دەروونی کەمکرابووە و باوەڕبەخۆبوونیشی بە هەمان شێوە لاواز کرابوو. بەهۆی بەندکردنی جەستەشیەوە رۆحی لە زیندان نرابوو، ئاخر جەستەماڵی رۆحە، گەر ماڵەکەی داگیرکراو بێت، رۆح چۆن ئازاد دەبێت؟!

فێمینیزم؛ بۆ ئەوە هاتە کایەوە، تا لەسەر هەموو ئەو بابەتانە بدوێ و شیکاری بکات و چارەسەریان بۆ دابنێت، کە لێکەوتەی سیستەمی نادادپەروەری بابسالارین. فەلسەفەکە لە لایەن زۆرێک لەو ئایدۆلۆژیایانەی کە لە رۆژئاوادا پیادە بوون وەرگیرا و متوربەی ناو ئەو بیروباوەڕانە کرا و وەرگێڕدرایە سەر کردار، هەموو ئەو ئایدۆلۆژیانەی کە لە سەر ماف و ئازادییەکان لە ململانێی یەکتردا بوون، لە پیادەکردنی فەلسەفەی فێمینیزمدا جیاواز لە یەکتر راڤەیان بۆ دیاردەکان دەکرد. کاپیتالیزم، مارکسیزم، سۆشیالیزم، لیبرالیزم و سۆشیالدیموکرات و تەنانەت ئەنارشیزمیش بیروبۆچوونەکانی فێمینیزمیان لە خۆیاندا چاند و هەر یەکەیان رێڕەوێکی خەباتیان لێ پێکهێنا و کاریان پێکرد. چەندین قوتابخانە و چەندین تەوژمی فێمینیستی دروست بوون،[٥] هەر یەکەیان لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی خۆیان لێکدانەوەیان بۆ پرسی چەوساندنەوەی ژن دەکرد و هەر بە پێی ئەو بیروباوەڕەش چارەسەریان بۆی پێشنیار دەکرد.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بزوتنەوەکانی سەر بە فێمینیزم لە ئەمریکا و ئینگلیستان پەرەیان سەند و دروشمی مافی سیاسی و بەشداری ژنیان لە نێو کایەکانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیاردا بەرز کردەوە. نووسەرانی ژن دەستیان کرد بە نووسین لەبارەی ئەو پرسە و وروژاندنی هەموو ئەو پرسیارانەی کە وەڵامی کردارییان دەویست لە بارەی ئەرک و ماف و ئازادیەوە. خەبات بۆ دادپەروەری بوو بە رێڕەوی خەباتی فێمینیستەکانی رۆژئاوا. ئەو پرسە بوو بە بابەت و وایکرد فەیلەسوف و کۆمەڵناس و دەروونناس و نووسەرە پیاوەکانی رۆژئاواش بیری لێ بکەنەوە و لەسەری

---

[٥] مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، ٢٠٠٢، ل ١٩.

بدوێن و دیدی خۆیان لەبارەیەوە بە ڕوونی بخەنە ڕوو. مارکس و ڤێبەر و دورکهایم و فرۆید و هتد هەر یەکە و لە گۆشەنیگای خۆی و بە پێوەرەکانی زانستەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی لە بابەتی پرسی ژن نزیک دەبوونەوە و شیکارییان بۆ هۆکاری چەوساندنەوەی دەکرد و لە چارەسەری کێشەکە دەدوان. مشتومڕێکی راستەقینە و کۆمەڵهەژێن هاتە ئاراوە و تەوژم دوای تەوژمی فێمینیستیش بنمیچی داخوازییەکانیان بەرزتر دەکردەوە و ساڵ لە دوای ساڵ دەستکەوتەکانیان فراوانتر دەبوونەوە.

**لە جیهاندا چی بۆ پرسی یەکسانی کراوە؟**

هەر لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، بزوتنەوەی مافی دەنگدان دروست بوو، داخوازی مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بوو بە دروشم و داخوازی بزوتنەوەی ژنان لە رۆژئاوادا. ڕۆشنبیرانی چەپی خۆرئاواش بە تیۆری و پراکتیک بەشدار و پاڵپشتی ئەو تێکۆشانە بوون. ئەگەرچی تەوژمەکانی فێمینیزم و بزوتنەوەی ژنا؛ن خەباتی سەرسەختانەیان لە ئەمریکا و ئینگلیستان و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا دەکرد بۆ ئەو مافانە، بەڵام یەکەمین وڵاتیش کە ئەو مافەی بۆ ژن پەژراند نیوزلاندا بوو، کە لە ساڵی ١٨٩٣ دا ژن مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانی بۆ ناوەندێکی بڕیاردانی وەک پەرلەمانی لەو وڵاتەدا بەدەست هێنا. لە دوای ئەویش ئۆستورالیا بوو کە لە ساڵی ١٩٠٢ ئەو مافەی پەژراند و ژن چووە نێو ناوەندی بڕیاردان و یاسادانان. کیشوەری ئوستralیا بوو بە پێشەنگ لە بەدەستهێنانی ئەو مافە سیاسییەدا.



کاترین هێلین سپێنس لە باشووری ئوستورالیا لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی مافی دەنگدان بوو کە لە ١٨٩٥ بە دەستیان هێنا.

لە ئەورووپادا؛ لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، باکووری ئەورووپا پێش بەشەکانی دیکەی، ئەم مافەیان بۆ ژنان پەسەند کرد. لە نێو وڵاتانی باکووری ئەورووپاشدا وڵاتی فینلەندا بوو بە پێشەنگ و دەستپێشخەر بۆ پیادەکردنی ئەو مافە و لە ١٩٠٧دا ژن چوونە پەرلەمانەوە. دوابەدوای ئەو نەرویژ لە ١٩١٣ و دانیمارک لە ١٩١٥، ئەڵمانیا و بەریتانیا لە ١٩١٨، سوید لە ١٩٢١مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدانیان بۆ ژن پەژراند.[٦]



**سیانزە لە ١٩ ئەندام پەرلەمانی ژن لە پەرلەمانی فینلەندا ساڵی ١٩٠٧**

لە ئەمریکا، لە ١٩٢٠ ژنان مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا[٧]. خەباتی ژنان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەد ساڵی خایاند تا ئەو مافە، ببێتە

٦ http://www.tv4.se/nyheterna/klipp/kvinnors-r

٧ http://www.helsinki.fi/sukupuolentutkimus/aanioikeus/sv/artiklar/storstrejken.htm. Storstrejken och kvinnornas rösträtt, Imra Sulkunen

مافێکی دەستووری و بچەسپێت، چونکە ژنان هەر لە ١٨٢٠ەوە دەستیان بە تێکۆشانی بێوچان کردبوو[٨].




**کەرنەڤاڵێکی فێمینیستەکانی شاری نیۆرک بۆ مافی دەنگدان لە ١٢ ی ئایاری ١٩١٢**

لەپاڵ داواکردنی مافی دەنگدان و مافە سیاسییەکان، بزوتنەوەی ژنان دروشم و داخوازی مافە ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی تریشیان بەرز کردەوە و ساڵ بە ساڵ لە هەموو بار و بوارەکاندا دەستکەوتیان دەبوو، مافەکانیان لە نێو یاساکاندا دەچەسپا. مافەکانی کارکردن و خوێندن و لەباربردنی منداڵ و هەقدەستی یەکسان و دەیان مافی مەدەنی و مرۆیی تر، لە یاساکاندا چەسپان و بوون بە پاڵپشتی بۆ بەرەوپێشەوەچوونی خێراتر بەرەو یەکسانی، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتاش لە زۆر بواردا، خەبات لە پێناویدا، بەردەوامە و، بەو یەکسانییە تەواوەتییەی مەبەستیانە، نەگەیشتوون.

---

[٨] http://www.history.com/topics/womens-history/the-fight-for-womens-suffrage
The right of women's suffrage

هەموو ئەو مافانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و چارەکی سەرەتای سەدەی بیستەم بەدەستهاتن، بە دەستکەوتی خەباتی شەپۆلی یەکەمی فێمینیستەکان دادەنرێت. هەڵبەتە شەپۆلەکانی دواتریش دەستکەوتی گەورەیان بەدەست هێنا، بەڵام ئەوانەی کە پێشەنگەکان لە سەرەتاکانی بزوتنەوەی ژنان بۆ یەکسانی ئەنجامیان دا، بەردی بناغەی هەموو ئەو دەستکەوتانەیە کە دواتر بەدەست هاتن.




**ژنانی ئەمریکا خۆپیشاندانی ساڵی ١٩١٧ لەبەردەم کۆشکی سپی، لە بانەری لای چەپ نووسراوە جەنابی سەرۆک دەبێ ژنان چەندی تر چاوەڕی بکەن تا ئازاد بن. لە بانەری لای ڕاست نووسراوە جەنابی سەرۆک چی دەکەیت بۆ مافی دەنگدانی ژنان.**

خەباتی ژن بۆ یەکسانی؛ لە کەشی ئاشتیدا خورت و خێرایە، لە کاتی جەنگدا بێ ڕێ و جێگایە، بۆیە لە سەدەی بیستەمدا و لە کاتی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، ئەم تێکۆشانە نەک هەر ئاستەنگی ڕاستەقینە و گەورەی بۆ دروست بوو و هەنگاوەکانی وەستاند، بەڵکو هەندێ لە مافەبەدەستهاتووەکانیشی پێشێلکرانەوە.
دوای جەنگەکان؛ ژنانی یەکسانخواز، دووبارە هەڵدەستانەوە و بە گوڕوتینێکی شۆڕشگێرانەوە، ڕەوڕەوەی شۆڕشی چاکسازی و مافخوازییان دەخستەوە سەر شاڕێی خۆی و بەرەو پێشەوە پاڵیان پێوە دەنا.
لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم، بزوتنەوەی ژنان بۆ داخوازی مافی دەنگدان لە وڵاتانی ئەوروپا بەرهەمی هێنا و ژنان ئەو مافەیان بە دەست هێنا. لە دوای شەڕی جیهانی دووەمیشەوە بەردەوامی بەم بزوتنەوەیە درا و ئەو مافە بەرە بەرە لە هەموو وڵاتانی ئەوروپا بە دەست دەهات.




**خۆپیشاندانی ژنانی بەریتانیا لەساڵی ١٩١١ بۆ مافی دەنگدان**

بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٨ مافی دەنگدانی بۆ ژنانی سەرووی ٣٠ ساڵی بەدەست هێنابوو، لە ساڵی ١٩٢٨ ئەو مافەی بۆ ژنانی ٢١ ساڵ و بەسەرەوەی بەدەست هێنا. ئەڵمانیا و پۆڵەندا لە ١٩١٨ەوە ئەو مافەیان پیادە کرد، نەمسا و هۆڵەندا لە ١٩١٩. لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا ئیسپانیا ئەو مافەی بۆ ژن پەژراند و لە ١٩٣٣ ئەو مافە بەدەست هات. فەرەنسا و ئیتالیا لە چلەکانی سەدەی بیستەم بوو، فەرەنسا لە ١٩٤٤ و ئیتالیا لە ١٩٤٦. وڵاتی یۆنان لە ١٩٥٢دا ئەم مافەی بۆ ژن پەسەند کرد، بەڵام سویسرا لە ساڵی ١٩٧١ ئینجا ئەم مافەی بۆ ژن لە وڵاتەکەیدا قبوڵ کرد.[٩] شایانی گوتنە فەلسەفە و نووسینەکانی سیمۆن دی بۆڤوار کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر بزوتنەوەی یەکسانخوازی لە فەرەنسا و بە وەرگێڕانیشی بۆ زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تر، کاریگەری لەسەر وڵاتانی تری دنیاش دانا.




**لویس ویز لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە ساڵی ١٩٣٥ خۆپیشاندان لە فەرەنسا بۆ داوای مافی دەنگدان.**

[٩] ttps://en.wikipedia.org/wiki/Women%27s_suffrage.

خەباتی ژنان بۆ یەکسانی؛ بەهۆی هاوبەشی دۆزەکەیانەوە، رەهەند و سروشتێکی گەردوونی و هاوبەشی هەیە و هەموو ئافرەتانی جیهان هاوهەستی خەبات کۆیان دەکاتەوە و هۆشیارییەکی هاوبەش سەبارەت بە دۆزەکەیان پێویستە پیادە بێت. ئەو بناغەیەی پێشەنگەکانی رۆژئاوا دایان نا، لە بەشەکانی تری دنیاشدا دەکرێت دیواری تەلاری یەکسانی لەسەر دروست بکرێت و کراویشە.

یەکێک لە دامەزرێنەرانی بیرۆکە و دامەزراوەی "هاوپەیمانێتی جیهانی ژنان" لە ئەڵمانیا ماریا ستریت (١٨٥٥-١٩٢٨) بوو. کە چالاکوانێکی فێمینیستی بزوتنەوەی مافی دەنگدان بوو، هاوکات کاری لەسەر پەروەردە و رۆشنبیری ژنان دەکرد، هەروەها کاری بۆ گۆڕینی یاساکان دەکرد سەبارەت بە مافی کۆنترۆڵکردنی لەدیکبوونی منداڵ و لەباربردنی منداڵ لە لایەن دایکەوە، مافی خوێندن و فێرکردنی ژنان و مافەکانی تر.



ماریا ستریت(١٨٥٥-١٩٢٨)
چالاکوانی ئەڵمانی بزوتنەوەی مافی دەنگدان
یەکێک لە دامەزرێنەرانی (هاوپەیمانێتی جیهانی ژنان)لە ١٩٠٤

ژنانی پێشەنگ لە ئەوروپا و ئەمریکا بە سەدان کەسن، لێرەدا تەنها جێگەی مشتێک لەو خەرواره دەبێتەوه، بەڵام ئەوەی گرنگە کاریگەری ئەو ژنانە بووە بەسەر وڵاتەکانی خۆیانەوه و کاردانەوەی ئەو کاریگەرییانە لە وڵاتانی تری دنیادا، کە وا دەکات ناوی ئەوان و یادی خەباتی ئەوان بە نەمری بمێنێتەوه.

**دەرەنجام و کاریگەریەکانی خەباتی یەکسانی لە جیهاندا**

ئەوەی لە وڵاتێکی رۆژئاوا ڕووی دەدا؛ کاریگەری دەبوو لەسەر وڵاتەکانی تری رۆژئاوا، هەروەها ئەوەی لە کیشوەرەکانی ئەمریکا و ئەوروپادا ڕووی دەدا، کاریگەری لەسەر بەش و کیشوەرەکانی تری دنیاش دەبوو.

لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی ژن لە پایینی هەرەمی دەسەڵاتدا بووه، تەنانەت لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی چوارچێوەی خێزانیشدا، هەر وا بووه. لە ناوەندەکانی بڕیارداندا مێ نەک تەنها لە پەراوێزدا بوو، بەڵکو بە تەواوی ون بوو، تەنانەت بۆی نەبوو مافە هەرە سەرەتاییەکانیشی پیادە بکات.

ڕۆشنبیران، ئەوانەی کە بە هەر شێوەیەک بێت ئاگاداری رەوشی وڵاتانی دنیا بوون و ئاگاداری ئەو پێشکەوتنانە بوون کە لە پرسی ژندا لە رۆژئاوا ڕووی دەدا، چ بە هۆی گەشتەکانیان بێت بۆ ئەو وڵاتانە، یان بەهۆی زمانزانین و خوێندنەوەی کتێبەوە کە بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و هتد لەبارەی مافەکانی ژنانەوە دەردەچوون و یانیش وەردەگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو پێشکەوتنانە و دەستپێشخەری لە بزواندنی ئەو پرسە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەستی پێکرد.

**کاریگەری خەباتی یەکسانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، میسر بە نموونە:**

میسر یەکێک لەو وڵاتانەیە کە کاریگەری زۆری لەسەر وڵاتانی دەوروبەری خۆی و بە تایبەتیش وڵاتە عەرەبییەکان هەبووه و هەیە. میسرییەکان خۆیان بە دایکی دونیا(ام الدنیا) ناوی دەبەن، ئەگەر ئەو دەستەواژەیەش زێدەڕۆیی بێت خۆ دەتوانین بڵێین میسر دایکی جیهانی

عەرەبییە و ئەمەش مێژووی میسر و کاریگەری لەسەر وڵاتانی تری عەرەبی و ئەفریقی، سەلماندوویەتی و نکۆڵی لێ ناکرێت.

لە میسردا بۆ نموونە؛ قاسم ئەمین(١٨٦٥-١٩٠٨) کە نووسەر و ئەدیب و چاکسازێکی کۆمەڵایەتی ناودار بوو، بە پێشەنگی بزوتنەوەی ئازادیخوازی ژن دادەنرێت. (شایانی باسە بڵێین ئەم نووسەرە یەکسانخوازە بە رەچەڵەک کوردە). ئەم نووسەرە پێشەنگە بە پێداگرییەوە بەرگری لە مافەکانی ژن دەکرد و داوای چاکسازی لە بارودۆخی ژن دەکرد و لە بەرامبەریشدا لە کۆمەڵێکی ئایینپەروەری وەک میسردا هێرشی زۆری دەکرایە سەر و بەوە تۆمەتبار دەکرا کە دەیەوێت شیرازەی خێزان و کۆمەڵ تێکبشکێنێت. قاسم ئەمین لە ساڵی ١٨٩٨دا کتێبی " أسباب ونتائج وأخلاق ومواعظ" ی بڵاوکردەوە و لە ساڵی ١٨٩٩ یشدا کتێبی "" تحرير المرأة" ی چاپ و بڵاوکردەوە. لەم دوو کتێبەدا باسی لە پێویستی ئازادی ژن و چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان بۆ سەر کرانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵ کرد. باسی لە چاکسازی لە هاوسەرگیری و جیابوونەوە، لە فرەژنی، لەناپێویستی حیجاب، لەو دیوارانەی لە نێوان پیاو و ژن بنیاتنراون و لێکیان دادەبڕن و هتد، دەکرد و بۆ ئەم بیروباوەڕانەش هەندێک کەس پشتگیرییان دەکرد، بەڵام زۆرینەیەکی دینداریش دژایەتی توندیان دەکرد. میسر لەو وڵاتانەیە کە لە ڕووی کولتوورییەوە خاوەنی کاریگەرییە و وڵاتانی دیکەی عەرەبی لاساییان دەکردەوە، بۆیە کتێبەکانی قاسم ئەمین کە گەیشتە ئەو وڵاتانە کاریگەری لەسەرئەوانیش دانا.

دوای ئەم هەوڵ و وروژاندنانەی قاسم ئەمین بە چەندین ساڵ جموجوڵی ژنانێکی پێشەنگ دەرکەوت. لە ١٩١٩ کۆمەڵێ ژن دەستیان بە بەرهەڵستی لە دژی داگیرکەری بەریتانی لە وڵاتەکەیان کرد. خۆپیشاندانیان رێکدەخست و تەنانەت ڕووبەڕووی پەلاماری ئینگلیزەکان بوونەوە و چەندین کەسیان لێ کوژرا. لە ١٩٢٠ یشدا بە شێوەیەکی رێکخراو دەستیان بە چالاکی کرد و "یەکێتی ژنانی میسر"یان بە سەرۆکایەتی هودا شەعراوی، دامەزراند. بە ئامانجی بەرزکردنەوەی رادەی هۆشیاری ژن سەبارەت بە مافە کۆمەڵایەتیەکانی، داخوازییەکانیان بەرز کردەوە بۆ گەیاندنی ئافرەتانی میسری بە مافەکان تا لە ئەرک و مافەکاندا، لەگەڵ پیاواندا یەکسان بن.

داخوازییەکان سەبارەت بە مافەکانی خوێندن، بەشداری سیاسی ژنان و مافی بەشداری لە هەڵبژاردن بە دەنگدان و خۆپاڵاوتنەوە، بەرگرتن لە فرەژنی و هتد. هەموو ئەو مافانەی کە لە کتێبەکانی قاسم ئەمیندا بۆ ژنان دەستنیشان کرابوو، ئەمان کردیان بە دروشم و داخوازی رێکخراوەکەیان و کاریان بۆ کرد. ژنانی میسر نەریتی باڵاپۆشییان بەسەردا سەپێنرابوو، لە ١٩٢١دا هودا شەعراوی و سیزا نبراوی لە پێشوازی سەعد زەغلول دا حیجابیان لا برد و ئەوەش بوە هۆی ئەوەی هێدی هێدی نەریتی حیجاب لە میسر کەم ببێتەوە. سیزا نبراوی دوای هودا بوو بە سەرۆکی یەکێتی ژنانی میسر.

کە دەستووری میسریش لە ١٩٢٣ دەرچوو بە بێ ئەوەی مافی یەکسانی ژنی لەبەرامبەر پیاودای تێدا رەچاو کرابێت، دەنگی ناڕەزایی ژنێک بڵند بووەوە کە هەڵگری یەکەمین بڕوانامەی بەکالۆریۆسی یاساش بوو، بە یەکەمین پارێزەری ژنیش دادەنرێت لە جیهانی عەرەبیدا. مفیدە عەبدولرەحمن، یەکەمین ژنیش بوو کە وتاری سیاسی دەنووسی و یەکەمین سەرنووسەری گۆڤارێکیش بوو. لە نووسینە سیاسییەکانیدا ئاماژەی بە نەبوونی مافی یەکسانی ژن دەکرد لە نێو بەندەکانی دەستووردا و داخوازی ئەو مافانەی بۆ ژنی میسر، دەکرد. یەکەمین حیزبی ژنان لە ساڵی ١٩٤٢ بەناوی ژنانی میسر دامەزرا. داوای هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنیان دەکرد تا ژنانیش مافی خۆپاڵاوتن و دەنگدان بەدەست بهێنن. هەروەها بە سەرۆکایەتی دوڕیە شەفیق، یەکێتی کچانی نیل لە ساڵی ١٩٤٩ دامەزرا، کە سەرۆکایەتی خۆپیشاندانێکی کرد و ١٥٠٠ ژنی میسری، بەردەرگای ئەنجومەنی نوێنەرانیان گرت، تا ناچاریان بکەن هەمواری یاسای هەڵبژاردن، لە بەرژەوەندی ژناندا، بکەن.

ژنانی میسر؛ لە نێو هونەر و ئەدەب دا دەستیان بە جموجوڵ کرد و، سینەمای میسری لەسەر دەستی ژنێک بنیات نرا ناوی عەزیزە ئەمیر بوو، کە نووسەر و بەرهەمهێنەر و دەرهێنەری فیلمێکی بێدەنگ بوو لە ساڵی ١٩٢٧ دا. لە ساڵی ١٩٣٠ بەهیجە حافز وەک یەکەم ژنی میسری لەسەر شاشەی سینەمای میسری، دەرکەوت. ناوی روز ئەلیوسف وەک ئەکتەرێکی شانۆیی دەرکەوت، هەروەها ئینجی ئیفلاتوون خاوەنی کتێبەکانی"هەشتا ملیۆن ژن لەگەڵمانن" و "ئێمەی ژنانی میسری"، کە لەسەر نووسین و


هەڵوێستە سیاسییە بەرهەڵستکارانەکەی چەندین جار خرایە زیندانیشەوە، لە ژنە پێشەنگەکانی میسرن کە بۆ ماف و ئازادی و پرسی یەکسانی، لێبڕاوانە، خەباتیان کردووە.

لەگەڵ ئەو تێکۆشانانەشدا کە ئەو ژنە پێشەنگانە کردیان، بەڵام هێشتاش تا کاتی شۆڕشی ٢٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٢ کە کودەتا کرایە سەر فەرمانرەوایەتی پاشا و کردنی میسر بە کۆمار، لەسەر دەستی هەندێ لە ئەفسەرانی سوپای میسری، بە مافی بەشداری سیاسی نەگەیشتن. لە ساڵی ١٩٥٤ کە دەستووری میسر هەموار دەکرایەوە، دوریە شەفیق و هاوڕێکانی مانیان لە خواردن گرت و وازیان نەهێنا تا بەڵێنیان لە سەرۆک مەحەمەد نەجیب وەرنەگرت کە مافەکانی ژن لە دەستووردا دەستەبەر ببێت. لە ساڵی ١٩٥٦ دا مافی خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن بۆ ژنان دەستەبەر کرا و لە ساڵی ١٩٥٧یشدا راویە عەتییە وەک یەکەمین ژنی میسری چووە نێو پەرلەمانەوە و یەکەمین ژنی عەرەبیش بوو لە تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان کە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی، ساڵی ١٩٦٢ یش حیکمەت ئەبوو زەید یەکەمین وەزیری ژن بوو جانتای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێدرا.

لە ساڵی ١٩٧٩ دا ٣٠ کورسی لە پەرلەمانی میسری بۆ ژنان تەرخان کرا و دەبوایە لای کەم یەک ژن لە هەر پارێزگایەک ببێتە نوێنەر، کە پیاوان بۆیان نەبوو لەسەر ئەو کورسییانە کێبەرکێ بکەن. بەو جۆرەش ئەو ساڵە ٣٣ ژن هاتنە نێو پەرلەمانەوە. هەڵبەتە لە ساڵانی دواتردا ئەم رێژانەش زیادیان کرد و سیستەمی کۆتا هێنرایە ئاراوە، بەڵام لە لایەکەوە ئەو ڕێژەیە بە نیسبەت ژمارەی زۆری دانیشتوانی میسرەوە کە هەشتا ملیۆن پترە و ٤٩%ی ئافرەتە، ڕێژەیەکی کەمە بۆ بەشداری سیاسی، لە لایەکی ترەوە ئەو کۆتایەی کە دانرا لە بەرژەوەندی ژنانی سەر بە بنەماڵەکانی دەسەڵاتداران بەکار هێنرا و گەندەڵی تێکەوت و سوودێکی ئەوتۆی نەدایەوە.

لە سەرەتای حەفتاکانیشدا ژنە نووسەری پێشەنگ و دیاری پرسی ئازادی ژن، د. نەوال سەعداوی بە نووسینی چەند کتێبێک، شۆرشێکی بەرپا کرد و کاردانەوەی زۆری هەبوو، کاریگەری گەورەیشی لەسەر بیروباوەڕی ڕۆشنبیرانی نەک هەر میسر، بەڵکو وڵاتانی تریش، بە کوردستانیشەوە، دانا.

کتێبەکان بە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاو بوونەوە و ئەو دیدگا نوێیەی کە ئەو بەرهەمی هێنابوو، رەخنەگرتنی لە ئایین و لە دیدی سێکسیزمی کۆمەڵ بۆ ژن و لە بێبنەمایی ئەو هەڵاواردنەی کە بووبوە هۆکاری ئەو دیدگایە، بیری مرۆڤی وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەو پرسە وروژاند و هەژاند. ڕۆشنبیرانی کوردیش بە گشتی لە بن باندۆری ئەو کتێبانەدا بوون، چونکە بە تایبەت کوردانی باشووری کوردستان عەرەبی زمانی سوودوەرگرتنیان بوو لە ڕۆشنبیری وڵاتانی عەرەبی و کتێبە وەرگێردراوەکانی دنیاش بۆ زمانی عەرەبی، هەر لە رێگەی ئەو زمانەوە بە رۆشنبیرانی کورد، دەگەیشت.[١٠]



پەیکەری نێفەرتیتی شاژنی فیرعەون ئیخناتوون
کە نمونەی ئافرەتێکی هۆشیار و ژیرو بەدەسەڵات بووە
لە مێژووی کۆنی میسردا

[١٠] https://ar.wikipedia.org.

# ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان لە کوردستاندا

## ژنبینی و ژیانبینی کورد:

کوردستان وەک پێگەی مێژوویی و جوگرافی؛ جیاواز و تایبەتمەندە، بە بارە نێگەتیڤەکەیدا، چونکە خاکێکی دابەشکراوی داگیرکراوە و هی نەتەوەیەکە کراوەتە ژێردەستەی سێ نەتەوەی ناوچەکە (تورک و عەرەب و عەجەم) لە چوار وڵاتدا(تورکیا، عێراق، سوریا، ئێران).

چوارکەرتبوونی کوردستان و ژێردەستەیی نەتەوەیی کورد، شتێکە کاریگەریەکی ئەوەندە قووڵی دەروونی بەجێهێشتووە، تەنانەت دوای ئازادبوونیشی ماوەیەکی زۆر هەر بە دەستیەوە، بناڵێنێت. هەوڵی بەردەوامی دەوڵەتە سەردەستەکان بۆ ژێرپێخستنی کەرامەتی، لەناوبردنی زمان و کولتووری، تەنانەت هەوڵی لەڕەگوریشەوە هەڵکێشانی نەژادی، شتێک نییە بە سادەیی لێی بڕوانرێ و، بە سانایی لێی دەرباز ببێت. هەرگیز نەهێڵدراوە کورد ببێتە خاوەنی ڕوانینێکی پاکژ و سافی تایبەت بە خۆی و کولتوورێکی خۆماڵی، بەڵکو لە ژێر کاریگەری ئەم یان ئەو وڵاتی داگیرکەردا بووە و لە پێناوی مانەوەدا خۆی گونجاندووە و ئەو کولتوورە نامۆیانەی پەژراندووە کە بە سەریدا، سەپێندراوە.

سەبارەت بە ڕوانین و ژنبینی نەتەوەی کورد و پێگەی ژن لە کوردستاندا؛ بە پێی ئەو تایبەتمەندییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، ژن هەمان وێنەی لە زەینی مرۆڤی کورددا هەبووە کە نەتەوە سەردەستەکان، هەیانبووە و بەسەریدا سەپاندوویانە. بە زەبری ئەو سەپاندنە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک مێشکی کورد لە بیر و باوەڕی خۆماڵی شۆردراوەتەوە و هی داگیرکەرانی لە جێگە چێنراوە. لە باکووری کوردستاندا، ڕوانینی باو بۆ ژن لە لای کورد هەمان ئەو ڕوانینە بووە کە لای تورک هەبووە. لە باشوور و ڕۆژئاوادا ڕوانینی عەرەب بۆ ژن چۆن بووە، هەر ئەوە لە زەینی کوردیشدا بەرجەستە بووە. لە ڕۆژهەڵاتیشدا فارس چۆن بۆ ژنی ڕوانیوە کوردیش هەر ئاوای کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان گەلانی سەردەست و کوردیش گەلی

ژێردەستیان بووە لە وڵاتەکانی عێراق و سوریا و ئێران و تورکیادا، بۆیە پلە و پایەی مرۆڤبوونی کوردیش خوارتر بووە و خۆیان وەک هاوڵاتی پلەیەک و کورد وەک هاوڵاتی پلەدوو دانراوە. لە سەر ئاستی خێزانیشدا ژن لە پێگەی پایینی هەرەمی دەسەڵات بووە، کەواتە ژنی کورد هێشتاش پلەیەک لە خوارتری ژنانی وڵاتانی سەردەست بووە. هەموو ئەمانە وا دەکات پرسی ژن لە کوردستاندا لە ئاڵۆز ئاڵۆزتر بێت، بۆیە هەوڵدان بۆ یەکسانی لە کوردستاندا، لە هەوڵدان بۆ یەکسانی لە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئاسانتر نابێت.

کولتووری بابسالاری لە خۆرئاوای دنیا، بەهۆی ئەو خەبات و دەستکەوتانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، کاڵ بووەتەوە و رۆژبەرۆژ کاڵتر دەبێتەوە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو سیستەمە هێشتا لە ترۆپکی دەسەڵات و سالارێتی خۆیەتی و بەردی بناغەکەی بە ئەستەمیش لەق نەکراوە. بێگومان ئایینیش لە چەسپاندن و جێپێ قایمکردنی کولتووری پیاوسالاریدا ڕۆڵی سەرەکی و گەورەی بینیوە و بۆ بەدبەختی ژنی رۆژهەڵاتییش، هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەیە (جوو، کرستیان، ئیسلام) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریان هەڵداوە و نەشونمایان کردووە. یەکێک لە خەسڵەتەکانی کولتوور و سیستەمی بابسالارییش نواندنی توندوتیژییە بە هەموو جۆر و شێوەکانییەوە، بۆیە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نائارامترین ژینگە بوون بۆ ژن و هەمیشە ئاسایشی ژن لە مەترسیدا بووە بەهۆی ئەو تێڕوانینە باوەی لەسەر بنچینەی سێکسیزم بنیات نراوە و سێکسوالێتی ژن بە شەرەفی بنەماڵە و خێل و کۆمەڵ دانراوە.

دابلیو. ئار.هێی؛ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا حاکمی سیاسی بەریتانیا بووە لە کوردستان، لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆی "دووساڵ لە کوردستان" بەم جۆرە باسی ئەم ژنبینییەی کورد دەکات و دەڵێت:"هەرچی ناموسی ژنە، ئەوا یاساکەی زۆر توندوتیژە. ژن لە هەر پایەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، لەگەڵ هەڵسوکەوتێکی نارێکی لێ بینرا یان بە بەڵگەوە گومانی لێکرا ئەوە چارەنووسی مردنە، مێردی یان برای یان هەر کەسێکی کە لێی بەرپرسیارە،

کە شەرمەزارییەکەی یان ئابڕوچوونەکەی نەشواتەوە، ئەوا بە بێشەرەف لە قەڵەم دەدرێ. ناموس لای کوردان بەنرخترین شتە."[١١]
شەرەف لە کۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردیش وەک نەتەوەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کراوە بە کۆدێکی ترسناک بۆ کۆیلەکردنی ژن. لە کولتوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی ژنان رۆڵ و بەرپرسیارێتییان لە چوارچێوەی ژیانێکی سنوورداری بێئەرکدا دەهێڵدرێتەوە. دوو فاکتەری سەرەکی لە لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵیان بینیوە:
یەکەمیان: دەسەڵاتی زەبروزەنگئامیزی رەوشتە، کە چەمکی رەوشت لە تێگەیشتنێکی نالۆژیکی و تەسکەوە سەرچاوە دەگرێت و جەستەی ژن کراوەتە کلێشەی شەرەف و شەرەفیش بە واتای رەوشت، دانراوە.
دووەمیان: ڕەوشتی دەسەڵاتە فەرمانرەواکان کە ناوچەکە بەڕێوە دەبەن لەسەر بناغەی تۆتالیتاری داڕێژراوە و رەوشتێکی بابسالارانەی زەبروەشێنە لە هەموو پێشکەوتن و گەشەسەندنێکی کۆمەڵ بە گشتی و ژن بە تایبەتی، کەواتە دەسەڵاتی رەوشت و ڕەوشتی دەسەڵات وەک دوو فاکتەری بناغەیی، بە میکانیزمی هەمەجۆر، لە کزکردنەوەی کەسایەتی ژنی رۆژهەڵاتی بە گشتی، ڕۆڵیان گێڕاوە.[١٢]

## ژنی کورد لە پەراوێزی مێژوودا:

ژن لە کوردەواریدا؛ لەوەتی نەتەوەکەی ژێردەستە و خاکەکەی داگیرکراو بووە، حاڵی خراپتر بووە لە کۆمەڵەکانی دەوروبەری خۆی، چونکە بەشێک بووە لە کۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە بەر دواکەتوویی و کەمترگەشەسەندنی بە جیهانی سێیەم ناوبراوە، بەڵام بەشێکی ئاسایی نا بەڵکو بەشێکی ستەملێکراو و ژێردەست بووە.

ئێمە ئەگەر بڕوانینە مێژووی کورد؛ هەر زۆر دووریش نەڕۆین، دەبینن سەد ساڵ لەمەوبەر، ژن بە تەواوی لە دەرەوەی مێژوو جێگەی دراوەتێ. بەڵگەش بۆ ئەمە خوێندنەوەی سەرچاوە مێژووییەکانی سەدەکانی پێش

[١١] دابلیو. ئار. هێی. دوو ساڵ لە کوردستان. وەرگێڕانی: لوقمان باپیر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات. هەولێر. ٢٠١٤. ل ٥٨.
[١٢] مەهاباد قەرەداغی. شەرەفنامە، شەرەف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن. لێکۆڵینەوە. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلیمانی.٢٠٠٤. ل ٥٢-٥٣.

سەدەی بیستەم و تەنانەت تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، لەناو ئەو سەرچاوە مێژوویانەشدا کە بە دەگمەن و دانسقەش دادەنرێت، شەرفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣-١٦٠٤)یە، کە تیایدا ژن تەواو پەراوێز خراوە. مێژووی کورد بریتی بووە لە مێژووی سیاسی ڕووت، چونکە مێژووی کۆمەڵایەتی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و بەردەوام لایەنی کۆمەڵایەتی ژیان بێبایەخ کراوە. ژنیش تەنها لە فەزای کۆمەڵایەتی خێزاندا جموجوڵی هەبووە، بۆیە بە شێوەیەکی ڕوون و شایان، نەهاتووەتە نێو ئەو مێژووەوە کە شەرەفخان تۆماری کردووە، بەڵکو تەنها لە پەراوێزی ئەو مێژووەدا ماوەتەوە.

تەنانەت ئەو کتێبانەی مێژووش کە مەحەمەدئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠-١٩٤٨) تۆماری کردوون، لە کتێبی ناودارەکانی کورد و کوردستان "مشاهير الكرد و كردستان"دا لە چەند لاپەڕەیەکی کۆتاییدا بە کورتی و لە پەراوێزدا باسی هەندێ لە ژنانی کورد، بەتایبەتیش ژنانی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەیوبییەکان و هەندێ ژنی تر، دەکات.

ئەگەرچی لە بەشی باشووری کوردستاندا، بە تایبەتی لە سنووری شاری سلێمانیدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بە ژمارەیەکی کەمیش بێت ژنی هەڵکەوتوو، دەرکەوتوو و سەرکەوتوو هەبووە، بەڵام لە شوێنێ شایستەی خۆی لەناو ئەو کتێبانەی مێژوودا، جێگەیان پێ نەدراوە.

## ژنی کورد لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا:

گەریدە و ڕۆژهەڵاتناسان؛ کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە ناوچەکە و کوردستانیشیان تەی کردووە، لە گەشتنامە و کتێبەکانی خۆیاندا، باسیان لە ڕۆڵ و پێگەی ژنی کورد کردووە و هەندێ لەو نموونە ژنانەی کورد، کە خاوەنی کاریگەری و دەسەڵات بوون، سەرنجی ئەوانیان ڕاکێشاوە و باسیان کردوون. لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەندین گەریدە و ڕۆژهەڵاتناس لە گەشتەکانیاندا بۆ شار و گوندەکانی کوردستان هەندێ ڕووداویان تۆمارکردووە سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و لای ئەوان

ئازادی ژنی کورد لە چاو گەلانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بووە. گەلانی ناوچەکەش بریتی بوون لە عەرەب و عەجەم و تورک لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا و ئەو گەلانە بوون بە گەلی سەردەست بەسەر کورددا و کاریگەری زۆر نێگەتیڤیان لەسەر کولتووری کورد دانا. بۆ نموونە ژنانی کورد پێشتر باڵاپۆش نەبوونە، بەڵکو جلی رەنگاوڕەنگی تەنک و سەرنجڕاکێشیان پۆشیووە و لە دیوەخاندا پێکەوە لەگەڵ پیاوان دانیشتوون و لە مەزرادا لەگەڵ هاوسەر و براکانیان کاریان کردووە. لە سەردەمی داگیرکاری عوسمانییەکاندا باڵاپۆشی سەپێندراوە بەسەریاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر سروشتە شاخاوییەکەیان ماوە و لە جلوبەرگ و هەڵسوکەوتدا هەر جیاواز بوونە لە ژنانی گەلانی سەردەست، بۆیە ئەم سیفەت و هەڵوێستانەیان سەرنجی گەریدە و رۆژهەڵاتناسانی راکێشاوە.

**شاژنی بێ تاج:**

لە شاری هەڵەبجەدا عادیلەخانم هاوسەری عوسمان پاشای جاف و دایکی دوو شاعیری ناوداری کورد ئەحمەد موختار جاف و تاهیر بەگی جاف، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا کاتی مردنی لە ١٩٢٤، دەسەڵاتێکی بەرفراوانی لە ناوچەی شارەزووردا دەبێت. عادیلە خانم خۆی خەڵکی شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و کە دێتە هەڵەبجە و بەهۆی دەسەڵاتی هاوسەرەکەیەوە پێگەیەکی گەورەی دەبێت و وەکو کەسایەتییەکی بەهێز دەردەکەوێت و فەرمانڕەوایەتی هۆزی جاف دەکات. بە تایبەتی دوای مردنی مێردەکەی تەواوی دەسەڵاتەکانی هۆز و ناوچەکە بەدەستەوە دەگرێت. عادیلەخانم بایەخ دەدات بە دروستکردنی بازاڕ و قوتابخانە و پێشخستنی کولتوور لە هەڵەبجە و مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عادیلە خانم دا هەڵەبجە لە گوندێکی بچووکەوە دەبێتە شارێکی ئاوەدان.[١٣]

ئەدمۆنز لە باسی عادیلە خانمدا وەک "شاژنی بێ تاج "وەسفی دەکات، مینۆرسکی باس لە دڵودەستفراوانی و میواندۆستییەکەی دەکات. مێجەرسۆن،

[١٣] https://ckb.wikipedia.org

ئەفسەری سیاسی سوپای بەریتانیا، کە بە شێوەیەکی شاراوە و وەکو کارمەندێکی بانک دەچێتە وڵاتی ئێران و دواتر سەر لە کوردستان دەدات، لە ساڵی ١٩٠٩ دا دەچێتە هەڵەبجە و پێگە و هەڵس و کەوت و دەسەڵاتی عادیلە خانمی ژنی عوسمان پاشای جاف سەرنجی رادەکێشێت و لە کتێبەکەیدا "گەشتنامە" پەسنی دەدات.


عادیلە خانم لە هەڵەبجە لەگەڵ ماژۆر سوان(Major Soane)

***

عادیلە خانم و هەموو ئەو ئافرەتانەی کە لە سەدەکانی پێشتر و سەدەی بیستەمیش توانیویانە دەسەڵاتی سیاسی، کارگێڕی و ئابووریيان بە دەستەوە بێت، بەهۆی دەسەڵاتی مێرد یان باوک و براکانیانەوە بووە. ئەم دۆخە تەنها لە کوردستاندا وا نەبووە، بەڵکو لە ناوچەکە و جیهانیشدا نمونەی زۆرە.

بەهۆی ئەو سیستەمە نێرسالارییەی کە باڵی بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا کێشا و هەزاران ساڵ دریژەی هەبوو، ژن نەیتوانیوە بێ لەو تاقە رێگایە، کە رێچکەی دەسەڵاتی پیاوانی بنەماڵەکەی بووە، بگاتە ئەو دەسەڵاتانە. بۆ نموونە لە مێژووی جیهانیشدا ئەو ژنانەی کە گەیشتوونەتە تەختی دەسەڵات هەر بەهۆی باوک و مێردەوە بووە. کیلۆپاترا، کە کچی حەوتەمی یەکێک لە پاشاکانی پتۆلیمی یە لە وڵاتی میسر لە کۆتاییەکانی سەدەی پێش زایین یەکەم

و بەناوبانگترینی ئەو ژنانەیە کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتووە.[١٤] لەو کاتەوە تا سەدەی بیستەم لە وڵاتانی ئەوروپا چەندین شاژنی تر هەبوون کە بەهۆی دەسەڵاتی باوک یان هاوسەریانەوە گەیشتوونەتە سەر عەرشی دەسەڵات. تەنانەت لە سەدەی بیستەمیشدا چەندین نموونەمان هەیە؛ یەکەمین ژن کە لە جیهاندا پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت خاتوو "سیریماڤۆ باندارانایکی" بوو لە سریلانکا، کە لە ساڵی ١٩٥٩ دا دوای کوژرانی هاوسەرەکەی "سولەیمان باندارانایکی" بە ڕێبەری حیزبی سەیلان هەڵبژێردرا و لە دوای سەرکەوتنی حیزبەکە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٠ دا، بوو بە سەرۆک وەزیران.[١٥]

دووەمین ژن کە بوو بە سەرۆک وەزیران لە جیهاندا، "ئیندیرا گاندی" بوو، کە ١٦ساڵ لەو پۆستەدا مایەوە و بە لێهاتووییەوە حوکمرانی هیندوستانی کرد. ئیندیرا تاقانەی ڕێبەری سیاسی هیند جەواهیر لال نەهرۆ بوو، لال نەهرۆ دوای سەربەخۆیی هیندوستان بوو بە یەکەمین سەرۆک وەزیران.[١٦]
لە پاکستانیش "بێنەزیر بۆتۆ" کچی "زولفەقار عەلی بۆتۆ" کە دامەزرێنەر و سەرۆکی حیزبی گەلی پاکستان بوو، زولفەقار لە ساڵی ١٩٧٠دا حیزبەکەی لە هەڵبژاردندا سەرکەوت و بوو بە سەرۆک کۆمار. دوای ئەوەی ساڵی ١٩٧٧ کودەتای بەسەردا کرا لە لایەن زیا ئەلحەق سەرۆکی ناوەندی سوپای پاکستان و لە بەندیخانە نرا و لە ١٩٧٨ دا لە سێدارە درا، بێنەزیر بۆتۆی کچی ٢٥ ساڵ تەمەنی بوو، کە زیائەلحەق بوو بە حوکمڕانی پاکستان. بێنەزیر سەرۆکایەتی حیزبی گەلی پاکستانی بەدەستەوە گرت و بوو بە بەرهەڵستکارێکی کاریگەری حکومەتە باوککوژەکەی. لە ساڵی ١٩٨٨ دا بێنەزیر بۆتۆ لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا بوو بە سەرۆکوەزیرانی پاکستان، چونکە حیزبەکەی توانی لە هەڵبژاردندا لە ٢٣٧ کورسی پەرلەمان، ٩٢ کورسی بەدەست بهێنیت و توانی بە کوالیسیۆن لەگەڵ چەند گروپێکی بچووکی سیاسی ببێت بە زۆرینە و پێکهێنانی حکومەتی پێ بسپێردرێت.[١٧]

---

[١٤] مەحمود تلوعی. ژن لەسەر تەختی دەسەڵات. و: ئەبوبەکر مەجیدی. کوردستان، هەولێر. ٢٠٠٥. ل ٢٣.
[١٥] هەمان سەرچاوە. ل ٣٢٥.
[١٦] هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٨.
[١٧] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٦.

لە فیلیپین، کە بە وڵاتی حەوت هەزار دوورگە دەناسرێت، "کورازۆن ئاکینۆ" دوای تیرۆرکردنی هاوسەرەکەی "بێنیگنۆ ئاکینۆ" کە بەرهەڵستکاری سەرەکی سەرۆککۆماری فیلیپین "مارکۆس" بوو، لایەنگرێکی زۆری هەبوو، تەواوی لایەنگرانی هاوسەرەکەی پشتیوانییان لێ کرد و کورازۆن لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٦دا سەرکەوت و بوو بە سەرۆک کۆماری فیلیپین.[١٨]

مەبەست لە هێنانەوەی ئەو نموونانە ئەوەیە، لە کوردستانیش تەنها ئەم مۆدێلە لە هاتنی ژن بۆ ناو دەسەڵات لە مێژوودا بینراوە، کە بەهۆی دەسەڵاتی بنەماڵەوە بووە و بۆماوە بووە لە باوک، برا یان مێردەوە، بەڵام کەسایەتی بەهێزی هەندێ لەو ژنانە خۆشیان فاکتەریک بووە، نکۆڵی لێ ناکرێت. چ خانزادی میری سۆران، چ عادیلە خانم کە لە مێژووی کورددا ناویان درەوشاوەیە، خۆشیان خاوەنی کەسایەتی بەهێز بوون.

لە مێژوودا نموونەی دەگمەنی ژن هەیە کە بەهۆی توانا و لێهاتوویی خوودی خۆی و بە بێ کۆمەکی دەسەڵاتی بنەماڵە گەیشتبێتە ترۆپکی دەسەڵات. گۆڵدا مایەر نموونەیەکی جێگەی شانازییە لەم بابەتەدا. گۆڵدا مایەر بە خەباتێکی بێوچان کە لە سەردەمی لاوێتییەوە دەستی پێکرد، بە زۆر قۆناغی سەختدا تێپەڕی و قوربانی زۆری لە پێناوی گەلەکەی خۆی"گەلی جولەکە" دا و لە ئاکامیشدا بە ئامانج گەیشت و لەگەڵ داود بنگۆریۆن و هەڤاڵەکانی تریدا، لە ساڵی ١٩٤٨ دا بوون بە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل. گۆڵدا مایەر سەرەتا بوو بە باڵوێزی وڵاتەکەی خۆی لە ڕوسیا، دواتر پۆستی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی وەرگرت، ماوەیەکیش وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بوو، لە سالی ١٩٦٩ دا بوو بە سەرۆک وەزیران. لێهاتووترین سەرۆکوەزیران بۆ وڵاتێک کە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی هەموو وڵاتانی دەوروبەری و وڵاتە عەرەبییەکانی تر بوو. گۆڵدا مایەر، لە مێژوودا نموونەیەکی کەم وێنەیە.[١٩]

---

[١٨] هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٩.

[١٩] گۆڵدا مایەر. بیرەوەرییەکانی گۆڵدا مایەر، وەرگێرانی: شەفیقی حاجی خدر. هەولیر. ئاویەر. ٢٠١٥.

لە کوردستاندا؛ نەک تەنها بۆ دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی، تەنانەت لە کاری ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیشدا هەر ئەو ژنانە توانیویانە لە مەیداندا بن، کە کچی ، یان خوشکی یان هاوسەری ئەو پیاوانە بوون کە دەسەڵاتدار بوون. هەڵبەتە بۆ ژنانی لێوەشاوە لەناو ئەو بنەماڵانەدا جێگەی دەستخۆشییە کە چالاک بوون و توانیویانە جێگەی دەستیان دیار بێت لە مێژوودا، بەڵام ڕووی ڕەخنە ئاراستەی ئەو ژنانەیە کە توانایان نەبووە، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتی پیاوەکانیانەوە سەپێندراون بەسەر بزوتنەوەی ژنان و مێژووی ژناندا، ئەمەش لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە دەرکەوت و نە ئەوسا و نە ئێستاش، قابیلی قبوڵکردن نییە و ئەو مۆدێلە ناشیرینە پێویستە کۆتایی پێ بێت.

## یەکەمین ڕێکخراوی ژنی کورد:

یەکەمین هەوڵی کاری ڕێکخراوەیی ژنی کورد، لە ساڵی ١٩١٩ دا لە ئەستەمبوڵ، بووە. لەو دەمەدا ژمارەیەک لە کەسایەتی و خوێندەوار و ناودارانی باشووری کوردستان چوونەتە ئەستەمبوڵ و لەوێدا چالاکی جۆراوجۆری سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیرییان هەبووە.

بەهۆی لێکەوتە خراپەکانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بە ئامانجی فریاگوزاری و یارمەتیدانی زیانلێکەوتوان **"کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کورد"** لە لایەن هاوسەری هەندێ لە پیاوانی سیاسی و ناوداری کوردەوە، لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە، کە هەندێکیان خەڵکی سلێمانی بوون و لەو ماوەیەدا لە ئەستەمبوڵ ژیاون.

ڕێکخراوەکە بە تورکی ناوەکەی (Kurt Kadinlari Teali Cemieti) بووە.[٢٠] دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە بریتی بوون لە ئەنجوم خانی مستەفا پاشای یامولکی، ئامینە خانمی خیزانی سەید ڕەزا، ئامینەخانمی هاوسەری شەریف پاشای خەندان، گوزیدە خانی هاوسەری عەبدولعەزیزی یامولکی.

---

[٢٠] د.جەبار قادر. ژنانی کورد لە مێژوودا.
http://www.historyofkurd.com

ئامانجی رێکخراوەکە پێشکەشکردنی یارمەتی بووە بە ژنان و منداڵانی زیانباری شەڕی جیهانی یەکەم. دروستکردنی رێکخراو لەو سەردەمەدا لە لایەن ژنانی کوردەوە هەنگاوێکی زۆر گەورە بووە کە لە ئەنجامی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر هاومرۆڤ و هاونەتەوەی خۆیان، دەستیان پێکردووە.

لە سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفیدیش دا، ڕۆڵی ژنانی سلێمانی کە حەپسە خانی نەقیب سەرکردایەتی کردوون، بریتی بووە لە پێشوازیکردنی میوانە بیانییەکان، گەیاندنی چەک و فیشەک و خواردن بۆ بەرەکانی شەڕ، هاندان و جۆشدانی جەماوەری شاری سلێمانی بۆ خۆپیشاندان و بەشداری کارای خۆشیان لە خۆپیشاندانەکان، هاوکاریکردنی خێزانی شەهیدەکانی شۆڕش.

لە سەردەمی دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستانی خوارووە کە شیخ مەحمود بوو بە مەلیکی لە ساڵی ١٩٢٣ دا، بۆ پشتگیریکردنی حکومەتە خۆماڵییەکە، ئافرەتان لە بوژانەوەی کۆمەڵایەتی و زانستیدا ڕۆڵیان بینیوە. لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٧دا هەوڵەکانیان لەوەدا چڕ کردووەتەوە کە کچان فێری خوێندەواری بکەن و یەکەمین قوتابخانەی کچان دەکەنەوە. گوزیدە خانی هاوسەری عەبدولعەزیزی یامولکی"کە کوردی باکوور بووە"، دەبێتە یەکەمین بەڕێوەبەری یەکەمین قوتابخانەی کچان لەو شارەدا و فاتیمە موحێدین دەبێتە یەکەمین مامۆستا. هەر ئەو ئافرەتانەی کە لە ئەستەمبوڵ چالاکی رێکخراوەییان ئەنجام داوە و یەکەمین رێکخراویان دامەزراندووە، کە گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی، لەوێش بە ئامانجی بەرەوپێشەوەبردنی رەوشی ژنانی کوردستان، درێژەیان بە کارکردن داوە.

**ژنێکی جەنگاوەر لە گەرمیاندا:**

لە ساڵی ١٩٢٠ دا و لە سەردەمی شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ لە کفری دژی داگیرکەرانی ئینگلیز، کە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود هەڵگیرساوە و ماوەی سێ مانگ فەرمانڕەوایەتی شارەکەش لە ئینگلیزەکان سەندراوەتەوە خۆیان بەڕێوەیان بردووە، ڕۆڵی قارەمانانەی ئافرەتێک دەگێردرێتەوە کە وەک تاقەسواری ئافرەتی چەکدار لەگەڵ جەنگاوەرەکاندا لە

دژی ئینگلیز، شەڕی کردووە. ئەو خانمە ناوی **نەعیمە مستەفا** بووە و هەر سەر بە هۆزی دەلۆ بووە. لەبەر ئەوەی بۆ ئەو کاتە شەڕکەر و جەنگاوەر تەنها پیاوان بوون، بۆیە نازناوی "نێر"یان بەو ژنە داوە و لەناو خەڵکدا بە **"نەعە نێر"** ناسراوە. نەعە کورتکراوەی ناوی نەعیمەیە و نێر بۆ ئەو سیفەتە جەنگاوەرانەی بووە کە لە ناوچەکەدا بەهۆی داخراوی و زاڵبوونی کولتووری خێلایەتی، لای ژنانی تر، نەبووە. بچووککردنەوەی ناوەکەی لە نەعیمەوە بۆ نەعە بۆ بچووککردنەوەی پێگەی ئەو ژنە نەبووە، بەڵکو لە ناوچەی گەرمیاندا و لە زۆر شوێنی تری کوردەواریدا ئەوە باوە کە ناوەکان کورت دەکرێنەوە وەکو نەعە بۆ نەعیمە، فاتە بۆ فاتمە و تەنانەت بۆ پیاوانیش وایە ئەحمەد بە ئەحە و مستەفا بە مچە و مەحمود بە خوولە، بانگ دەکەن.

**کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد:**

لە ساڵی ۱۹۳۰ بەدواوە ناو و پێگە و هەندێک لە کاریگەری ئەو پێگە سیاسییانەی ئافرەتان دەرکەوت و مێژوو تۆماری کردن. نمونەیەک لەو ئافرەتانەی ئەو رۆژانە حەپسەخانی نەقیب (۱۸۹۱-۱۹۵۳) بوو. لە ۱۹٤۷ حەپسەخانی نەقیب **"کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد"**ی دامەزراند و هانی خوێندنی کچانی دەدا و لە کاتی تەنگژەی سیاسیدا نامەی بۆ بەرپرسان و ناوەندەکانی بڕیاری جیهان دەنووسی، بەڵام پێش دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەش حەپسەخان چالاکی سیاسی زۆری هەبووە، ئەو نامەیەی لە ساڵی ۱۹۳۰ دا بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکانی نووسی و نارد، بە یاداشتێکی مێژوویی و گرنگ دادەنرێت.

لە کوردستان لەو دەمەدا نەخوێندەواری بە تەواوەتی زاڵ بووە بە سەر کۆمەڵەکەدا و بە تایبەتیش لەناو توێژی ژناندا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تازە قوتابخانە بۆ کوڕان کراوەتەوە و کەم کەم کوڕان خراونەتە بەر خوێندن. چارەکە سەدەیە دوای ئەوەش ئینجا قوتابخانەی کچان بە کەمی کراوەتەوە و تاک و تەرا کچان نێردراونەتە بەر خوێندن. ئەوەش ڕوونە خوێندەواری و پەرەسەندنی باری ڕۆشنبیری، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەرەسەندنی هۆشیاری سیاسیش. لە کۆمەڵێکی کەمخوێندەواردا سیستەمی خێڵ و عەشیرەت پیادە دەبێ، لەو سیستەمە خێڵگەراییەشدا پێگەی ژن لە هەرەخوارەوەی هەرەمی دەسەلاتدایە، تەنانەت لە ناو خێزانیشدا.

شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا، کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو پەرەسەندنانەی کە لە خۆرئاوادا هەبوون و دەستکەوتیان بەدەست هێنابوو، بە تایبەت ئەو شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانەی کە سەردانی وڵاتانی دەرەوەیان دەکرد و بە تایبەتیتریش ئەوانەی کە ماوەیەک نیشتەجێی ئەستەمبوڵ بوون و لەوێوە ئاگاداری پێشکەوتنەکانی ئەورووپاش دەبوون. بۆیە دەستیان کرد بە هاندنی خوێندنی کچ و چوونە مەکتەب و خۆچەکدارکردن بە عیلم و عیرفان، هەروەها هاندانی ژن بۆ فڕێدانی عەبا و پەچە و باڵاپۆشی و ڕووکردنە دنیای مۆدێرن. نمونەی ئەو شاعیر و ڕۆشنبیرانەش حاجی قادری کۆیی، مەلایی گەورە لە کۆیە، پیرەمێرد، فایق بێکەس لە سلیمانی و هێمن موکریانی لە مەهاباد. ئەم شاعیرانە تێکستی زۆر سەرنجڕاکێشیان هەیە بۆ مەبەستی ئازادی ژن و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.[٢١]

لە ساڵی ١٩٤٢ لە سلێمانی بۆ فریاگوزاری هەژارانی قات و قڕی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، ژنانی سلێمانی چالاکییەکی گەورەی خێرخوازییان ئەنجام داوە بۆ بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازێک کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆی ئەوسای عێراق بۆ هەموو شارەکانی ناردووە. "لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمدا کە قاتوقڕیی و گرانیی باڵی ڕەشی بەسەر هەژاراندا کێشابوو، ژنانی سلێمانی هەنگاوێکیان هەڵهێنا کە تاقانە بوو لە سەرانسەری عێراقدا. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی نێوخۆ لە ساڵی ١٩٤٢ داوایان لە خەڵک کردبوو لە هەموو لیواکان کۆمەڵە و ڕێکخراوی باربوو ساز بکەن بۆ یارمەتی و کۆمەکی هەژاران. تەنها لە شاری سلێمانی لیژنەیەکی وا بۆ ئەو ئامانجە دامەزرێنرا بە سەرۆکایەتی سەعدیە خانمی هاوسەری مستەفا قەرەداغی کە ئەو کاتە موتەسەریفی شار بوو. لیژنەکە ئەم ژنانەی لە ریزەکانی خۆیدا کۆکردبووەوە(حەپسەخانی نەقیب هاوسەری حەفیدزادە شێخ قادر، بەهیە خانم هاوسەری حەفیدزادە شێخ مەحمود، زەهرەخانمی هاوسەری عیزەت عوسمان، رەحمەخانمی هاوسەری

[٢١] گۆڤاری شیکار،ژمارە ٢١، ئەدەبی بەرگری و ئازادی ژن، نمونە بەرجەستەکان لای شاعیرانی پیاو لە کوردستان. مەهابادا قەرەداغی، ل ٧٩.

میرزا فەتاح، شوکریە خانمی هاوسەری جەمیل رەشید، سەدیقەخانمی هاوسەری حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغا، مەلیحە خانمی هاوسەری عەبدوڵلا نوری، فاتمەخانمی هاوسەری حاجی مەلا موحێدین، فاتمەخانمی هاوسەری مەلا قادرئاغای حاجی مەلا سەعید، ئەختەرخانمی هاوسەری حاجی حەمەساڵح بەگ، فاتمەخانمی هاوسەری حاجی برایم ئاغا، بەهیە خانمی کچی سەعید ئەفەندی عوسمان ئاغا، ئامینەخانمی هاوسەری مستەفا (راستتر عایشە خانم)، فاتمە خانمی هاوسەری میرزا کەریمی حاجی شەریف.) ئەمانە ژنانی نێوداری شار بوون و تەنها شاریش سلێمانی بوو کە ژنانی بە دەنگی بانگەوازی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هاتبوون و لە هەموو شارەکانی تردا لیژنەکان تەنها لە پیاوان پێکهاتبوون."[٢٢]

**کۆمەڵی ئافرەتانی شۆڕشگێری کوردستان**

لە دوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم؛ نەتەوەکانی دنیا بایەخیان بۆ دیموکراتیزەکردن زیاتر بوو، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٥دامەزرا لە لایەن ٥١ دەوڵەتەوە، کە ئێستا ئەندامانی گەیشتوەتە ١٩٣ دەوڵەت. وڵاتانی خاوەن سەروەری بوون بە ئەندام تێیدا و پابەندێتی خۆیان بۆ پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان پیشاندا، کە لە ساڵەکانی دواتردا ئەم رێکخراوە نێونەتەوەییە بەرهەمی هێنا و جاڕی بۆ دا، کە گرنگترینیان جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ بوو، تیایدا ستانداردی مافەکان بۆ مرۆڤ لەسەر بنچینەی هاوسەنگی بنیات نراوە بە بێ هەڵاواردنی جۆر و توخم و ڕەنگی پێست و ئایین و ئایدۆلۆژیای مرۆڤەکان.
ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەری لەسەر هەموو کیشوەر و وڵاتانی دنیاش دانا و سەرەتایەک بوو بۆ گەشەی خەباتی جەماوەری و پیشەیی بە شێوەیەکی رێکخراوتر. یەکێتی سۆڤیەت و حیزبە کۆمۆنیستەکان کاریگەرییان زۆر بوو لەسەر گەشەی خەباتی جەماوەری و لە کوردستانیشدا حیزبی شیوعی عێراق لە گەشەدان بە کاری رێکخراوەیی و دامەزراندنی سەندیکا پیشەییەکانی

[٢٢] د.جەبار قادر. ئافرەتی کورد لە مێژوودا. وەرگیراوە لە ماڵپەڕی مێژووی کورد
http://www.historyofkurd.com
ئەم زانیارییە لەم بابەتەدا وەرگیراوە لە کتێبەکەی د. کەمال مەزهەر:
دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد. چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد. بەرگی دووەم. ئامادەکردنی عەبدوڵلا زەنگەنە. هەولێر. ٢٠٠١. ل ٣٦٩-٣٧٤.

وەکو کرێکاران، جوتیاران، کاسبکاران، و هتد دەستی باڵایان هەبووە. دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦، ئەوانیش هاتنە مەیدان و هاوتەریبی حیزبی شیوعی لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا گەشەیان بە تێکۆشانی جەماوەریی بۆ بەدەستهێنانی مافە مەدەنی و پیشەیی و مرۆییەکانی خۆیان دا و گڕوتینێکی تریان دایە ئەو خەباتە.

سەبارەت بەو ڕێکخراوانەی ژنان تیایدا کارا بوونە، لە نووسینێکدا کە د. کامیل بەسیر بە ناوی(ژنی کورد لە مێژوودا) نووسیویەتی، باس لەوە دەکات کە "کۆمەڵە ژنێک لە ژنانی کەرکوک، ئەوانەی کە پەیوەندییان کرد بە مێرد و کوڕەکانیان کە چووبوونە پاڵ شۆڕشەوە، لەگەڵ ژنێکی کورد دانیشتن کە ناوی"باجی ئەجێ" بوو، کورە تاقانەکەی شەهید بووبوو، چوون بە دەنگی ئەو ژنەوە بۆ خۆرێکخستنیان لە کۆمەڵەیەکدا کە مشووری باری گوزەرانیان بخوات و یارمەتی شۆڕشگێڕانیش بدەن و لە مانگی ئابی ١٩٤٥، ڕێکخستنێکیان دامەزراند بە ناوی(**کۆمەڵی ئافرەتانی شۆڕشگێری کوردستان**)، بوون بە چەند بەشێک وەک بەرگدروو و کرێکار و جوتیار و بە چەند گوژمەپارەیەک بەشدارییان لە سندوقی یارمەتی نەدار و دەستکورتەکاندا کرد، جگە لەو شتانەی شۆڕشگێڕان پێویستیان پێیانە."[٢٣] ناوی ئەو ژنانە دیار نییە کە ڕێکخراوەکەیان دامەزراندووە، بەڵام ناوی "ئەجێ خان" کە دایکی شەهیدێک بووە هاتووە. د. کامیل بەسیر ئەو ڕێکخراوە وەک تەواوکەری ئەو تێکۆشانانە دادەنێت کە لە سلێمانی لە لایەن ژنانی شاری سلێمانییەوە دەکرا بە سەرکردایەتی حەپسەخانی نەقیب لەساڵی ١٩٤٦ دا.

**یەکێتی دایکانی دیموکراتی کوردستان**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ لەکاتی دامەراندنی کۆمار کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، هەندێ جموجوڵی تر دەستی پێکرد و ڕێکخراوی یەکێتی

[٢٣] د. کامیل بەسیر. ژنی کورد لە مێژوودا. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە لەیلا و لەیلا. ئەم نامیلکەیە کاتی خۆی د. کامیل بەسیر بۆ یەکێتی ئافرەتان نووسیویەتی، پێدەچێت لە سەرەتای حەفتاکاندا نوسرابێت و لە کاتی بەیانی یانزەی ئازار دا کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە خەباتی ئاشکرایدا لە ناو شارەکان زۆر چالاکی نواندووە و تەنانەت بەشداری لە کۆنفرانسەکانی دەرەوەی وڵات کردووە.

دایکانی دیموکراتی کوردستان دامەزرا کە مینا خانمی هاوسەری قازی محەمەد کە سەرۆک کۆماری کوردستان بوو، کوتی رێحانی، پوورە توبا، کوبرا عەزیمی و تیکە خەجیجی چالاکییەکانیان بەڕێوە دەبرد. چالاکی ڕۆشنبیری و هونەرییان کردووە و لەو ماوە کەمەی کۆماردا کە یانزە مانگی خایاند، ئەم رێکخراوەش هەوڵی داوە بایەخ بە گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمارە بچووک و ساواکە بدات."[٢٤] حەپسە خانی نەقیب لەگەڵ رێکخراوی دایکانی دیموکراتی پەیوەندی هەبووە و هاوکاری پێ گەیاندوون.

**ڕۆڵی حەپسەخانی نەقیب لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا**

لەو زانیارییانەوە دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجێنین، ژنانی باشووری کوردستان، سوودیان لە هەلومەرجی دوای جەنگی جیهانی بینییوە بۆ گەشەدان بە خۆیان و هەوڵی خۆڕێکخستنیان داوە. بە هاوئاهەنگی نێوان ژنانی کەرکووک و سلێمانی دەست پێدەکات. لە شاری کەرکوک ئەجێ خانم و دەستەخوشکە هاوخەباتەکانی، لە سلێمانیش حەپسە خانی نەقیب و دەستەخوشکە هاوخەباتەکانی بە شێوەیەکی رێکخراو کار دەکەن، ئامانجە نەتەوەییەکە بەسەر هەردووکیاندا زاڵترە وەک لە ئامانجە ئافرەتیستەکە، واتە هۆشیاری فێمینیستی لەو کاتەدا چەکەرەی نەکردووە بەڵام هۆشیاری پیشەیی لای ژنان هەبووە بۆیە رێکخراوی تایبەتیان دامەزراندووە و بەشی تایبەتیان بۆ رێکخستنی پیشەمەندەکان داناوە وەک بەرگدروو، کرێکار و جوتیار، کە لەو دەمەدا (ساڵی ١٩٤٥) کوردەواری زیاتر ئەو پیشانەی تێدا بووە.

حەپسەخانی نەقیب و دەستەخوشکەکانیشی، خەباتەکەیان لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوایەتیدا بووە، نەک ئافرەتیستانە بێت، هۆشیاری سیاسیان هەبوە و تەنانەت هەوڵیان داوە بە یاداشت و نامە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان، داوای مافەکانی کورد بکەن. نمونەی ئەو چالاکییانەش، نامەکەی حەپسە خانی نەقیبە کە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکانی ناردووە.

---

[٢٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو.



حەپسەخانی نەقیب(١٨٩١-١٩٥٣)

لە سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا حەپسەخانی نەقیب ڕۆڵ و کاریگەرییەکی باشی بەسەر شاری سلێمانی بە گشتی و پێشخستنی ژنانی شارەکە بە تایبەتی، هەبووە، بەڵام لە پەنجاکاندا چالاکی نامێنێت، چونکە لەساڵی ١٩٥٣دا کۆچی دوایی دەکات. ئەو ژنانەی کە لە سلێمانی و لەسەردەمی حەپسەخاندا چالاکن و کاری ڕێکخراوەی دەکەن، ناوەستن و لە فۆرم و قاڵبێکی تردا، درێژە بە تێکۆشان دەدەن.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمیشدا، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، وەک ڕێکخراوێکی ئافرەتانەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە. وەک وتمان لە دوای جەنگی جیهانییەوە بایەخدان بە پرنسیپەکانی دیموکراتی و خەباتی جەماوەری پەرەی سەند و کاریگەری لە سەر کوردستانیش دانا. یەکێک لە پرنسیپەکانی دیموکراتیش بایەخدانە بە مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری. بۆیە هێدی هێدی پرسی ژن کەوتە نێو ئەجەندای حیزبەکانەوە و هەریەکە و هەوڵی دەدا بە تیۆری لەناو بەرنامەی خۆیدا جێگەی بکاتەوە. لە باشووری کوردستانیشدا، هێدی هێدی لە

پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا هەست بە بایەخدان بەو پرنسیپە دیموکراتیانە کراوە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی کاڵوکرچیش بووبێت.

**دامەزراندنی کۆمەڵەی مافی ئافرەتان:**

لە ساڵی ١٩٥٢دا رێکخراوێکی ژنان دروست بووە، کە بەشێک بووە لە حیزبی شیوعی عێراق. پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستاندا لەو دەمەدا تاقە پارتێکی سیاسی نەبووە، لەپاڵ ئەودا و لە پێش ئەودا لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا لە کۆنگرەی یەکەمی حیزبی شیوعی عێراقدا بڕیاری دامەزراندنی دراوە، هاوکات لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا بووە. بەهۆی ئەوەشەوە کە سەر بە حیزبە کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت بووە و هاوکاری ماددی و ئەزموونی تیۆری لەوانەوە وەرگرتووە و حیزبێکی سیکۆلار بووە، هەوڵی داوە کۆمەڵ بە ئاراستەی پێشکەوتندا ببات و لە پرسی یەکسانی و مافەکانی ژنانیشدا حیزبی شیوعی دەستپێشخەر و کارا و کاریگەر بووە.

حیزبی شیوعی کوردستان کاریگەرییان بەسەر جەماوەری کوردستان بە گشتی و ڕۆشنبیران بە تایبەتی هەبووە. لە ساڵی ١٩٥٢دا لە ژێر ناوی "کۆمەڵەی مافی ئافرەتانی عێراق"کە لقی رێکخراوی ئافرەتانی حیزبی شیوعی عێراق بوون لە شارەکانی کوردستاندا کارو و چالاکییان ئەنجام داوە. رێکخراوەکە بە عەرەبی ناوەکەی"رابطة المرأة العراقية" بووە، رێکخراوێکی ئافرەتانەی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق بووە و لە ١٠ی ئازاری ١٩٥٢ دامەزراوە، یەکەمین سەرۆکی رێکخراوەکەش د. نەزیهە دلێمی بووە، کە لە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمدا یەکەمین وەزیری ژن بووە لە مێژووی عێراقدا. لقە کوردستانییەکەی ئەم رێکخراوە ناوی

(کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/عێراق) بووە و هاوتەریب کاریان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ئافرەتان و بەهێزکردنەوەی پیگەی ژن لەناو کۆمەڵدا. یەکەمین گۆڤاری ژنان لە سلێمانی ساڵی ١٩٥٢ لە لایەن ئافرەتانی شیوعییەوە بەناوی (ئافرەتی ئازاد) بە زمانی کوردی دەرچووە. [٢٥]

کۆمه ڵه ی ئافره تانی کوردستان / عراق

ئەم رێکخراوەش چالاکی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی بە ئەنجام گەیاندووە و لە کوردستانیشدا لە هەموو شارەکاندا لقی هەبووە و ئافرەتانی شیوعی چالاکییان لە ژێر ناوی ئەو رێکخراوەدا کردووە. دواتریش لە جیابوونەوەیدا لەگەڵ بەشە عێراقییەکە و بوونی بە حیزب شیوعی کوردستان، رێکخراوەکەش ناوی بوو بە "کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان"، شوکریە حەمەدەمین رەواندوزی ناسراو بە (دایکی ئامێز) بەرپرسی ئەم رێکخراوە بووە لە هەولێر و لە دوای ڕاپەڕینیشەوە لە کۆنگرەی سێیەمەوە شنۆ مەجید بە بەرپرسی رێکخراوەکە هەڵبژێردراوە و بەردەوام بووە لە کار و خەبات لە پێناوی مافی ئافرەتان و یەکسانی جێندەری.

شایانی گوتنە کە سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی(عەزیز مەحەمەد) وەک کارەکتەرێکی ئاشتیخواز و یەکسانخواز کاریگەری هەبووە و پشتیوانی لە ژنانی تێکۆشەر و یەکسانخواز کردووە.

---

[٢٥] د. محمد خدر مولود. گۆڤاری شیکار، ژمارە ١١-١٢، ل ١٠٨.

جێگەی دەست و هەستی ئەو رێکخراوە لە ڕۆشنبیرکردن و لە داخوازی مافەکانی ئافرەتاندا دیار بووە و لە دانانی یاسای باری کەسی ساڵی ١٩٥٩یشدا ئەم رێکخراوە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، چونکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسمدا ئەم رێکخراوە لە لایەن خودی سەرۆکەوە بایەخی پێدراوە و لە کۆنگرەی یەکەمی رێکخراوەکەدا کە لە ٨ی ئاداری ١٩٥٩دا گیراوە، عەبدولکەریم قاسم خۆی ئامادەبووە و وتەی خوێندووەتەوە و پیرۆزبایی لێکردوون و هەر ئەویش پێشنیاری کردووە ناوی رێکخراوەکە لە"رابطة الدفاع عن حقوق المرأة العراقية" وە بکرێت بە "رابطة المرأة العراقية". لەو قۆناغە کورتەی فەرمانڕەوایی قاسمدا ئەم رێکخراوە لە ترۆپکی پێشکەوتن و چالاکیدا بووە و کاریگەری زۆرباشی لەسەر کۆمەڵی عێراقی بە گشتی و کۆمەڵی کوردستانیشدا داناوە. سەدان بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و بنکەی تەندروستییان کردەوە و تیمی هۆشیارکردنەوەیان بۆ شارۆچکە و لادێکان ناردووە، بەرنامەی تایبەتی رادیۆیان داناوە و لە پەیوەندییەکانیشدا لەگەڵ وڵاتانی دنیا و بە تایبەتیش وڵاتە سۆشیالیستەکان و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کە سەر بە بلۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوون، پەیوەندی تووندوتۆڵیان داناوە و لە کۆنگرەکانی ژنانی دنیاشدا بەشدار بوون و وەفدیان ناردووە.

یەکێک لەو ژنانەی کە وەک نوێنەری کوردستان سەردانی چەندین وڵاتی کردووە خەدیجە مستەفا ناسراو بە (فریشتە) بووە، کە ژنێکی شاعیری میللی و لێهاتووی خەڵکی شاری کۆیە بووە و لەگەڵ وەفدەکانی ژنانی عێراقدا چووەتە چین و کۆریا و ڤێتنام و یەکێتی سۆڤیەت و لەو کۆر و کۆبوونەوانەدا باسی ژنانی کوردستان و ستەمدیدەیی گەلی کوردی کردووە و شیعریشی لەو بۆنانەدا خوێندۆتەوە. لە پاش گەڕانەوەی لە چین شیعرێکی بەناوی " چیم دی لە چین" نووسیووە، کە تیایدا پەسنی ئەو پێشکەوتنانە دەکات کە ئافرەتانی چین لە سایەی بیری یەکسانخوازیدا بەدەستیان هێناوە و دەڵێت:

چیم دی لە چین، چیم دی لە چین/ دۆڵ، گرد، دارستانی ڕەنگین
کشتوکاڵ ، بێستانی ڕەنگین/ ئافرەتانی باوەڕبەتین
سەربەرزن و سەربەست دەژین/ لە کارخانەکانی چنین
شانبەشانی پیاوان دەژین/ لە تێکۆشان و ڕاپەڕین
لە پاراستنی خاکی چین

ژن پۆلیسن لە جادەکان/ وەزیر، نوێنەر، لە پەرلەمان
ئیشکەرن، سەربازی دەوڵەت/ مووچەخۆرن لە حکومەت
لەبەردەکەن پۆشاکی پیاو/ تەماشا دەکرێن بە یەک چاو
لەناو پەرێز و لە پاوان/دروێنە دەکەن بێ وچان
بێ ماندووبوون بێ ڕاوەستان/ زۆر ڕووخۆشن لەگەڵ میوان
شیرین گفتار، کردەوەی جوان

ئەم شیعرە میللییە، فریشتە خان، لە دوای گەشتەکەی نووسیوێتی کە دوومانگی خایاندووە، لە سەرەتای حوزەیران تا کۆتایی تەمووزی ١٩٥٩[٢٦] بێگومان باسکردنی ئەو هەموو سیفەتە جوان و کارابوون و کاریگەرییەی ژنانی وڵاتێکی وەکو چین و گواستنەوەی ئەو ئەزموونە لە چوارچێوەی شیعرێکدا بۆ هاوخەبات و هاوڵاتیانی کوردستان، کاریگەری ئەرێنی هەبووە و هاندانێکی باش بووە بۆ خۆگورجکردنەوە و چالاکانەتر خەبات کردن.

حیزبی شیوعی عێراق لە خەباتی چەکداریشدا ژنی بەشداری چالاکییەکانی کردووە و لە شاخدا پێشمەرگەی ژنی هەبووە و بە تایبەتیش لە بەشی ڕاگەیاندندا، یەکێک لە دیارترین پێشمەرگەژنەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی شیوعی ڕێواس ئەحمەد بانیخێڵانی بووە، کە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بووە، ڕێواس لە ئێستادا ڕۆماننووسێکی دیاریشە و خاوەنی پێنج ڕۆمان و دەیان کتێبی منداڵان و کتێبی وەرگێڕدراویشە. ڕێواس لە سەرەتای حەفتاکاندا شانۆنامەیەکی بە ناوی (کۆتی کۆمەڵ) نووسی و نمایش کرا و بۆ تەلەفیزیۆنی کەرکوک تۆمار کرا. لەو شانۆنامەیەدا بە هۆشیارییەکی فێمینیستییەوە داخوازی ئازادی و یەکسانی بۆ ژن دەکات و تیایدا خوازیار بووە ژن کۆتەکانی بپچڕێنێت.

## خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان و پێگەی ژن:

کورد لە باشووری کوردستان، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لە دۆخی بەرهەڵستکاری حکومەتەکانی عێراقدا بوون و بۆ ئەو مەبەستەش سەدەی بیستەم چەندین شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی تێدا هەڵگیرسا و هەر شۆڕشێکیش دەیان ساڵی خایاندووە.

[٢٦] شوکریە حەمەدەمین ڕەواندوزی(دایکی ئامێز)، چیرۆکەکانی ژنێک، هەولێر، ٢٠١٤. ل ٨٨.

لە یانزەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ شۆرشێک بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ مستەفا بارزانی هەڵگیرسا و تا ١٩٧٥ درێژەی کێشا(بێجگە لە ٤ ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ کە بەیانی یانزەی ئازار درا و ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە عێراقدا ددانی پێدا نرا و کورد بە ئاشکرا مافە دیموکراتییەکانی خۆی پیادە دەکرد، بەڵام حکومەتی مەرکەزی پاشگەز بوونەوە و لە ١٩٧٤ دووبارە شۆڕش بەردەوام بووەوە)، بەهۆی پیلانە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانەوە گورز لە شۆڕشی کوردستان درا و توشی شکست و نسکۆ بوو. دووساڵ دواتر شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز لە ١٩٧٦ هەڵگیرسا وەک درێژەپێدەری شۆڕشی ئەیلول بە سەرکردایەتی هەردوو برا ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی کە دوو کوڕی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بوون، جگە لەوەش لە ناوەڕاستی ئابی ١٩٧٧دا شۆڕشی نوێ بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵەکانی هەڵگیرسا و ئەم شۆڕشانەش تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ درێژەیان هەبوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کورد هەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم١٩٢١-١٩٩١ حەفتا ساڵ لە دۆخی شۆڕشی یەک لە دوای یەکدا بووە و بەرهەڵستکاری ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووە بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییە نەتەوایەتییەکانی، لەو حەفتا ساڵەدا جار و بار و چەند ساڵێک لەگەڵ ئەو رژێمانەدا کەوتۆتە گفتۆوە بۆ چارەسەری دیموکراتیانە و داخوازی ئەوەی کردووە کە ددان بە مافە رەواکانی نەتەوەکەیدا بنێن، بەڵام بێ سوود بووە و ناچار بووە شۆڕش هەڵگیرسێنێتەوە. لە بەهاری ١٩٩١دا ڕاپەڕین سەرکەوت و وەرچەرخانێک لە مێژووی کوردا ڕوویدا.

حیزبەکانی کوردستان تا ئەو کاتە بەردەوام لە دۆخی شۆڕش دا بوون و لە شاخەکان و ناوچە ڕزگارکراوەکاندا بوون، واتە لە بەشێک لە لادێکانی کوردستاندا، بۆیە کولتووری "دەرەبەگێتی-پیاوسالاریی" بە شێوەیەکی بەرچاو زاڵ بووە و هۆی ئەوە بوو کە لە دۆخەکانی شۆڕشدا لە باشووری کوردستان، لەناو سەرکردایەتی حیزبەکاندا پێگەیەکی دیار و شایستەیان بۆ ژن دانەناوە و سەرکردایەتی حیزبەکان بریتی بوون لە پیاوان، جاروباریش تاقە ژنێک دانراوە بە بێ ئەوەی بهێڵدرێت ئەویش کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت. ئەمەش نەنگییەک بووە لە مێژووی حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا بە گشتی، کێشەیەکە جارێ چارەسەر نەکراوە.

شۆڕشەکانی باشووری کوردستان لەبەر ئەو تێڕوانینە باوە بابسالارییەی لە عەقڵیەتی کۆمەڵدا بە گشتی پیادەیە و پێشتر باسمان کرد، کەمتر بواری بەشداریکردنی ئافرەتانی تێدا بووە وەک کارەکتەرێکی کارا و هاوڕیزی پیاوان لە خەباتی چەکدارییدا. ژنان تەنها ناڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوون نەک راستەوخۆ و وەک پێشمەرگە. گەرچی ژنی کورد سەلماندوویەتی ئەگەر دەرفەت بدرێت جەنگاوەرێکی ئازایە و نموونەیشمان لە مێژووی نوێدا هەیە، لە بەشەکانی تری کوردستاندا، لە رۆژهەڵات، باکوور و رۆژئاوای کوردستان، کە بە هەزاران ژن پێشمەرگە و گەریلا و شەرڤانن. ئازایەتی شەرڤانە ژنەکانی رۆژئاوای کوردستان لە هەموو جیهاندا دەنگی داوەتەوە و هەموو جیهان سەرسامە بە ویست و ورە و قارەمانێتییان.

لە باشووری کوردستاندا؛ لە شۆڕشی ئەیلول و گوڵانیشدا پێشمەرگەی چەکداری ژن جگە لە تاکوتەرایەک، بوونیان نەبوو، تاقە ناوێک کە وەک پێشمەرگەی چەکدار ناوی لە مێژووی شۆڕشی ئەیلولدا دێت، شەهید مارگەریت جۆرج بوو، کە ژنێکی لێهاتووی کرستیان بوو بەشداری چەکدارانەی شۆڕشی ئەیلولی کرد و بە گژ ئەو دابونەریت و تێڕوانینەدا چووەوە کە خێزان لەسەر کچیان دادەنا و نەیاندەهێشت بەشداری راستەوخۆی شۆڕش بێت. لە رۆژەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا لە بۆسەیەکدا کە بۆ پێشمەرگە دانرابوو لە گوندی قەڵاقوو ئەو تاقە ژنەپێشمەرگە تێکۆشەرەش شەهید بوو.

مارگەریت جۆرج، چونکە تاقانە پێشمەرگەی ژن بوو لە نێو زیاتر لە ٣٠هەزار پێشمەرگەی پیاوی بەشدار لە شۆڕشی ئەیلوول، ناوبانگی گەیشتە هەموو شار و شارۆچکە و لادێکان. هەر لەبەر تاقانەبوونیشی لەناو ئەو شۆڕشەدا، لە لایەن کەسانی کۆنەپەرستەوە چەندین ناوناتۆرەی بۆ دروست کرا و تەنانەت گومان لەسەر شەهیدبوونەکەشی وروژێندراوە و تا ئێستاش ئەو گومانە هەر دەوروژێندرێت، کە ئەمەش هۆکاری تێڕوانینی توخمبەندی و سووکسەرنجدانی تێکۆشانی ژنانە.



وێنەی تاقە ژنەپێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول مارگریت جۆرج

هەر لە شۆڕشی ئەیلوولدا و لەناو شارەکاندا و لە رێکخراوی نهێنیدا ڕۆڵی کچان و ژنانی کورد زۆر کاریگەر بوو. لەیلا قاسم (١٩٥٢-١٩٧٤) یەکەمین کچی کورد بووە لە باشووری کوردستان لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە لە سێدارە بدرێت. لەیلا کە ئێستا وەک سیمبولێکی دیاری بزاڤی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت، کچێکی خەڵکی گوندی بامیلی سەر بە شاری

خانەقین بووە، ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و ڕۆڵێکی کاریگەری لە هۆشیارکردنەوە و ڕێکخستنی قوتابیانی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، لە بەشەکەی خۆیدا بە تایبەتی کە کۆمەڵناسی بوو، بینی. لەیلا قاسم چالاکترین ئەندامی قوتابیانی بەغدا بوو، لەگەڵ چوار لە هاوڕێکانی کە کوڕ بوون و یەکێک لەوان خۆشەویستی بوو(جەواد هەمەوەندی)، دەستگیر کران و لە ١٢ی ئایاری ١٩٧٤دا لە سێدارە دران. لەیلا لە کاتی لەسێدارەدانەکەیدا تەمەنی تەنها ٢٢ ساڵ بووە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جەلادەکانیدا چیرۆکی ئازاییەتییەکەی دەماودەم دەگێڕدرێتەوە. جەلادەکان بە لەیلایان گووتووە ئەگەر نامەیەکی پاکانە بۆ سەرۆک بنووسیت و داوای لێبووردنی لێبکەیت، ئازادت دەکەین، ئەگەر نا یەکسەر لە سێدارەت دەدەین، بەڵام لەیلا ڕەتیکردۆتەوە و پێی گووتوون من تەنها یەک سەرۆکم هەیە، ئەویش بارزانییە، شەهیدبوونیشم لە پێناوی نەتەوەکەم بۆ من شانازییە. لەیلا و هاوڕێکانی لەسێدرا دران و بوون بە قارەمان و مەشخەڵی شۆرشی رزگاریخوازی نەتەوەکەیان و ناویان لە مێژوودا بە نەمری ماوەتەوە.

لەیلا قاسم نەک هەر لە مێژووی کوردستاندا، بەڵکو لە هی تەواوی عێراقدا بە یەکەمین ئافرەت دادەنرێت کە لە سێدارە درابێت. کاریگەری شەهیدبوونەکەشی لەسەر کۆمەڵی کورد یەکجار زۆر بووە و بووەتە هۆی زیاتر پەیوەستبوونی خەڵکی کوردستان بە شۆڕشەوە.
لە پەسنی قارەمانێتی لەیلا قاسمدا، زۆر لە شاعیران هەڵبەستیان داناوە و هێمن موکریانی لە چەند دێڕی هەڵبەستێکیدا لە پەسنی قارەمانێتی لەیلادا نووسیوویەتی، دەڵێت:

**کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من    لە بسکت رەشترە مانگەشەوی من**
**بڕۆ مەجنون بە لەیلای خۆت مەنازە    کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من**
**بزەی هاتێ و وتی جەلادی خوێڕی    بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم**
**ئەوە پەت نییە، میدالی ئیفتیخارە    کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم**

ئەم نمونە بەرجەستەیە لە قارەمانێتی کچی کورد ئەوە دەسەلمێنێت ئەگەر ئافرەتان بوار بدرێن بەشداری شۆڕش ببن، دەتوانن جێپەنجەی خۆیان لە

مێژووی رزگاریخوازیدا بنەخشێنن، بەڵام کۆمەڵ و ئەو تێڕوانینە بابسالارییەی سەردارانی خێزان و کۆمەڵ و شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیی ئەو دەرفەتەیان نەخوڵقاندووە، بۆیە لەم نموونانە لە شۆرشەکانی باشووری کوردستاندا زۆر نین و بە دەگمەنی ماونەتەوە.



**ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دوو شۆڕشدا:**

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، رێکخراوێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان(پدک)ە. لە شەستەکان و حەفتاکاندا پدک دوو شۆڕشی هەڵگیرساند و تا ١٩٩١ لە خەباتی بەرهەڵستکارانەی دژی ڕژێمەکانی عێراق، بەردەوام بوو.

کە باسی لاوازی ڕۆڵی ژن لە شۆڕشەکانی کوردستاندا دەکرێت، ئەو پرسیارە لای مرۆڤ دروست دەبێت کە ئەو ڕێکخراوانەی حیزبەکان کە ئامانجی بەدیهێنانی یەکسانی بووە، چ رۆڵێکی بینیوە بۆ دانانی کاریگەری لەسەر سەرکردایەتی حیزبەکانی خۆیان؟ لەسەر خوودی ئافرەتان و لەسەر

کۆمەڵی کورد بە گشتی؟ کەواتە دەبێت تیشک بخەینە سەر ئەم ڕێکخراوە، لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا حاڵی حازر.

مەخابن بەهۆی نەبوونی هیچ ئەرشیفێکی پارێزراوی ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە پەنجاکانەوە تا کۆتایی سەدەی بیستەم لە قۆناغی ئۆپۆزیسیۆنییدا (واتە نزیکەی پەنجا ساڵ لە تەمەنی ڕێکخراوەکە)، نە لە لای خودی ڕێکخراوەکە و نە لە لای حیزبەکە، بە سەختی هەندێک زانیاری لێرە و لەوێ، لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان و بیرەوەری کەسە بەشدارەکان، سەبارەت بە مێژووی دامەزرێنەرانی و کۆنگرەکانی و چالاکییەکانی، کۆکراوەتەوە. هەندێ لە زانیارییەکان سەبارەت بە مێژووی دامەزراندن و کۆنگرەکانی پێچەوانە و دژ بە یەکترین و بۆ ساخکردنەوەیان پشت بە میتودی ڕەخنەی مێژوویی دەبەستین لەگەڵ شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو قۆناغە لە مێژووی کورد و کوردستان.

لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەکرێت هەندێ زانیاری لەسەر سەرەتاکانی دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە و کۆنگرەکانی بەدەست بهێندرێت، یەکێک لەوانە نامیلکەیەکی د. کامیل بەسیرە، کە بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نووسیویەتی، هەروەها کتێبی"کورتەیەک لە بزوتنەوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و هەندێک لە بیرەوەرییەکانم" کە خاتوو درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە نووسیویەتی و ئەم دوو سەرچاوەیە بایەخدارن بۆ ساخکردنەوەی مێژووی ئەم ڕێکخراوەیە، بەڵام هەندێ لە زانیارییەکانیش دروست نین، بەتایبەتی ئەوانەی کە بیرەوەریین و کەسەکان لە کاتی خۆیدا مێژووی ڕووداوەکانیان تۆمار نەکردووە، بەڵکو دوای ساڵانێکی دوورودرێژ پەنایان بردۆتە بەر یادگا(زاکیرە)ی خۆیان بۆ وەبیرهاتنەوەی ئەو ڕووداوانە، بۆیە هەندێ جار یادگا بەهانایانەوە نەهاتووە و هەندێ ڕووداویان بە مێژووی هەڵە تۆمار کردووە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان خۆی هەموو ساڵێک لە ١٩٥٢/١٢/١١ یادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی دەکاتەوە. لە بیرەوەرییەکانی پەخشان شێخ جەلال حەفیدیشدا هەر ئەو مێژووە تۆمار کراوە وەک مێژووی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەڵام لە بیرەوەرییەکانیدا، مام جەلال دەڵێت

بڕیاردانی دروستکردنی ئەو رێکخراوە دیموکراتییانەی وەک یەکێتی قوتابیان، لاوانی دیموکراتی و ئافرەتان لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بووە، ئەمەش واتای ئەوەیە لە ساڵی ١٩٥٣ دا بووە، بەڵام دەشێ کۆبووەنەوەیەکی سەرەتایی بۆ گەنگەشەکردنی بابەتەکە لە ١٩٥٢/١٢/١١ لە شاری سلێمانی کرابێت و پێشنیاری دروستکردنی رێکخراوێک درابێتە سەرکردایەتی تا لە کۆنگرەدا تاوتوێ بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت. لەسەر دەستی کۆمەڵێک خانمی چالاک لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئەمانە بوون کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ناویان هاتووە:[٢٧]

| خشتەی (١) کۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | |
|---|---|
| رێکەوت | ١٩٥٢/١٢/١١ |
| شوێن | سلێمانی/ لە ماڵی میرزا غەفور |
| ناوی رێکخراوەکە | یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان/عێراق |
| بەشداران | بەهیە مەعروف، درەخشان جەلال حەفید، سورەیا مەلای گەورەی کۆیە، ناجیە مستەفا موفتی، ناجیە میرزا غەفور، ئافتاو کەریم(ئاتەی خەنەشۆ)، مەدیحە مەحەمەدئەمین. |

ئەم خانمانەی کە ناویان لە بیرەوەرییەکانی درەخشان جەلال حەفیدزادە هاتووە جگە لە یەکێکیان خەڵکی کۆیەیە سورەیای مەلای گەورە، ئەوانی تر خەڵکی شاری سلێمانین. چەند تێبینییەک سەبارەت بەو کۆبوونەوەیە پێویستە بگوترێن و بۆ ساخکردنەوەی مێژوو تۆمار بکرێت:

**تێبینی یەکەم:**

لە بیرەوەرییەکانی درەخشان حەفیدزادە سەبارەت بەم کۆبوونەوەیە، جگە لە ناوی ئەو چەند ئافرەتەی کە لە خشتەی ژمارە ١ هاتووە، دەڵێت " خوشکانی بەغدا وەکو خوشکە زەکیە ئیسماعیل حەقی و خوشکانی شارەکانی تر کە وەکو ناهیدە سەلام (دایکی رۆژ) و مامۆستا لوتفیەی حاکم سدیق و چەند

[٢٧] زانیاری لەسەر کۆنگرەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە زەحمەت دەست دەکەون، کتێبەکەی د. کامیل بەسیر و بیرەوەرییەکانی خاتوو درەخشان حەفید پشتیان پێ بەستراوە.

خوشکێکی کەیش ئاگادارکرابوون و بانگهێشت کرابوون بۆ پلینیۆمەکە(اجتماع موسع)بەڵام لەبەر ناهەمواری بارودۆخی ئەو رۆژەی عێراق بە تایبەتی سلێمانی نەتوانرا ئامادە بن."[٢٨] لە ڕاستیدا ئەم زانیارییە هەڵەیەکی تێدایە، ئەوەی کراوە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی و بچووک بووە کە تەنها حەوت تا دە ئافرەت تیایدا بەشدار بووە و ڕێکخراوەکە دانەمەزراوە، بەڵکو پێشنیاری دامەزراندنی کراوە، کۆبوونەوەی بەرفراوان یان پلینیۆم نەبووە.

ناهیدەی شێخ سەلام خۆی ژنێکی شاعیر بووە و کچی شاعیرێکی ناسراوی کوردیش بووە (شێخ سەلام)، هەروەها هاوسەری نوری شاوەیس بووە کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە، بەو هۆیانەوە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز بووە لەناو حیزبەکە و لەناو کۆمەڵی کوردستانیشدا، بۆیە دەشێ لە دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیشدا ئەو ڕۆڵی سەرەکی بینیبێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرۆکایەتی ئەو ڕێکخراوەشی لە ئەستۆدا بووبێت.

**تێبینی دووەم:**

سەبارەت بە دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، مام جەلال لە بیرەوەرییەکانیدا جگە لەو ئافرەتانەی لە خشتەکەدا هاتووە ناوی روناک زوهدی خوشکی ئەنجوم زوهدی دەبات، هەروەها دەڵێت زەکیە ئیسماعیل حەقی لە ساڵی ١٩٥٣ من کردم بە پارتی.[٢٩] ئەم خانمە و مام جەلال ئەودەم هەردووکیان قوتابی کۆلێژی حقوق بوونە لە زانکۆی بەغدا. ئەم زانیارییەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ڕێکخراوەکە لە ساڵی ١٩٥٣ بەدواوە دامەزرابێت، لە ١٩٥٢ تەنها پێشنیاری دامەزراندنی کرابێت.

**تێبینی سێیەم:**

نووسەر و رۆژنامەنووسی خەڵکی شاری هەولێر مومتاز حەیدەری کە لە ساڵانی پەنجاکاندا پارتی بووە، لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵیدا[٣٠] باسی ئەوە

---

[٢٨] درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، ل ٢٩.

[٢٩] مام جەلال. دیداری تەمەن، لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری. بەشی یەکەم. ئامادەکردنی سەڵاح رەشید. ٢٠١٧. ل ٦٦.

[٣٠] چاوپێکەوتنەکە لە ٢٠١٨/٣/٦ لە کاتژمێر ١٠،٣٠ی بەیانی لە ماڵەکەی خۆی کە بارەگای گۆڤاری کەی ٢٤ یشە، ئەنجام دراوە.

دەکات کە ئەو راسپێردراوە بۆ دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە هەولێر و ئەو ئافرەتانەی چالاک بوون لە هەولێر کۆیکردوونەتەوە و رێکخراوەکەی دروست کردووە. مومتاز حەیدەری تەنانەت پێی وایە کە پێش شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هیچ رێکخراوێکی دیموکراتی درووست نەبووە و هەموویان لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز دروست بوون. بەڵام ناکرێت ئەم زانیارییە دروست بێت، چونکە مام جەلال خۆی سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ساڵی ١٩٥٣ هەرسێ رێکخراوە دیموکراتییەکان دروست بوون. دەشێت لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٨ دروست بووبێت، بەڵام خودی رێکخراوەکە لە سلێمانی ١٩٥٣ دامەزرابێت یان لە ژێر ئەو ناوەدا چالاکی ئەنجام دابێت، بەڵام بە فەرمی لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ داوای مۆڵەتی کارکردنی کردووە.

**تێبینی چوارەم:**

سەبارەت بە بەشداریکردنی بەهیە مەعروف لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە کتێبەکەی درەخشان حەفیدزادە وەرگیراوە، زانیارییەکی پێچەوانەش لە ئارادا هەیە. لەچاوپێکەوتنێکی بەهیە مەعروف کە عەقیلە رەواندوزی لە ٢٠٠٠/١٠/١٦ ئەنجامی داوە و لە کتێبی "یاد و ئافەرین" بڵاو کراوەتەوە. لەوێدا نووسراوە:"لە ١٩٥٨دا لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە ئاشکرا دەست بە چالاکی دەکات، کە لە گروپێکی بچوکی وەک(ناهیدە شێخ سەلام و درەخشان جەلال و خانم و ئەنجوم زوهدی و بەدیعە خان و گەلاوێژ خان و نەعیمەخان و فەخریە خان و زەکیە ئیسماعیل حەقی و ناجیە عەزیز)بوو. ئەمانە هەموو وەک دەستپێکەر و دامەزرینەر بوونە لە دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ دا."[٣١] ئەم زانیارییە کە لە دەمی خوودی بەهیە خانەوە وەرگیراوە، مانای ئەوەیە لە کۆبوونەوەی ساڵی ١٩٥٢ ەوە کاری رێکخراوەکە نهێنی بووە تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ کە ئیتر بە ئاشکرا کار کراوە، ئەو رێکخراوە لەو شەش ساڵەدا تەنها ناوی هەبووە و هەندێ چالاکی نهێنی ئەنجام داوە، بەڵام دووبارە دامەزرێندراوەتەوە و چالاکی کردارییان لە دوای ساڵی ١٩٥٨ەوە بووە.

[٣١] عەقیلە رەواندوزی. یاد و ئافەرین.چاپخانەی پەروەردە. هەولێر.٢٠٠٥. ل ١٠٥.

**تێبینی پێنجەم:**
لە ساڵی ١٩٥٩ دا؛ پەیڕەو و پرۆگرام بۆ ڕێکخراوەکە دانراوە و وەفدێک پێکهێنراوە بۆ ئەوەی دیداری سەرۆککۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم بکەن. وەفدەکە چوونەتە بەغدا و دیداریان لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆک مستەفا بارزانی کردووە، کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و تازە لە یەکێتی سۆڤیەت هاتووەتەوە و ئەو ماوەیە لە بەغدا بووە. لەو کاتەدا وێنەیەکیان لەگەڵ زەعیم عەبدولکەریم قاسم گرتووە و داوایان کردووە بە دەستی خۆی لەسەری بنوسێت دیاری بۆ ئافرەتانی کوردستان. مۆڵەتی ڕێکخراوەکە لەو کاتەدا نەدراوە، چونکە بەرپرسانی عێراق بڕوایان وابووە ئافرەتانی کوردستانیش بەشێکن لە ئافرەتانی عێراق و دەبێت لەناو ڕێکخراوی ئافرەتانی عێراقدا بن و پاشکۆی ئەوان بن، بەڵام ئافرەتانی کوردستان سوور بوونە لەسەر ئەوەی ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان هەبێت و نەبوونەتە بەشێک لەو ڕێکخراوە عێراقیەی ئافرەتان.



***

لە ماوەی ساڵانی ١٩٥٣ تا ١٩٦٣ لە ژێر ناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چالاکی ئەنجام دراوە، بەڵام هێشتا ڕێکخراوەکە هەیکەلێکی ڕێکخراوەیی نەبووە و مۆڵەتی فەرمی وەرنەگرتووە و کۆنگرەشی نەبەستووە. بە پێی بیرەوەرییەکانی پەخشان حەفیدزادە لە ساڵی ١٩٦٣ دا یەکەمین کۆنگرە دەبەستێت.

لەبەر ئەوەی هیچ زانیارییەکی تر کە پێچەوانەی ئەمە بخاتە ڕوو لە ئارادا نییە، کەواتە دەبێت وای دابنێین کە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە سەردەمی خەباتی نهێنی لە ساڵی ١٩٦٣ دا ئەنجام درابێت. کۆنگرەکەش هەر لە شێوەی کۆبوونەوەیەکی ئاساییدا بووە نەک بەرفراوان و پێدەچێت بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن لە دوو ماڵدا کۆبوونەوەکە کرابێت، دوو ڕۆژ لە ماڵی بەهیە مەعروف و دوو ڕۆژ لە ماڵی ئەنجوم زوهدی.
خشتەی خوارەوە زانیاری سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەیە کە ناوی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی لێنراوە:

| **خشتەی ژمارە(٢) کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان** | |
|---|---|
| ڕێکەوت | ١-٤ی شوباتی ١٩٦٣ |
| شوێن | سلێمانی/ لە ماڵی بەهیە مەعروف و ئەنجوم زوهدی |
| گۆڕینی ناوی ڕێکخراوەکە | لە (یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان/عێراق)ەوە بۆ (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) |
| بەشداران:<br>ئەندامانی سلێمانی: بەهیە مەعروف، پاکیزە شەکیب، ئەنجوم زوهدی، درەخشان جەلال، باجی خانم(چالاک)، جەمیلە سابیر، نەسرین مەحەمەد رەشید، ئامینە مامە مینە، نوخشە سەید برایم حەفید.<br>ئەندامانی کەرکووک: سوعاد شێخ سدیق، مەلیحە قارەمان، سەمیرە عەلی سەروەت، سەعدیە هەمەوەندی. | |

سەبارەت بەم کۆبوونەوەیەی کە بۆ ئەو کاتە ناوی کۆنگرەی یەکەمی لێنراوە، ئەم چەند سەرنج و تێبینیە بۆ مێژووی ئەم ڕێکخراوە، شایانی باسن:

**تێبینی یەکەم: ئافرەتانی هەولێر و دهۆک**
لە بیرەوەرییەکانی درەخشان حەفیدزادە، لە هەولێر ناوی ئەم ئافرەتانە دێت کە هەڵبژێردراون بۆ کۆنگرە بەڵام نەیانتوانیوە ئامادە بن: سورەیا مەلا گەورە، زەینەب خان، قەدریە سابیر، گەلاوێژ نامیق، نەسرین نامیق. کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەو ئافرەتانەش کە دەبوایە بەشداری کۆنگرە بن،

لە ماڵی زەینەب خان بووە. سەبارەت بەم زەینەب خانە درەخشان خان هیچ زانیارییەکی تری نەداوە، بەڵام ئەو زەینەب خانەی کە ناوی هاتووە دەشێ زەینەب خانی شاعیر بێت کە خوشکی گەورەی دڵداری شاعیرە و لە نێوان (١٩٠٠-١٩٦٣) ژیاوە. زەینەب خان بە پێی ئەوەی شیعری زۆری هەیە کە باسی مافەکانی ژن دەکات و بە هەناسەیەکی ئافرەتیستانە نووسیوونی، هەروەها پێشتر چالاکی هەبووە لە حیزبی هیوا و لە رێکخراوی (دارکەر)، بۆیە دەشێ هەر ئەویش بووبێت چالاک بووە لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. زەینەب خان خۆی خەڵکی کۆیە بووە و شووی بە پیاوێک لە ئاغایانی هەولێر کردووە و نیشتەجێی قەڵای هەولێر بوونە، بۆیە گومان دەکرێت ئەو ماڵەی کۆبوونەوەکەی تێدا کراوە ماڵی هەمان زەینەب خان بێت. زەینەب خان لە ١٩٦٣/١/١٨ کۆچی دوایی کردووە، کۆنگرەکە لە ١٩٦٣/٢/١ بووە لە سلێمانی، واتە ١٣ رۆژ پاشتر بووە و، پێدەچێت لەبەر ئەم هۆیە ئەندامانی هەولێر بەشداری کۆنگرە نەبووبن. ئەوەی گومانەکە تۆخ دەکاتەوە کە ئەو زەینەب خانەی درەخشان باسی دەکات هەمان کەس بێت، ئەوەیە لە دیوانەکەی زەینەب خان شیعرێک هەیە لە ساڵی ١٩٥٨دا بۆ سەرۆک مستەفا بارزانی نووسراوە کە ئەو دەم تازە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوە و لە بەغدا بووە. شیعرەکە ئەوە دەردەخات زەینەب خان سەروکاری لەگەڵ پارتیدا هەبووبێت. جگە لەوەش ئەم خانمە شیعری نەتەوەیی زۆر بەرزی هەیە و بەوەدا دەردەکەوێت کە هۆشیارییەکی نەتەوەیی زۆر باڵای هەبووە

سەبارەت بەم زەینەب خانە، لەبەر پێگەی بەرزی وەک شاعیرێکی ئافرەتی جیاهەڵکەوتووی سەدەی بیستەم، لە بەشێکی ئەم کتێبەدا توێژینەوەیەکی تایبەتی لەسەر کراوە و پێشکەش دەکرێت.

سەبارەت بە ئافرەتانی دهۆک، بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا باس نەکراوە. بەڵام لە زاخۆ و دهۆکیش هەندێ خانمی چالاک هەبوون و ناوی هەندێکیان زەینەب قەرقیری، حەجی کۆتر و ساریا دۆسکی و چەند ئافرەتێکی تر. هەروەها لە زاخۆدا ئافرەتێکی شۆڕشگێڕ و چالاک هەبووە بە ناوی (سانیە خان) و بەرپرسی لقی زاخۆی یەکێتی ئافرەتان بووە. [٣٢] ئەم خانمە ناوی

---

[٣٢] رۆژنامەی خەبات. ژمارە (٢٣٦٥) ، ٢٠٠٦/١٢/٢٥، ل ١١.

سامیە عەبدولمەجید تیللی بووە و لە سەرەتای پەنجاکانەوە پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و لە پێش شۆڕشی ئەیلوولیشەوە چالاک بووە لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی. ئەگەر لە زاخۆ لقی ڕێکخراوی ئافرەتان هەبووبێت، بێگومان لە دهۆکیش هەبووە، بەڵام زانیاری سەبارەت بە ناو و چۆنێتی کارکردنیان بەردەست نییە.

**تێبینی دووەم: ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر**

دروشمەکانی کۆنگرەکە ئەمانە بووە:

١.(کوردستان یان نەمان.)

٢. (با چرای زانست لە گشت ماڵێکی کوردستاندا هەڵکەین)

٣.(با بە شیری خاوێنی کوردایەتی منداڵەکانمان گۆش بکەین)

دروشمەکانی ئافرەتان لەم کۆنگرەیەدا هێشتا ڕەنگی ئافرەتیستانەی پێوە نییە و تەنها خەباتی نەتەوەیی بەرجەستە کردووە و خوێندەواری و بەدەستهێنانی زانست وەک ئەرکێکی سەرەکی دەبینن.

لە پێناسەی ڕێکخراوەکەدا لە پەیڕەوی ناوخۆیدا وتراوە(ڕێکخراوێکی جەماوەری ئافرەتانی شۆڕشگێر و نەتەوەیی)یە.

لەم کۆنگرەیەدا ڕێکخراوەکە ناوی گۆڕدراوە بە **یەکێتی ئافرەتانی کوردستان،** پێشتر ناوی **یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستانی عێراق** بووە. هەردوو وشەی دیموکراتی و عێراق بە بڕیاری ئەم کۆنگرەیە لابراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ویستراوە مۆرکی کوردستانی وەربگرێت، زیاتریش سەربەخۆ بێت و مۆرکی حیزبی لێ کاڵ بکرێتەوە، چونکە بەو دیموکراتییە پەیوەست دەبێت بە پارتی دیموکراتی، بەڵام بە بێ ئەو وشەیە دەتوانێت خەڵکی تریش لە دەرەوەی پارتی لە خۆ بگرێت.

**تێبینی سێیەم: یەکەمین چاپکراو و نووسینی ژن بە ناوی خوازراو**

لەم کۆنگرەیەدا بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێک دەدرێت بە ناوی (دایکایەتی نوێ). ئەمە هەنگاوێک بووە بۆ ئەوەی ڕێ بۆ بەشداری ئافرەت لە نووسین خۆش بکرێت، بەڵام تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچووە و سەرنووسەرەکەیشی د. کامیل بەسیر بووە. ئەو ژنانەشی کە نووسینیان تێدا بڵاوکردۆتەوە بە ناوی خوازراو بڵاویان کردۆتەوە:

بەهێ مەعروف بە ناوی(گزینگ)

ئەنجوم زوهدی بە ناوی(قەدەمخێر)
درەخشان حەفید بە ناوی (سۆلاڤ)
لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نووسین شتێکی ئەوەندە ئاسایی نەبووە بۆ ئافرەتان لەو دەمەدا(١٩٦٣) لە باشووری کوردستاندا، ئەوەتا تەنانەت ئافرەتانی چالاکیش نووسینەکانیان بەناوی خۆیانەوە بڵاونەکردۆتەوە لە گۆڤارێکی تایبەتمەند بە یەکێتی ئافرەتان کە ناوی "دایکایەتی نویێ" بووە. سەرنووسەری گۆڤارەکەش ژن نەبووە و د. کامیل بەسیر بووە.

**تێبینی چوارەم : لوتفیەخانی مەلا سدیقی نازەنینی:**
لە کەرکووکیش، جگە لەو خانمانەی کە ناویان لە خشتەکەدا هاتووە، ئافرەتێکی مامۆستا و شاعیر و لێهاتوو هەبووە بە ناو لوتفییەی مەلاسدیقی نازەنینی، کە رۆڵێکی ئازایانەی گێڕاوە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردیدا و تەنانەت لە ساڵی ١٩٦٣ دا گیراوە و لە زیندانیش خراوە.[٣٣]
ئەم خانمە کە مامۆستا بووە لە قوتابخانەی دواناوەندی یانزەی ئازار لە کەرکووک، خۆی خەڵکی شاری کۆیە بووە و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٢-١٩٧٧ ژیاوە. لە چلەکانی سەدەی بیستەمدا چەند شیعر و وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەڵام ئەمیش هەر بە ناوی خوازراوی (کچەکوردێک) ، هەروەها بە ناوی برایەکی خۆیەوە کە ناوی مەحەمەد ئەرجومەند، بڵاوی کردۆتەوە.
لوتفیە خان، لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە(٨)ی ساڵی ٥ دا، لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ دا لە وتارێکدا دەڵێت:"خوشکینە دەسا ئیتر بەسە، دڵتان هەتا کەی بە بەریەوە ئەمێنێ و ئەم زنجیرەتان وا لە دەستا بێت؟ هەتا کەی ئەم کۆت و پێوەندە لە دەستاندا ناشکێنن؟ تا کەی پەردەی ڕەشی نەگبەتی و شەرم لە خۆتان دانامالن؟ تا بێنە ناوەوە بازوو هەڵکراو چاک بە لادا کراو، ئامادە بۆ هەموو پێناوێک، حازر بۆ هەموو یارمەتییەک، چونکە یارمەتی و واجیبات بە تەنیا نەخراوەتەوە ئەستۆی کوڕگەلەوە، بەڵکو پێویستە دایکان زیاتر کەڵک لە بەر بن وە زۆرتر هیوای چاکەیان لێ بوەشێتەوە بۆ ئەم وڵاتە کەساسە کە وەک منالێکی ساوا وایە پێویستی بە دایکێکی دڵسۆز و بە

[٣٣] عەبدوڵلا زەنگەنە. لوتفییەی مەلا سدیقی نازەنینی (١٩٢٢-١٩٧٧). رۆژنامەی هەولێر. ژمارە (٢٨٠٥)، ٢٠١٨/٣/١٣. ل ١٧ ئەدەب.

دایەنێکی بەسەلیقە لە گۆشکردنا، وە بە جۆرە بەخێوکردنێکی باش بۆ ئەوەی ببێتە رۆڵەیەکی باش و منداڵێکی گەش وە پڕ کەڵک، جا کێن ئەو منداڵە دڵسۆزانە، وە ئەو دایەنە بەکەڵکانە وەکو بیزانن؟ وەکو هەموو ئەیزانن هەر ئێمەین ئەو دایکانە وە هەر گەلی کچانە، ئیتر کەواتە ئێمە کە گەلی ژنانین و دایکی دوارۆژی وڵاتین ئەبێ باش بیزانین کە ئەم خزمەتە هەر بە تەنیا خراوەتە سەرشانی ئێمە و بە تەنیا بە ئێمە سپێردراوە." [٣٤] لوتفیە خان شاعیریش بووە، بەڵام مەخابن چەند شیعرێک نەبێت ئەوانی تری هەمووی فەوتاون و نەگەیشوونەتە دەستی خوێنەران. لەو چەند کەمە شیعرەش دا هەست دەکەیت لوتفیە خان وەک قەڵەمێکی ژنانە داخوازی یەکسانی نێوان کچ و کوڕ دەکات. لە شیعرێکدا بە ناوی لایەلایە، کە لە گەلاوێژی ژمارە(٨)ساڵی ٤ دا لە ١٩٤٣ بڵاوبووەتەوە، دەڵێت:

"هەی لایە لایە، کچم لای لایە
دەبا کچ و کوڕ وەک یەک بوونایە"

**تێبینی پێنجەم: کێ یەکەمین سکرتێری رێکخراوەکە بووە؟**

وەک چۆن لەسەر مێژووی دامەزراندنەکەی تەمومژێک هەیە ئاوایش سەبارەت بەوەی کێ یەکەم سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە تەمومژێک هەیە و زەکیە ئیسماعیل حەقی خۆی بانگەشەی ئەوەی کردووە کە یەکەمین سکرتێر ئەو بووە، بەڵام بەو پێیەی ئەم رێکخراوە لە شاری سلێمانی دامەزراوە، بە پێی لۆژیک هەر دەبێت یەکەمین سکرتێریشی لە ناو چالاکوانان و دامەزرێنەرانیدا لەو شارەدا بێت. ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە ناهیدەی شێخ سەلام کە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەش بووە یەکەمین بەرپرسی رێکخراوەکە بووبێت.

کۆنگرەکەی ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی بەهیە مەعروفدا بەستراوە و ژنێکی زۆر لێهاتوو بووە و مامۆستایەکی کارامەش بووە، بۆیە دەبێت بەهیە مەعروف بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک بەرپرسی سلێمانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵی کارای بینیبێت. بەڵام درەخشان لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیدا زۆرجار مێژووەکانی تێکەڵ کردووە و زانیاری دژ بە یەکیشی داوە. لە

[٣٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لاپەرە ٦٣ دا دەڵێت:"یەکەم دادوەری ژن زەکیە ئیسماعیلی پارێزەر بووە لە ساڵی ١٩٥٩ کە سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بوو لەو مێژووەدا." ئەگەر کۆنگرەی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٣ کرابێت، مانای ئەوەیە یەکەمین سکرتێریش لەو کۆنگرەیەدا دەستنیشان کراوە. زەکیە خان لە بەغدا ژیاوە، پارێزەر بووە و پارتی بووە، دەگونجێت وەک لقی بەغدای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سەرۆک بووبێت، نەک سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. بەڵام لە کۆنگرەی دووەمدا، ئەو بووە بە سکرتێری رێکخراوەکە. لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا زەکیە ئیسماعیل حەقی لە کۆنگرەی چوارەمی ساڵی ١٩٥٩ی پارتی بووەتە ئەندامی دەستەی چاودێری و پشکنین. لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی  کە لە ساڵی ١٩٧٠دا بەستراوە، زەکیە بووەیە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی. هەر لەو ساڵەشدا بووەتە سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.

**تێبینی شەشەم: سینەم بەدرخان و فەخریە سندی**

لە کتێبی دیداری تەمەن دا مام جەلال باسی چوونی هەژار موکریانی و زەبیحی و سینەم بەدرخان دەکات بۆ میهرەجانی قوتابیان و لاوانی جیهان لە وارشۆ لە ساڵی ١٩٥٣، بۆ بەشداریکردن بەناوی پارتییەوە.[٣٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سینەم بەدرخان یەکێک بووە لە ئافرەتە چالاکەکانی ئەو کاتەی پارتی. درەخشان حەفیدزادەش لە کتێبەکەی خۆیدا لە باسی پەیوەندی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە دەرەوەوە دەڵێت:"نوێنەرمان لە کۆنگرەی ئافرەتانی مەنگۆلیادا بەڕێز سینەم بەدرخان بوو. نوێنەرمان بۆ قاهیرە لە رۆژی ئافرەتانی فەلەستیندا خوشکە فەخریە سندی بوو."[٣٦]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە بادینانیش ئافرەتانی چالاک هەبوون. سندییەکان زیاتر خەڵکی دەوروبەری زاخۆن.

**تێبینی حەوتەم: مام جەلال هاوکاریان بووە**

مام جەلال تاڵەبانی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە باسی سەفەری خۆی بۆ چین دەکات کە نوێنەرایەتی پارتی کردووە لەوێ، دەڵێت: "ئەچوومە یەکێتی

[٣٥] مام جەلال. دیداری تەمەن، بەشی یەکەم. ل ٤٤.
[٣٦] درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، کورتەیەک لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان. ل ٥٥.

نووسەرانەوە دەمگووت ئەدیب و شاعیرم، ئەچوومە لاوان و قوتابیان خۆم بە قوتابی نیشان دەدا، بە ناوی ئافرەتانی کوردستانیشەوە قسەم ئەکرد و یەک قات جلی کوردی و یەک عەلەمی کوردستانم برد بۆ مادام سنیات سەن ئەو کات جێگری سەرۆک کۆماری چین بوو، ژنێکی زۆر سەلار بوو، ئەویش لە یەک کۆبوونەوەی گەورەدا بەشداری کرد، هەم ئاڵاکە و هەم جلەکوردییەکەم پێشکەش کرد و ئەو بەشداربوونە دەنگی دایەوە."[٣٧]
درەخشان حەفیدزادەش لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا سەبارەت بە چالاکییەکانی ساڵی ١٩٥٢-١٩٥٨ دەڵێت:" ناردنی دیاری کە دەستێ جلی ژنانەی زۆر جوان بوو بۆ ژنانی سۆڤیەت لە رێی نوێنەری رێکخراوە کوردستانییەکان و پارتی، یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان هەڤاڵ مام جەلالی تێکۆشەر."[٣٨]
ئەم قسەیەی درەخشان پشتڕاستکردنەوەی قسەکەی مام جەلالە لە لایەکەوە، دەرخەری ئەوەشە کە مام جەلال نوێنەرایەتی ئافرەتانی کوردستانیشی کردووە نەک تەنها لە چین، لە سۆڤیەتیش و رەنگە لە وڵاتی تریش. کەواتە مام جەلال هاوکارێکی رێکخراوەکە بووە لە پەنجاکان و شەستەکاندا.

لە ساڵی ١٩٦٤ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبن بە دوو باڵ و لێکدەترازێن. ئەوەی کە بە گوزارە میللیەکە پێی گوتراوە باڵی مەلایی و جەلالی. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چالاکیان دەوەستێت بەڵام دابەش نابن. کە باڵی مەکتەبی سیاسی لەساڵی ١٩٦٦دا لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا هاوپەیمانێتی دەکەن و هەمزە عەبدوڵڵا رای وا دەبێت هەموو رێکخراوەکان لەناو رێکخراوە عێراقییەکان بتوێنرێتەوە، بەڵام رێکخراوی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان دژی ئەوە دەبن و ئامادە نابن رێکخراوەکانی خۆیان هەڵبوەشێننەوە، بەڵام هەندێ لەو ئافرەتانەش لەو کاتەدا لەگەڵ ڕای مەکتەبی سیاسی بوونە و لە رێکخراوەکە جیابوونەتەوە.

لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا کە لە بەغدا دەبەسترێت ئافرەتەکان کە پەرتەوازە بووببوون یەک دەگرنەوە و لەو کۆنگرەدا زەکیە ئیسماعیل حەقی بە سکرتێری رێکخراوەکە هەڵدەبژێردرێت. بە پێی

[٣٧] مام جەلال ، دیداری تەمەن. ل ١٠٣.
[٣٨] درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە. ل ٣٠

بیرەوەرییەکانی درەخشان حەفیدزادە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە بەغدا بووە.

| خشتەی ژمارە(٣)<br>کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان | |
|---|---|
| ڕێکەوتی | ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٧٠ |
| شوێن | بەغدا |
| بەشێک لە بەشداران:<br>سلێمانی: بەهێ مەعروف، ئەنجوم زوهدی، درەخشان حەفید، شەونم نەجمەدین، چیمەن حەسەن، سەبریە حەسەن.<br>کۆیە و هەولێر: سورەیا مەلای گەورە، پرشنگ مەحەمەد، نەرمین عوسمان، ویداد خالس، توبا جاف، حەسیبە قەزاز، ناجیە شەرەف.<br>ئەندامانی دهۆک و زاخۆ و ژنانی کوردی فەیلی بەشدار بوونە، بەلام ناوەکانیانی نەنووسیوە، دەشێ ساریا دۆسکی، حەجی کۆتر، زەینەب قەرقیری و سامیە عەبدولمەجید (ناسراو بە سانیە خان) بەشداربووبن. | |
| سکرتێر | زەکیە ئیسماعیل حەقی بە سکرتێری ڕێکخراوەکە هەڵدەبژێردرێت |

چەند سەرنج و تێبینییەکی گرنگ بۆ مێژووی ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە کۆنگرەی دووەم شایانی تۆمار کردنن.

**تێبینی یەکەم: ئافرەتانی بادینان**

لە کتێبەکەی درەخشان دا ناوی ئەندامانی دهۆک و زاخۆ و ژنانی کوردی فەیلی بەشدار بوو نەنووسراوە، بەڵام لە سەرچاوەی ترەوە زانراوە کە (سانیە خان) کە بەرپرسی زاخۆی ڕێکخراوەکەبووە بەشدار بووبێت. ئافرەتێکی چالاک بووە و لە وێنەیەکی کۆندا دەردەکەوێت کە لە پشتی بارزانییەوە ڕاوەستاوە.[٣٩] جگە لەویش ناوی چەند ئافرەتێکی تری دهۆک و زاخۆ کە لە خشتەکەدا ناویان تۆمارە. لە ئافرەتانی کوردی فەیلی تەنها ناوی زەکیە ئیسماعیل حەقی هەیە کە بووەتە سکرتێری ڕێکخراوەکە و لەناو

[٣٩] ڕۆژنامەی خەبات. ژمارە (٢٣٦٥). ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٢/٢٥. ل ١١.

پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا هەر لەو ساڵەدا بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

**تێبینی دووەم: پەیڕەو و پرۆگرامی رێکخراوەکە**

لە ساڵی ١٩٧٠ دا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پەیڕەوی ناوخۆی بۆ نووسراوە و ئەم پەیرەوەش بە زمانی عەرەبی لە کتێبی الوقائع العراقیه دا بڵاو کراوەتەوە لە بەشی (القوانین و التشریعات العراقیة/ نصوص القوانین و التشریعات العراقیة منذ سنة ١٩٦٠-٢٠١١ كما نشرت فی الوقائع العراقیة).

لەو دیکۆمێنتەدا دەردەکەوێت لە ١٩٧٠/١/١ ئەم پەیرەو و پرۆگرامە پەسەند کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

لە دوای ئەم کۆنگرەیەوە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەیکەلی ئیداری بۆ دروست دەکرێت و لە شارەکان لق دەکاتەوە و کارگێڕی لقەکان هەڵدەبژێرێت.

لەم کۆنگرەیەدا دەستەی باڵای گشتی هەڵدەبژێردرێت، زەکیە ئیسماعیل حەقی وەک سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتیش ئەوانەی ناوەکانیان زانراوە: زوهرە موراد،نەجات مەحمود،کوردستان شەوکەت، عەتیە ئەحمەد.

لقی سلێمانیش شەونم نەجمەدین (سەرۆک) و سەبریە مام ئەحمەد(جێگر) و ئەندامەکانیش بەهێ مەعروف، ئەنجوم زوهدی، درەخشان حەفید، شوکریە بەرزنجی، رەعنا خان، چیمەن حەسەن، بووە.

سەبارەت بە لقی هەولێر هیچ زانیارییەک نییە، بەڵام مومتاز حەیدەری ناوی چەند ئافرەتێک دەڵێت کە لە ١٩٥٩دا لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیان کردۆتەوە، ئەوانیش: نافیعە عوسمان، نیعمەت مستەفا، قەدریە سابیر، پەیمان خان، ویداد خاڵس، خەدیجە (ناسراو بە فریشتە) خان[٤٠]. دەشێت هەندێک لەم خانمانە لە ١٩٧٠شدا بەردەوامیان دابێت بە خەباتی خۆیان لەناو یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا.

هەندێک لەم ژنانە وەک وەفدی ئافرەتانی نوێنەری کوردستان سەفەری زۆر لە وڵاتانیان کردووە وەک ئەڵمانیای رۆژهەڵات، مەنگۆلیا، کۆنگۆی دیموکراتی، چینی شەعبی، سۆماڵ، ڤێتنام.

[٤٠] لە ٥ی ئازاری ٢٠١٨ بە تەلەفۆن گفتوگۆیەکم لەگەڵ مومتاز حەیدەری کرد و ئەم ناوانەی پێ گووتم.

**تێبینی سێیەم: گەشەکردنی خەباتی ئاشکرا**

لەو ساڵانەدا کە لەناو شارەکاندا بە ئاشکرا خەبات کراوە، ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوەش دیار بووە و چالاکی ئەنجام داوە، بەڵام لە کاتەکانی شۆڕشدا و لە کاتی خەباتی نهێنیدا، ئافرەتان ناڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بوونە و چالاکییەکانیان هاوکاریکردنی شۆڕش بووە وەک ڕۆڵی نامەبەر و هەندێ جار گواستنەوەی چەک و هاوکاری لۆجیستیکی پێشمەرگە. ئەم ڕۆڵانەی گێراویانە ڕاستە گرنگ و جێگەی بایەخ بوونە، بەڵام لە چاو ڕۆڵی سەرەکی پیاواندا لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەتی لە شەڕدا، ڕۆڵی ئەمان لە پەراوێزی شۆڕشەکاندا بووە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەساڵی ١٩٧٠ بەدواوە، کە سەردەمی دوای بەیانی ١١ ی ئازار و ئازادییەکی ڕێژەیی هەبوو، بە ئاشکرا کاری کردووە و کۆنگرەی بەستووە. لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ ئەم ڕێکخراوە جگە لە چالاکی کۆمەڵایەتی بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسیش بوون و ژمارەیەک لە ئافرەتان لە هەلومەرجی ئازادیدا لە ساڵی ١٩٧٠ بەشداری کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بوون. لە کۆنگرەی هەشتەمدا کە لە یەکی تەمووزی ١٩٧٠دا بەستراوە، لە هەلومەرجی ئازادی و لە سایەی ئۆتۆنۆمیەکەی ئاداردا بەسترا و ٤٨٨ ئەندامی کۆنگرە بەشدار بوون و بۆ یەکەم جار ژمارەیەکی باش لە ئافرەتانیش بەشداری کۆنگرە دەبن. لەو کۆنگرەیەدا نەک ئافرەت تەنها بەشداری کۆنگرە دەبێت، بەڵکو جگە لە ناهیدە خان، دوو ئافرەتیش بۆ لیژنەی چاودێری هەڵدەبژێردرێن.[٤١]

**یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگەدا:**

لە قۆناغی ئاشکرادا ئافرەتان تەنها لە سنووری شار و ناوچەکانی خۆیان چالاکی ناکەن، بەڵکو سنووری وڵاتەکەش تێدەپەڕێنن و دەچنە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەفریقیا و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەشداری لە کۆنگرە نێونەتەوەییەکانی حیزبە دیموکراتی و سۆشیالیستییەکانی دنیا و یەکیتییەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانی دنیا، بەڵام ئەم ئازادی و جوڵانەوانە بەردەوام نابێت، چونکە بارودۆخ تێکدەچێت و نێوانی کورد و

[٤١] http://www.kdp.info

بەغدا خراپ دەبێت. دوای تێکچوونی نێوان کورد و ڕژێمی عێراق لە ١٩٧٤ و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، دواتریش نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٤ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ماوەیەک تەواو سڕ دەبێت، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ کە بارزانی کۆچی دوایی دەکات و دەهێندرێتەوە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مەراسیمی بەخاکسپاردنیدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش وتاریان دەبێت و کوردستان پیر داود وتارەکە دەخوێنێتەوە. ئەو چالاکییە دەبێتە هۆی دووبارە ژیاندنەوەی ڕێکخراوەکەش لە لایەن ئافرەتانی پارتی تاراوگەنشینەوە و دووبارە دەست دەکەنەوە بە هەندێ چالاکی و ڕێکخستنەوەی خۆیان، بەڵام بەهۆی دۆخی نالەباری ژیان لە تاراوگەدا چالاکییەکان زۆر سادە و کەمڕەنگن، تەنیا ئەوەندەیە کە ڕێکخراوەکە لە مردن رزگار دەکەن. تەنانەت دوای چالاککردنەوەی ڕێکخراوەکە لە تاراوگەی (ئێران) لە ساڵی ١٩٨٣دا سەرکردایەتییەکی کاتی بۆ دانراوە، بەڵام هیچ چالاکییەکی گەورە تۆمار نەکراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦دا لە بواری ڕاگەیاندندا هەنگاوێکی گرنگ دەهاون و بڵاوکراوەیەک بەناوی "دەنگی ئافرەت" دەردەکەن. ژمارە(١)ی گۆڤارەکە لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە. لە ١٢ لاپەڕەدا لە شێوەی کتێب، بە شێوەیەکی ساکار و سەرەتایی بە ڕۆنیۆ نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە.[٤٢] گۆڤارەکە وەک لەسەری نووسراوە بووەتە (ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان-عێراق/لقی ئاوارەیی). هەر لە ئاوارەییدا تا مایسی ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بووە و ٦ ژمارەی لێ دەرچووە و لە چاپخانەی خەبات بە ڕۆنیۆ لە چاپدراوە و بڵاوبووەتەوە.

ئەو ئافرەتانەی لە ئێران هەوڵیان داوە یەکێتی ئافرەتان ببوژێننەوە بریتی بوون لە رازیە حەسەن، وەزیرە پیرداود و کوردستان پیرداود.
ئێمە دەبینین کە پرسی ژن و ڕێکخراوەکانی تەنها لە دۆخی ئاشتی و ئازادیدا گەشە دەکەن، لە کاتی شەڕ و خەباتی نهێنیدا، چالاکی سست و ڕۆڵی ژن لە پەراوێزتردا دەبێت، لە تاراوگەشدا بە هەمان شێوە ڕێکخراوەکە نەیتوانیوە چوست و چالاک بێت.

---

[٤٢] د. محمد خدر مولود. گۆڤاری دەنگی ئافرەت. شوێنی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا. گۆڤاری ١١ و ١٢. ل ١٠٩.

**ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕین:**

قۆناغی دووەمی مێژووی خەباتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە دەستپێدەکات و تا ئێستا درێژەی هەیە. قۆناغی دوای ڕاپەڕینیش بۆ خۆی پۆلێنکراوی چەندین قۆناغی دیکەیە و لە بەشەکانی داهاتوودا ئەو قۆناغانە ناولێنراون و خوێنەر پێیان ئاشنا دەبێت.

ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە لەم قۆناغەدا چۆن بووە؟ کاریگەری لەسەر حیزبەکەی بە تایبەت چۆن و چەند بووە؟ ئەمەش وەکو کات و کارابوون و کاریگەری دەکرێت بە دوو قۆناغەوە. قۆناغی یەکەم ناکارا بووە و لە قۆناغی دووەمدا کارا و کاریگەر بووە، لە دوو خشتەدا کۆنگرەکانی دوای ڕاپەڕینی دەخەینە بەرچاو.

| خشتەی ژمارە(٤)<br>قۆناغی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە<br>(١٩٩٢-٢٠٠٧) | | | |
|---|---|---|---|
| ڕێکەوتەکان | کۆنگرەکان | شوێن | سکرتێرەکان |
| ١٩٩٢/٢/١٩ | کۆنگرەی سێیەم | هەولێر | شیرین ئامێدی |
| ١٩٩٩/٧/٢٧ | کۆنگرەی چوارەم | هەولێر | شیرین ئامیدی |
| ٢٠٠١/١٠/٢٧ | کۆنگرەی پێنجەم | هەولێر | شیرین ئامێدی |

سەبارەت بەم قۆناغە گرنگەی کە لە خشتەی سەرەوەدا هاتووە، کە قۆناغی ئازادی پاش راپەرینی بەهاری ١٩٩١یشە، چەند تێبینییەکی رەخنەی مێژوویی پێویستە لە رێکخراوەکە و لە بارەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تۆمار بکرێت، کە ئەمانەن:

**تێبینی یەکەم: بێ ئەرشیفی رێکخراوەکە**

یەکێتی ئافرەتان لە ١٩٥٢ تا٢٠٠٥ ، واتە بۆ ماوەی ٥٣ ساڵ، هیچ ئەرشیفێکی نەبووە و نییە، هۆکاری ئەوە ڕوونە کە لە دۆخی دژواری شۆڕش و خەباتی نهێنیدا بووە لە لایەک و نەبوونی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو لەو سەردەمەدا لە لایەکی ترەوە هۆکار بووە بۆ ئەوە، جگە لە کەمتەرخەمی و بێئەزموونی کە هۆیەکی تری بێ ئەرشیفی رێکخراوەکەیە. بەڵام هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەرشیفنەکردنی زانیاری لە سەر ئەم رێکخراوە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە، چونکە ئیدی هەلومەرج زۆر لەبار بووە بۆ کاری رێکخراوەکان و ئەرشیفکردن و تۆمارکردنی چالاکییەکان.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و لە هەلومەرجی نوێ، پارتی دیموکراتی کوردستان دیسانەوە هەوڵ دەدات ئەم رێکخراوە ببوژێنێتەوە. لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٧، بۆ ماوەی ١٥ ساڵ و لە سێ کۆنگرەدا شیرین ئامێدی وەک سکرتێری رێکخراوەکە دادەنرێتەوە. مەخابن هیچ ئەرشیفێکی ئەم قۆناغەی رێکخراوەکە لە هیچ کوێ دەست ناکەوێت، تەنانەت لای خودی رێکخراوەکەش نییە. ئایا بێئەزموونی بووە یان بێتوانایی کە رێکخراوێکی دێرینی وەک یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەو قۆناغە گرنگەی ژیانی دوای راپەڕین و بە تواناکاری بەردەستییەوە، رێکخراوەکەی لە تاریکدا هێشتۆتەوە.

رێکخراوەکە لەم قۆناغە دووردرێژەدا کە قۆناغی ئازادی و لەدایکبوونی چەندین رێکخراوی تر و گەشەسەندنی رێکخراوە پیشەییەکانی تر بوو، گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدییوە، بە تایبەتی لە قۆناغێکدا بووە کە رێکخراوی تری ژنان و کۆمەڵی مەدەنی دامەزراون و کێبەرکێیەک لەسەر پرسی ژنان و خەبات بۆ یەکسانی لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە دروست بووە. سەرەکیترین کێبرکێکاریشی (یەکێتی ژنانی کوردستان) ی سەر بە (ینک) بووە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە چالاکی بەرچاوی هەبووە.

**تێبینی دووەم: سکرتێر کراوە بە سەرکردە**

لە کۆنگرەی ١١ و ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان، سکرتێری رێکخراوی ئافرەتان دەکرێت بە سەرکردە و لە ١٩٩٢ تا ٢٠١٠ تاقە

ئافرەتی ناو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ئەندامانی سەرکردایەتی دەسەڵاتیان هەیە و لەو پێگەیەدا باشتر دەتوانن ئەو دەزگا و رێکخراوانە بۆ پێشەوە بەرن کە حیزب پێیان دەسپێرێت، بەڵام لە دۆخی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا وا نەکەوتۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەم رێکخراوە لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە چەند ئافرەتێک پێبگەیەنێت بۆ ئەوەی ببنە جێگەی بڕوا و متمانەی خەڵک و ببن بە سەرکردە لە ناو حیزبەکەدا و خۆی وەک تاقە ژن لەسەرکردایەتی ماوەتەوە، بەڵام ڕۆڵیشی نەبووە لەوەی بیروڕای سەرکردەپیاوەکانی حیزبەکە بەو ئاراستەیە بگۆڕێت کە باوەڕیان بە توانا و لێهاتوویی ژنانی کورد هەبێت و هەوڵی هێنانەپێشیان بۆ ناو سەرکردایەتی بدەن.

**تێبینی سێیەم: چاپەمەنی رێکخراوەکە**

لە سەردەمی ئازادی دوای ڕاپەڕیندا چاپەمەنی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش دەستی کردۆتەوە بە دەرکردنی گۆڤاری "دەنگی ئافرەت" ، کە ٦ پێشتر ژمارەی لە تاراوگە دەرچوو بوو. سکرتێری یەکێتی ئافرەتان خاوەن ئیمتیازی بووە و پرشنگ فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە. دەستەی نووسەرانیشی "نەزیرە بامەرنی، زەکیە بەرواری، هێرۆ بەرزنجی، سەبیحە بارزانی، سنۆبەر سابیر، چیمەن قادر بەنا" بووە. گۆڤارەکە بووەتە وەرزی و ٢٦ ژمارە لێ دەرچووە و تا کۆتا ژمارەی کەسانی تریش هاتوونەتە ناو دەستەی نووسەرانی وەک"سەبیحە ئەحمەد، چیمەن عومەر ساڵح، سەبریە بابەکر."[٤٣] ژمارە ٢٦ی گۆڤارەکە کە دوا ژمارەی بووە لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووە.

**تێبینی چوارەم: سەردەمی شەڕی براکوژی**

دەبێت ئەوەش بگوترێت کە لەم قۆناغەدا شەڕی ناوخۆ ماوەی چوار ساڵ هۆکارێکی تری سستبوونی رێکخراوەکە بووە لە ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٨دا، ئەم رێکخراوە لەو کاتەدا لەگەڵ رێکخراوەکانی تردا و بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستاندا هەڵوێستیان هەبووە و داوای راگرتنی شەڕیان

[٤٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ١١٢.

کردووە و یاداشتیان داوەتە حیزبەکانیان بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام لە پێش شەڕەکە و لە دوای شەڕەکەش ڕێکخراوەکە چالاکی گەورەی بەرچاوی نەبووە.

دوا قۆناغی ڕێکخراوەکە لە ٢٠٠٧ تا ٢٠١٨ یە و قۆناغی گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانە لە مێژووی ڕێکخراوەکەدا، بەم خشتەیەی خوارەوە دیاری دەکەین:

| خشتەی ژمارە(٥)<br>کۆنگرەی شەشەم و حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان<br>٢٠٠٧-٢٠١٨ | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵ | ژمارەی کۆنگرە | شوێن | ناوی سکرتێرەکان |
| ٢٠٠٧/٣/١٢ | کۆنگرەی شەشەم | هەولێر | د.کوردستان موکریانی |
| ٢٠١٠/٨/٤ | کۆنگرەی حەوتەم | هەولێر | د. ڤیان سلێمان |

تێبینییەکان سەبارەت بەم قۆناغەی دوایی ڕێکخراوەکە، بەم شێوەیەی خواروو بۆ مێژوو تۆمار دەکەین:

**تێبینی یەکەم: دووبارە ژیانەوەی ڕێکخراوەکە**
بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە کۆنگرەی شەشەمەوە لە ٢٠٠٧-٢٠١٠ کە ماوەکەی سێ ساڵ بووە و ژنێکی ڕۆشنبیر دەبێتە سکرتێری(د.کوردستان موکریانی)، وەک ڕێکخراوێکی ئافرەتانە هەناسەیەکی وەبەرهێنراوەتەوە و شێوەی گرتووە و جۆرێک لە تێڕوانینی ئافرەتیستانەی بۆ خۆی گەڵاڵە کردووە. لەم قۆناغەدا ڕێکخراوەکە پەیمانگای پێگەیاندنی سەرکردەی ژن دەکاتەوە و هەوڵی پێگەیاندنی ئافرەتەکان دەدات. گۆڤارێک دەردەکات بە ناوی(وێ)، وێ ڕاناوێکی زمانی کوردییە لە

دیالێکتی کرمانجی سەروودا بۆ ژن بەکاردەهێندرێت و بە عەرەبی دەبێتە(هي). لەم قۆناغەدا رێکخراوەکە پەیرەو و پرۆگرامێکی پێشکەتووتر و ئافرەتیستانەتر بۆ خۆی دادەنێت. چالاکی جۆراوجۆر و کۆنفرانس ساز دەکات، بەڵام ماوەی قۆناغەکە کورتە و تەنها ٣ساڵە.

لەم قۆناغەی رێکخراوەکەدا، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان باڵەخانەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێت لە هەولێری پایتەخت و پێگە و ستاتوویەکی دیاری دەبێت.

**تێبینی دووەم: بەردەوامی و گەشەی زیاتر**

لە کۆنگرەی حەوتەمیشەوە کە لە ٢٠١٠ بەسترا، دیسانەوە خانمێکی ڕۆشنبیر دەبێتە سکرتێری (د.ڤیان سلێمان)، کە ئەزموونی چوار ساڵی پەرلەمانتاریشی هەبووە. رێکخراوەکە زیاتر چالاک بووەتەوە، زیاتر لەسەر سکەی رێکخراوێکی ئافرەتانە کە بۆ مافی ژن خەبات بکات، دەردەکەوێت. لەمەشدا دەردەکەوێت، ڕۆڵی کەسانی ڕۆشنبیر و بەئەزموون گرنگە لە پێشخستنی رێکخراوەکان و کاریگەرییان بۆ سەر حیزبەکانیشیان.

لە دوای کۆنگرەی حەوتەمەوە، رێکخراوەکە لەناو بارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا پەیمانگای پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە و چالاکی زۆر ئەنجام دەدەن. بایەخ بە راگەیاندن و کاری چاپەمەنی دەدەن و چەندین کتێب چاپ دەکەن. گۆڤاری شیکار وەک گۆڤارێکی لێکۆڵینەوەی هزری وەرزانە دەردەکات، کە سەرنووسەرەکەی ژنە "مەهاباد قەرەداغی"، ٢٣ ژمارەی لێ دەرچووە و بەردەوامە. رادیۆیەکی تایبەت بە دەنگی ئافرەتان بە ناوی رادیۆی هێلین دەکاتەوە کە بەڕێوەبەرەکەی ژنە "نەرمین سندی"، رۆژانە چەندین پرۆگرامی بەپێز پێشکەش دەکرێت و لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا پەخش دەبێتەوە.

لە کۆنگرەی سیانزەمینی پارتیدا کە لە ٢٠١٠ بەسترا، بۆ یەکەم جار شەش ئافرەت هاتنە نێو سەرکردایەتییەوە، کە ڕێژەی ١٠% دەکات، کە بە سیستەمی کۆتا بۆیان دەستنیشان کرا بوو، کە دووان لەوان بە دەنگی خۆیان و ٤ یشیان بە کۆتا چوون کە ئەمانە بوون: بەیان سامی عەبدولرەحمان، چنار

سەعد عەبدوڵلا، ئەڤین هروری، د.ڤیان سەبری، نازەنین مەحەمەد وسو، شیرین ئامێدی. ڕێژەی بەشداری ئافرەتانیش لە کۆنگرەدا هەر ١٠% بوو، لە کۆی ١٥٠٠ ئەندامی کۆنگرە، ١٥٠یان ئافرەت بوو.

**تێبنی سێیەم: فێمینیزم لە پەیرەوی ناوخۆیی دا**

لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا، کە لە دواکۆنگرەدا"کۆنگرەی حەوتەم" پەسەند کراوە، ئاماژەی ڕوون هەیە کە ئەم ڕێکخراوە لەوەودوا لە چوارچێوەی فێمینیزم"ئافرەتیزم"دا کار بۆ هاوسەنگی جێندەری دەکەن و رەوتێکی فێمینیستانە"ئافرەتیستانە" دەگرنە بەر بۆ پیادەکردنی ئەو ستراتیژییەی کە دایانڕشتووە. بۆ نموونە ئەم ئاماژانە:[٤٤]

ماددەی دووەم: ڕێکخراوێکی جەماوەری مەدەنی دیموکراسی ئافرەتانی کوردستانە، تێدەکۆشێت بۆ پاراستن و داکۆکیکردن و دەستەبەرکردنی سەرجەم مافەکانی ئافرەت و بەرزکردنەوەی ئاستی توانای لە گشت بوارەکانی ژیان بە شێوازێکی سەردەمیانە.

ماددەی چوارەم: لە باسکردنی لۆگۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا نووسیوویەتی: هێمای فێمینیزمە، کە وێنەی ئافرەتێک و گۆی زەوی لەخۆدەگرێت، کە ئاماژە دەدات بە دیدی جیهانبینی ئافرەت و دوارۆژێکی گەش. ڕەنگی زەرد نیشانەی تیشکی خۆرە کە هێمای ژیانە. ئامانجمان لە دانانی کورتەهێڵی شین کە نیشانەی ڕەگەزی نێرە، بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری.

[٤٤] پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەم، ٢٠١٠. ل ٣-٧.

مادەی پێنجەم :"ئامانجی سەرەکی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای یەکسانی جێندەری."
لە ماددەی شەشەمیشدا شانزە خاڵ دەستنیشان کراوە کە کاری بۆ بکەن، کە ئەمانەن:
١/ دانانی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە ناوەندەکانی بڕیاردان بە مەبەستی بەشدارییپێکردنیان لە هەڵسوڕاندنی هەموو بوارەکانی ژیان.
٢/ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و پێشێلکارییەکان، کە دەرهەق بە ڕەگەزی مێینە دەکرێن.
٣/ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ بنبڕکردنی دیاردەی خۆسووتاندن و کوشتنی ئافرەت.
٤/ بنبڕکردنی تاوانی خەتەنەکردن، کە دژ بە مێینە دەکرێت.
٥/ هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ پێکهێنانی خێزان لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن.
٦/ لەناوبردنی دیاردەکانی:(مارەیی زۆر، ژن بە ژن، گەورە بە بچووک، لەبری خوێن)
٧/ بایەخدان بە هۆشیاری و ڕێکخستنی تەندروستی خێزان و هەوڵدان بۆ زیادکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی ئافرەت و منداڵ.
٨/ نەهێشتنی نەخوێندەواری، لەنیو ڕەگەزی مێینە و هاندانی دەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو مەبەستە.
٩/ وەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەتان.
١٠/ پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی-جێندەر.
١١/ پتەوکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ئەو دەزگا و ڕێکخراوانەی کە گرنگی بە بواری مافەکانی ئافرەتان دەدەن.
١٢/ کاراکردنی ئەو دەستکەوتە یاساییانەی کە بزوتنەوەی ئافرەتان بە دەستیان هێناوە.
١٣/ پشتگیریکردن لە ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، کە لە بارەی دۆزی ئافرەتەوە دەردەچن.
١٤/ بەباوکردنی نەریتە مەدەنییەکان و چاندنی گیانی دیموکراسی، یەکترقبوڵکردن و کاری خۆبەخشانە لە نێو کۆمەڵدا.

١٥/ بۆ پەرەپێدان، چەسپاندن و پاراستنی ئەزموونی دیموکراسی، لە پێناو وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دادوەرانە.
١٦/ مافی چارەنووس و سەربەخۆیی بڕیاردان، مافی رەوای خەڵکی کوردستانە.
هەموو ئەو خاڵانەی کە وەک ئامانج دەستیشان کراوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە چوارچێوەی دیدگای ڕوونی ئافرەتیزم دان و ئەگەر بەدیبهێندرێن گۆڕانکاری ئەرێنی هەم لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و هەمیش لەناو کۆمەڵ بە گشتی دروست دەکەن.

شایان گوتنە؛ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ٧٢ کادیری پێگەیاندووە و لە دامودەزگا و لقەکانی حیزبەکەدا پۆستیان وەرگرتووە، هەروەها کاندیدی بۆ پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق هەبووە و دەرچوون.

**تێبینی پێنجەم: گۆڕان لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا**
جێگەی باسە کە بگوترێت، لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا کە پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣ی ساڵی ٢٠١٠یە، لە ماددەی (٩٦)دا ئاماژە بە بڕوابوونی بە یەکسانی ژن و پیاو دراوە و بەم شێوەیە خاڵەکە دارێژراوە: "کارکردن بە پرنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی منداڵ، یەکسانی ژن و پیاو، ئازادی تاک، دادپەروەری کۆمەڵایەتی." ڕۆڵی رێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەم گۆڕانکارییانەدا کە لەناو حیزبەکەدا ڕوویدا لە هەمان ساڵی کۆنگرەی حەوتەمی رێکخراوەکەوە بە خاڵێکی شانازی بۆ ئەو قۆناغەی رێکخراوەکە دادەنرێت.

چەند خاڵێکی زۆر گرنگی تر لەناو پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا هەیە کە ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، پێویستە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەردەوام فشار بخاتە سەر سەرکردایەتی پارتی بۆ جێبەجێکردنیان، خاڵەکانیش لە بەشی ئافرەتاندا بەم شێوەیە داڕێژراوە:

"پارتی بڕوای بەو ڕاستییە هەیە، کە ڕۆڵ و کاریگەریی ئافرەتانی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیماندا، هەر لە کۆنەوە تا هەنووکە، هیچی کەمتر نەبووە لە ڕۆڵی پیاوان، بۆیە پارتی کار دەکات بۆ:
ماددەی(٢١٦) رەخساندنی کەشی لەبار بۆ ئافرەتان تا لە ژیانی سیاسی و سەرکردایەتی کۆمەڵدا بەشدار بن.

ماددەی(٢١٧) بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی سیستەمی کۆتا بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا ئافرەتان پلە و پایەی سەرکردایەتی لە حزب و حکومەتدا وەربگرن.

ماددەی(٢١٨) رەتکردنەوەی هەموو شێوەکانی جیاکاریی ڕەگەزی کۆمەڵایەتی وگشتجۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و پشت ئەستوورکردنی ئەم رەتکردنەوەیە بە یاسا و رێسای پێویست.

ماددەی(٢١٩) دژایەتیکردنی ئەو داوونەریتە ناڕەوایانەی لەناو کۆمەڵی کوردستاندا بوونەتە کۆسپ لەبەردەم مافەکانی ئافرەتاندا.

ماددەی(٢٢٠) هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکان، کە لە دەستوور و یاسا نیشتیمانییەکان و بەڵگەنامە و رێککەوتننامە نیودەوڵەتییەکاندا هەن و لەگەڵ واقیعی کوردستاندا دەگونجێن.

ماددەی(٢٢١) بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی ئافرەتان و مسۆگەرکردنی سەلامەتیی کۆمەڵایەتییان لە شوێنی کارکردندا و گرنگیدان بە دروستکردن و پەرەپێدانی سەنتەری پیشەیی تایبەت بە ئافرەتان.

ماددەی(٢٢٢) پشتگیریکردنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و هاندانی چالاکییەکانی، کە پێگەی ئافرەتان لە کۆمەڵدا پتەو دەکات.[٤٥]

---

[٤٥] پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان. کۆنگرەی سیزدەیەم، ١١-٢٠١٠/١٢/١٨. هەولێر. ل ٦٤-٦٦.

ئێمە بە دیدێکی رەخنەگرانەوە دیاردەکان و نووسراوەکان تاوتوێ دەکەین و دەبێت بڵێین بە پێی ئەو پێگەیەی کە تا ئێستا لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە و تا کاتی نووسینی ئەم کتێبەش بەردەوامە، ئەم خاڵانەی پەیرەوی ناوخۆیی کە زۆر گرنگن، بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراون، ئەگەرچی ٧ساڵ زیاتر بەسەر نووسینیان تێپەڕیوە.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بە پێی پەیرەو و پرۆگرامی خۆی دەتوانێت فشارێکی پۆزەتیڤ بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بکات و ئەو ماددانەی پەیڕەوەکە وەبیر سەرکردایەتی بێنێتەوە ، بەوەش هەم پارتی، هەم یەکێتی ئافرەتان و هەمیش هەموو کۆمەڵی کوردستان بەهرەمەند دەبێت پێیان.

***

**" کە پیاو پەروەردە دەکەیت، پیاو پەروەردە دەکەیت، کە ژن پەروەردە دەکەیت، نەوەیەک پەروەردە دەکەیت."**

**بریهام یونگ**

**"کۆمەڵێکی یەکسان لە ڕووی جێندەرەوە، ئەو کۆمەڵەیە کە تیایدا وشەی جێندەر هەر بوونی نەبێت: هەموو کەسێک بتوانێت خۆی خۆی بێت."**

**گلۆریا شتاینم**

# پێگەی ژن لە شۆڕشی نوێدا

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا شۆڕشی نوێ هاوتەریبی شۆڕشی گوڵان بە ئامانجی رزگاریخوازی نەتەوایەتی هەڵدەگیرسێت، بەڵام ڕۆڵی ژن لە شۆرشی نوێشدا وەک دوو شۆڕشەکەی پێشووتر، کاڵ و کەمبینراوە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان؛ کە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥دا دادەمەزرێت بۆ ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕشی نوێ بکات، لەسەر دەستی شەش پیاو دادەمەزرێت و جەلال تاڵەبانی دەبێتە سکرتێری گشتی ئەو حیزبە. حیزبەکە لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە بەرگێکی سۆسیالدیموکراتی دەپۆشێت، لە چەند باڵێک پێک دێت کە سەرەکیەکەی رێکخراوێکی پێنج ساڵ پێشتر دامەزراوەی مارکسی لینینی دەبێت کە "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"ە.

یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سۆشیال دیموکراتی لە جیهاندا ریفۆرم و گۆڕانکاری بووە. وەک رۆزا لۆکسمبۆرگ دەڵێت "سۆسیال دیموکراسی پێی وایە پەیوەندییەکی دانەبڕاو هەیە لە نێوان ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشدا. خەبات لە پێناوی ریفۆرمدا پردێکە بۆ سۆسیال دیموکراسیی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئامانجەکەیەتی."[٤٦] دەڕوانین تا بزانین ریفۆرمی کۆمەڵایەتی تا چەند ئامانجی شۆڕشەکان بووە، بە تایبەتی شۆڕشێک کە ناوی شۆرشی نوێ لە خۆی دەنێت و ڕابەرەکانی خۆیان بە جیاوازتر لە ڕابەرانی شۆڕشەکانی پێشووتر دەناسێنن. بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بەشداری کارای ژنان لە شۆرشدا دەبێتە سەنگی مەحەک و با بزانین ئەم سەنگە لە بنیاتنانی هاوسەنگی جێندەریدا چ رۆڵێکی هەبووە.

سکرتیری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە وەک کارەکتەرێکی سیاسی پێشکەوتنخواز دەناسرێت و بەردەوام وەک بەرگریکارێکی مافەکانی ژن ناسراوە و لە لاپەڕەکانی پێشووتری ئەم کتێبەدا ڕوونکراوەتەوە کە رۆڵێکی

---

[٤٦] رۆزا لۆکسمبۆرگ. ریفۆرمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش. و: بابان ئەنوەر، کارزان عەزیز، پێشڕەو مەحەمەد. ناوەندی توێژینەوەی هزریی شەهید ئارام. سلێمانی. ٢٠١٦. ل ٧.

هاوکارانەی لە دامەزراندن و چالاکییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیشدا بینییوە لە سەرەتای پەنجاکان سەدەی پێشوودا، بەڵام لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و شۆڕشی نوێی گەلی کوردیشدا، لە سەرەتادا لە ناوەڕستی حەفتاکانەوە تا سەرەتای نەوەتەکان، واتە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ، ژن دەرکەوتنێکی لاواز و وێنەیەکی کاڵوکرچی هەبووە و تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئەو پێگە لاوازە درێژەی هەبووە. ئەم ڕاستییەش جەختکردنەوەیەکی ترە لەسەر ئەو بۆچوونەمان کە لە سەردەمی شەڕ و شۆڕش و خەباتی نهێنیدا پێگەی ژنان لەق و ڕۆڵیان لاواز بووە، بەڵام لە سەردەمی ئازادی و خەباتی ئاشکرا و دیموکراتیانەدا پێگەیان قایمتر و ڕۆڵیان چالاکتر و گەشەیان خێراتر بووە.

شۆرشی نویٚ لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا دەستی پێکرد کە ناوەڕاستی حەفتاکان بوو. ڕژێمی بەعسی عێراق لە ترۆپکی دەسەڵات و ستەمکاری خۆیدا بوو کە بەرامبەر بە کورد پیادەی دەکرد و سیاسەتی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن، راگواستن، گرتن و زیندانیکردنی بەلێشاوی کوردەکان، لەسێدارەدانی زۆر و بەئەنقەست پشتگوێخستنی ناوچە کوردییەکان و بایەخنەدان بە فەرهەنگ و پێشکەوتن و خوێندن، داخستنی زانکۆ و هتد، بە فراوانی لە کوردستاندا پیادە دەکرا. بەهاتنەسەر حوکمی سەددام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٩دا ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەی ئاماژەمان پێدا خێراتر و فراوانتر و بەهێزتر کرانەوە و هەڵمەت و پەلاماردان و چەندین کۆمەڵکوژی ئەنجام دران و بە سیاسەتی بەسوتماککردنی خاکیش لادێکانی کوردستانیان روخاند و لە جێگەی کۆمەڵگەی زۆرەملێیان دانا کە لە کەمپەکانی سەردەمی نازی ئەڵمانیاوە ئیلهامیان وەرگرتبوو، کە بۆ لەناوبردنی جولەکەکان دانرابوون.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان؛ لەو هەلومەرجە دژوارەدا شۆڕشی نوێی هەڵگیرساند و لە بارودۆخی واشدا لە کۆمەڵگەیەکی بەئەنقەست دواخراو و نەخوێندەوارکراو دا کە پێگەی سیستەمی کۆمەڵایەتی پیاوسالاری تیایدا گەشە دەکات، ژن نەیتوانی جێگەی خۆی لەناو سەرکردایەتی شۆڕشی نوێدا بکاتەوە. پیاوەکانی سەرکردایەتی شۆڕشیش ئەوەیان لەبەرچاو نەگرت کاتێ ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن بە دیدگایەکی نوێوە شۆرش دەکەن و ناوی

شۆڕشەکەشیان نا شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بە بەرنامەوە دەرفەت بۆ بەشداری ژن لەناو شۆڕشدا چێ بکەن، بە تایبەت کە دروشمی سەرەکی حیزبەکە کە هەڵگیرسێنەری شۆڕشەکەیە (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس)بوو.

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کە باڵێکی سەرەکی و چەپگەرا و پێشکەوتنخوازی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان بوو، بە هەزاران کوڕ و کچی گەنج و قوتابی لە دەوردا کۆ بووبوونەوە و بە تایبەتیش لەناو شارەکاندا و لە خەباتی نهێنی و ژێرزەمینیدا شۆڕشگێڕانە کاری سەختیان ئەنجام دەدا لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا، بەڵام ئەم چالاکبوونەی خەباتی نهێنی کچان و ژنانی ناو کۆمەڵە هیچ کات لە ناو سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا ڕەنگی نەدایەوە و سەرکردایەتییەکی سەد لە سەد پیاوانەی هەبوو، ئەم جۆرە سەرکردایەتییەش بە بێ ژن بەردەوام بوو هەتا کۆنگرەی سێیەم و ساڵی ٢٠١٠، واتە دوای ٣٥ ساڵ لە دامەزراندنی، ئینجا ژن توانی بە ڕێژەی نزیکەی ٢٠% لە سەرکردایەتییەکەیدا جێبگرێت، ئەویش ژمارەیەکیان خزمی پلە یەکی سکرتێری گشتی بوون (هاوسەر و خوشکەزا و خزمانی تر)ی بوون و ئەوانی تریش کچ یان خوشکی سەرکردەکانی تری ناو حیزبەکە بوون.

لە شۆڕشی نوێدا، لە شاخ و لە ناوچە ئازادکراوەکاندا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، ئەگەرچی هاوسەر و هەندێ لە ژنانی بنەماڵەی هەندێ لە سەرکردەکان لەگەڵیاندا ژیاون و لە شاخدا بوون، بەڵام هیچ یەکێکیان ڕۆڵی

سەرکردەیان نەبینیوە و لەناو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا لە پێگەی سەرکردایەتیدا نەبوون و تەنانەت هیچ یەکێکیان ناوبانگێکیان وەک پێشمەرگە نەبووە، وەک چۆن سەدان پێشمەرگە ی پیاو ناوبانگیان دەگەیشتەوە شار و وەک ئازا و قارەمان پەسن دەدران. لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ باس لە ڕۆڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد(هێرۆ خان) هاوسەری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرا کە لە تۆمارکردنی ئەرشیفی وێنە و وێنەگرتنی ڕووداوەکان و پێشمەرگەدا لە شاخ بەشدار بووە. ئەم رۆڵەش دەچێتە خانەی بواری رۆژنامەنووسیوە وەکو فۆتۆگرافەر و کامیرامان، کە کارێکی گرنگە لە بواری راگەیاندندا بە تایبەت لە شاخ و لەو بارودۆخە سەخت و دژوارەدا، بەڵام هیچ سەروکاری لەگەڵ کارەکتەری سەرکردەدا نییە. لە سەردەمی خەباتی شاخدا چەند ژنێکی تری بنەماڵەی سەرکردەکانی تر لە شاخ بوون وەک کافیە سلێمان و نەرمین عوسمان کە دواتر و لە سەردەمی حوکمرانیدا بوون بە وەزیر، بەڵام لە شاخدا ڕۆڵی سەرکردەیان پێ ڕەوا نەبینرابوو.
لەناو شارەکانیشدا ژمارەیەکی زۆر ئەندامی رێکخراوە نهێنییەکان کاری سەخت و شۆرشگێڕانەیان ئەنجام دەدا و دەیان کچ و ژن دەستگیر دەکران و دەخرانە زیندانەکانەوە، بەڵام ئەو چالاکی و قارەمانێتیانەی ژنان وای لە سەرکردایەتییان نەکرد بایەخ بە بەهێزکردنەوەی پێگەی ژن بدەن لە ناو سەرکردایەتیدا.

هۆیەکی ئەم پەراوێزخستنەی ژنان وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شۆرشەکانی کوردستان دیدگای نێرسالاری بەسەر بیرکردنەوەی سەرکردەکانیدا زاڵبووە و بڕوایان بە هێزی بازوو هەبووە. لە دیدگای پیاوسالاریدا هەردەم لۆژیکی هێز زاڵ بووە بە سەر هێزی لۆژیک، بۆیە نەیانتوانیوە ددان بە توانای ژناندا بنێن و بیانکەن بە هاوبەشی ڕاستەقینە لە شۆڕشەکاندا.

## "یەکێتی ژنانی کوردستان":

رێکخراوێکی ژنانەی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، لە سەرەتادا بە شێوەیەکی نهێنی و لە شاری سەقز لە ٤ی ١١ی ساڵی ١٩٨٩ دامەزرا و

خاتوو "کافیە سلێمان" بووە بە سکرتێری ڕێکخراوەکە. لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا، پەخشان جەلال و درەخشان جەلال حەفیدزادە، بەهیە مەعروف و هەندی ژنی دیکە بەشداربوون، کە ئەمانە پێشتر لە دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیشدا بەشدار بوون. ئەم ڕێکخراوە ١٤ ساڵ دوای دامەزراندنی حیزبەکە دروست بوو. درەنگ دروست بوو، بەڵام بۆ ئەوە دروست بوو هەوڵی بەهێزکردنەوەی پێگەی ژن لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بدات و ببێت بە دامەزراوەیەک بۆ پێگەیاندنی ژن و ڕێکخستنیان و هاوکات فۆرمۆڵەکردنی داخوازییەکانیان. یەکێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی تری ژنان کە لەم ڕێکخراوەدا بووە، ڕووناک رەئوف بووە.

گۆڤاری "تەوار" کە ژمارە ١-٢ی لە شاری سەقز دەرچووە، بوو بە زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوە و وەک ماناش تەوار بەمانای "هەڵۆی مێینە" دێت و ئیماژێکی شۆرشگێڕانە بوو بۆ ڕۆڵی قارەمانێتی ژن و بەهێزی دید و دەروونی ژن. یەکێتی ژنانی کوردستانیش ماوەیەکی کەم پێش ڕاپەڕین دروست بوو(نزیکەی ساڵ و نیوێک)، لەو ماوەیەدا جگە لە دەرکردنی ئەو دوو ژمارەیەی گۆڤاری تەوار، بەهۆی ئەوەی کە لە تاراوگەدا بووە و لە دۆخی شۆڕشدا، چالاکییەکانیشی سنووردار و نهێنی بوون. دوای ڕاپەڕین و لە سەردەمی خەباتی ئاشکراو و ئازاددا ئینجا توانییان ڕۆڵی خۆیان بە باشی بلەیزن و ئامانجەکانیان دیاری بکەن، بەڵام ئەمانیش تەگەرە و کۆسپی زۆریان بۆ دروست بووە بەهۆی تێڕوانینە باوە نێرسالارانەکەی کۆمەڵی کوردەواری و پاشماوەی هزری خێڵگەرێتی و دەرەبەگایەتی و تەنانەت کۆیلایەتیش لە هەندێ شوێنی کوردستاندا.

یەکێتی ژنانی کوردستان؛ لە ساڵی دامەزراندنیدا یەک کۆنگرەی بەستووە و کۆنگرەی تری بەدوادا نەهاتووە. بارەگای سەرەکییان لە سلێمانی بووە و لە شارەکانی تری کوردستانیش لقیان هەبووە. بایەخیان بە چاپەمەنی داوە و گۆڤاری وەرزی تەوار ساڵانێکی زۆرە بەردەوامە و ماوەیەک پەیمان عیزەدین و دواتر کنێر عەبدوڵڵا بوو بە سەرنووسەری و بەردەوامە. ئەم ڕێکخراوە بایەخی داوە بە چارەسەری کێشەکانی ژنان و بۆ ژنپارێزییش شەڵتەری هەبووە. ژنانێکی چالاک و رۆشنبیری لە دەور کۆبۆتەوە و

چەندینیان دواتر بوونەتە ئەندام پەرلەمان و پۆستی حیزبی و حکومەتیان بە دەستەوە گرتووە.

یەکێک لە چەرمەسەرییەکانی مێژووی کورد ئەوەیە کە وەک پێویست سوود لە پرەنسیپی دیموکراتی وەرنەگیراوە. ئەگەرچی دروستبوونی حیزب و رێکخراوی زۆر یەکێکە لە سیما و خەسڵەتەکانی کولتوور و سیستەمی دیموکراتی، بەڵام لە کورستاندا دروستبوونی حیزب و رێکخراوی تر بووە هۆی کەرتوپەرتکردنی کۆمەڵ.

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دوو حیزبی جیا ئاڵاهەڵگری دوو شۆڕش بوون، ئەگەرچی هەردووکیان ئامانجی سەرەکییان رزگاری نەتەوەیی بوو، بەڵام ئامانجی لاوەکییان دژایەتی کردنی یەکتری بوو، نەک کێبەرکێکردن لەگەڵ یەکتری، ئەو ئامانجە شاراوە لاوەکییە وردە وردە گەشەی کرد و زیانی گەورەی گەیاند. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە یەکەمیان هەڵگیرسێنەری شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز و دووەمیان ئاڵاهەڵگری شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان بوو، هاوتەریبی ڕووبەڕووبوونەی دوژمنی داگیرکەری نەتەوەی کورد، ڕووبەڕووی یەکتریش دەبوونەوە و شەڕی براکوژییان لە دژی یەکتری کردووە. ئەم دژایەتی و شەڕانە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا گورزی کوشندەی لە بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەی کورد دا بەوەی هەرچی حزب و رێکخراوی سیاسی بەرهەڵستکاری عێراق بوون لە شاخەکانی کوردستاندا تێک بەربوون و شەڕی براکوژییان ئەنجام دەدا. ئەم دژایەتی و شەڕانە کۆمەڵی کوردستانی دابەش و پەرت کرد. کارێکی وایان کرد رێکخراوە پیشەیییەکانی سەر بە هەریەکەشیان ببێتە خاوەنی هەمان دیدگای دژبەرانە و سەنگەر لە یەکگر. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی خوێندکارانی کوردستان و هەموو رێکخراوە پیشەیییەکانی تریش بە هەمان شێوە بە ناو جوداکرانەوە لە یەکتر و بە فیکر بوون بە بەرهەڵستکاری یەکتر ئەگەرچی دەبوایە بە پێی پیشە و بە پێی بەندیوارییان بە نەتەوەییەکی ژێردەستە، خاوەنی هەمان ئامانج بوونایە و لە سایەی چەتری دیموکراتیدا هاوهەڵوێستانە بۆ ئەو ئامانجانە تێکۆشابان.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان کە هەردووکیان ڕێکخراوی گەورەی خاوەن جەماوەرێکی فراوانن لەناو کوردستاندا، ئەگەر خاوەنی چەترێکی هاوبەش بووبان دەیانتوانی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر سیاسەتی حیزبەکانیان دابنێنن و ببن بە گروپێکی فشاری زۆر بەهیز، بەڵام بەهۆی ناتەبایی و بەرهەڵستی حیزبەکانیانەوە تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو چەترە هاوبەشە پێک بهێنن و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری ژناندا کە ژمارەیان لە ئێستادا نزیکەی ١٥٠ ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی دەبێت کە بۆ هەمان ئامانج تێدەکۆشن، بزوتنەوەیەکی یەکگرتوو نەک دوولەت بۆ رزگارکردنی ئافرەتان لە چەوساندنەوە، لە باشووریی کوردستاندا دروست بکەن و بزوتنەوەیەکی هاوبەشیان هەبێت. هەڵبەتە دواتر حیزبی تریش لە کوردستاندا دروست بوون و ئەوانیش ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیان دروست کرد و لەبەر هەمان هۆکاری ناتەبایی و هەڵنەکردن لەگەڵ کولتووری دیموکراسی و نەزانینی کێبرکێ لەگەڵ یەکتر، هەنگاوەکانیان زۆر بە سستی بەرەوپێشچوونی تۆمار دەکرد. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە تا ئێستا، ئەگەرچی جارو بار ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان دروست بووە و ماوە نا ماوەیەک پێکەوە کۆبوونەتەوە، بەڵام چەترێکی هاوبەش، ستراتیژییەکی هاوبەش و سیاسەتێکی هاوبەشیان بۆ بزوتنەوەی ژنان، پێکەوە پێکنەهێناوە. چەتری هاوبەش بۆ بزوتنەوەی ئافرەتان مانای ئەوە نییە هەموو ژنانی خەباتکار بۆ یەکسانی وەک یەک بیر بکەنەوە. پرسی کورد و پرسی یەکسانی هەردووکیان پرسی رزگارکردنی مرۆڤن لە کۆیلایەتی و چەوساندنەوە، بە بێ یەکریزی و یەکگوتاری رزگاربوون لە کۆیلایەتی و ستەم، دەبێتە ئەستەم.

لە دۆخی شۆڕشەکاندا، لەناو شارەکانی باشووری کوردستاندا ژنان لە سایەی سیستەمێکی دیکتاتۆری داگیرکارانی عێراقیدا ژیانێکی سەخت و دژواریان بەسەر بردووە. کە کورد خۆی بە گشتی مافی پیشێل کرابێت، بێگومان ژنان دوو هێندە مافخوراو و بێبەش بوون. لە پەلامارەکانی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا لە دژی دانیشتوانی کوردستان، ژنان و منداڵانی کوردستان راستەوخۆ و بە زۆری زیانیان لێ کەوتووە، چونکە کەسانی بێ چەک و بێ بەرگری بوون و ئاسان خراونەتە نێو تۆڕەکان و بوونەتە نێچیری دوژمنانی نەتەوەکەیان. لە سەرەتای حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا،

دووجار جینۆسایدی کوردی فەیلی کراوە و لە دووەمجاردا کە ساڵی ۱۹۸۰ بوو کوردانی فەیلی دەرکران و دەست بەسەر هەموو ماڵ و سامانەکانیاندا گیراو بە ڕووتورەجاڵی رەوانەی ئێران کران. لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە هەزاران ژن و دایک و خوشکی پێشمەرگە لە زیندان دەنران و تۆڵەی پیاوەکانیان لەوان دەکردەوە کە بەرهەڵستی ڕژێمی بەعسیان دەکرد. لە ساڵی ۱۹۸۳ دا کە هەشت هەزار پیاوی بارزانی سەرنگومکران و دواتر شەهید کران، تەواوی ئافرەتەکانیان و منداڵەکانیان بە بێ سەرپەرشت مانەوە لە کۆمەڵێکی پیاوسالاری ستەمکاردا و ناچاری کاری سەختکران و وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لە پەلامارەکانی بەدناوی"ئەنفال"ی ساڵی ۱۹۸۸ی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، گەواهی ئەم بۆچوونەیە، کە هەزاران ژن و منداڵ زیندەبەچاڵ کران و لە زیندانەکانی بیابانە دوورەدەستەکاندا ئەشکەنجە دەدران و بە شێوازی جۆراوجۆر دەکوژران و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەپەستران. هەڵبەتە پیاوانیش لەم پەلامارانە رەشبگیر دەکران، بەڵام ڕێژەی بەرکەوتنی ژنان و منداڵان چونکە خەڵکی بێ چەک و بێ بەرگری بوون، زیاتر دەبوو، ئاسانتر بەردەستی دوژمن کەوتوون، جگە لەوەی بە دەیانیان لە زیندانەکاندا لاقە دەکران و دەفرۆشران و وەک کۆیلە مامەڵەیان لە تەکدا دەکرا.

ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ ژندا دەکرا لە سایەی ڕژێمی داگیرکەردا، دەبوو هانی سەرکردەکانی شۆڕش بدات بیر لە کاراکردنەوەی بەشداری ژن بکەنەوە لە ناو شۆڕشدا و پێگەی بەهێزی لە سەرکردایەتی و بنکردایەتیشدا پێ ببەخشن، بەڵام وا نەکەوتەوە، تا لە دۆخی بەرهەڵستکاری بوون لە شاخدا، بیریان لەمە نەکردەوە و کە شۆرشیش سەری گرت و بەشێکی کوردستان رزگار بوو، هێشتاش ئەو بیرکردنەوەیە زاڵ بوو بە سەریاندا و بڕوایان وا نەبوو کە ژن دەتوانێ کارەکتەرێکی کارا بێت و لەناو سیاسەتدا ڕۆڵ بگێڕێت. بەڵگەی ئەم قسەیەش پێگەی لاواز و کەمڕەنگی ژنان بوو لە ناو یەکەمین پەرلەمان و یەکەمین حکومەتدا کە حیزبەکانی باشووری کوردستان دایانمەزراند. لە ئەرشیفی کۆبوونەوەکانی هەموو حیزبەکان بڕوانیت، لە وێنەکاندا تەنها پیاو دەبینیت. لە وەفدەکانی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، لە وەفدەکانی دەرەوەی وڵات و ناوەوەی وڵاتدا، تەنها وێنەکان پیاون

و ژن هیچ ڕۆڵیان پێ نەدرابوو تا ساڵی ٢٠١٠، کە وەرچەرخانێک ڕوویدا و چەند ژنێک هێنرانە مەیدان و ناو سەرکردایەتی حیزبەکانەوە.

لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، لە باکوور و ڕۆژهەڵات، بە تایبەتیش لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە، ژنان بە کردار و وەک پێشمەرگە و گریلا بەشداری خەباتی چەکدارییان کرد لە شۆرشی رزگاریخوازی کوردستاندا، کە ناوەرۆکی ئەو بەشدارییە و کاریگەریەکانی بە چەند دێڕێک دەرنابڕدرێت، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی گەرەکە، بەڵام نابێ لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک سەردێڕێک یان ئاماژەیەکیش بێت، باسی نەکەین و بەسەریدا تێبپەڕین. لە ساڵی ٢٠١٤شەوە بەشداری شێرانەی کچانی رۆژئاوای کوردستان لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم و تێکشکانی ئەفسانەی (داعش) بە دەستی شەرڤانانی کچ لە رۆژئاوا و دەنگدانەوەی جیهانی ئەو قارەمانێتییەی ئەوان، دەیسەلمێنێت کە ژنی کورد لە تێکۆشاندا بە قەد پیاوی کوردی لە دەست دێت، ئەگەر زیاتریش نەبێت، هیچ کەمتر نییە. کچی کورد لە باشووری کوردستان کەمتر نییە لە کچی کورد لە باکوور یان رۆژئاوای کوردستان، ئەی بۆچی لەوێ هەڵمەت دەبات و دڕندەترین هێزی تیرۆریست تێک دەشکێنێت، کەچی لە باشوور بەدیلی دەگیرێت و بەکۆیلەدەکرێت و دەفرۆشرێت، وەک ئەوەی کە لە ٢٠١٤/٨/٣ لە شەنگال ڕوویدا و هەزاران ژن و کچی کورد کەوتنە دەستی ئەو هێزە تیرۆیستەی کە بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) پەلاماریان دان. هیچ گومان لەوەدا نییە، کە ئەو کچ و ژنانەش ئەگەر دەرفەتیان درابا و پەروەردە کرابان، هەمان لەشکری شێرئاسای وەک یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە) دەبوون. ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت و لە لێکۆڵینەوەی تایبەتدا لێیان دەکۆڵینەوە. لێکۆڵینەوەکەی ئەمجارەمان تایبەتە بە بەشی باشووری کوردستان و بە قۆناغبەندی باسیان دەکەین.

***

**"فێمینیست هەر کەسێکە کە یەکسانی و مرۆڤایەتی تەواوی ژن و پیاو دەناسێت."**
گلۆریا شتاینم

# ئافرەتیزم
# لە قۆناغەکانی پاش ڕاپەڕینەوە

***

# پێگە و ڕۆڵی ژن
# لە ناو کابینەکانی حکومەت و
# خوولەکانی پەرلەمان

**"ئێمە تێدەکۆشین بۆ جیهانێکی یەکگرتوو، بەڵام هەواڵی خۆش ئەوەیە کە ئێمە بزوتنەوەیەکی یەکگرتوومان هەیە."**

**ئێما واتسۆن**

# قۆناغی یەکەم: "ژیانەوەی کورد" (١٩٩٢-١٩٩٤)

دەتوانین بڵێین ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتیەکانیان لە باشووری کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە بە گوڕ و تینێکی نوێوە دەستیان پێکرد. ئەو ئافرەتانەی کە بە هەزاران بوون و لە پێش ڕاپەڕیندا لە ڕێکخراوی نهێنی حیزبەکاندا کاریان دەکرد، ئەوەی کە پێی دەگوترا خەباتی ژێرزەمینی، لە ڕۆژەکانی ڕاپەڕیندا بە ئاشکرا و شانبەشانی پیاوەکان و پێشمەرگەکان ڕۆڵیان بینی لە ئازادکردنی شار و شارۆچکەکان لە دەستی دوژمنی داگیرکەر، کە سوپا و ئەمنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و سەددام بوون.

لەساڵی ١٩٩١ ەوە کە کەشێکی نیمچەئازاد دروست بوو بەهۆی نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە بەشێکی باشووری کوردستان، پانتایەک بۆ خەباتی کۆمەڵی سیڤیلش دروست بوو، کە پێشتر و لە سایەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا ئەو جۆرە خەباتە مەدەنییە قەدەغە و ئاستەم بوو، کە دەشکرا بە نرخی گیان تەواو دەبوو، یان بە مەحکوم بوون بە ساڵانێکی زۆری ئەشکەنجە و زیندان.

ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی و سەنتەر و سەندیکاکان دروست بوون یان ئەوانەی کە پێشتر دروست بوون و خەبات نهێنییان دەکرد، گەشەیان کرد و ئیتر بە ئاشکرا چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرەتاوە دەیان ژن و هێدی هێدی سەدان ژن هاتنە مەیدان و کاری ڕێکخراوەکانیان برەو پێدا، بەڵام لە ڕووی جەماوەرییەوە دوو ڕێکخراوی سەر بە دوو حیزبی سەرەکی زۆرترین ئەندام و باشترین ئیمکانیەتیان لەبەردەستدا بوو، ئەوانیش یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان بوون.
ساڵی ١٩٩١، سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوچە رزگارکراوەکان بە دەستی "بەرەی کوردستانی"ەوە بوو، کە پێکهاتبوو لە بەرەیەکی حەوت حیزبی لە حیزبە کوردستانییەکان کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی

کوردستان بەهۆی زۆری ژمارە و دەسەڵاتیانەوە پشکی شێریان لە نوێنەرایەتیی ئەو بەرەیەدا هەبوو. سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لیژنەیەکی پانزەکەسی لە نوێنەرانی ئەو حیزبانە پێکهێنا کە گەڵاڵەی پرۆژەیەک بکەن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراسی بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دیموکراتی و پەرلەمانی. پانزە نوێنەرەکەی حیزبەکان هەر پانزەیان پیاو بوون و بریتی بوون لەو بەرێزانە (ڕەشید عەبدولقادر، مەعرووف رەئووف، نازم حەوێزی، حاکم ئەمیر، شەمسەددین موفتی، مەحموود بابان، سەعدی بەرزنجی، خورشید شەوکەت، مستەفا عەسکەری، فەرسەت ئەحمەد، قەیس دیوالی، حەسەن عەبدولکەریم، بەختیار حەیدەری، قادر جەباری و، فەرەنسۆ هەریری.). هەڵبەتە تەواوی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییش لە سەرەتای دامەزراندیانەوە تا ئەو کاتەش لە پیاو پێک هاتبوون و هەر حەوت حیزبەکە تا ئەو کاتە هیچ ئافرەتێک لە سەرکردایەتیان دا نەبوو، ١٠٠% لە پیاوان پێکهاتبوون.

ئەو لیژنەیە لە ١٩٩٢/٤/٢٨ یاساکەیان دایە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و وەک یاسای ژمارە ١ بۆ هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٩٢ پەسەند کرا. لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢ دا ئەنجام درا بە بەشداری ٩٦٧٢٢٩ دەنگدەر لە سێ پارێزگای کوردستان هەولێر، دهۆک و سلێمانی، لەگەڵ بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی دەڤەری گەرمیان. بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەر حزبێک دەبوایە ٧% -ی دەنگەکان بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی کورسییەکی پەرلەمان مسۆگەر بکات. حەوت لیست بەشداریان لە هەڵبژاردندا کرد، بەڵام دوو لیست بوون بە براوە. "پارتی دیموکراتی کوردستان" بە تەنیا و لیستی هاوبەشی "یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشان" زۆرینەی دەنگەکانیان بردەوە کە ڕێژەیەکی نزیکی یەکتریش بوو. پارتی (٤٥،٥%) و یەکێتی و زەحمەتکێشان(٤٣،٦١%) بوون.[٤٧]

حیزبەکانی تری بەشدار هیچیان ئەو ڕێژەیەیان بەدەست نەهێنا کە پێی بچنە پەرلەمانەوە. لەبەر ئەم هۆیە پەرلەمانیش و حکومەتیش لە یەکەم خول و

---

٤٧ بروانە ماڵپەڕی ویکیپیدیا. ئینسکلۆپیای ئازاد.

یەکەم کابینەدا بە پێی ڕێککەوتنی نێوان خۆیان بەهاوبەشی ٥٠/٥٠ لە نێوان پارتی و یەکێتی دامەزرێندرا.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ژنان و ئافرەتان لەو بارودۆخەدا هێشتا نوێ و بێ ئەزموون بوون، بۆیە نەیانتوانیبوو فشارێکی ئەوتۆ دابنێن لەسەر سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کە پێگەیەکی شایستە بە ژن بدات لە پەرلەمان و لە کابینەی حکومەتدا. ئەو ژنانەی کە سەروسەودایان لەگەڵ مافخوازیدا هەبوو هێشتا فریا نەکەوتبوون داخوازییەکانیان فۆرمۆڵە بکەن و پێشکەش بە سەرکردایەتییەکانی حیزبەکانی خۆیانی بکەن کە پێکهێنەری پەرلەمان و حکومەتی تازەدامەزراو بوون، بۆیە لە یەکەمین پەرلەمانی کوردستاندا پێگەی ژن وەک ژمارە کەم و وەک کاریگەرییان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت لە بواری یاسا و مافەکانی ژناندا، کەمڕەنگ بوو.

# پێگەی ژن
# لەناو یەکەمین خولی پەرلەمانی کوردستان

بە پێی یاسا ماوەی هەر خولێکی پەرلەمانی کوردستان چوار ساڵە، دەبوایە ماوەی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە نێوان ساڵانی(١٩٩٢-١٩٩٦) بێت. لە ١٠٥ کورسی پێکهاتبوو، کە پێنجیان بۆ پێکهاتەکانی تورکمان و کلدوئاشوور و کرستیان تەرخان کرابوو، سەد کورسییەکەی تریشی بە یەکسانی ٥٠/٥٠ لە نێوان پارتی و یەکێتی دابەشکرا. هەر بە پێی ئەوەش یەکەمین کابینەی حکومەتیش هەر بە کوالیسیۆنی ئەو دوو حیزبە و بە نیوەبەنیوە و هاوبەشی دروست بوو، کە زیاتر لە ناو خەڵکدا بە دەستەواژەی حکومەت و پەرلەمانی(فیفتی فیفتی) ناو دەبرا.

لەسەرەتاوە لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا تەنها دوو ئافرەت دانرابوو، بەڵام لە کاتی ماوەدرێژکردنەکەیدا (کەبەهۆی شەڕی براکوژییەوە تا ٢٠٠٥ خولی یەکەم درێژەی کێشا)، دوو ئافرەتی تر دانرا، واتە لە ماوەی خولەکەدا کە ١٣ ساڵی خایاند لە فراکسیۆنی پارتی چوار ئافرەت بەشدار

بوو، کە ئەم خانمانە بوون:(شەفیقە فەقێ عەبدوڵا حسێن، فەوزیە عیزەدین رەشید، حەلیمە حسێن مەحەمەد بارزانی، زوهرە حاجی تەها رەسوڵ).

لە لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرەتا سێ و دواتر دووی تر زیاد کرا، واتە لە ماوەی ١٣ ساڵەکەی خولی یەکەمدا لە فراکسیۆنی یەکێتی دا پێنج ئافرەت هەبوو، کە ئەم خانمانە بوون( گەلاوێژ عەبدولجەبار جەباری، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، نەهلە مەحەمەد سەعدوڵلا، نەسرین مستەفا مەزهەر، پەریخان مەحمود شەوقی کە بە "شەمام شەوقی" ناسرابوو). هەندێ لەو ئافرەتانە جێگۆرکێیان پێکرا لە دووبارە کاراکردنەوەی پەرلەماندا لە دوای شەڕی براکوژیی. واتە لە سەرەتاوە بەشداری ئافرەتان ٦% بوو، درەنگتر و لە ساڵانی کۆتایی خولەکەدا بوو بە ٨%.

لە خولی یەکەمی پەرلەماندا لیژنەیەک بە ناوی "لیژنەی پاراستنی مافەکانی ئافرەتان" دانرا و فەوزیە عیزەدین رەشید لە لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو. جگە لەو لیژنەیە کە تایبەتمەند بوو بە مافەکانی ئافرەتان، لیژنەکانی تری پەرلەمان تێکڕایان پیاوانی ئەندامپەرلەمان سەرۆکایەتییان دەکرد، وەک چۆن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەر لە پیاو پێکهاتبوون.[٤٨]

...

---

[٤٨] https://ckb.wikipedia.or

# پێگەی ژن لەناو یەکەم و دووەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان لە قۆناغی ژیانەوەدا؛ یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ناوزەد کرد، حکومەتێک کە پێی دەگوترا (فیفتی فیفتی) چونکە بە شێوەیەکی نیوەبەنیوە وەزارەتەکانی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دا دابەش کرا. ئەو حیزبانە لە نەریتی دابەشکردنی پۆستەکاندا ئەوەیان پەیڕەوی دەکرد و تا ئێستاش ئەو نەریتە برەوی ماوە کە سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەر کامیان بێت، سەرۆکی حکومەت بۆ ئەویتریان دەبێت، جێگرەکانیشیان بە هەمان شێوە. لە خولی یەکەمی پەرلەماندا، سەرۆکی پەرلەمان بۆ پارتی تەرخان کرا و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ یەکێتی. سەرۆکی پەرلەمان جەوهەر نامیق سالم بوو، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران د. فوئاد مەعسوم بوو.

کابینەی یەکەمی حکومەت، تەنها یەک وەزیری ژنی ناوزەدکرد، ئەویش "کافیە سلێمان" بوو کە بە وەزیری شارەوانی دانرا. کافیە سلێمان سەرۆکی "یەکێتی ژنانی کوردستان"یش بوو، کە رێکخراوێکی ژنانەی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و خۆی لە دامەزرێنەرانێتی. لە بەشی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە کابینەی یەکەمی حکومەت، وەزیرەکان هەموویان پیاو بوون.

لە قۆناغی ژیانەوەدا هێشتا هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵنەمژرابوو کە ناکۆکییەکان دەرکەوتن و سیماکانی پێکەوەهەڵنەکردنی دوو حیزبی هاوبەش لە حکومەت و پەرلەمان، دەرکەوتن. ساڵێکی نەبرد کابینەی یەکەم دەستی لەکار کێشایەوە و لە ١٩٩٣ کابینەی دووەم دامەزرێندرا و ئەمجارە کۆسرەت رەسوڵ عەلی بوو بە سەرۆکوەزیران و تا١٩٩٤ بەردەوام بوو، واتە تا کاتی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی.

لەناو کابینەی دووەمیشدا هەمان وەزیری ژن مایەوە و بەردەوامی بە کارەکانی خۆی دا، بەڵام لەو کەشە پڕ نائارامییەی ساڵی پێش شەڕی ناوخۆیی، چاوەڕێی هیچ دەستکەوتێک نەدەکرا لەو کابینەیەی کە سیمایەکی پیاوسالارانەی بەسەردا زاڵ بوو.

***

## قۆناغی دووەم: "شەڕی براکوژی"(١٩٩٤-١٩٩٨)

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئەم دوو حیزبە پێکەوەهەڵکردنیان ئاستەم بوو، بۆیە لە دابەشکردنی دەسەڵاتیش بەو شێوە نیوەبەنیوەیە ناکۆک بوون و نەیانتوانی پێکەوە هەڵبکەن و بوو بە شەڕیان کە بە شەڕی براکوژی لە زەینی مرۆڤی کوردا ورد تۆمار بووە.

بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، کە ساڵانی نێوان ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ ی خایاند[٤٩]، کاروبارەکانی پەرلەمانیش هەڵپەسێردرا و حکومەتیش دوولەت بوو، وەک دوو ئیدارەی جیاواز لە سلێمانی و هەولێر دابەش بوون و دابران لە یەکتر. پەرلەمان ئەگەرچی نەبوو بە دوو بەشەوە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی نیوەی ئەندامەکانی، ماوەیەکی زۆر نەیدەتوانی کاروبارەکانی یاسادانان ڕایی بکات و نەشیدەتوانی چاودێر بێت بەسەر حکومەتەوە، چونکە حکومەت لە ١٩٩٤ تا ٢٠٠١ حکومەتێک بوو دەسەڵاتی تەنها لە چوارچێوەی دوو پارێزگادا هەبوو (هەولێر و دهۆک)، کە دەستەواژەیەکی سیاسی بۆ داهێنرا و پێی دەگوترا "زۆنی زەرد" بەمانای ئەوەی کە دەڤەری ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە ڕەنگی ئاڵا و هێماکانی حیزبەکە زەرد بوو. لە ٢٠٠١یشەوە لە سلێمانی حکومەتێکی تر پێکهێنرا کە دەسەڵاتی تەنها بەسەر ناوچەی سلێمانی و شارەزوور و گەرمیاندا هەبوو، کە دەستەواژەی "زۆنی سەوز" بۆ ئەو دەڤەرە بەکار دەبرا، بە مانای ئەوەی کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، کە ڕەنگی ئاڵا و هێماکانی حیزبەکە سەوز بوو. ئیتر

[٤٩] https://ckb.wikipedia.org/

حکومەت ببوو بە دوو ئیدارەی لێکدابڕاو و تەنانەت نەیاری یەکتر. بۆیە سەبارەت بەوەی لەو ١٣ ساڵەدا پەرلەمان چ دەستکەوتێکی هەبووبێت بۆ ژن، دەبێت بڵێین مەخابن بەهۆی شەڕەوە پەرلەمان بۆ هیچ چین و توێژێک نەیدەتوانی دەستکەوتێکی ئەوەندە بەرچاوی هەبێت، بە پێچەوانەوە لە قۆناغی شەڕدا پێگەی ژن لاوازتر بووەوە، چونکە قۆناغی شەڕ و بە تایبەت لە کۆمەڵەکانی رۆژهەلاتیدا کە کۆمەڵی نەریتین و سیستەمی پیاوسالاری بە بەرفراوانی پیادەیە، لە دۆخی شەڕدا ڕۆڵی پیاو بەرجەستە دەبێت، چونکە کارەکتەری شەڕکەرن و لە چاوی خەڵکدا دەبن بە هێمای هێز و دەسەڵات، هەرچی کاراکتەری ژنە، لەبەر ئەوەی ئاشتیخوازانەیە، لە عەقڵیەتی ئەو جۆرە کۆمەڵەدا دەبێتە هێمای لاوازی و بێدەسەڵاتی. لە قۆناغی شەڕی براکوژیشدا لە باشووری کوردستان، ژن پێگەی لاواز بووەوە و لە تێڕوانین و کۆهۆشی کۆمەڵدا ئیماژی ژن زیاتر وەک رەمزی بێدەسەڵاتی چەسپا.

لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە ژمارەیەکی زۆر لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکان هاتبوونە کوردستان بۆ گەیاندنی فریاگوزاری مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و هاوکاریکردنی بەرنامەکانی تایبەت بە دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی جێندەری و هتد، جگە لەوەش بە شێوەی ماددی و مانەوی هاوکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بە تایبەتیش پرۆژەکانی تایبەت بە ئافرەتانیان دەکرد، بەڵام لە قۆناغی ترسناکی شەڕی ناوخۆییدا، زۆرینەی ئەو رێکخراوانە کوردستانیان بەجێ هێشت و کەشی شەڕی گەرم کاری هەموو رێکخراوەکانی خۆماڵیشی پەککخست. ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی هەندەران پرۆژەی جۆراوجۆریان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و دەستگیرۆیی مندالانی بێ دایکوباوک هەبوو، شەڕی ناوخۆیی هەموو ئەو کارانەی بە نیوەناچڵی راگرت.

لە ماوەی شەڕی براکوژیدا ئافرەتان رۆڵێکی ئاشتیخوازانەیان گێڕا، ژنانی ڕۆشنبیر و کەسایەتی بێلایەن و ئەندام و لایەنگرانی رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵی مەدەنی دەیان نامەی ناڕەزاییان دژی شەڕی براکوژی ئاراستەی سەرۆکی حیزبەکان کرد و داخوازی شەڕوەستانیان دەکرد. ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات ناڕەزاینامەیان بۆ سەرۆکی حیزبەکان نارد. لە ناڕەزاینامەیەکدا کە ٨٠ ژنی ڕۆشنبیر و چالاکی کورد کە دانیشتووی سوید،

بەریتانیا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و وڵاتانی تر بوون، بۆ هەردوو سەرۆکی حیزبی بەشەڕهاتوو نارد. ژنان لە کوردستاندا ڕێپێوانی ئاشتیان ساز دا و یاداشتیان دەدایە هەردوو سەرۆکی هەردوو حیزبی بەشەڕهاتوو. بۆیە ڕۆڵی ئاشتیخوازانەی ژنان لە ڕۆژگاری شەڕی براکوژیدا پێویستە لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی خەباتی ژناندا تۆمار ببێت و نەوەکانی داهاتوو ئاگاداری ڕۆڵی ئاشتیخوازانەی دایکانیان بن. ڕۆڵی یەکێتی ژنانی کوردستان لەو چالاکییە ئاشتیخوازانەدا شایانی ستایشە، کە بە دەسپێشخەری ئەوان و هاوکاری دەیان ژنی چالاک و ڕۆشنبیری بێلایەن، لە سلێمانییەوە تا هەولێر ڕێپێوانی ئاشتییان سازدا. ئەو یاداشتەی ئاراستەی هەردوو سەرۆکی پ.د.ک و ی.ن.ک کرا، بە واژۆی یانزە ڕێکخراو بوو، کە یەکێتی ژنانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەرمەشقیان بوون.

هەڵبەتە هەر ئەو ژنە پێشەنگانەی ئاشتیپارێز بوون درێژەیان بە خەباتی یەکسانخوازی لە کوردستان دا لە دوای تەواوبوونی شەڕ و دەستکردنەوە بە ژیانێکی نیمچەئاسایی پاش شەڕ، چونکە لێکەوتەکانی شەڕ تا ماوەیەکی درێژخایەن شوێنەوارێکی نێگەتیڤی لەسەر تەواوی کۆمەڵ دانا و لە ئێستاشدا شوێنەواری دەروونی شەڕ بە تەواوەتی لە زەین و ڕۆحی مرۆڤی کورد نەسڕدراوەتەوە.

شەڕ بە گشتی؛ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ڕوو بدات، وێرانی وماڵوێرانی لەگەڵ خۆی دەهێنێ، هەژاری و بێکاری زیاتر دەکاتەوە، نەخۆشی و ناخۆشی و بێزاری دەبێتە خەسڵەتی ئەو کۆمەڵە، بەڵام جگە لەوانەش بە تایبەتی بۆ ژنان شەڕی براکوژی لێکەوتەی مەترسیداری دروستکرد، چونکە بڵاوبوونەوەی دیاردەی چەکداری بە بێ مۆڵەت لە وڵاتێکدا کە هێشتا یاسای تێدا بەرقەرار نەبوو، دیاردەی ڕەشەکوژی ژنانی بەرهەمهێنا. لەوساڵانەی شەڕدا بە سەدان ژن کوژران بە پاساوی جۆراوجۆر، کە یەکێک لەو پاساوانە گوایە پاکتاوی ئەو ئافرەتانە دەکەن کە دەستیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا هەبووە و لە دژی پێشمەرگە و شۆڕش لە بەرژەوەندی دوژمن کاریان کردووە. یاخوود بە پاساوی ئەوەی ئەو ژنانە لەشفرۆشن و پاکتاویان دەکەن، ساڵانە سەدان ژن دەکوژران. کوشتنی ژن بەو پاساوە لە دۆخەوە بوو بە دیاردە و لە بەرامبەریدا دەنگی نارەزایی ڕێکخراوەکانی ژنان و هەموو ژن و پیاوانی

ئاشتیخواز و ئازادیخواز بڵند بووەوە. چەندین گردبوونەوە و کەمپین بۆ دەربڕینی نارەزایی لە دژی رەشەکوژی ژنان دروست کرا کە پێکەوە رێکخراوەکان ئەنجامیان دەدا. سیمینارییان چی دەکرد و نارەزاییینامەیان دەدایە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

یەکێک لەو ڕێکخراوانەی جێگەی دەستی لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەبەرامبەر ژناندا دیار بوو رێکخراوی ژنانی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دامەزران و رەوتێکی رادیکاڵانەیان هەبوو. رێکخراوەکەیان ناوی (رێکخراوی ژنانی سەربەخۆ) بوو کۆمەڵێ ژنی ئازای هەڵسوڕاو بوون زۆر چالاکی بوێرانەیان ئەنجام دەدا، لە دیبەیتەکاندا لە رادیۆ و تیڤییەکاندا بە راشکاوی لە دژی دیاردەی چەکداری دەوەستانەوە. لە ساڵی ١٩٩٨دا کە بە کردار شەڕ تەواو بوو بوو، بەڵام شوێنەواری شەر بە هەموو شوێنێکەوە دیار بوو، توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە پەڕەگرتندا بوو، لەو کاتەدا چالاکوانانی ژن دەستیان کردە چالاکی بۆ داواکردنی هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسی و یاسای سزادانی عێراقی، کە لەناو ئەو یاسایانەدا پێشێلکاری مافەکانی ژن بە ئاشکرا هەبوو، تەنانەت کوشتنی ژن بە پاساوی شۆرینەوەی شەرەف بە ڕەوا دەزنرا بۆ خێزان، ئەمەش وای کردبوو ئازادی ژن بەرتەسک بکرێتەوە و بەو بیانووەوە بکوژرێت.

رێکخراوەکان ئاماری ترسناکیان بڵاودەکردەوە دەربارەی کوشتی ژنان کە ساڵانە خۆی لە چەند هەزارێک دەدا. ژنانی کورد لە هەندەران، لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپا بۆ پاڵپشتی لەو داخوازی و کەمپینانە چالاکی جۆراوجۆریان دەکرد و نارەزاینامەیان بڵاودەکردەوە. لەو ساڵانەدا بە سوودوەرگرتن لە دۆخی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی، ئیسلامی سیاسی پەرەی سەندبوو و لە بەرامبەر ئەو ژنانەدا دەوەستانەوە کە چالاک بوون و داوای مافەکانی ژنانیان دەکرد. ئیسلامی سیاسی مەلاکانی مزگەوتیان دنە دەدا لە دژی چالاکوانانی ژن وتار بدەن و بە کافر و لەدیندەرچوو بیانناسێنن و کۆمەڵانی خەڵک لە دژیان بوروژێنن. مەلاکان لە مزگەوتەکانەوە و لە وتارەکانی رۆژانی هەینیدا زیاتر پیاوانیان هان دەدا کە ئازادی ژن لە خێزانەکانیان سنووردار بکەنەوە. ئافرەتانی چالاکیش لە کاردانەوەی ئەواندا

بەرهەڵستییان دەکرد و سیمینار و گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان ئەنجام دەدا. یەکێک لە سیماکانی توندوتیژی ئیسلامی سیاسی لەو کاتەدا هەوڵدانی سەپاندنی حیجاب بوو بەسەر ژناندا. هەندێ چالاکی مەترسیداری وەک تێزاب رژاندن بەسەر پێی ڕووتی ژنانی مەدەنی لە بازاڕ و شوێنەگشتییەکاندا، بوو. ئەو کارانەی ئەوان کاردانەوەی زیاتری رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ڕۆشنبیری چەپی پێشکەوتنخوازی لە کۆمەڵدا بە دوای خۆیدا هێنا، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە کۆمەڵی کوردستان سەرەڕای ئەو دۆخە دژوار و قورسەی کە شەر هێنابووی، کۆمەڵێکی زیندووە و بزوتنەوەی ژنانیش بەپێوەیە و بۆ بەدەستهێنانی مافەکان دەنگی هەڵبڕیوە.

***

"پیاوان دەترسن ژنان پێیان پێبکەنن، ژنانیش دەترسن پیاوان بیانکوژن."

مارگرێت ئاتوود

# قۆناغی سێیەم: "نەشەڕ نە ئاشتی" (١٩٩٩-٢٠٠٢)

ئاشتکردنەوەی دوو حیزبی بەشەڕ هاتوو، ئەگەرچی لەسەر دەستی ژنانی ئاشتیخوازی کوردستان بەرهەم نەهات، سەرەڕای ئەو هەموو داخوازی و چالاکییانەی کە لەو پێناوەدا ئەنجامیان دا"چوون حیزبەکان وەک پێشتریش باسمان کرد بڕوایان بە توانای ئەوان نەبوو"، وەلێ هەر ژنێک بوو لە ئاکامدا ئەو کارەی ئەنجام دا.

لە ١٧ ی ئەیلوولی ١٩٩٨ دا بە ئامادەبوون و ناوبژێوانی "مادلین ئۆلبرایت" وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەردوو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، لە واشەنتۆن واژۆی ڕێککەوتنێکی ئاشتییان کرد و شەڕیماڵوێرانکەر کۆتایی پێهێنرا. بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕ و واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەش، هێشتا کەشی دەروونی و رۆحی لایەنگرانی هەردوو حیزب و هەموو ئەندامانی کۆمەڵی کوردستان، هەر شێواو و بارگاوی بوو بە دەرەنجام و لێکەوتەکانی شەڕەوە، چوون لەو شەڕەدا ٥٠٠٠ مرۆڤی کورد لە ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو لا کوژران[٥٠]، وێڕای سەدانی ون کراو و بریندار، زیانێکی بێشوماری ماددی لە هەردوولا و لە کۆمەڵی کورد بە گشتی.

خولی یەکەمی پەرلەمان مابوو، بەڵام کارەکانی لەبەر ئەو بارودۆخە دژوارەی شەڕ هەڵپەساردبوو. لە ١٩٩٦ەوە تاکو ٢٠٠٢ پەرلەمانی کوردستان نەیدەتوانی کارە ئاساییەکانی خۆی بکات. تەنانەت دوای ڕێککەوتننامەی ئاشتییش لە ١٩٩٨ بۆ ئەوەی بارودۆخی نێوان ئەو دوو حیزبە ئاسایی بکرێتەوە سەدان کۆبوونەوە لە نێوانیاندا ڕووی دا و ئەو

---

[٥٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کۆبوونەوانە چوار ساڵی خایاند تا بتوانن بڕیاری پێکەوە کاراکردنەوەی پەرلەمان بدەن.

خولێکی تری پەرلەمان بە ناوی "خولی گواستنەوە" کە درێژەپێدەری هەمان خول بوو لە ٢٠٠٢ دەستی پێکرد لە دوای رێککەوتنی ئاشتییەوە و تا ٢٠٠٥ درێژەی کێشا. بەم جۆرە تەمەنی خولی یەکەمی پەرلەمان لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٥ ی کێشا و لەو ماوە دوور و درێژەشدا بەهۆی ئەو ناوبڕە درێژەی قۆناغی شەڕی براکوژی و گرژی و ناکۆکی قۆناغی "نە شەڕ نە ئاشتی"، نەیتوانی وەک پەرلەمانێکی چالاک ئەرکەکانی یاسادانان و چاودێریی و هتد، بە تەواوی ئەنجام بدات.
ئەوەی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان وەک دەسەڵاتی یاسادانان لە بەرژەوەندی ژنانی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دابێت، هەموارکردنەوەی چەند بڕگەیاسایەک بوو لە ساڵی ٢٠٠١ کرا، ئەویش یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩بوو. هەڵبەتە ناکرێت هەوڵ و تێکۆشانی ئەو سەدان ژنە تێکۆشەرانە لەبەرچاو نەگیرێت کە گەڵاڵەی پرۆژەیاسایان پێشکەش بە پەرلەمان دەکرد و داخوازی گۆڕینی ئەو بڕگەیاسایانەیان بەرزکردەوە. جگە لەوەش هەزاران واژۆ کۆکرایەوە بۆ پشتگیریکردنی داخوازی گۆڕینی ئەو یاسایانە.
من بۆ دڵنیابوونەوە لەو کاری هەموارکردنەوەیە پەیوەندیم بە خاتوو فەوزیە عیزەدین رەشید کرد کە ئەو دەم سەرۆکی لیژنەی مافی ئافرەتان بوو، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی هەموو ئەو بڕگە یاسایانە بە یەک دانیشتنی پەرلەمان هەموار کراونەتەوە و سەرۆکی حکومەتی ئەوکاتەی ئیدارەی هەولێریش "نێچیرڤان بارزانی" شێلگیرانە پشتیوانی ئەو گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەیە بووە. هەروەها فەوزیە خان جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە رێکخراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و رێکخراوە پیشەییەکانی حیزبەکانی دیکەش لە خوازیارانی ئەو گۆڕانکاریە بوونە و هەزاران واژۆیان کۆکردووەتەوە بۆ پشتیوانی لە هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی عێراقی و چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان رێکخراوەکان و لیژنەی مافی ئافرەتانی پەرلەمان ئەنجام دراوە پێش ئەوەی دانیشتنی کۆتایی لە پەرلەماندا بکرێت و یاساکە هەموار بکرێتەوە.

# کابینەی سێیەم و چوارەمی دوولەتبووی حکومەت

کارکردنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئاماژەمان پێدا تەمەنێکی هێندە درێژی نەبوو، هێندەی نەخایاند کە شەڕی براکوژی هەڵگیرسا و کابینەکەی دوولەت کرد. لە کابینەی سێیەمدا دوو ئیدارە دروست بوو، کە هەردووکیان ناویان لە خۆیان نابوو حکومەت و سەرۆک وەزیران و کابینەی خۆیان دامەزراند بەو جۆرەی خوارەوە و ناویشیان لێنرا کابینەی دووەمی حکومەت:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر(١٩٩٩-١٩٩٦)، کە سەرۆک وەزیرانەکەی رۆژ نوری شاوەیس بوو و جێگرەکەی نێچیرڤان بارزانی بوو.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر(٢٠٠٥-١٩٩٩)، کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران و سامی عەبدولرەحمن جێگری بوو.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی،(٢٠٠٥-٢٠٠١)، بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عیماد ئەحمەد جێگری بوو.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی،(٢٠٠٦-٢٠٠٥)، عومەر فەتاح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عیماد ئەحمەد جێگری بوو.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی کوردستانیش هەر بە دوو ئیدارەیی مایەوە. لە سلێمانی بۆ ماوەیەکی درێژ دوای شەڕ بۆشایی ئیداری هەبووە ئینجا کابینەی حکومەت دروست کراوە، لە هەولێر هەر لە ١٩٩٦ ەوە کابینەی سێیەمی حکومەت دروست کراوە. بەرهەم ساڵح و عومەر فەتاح سەرۆکایەتی کابینەکانی ئیدارەی سلێمانییان کرد و د.رۆژ نوری شاوێس و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی کابینەکانی سێیەم و چوارەمی ئیدارەی هەولێریان کرد.

خەباتی یەکسانیخوازی لەو جۆرەیە کە لە کەشی ئاشتیدا گەشە دەکات و لە دۆخ و کەشی شەڕدا یان ڕادەوەستیت، یانیش هەنگاو بۆ دواوە دەنێت. لەو بارودۆخە شێواو و پڕ نیگەرانییەدا چاوەڕی ناکرێت پێگەی ژن ئەوەندە بەهێز بێت لەناو حکومەتدا. لە کابینەی سێیەمی هەولێردا پێگەی ژن زۆرلاواز بوو، تەنها یەک وەزیر دانراوە، ئەویش "نازەنین مەحەممەد وسوو" کە هەمان جێگەکەی کافیە سلێمان"یان پێ سپاردووە و بە وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دایانناوە. هەڵبەتە لە کەشی کوردستانی دوای ڕاپەڕین کە شوێنەواری جینۆساید بەهەموو جێیەکی کوردستانەوە دیار بوو، کوردستان شوێنێکی گەشتوگوزاری تێدا نەبوو، هێندەش بایەخ بەو لایەنە نەدرا و لەبەر بێبایەخبوون لە کابینەی یەکەم و دووەم و سێیەمیش هەر بە وەزیری ژن دراوە. لە هەولێر جگە لە نازەنین وسوو، لە کابینەی چوارەمدا تەنها نەسرین بەرواری پۆستی وەزیری بینی، کە پاشتر نێردرا بۆ بەغدا و لەسەر لیستی پارتی لە حکومەتی بەغدا بوو بە وەزیر. لە سلێمانیش لە کابینەکانیدا لە ماوەی نێوان ٢٠٠١تا٢٠٠٦ دا، نەرمین عوسمان، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و شەونم عەبدولقار وەزیری پەروەردە و پەروین بابەکر وەزیری پیشەسازی و پەخشان حەفید وەزیری مافی مرۆڤ و د. ئەختەر نەجمەدین وەزیری خوێندنی باڵا بووە.

ئەوەی کە لەسەر زەمینی واقیعدا هەبووە، لە کاتی حکومەتی دوو ئیدارەییدا، پشکی ژن لە ئیدارەی سلێمانی دووهێندە و نیوی پشکی ژن لە ئیدارەی هەولێر بوو لە کابینەکانی سێیەم و چوارەمی حکومەتدا، لە هەولێر لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەدا ٢ ژن وەزیر بوون، لە سلێمانی لە هەمان دوو کابینەدا لە ماوەی ٥ ساڵدا ٥ ژن وەزیر بوون. ئەگەر لە یەکەم کابینەوەشەوە بیژمێرین تا کۆتایی کابینەی چوارەم، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠٠٥-١٩٩٢ تەنها دوو وەزیری ژنی دانا (نازەنین وسو، نەسرین بەرواری) بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە هەمان ماوەدا ٦ وەزیری ژنی دانا (کافیە سلێمان، نەرمین عوسمان، شەونم عەبدولقادر، پەروین بابەکر، پەخشان حەفید و د.ئەختەر نەجمەدین.)، کە دەکاتە سێ ئەوەندە.

هۆیەکی پێدانی پێگەیەکی بەهێزتر بە ژن لە ئیدارەی سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێبڕکێیەی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک، کە بەردەوام ی.ن.ک دەیویست

بیسەلمێنێت لە ڕووی فیکرییەوە لە پ.د.ک پێشکەوتووتر و دیموکراتتر و شارستانیترە. بۆ سەلماندنی ئەمەش پێگەی ژن وەک سەنگی مەحەک بەکار دەبرا و ئەمەش تا ڕادەیەکی باش لە بەرژەوەندی ژن دەشکایەوە. هۆیەکی تری ئەم جیاوازییەی نێوان پارتی و یەکێتی وا مەزەندە دەکرێت بگەڕێتەوە بۆچالاکی یەکێتی ژنانی کوردستان و سکرتێرەکەی کە خۆی پێشتر وەزیر بووە و ژنێکی بە ئەزموونیش بووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبەکەی خۆی(مام جەلال) و هاوسەری سکرتێری گشتی حیزبەکەی (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)هەبووە، لەو کاتەدا کە توانیویەتی کاریگەری بخاتە سەر حیزبەکەی بۆ بەهێزترکردنی پێگەی ژن لە کابینەکاندا. هێرۆ خان ئەگەرچی لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بەهۆی پێگە خێزانییەکەی کە هاوسەری مام جەلال بووە، وەک ژنێکی دەسەڵاتدار دەرکەوتووە، بەڵام هیچ کاتێک لە بواری پرسی یەکسانی ومافخوازی ژناندا دەرنەکەوتووە. هێرۆ خان زیاتر لە بواری منداڵپارێزیدا کارا بوو، رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستانی دامەزراند و تا ئێستاش ئەو رێکخراوە بەردەوامە و چالاکی هەیە.

جگە لە کافیە سلێمان کە بەرپرسی یەکەمی یەکێتی ژنانی کوردستان بوو، فیگەرێکی تری چالاک و کاریگەر لە ناو یەکێتی ژناندا  کاریگەری زۆری هەبوو لە شاری سلێمانی، ئەویش "ڕووناک رەئوف" بوو، کە زۆر چالاکانە داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکرد و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سکرتێری حیزبەکەیدا "مام جەلال"دا هەبوو. هەروەها ڕووناک رەئوف دایکی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو، کە لە کابینەی سێیەمی ئیدارەی سلێمانیدا سەرۆک وەزیران بوو. رووناک رەئوف کە پێشتر لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستان کاری دەکرد، دواتر جیابووەوە و رێکخراوێکی تایبەتی دامەزراند بە ناوی ناوەندی راگەیاندنی ژنان، کە جگە لە دەرکردنی هەفتەنامەی رێوان، کتێب و چاپکرای تریشیان هەبوو، جگە لەوەی بەدواداچوونیان بۆ کەیسەکانی توندوتیژی دەکرد و رووناک رەئوف زۆر جار لە ماڵەکەی خۆیشیدا پەنای ژنانی بەرهەڕەشەکەوتووی دەدا تا ئەو کاتەی کێشەکەی چارەسەر دەکرا. یەکێتی ژنانی کوردستانیش بێجگە لە گۆڤاری تەوار کە هەر لە دامەزراندنیەوە زمانحاڵی رێکخراوەکە بوو، هەفتەنامەی "ژیانەوە"یان دەردەکرد و چەندین چاپکراوی تریشیان دەردەکرد و پرسەکانی ژنیان تێدا

دەوروژاند. یەکێتی ژنانی کوردستان بۆ یەکەم جار ماڵی داڵدەدانی ژنانی بەرهەرەشەکەوتووی کردەوە و ماڵی ئارام ئێستاش لەئارادایە و کارەکانی بەردەوامی هەیە.

هەر لە سەردەمی کابینەی سێیەمی د. بەرهەم دا کە نەرمین عوسمان وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بوو، بە سەرپەرشتی ئەوان و رووناک رەئوف و چەندین چالاکوانی تر، رێکخراوی "ئاسوودە"یان دامەزراند و "خانم رەحیم" کرا بە بەرپرسی رێکخراوەکە و ئەو رێکخراوەش ماڵێکی پەنادانی ژنانی بەرهەڕەشەکەوتووی دروست کرد. جگە لە شەڵتەر، ئاسوودە چالاکی تریشی ئەنجام دەدا و کەیسە کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر دەکرد. "سەنتەری نەوا"یش، شوێنێکی تر بوو لە سلێمانی بۆ ژنپارێزی کە لە سەرەتادا رێکخراوەکان سەرپەرشتییان دەکرد و لە ساڵانی دواتردا کەوتنە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

لە سلێمانی رێکخراوەکان چالاک و زیندوو بوون، بەردەوام هەڵویستیان دەربارەی ئەو توندوتیژی و دیاردە نالەبارانە دەردەبڕی کە لە کۆمەڵی کوردستاندا دەردەکەوتن. هەر کە ژنێک بە پاساوی شەرەف دەکوژرا، کەمپین و نارەزاینامە و گردبوونەوەی بۆ ئەنجام دەدرا. سلێمانی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە گەشەسەندووترە لە شارەکانی تری کوردستان و لە مێژووی خۆیدا ئەو پێشەنگییەی سەلماندووە. خەڵکی سلێمانی بە سروشت کراوەن و حەزیان لە گۆرانکاری ژیان و تازەگەرییە و هۆی ئەوەشە لەو شارەدا بزوتنەوەی ژنان پەرەسەندووترە لە هەر شوێنێکی تری باشووری کوردستان. تەنانەت یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە سەرەتای پەنجاکاندا لە شاری سلێمانی دامەزراوە و ژنە چالاکەکانی سلێمانی دەستپێشخەر بوون لە دامەزراندن وچالاکییەکانیدا. هەر لە سلێمانی و لە ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا ژنانی پێشەنگ دەرکەوتوون و قوتابخانەی کچانیان کردۆتەوە و چالاکی کۆمەلایەتی و هونەرییان کردووە. پیاوانی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی لە هی شارەکانی تر پتر هانی ژنانیان داوە و هەر لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێشخەرییان کردووە لە هاندانی خوێندنی کچان و فڕێدانی عەبا و چارشێو و بەشدارییان

لە خەباتی سیاسی و تەنانەت چەکداریشدا. شاعیرانی سلێمانی هەڵگری مەشخەڵی پێشکەوتنخوازی بوون و کەس نییە لە ناو کورددا شیعرەکەی پیرەمیردی نەمری لەبەر نەبێت کە بۆ نەورۆزی گووتوە و لە دێڕێکیدا گووتوویەتی:

**تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا**
**قەڵغانی گولە سنگی کچان بێت لە هەڵمەتا**

لە شارەکانی تریش شاعیر زۆر بوون، بەڵام وەک پیرەمێردەکەی سلێمانی راشکاوانە و بە هەڵبەستی بەرز هانی کچانیان نەداوە بۆ چوونە مەکتەب و خوێندەوار بوون، پیرەمێرد بە ئاشکرا و راشکاوی بانگەوازی بۆ کردن و گووتی:

**ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن**
**زینەتی باغ و تەرەقیین، رەونەقی دەستەی گوڵن**
**تازە ئێمە تێگەیشتووین، دایکی چاکی خوێنەوار**
**نەسلی وا دێنێتە مەیدان، قەومەکەی پێ بێتە کار**

پیرەمێردی نەمر هێندە بە پەرۆش بووە بۆ خوێندەواربوونی کچانی شاری سلێمانی و کوردەواری بە گشتی، لە پێناوی هاندانی ئەواندا پێی خۆش بووە ببێتە سێبەری ئەو دارەی کە ئەوان لەبەریدا دەخوێنن، هەر لەو شیعرە ئاستبەربەرزەدا گووتوویەتی:

**خۆزگە من ببمە درەختێ بۆ قوتابخانەی کچان**
**ئەو کچانەی وا دەخوێنن، ببمە سێبەر بۆ ئەوان**

لە دیدگای کۆمەڵناسییەوە بڕوانینە شاری سلێمانی، هۆکارێکی ئەو پێشەنگبوونەی لە پرسی مافەکانی ئافرەتدا، دەگەڕێتەوە بۆ شاعیرانی رۆشنگەری ساڵانی سییەکان و دواتر، کە نەک تەنها پیرەمێرد، شاعیری تریشیان تێدا هەڵکەوتووە راشکاوانە و بەوپەڕی هێزی خۆیەوە پشتگیری لە ئازادی و سەربەخۆیی ژن دەکات. فایەق بێکەس نمونەیەکی تری بەرجەستەیە و شیعرە هەرە بەناوبانگەکەشی "داری ئازادی" و شیعری "نەسرین" سەلمێنەری ئەو بۆچوونە کۆمەڵناسییەیە. فایەق بێکەس بە

ڕاشکاوی باسی لە یەکسانی و هاوسەنگی نێوان پیاو و ژن کردووە، لە شیعری داری ئازادی و دەڵێت:

**نێرومێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن**
**دوورە دەرچوونی لە دیلی، مەل بە باڵێ نافڕێ**

ئەو لە شیعری نەسرین دا داوای لە ژن کردووە شەرم نەکات و ئازاد بێت، سەرپۆش فڕی بدات، بخوێنێت و بە دوای زانست و زانیاری وێڵ بێت، کار بکات و خزمەت بکات:

**نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە/ گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە/ وا من پێت دەڵێم چونکە لە سەرمە/ هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە/ سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە.**

لە دێڕی دووەم و ئەوانی تریش لە شیعرەکەیدا بە تەواوی باسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکات و بە گوزارەی ڕوون پێی دەڵێت کە منی پیاو و تۆی ژن هیچ فەرقمان نییە:

**ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە/ عالەم شەو و رۆژ وا لە فەرمانە/ فەرقی نیر و مێ نییە بیزانە.**

**مەڵی من کچم تۆش وەکو منی/ موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی/ مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی.**

**هێندە دانیشتی پشتت چەماوە/ زەرد و لاواز بووی هێزت نەماوە/ کچی بێگانەت خۆ لەبەر چاوە.**

**خشڵ و جوانی تۆ حەیا و فێربوونە/ پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە/ کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە.**

**وەک خوشک و برا دەبێ هەردوکمان/ قۆڵی لی هەڵکەین بچینە مەیدان/ تا کورد بەرینە ریزی میللەتان.**

لە دیدگای کۆمەڵناسییەوە بڕوانینە ئەم شیعرانە و ڕۆڵی شاعیران بە تایبەتی لە سەدەی بیستەم دا کە ئاڵاهەڵگری کۆمەڵ بوون و شیعر ژانرێکی زۆر کاریگەر بوو دەیتوانی بیروڕای کۆمەڵ بگۆڕێت، ڕۆڵی ئەم شاعیرانەی سلێمانی لە پێشەنگبوونی شارەکە و بردنی بە ئاقارێکێ پێشکەوتنویستی و کرانەوەی کولتووری، بە ئاشکرا دیارە.

لە شاری کۆیەشدا شاعیر و رۆشنگەران رۆڵێکی لەو شێوەیەیان هەبووە و مەلای گەورە و حاجی قادری کۆیی لەو شاعیر و ڕۆشنبیرانەی چەرخەکە

بوون کە هانی خوێندنی کچیان داوە و مەلای گەورە خۆیشی دەستپێشخەر بووە لە ناردنی کچەکەی خۆی(نەجیبە) بۆ خوێندن.
هەر شارێک لە شارەکانی کوردستان شاعیر و ڕۆشنبیرەکانی یەکسانخواز بووبن، کاریگەرییان لەسەر تەواوی شارەکە داناوە. شاری سلێمانی و کۆیەش دوو نمونەی بەرجەستەن و بەڵگەی سەلمێنەرن بۆ ئەو بۆچوونە کۆمەڵناسییەمان.
ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی لە قۆناغی دیکەشدا هەوڵیان داوە ئازادی و یەکسانی بۆ ژنان فەراهام بکەن. لە ساڵی ١٩٧٠دا کە بزوتنەوەیەکی نوێگەری سەری هەڵدا و شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانی بەیانی "ڕوانگە"یان بڵاوکردەوە بە ناوی"قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن" کە ناوەڕۆکەکەی بۆ بانگەوازی نوێکردنەوەی شیعر بوو، هاوکات مانیفێستێکی تریشیان بڵاوکردەوە بەناوی بەیانی ئازادی ژن و تیایدا داوای ئازادی و مافی یەکسانیان بۆ ژن دەکرد. شێرکۆ بێکەس، خۆی سەبارەت بەم ئەزموونە لە کتێبی "ئەزموون"دا دەڵێت:
"ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە بە چاوێکی زۆر پێشکەوتوخواز و ڕادیکاڵانەوە تەماشای دواڕۆژی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی ژنمان ئەکرد. یەکەم بەرهەنگاری ئێمە لەگەڵ فیکری سەلەفیدا بوو لەسەر ئەو مەسەلەیە بوەستم، چونکە ئەو سەردەمە ئێمە بەیانێکمان لەسەر ئازادی ژن، دەرکرد بە ناوی (قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) ئەو بەیانەش هەر من نووسیم. ....... دواتر بەزم و هەڵایەکی گەورەی نایەوە."(ئەزموون ل ٤٠٩)

شاعیران و نووسەران کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە لە سەر لاوانی کچ و کوڕی شار و ناوچەکانی خۆیان، بە تایبەت ئەوانەیان کە بەردەوام دەستپێشخەری نوێگەری بوون و گۆڕانخواز بوون. هەر لە حەفتاکان لەتیف هەڵمەت و هاوڕێکانی بەیانی نوێبوونەوەی شیعریان دەرکرد و ئەو گروپەش لە مێژووی ئەدەبدا بە گروپی کفری دەناسرێت، لە باسی شیعری ئازادەوە بۆ باسکردنی ئازادی بە گشتی، ناوەڕۆکی شیعرەکانیان ئازادیخوازانە بوو، پێشکەوتنخوازانە بوو، بۆیە کاریان کردە سەر گەنجەکانی شاری کفری. نووسەری ئەم کتێبە، ئەو دەم قوتابی سەرەتایی بووە و لە ژێر کاریگەری ئەو شاعیرەدا دەستی بە چالاکی ئەدەبی کردووە و شیعری نووسیوە.

مەبەستمان لەم شیکارییەی سەرەوە دۆزینەوەی هۆکاری ئەو جیاوازییە بوو کە لە کولتووری شاری سلێمانیدا هەیە وەک خەڵکێکی کراوەتر لە دەڤەرەکانی تر. ئەم دۆزینەوەیەش تەنها بە پێوەرەکانی کۆمەڵناسی ئەنجام دەدرێت، چوون "ئەرکی کۆمەڵناس ئەوەیە لە ڕووی زانستییەوە ڕەوتی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان شیبکاتەوە."[٥١]

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە ناوچەی دەسەڵاتی بە پلەی یەکەم لە دهۆک و بە پلەی دووەم لە هەولێر چڕ بووەوە، بە پلەی سێیەم و چوارەم لە سلێمانی و گەرمیان. لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە سروشتی خەڵکی ئەو دەڤەرانە بخوێنینەوە، کولتوورێکی نەریتپارێزی تێکەڵ بە بڕوای ئایینی لەو دەڤەرانەدا پیادەیە و کەمتر کراوە و درەنگتر پێشوازی لە نوێ دەکەن، بە تایبەتی ئەو شتانەی پەیوەندیدار بن بە پرسی ئازادی ژنەوە. ڕەنگدانەوەی ئەم نەریتخوازیە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و لە ناو دامودەزگاکان و تەنانەت لەناو بزاڤی کۆمەڵی مەدەنیشدا ڕەنگ دەداتەوە. هۆی ئەوە بووە کە ڕێکخراوەکانی دەڤەرێ لە هی دەڤەرێکی تر چالاکترە و بە تایبەتیش ڕێکخراوەکانی هەڵگری فیکری ئافرەتیزم.

***

باسی ڕێژەی ژنمان کرد لە کابینەکانی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و باسی چالاکبوونی یەکێتی ژنانی کوردستانمان کرد لەو ماوەیەدا کە توانیویەتی کاریگەر بێت بەسەر دەسەڵاتدارانی ئەو دەڤەرەوە. لە هەمان ماوەدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئەوەندە چالاک نەبووە کە کاریگەری دابنێت لەسەر حیزبەکەی و فشاری بۆ بێنێت پێگەی ژن لەو کابینەیەدا بەهێز بکات یان هیچ نەبێت هێندەی ژمارەی ژنانی حیزبە رکابەرەکەی دابنێت، هۆی ئەوەش ئەوەبووە لەو قۆناغەدا سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ژنێکی گەنجی بێ ئەزموون بووە و ماوەیەکی زۆریش لە پێگەی سکرتێری ئەو ڕێکخراوەدا هێڵدراوەتەوە بە بێ ئەوەی حیزب کاریگەرییەکەی هەڵسەنگێنن و کەسێکی لەو بەئەزموونتر و شارەزاتر لە جێگەی دابنێن. خاتوو شیرین ئامێدی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٧ واتە ماوەی ١٥ ساڵ سکرتێری ئەو ڕێکخراوە بووە و لە سێ کۆنگرەی یەک لە دوای یەک،

[٥١] مەنوچهر موحسنی. کۆمەڵناسی گشتی. و:موسڵح ئێروانی. بەرگی یەکەم. کوردستان. ٢٠٠٥. ل ٢٠.

کۆنگرەی سێیەم و چوارەم و پێنجەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا، بە سکرتێر دانراوەتەوە.[52] لە پرۆسەی دیموکراتیدا گرنگە چەند ساڵ جارێک بەرپرسی دەزگاکان گۆڕیان بەسەردا بێت، بە تایبەت ئەگەر لەو پێگەیەدا کارا و شارەزا نەبوون و بەو چەند ساڵە کارەکانیان هەڵسەنگێندرا و دەرکەوت بۆ ئەو پێگەیە نەشیاون. لە دۆخی شیاوبووندا، لە سیستەمی دیموکراتیدا دەرفەتی دووبارە خۆبەربژێرکردن دراوە و دەکرێ هەمان کەس دوو جار و هەر جارەی بۆ سێ تا چوار ساڵ بەرپرسی ئەو شوێنانە بێت. سەبارەت بە گۆڕینی سکرتێر یان بەرپرسی رێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستانیش هەمان رەخنە پێویستە بگیرێت، چونکە لە ساڵی ١٩٨٩ەوە کە رێکخراوەکە دامەزراوە هەتا ئەم ساتانەی ئەم دێرانەی تێدا دەنووسرێت ٢٠١٨ هەمان بەرپرسی هەیە ئەویش خاتوو "کافیە سلێمان"ە، واتە ٢٩ ساڵە هەمان کەس بەرپرسی یەکەمی ئەو رێکخراوەیە، کە ئەمە لە سیستەمی دیموکراتیدا پەسەندکراو نییە و نابێت.

وەک لێکۆڵەر کاتێ بەراوردی ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ماوەی بیست و پێنج ساڵ بکەین، بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت لەو پانزە ساڵەدا کە شیرین ئامێدی سکرتێری رێکخراوەکە بووە، پێگەی ئافرەتان لەناوپارتی دیموکراتی کوردستان زۆر لاواز بووە و ئەمەش رەنگدانەوەی هەبووە لە ناو هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە سەر بە پارتی بوون و پشکی پارتی لە پەرلەمان و لە کابینەکانی حکومەتدا. بوونی تەنها دوو وەزیری ژنیش لەو ماوەی چوار کابینەدا لە پشکی پارتی لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە نێچیرڤان بارزانی دەبێتە سەرۆک وەزیران و وەکو کارەکتەرێکی گەنج دەردەکەوێت و هەوڵ دەدات کاریگەری خۆی لەسەر حیزبەکەی دابنێت و لە کابینەکەی خۆیدا دوو کورسی بە ژن دەدات و وەکو سەرۆک وەزیریش زۆر پشتگیری لەو ژنە وەزیرانە دەکات و هاوکات بیر لە گۆڕانکاری دەکاتەوە و پشتیوانی لەو ژنە چالاکانە دەکات کە بۆ یەکسانی تێدەکۆشن.

[52] زانیاری سەبارەت بە کۆنگرەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و سکرتێرەکانی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتی و چالاکییەکانیان، لە خوودی رێکخراوەکەوە وەرگیراوە.

**نێچیرڤان بارزانی** وەک سەرکردەیەکی جیاهەڵکەوتوو، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە لە گۆڕەپانی سیاسەت و بە تایبەت دوای بوونی بە سەرۆک وەزیران لە کابینەی چوارەم، ئەو هەڵوێستەی تیا بەدی کرا کە پشتیوانی لە ژن دەکات و هانی تێکۆشان بۆ یەکسانی دەدات. لە گەڕان بەدوای هۆکار و سەرچاوەی ئەم جیا هەڵکەوتووییەی نێچیرڤان بارزانی، دەرکەوت کە ئەو خانمەی کە خەڵکی سلێمانییە و ناوی (نازدارخانی حەمەئاغای ئەورەحمان ئاغای)یە و هاوسەری ئیدریس بارزانی بووە، وەکو دایکێک کاریگەری لەسەر کوڕەکەی هەبووە، چونکە خۆیشی پشتیوانی لە چالاکی ئافرەتان کردووە. لە لاپەڕە ١٢٦ ی کتێبەکەی درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، ناوی ژمارەیەک لەو ئافرەتانەی کە یارمەتی چالاکوانانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیان داوە تۆمار کراوە کە ژمارەیان ٤٣ کەسە، ناوی سێ ئافرەت هاتووە کە یەکێکیان دایکی نێچێرڤان بارزانییە (نازدار خان)، یەکێکیان پوریەتی خوشکی دایکی (نیعمەت خان) و هەروەها ناوی (ناجیە خان) هاتووە کە دەکاتە دایکی نازدار خان.

***

دێینەوە سەرباسی کابینەکان؛ ئەو دۆخە نائاساییەی کە شەڕی ناوخۆ و لێکەوتەکانی خوڵقاندبووی و ئەم کابینانە "ئیدارەکانی سلێمانی و هەولێر" تەنها دەکرێت وەک حکومەتی کاربەڕێکردن دابنرێن، کە لە ڕووی ئیدارییەوە هەر یەکەیان کاروباری هاوڵاتیانی ئەو دەڤەرانەیان ڕایی کردووە کە تیایدا باڵا دەست بوون. حکومەتی هەولێر پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکی بەڕێوە بردووە و حکومەتی سلێمانیش پارێزگای سلێمانی و دەڤەری گەرمیان.

جێگەی باسە ئاماژە بەوە بکەین کە لەم کاتەدا بەشێکی کوردستان هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و حکومەتی عێراقدا بوو، پارێزگای کەرکوک و شارۆچکەی خانەقین و هەموو ئەو ناوچانەی کە دواتر لە دەستووری عێراقدا بە ناوچەی کێشەلەسەر ناوزەد کران و مادەی ١٤٠ی دەستوور بۆ چارەسەرکردنیان دانرا، کە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بوون و لە حکومەتی هەرێم دابڕاو بوون.

لەبەر ئەو بارودۆخە نائاسایی و ئاڵۆزەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا پرسی ژن لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیستەم، سەرەڕای تێکۆشانێکی زۆری یەکسانیخوازان، رەوشی ژنان و پرسی یەکسانی بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی، تەنانەت تا ساڵی ٢٠٠٣ و روخانی ڕژێمی بەعسیش هێشتا دەستکەوتێکی دیار و راستەقینە لە ئارادا نەبوو، بەڵام هەندێک هەوڵ و گۆڕانکاری لە هەموارکردنی یاسا و لە دەرچواندنی بڕیار لە ژێر فشاری خەباتی ژنان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، دەرچوون. کە لە ئیدارەی سلێمانی دوو بڕیار بە ناوی بڕیارەکانی ٥٩ و ٦٢ لە لایەن سەرۆکی ئیدارەی سلێمانییەوە کە بەڕێز سەرۆک جەلال تاڵەبانی بوو لەو کاتەدا، سەبارەت بە قەدەغەکردنی فرەژنی و کوشتن بە پاساوی شەرەف، بوو. لە هەولێرش، وەک لە سەرەوەش ئاماژەمان پێکرد، لە ساڵی ٢٠٠١ لە پەرلەمانی کوردستان کە هێشتا خولی یەکەم درێژەی هەبوو، بەڵام تەنها ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە پ.د.ک بەڕێیان دەبرد، چەند بڕگەیاسایەک هەموار کرانەوە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩. ئەو بڕگانەی کە هەموار کرانەوە بریتی بوون لەمانە:

- حوکمی مێردی زیناکار و ژنی زیناکار وەک یەک بێت. کە پێشتر و لە یاساکە دا جوداکاری تێدا هەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژن و مێردی زیناکار لە بەرژەوەندی پیاوەکە.
- کوشتن بە پاساوی شەرەف و زینا کە لە یاساکەی عێراقدا سزاکەی کەم بوو بە پاساوی ئەوەی ئەو جۆرە کوشتنە دەچێتە خانەی "کوشتنی شۆرینەوەی شەرمەزاری" کە بە عەرەبی بە "غسل العار" ناودەبرێت. لە هەمواركردنەوەی ئەم یاسایەدا ئەو سوککردنەوەی سزایە لا براو وەک کوشتنی بەئەنقەست مامەڵە لەگەڵ بکوژی ژن بەو پاساوە، کرا.
- سەبارەت بە تەڵاقی بەزۆروزوڵم لە یاساکەی عێراقدا ژن هیچ مافێکی یاسایی بەرناکەوێت، لە هەموارکردنەوەیدا ئەوە رەچاوکرا لە دۆخی زیانمەندبوونی ژن، دادگا ئەگەر بۆی دەرکەوت لە ئەنجامی

ئەو تەڵاقە بە ستەم سەپاوەدا ژن زەرەرمەند بوو، ئەو زەرەرە ماددییەی بۆ ببژێردرێت.

- بڕگەی تەمبێکردنی ئافرەت کە لێدانی ژنی لە لایەن مێردەوە بە ڕەوا و یاسایی دەزانێ، لە هەموارکردنەکەدا ئەم بڕگەیە لا برا و لە کار خرا.
- مارەبڕینی دەرەوەی دادگای قەدەغە کرد و سزای سەپاند بەسەر ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی دادگا مارەی کچان دەبڕن.

هەڵبەتە ئەم گۆڕانکاری و هەموارکردنانە گرنگ و جێی بایەخن، چونکە هاتنەدی هەوڵ و تێکۆشانی ساڵانێکی خەباتی یەکسانیخوازانی کوردستان بوو، کە چەندین جار لەگەڵ لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتانی کوردستان کۆ دەبوونەوە و پێشنیاری ئەو گۆڕانکارییانەیان دەکرد.

ئەم گۆڕانکارییانە ئەگەرچی کەم بوون بۆ ماوەی تێپەڕینی ٩ ساڵ بەسەر حوکمڕانیی خۆجێی کورد لە باشووری کوردستاندا، کە دەستکەوتێکە و شایانی ستایشە، بەڵام ڕاستییەکی تاڵ و ژاڵ سەبارەت بە جێبەجێکردن و برەوهەبوونی ئەو یاسا و بڕیارانە هەبوە کە لە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر دەردەچوون. ساڵانی شەڕی ناوخۆ و دەرکەوتە و لێکەوتەکانی، گورزی گورچکبڕی لە خەبات بۆ یەکسانی دا و ئەو کەمە گۆڕانکارییەش کە بە دەسکەوت لە قەڵەم درا، چ لە دانانی "هەندێکی کەم" لە ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردا، وەک پەرلەمان و حکومەت، یان لە هەموارکردنی بڕگەیاسادا، وەک ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، کەموکوڕیئامێز بوون و یاساکانیش وەک پێویست و وەکو خۆی جێبەجێ نەدەکران.

**ئاستەنگی و ئاڵنگارییەکان:**

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕووبەریانە لە خەباتی ژن نەڕوانین و بە چاویلکەیەکی کۆمەڵناسی لەو فاکتەرانە ورد ببینەوە کە ڕۆڵیان لە سستکردنەوەی هەنگاوی ژنان لە کوردستان دا بینیوە، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینەوە، ناکرێ چاو لە فاکتەری شەڕی ناوخۆ، وەك کاریگەرترین گورز نەکەین، کە ئاکامەکەی تا ئەمڕۆش ماوە و بەربەستێکە لە بەردەم

گەشەسەندنی کۆمەڵ بە گشتی. نموونە هەرە سادە و گرنگەکانیش بۆ ئەو کاتە:

**یەکەم:** نە بڕیارەکانی ئیدارەی سلێمانی لە هەولێر برەویان هەبوو و نە یاساکانی ئیدارەی هەولێر لە سلێمانی کاریان پێ دەکرا. تەنانەت هەر بڕیار و یاسایەکیش لە هیچ یەکێک لەو ئیدارانە خۆشیان جێبەجێ نەدەبوون، چونکە زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری فەراهام نەکرابوو بۆ جێبەجێکردنیان. هەروەها کاتێ ژنانی خەباتکار بۆ گۆڕینی یاسای کۆن و دانانی یاسای مەدەنی لە جێگەیان داخوازیان بەرزدەکردەوە، دەکەوتنە بەردەم ئەو ئاستەنگە گەورەیەی لە کام ئیدارەی داوا بکەن؟ ئەگەر لە یەکێکیشیاندا یاسایەك گۆڕا خۆ ئەوە نابێتە یاسا بۆ هەموو کوردستان؟ ئەی ئەگەر یەکێك لەم دەڤەر یاسا شکێنی کرد و پەڕییەوە ئەو دەڤەر، خۆ یاسا نوێیەکە نایگرێتەوە و دەرباز دەبێت لە سزا! لەو دۆخە زۆر دژوارەدا خەباتی ژنانی کوردستانیش لەت و پەت بوو و هەمان کلتووری حیزبایەتی ئەمانیش هەر یەکەو گۆشەگیری دەڤەری سنووورداری خۆی کرد و لە ئاکامدا خەباتەکەشیان بووە خەباتێکی خۆجێی نەک گشتگر.

**دووەم:** هەمان ئەو فاکتەرەی شەڕی براکوژی و دەرکەوتە و لێکەوتەکانی، بووەهۆی ئەوەی خەباتی ژنانیش کاردانەوە بێت لە ئەنجامی دیاردەیەکی ناپەسەندی بەرامبەر، نەك کار بێت بۆ نەهێشتنی دیاردەی هەڵاواردن بەرامبەر بە ژنان لە کۆمەڵگەدا. کێبەرکێی حیزبایەتی بێت کە زیاتر لە بۆتەی بانگەشەدا دەمێنێتەوە، نەك پێشبڕکێی گەشەسەندن و بەدەستهێنانی ماف بۆ ژنان.

**سێیەم:** لەو ساڵانەی نە شەڕ نە ئاشتیدا و لە سەردەمی دوو ئیدارەیی، هەر بڕیارێک یان سیاسەتێک چەند گرنگ و باش و بەسوودیش بوو بێت بۆ کۆمەڵی کوردستان، ئەگەر لە ئیدارەی هەولێر پێشنیار کرابێت یان دەستپێشخەری بۆ کرابێت، لە ئیدارەی سلێمانی بەرهەڵستی کراوە یان فەرامۆش کراوە ، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لە سلێمانی کرابێت، هەولێر رەتی کردۆتەوە. نموونەیەکی بەرچاویش کە سەلمێنەری ئەم راستییەیە "سیاسەتی یەکسانی" بوو، کە لە بەرژەوەندی هەموو مێینەی کوردستان بوو، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی لە هەولێر راگەیەندرا، سلێمانی ددانی پێدا نەنا و نەیپەژراند.

لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو سیاسەتە تا بزانرێت ناوەڕۆكی ئەم سیاسەتە بۆ كۆمەڵی كوردستان بە گشتی و بۆ پرسی یەكسانی بە تایبەتی چ بایەخێكی هەبوو.

**كابینەی چوارەم و"سیاسەتی یەكسانی"**

دەستپێكی كاركردن بۆ یەكسانی بە شێوەیەكی فەرمی و سیستەماتیكی لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا لە كابینەی چوارەمی ئیدارەی هەولێرەوە دەستی پێكرد كە نێچیرڤان بارزانی سەرۆكایەتی دەكرد، ئەویش بە دانان و دامەزراندنی راوێژكارێک بۆ پرسی یەكسانی، كە بۆ یەكەم جار بوو لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا پۆستێكی وا هەبێت، ژنێک ببێت بە راوێژكاری سەرۆک وەزیران بۆ پرسی یەكسانی، ئەو پۆستە نوێیە دانرا.
لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٥، لە رێورەسمی یادكردنەوەی رۆژی جیهانی ئافرەتاندا كە وەزارەتی مافی مرۆڤ سازی دا و تیایدا "خەڵاتی گوڵەوەنەوشە" بە هەشت رێكخراو و چالاكوانی ژن بەخشرا بۆ رێزلێنانیان لەبەر ئەو چالاكیانەی بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی ژن ئەنجامیان دابوو. لەو رێورەسمەدا سەرۆک وەزیران"نێچیرڤان بارزانی" لە دەستپێكی وتارەكەیدا ئەوەی راگەیاند لەمەودوا بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی سیستماتیكی كار بۆ پرسی ژنان و یەكسانی بكەین، "مەهاباد قەرەداغی" وەک راوێژكارمان بۆ ئەم پرسە هاوكارمان دەبێت و سیاسەتێک پەیڕەوی دەكەین كە "سیاسەتی یەكسانی"یە و ئێستا پێشكەشی ئێوەی دەكات.

هەر لەو رێورەسمەدا دەقی "سیاسەتی یەكسانی" لە لایەن نووسەری ئەم كتێبەوە"مەهاباد قەرەداغی" كە لەو ساتەوە راوێژكاری فەرمی سەرۆک وەزیران بوو بۆ كاروباری یەكسانی، پێشكەش بە ئامادەبوان كرا، كە ماوەیەک بوو ئامادە كرابوو، لە لایەن سەرۆک وەزیرانەوە پەسەند كرابوو، لەو رێوڕەسمەدا بە فەرمی راگەیەندرا. نزیكەی نوێنەرانی هەموو رێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان و رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی و ژمارەیەكی زۆر لە وەزیرەكان و ئەندام پەرلەمانەكان ئامادەی ئەو رێورەسمە بوون، رێكخراوەكانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک، چوون لە

لایەن وەزیری مافی مرۆڤ"د.مەحەمەد ئیحسان"ەوە داوەت کرابوون بۆ ئەو ڕێورەسمە.
کە "سیاسەتی یەکسانی" لەو ڕێورەسمەدا پێشکەش کرا، لە چەندین بڵاوکراوە و رۆژنامەی ئاسایی و ئەلەکترۆنی ئەو کاتەدا بڵاوکرایەوە و لە بروشوورێکی تایبەتیشدا کە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی [٥٣]، لە ئەنجومەنی وەزیران چاپ و بڵاوکرایەوە، لە کۆنفرانسێکی تایبەتیشدا بە ئامادەبووان درا. راوێژکاری سەرۆک وەزیران "نووسەری ئەم کتێبەی بەردەستتان" بۆ ئەوەی ئەم پرسە بە شێوەیەکی دروست پێش بخات هەوڵی دا پرسی ژن بە دەزگایی بکات بۆیە پێشنیاری دامەزراندنی"دەزگای یەکسانی" کرد، بەڵام بەهۆی ئاستەنگی زۆرەوە ئەو دەزگایە ئەگەرچی کاری زۆریشی لەژێر ئەو ناوە کرد، بەڵام هێشتا بڕیار یان یاسایەک بۆ دەزگاکە دەرنەچووبوو، کاتی دروستبوونی کابینەی پێنجەم، ئەم دەزگایە نەما.

کارەکانی ئەم دەزگایە چ تیۆری و چ پراکتیک راوێژکارەکەی سەرۆکوەزیران بۆ پرسی یەکسانی بە هەمئاهەنگی لەگەڵ رێکخراو و دامودەزگا و وەزارەتەکانی تری کابینەی چوارەم، ئەنجامی دەدان، بەڵام هەموو ئەو چالاکییانەش بەناوی دەزگای یەکسانییەوە ئەنجام دەدران بۆ ئەوەی ناوی کەسەکان لەئارادا نەبن و پرسی یەکسانی بە دەزگایی بکرێت.
سەرۆک وەزیران زەمینەی دوو دیداری بۆ راوێژکاری پرسی یەکسانی ساز کرد لەگەڵ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی کۆببێتەوە (کە هەر لەو ساڵەدا بوو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان)یش، تا سەبارەت بە پرسی مافی ئافرەتان و بەشداری سیاسییان کاریگەری لەسەر دابنێت. ئەو دیدارانە بەرهەمدار بوون و سەرەتای گۆڕانکاری لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان و کابینەی حکومەتی ئیدارەی هەولێر دەستی پێکرد.
جگە لە یادکردنەوەی شکۆدارانەی رۆژی جیهانی ئافرەتان، دەزگای یەکسانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ یەکەم جار لە ٢٥ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥ دا لە ئەنجومەنی وەزیران رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی یاد کردەوە و لەو رۆژەدا وەزیرەکانی ناوخۆ، مافی مرۆڤ، تەندروستی، ئەوقاف و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و

[٥٣] سیاسەتی یەکسانی، دەزگای یەکسانی حکومەتی کوردستان، ٢٠٠٦.

بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ئەو وەزارەتانە، بەشدار بوون و تاوتوێی پرسی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و بە تایبەتیش کوشتنی ژنان بە پاساوی شەرەف، خۆسوتاندنی ژنان و تاوانەکانی دەرهەق بە ژن، تاوتوێ کرد بۆ ئەوەی پلان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دابنرێت. شایانی باسە کە لەو کۆنفرانسەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی پەیامی پشتگیری خۆی نارد و لە لایەن "مەهاباد قەرەداغی"یەوە خوێندرایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**((پەیام بۆ کۆنفرانسی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان**
دەمانەوێت بەم پەیامە پشتیوانی خۆمان بۆ دۆزی ڕەوای ئافرەتان دووپات بکەینەوە و لە هەمان کاتدا دڵنیاتان بکەینەوە کە لە گەڵتانداین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو جۆرێکی توندوتیژی و ستەم کەبەرامبەر بە ئافرەتان هەیە. ئەرکی هەموومانە هاوکاری یەکتری بین بۆ دروستکردنی کولتووری میهرەبانی و ئاشتی لە کوردستاندا. جێگیرکردنی ئاشتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییش هاوتەریب لەگەڵ ئاشتی و دادپەروەری سیاسی، بەشێکی گرنگ دەبێت لە کارنامەی ئێمە و داوا لە هاوڵاتیانی کوردستانیش دەکەین بۆ ئەم مەبەستە هاوکار بن لەگەڵماندا.
کوردستانێکی هاوچەرخ؛ پێویستی بە توانا و شایستەیی ژنان هەیە و بە بێ بەشداری ئەوان ناکرێ کۆمەڵگەی دیموکراتی و شارستانی بنیات بنێین. ئافرەتان پێویستە پشت بە خۆیان ببەستن و بەهرەش لەو پشتیوانییە وەربگرن کە لە ئێمەوە ئاراستەیان دەکرێت و بۆ پەرەپێدانی تواناکانی خۆیان و قایمکردنی پێگەی خۆیان بەکاری بهێنن. سەرکەوتن بۆ کۆنفرانسەکەتان دەخوازین، لەگەڵ رێزماندا بۆ هەموو بەشدارانی.
**مەسعود بارزانی** ((٢٠٠٥/١١/٢٥))

دوای ئەو ساڵە و تا ئێستا، ئیتر یادکردنەوەی ٢٥ ی نۆڤەمبەر وەک نەریتێک هەموو ساڵێک پەیڕەوی کراوەو دامودەزگاکانی حکومەت لەو یادەدا دەیان چالاکییان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان ئەنجام دەدەن، وێڕای ئەوەی رێکخراوەکانیش لەو یادانەدا پڕچالاکی بوون. لە ساڵی ٢٠١١ بەدواوە یادکردنەوەی ٢٥ ی نۆڤەمبەر ئەنجومەنی باڵای کاروباری

خانمان سەرپەرشتی دەکات و دوو هەفتەی بۆ چالاکی جۆراوجۆر هەموو دەزگاکان و رێکخراوەکان تەرخان کردووە.
سیاسەتی یەکسانی بناغەی هەموو ئەو هەوڵانەی ترە کە دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پرسەدا داویەتی، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەش دەقی نووسراوی "سیاسەتی یەکسانی" دەبێتە بەڵگەی مێژوویی، بۆیە پێویستە ناوەڕۆک و هێڵی گشتی سیاسەتەکەش وەک خۆی لێرەدا بخرێتە ڕوو:

**ناوەڕۆکی "سیاسەتی یەکسانی":**[٥٤]
**(( سیاسەتی یەکسانی حکومەتی کوردستان))**
**پێشەکی:** هەر حکومەتێک خوازیاری گەشەسەندن و پەرەپێدانی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەکەی بێت، پێویستی بە داڕشتنی بەرنامە و سیاسەتی عەقڵانی بۆ هەموو بوارەکان، کە گونجاو بێت لەگەڵ رۆحی سەردەم، هەیە.

بۆ ئەوەی کوردستان پێ بە پێی گەشەسەندن و پێشڤەچوونەکانی جیهان هەنگاو بنێ، پێویستمان بە قۆستنەوەی هەل و دەرفەتە زێڕینەکانی ئەم قۆناغە نوێیەیە.
حکومەتی کوردستان، بۆ ئەوەی سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت کە ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە و کوردستانیش دوای ئەو هەموو کێشەیەی کە لە سەدەی ڕابردوودا و بەهۆی داگیربوونیەوەو سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و کۆنەپەرستانەی داگیرکەران کە ڕووبەڕووی بووبووەوە، ئێستا بەم دەرفەتانە بەهرەمەند بووە و ئاسۆی گەش بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی و گرنگ لەبەردەمماندا واڵابووە.

یەکێک لەو بوارە گرنگانەی کە پێویستی بە داڕشتنی سیاسەتێکی تایبەتی هەیە و بە بێ هەبوونی ئەم سیاسەتە گۆڕانکارییەکان ئاراستەی پێویست بەرەو پێشکەوتن وەرناگرن، سیاسەتی یەکسانییە.
بۆ ئەو مەبەستە بە چاودێری سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەرێز نێچیرڤان بارزانی، راوێژکاری کاروباری یەکسانی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران(مەهاباد قەرەداغی) هێڵی گشتی ئەم سیاسەتەی داڕێژاوە و، لە ٨ ی

[٥٤] سیاسەتی یەکسانی، دەزگای یەکسانی حکومەتی کوردستان/ ئەنجومەنی وەزیران، ٢٠٠٦. ل ١٣-٢٩.

مارسی ۲۰۰۵ کە ڕێکەوتی ڕۆژی جیهانی ژنان بوو، لە هەولێر پێشکەش بە ڕای گشتی کراوە.

**ئامانجەکانی سیاسەتی یەکسانی:**

ئامانجی حکومەتی کوردستان لە پیادەکردنی سیاسەتی یەکسانی ئەوەیە:

- لە هەموو ئاست و بوارەکانی ژیاندا بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ پیادە بکرێت.
- بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرێکی توندوتیژی و هەڵاواردن لە نێوان توخمی نێر و مێی مرۆڤ لە کوردستاندا، بکرێت.
- ئافرەت و پیاو وەک یەک دەرفەتیان بۆ چێ بکرێت و تواناکاری ئەوەیان بۆ دابین بکرێت کە وەک یەک سوود لە دەرفەتەکانی هەموو بوارەکانی ژیان، وەربگرن.
- ئافرەت و پیاو، وەک یەک و بە بێ هەڵاواردن لەسەر بناغەی توخم، ئەرکەکانیان پێ بسپێردرێت و ئەنجامی بدەن، وەک یەک لە مافەکانیان سوودمەند بن.
- ژنان و پیاوان، لەبەردەم یاسادا، وەک یەک مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت و بەهۆی جیاوازی توخمییەوە جیاوازی لە پلە و پایە و پێگەیان، نەکرێت.
- هەڵاواردنی پۆزەتیڤ لە بەرژەوەندی ئافرەت، بۆ قەرەبووکردنەوەی زۆر دەرفەتی لەدەستچوویان کە مافی ڕەوای خۆیان بووە و لێیان زەوت کرابوو، بکرێت. هەڵاواردنی پۆزەتیڤ positive Discrimination لە سەرەتای پرۆسەکەدا بە ڕەوا دەزانرێت تا ئافرەتان دەکەونە سەرپێی خۆیان و بە تەواوی هێزی خۆیانەوە کێبڕکێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەگەڵ ئەویدیکە، دەستپێدەکەن.
- پلە بە پلە بەشداری ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردا بەرز بکرێتەوە. ئێستا کە ۲۵% لە یاسادا چەسپاوە، سیاسەتی یەکسانی حکومەت و خەباتی ئافرەتان ئەو دەرفەتانە دروست بکەن کە لە ئاکامی پرۆسەکەدا یەک بەشدارییە بۆ ئافرەتان و پیاوان، یەکسان بێت.

- پەرە بە خۆشنودی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی ئابووری بدرێت کە زەمینە بۆ گەشەسەندنی خێزان و کۆمەڵ ساز دەکەن. ژنانی کۆمەڵگە لە لادی و لە شارەکانیشدا ببن بە هێزێکی بەرهەمهێنەر و کاریگەر.

**میکانیزمەکانی وەگەڕخستنی سیاسەتی یەکسانی:**

بۆ وەگەڕخستنی پرۆژەکانی پەیوەست بە پرۆژەی یەکسانی کە بنەمای پیادەکردنی سیاسەتی یەکسانی حکومەتە لە کوردستاندا، هەموو ڕێگەیەکی گونجاو و بیرۆکەیەکی گونجاو کە دەشێ ڕەوڕەوەی پرۆسەی یەکسانی بۆپێشەوە بەرێت، پێویستە بگیرێتە بەر. ئەوەی پێشوەخت بیرمان لێکردۆتەوە دەکرێ بۆ نموونە ئەمانە بن:

- پێکهێنانی کۆمیتەیەکی تایبەتی و پسپۆر و چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ، بۆ چاودێریکردنی یەکسانی لە خودی وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی سەر بەو وەزارەتە. بۆ ئەوەی چاودێری هەموو جۆرە هەڵاواردن و نواندنی توندوتیژی بکەن.
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆمیتەیەکی چاودێری یەکسانییان هەبێت. جگە لەوەش ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەکتیڤ بکرێتەوە لە پرۆسەی یەکسانکردنەوەدا، چ لە ڕووی دانانی پلان و پرۆگرامی نوێی پێشکەوتنخوازانە و، چ لە ڕووی گەشەدان بە کولتووری مرۆڤدۆستانە و کولتووری ئاشتی و دادپەروەری، کە تەنها لە نێو کەش و کولتووری وادا پرۆسەی یەکسانی دەتوانێت بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت.
- گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردەدا بەو ئاراستەیەی کە ڕۆڵی کارای خۆی ببینێت لە دروستکردنی کەسایەتی باوەڕبەخۆ، ئازاد و هۆشیاردا. لە پلانی پەروەردەییدا بنەماکانی مافی مرۆڤ پەیڕەوی بکرێت و لەو سەرەتایانەوە منداڵ فێری

ڕێزگرتن لە ڕای بەرامبەر، لە توخمی بەرامبەر، لە مافی بەرامبەر بکرێت.

- سەنتەری جۆراوجۆر بۆ چالاکی جۆراوجۆر لە هەموو بوارەکاندا دابنرێت و بەهۆی ئەو ناوەندانەوە بەهرە شاراوە و کەڵەکەبووەکانی ئافرەتان بدۆزرێتەوە و گەشەیان پێبدرێت.
- شەڵتەر و خانەی پاراستن بۆ ئافرەتانی بەرزەبرکەوتوو، ئافرەتانی گیرۆدەی هەر جۆرە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی، لە هەموو شوێنەکان بکرێتەوە.
- هەڵمەتێکی گەورەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکرێت و هاوکات یاسای نۆساڵ خوێندنی بەخۆڕایی و بەزۆر، دابنرێت، تا لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئاستی خوێندەواری لە کوردستاندا بگات بە ١٠٠%.
- ئەو دابونەریتانەی هەڵاواردنیان تێدا بەدی دەکرێت و زیان بە توخمی مێینە دەگەیەنن، بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتی بەربەست بکرێن و نۆرمی نوێی مرۆڤانەیان لە جێگە دابنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش بۆ نموونە تیمی ڕاهێنراو و تەیارکراوی گەڕۆک بەرەو شارۆچکە و لادێکان بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە، بچن.
- بایەخ بە ڕۆڵی ڕووناکبیران بدریت کە بۆ ئەم مەبەستە هەنگاو دەنێن و پرۆژەیان بۆ کاڵکردنەوەی دابونەریتی ناشایستە وداڕێژانی نۆرمی نوێ و شایستە هەیە.
- دروستکردنی دەرفەت لەبەردەم ئافرەتاندا بۆ بوون بە خاوەنی کاری خۆی و ئابووری سەربەخۆی خۆی، لە ڕێگەی دەستگیرۆییکردنی لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە.
- دروستکردنی دەرفەت بۆ کۆمەڵایەتیبوونی ژنانی منداڵدار لە ڕێگەی کردنەوەی دایەنگە و باخچەی منداڵانی زۆرەوە لە هەموو شار و شارۆچکە و دێهاتەکاندا، تا منداڵەکانیان لە لایەکەوە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبووندا باربهێنرێن و، خۆشیان لە

لایەکی ترەوە سوود لەو کاتە وەربگرن بۆ چالاکی هەمەجۆر و کۆمەڵایەتیبوون.

- سووککردنەوەی باری شانی خێزان لە ڕووی ئابوورییەوە لە ڕێگەی پێدانی کۆمەك بۆ منداڵەکان.
- ئەمانە و دەیان میکانیزمی دی کە هەر یەکەیان دەتوانن لە پنتێکەوە گۆڕانکارییەک دروست بکەن، دەکرێ لە پرۆژەی یەکسانیدا جێگەیان ببێتەوە و خزمەت بە سیاسەتی یەکسان بکەن.

**ستراتیژی یەکسانی:**

**یەکەم: بە یاساکردنی سیاسەتی یەکسانی**

سیاسەتی یەکسانی پێویستە بەیاسابکرێت، بۆ ئەوەی بتواندرێت بە شێوەیەکی فەرمی لە سەرانسەری وڵاتدا کاری پێبکرێت و ڕەوایەتی هەبێت. ئەگەر سیاسەتی یەکسانی وەک خاڵێک لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێت، گەورەترین هەنگاو دەبێت و خاڵی شانازی دەبێت بۆ گەلی کورد و بە تایبەتی بۆ ئافرەتانی کوردستان، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**دووەم: بەدامەزراوکردنی پرسی یەکسانی:**

بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی یەکسانی، بەدواداچوون و گەشەپێدانیان و لە هەمووشی لەپێشتر کردنی سیاسەتی یەکسانی و بیری یەکسانخوازانە بە پرنسیپێک لە لای هەمووان، پێویستە بە شێوەیەکی دەزگایی کاری بۆ بکرێت.

**سێیەم: بە زانستیکردنی پرسی جێندەر لە کوردستاندا:**

لە رێگەی دامەزراندنی سەنتەرێکی یان ئەنستیتوتێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کە گرنگیدەر بێت بە پرس و کێشە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵ بە گشتی و پرسی جێندەر بە تایبەتی، دەکرێ ئەم پرسە بە زانستی بکرێت.

**پلانی پیادەکردنی سیاسەتی یەکسانی:**
بە لەبەرچاوگرتنی ستراتیژی یەکسانی، پێویستمان بە کارکردن لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی، لە سەر ئاستی کوردستان و جیهان، هەیە. بێگومان رەچاوکردنی دۆخی دژواری ئافرەتانی کوردستان بەهۆی تێڕوانینی باوکسالارانەی زاڵ لە کۆمەڵگەدا، کارکردن لە کوردستاندا بە پلەی یەکەم و سەرەکی دێت و بۆ ئەم مەبەستە پلانی نزیکمەودا و دوورمەودامان پێویستە. لە پلانی کورتمەودادا بەرنامەی سێ ساڵ و لە پلانی درێژمەودادا بەرنامەی دە ساڵی کارکردن بۆ پرسی یەکسانی، دادەرێژین.

**پلانی کورتخایەن(٣ ساڵ)**
دانانی یاسا کە پشتیوانی لە ماف و ئازادییەکانی ئافرەتانی کوردستان بکات، هەروەها ڕیفۆرم لەو یاسایانەدا بکات کە بڕگەکانی پێویستیان بە چاکسازییە.

١/ بەدواداچوون بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی یاساکان لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، هەروەها کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاری یاسایی لە سەرتاسەری کوردستاندا و بە تایبەت لە نێو ئافرەتاندا.

٢/ دەستکردن بە ریفۆرمی جیدی لە سیستەمی پەروەردەدا بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی گەشەسەندووی دونیا لە رێگەی ئەو کوردانەی کە لە هەندەران لەو بوارانەدا پسپۆرێتییان وەرگرتووە.

٣/ گەشەدان بە توانای ئەو ئافرەتانەی کە ئارەزوومەندی بواری سیاسەتن و دروستکردنی دەرفەت بۆیان بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ پلەکانی سەرکردایەتی حیزبەکان، پەرلەمانی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگاکان.

٤/ دانانی کەناڵێکی ڕاگەیاندنی بەهێز بۆ پەخشکردنەوەی پرنسیپی یەکسانی، رێنومای خێزان، هەڵوێستوەرگرتن لە کەموکوڕییەکان و تیشک خستنە سەر کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان.

٥/ کتێب و نامیلکەی ڕێنومایی بە شێوەیەکی نوێ و بە تیراژی زۆر کە بە خۆڕایی دابەشبکرێتە سەر دامودەزگاکان و بڵاوکردنەوەی لە شوێنەگشتییەکان.
٦/ هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکان بۆ گەشەدان بە چالاکییەکانیان. هەروەها کردنەوەی دامەزراوە و سەنتەر و ڕێکخراوی تر بۆ دروستکردنی دەرفەت بۆ ژنان، کچان، لاوان، قوتابیان، بۆ ئەوەی تواناکانیان گەشە بکات.

**پلانی درێژخایەن(١٠ ساڵ)**

بە مەرجی هاوکاریکردنی هەموو ئەو تاک و گروپ و لایەنانەی کە خوازیاری سیستەمێکی دادپەروەرانە و دیموکراتین لە کوردستاندا،
بە مەرجی ئەوەی کە هیچ لایەن و حیزبێ لە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بەربەست لەبەردەم هەنگاو و پرۆژەکانی سیاسەتی یەکسانیدا دانەنێت،
بە مەرجی ئەوەی کە لە سەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێز و، لە پیناوی کوردستانێکی یەکساندا خۆنەویستانە بۆ ئامانجەکانی سیاسەتی یەکسانی تێبکۆشین،
باوەڕمان وایە لە ماوەی دە ساڵدا دەکرێت بەو ئامانجانە بگەین کە لە سیاسەتی یەکسانیدا هاتووە.))

***

**سیاسەتی یەکسانی و پرۆژەی دەستووری کوردستان**

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا سیاسەتی یەکسانی یەکەمجار لە ٨ ی ئاداری ٢٠٠٥ دا لە کۆنفرانسی گوڵەوەنەوشەدا پێشکەشکرا، لە جاری دووەمیشدا بۆ تاوتوێکردنی ئەو سیاسەتە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان بە ئافرەتان و ژنان و یەکسانییەوە، لە ئەنجومەنی وەزیران "کۆنفرانسی دەستوور و یەکسانی" بە فەرمی لە لایەن "دەزگای یەکسانی"یەوە سازکرا و ئەم سیاسەتە لە لایەن هەمووانەوە دەوڵەمەند کرا و پەسەند کرا و لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردرا بۆ لیژنەی دانانی دەستووری کوردستان، کە ئەو دەم خەریکی داڕشتنی بوون، بۆ ئەوەی پرسی یەکسانی لە دەستووری کوردستاندا جێگەی شایانی بدرێتێ و لە پرۆژەکەدا جێگەی گرت. دوای ئەو دوو کۆنفرانسەش لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاردا بڵاوکرایەوە.

دەزگای یەکسانی لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا کۆمەڵی چالاکی بەرچاوی ئەنجام دا، گرنگترینیان:

- شکۆمەندانە یادکردنەوەی یادەکانی تایبەت بە ژنان وەکو ٨ی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان، هەروەها ٢٥ی نۆڤەمبەر یادی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان. لەوساوە لەناو حکومەتدا بە بەردەوامی ئەم یادە بایەخیان پێ دەدرێت. دانانی سرودێک بۆ ٨ی مارس (لە تێکستی مەهاباد قەرەداغی، ئاوازی هەڵکەوت زاهیر و گووتنی ناسری رەزازی و دڵنیا ڕەزازی)
- هاوکاریکردنی رێکخراو و سەنتەر و شەڵتەرەکانی تایبەت بە ئافرەتان لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان.
- بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵێکی سێ رۆژە بۆ مەستوورەی کوردستانی لە هەولێر بە بەشداری نووسەر و ئەدیبانی هەر چوار بەشی کوردستان و هەندێ لە نووسەرانی وڵاتانی ئەوروپا. لە هەمان رۆژدا پەردەهەڵدان لەسەر پەیکەری مەستوورەی کوردستانی کە دەزگای یەکسانی بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ئاراس دروستیان کرد و لە پارکی سامی عەبدولرەحمان دانرا.
- سازکردنی چەند کۆنفرانسێکی تری نەتەوەیی و نێونەتەوەی تایبەت بە پرسەکانی ژنان و سازدانی کۆڕی تایبەت بە پرسی یەکسانی لە وڵاتانی ئەوروپا.
- بەشدارییەکی کارای بەرپرسی دەزگای یەکسانی لە تیڤییەکان بۆ باسکردنی ناوەڕۆکی سیاسەتی یەکسانی و دیدی حکومەت بۆ ئەو پرسە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا لە زیاتر لە ٩٠ پرۆگرامدا لە تەوەری یەکسانی و پرسەکانی ژناندا قسەی کردووە.
- بایەخدان بە شانۆکاران و شانۆگەرییەکانی تایبەت بە ئافرەتان یان ئەو شانۆگەرییانەی پەوەندیداربوون بە پرس و پێگەی ئافرەتان لە کۆمەڵدا، بۆ نموونە تیپی شانۆی گەزیزە لە سلێمانی کە خاتوو گەزیزە عومەر کە یەکێک لە پێشەنگەکانی شانۆی کوردییە بەڕێوەی دەبرد، هەروەها تیپی شانۆی ئارارات کە د. فازڵ جاف وەک

دەرهێنەری شانۆگەرییەکانی بوو بایەخی زۆری بە پرسی ژن دەدا، جگە لەوەش ئەو شانۆگەرییانەی خاتوو فرمێسک مستەفا پێشکەشی دەکردن کە ئەویش خانمێکی پیشەنگە لە بواری شانۆدا.

بۆ ئەوەی لە مێژووی خەباتی یەکسانی باشووری کوردستاندا کۆششەکان بە دروستی هەڵبسەنگێندرێن و هەر بابەت و دیاردە و ڕووداوێک مافی خۆی پێ بدرێت. دەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکرێت کە "داخوازینامەی ژنی کورد" هەنگاوێکی هەوێنئاسا بوو بۆ سیاسەتی یەکسانیش و لە مێژووی ژنی کوردستاندا دەبێت ئەو هەوڵ و تێکۆشانە جێگەی شیاوی خۆی بدرێتێ چونکە نەوەکانی داهاتووش دەتوانن لێی سوودمەند بن، بۆیە لێرەدا جێگەیەکی تایبەتی دەدەین بەو داخوازینامەیە.

**پرۆژەی ژنی کورد و داخوازینامەی ژنی کورد**

"داخوازینامەی ژنی کورد" پوختەکراوەی هەموو ئەو ویست و داخوازیانە بوو کە ژنانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان و بۆ یەکسانی گەڵاڵەیان کردبوون. ئەم داخوازینامەیە لە ماوەی نێوان ٢٠٠١ تا ٢٠٠٣ دا ماوەی سێ ساڵ کاری چڕ و پڕی لەسەر کرا. ئەگەرچی سەرەتا سێ ژن دەستیان بە گەڵاڵەکردنی داخوازییەکان کرد کە بریتی بوون لە "شنە هیدایەتی"، "مەهاباد قەرەداغی" و"مونیرە موفتیزادە"، کە یەکەم و دووەمیان لەو کاتەدا دانیشتووی سوید و سێیەمیان دانیشتووی ئینگلستان بوو، بەڵام لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا لەگەڵ زۆرینەی هەرە زۆری چالاکوانان و خوازیارانی مافەکانی ژنان لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات کۆبوونەوە و تاوتوێی ئەو داخوازینامەیەیان کرد. لە کوردستان لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان لە سلیمانی و لە هەولێر کۆبوونەوە کرا و لە هەولێریش بە هەمان شێوە و ڕاوبۆچوونی هەمووان سەبارەت بە داخوانامەکە وەرگیرا و لە دارشتنەوەیدا رەچاو کرا. لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنانی دەروەی وڵات، بەشی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان، لەگەڵ پارتە سیاسییەکان و کەسایەتی ڕۆشنبیر لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان پرس و ڕا کراوە. داخوازینامەی ژنی کورد دوای بڕینی

ئەو قۆناغانە، بوو بە بەڵگەنامەیەک کە بۆ هەر بەشێکی کوردستان دەستبدات.
بە دامەزراندنی رێکخراوی"پرۆژەی ژنی کورد"وهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" داخوازینامەکە بە زمانێکی یاسای نێودەوڵەتیانە لە لایەن یاساناسێکەوە بەناوی (ئانکە ستۆک) کە لە رێکخرای پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد بوو، بە زمانی ئینگلیزی دارێژرایەوە. ئەم داخوازینامەیە لە کۆنفرانسێکدا لە خانەی لۆردەکان لە حوزەیرانی ٢٠٠٤ لە پەرلەمانی بەریتانیا راگەیەندرا لە لایەن بارۆنیس هێلینا کەنەدی کە بە ستایشەوە لە گرنگی ناوەڕۆکی داخوازینامەکە و ئەو دەستپێشخەرییەی ژنانی کورد ئەنجامیان داوە، داخوازینامەکەی بە ئامادەبووان ناساند و راگەیاند. لە کوردستانیش لە باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستاندا لە ٢٠٠٤/٧/١٢ لە ژێر چاودێری سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی، داخوازینامەکە بە ئامادەبوونی نوێنەری هەموو رێکخراوەکان، پێشکەش کرا. گەڵاڵەکەش پێشکەش بە پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا. ئەمەی خوارەوە دەقی داخوازینامەکە بوو:

**<u>داخوازینامەی ژنی کورد</u>**

*داخوازینامەبۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان لە هەرێمە کوردییەکان و ژنانی کورد لە هەندەرا ن (لەمەودوا بە د.ژ.ك ناو دەبرێت)*

پرۆژەی ژنی کورد و پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد،
لە تێبینی ئەوەی کە یاسا بناغەی دادپەروەری و یەکسانی،ئاسایشی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئابوورییەو بەرگریکاری پاراستنی مافەکانی تاکە،

لە سەر ئەو بڕوایەی کە بنچینەی سەقامگیر بۆ کۆمەڵگەی نوێ لە هەرێمە کوردییەکان، تەنها لە ڕێگەی دیموکراسی و یەکسانی دێتەئاراوە،
لە سەر ئەو بڕوایەی کە تەنها جیایی ئایین لە دەوڵەت دەتوانێ مسۆگەری کۆمەڵگەیێکی ئازاد و دیموکراتی بێت،
بەرەچاوکردنی بایەخی گۆڕین و دانان و پیادەکردنی یاسا لەسەر بنەما گەردوونییەگشتگرەکانی مافەکانی مرۆڤ لە پەیماننامەی ڕێکخراوی

نەتەوەیەکگرتووەکان، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان لە سەر مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامە، بڕیارنامە، جاڕنامە و راسپێرییە پەسەندکراوە کانی تر،
بە نیگەرانیی لەوەی کە ئایین زۆر جار کەڵکئاوەژووی لێ وەردەگیرێت بۆ مەبەستی ڕەوایەتیدان بە پێشێلکردنی مافەمسۆگەرکراوەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا و زەمینەخۆشکەری هەڵاواردنە دژ بە ژنان،
بە هۆشیاری لەوەی کە گۆڕانکاری لە ڕۆڵی نەریتی پیاوان و ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کورد و، لە ناو خێزانی کورددا پێویستییەکە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی تەواوی ژنان و پیاوان،
بە سووربوون و پێداگرتن لەسەر پیادەکردنی بەندەکانی پەیماننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژ بە ئافرەتان (CEDAW) و بانگەوازی نەهێشتنی هەموو جۆرە توندوتیژییەك دژ بە ژنان، ئێمە بەپێویستی دەزانین داخوازییەکانی ژنی کورد بۆ یەکسانی بخەینەڕوو ، بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆ هەموو ژنان لە هەرێمە کوردییەکان و لە کۆمەڵگەی کورد لە هەندەراندا،
ئەم داخوازییانەی خوارەوەمان هەیە:

**خاڵی ١:**
هەر دامودەزگایەکی یاسایی لە ناوچە کوردییەکاندا، هەموو شێوەیەکی هەڵاواردن دژ بە ژنان بەتاوان دابنێت و قەدەغەی بکات. وەك لە (CEDAW)دا هاتووە دەستەواژەی "هەڵاواردن دژ بە ژنان" بە مانای هەموو جۆرە جیاکاریی، بێبەشکردن و سنووردارکردنێکە کە پیادەدەکرێت لەسەر بنەمای توخم "جنس" کە ئاکام یان مەبەستی بێبایەخکردن یان بەتاڵکردنەوەی ئاگادارىی، بەهرەمەندیی یان توانای بەکاربردنە لە ژناندا، بێ رەچاوکردنی هاوسەردارێتی یان چۆنیەتی ژیانی جنسییان، لەسەر بنەماکانی یەکسانی پیاو و ژن، لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بواری سیاسی، ئابووری، کلتووری ، مەدەنی و بوارەکانیتر.
**خاڵی ٢**
ژنان نابێت ڕووبەڕووی هەڵاواردن ببنەوە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گشتیی لە کۆمەڵگەی کورد دا، بە تایبەتیش پێویستەبەهرەمەند بن لە:

ئا- مافی یەکسان لە بەرانبەر یاسادا، بۆ نموونە مافی یەکسان لە گەواهیداندا؛
بێ- مافی دەنگدان لە هەموو هەڵبژاردنەکان و خۆپا ڵاوتن بۆ هەموو دامودەزگا گشتییە هەڵبژێردراوەکان؛
پێ- مافی بەشداریکردن لە ناوەندەکانی بڕیاردا چ لەسەر ئاستی ناوچەیی و چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی؛ وەك پەرلەمان، حکومەت و پارتە سیاسییەکان.
تێ- مافی بەشداریکردن لە کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا؛

**خاڵی ٣**
هەموو هەوڵ و تواناکارییەك بخرێتە کار بۆ بەربەستکردن و بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە هەموو پەیوەندییەکانی خێزان و لە ژیانی هاوسەرێتی دا ، بە تایبەت:
ئا- ڕەوایەتی نەدرێت بە هاوسەرداری بە بێ ڕەزامەندی تەواوی هەردوولا و، هیچکامیان تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت؛
بێ- ئەرك و مافی یەکسان بۆ هەر دوو هاوسەر هەبێت، چ لە ماوەی پێکەوەژیانیی و، چ لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ژیانی هاوسەرێتیدا؛ بۆ نموونە مافی بەرهەمهێنانی نەوە؛
پێ- مافی یەکسان لە بڕیاردانی ئازادانە لەسەر ژمارەی منداڵ، بەدەستهێنانی زانیاری و فێربوون و ڕووناکبیریی ، بەدەستهێنانی ئامرازە سەرەکییە پێویستەکان بۆ یارمەتیدانیان لە بەکارهێنانی مافەکانیاندا؛
تێ- مافی یەکسان لە میرات و خاوەنێتی و موڵکداریدا؛
جێ- قەدەغەکردنی نەریتەکانی وەك فرەژنی، هاوسەرێتی کاتیی و مارەیی؛

**خاڵی ٤**
هەموو جۆرە هەوڵ و تواناکارییەکی پێویست بخرێتە کار بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە بواری کارکردن و دامەزراندن لە کاردا، بە تایبەت:
ئا- مافی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە کار و دامەزراندن لە کار و، مووچەو هەقدەستی یەکسان؛

بێ- قەدەغەکردنی لەکاردەرکردن لە سۆنگەی زگپڕیی یان مۆڵەتی منداڵبوون و گۆشکردنی منداڵ؛
پێ- دانانی ماوەی مۆڵەتی باوکایەتی بە مووچەوە؛
تێ- دابینکردنی کۆمەکی پێویست و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی وەك دایەنگەو باخچەی ساوایان، تا دایکان و باوکان بواری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ژیانی خێزانی و کارکردن و، هەروەها دەرفەتی بەشداریکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ بڕەخسێت؛

**خاڵی ٥**

١/ دەستەواژەی" توندوتیژی دژ بە ژنان" بە مانای هەموو جۆرە ڕەفتارێکی توندە کە لەسەر بنەمای ژێندەر پیادە دەکرێت کە دەبێتە، یان "ڕەنگە ببێتە"، هۆی زیان وئازاری سێکسی، فیزیکی و دەروونی ئافرەت. هەروەها هەڕەشەی ئەو کردەوە ئازارئامێزانە، زۆرلێکردن یان بێبەشکردن لە ئازادی چ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و چ لە ژیانی تاکییدا.

٢/ بەگەڕخستنی هەموو جۆرە هەوڵێك بۆ بنبڕکردن و بەتاواندانانی توند و تیژی دژ بە ژنان و، ڕەچاونەکردنی هیچ جۆرە داب و نەریت یان ڕێسا و ڕوانینێکی ئایینی کە بە مەبەستی خۆلادان لەم ئەرکە لە ئارادایە، بە تایبەت:
ئا- بەربەستکردن، لێکۆڵینەوە و، بە پێی یاسا هەموارەکان، تەمبێ کردنی کردەوەی توندوتیژی ئامێز دژ بە ژنان، جا ئەو کردەوانە لە تاکێکی کۆمەڵگە رووبدات، یان لە لایەن دامودەزگای حکومەتەوە بێت؛
بێ- گەشەپێدانی سزاکان بۆ تاوانی جەزایی، مەدەنی و تاوانەکانی تر لە یاساکانی ناوخۆییدا بەمەبەستی تەمبێ کردن و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، بۆ نموونە"کوشتنی ژنان بە پاساوی پاراستنی شەرەف" بە تاوانی کوشتنی بەمەبەست دابنرێت و، پەناگا و کۆمەکی پارێزگاریی بۆ ئافرەتان و منداڵەکانیان دابین بکرێت.

پێ- بنبڕکردنی هەموو جۆرە بڕیارێکی زاڵمانە، نامرۆڤانە و سوککاریی وەك بەردباران کە بە تایبەتی بەرەوڕووی ژنان دەبنەوە و پیادەدەکرێن.

**خاڵی ٦**
بەگەڕخستنی هەموو هەوڵ و توانایەك بۆ بەربەستکردنی کەڵکئاوەژووو وەرگرتنی سێکسی و بازرگانی و سەوداوامامەڵەکردن بە سێکسی ژنان و کچان.

**خاڵی ٧**
هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی پێویست بۆ بەربەستکردنی هەڵاواردن دژ بە ژنان لە بواری خوێندن و فێربوون دا بکرێت بە تایبەت:
ئا- پێدانی دەرفەت و سازکردنی هەلومەرجی یەکسان بۆ کچان و کوڕان لە بواری خوێندن و پەروەردەی پیشەییدا. پێشنیاری نۆ ساڵ خوێندنی بەزۆر و بەخۆڕایی بۆ منداڵان دەکەین؛
بێ- هەموو جۆرە بۆچوون و تێڕوانینێك کە زەمینە بۆ هەڵاواردن دەسازێنێ سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرك و مافەکانی ژنان و پیاوان لە سیستەمی پەروەردە دا نەمێنێت و، بە تایبەت پەرتووکی خوێندنی فێرگەکان دەبێت سەرلەنوی دابهێنرێنەوە و چاپبکرێنەوە بە جۆرێك کە ئەرکی مێژوویی ژنان لە کۆمەڵگەدا لە ناویاندا ڕەنگ بداتەوە.
پێ- سازاندنی دەرفەتی یەکسان بۆ ژنان بۆ ئەوەی بتوانن وەک پیاوان لە قۆناغی خوێندنی باڵادا سوود لەیارمەتییەکان وەرگرن بۆ گەشەپێدانی خۆیان؛

**خاڵی ٨**
١/ هەوڵ و تەقەلای پێویست بدرێت بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرێکی هەڵاواردن لە بواری سەرپەرشتی تەندروستی و بە مەبەستی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری لەبواری سەرپەرشتی تەندروستیدا، بۆ نموونە لەوانەدا کە پەیوەندی بە پلانی بەرنامەی خێزانەوە هەیە.
٢/ ئاکارە نەریتییەکانی وەکو خەتەنەکردنی مێینە بە پێی یاسا قەدەغە بکرێن.

**خاڵی ٩**
هەوڵ و کۆششی لێبڕاوانە بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێك لەبوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بە تایبەت:

ئا- پێدانی دەرماڵەی تایبەت بە خێزانەکان، بۆ نموونە بە ژنانی ئەنفال، منداڵان ، خێزانە ئاوارەکان و خێزانە زیانلێکەوتووەکان؛
بێ- دابینکردنی کۆمەکی تایبەت بۆ ژنان بۆ پرسەکانی تایبەت بە ڕێنومایی و ڕاوێژی یاسایی لە پەیوەندی بە هەڵاواردنی پیادەکراو دژ بە ژنان.

# پاشبەندی داخوازینامەی ژنی کورد

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی گشتی داخوازینامەی ژنی کورد کە لە نۆ خاڵ پێکهاتووە، ئەم پاشبەندە بە پێویست زانراوە و ئامادەکراوە. ئەم پاشبەندە بەپێی هەل ومەرج و گۆڕانکارییەکان لە کوردستاندا، پێداچوونەوە و زیاد کردن هەڵدەگرێت. وەك ڕوونکردنەوەیەکیش دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە لە ناو خاڵ و ژێرخاڵەکانی پاشبەندی داخوازینامەی ژنی کورد داخوازی وا هەیە کە تەنها پەیوەندیدار نییە بە ژنەوە، بەڵکە هەموو کۆمەڵگە دەگرێتەوە. ئێمە خەباتمان بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و مەدەنییە لە کوردستاندا و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو ئەو پرۆژە و پێشنیارانە دەخەینە ڕوو کە کۆمەڵگە بەرەوە ئاقاری بەمەدەنیبوون و دیموکراسی دەبات.

**بواری کەسایەتی و خێزان**
١/ لە گەواهیدان (شایەتی) دا ، لە دابەشکردنی میراتدا، لە هەڵبژاردنی هاوسەر و مافی جیابوونەوە دا ژنان و پیاوان یەکسان بن.
٢/ تەمەنی یاسایی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریی (١٨) ساڵ بێت.
٣/ قەدەغەکردنی مارەیی و شیربایی و هەمووجۆرێکی نرخدانان لەسەر ئافرەت.
٤/ لابردنی هەموو ئەو بەندە یاساییانەی کە ڕەوایەتیی بە باڵادەستی پیاو بەسەر ژنەوە دەدات.

لە دوای جیابوونەوەش دا ئەم مافانە بۆ ژنان دەستەبەر بکرێن:.
-ماڵی گوێزراوە و نەگوێزراوە لە نێوانیاندا بە یەکسانی دابەشبکرێت.
- لە ڕووی داراییەوە ژیانیان لە لایەن دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە مەیسەر بکرێ.

- لە کاتی سەرپەرەشتیکردنی منداڵدا، باوك نەفەقە بۆ هەر یەك لە منداڵەکان بدات بە دایك، دەزگاکانی کاروباری کۆمەڵایەتیش کۆمەکی دایك بکات بۆ سەرپەرشتییەکی شایستە بۆ ئەو منداڵانە.
- مافی سەرپەرەشتی منداڵ تا تەمەنی پێگەیشتن بدرێ بە دایك، بە مەرجی تەندروستی باری دەروونی و عەقڵی (بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لیژنەیەك پزیشك و دادوەری بێلایەن کە ژنیشیان تێدا بێت بڕیار بۆ دروستی یان نادروستی باری دەروونی و عەقڵی بدەن).

**بواری کۆمەڵایەتی**

١/ مافی هەڵبژاردنی هاوسەر بە دەستی تاك (کچ و کوڕ) خۆیانەوە بێت.
٢/ مافی لەباربردنی منداڵ لە دەستی ئافرەت خۆی بێت، بێگومان بە مۆڵەت و سەرپەرەشتی پزیشکی پسپۆر لەو بوارەدا.
٣/ قەدەغەکردنی  دیاردەی سۆزانێتی و لەشکڕین. هەروەها قەدەغەکردنی کرینی سێکسی ژن بە ناوی سیغە (هاوسەرێتی کاتی)  کە لە کوردستانی بندەستی ئێراندا داسەپاوە.
٤/ قەدەغەکردنی دیاردە دواکەوتووەکانی وەکو: بەزۆر بەشوودان، ژنبەژن، فرەژنی، خوێنخۆشکردن بە ژن  و گەورە بە بچووك و لە سەر لانك بە شوودان و هەموو  ئەو دیاردانەی مافی ژن پێشێل دەکەن.
٥/ قەدەغەکردنی خەتەنەی منداڵی مێینە و سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. و هەروەها هەرجۆرە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کە مافی ئینسانی ژن پێشێل دەکات.
٦/ دانانی سزای توند بۆ دەستدرێژی سێکسی  بۆ سەر ئافرەتان تەنانەت لە ژیانی هاوسەرێتیشدا.
٧/ نە هێشتنی سزای نا مرۆڤانەی "بەردباران" کردن و لابردنی یاسای "دیە" کە لە رۆژهەلاتی کوردستاندا داسەپێنراون.
٨/ ژن ناچار نەکرێت ناوی بنەماڵەیی (پاشناو یان نازناو)ی مێردەکەی هەڵبگرێت لەدوای پێك هێنانی ژیانی هاوسەرێتی. "ئەم یاسایە لە باکووری کوردستان بە سەر ئافرەتی کورد دادەسەپێت."
٩/ ئازادی سەفەر کردن وچالاکی و هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی.
١٠/ ئازادی جل و بەرگ پۆشین.

**بواری پەروەردەیی**

١/ سەپاندنی یاسای نۆ ساڵ خوێندنی بەزۆر و بە خۆڕایی بۆ هەموو منداڵانی کوردستان.

٢/ زمانی خویندن لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستان بە کوردی بێت.

٣/ ڕەچاوکردنی یەکسانی نێر و مێ لە بەرنامەی کتێب و میتۆدەکانی فێرکردندا.

٤/ گۆڕینی ئەو میتودی پەروەردەیەی کەڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوون و نیازەکانی دەوڵەتی سەردەستن، بە میتودێکی تری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کوردستانی ئازاد و بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتییەکی ئازادی مرۆڤی کورد.

٥/ گۆڕینی میتۆدی یەکجۆری بە میتودی فرەجۆری لە بواری فێرکردن و فێربووندا، سودوەرگرتن لە میتودە پەروەردەییە جۆراجۆرەکانی جیهان بۆ دروستکردنی کەسایەتی سەربەخۆ و ئازاد و پشتبەخۆبەستوو لە خوێندکار.

٦/ نەهێشتنی دیاردەی نەخوێندەواری لە رێزی ئافرەتان دا.

٧/ وەك ئەرکێکی دامودەزگاکانی حکومەت، بوار رەخساندن و هاندانی ژنانی سەرکەوتووی زانکۆکان بۆ خوێندنی باڵا. هەروەها ناردنیان بۆ زانکۆکانی جیهان بە مەبەستی گەشەدان بە توانا زانستییەکانیان.

- دابینکردنی تواناکاری ئابووری بۆ هەموو قوتابییەك لە قۆناغەکانی خوێندنی ئامادەیی و خوێندنی باڵا.
- دابینکردنی تواناکاری ئابووری و بەشی ناوخۆیی بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە شارەکان و گوندەکانی ترەوە روو لە زانکۆکان دەکەن.
- دابینکردنی تواناکاری زانستی، وەك کتێبخانەی دەوڵەمەند و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

٨/ کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە مێژووی ژنان و خەباتی فێمینیستی لە زانکۆکانی کوردستاندا.

٩/ زۆرکردنی ژمارەی دایەنگە و باخچەی ساوایان و باخچەی منداڵان، لە پێناوی گەشەدان بە کەسایەتی منداڵ و رەخساندنی بواری زیاتر بۆ دایکان بۆبەشداری لەکاری بەرهەمهێنان و چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگە.

- وەرگرتنی منداڵی یەك تا شەش ساڵ بە مەرجی کارکردنی دایك و باوك.
- کاتی مانەوەی منداڵ لە باخچەی ساوایان بە پێی کاتی کارکردنی دایك و باوك بێت.
- دابینکردنی تەواوی پێویستییەکانی منداڵ لە باخچەدا.

- وەرگرتنی منداڵ لە باخچەدا بۆ چەند سەعاتێك بە بێ مەرجی کاری دایك و باوك بۆ ڕاهێنان و فێرکردن.
١٠/ کردنەوەی سەنتەری تایبەت بۆ تەندروستی و سەرپەرشتی و بارهێنانی منداڵانی کەمئەندام.

**بواری ئابووری**

١/ دابینکردنی کار بۆ ژنان و پیاوان بە بێ هەڵاواردن. مووچە و حەقدەستی یەکسان بۆ کاری هاوسان لەو یاسایانەدا دەستنیشان بکرێت.
٢/ بیمەی بێکاری بۆ هەر کرێکار و مووچەخۆر و فەرمانبەرێك کە دوای ماوەی ساڵێك کارکردن بێکار دەمێننەوە.
٣/ ژینگەی کارەکان تەندروست بن و هەر کارێکی زیان بە تەندروستی دەگەیەنێ قەدەغەبکرێ.
٤/ قەدەغەکردنی کەڵك ئاوەژوو وەر گرتن (سووئیستیفادە) لە هێزی کاری ژن و منداڵ لە لایەن خاوەنکارەکانەوە.
٥/ مەرجی بەڵێننامەی کارلەکاتێك دا کاری ئازاد دەکرێت لەنێوان کرێکارو خاوەنکاردا دا بنرێت، لەو بەڵێننامەیەدا هەموو مافێکی وەکو بیمەی بێکاری، بیمەی نەخۆشی و مووچەی خانەنشینی دەستنیشان بکرێت.
٧/ ژینگەی تەندروست بۆ کرێکار و فەرمانبەر، بەتایبەتی بۆ ژنان لەقۆناغی دووگیان(سکپڕ)یدا دەستەبەر بکرێت.
٨/ مۆڵەتی منداڵبوون و گۆشکردنی منداڵ بە مووچەی تەواوەوە بۆ ماوەی ساڵێك بۆ دایك قبوڵ بکرێت.
٩/ مۆڵەتی شەش مانگ بە مووچەی تەواو بۆ باوك بۆ سەرپەرشتی منداڵ دابنرێت.
١٠/ قەدەغەکردنی کاری منداڵی ژێر تەمەنی هەژدەساڵ، بەرامبەر بەمەش دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی لەڕووی ئابوورییەوە.
١١/ یارمەتیدانی کەمئەندامان لەڕووی ئابووری وتەندروستیەوە و هەوڵدان بۆچالاککردنەوەی ڕۆڵ وکاریگەریان لەناوکۆمەلدا.

- دانانی پلان بۆ سوودوەرگرتن لەهێزوبەرهەمی کەمئەندامانی وەکو: نابیناکان، گوێگرانەکان، لاڵەکان، شەلەکان، گۆجەکان و کەمئەندامی جەستەیی تر لە ڕێگەی کارێکی گونجاو لەگەڵ کەمئەندامێتی ئەوان دا.

- کردنەوەی خانەی سەرپەرەشتی و تەندروستی بۆ ئەوانەی لە ڕووی عەقڵییەوە دواکەوتوون.
- دانانی سەرپەرەشتی و بەرنامەی چارەسەری بۆ ئەوانەی لە ڕووی دەروونییەوە ئاڵۆز و پەشێون.

١٢/ دابینکردنی مووچە و بژێوی بۆ: ژنانی ئەنفال و منداڵەکانیان، خێزانە شەهیدەکان، خێزانە ئاوارەکان کە لە هەر شوێنێکی کوردستان و بە هەر شێوەیەك ئاوارە کراون.

- دابینکردنی کاری شایستە بۆ ژنانی ئەنفال و هەمووی ئەو ژنانەی کە لە هەر شوێنێکی کوردستان و بە هەر شێوەیەك ئاوارە کراون.
- یارمەتیدانی ئابووری ئەو ژنانەی لەبەر هەر هۆیەك ناتوانن کار بکەن.
- دابینکردنی خانوو، ناوماڵ و پێویستییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان بۆیان.

١٣/ کردنەوەی سەنتەری یاسایی بۆ ڕێنومایی ئەو ئافرەتانەی کە تووشی کێشەی ئابووری دەبن.
١٤/ مافی مووچەی خانەنشینی
- مووچەی خانەنشینی لەتەمەنی ٥٠ ساڵیدا، یان هەرتەمەنێك کەلەگەڵ ناوەندی تەمەن لەکوردستاندا بەگونجاودادەنرێت.
- خانەنشینکردنی پێش وەخت لە کاتی پێویستییەکی تەندروستی فیزیکی یان دەروونی دا.
- زیادەیەك لە کاتی هەبوونی منداڵی ژێر تەمەنی ١٠ ساڵ بۆ سەر مووچەی خانەنشینی.
- زیادەیەك لە کاتی هەبوونی زیاتر لە سێ منداڵی تەمەنی قوتابخانە.

**بواری سیاسی**
١/ زەمینەسازی بۆ بەشداری ژنان بە ڕێژەیەکی یەکسان لە ناوەندە بڕیاردەرەکاندا ،
- لە سەر کردایەتی پارتەکاندا.

- لە پەرلەماندا.
- لە دەسەڵات و لە بەرێوەبەرایەتی داموودەزگا دەوڵەتییەکاندا.
- لە رێکخراوە پیشەیی و کلتوورییەکاندا.

٢/ بەشدارکردنی ئافرەتان لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسە چارەنووس سازەکاندا لەئاستی ناوخۆی کوردستان و لە ئاستی جیهانیشدا.
- هەبوونی ژن لەگەڵ ئەو وەفدانەی کە دەنێردرێنە وڵاتان بۆ ڕایکردنی کارێکی سیاسی.
- هەبوونی ژن لە کاتی پێشوازی و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو وەفد و رێکخراوانەی کە دێنە کوردستان.

٣/ بایەخدان و کۆمەککردنی رێکخراوەکانی ژنان و ڕاوەرگرتنیان لەو پرسانەی کە تایبەتن بە ئافرەتانەوە.
٤/ ئازادی بیر و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و ئازادی چالاکی سیاسی لە دەستووری بنچینەییدا جێ بگرێ.
٥/ ئازاد کردنی زیندانییە سیاسییەکان.
٦/ هەڵگرتنی یاسای سزای کوشتن (ئێعدام).
٧/ قەدەغەکردنی کوشتن و تیرۆر کردنی بێ یاسایانە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە.
٨/ هەوڵی داسەپاندنی کلتووری ئاشتی لە رێگەی ماسمیدیای کوردی بدرێ.

## توندوتیژی دژ بە ژنان و چۆنێتی رووبەڕووبوونەوەی

### ئا ـ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

١/ کوشتنی ئافرەتان بە پاساوی "نامووس پەرەستی" بە تاوان دابنرێت و ئەنجامدەری بە تاوانی کوشتنی بەمەبەست سزا بدرێت.

٢/ قەدەغەکردنی لێدانی ژنان و کچان بە مەبەستی تەمبێکردن لە ناو خێزاندا و لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت بە پیاو و ژنەوە.

٣/ توندوتیژی "وتار" دەگەڵ ئافرەتدا، وەك جنێودان ، سوكایەتی ، شكاندنی كەسایەتی و هتد لە خێزاندا، لە قوتابخانەدا، لە كۆمەڵگە و دامودەزگاكاندا قەدەغە بكرێت.

٤/ قەدەغەكردنی دەستدرێژی سێكسی بۆ سەر ئافرەتان لە شوێنی كار و ماڵ و و شوێنە گشتیەكان و ناچار كردنی ژن لە لایەن مێردەوە بۆ سێكس كردن بە جۆرێك لە جۆرەكانی توندوتیژی دابنرێ.

**ب ـ پێشنیار بۆ چاكسازی و كەمكردنەوەی ئاكامەكانی توندوتیژی**

١/ پەیامەكانی دەزگاكانی راگەیاندنی كوردی بە ئاقاری یەكسانیخوازی و رێزگرتن لە مافی ژنان ئاراستە بكرێن .

- قەدەغەكردنی هەر جۆرە هەڵاواردنێك لە نووسراوە رەسمییەكانی دەزگاكانی دەوڵەت و لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێت).
- بێ لایەنكردنەوە و ئاساییكردنەوەی پەیامەكانی ماسمیدیای كوردی.

٢/ كردنەوەی بنكەی تایبەت بۆ چاودێری و پاراستنی ئەو ئافرەتانەی كە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. لەو بنكانەدا تۆێژەرەوەی كۆمەڵایەتی و دەروونناس و یاساكاران، بەمەبەستی یارمەتیدان و چارەسەركردنی كێشە و گرفتەكانی ئەو ژنانە، كار بكەن.

٣/ بنكەی تایبەت بە هوشیار كردنەوەی هاوڵاتی لە مافەكانی و لە چۆنێتی بەربەستكردنی توندوتیژی و دروستكردنی ڕایەكی گشتی دژ بە توندوتیژی دروست بكرێن. لەو بنكانەوە تیمی گەڕۆك سەردانی قوتابخانەكان، زانكۆكان، ڕێكخراوە پیشەییەكان و هتد لە هەموو شار و شارۆچكە ولادێكاندا بكەن.

***

# کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنی کورد لە ستۆکهۆڵم

یەکێکی تر لەو کارانەی کە دەنگدانەوەیەکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی هەبوو، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنی کورد بوو لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید لە رۆژانی ٩ و ١٠ی نیسانی ٢٠٠٥دا ئەنجام درا. ئەو کۆنفرانسە رێکخراوی "پرۆژەی ژنی کورد" بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی کوردستان هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، سازدرا.

دروشمی سەرەکی کۆنفرانسەکە "ڕۆڵی ژنی کوردستان لە بناتنانی کۆمەڵێکی سڤیلدا" بوو، کە دوو رۆژی خایاند و بە بەشداری زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە نوێنەرانی رێکخراوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و دیاسپۆرا و هەندێ میوانی سوێدی کە ئەندام پەرلەمانی ئەو وڵاتە بوون، بەڕێوە چوو. کۆنفرانسەکە ژنێک وەک نوێنەری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کردیەوە کە لە کوردستانەوە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە بانگهێش کرابوو، بە باسکردنی چیرۆکی سامناکی ئەنفالکردنیان و چۆنێتی بردنیان بۆ زیندانەکانی خوارووی عێراق، بەشداربووانی سەرسام کرد. سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کوردستان وتاری دەستپێکی لەو کۆنفرانسەدا هەبوو، ئەو وتارە یەکەمین وتاری نێچیرڤان بارزانی بوو کە بە ڕاشکاوی و شێلگیرانە لە مەسەلەی یەکسانی بدوێت و پابەندێتی خۆی بە پرسی یەکسانی و ئامادەیی بۆ پەیڕەویکردنی سیاسەتی یەکسانی دەرببڕێت. وتارەکە نوێنەری حکومەتی کوردستان لە سوید"تاها بەرواری" لەبری سەرۆک وەزیران پێشکەشی کرد. لەبەر گرنگی ناوەڕۆکی ئەو وتارە، پێویستە بۆ مێژوو لێرەشدا تۆماری بکەین[٥٥]:

**وتاری نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنی کورد**

((بەڕێزان بەشداربووانی کۆنفرانس

سەرەتا دەمەوێت گەلێک سوپاستان بکەم بۆ ئەم دەسپێشخەرییەتان.

ئێمە لە کوردستان بەرەو گۆڕانکاری گەورە دەچین، لە گشت بوارەکاندا. دۆزی ئافرەت یان ژنان بەشێکی مەزن دەبێت لەو گۆڕانکارییانەدا. کاری

[٥٥] ئەم وتارە لە نامیلکەی سیاسەتی یەکسانی حکومەتی کوردستان ل ٦-١٠ بڵاوکراوەتەوە.

سەرەکی سیاسی ئێمە ئەوە دەبێت کە تا چ ڕادەیەک خۆمان بۆ ئەم گۆڕانکارییانە ئامادە بکەین. من پێم وایە سەرکەوتنی داهاتووی ئێمە لە دەستی یەک دوو کەس و سێکەسدا نییە، بەڵکو سەرکەوتنی ئێمە لەوەدا خۆ دەخاتە بەرچاو کە توانای نەتەوەیی چۆن بەکار دەهێنین، چۆن هاوکاری دەکەین و بۆ چ مەبەستێک و لە پێناوی چ بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی و گشتیدا، دەیانخەینە گەڕ. ئێمە ئێستا بەرەو قۆناغێک دەچێن کە لەوەوبەر تەنها خەونمان پێوە بینیوە.

لە مێژووی ژیانی سیاسی چەندین سەدەی رابردوومانندا، بڕیار سیاسی لە سەر "مانەوە و مردن"، "ئاوەدانکردنەوە و وێرانکردن"، "لێخۆشبوون و دەربەدەرکردن"ی ئێمە لە دەستی داگیرکەرانی ئێمە بووە. ئافرەتانی ئێمە لە هەمووومان زێدەتر تووشی دەردەسەری، هەڵهاتن،بارگرانی، خەم و پەژارە بوون. ئێستا ئێمە لە سەرەتای قۆناغێکداین کە دەسەڵاتی بڕیاری سیاسی لە دەستی هێزی کوردی و کوردستانیدایە.

لە چەندین ساڵی داهاتوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان، هەر هەموویان پێویستیان بە بیرکردنەوەی نوێ دەبێت. بیرکردنەوەیەکی نوێی ئەوتۆ کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی ئێستاماندا بگونجێت و شیاوی جێبەجێکردن بێت. توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەمەلایەنی هەبێت و لە هەمان کاتدا سوودی سەرەکی بۆ ئافرەتانی کوردستان هەبێت. بیرکردنەوەی دوور لە کاری توونڕەوی، هێرشکردنی سەر هەموو لایەک و لە هەمان کاتدا.
من پیم وایە ئێمە دەبیت بە شێوەیەکی زانستییانە لە هۆکارەکانی چەوساندنەوە و دواکەوتنی ئافرەتانی کوردستان بکۆڵینەوە، تا بزانین ئەو فاکتەرانە چین کاری نێگەتیڤ دەکەنە سەر رەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئافرەتان. ئەگەر خاوەن دەسەڵاتان لە کوردستاندا شارەزاییەکی تەواویان لەسەر ئەو فاکتەرانە هەبێت، داڕشتنی پڕۆگرامی سیاسی و ئیداری سەرتاسەریی بۆ ئەو کارە گرنگە باشتر زامن دەکرێت، چونکە کورستان لە ساڵانی داهاتوودا دەبێتە خاوەنی ئابووری خۆی. بەرنامەرێژی بۆ شارەکان، بۆ گوندەکان، بۆ منداڵان، لاوان، ئافرەتانی کارای خاوەن خواست بۆ داڕشتنی پاشەڕۆژی خۆی و خێزانی، بۆ خانەنشینان، بۆ ئافرەتانی

پەککەوتە، بۆ خاوەنی شەهیدان، ئەرکی سەرشانی حکومەت و دەزگاکانی و فەرمانبەرانی دەبێت.

من پێم وایە لە پرۆسەیەکی ئاوادا، نە نوێنەرانی حکومەت، نە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، نە رێکخراوەکانی ئافرەتان، نە هێزەکانی دیموکراتیخواز کە بیانەوێت دەستی یارمەتی بۆ کوردستان درێژ بکەن، دەتوانن لە بەرپرسیارێتی خۆیان دەرباز بکەن.

بە بۆچوونی ئێمە، دیاریکردنی گیروگرفتەکان تەنها هەنگاوی یەکەمە لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا. ئێمە دەبێت زۆر شتمان لا روون بێتەوە پێش ئەوەی دەست بە کارێکی ئاوا گرنگ بکەین. ئێمە دەبێت بزانین چۆن و لە چ قۆناغێکدا، بە هاوکاری لەگەڵ چ هێزێکدا دەتوانین هەنگاوێک بنێین کە بمانگەیەنێتە ئەو ئامانجەی ئێمە کاری بۆ دەکەین.

ئێمە پێویستە فێر ببین چۆن کار بکەین بۆ ئەوەی رێژەی ئافرەت لە بڕیاری سیاسیدا بەهێز بکەین. چۆن قانوونەکانمان بگۆڕین بە شێوەیەک لەگەڵ هەلومەرجی نوێی بەدیموکراتیکردنی کوردستاندا بگونجێت. چۆن بتوانین جێی ئافرەت لە ماڵدا، لە بڕیار دەربارەی خوێندن و شووکردن و منداڵبوون، کاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەهێز بکەین. ئێمە دەمانەوێت لامان ئاشکرا بێت کە چ هەنگاوێکی بەرجەستە پێویستە بۆ کارکردن لە دژی پەراوێزکردنی ئافرەتانی کوردستاندا. چۆن دەبێت بەرنامە دابڕێژین بۆ ئەوەی بڕیاری ئیجابی سیاسی و قانوونی و ئیداری لە ژیانی رۆژانەدا جێبەجێ بکرێن. ئێمە دەمانەوێت توانای ئافرەتانی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دیاری بکەین، بەکاری بهێنین و هەلومەرجی گونجاوی بۆ بڕەخسێنن.

بۆ ئەمانە و گەلی کاری تر، رێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان دەتوانن نە تەنها ئەزموونی ئیجابی و سلبی دراوسێکانمان فێر بین، بەڵکو وڵاتانی دوور لە ئێمەش دەتوانن زۆر کارمان بۆ ئاسان بکەنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە بڕیاری ئێوە بۆ کۆکردنەوەی ئافرەتانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان لە وڵاتێکی وەک سوێد دا جێی خۆشحاڵی ئێمەیە.

ئێمە لەم قۆناغە ناسکەی کوردستاندا چاوەڕوانیمان زۆرە لە کاری ئەم کۆنفرانسە. دەمانەوێت لە رێی ئەو کار و چالاکییانەی ئێوەوە بگەینە ئەو بڕیارانەی کە کۆمەکی ئێمە دەکەن لە بەهێزکردنی مافی ئافرەت، مافی مرۆڤ، ئازادی بیروڕادەربڕین، هاوکاری یەکتری کردن،ریفۆرمی قانوونی، بەهیزکردنی دادگا و دەستوور و پۆلیس، بەڵام دوور لە توندوتیژی و شەڕی ئایدۆلۆژی.

لەم قۆناغە ناسکەی کوردستاندا، ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە چەندین مانگی داهاتوودا، ئێمە ڕووبەڕووی گرفتی گەورە دەبین لەگەڵ ئەو هێزە سیاسییانەی تازە لە عێراقدا دێنە سەر حوکم. ئەگەر بە هۆشیاری هەڵسوکەوت نەکەین، ئەگەر هەموو هەنگاوەکانمان هاوئاهەنگ نەبن و خواست و پشتگیری بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانی لە پشت نەبێت، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئێمە بەشێکی زۆر لە دەستکەوتەکانمان لەدەست بدەین.

ئا لەم قۆناغەدا دەبێت ئێوە هەوڵ بدەن هێزی دیموکراتخوازان خەباتی سەختی ئێمە لەبیرنەکەن، لە کاری هەرە پێویستماندا پشت لە ئێمە نەکەن.لە کاتی هاوارماندا بۆ پشتگیری گوێی خۆیان نەگرن. لەکاتی هەڵهاتنماندا چاوی خۆیان نەبەستن.
من ئەم قسانە بۆیە دەکەم، چونکە ئێمە لە ژیانی خۆماندا ئەم جۆرە هەڵوێستانەمان دیووە. خەونی هەرە مەزنی کوردستان و کورد ئەوەیە کە ئێمە جارێکی تر ئەو جۆرە هەڵوێستانە نەبینین. کاری مەزنی ئێمە دەبێت ئەوە بێت پێکەوە و بە تەبایی، بە کۆمەڵ و پشتگیری هێزی دیموکراتخوازان کوردستانێک ئاوەدان بکەینەوە کە ببێتە جێگەی شانازی هەمووومان، کە ئافرەتانی کوردستان بە بێ ترس بتوانن دەوری سەرەکی خۆیان بە شانازییەوە ببینن. چاوەڕوانی ئێستای ئێمە با ئەوە بێت کە جەندساڵیکی دیکە، کۆنفرانسێک لە کوردستان ساز بکەین تا بزانین چیمان کردووە، چەند هاوکاری یەکتر بووین، جەند خاڵمان لە پرۆگرامی چاکسازیمان بۆ یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاو ئەنجام داوە، چ هیزێکی دیموکراتخواز لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بەشداری فیعلییان کردووە.

لە کۆتاییدا جارێکی تر هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و پشتگیری خۆم و حکومەتی هەرێمی کوردستانتان بۆ دووبارە دەکەمەوە لەم کارە گرنگەتاندا. سەرکەوتنی ئێوە لەم کارە پیرۆزەدا، دەبێتە یارمەتییەکی دیار و ئاشکرای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دارشتنی سیاسەتێکی گونجاو،سیاسەتێکی نوێ، سیاسەتێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ کوردستان و سەردەمی ئێستاماندا، چونکە دۆزی ئافرەت وەک ژینگە وایە، سنوور ناناسێت. دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ دۆزی ئافرەتانی کوردستان سنووربەزاندنی پێویستە. هیوادارین ئەمکارەی ئێوە سەرەتای ئەو سنووربەزاندنە بێت کە بەرەو سیاسەتێکی ڕاست و گونجاومان ببات.
نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ ٩ینیسانی ٢٠٠٥))

**گفتوگۆ و تێڕامان:**
هەموو ئەم دیکۆمینتانەی کە لە سەرەوە هاتوون پڕ بایەخن بۆ مێژووی ژنی کوردستان و نەوەکانی داهاتوویش دەتوانن لێی سوود مەند بن. پرسی یەکسانی وەک پرسی دیموکراسی و وەکو پرسی کورد، هەموویان لەو پرسانەن کاری گیانبازانە، لەخۆبووردوویی و هەرەوەزی کۆمەڵی پێویستە بە پیاوان و ژنانەوە. سیاسەتی یەکسانی، داخوازینامەی ژنی کورد و پاشبەندەکەی، ستراتیژی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی و هەر بەڵگەنامە و دیکۆمێنتێکی تر کە هەن، خاوەندارێتییان دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی رزگاریخوازی ژنان لە کوردستاندا. هیچ یەکێک لەو هەوڵانە بە بێ دەیان کۆبوونەوە و کۆنفرانس نەکراون، کە سەدان کەس بیروڕایان لەبارەیانەوە دەربڕیوە و گۆریوەتەوە، بۆیە ئەوانە دەبنە موڵکی گشتی، ئەگەرچی لەسەرەتاشەوە کەسێک یان چەند کەسێک دەستپێشخەرییان کردبێت لە ئەنجامدانیدا، یان پێشنیاریان کردبێت بۆ لایەنێکی پەیوەندیدار.

هەڵبەتە، هەموو ئەو دیکۆمێنتانەش بە سیاسەتی یەکسانیشەوە، تا ئەم کاتەی ئەم وشانەی تێدا دەنووسم، ئەگەرچی کاری زۆری بۆ کرا و سەرۆک وەزیرانیش پشتیوانی هەموو ئەو کار و پرۆژانە بوو، بەڵام برێکی کەمی جێبەجێ بوون و برێکی زۆری ماون و رێگاکە هەر لە پێشە و نەوەی داهاتووش دەبێ بۆیان تێبکۆشێت.

ئێمە لە سەرەتاوە ئاماژەمان بە خەباتی دووسەدساڵەی رۆژئاوا کرد، کە چۆن بۆ نمونە لە ئەمەریکا دوای سەد ساڵ خەبات، ئینجا ژنان توانیان مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی ژنان بۆ پەرلەمان دەستەبەر بکەن. لە کۆمەڵێکی وەکو هی کوردستاندا کە سیستەمی بابسالاری لە لوتکەی هێزودەسەڵاتی خۆیدایە، نەک تەنها ئاستەنگی یەکجار زۆر و راستەقینە هەیە لەبەردەم ژناندا بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە کە لە داخوازینامەی ژنی کورد دا تۆمار کراون، بەڵکو مەترسی راستەقینەش لە سەر ژیانی خەباتکارانی پرسی یەکسانی، هەیە.

سیاسەتی یەکسانی ئەگەرچی سوودی بۆ هەموو کۆمەڵی کوردستان هەیە و شتێک نییە بەرهەمەکەی تەنها بۆ کەسێک یان بۆ گروپێک یان بۆ حیزبێک بێت، بەڵام چونکە لەو کاتەدا کە سیاسەتەکەی تێدا راگەیەندرا حکومەتی کوردستان دوو ئیدارەیی بوو، ئەمیش لە ئیدارەی هەولێرەوە راگەیەندرا، دژایەتییەکی سەرسەختانەی کرا.

سیاسەتی یەکسانی وەکو هزر هەر مایەوە و لە کاروچالاکییەکانی ساڵانی دواتریشدا و تا ئێستاش کە ئەم وشانەی تێدا دەنووسرێن درێژەی هەیە. ئەوانەی کە دواتر لەناو حکومەتدا لەم بوارەدا کاریان کرد، ئەگەرچی ناوی ئەم سیاسەتە ناهێنن، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە ئەوانیش دەیدەن هەر درێژکراوەی ئەو سیاسەتەیە، بەڵام بە دارشتنی خۆیان. هەڵبەتە هەموو هەوڵەکان بۆ یەک ئامانجن و گرنگە تەواوکەری یەکتر بن. مەخابن لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کار و پرۆژەکانی هەر کابینەیەک لە لایەن کابینەکەی دوای خۆیەوە تەواو ناکرێت، بەڵکو فەرامۆش دەکرێت و سەرۆکوەزیرانی نوێ و وەزیرە نوێیەکان لە سفرەوە دەست پێدەکەنەوە. ئەمەش دۆخێک دروست دەکات لە جیاتی بەرەوپێشەوەچوون بە هەنگاوی هاوشێوە لە هەمان رێگا بەرەو ئامانجەکان، هەر چەند ساڵ جارێک لە خاڵی سفرەوە دەست پێدەکرێتەوە و لە بازنەی بەتاڵدا دەسوڕێنەوە.

ئەگەر سەرنجی وتارەکەی سەرۆک وەزیران بدرێت کە لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ستۆکهۆڵم پێشکەش کراوە لە نیسانی ٢٠٠٥ دا، هەست بەوە دەکەیت لە سەرەتای خۆئامادەکارییەکی پەرۆشانەدایە بۆ کارکردن لەسەر

پرسی یەکسانی و داخوازی ئەوە لە هەموو ڕێکخراوەکان دەکات بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری حکومەت بن و سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دراوسێ و دووریش وەربگیرێت. هەروەها لە وتارەکەدا مەترسی ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە لە عێراقدا هێزگەلێکی کۆنەپەرست لە مەیداندان ئاسان نییە هەڵکردن لەگەڵیاندا و ئەگەر بە هەستیاری و هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا نەکرێت مەترسی ڕاستەقینەن بەسەر خەڵکی کوردستانەوە. ئەو مەترسییەی لەو وتارەدا لە ساڵی ٢٠٠٥ خراوەتە ڕوو، بە کردەوە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە هاتووەتەدی و حکومەتی عێراق بودجەی خەڵکی کوردستانی بڕی و مەبەستی بوو بە سیاسەتی برسیکردن کورد بکاتە کۆیلەی خۆی.

***

# قۆناغی چوارەم:"یەکگرتنەوە" (٢٠٠٦ تا ٢٠٠٩)

**پێگەی ژن لە خولی دووەمی پەرلەمان و کابینەی پێنجەمی حکومەت**

وەک لە بەشی پێشوودا بە ڕاشکاوی تیشکمان خستە سەر دەستپێکی کار بۆ یەکسانی کە لە کۆتا ساڵی کاری کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. لە کابینەی چوارەمدا هێشتا کوردستان بە دوو ئیدارە بەڕێوە دەبرا و کاری هاوبەش لە نێوان ئەو دوو ئیدارەیەدا زۆر سەخت بوو لە هەموو بوارەکاندا، نەخاسمە پرسی ژن کە جگە لە ئاستەنگی سیاسی، دەیان ئاستەنگی کۆمەڵایەتیشی لە پێشدا بوو.

لەدوای شەڕی ناوخۆ و دابڕانی دە ساڵی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە ناوبژیوانی مادلین ئۆلبراییت وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لە نێوانیاندا مۆرکرا و تەنانەت بڕیاریشیان دا بۆ ماوەی پانزەساڵ لە پەرلەمان و حکومەتدا هاوبەش بن و ئەم پلانە ستراتیژییەش لەساڵی ٢٠٠٦، لەخولی دووەمی پەرلەمان و کابینەی پێنجەمی حکومەتدا پیادە کرا.

خولی دووەمی پەرلەمان (٢٠٠٥-٢٠٠٩) هەردوو حیزب پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە لیستی هاوبەش دابەزین بە ناوی "لیستی یەکێتی دیموکراتی کوردستان". ژمارەی کوسییەکانی پەرلەمان لەو خولەدا بۆ ١١١ کورسی زیاد کرا.
لە ئاکامی پرۆسەی هەڵبژاردندا ئەم لیستە ٨٩،٥٥%ی دەنگەکانی دەنگدەرانی کوردستانی بەدەست هێنا کە دەیکردە ١٠٤ کورسی، لیستی ئیسلامییەکان ٦ کورسی و هی سەربەخۆکان و زەحمەتکێشانیش پێکەوە ١ کورسییان بەدەست هێنا. پارتی و یەکێتی وەک زۆرینەی رەها پێکەوە حکومەتیان پێکهێنا و حیزبەکانی تری پەرلەمانیش لە حکومەتدا هاوبەش بوون و حکومەتێکی بێ بەرهەڵستکار دروست بوو. کابینەی پێنجەم کە ناوی نرا کابینەی یەکگرتنەوە (هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر)، بە نێچیرڤان بارزانی سپێردرا و جێگرەکەشی دەبوایە یەکێتی بێت و بە عومەر فەتاح سپێردرا. ئەم کابینەیە لە زۆر ڕووەوە نائاسایی بوو، بەڵام لە هەمووشی نائاسایتر ئەوە بوو لە ٤٢ وەزیر پێکهاتبوو، کە ٩ یان وەزیری هەرێم بوون و ٣٣شیان جانتای وەزارەتیان پێ درا، جگە لە چوار دەزگای تر کە بەرپرسەکانیان بە پلەی وەزیر دانران. کۆی وەزیرەکان ٤٦ کەس بوو، کە ئەمە بۆ هەرێمێکی بچووکی سێ پارێزگایی، سەیر و نامۆ بوو!

پێگەی ژن لە خولی دووەمی پەرلەماندا گۆڕانی بەسەر هات. بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا پێشڤەچوونی بەخۆیەوە دیبوو. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کە ڕژێمی بەعس لە عێراق بۆ یەکجاری لابرا و ئەمریکییەکان حاکمێکی سەربازییان وەک حوکمڕان دانا کە ناوی برێمەر بوو، هەر لەو ساڵەدا دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق دانرا و لەو دەستوورەدا سیستەمی کۆتا بۆ ژنان و بۆ پێکهاتەی کەمایەتییە ئیتنیکییەکان دانرا.

سەبارەت بە ژنان لە سیستەمی کۆتادا ٢٥%ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ دانرا و ئەم دەستوورە لە کوردستانیشدا برەودار بوو، بۆیە لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ دا ٢٥% ی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئافرەتان تەرخان و مسۆگەر کران. هەموو ئەو لیستانەی کە بەشداری هەڵبژاردن بوون دەبوایە مەرجی کۆتای ژنان پەیڕەوی بکەن، واتە دوای هەر سێ ناوی پیاو لە لیستەکەدا دەبوایە یەک ئافرەت هەبێت.

ئەم ئەزموونە نوێیە ئەگەرچی دەرفەتێکی باشی بۆ ئافرەتان هێنایە کایەوە کە بتوانن بەشداری کرداری بن لە ناوەندێکی گرنگی وەک بڕیاردان و بە کرداریش پەرلەمان ٢٥ %ی کورسییەکانی بۆ ژنان تەرخان کرد، بەڵام کورسییەکانی ژنان نەیانتوانی زۆر کاریگەری لەسەر رەوشی ژنان و بەرەوپێشەوەبردنی دابنێن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

<u>**یەکەم:**</u> بەشێکی زۆری ئەو ئافرەتانەی کە لە لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتیدا دانران بریتی بوون لەو کەسانەی کە یان خزم و کەسوکاری سەرکردەکانی هەردوو حیزب بوون، یان ژنانی سەر بە پیاوانی خێڵ و عەشیرەتەکان کە بەو مەرجە دەنگەکانی خۆیان بە حیزبەکان دەدا، یانیش ژنانێکی گوێڕایەڵی تەواو بۆ سیستەمی پیاوسالاری حیزبەکان. (مەحسوبیەت و مەنسوبیەت) پێوەری بوون بە ئەندامی پەرلەمان بوو لەو خولەدا.

<u>**دووەم:**</u> لیستەکانی پەرلەمان داخراو بوون و دەنگدەر راستەوخۆ کەسەکانی هەڵنەدەبژارد بەڵکو دەنگی بە تەواوی لیستەکە دەدا، واتە دەنگی بە حیزبەکە دەدا و ئەمەش وای دەکرد بە پێی ریزبەندی هەموو ئەو ئەندامانەی کە لە لیستەکاندا لە پێشتر دانراون دەربچن بە بێ ئەوەی کارامەیی و شایستەییان هەڵبسەنگێندرێت لە لایەن خەڵکی دەنگدەرەوە.

<u>**سێیەم:**</u> (مەحسوبیەت و مەنسوبیەت) نەک تەنها بۆ ئافرەتەکان، بەڵکو بۆ پیاوانیش لەو خولەی پەرلەماندا دانرا. نە بروانامە، نە ئەزموون و لێزانی، نە تەمەن پێوەر نەبوون بۆ کاندیدەکان، بۆیە لە ڕووی جۆرەوە پەرلەمانێکی ئاستبەرز و چالاک دروست نەبوو، بەڵکو کەمئەرزش و پاسیڤ بوو.
پێگەی ژن لە خولی دووەمدا بە ژمارە زۆر بوو، بەڵام وەک جۆر بۆر بوو. ئەم دۆخەش لە لایەن ئافرەتیستەکانەوە و چالاکوانانی یەکسانی بە گشتی بوو بە جێگەی رەخنەیەکی توند و لەسەر ئاستی شەقام و میدیادا ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە. لە ئەرشیفی رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ و تیڤی ئەو کاتەدا دەکرێت ئەو بەرهەڵستی و نارەزاییانە ببیندرێتەوە.

**وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان**
بۆ دروستکردنی کابینەی پێنجەمی حکومەت لیستی ناوی وەزیرەکان پێشکەش بە پەرلەمان کرا و ناوەکان دزەیان کردە نێو شەقام و رای گشتی ژنان بەرهەڵستی توندی پیشان دا کە پێگەی ژن لەناو ئەو کابینەیەدا لاوازە. لە بەشی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە لیستی وەزیرەکاندا ناوی دوو ئافرەت هەبوو بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و وەزارەتی شارەوانی، لە لیستی وەزیرەکانی بەشی یەکێتی نیشتیمانی کورستاندا هیچ ئافرەتی تێدا نەبوو. بەندە(نووسەر ئەم دێرانە) نامەیەکی ئاراستەی مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرد و لە رێگەی بەڕێز(عەدنان موفتی)بیەوە کە سەرۆکی پەرلەمانیش بوو، نامەکەی نارد. نامەکە بە زمانی کوردی و عەرەبیش لە میدیاکانی ئەو کاتەدا بڵاوکرایەوە. ئەو نامەیە لە لایەک و بەرهەڵستی یەکێتی ژنانی کوردستان لە لایەکی ترەوە کاریگەری خۆی دانا و لە رۆژی سوێندخواردنی کابینەی پێنجەمدا بینرا کە لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش ژنێکی تێدایە بەڵام وەک وەزیرێکی بێ وەزارەت، کە بە وەزیری هەرێم ناودەبرا، سوێندی یاسایی خوارد.
ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کرد و لیستێک لە ناوی ئەو ژنانەی کە شیاون بۆ ئەوەی پۆستی وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتییان پێ بدرێت ڕادەستیان کردن، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون.

بە هۆی ئەو بەرهەڵستییە توندەی کە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ژنان و ئافرەتان دەریانبڕی بۆ پێگەی لاوازی ژنان لەو کابینەیەدا، وەزیرە بێ وەزارەتەکە ناوی لێنرا **"وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان"** کە د. جینان قاسم بوو. ئەم خانمە وەک پیشە پزیشک بوو بەڵام لە کابینەی چوارەمی (ئیدارەی سلێمانی)دا بریکاری وەزیری تەندرووستی بوو. لەو پێگەیەی پێشوویدا وەک بریکاری وەزیر خانمێکیی کارامە بوو، بەڵام لە کاروباری ئافرەتان دا دەستوپێ سپی بوو، هیچ ئەزموونێکی پێشووتری لەو بوارەدا نەبوو. بۆیە لە کابینەی پێنجەمدا لە سەرەتادا پرسی ژن زۆر بەرەو سستی و فەرامۆشکردن چوو، هەندێک لەو چالاکی و کارانەشی کە لە ماوەی ئەو کابینەیەدا کرا (٢٠٠٦-٢٠٠٩) کەسانی تر و دامودەزگای تر ئەنجامیان دەدا و خانمی وەزیریان بانگهێشت دەکرد بۆ بەشداری کردن.

ماوەیەکی زۆر وەزیری کاروباری ئافرەتان شوێنێکی تایبەتی نەبوو، دواتر خانوویەکی لە گەڕەکی وەزیران بۆ بەکرێ گیرا و هەندێ فەرمانبەری بۆ دامەزرێندرا بۆ هاوکاریکردن، بەڵام بۆ راستی مێژوویی بگوترێت، ئەم وەزارەتە بێ جانتایە بچوکترین کاریگەریشی لەسەر رەوشی ژنان نەبوو لە باشووری کوردستاندا.

**دەنگدانەوەی جیهانی بەردبارانکردنی دۆعا**

لە ماوەی کابینەی پێنجەمدا، ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە زیادبووندا بوو، خۆسووتاندنی ژنان پەرەی سەند و یەکێک لەو کارەساتە جەرگبڕانەی کە لە سەردەمی ئەو کابینەیەدا ڕوویدا ئەو توندوتیژیە لە ڕادەبەدەرە بوو لە کوشتنی کچێکی یەزیدی بەرجەستە بوو. کوشتنی دۆعا لەسەرەتای نیسانی ٢٠٠٧دا بە شێوەی بەردبارانکردن لە لایەن کەسوکاری و پیاوانی دەڤەرەکەی و بڵاوبوونەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆیەی کوشتنەکەی، سنووری بەزاند و دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو. ئەگەرچی دۆعا لە "بەعشیقە" شارۆچکەیەکی سەر بە پارێزگای موسڵ کوژرا کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام وەک کچێکی خێزانی کورد و کوشتنی لەسەر مەسەلەی خۆشەویستی و بە پاساوی نامۆسپەرستی، ئەو شەرمەزارییە ڕووبەڕووی کۆمەڵی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەوە و بووە جێگەی رەخنەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی ژنان. ئەم پرسە وای کرد حکومەت لەو سستییەی خۆی رابچڵەکێت و تەکانێکی تر بە دۆزی ژن بدات و چەند هەنگاوێکی تر لەو بارەیەوە نرا.

**وەزارەتی ناوخۆ و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی**

سەرۆک وەزیران "نێچیرڤان بارزانی" وەزیری ناوخۆی راسپارد بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەتمەند بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان دروست بکات و شێلگیرانە بەدوای ئەو کارەدا بچن. لە ئەنجومەنی وەزیران بۆردێکیان ناولێنا بۆردی چاودێریکردن و تاوتوێکردنی پرسی توندوتیژی و خودی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەتی بۆردەکەی دەکرد و وەزیری چەندان وەزارەتی پەیوەندیدار ئەندامی بۆردەکە بوون. نەزەند بەگیخانی ئەندامی ئەم بۆردە بوو، دواتر وەک راوێژکاری پرسی جێندەر

دامەزرێندرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە کوردستان نەدەژیا و تەنها ساڵی جارێک یان دوو جار دەهاتەوە و بەشداری کۆبوونەوەکانی دەکرد، رۆڵێکی کاریگەری نەبینی لە کەمکردنەوەی توندوتیژی. وا بڕیار بوو مانگی جارێک ئەو بۆردە کۆببێتەوە و تاوتوێ ئەو پرسانە بکات، یەک دوو جارێک کۆبوونەوە و دواتر ئەو بۆردە هیچ دەنگێکی نەما.
شایانی باسە لە سیاسەتی یەکسانیدا کە دووساڵ پێشتر بارزانی پەژراندبووی باس لەوە کراوە کە دەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەی توندوتیژی دەزگای تایبەت دابنرێت، هەروەها لە دامودەزگاکاندا چاودێری پرسی یەکسانی بکرێت و ئەو یاسایانەش هەموار بکرێتەوە کە دژ بە بەرژەوەندی و کەسایەتی ژنن. بۆیە ئەگەرچی دەزگای یەکسانی کە لە کابینەی چوارەمدا کارابوو، لە کابینەی پێنجەمدا نەمابوو، بەڵام سەرۆک وەزیران هەوڵی دەدا سیاسەتی یەکسانی لەو کابینەیەشدا پەیڕەوی بکات.

## ڕێکارەکانی هەمواری یاسای باری کەسێتی

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دا سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ پێداچوونەوەی یاسای باری کەسیی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ عێراقی. هاوکات لە پەرلەمانی کوردستانیش لیژنەی مافی ئافرەتان پرۆژەیەکیان بۆ هەموارکردنەوەی هەمان یاسا ئامادە کردبوو. لیژنەکەی ئەنجومەنی وەزیران لە دە کەس پێکهات کە پێنجیان ژن و پێنجیان پیاو بوون، پیاوەکان باکگراوندی ئایینی و یاساییان هەبوو، ژنەکان زیاتر ئەوانە بوون کە چالاکوانی مەسەلەکانی ژنان بوون لە ناویاندا نوێنەری هەردوو رێکخراوی ژنان و ئافرەتان هەبوو، لیژنەکە بریتی بوو لەم کەسانە:

| ژ | ئەندامە پیاوەکان | ژ | ئەندامە ژنەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | د. مستەفا زەڵمی | ٦ | د. کوردستان موکریانی |
| ٢ | د. مەحەمەد شەریف | ٧ | مەهاباد قەرەداغی |
| ٣ | د. نوری تاڵەبانی | ٨ | پەخشان زەنگەنە |
| ٤ | د. بەشیر خەلیل حداد | ٩ | پەیمان عیزەدین |
| ٥ | د. موسلیح مستەفا | ١٠ | ئەمیرە حەسەن |

لیژنەکە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەڵاحەدین لە کاتژمێر ٤،٢٠ پاش نیوەڕۆ ساز کرد و بە کۆی دەنگەکان د.مستەفا زەڵمی وەک سەرۆکی لیژنەکە دانرا و لە ماوەی سێ مانگدا چەندین کۆبوونەوەی دیکە ئەنجام دران بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ڕێکەوت | کۆبوونەوەی لیژنە | ئەندامانی ئامادە |
|---|---|---|
| ١٨ی نیسانی ٢٠٠٨ | کۆبوونەوەی یەکەم | هەموو جگە لە د. نوری تاڵەبانی |
| ١٩ی نیسانی ٢٠٠٨ | کۆبوونەوەی دووەم | هەموو جگە لە د. نوری تاڵەبانی |
| ٢ی ئایاری ٢٠٠٨ | کۆبوونەوەی سێیەم | هەموو جگە لە د. نوری تاڵەبانی |
| ٣ی ئایاری ٢٠٠٨ | کۆبوونەوەی چوارەم | هەموو ئەندامەکان ئامادە بوون |
| ١٧ی ئایاری ٢٠٠٨ | کۆبوونەوەی پێنجەم | هەموو ئەندامان ئامادە بوون |
| ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٨ | کۆبوونەوەی شەشەم | هەموو جگە لە د. مەحەمەد شەریف |
| ٣١ی ئایاری ٢٠٠٨ | کۆبوونەوەەی حەوتەم | هەموو ئەندامان پرۆژە تەواوکراوەکەیان واژۆ کرد |

وەک ئاماژەی پێدرا لیژنەی مافی ئافرەتانیش لە خولی دووەمی پەرلەمان پرۆژەیاسایەکی بۆ هەموارکردنەوەی هەمان یاسا ئامادە کردبوو، ئەو گەڵالەیەش لە لایەن ئەم لیژنەیەوە تاوتوێ کرا، بەڵام ئەوەی کرایە بناغە بۆ هەموار کردنەکە هەندێ لەو برگانەی یاسای ژمارە ١٨٨ ی ساڵی ١٩٥٩ ی عێراق بوو، کە تیایاندا هەڵاواردن لە سەر بنچینەی توخمبەندی ژن و پیاو کرابوو، یان لە پێناسەکاندا پێگەی ژن نزم پیشاندرابوو، یانیش لە ڕووی مافەوە داشکانی زۆر لە مافەکانی ژن کرابوو.

ئەو خاڵانەی کە لەناو کۆبوونەوەکاندا مشتومڕی توندی لێ دەکەوتەوە بڕگەکانی مافی فرەژنی پیاوان و نیوەمیراتی مێینە و یەکسانی لە گەواهیدانی ژن و پیاو لە بەردەم دادگادا، بوو. ئەم سێ شتە کە ئایینی ئیسلام بەسەر دەستوور و یاساکانی زۆر لەو وڵاتانەدا سەپاندووە کە ئایین دەکەن بە بنچینەی یاسادانیان، کە عێراقیش لەو وڵاتانەیە. ئەم سێ خاڵە لە هەموو جیهاندا مشتومڕی زۆر لەسەر کراوە چونکە بە تەواوی لەو سێ خاڵەدا ئایینی ئیسلام پێگەی ژن وەک نیو مرۆڤ و چارەکە مرۆڤ داناوە و کە مافی بە پیاوێک داوە چوار ژن لە هامان کاتدا بکات بە هاوسەری خۆی، بەچارەک حسابکردنی ژنە. کە دوو شایەتی ژن بەرامبەر شایەتی یەک پیاوە، بە ڕوونی بە نیومرۆڤ حسابکردنی ژنە. کە لە میراتدا کوڕ دوو هێندەی کچی بەردەکەوێت دیسانەوە و زۆر بە ڕوونی بە نیوە ژماردنی کچە لە بەرامبەر کوڕدا. هەموو ئەمانە لە پێگەی مرۆڤایەتی ژنیان کەم کردۆتەوە و جێگەی رەخنە و مشتومڕی زۆر بوون لە جیهاندا. لە کوردستانیشدا ئەم پرسانە بوون بە تەوەری خەباتی ژن و هەوڵی گۆڕینی ئەو نابەرامبەری و نایەکسانییە کردووە و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵی مەدەنیش لەسەر ئەم پرسە زۆر مکوڕ بوون.

ئەندامە ژنەکانی ناو لیژنەکە تێکڕایان لەگەڵ ئەوەدا بوون مافی فرەژنی بۆ پیاوان قەدەغە بکرێت و سزای توند بۆ سەرپێچیکارانی دابنرێت، بەڵام ئەندامە پیاوەکانی لیژنەکە دەیانگووت لە کتێبی پیرۆزی ئیسلامدا ئەو مافە بە دەقی تەواوئاشکرا هاتووە و نابێت قەدەغە بکرێت چونکە دەستکاری دەقی پیرۆز ناکرێت، بەڵام دەکرێت مەرجی توندی بۆ دابنرێت و وا بکرێت ئەستەم بێت پیاوێک بتوانێت ئەو مەرجانە جێبەجێ بکات و ژنی دووەم و سێیەم و چوارەم بهێنێت. هەروەها سەبارەت بە دابەشکردنی میرات هەموو ئەندامە ژنەکانی لیژنەکە لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بەشی نێر و مێ لە میراتدا یەکسان بێت و لە پرسی شایەتیدانیشدا ئەندامانی ئافرەت یەکسانییان دەویست.

ئەگەرچی ئەندامە پیاوەکانی لیژنەکە چواریان باکگراوندی ئاینییان هەبوو، بەڵام سەرۆکی لیژنە د. مستەفا زەڵمی تا رادەیەکی زۆر پشتیوانی لە یەکسانی مافی ژن و پیاو دەکرد و ڕایەکانیشی لە کۆتاییدا یەکلاکەرەوە دەبوو، چونکە دەیسەلماند و بوارێک بۆ رەتکردنەوەی لە لایەن ئەندامە

پیاوەکانی تر نەدەمایەوە. گرنگە لە مێژووی بزاڤی ژندا ناوی د.مستەفا زەڵمی وەکو داکۆکیکارێک لە مافەکانی ژن و یەکسانخوازێک تۆمار بێت و رێزی لێبنرێت.
دوای تەواوکردنی پرۆژەکە، ئەندامانی لیژنەکە لە لایەن سەرۆک وەزیران نێچێرڤان بارزانی یەوە بانگهێش کران و لە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵیدا کۆبوونەوە و پرۆژەکەیان پێشکەش کرد تا لە ماوەیەکی کەمدا ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.[٥٦]

شایانی باسە کە بگوترێت، لە ماوەی کارەکانی ئەم لیژنەیەدا بۆ هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسیی، وتووێژێکی توند لە میدیاکان دروست بوو لە نێوان بەرهەڵستکاران و لایەنگرانیدا، بە تایبەت هێزە ئیسلامییەکان و هەندێ لە مەلاکانی مزگەوتەکان کە سەر بە حیزبە ئیسلامییەکان بوون بە توندی دژی تەنانەت مەرجدارکردنی فرەژنیش بوون و هێرشی توندیان دەکردە سەر سەرۆکی لیژنەکە و ئەندامە ژنەکانی ئەو لیژنەیە. لە مینبەری مزگەوتەکانەوە وتاری رۆژی هەینی لە دژایەتی ئەو هەموارکردنەدا دەدرا. سەرۆک وەزیران هەوڵی دا لە رێگەی هەندێ لە مەلایانی میانڕەوەوە تورەیی ئەوان بمژێت و هێدی بکاتەوە، بۆیە لە چەندین کۆر و کۆنفرانسدا مامۆستایانی ئایینی و ڕۆشنبیران و ژنان کۆدەبوونەوە و گفتوگۆ و مشتومڕیان لەسەر ناوەرۆکی ئەو هەموارکردنە، دەکرد. لە ئاکامدا پرۆژەکە ڕەوانەی پەرلەمان کرا و لە ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ دا یاساکە هەموار کرایە وەو دەرچووێندرا.

بەم جۆرە، خولی دووەمی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی عەدنان موفتی و کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، بە هاوبەشیکردنی زۆرینەی رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و کۆمەڵی مەدەنی کە چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامدا لەگەڵ(لیژنەی مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان کە خاتوو پەخشان زەنگەنە سەرۆکی ئەو لیژنەیە بوو)، توانرا لە نێو کەشێکی مشتومر و ململانێی گەرمی نێوان

[٥٦] هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەر هەموارکردنی یاسای باری کەسییە، لە کۆنووسی کۆبوونەوەکان (لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەیاسای باری کەسیی هەموارکراوی پەرلەمان) وەرگیراوە. ئەم کۆنووسە بە واژۆکراوی هەر دە ئەندامەکەی لای هەموو ئەندامەکان هەیە، کە نووسەری ئەم کتێبە یەکێک بوو لە ئەندامەکانی و کۆنووسەکەی لە لا پارێزراوە.

کۆنپاێزان لە بەرامبەر یەکسانیخوازاندا، یاساکە تێپەڕێنن و دەربکەن، بەڵام کە یاساکەش دەرچوو کەوتە بەردەم رەخنەی یەکسانخوازان لەبەر ئەوەی هێشتا یاسا هەموارکراوەکەش رێی لە فرەژنی نەگرتبوو، تەنها مەرجداری کردبوو. لە ناو پەرلەماندا ئەندامانی هێزە ئیسلامییەکان"لە خولی دووەمی پەرلەمان" تەنانەت لەگەڵ مەرجدارکردنی فرەژنیش نەبوون، بە ئەندامە ژنەکانیشەوە.

راستە ئەم یاسایە هەموارکرایەوە و فرەژنی مەرجدار کرا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بگوترێت کە کێشەی گەورە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایەدا هەبوو لە دادگاکاندا و نەتوانرا بە دەرچوونی ئەو یاسایەش رێ لە فرەژنی بگیرێت یاخوود کەم بکرێتەوە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:
**یەکەم/** یاساکە لە کوردستان هەموارکرایەوە، بەڵام تەنها لەناو سێ پارێزگای هەرێمی کوردستاندا برەوی هەبوو. لە شارەکانی عێراق یاسا کۆنەکە پەیڕەوی دەکرا، بۆیە ئەو پیاوەی ژنی دووەم یان سێیەم و چوارەمی بهێنێنایە لەو شارانەی تر و لە دادگاکانی ئەوێ مارەی دەکرد.

**دووەم/** دادوەرەکانی کوردستان باوەڕیان بەو هەمواركردنە نەبوو، زۆر جار خۆیان نارەزایەتییان بەرامبەری دەردەبڕی و تا بۆیان بکرایە کەمتەرخەمییان دەکرد لە جێبەجێکردنیدا.

**سێیەم/** پەرلەمانی کوردستان لە ئەرکی چاودێری کردنی یاساکاندا کە خۆی دەریدەکرد یان هەمواری دەکردن، سست بوو. مەخابن پەرلەمانی کوردستان لە هەموو خولەکاندا لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا کەمتەرخەم و سست بووە.

**چوارەم/** زۆرێک لەوانەی کە ژنی دووەمیان دەهێنا یان بەرپرسانی باڵای حیزب و حکومەت بوون، یانیش کەسانی دەوڵەمەند و خاوەن پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆیە چاوپۆشی لەو یاساشکێنییەیان دەکرا. ناسەروەری یاسا لە باشووری کوردستاندا نەیدەهێشت ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی ژنان دادەنران یان هەموار دەکرانەوە وەک پێویست جێبگرن.

**پێنجەم/** ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵی مەدەنی بەدواداچوونیان دەکرد و نارەزایەتییان دەردەبڕی، بەڵام چونکە ڕێکخراوەکان دەسەڵاتی بڕیاردانیان نەبوو، نەیاندەتوانی کاریگەرییان لەسەر ئەو پێشێلکارییەی یاساکان، هەبێت.

**شەشەم/** ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستاندا گەشەی کردبوو، لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە یاساکان جگە لە شەرعی ئیسلام لەسەر هیچ بنەمایەکی دیموکراتی و مافی مرۆڤ دابنرێن، بۆیە دژایەتی ئەو هەموارکردنانەیان دەکرد و ئەو مەلایانەی سەر بە ئیسلامی سیاسی بوون لە مینبەری مزگەوتەکانەوە دژی دەوەستانەوە و لە وتارەکانیاندا پەسنی فرەژنییان دەدا و وەکو چارەسەرێک بۆ کێشەی قەیرەبوونی کچان وەسفیان دەکرد.

# خەڵاتی ژنپارێزی

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتێک بەناوی "وەزارەتی وەرزش و لاوان" دانرا، کە وەزارەتێکی نوێ بوو، تەها بەرواری بوو بە وەزیر و لە ناو ئەم وەزارەتەدا هەوڵی دا تا ڕادەیەکی باش هاوسەنگی جێندەری پیادە بکات لە دانانی بەڕێوەبەرەکان و فەرمانبەرانی ناو وەزارەتەکە. دیارترین هەوڵەکانی ئەو وەزارەتە لە هاوبەشیکردنی لە پرسی یەکسانیدا لەم هەنگاوانەدا بەرجەستە بوو:

**یەکەم/** ژنێک وەک بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت دەست بە کار بوو، کە لە دیوانی وەزارەتەکانی تردا تا ئەو کاتە ژن دانەنرابوو.

**دووەم/** دانانی نەخشەرێگا کە کرا بە سیاسەتی وەزارەتەکە بۆ پێشخستنی هەردوو بواری وەرزش و لاوان لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. جگە لەوەش ئەم وەزارەتە کۆمەڵێک ناوەندی لە شار و شارۆچکەکاندا دانا بە ناوی "فەرهەنگخانە" و لەو فەرهەنگخانانەدا چالاکی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدران بۆ کچان و کوڕانی ئەو شارانە، لەناوساڵی ٢٠٠٧دا ٣٣ فەرهەنگخانە لە سنووری پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک،سلێمانی و دەڤەری گەرمیان کرانەوە. لەو فەرهەنخانانەشدا هەوڵی ئەوە درا

هاوسەنگی جێندەری بپارێزرێت و کچانیان هان دەدا لە چالاکییەکاندا بەشدار بن. خولی جۆراوجۆر بۆ فێربوونی زمان، کۆمپوتەر، پیشەکانی دەست دەکرانەوە.

**سێیەم/** یەکێکی تر لە کارەکانی ئەم وەزارەتە هاندانی پێشەنگێتی لاوانی کچ و کوڕ بوو، بۆیە چەندین کێبڕکێی دانا و خەڵاتی بۆ براوەکان تەرخان دەکرد و بەناوی "خەڵاتی لاوی ساڵ"،"خەڵاتی رۆژنامەنووسی ساڵ"، ئەم هەنگاوانەش بۆ هاندانی رۆحی گەنجەکان و دروستبوونی گیانی کێبەرکێی پۆزەتیڤ بۆ گەشەکردنیان لە بوارەکانی خۆیاندا، سوودی هەبوو.

**چوارەم/** یەکێک لەو کارانەی کە زۆر دەنگی دایەوە و راستەوخۆکاریگەری هەبوو بۆ هاندانی چالاکی لەبواری ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی، دانانی کێبڕکێیەک بوو بۆ باشترین چالاکی کە بۆ ژنپارێزی کرابێت. لە ٢٥نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا کە رۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییە لە بەرامبەر ئافرەتان، لە رێوڕەسمێکدا خەڵاتی ژنپارێزی بەخشرا بە خەندان حەمەجەزا لە پای نووسینی کتێبی(ئۆڤیانووسێک لە تاوان) کە دەربارەی دیاردەی لەشفرۆشی بوو لە باشووری کوردستان. کتێبەکە لە بەرهەمی رێکخراوی خانزاد بوو، کە رێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی فەندی چالاکییەکانی دەکات.[٥٧]

## بەڕێوەبەرێتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ئافرەتان

دەبێت ئەو راستییە بگوترێت کە لە سەرەتای نیسانی ساڵی ٢٠٠٧ بەهۆی کارەساتی کوشتنی دۆعا بە شێوەی بەردبارانکردن و بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ سامناکەکەی ئەو کوشتنە بە هەموو لایەکدا، نارەزایەتییەکی توند بەرامبەر بە تووندوتیژی لە بەرامبەر ژناندا دروست بوو، دەیان کەمپین و نارەزاینامە لەبارەیەوە بڵاو بوونەوە و سەدان وتار و پەخشان و شیعر لەبارەیەوە نووسران. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا بەردبارانکردنی دۆعا دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو، لە تیڤییەکانی جیهانیشەوە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی چەندین دیبەیت لەبارەی ئەو تووندوتیژی و کوشتنە بەو میتودە سامناک و ناخهەژێنە، پەخش کرانەوە.

---

[٥٧] سوود وەرگیراوە لە کتێبی: کاروچالاکییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ساڵ و نیوێکی تەمەنیدا ٢٠٠٦-٢٠٠٧، ئامادەکردنی:بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان. چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨.

لە کاردانەوەی ئەو نارەزایەتییەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی دا بۆ بەدواداچوونی پرسی توندوتیژی لە کوردستاندا وێڕای دانانی یاسا و هەمووارکردنی یاسا، دەزگایەکیش دابنێت و بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو وەزارەتێک پەیوەندیدارتر بەم پرسەوە وەزارەتی ناوخۆ بوو. سەرەتا لە شێوەی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرێتییە گشتیەکانی پارێزگاکاندا چەند ئەفسەرێک تەرخان کران بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە و لە ماوەی کابینەی پێنجەمدا ئەو نووسینگانە پێشوازییان لە سکاڵاکانی ژنان دەکرد کە رووبەڕووی توندوتیژی دەبوونەوە و ساڵانەش ستاتستیکیان دەکرد بۆ ژمارەی ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە ژنان کراون.

لە ساڵی ٢٠١٠ بڕیار درا ببێت بە بەڕێوەبەرێتییەکی گشتی تایبەتمەند بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و لە یاسای وەزارەتدا لە ساڵی ٢٠١٢ ناوەکەی گۆڕدرا لە (بەدواداچوون)ەوە بۆ (بەرەنگاربوونەوە)، بەو جۆرەی لێهات (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان).

ئەگەرچی دامەزراندنی بەرێوەبەرێتییەکی بەم جۆرە تایبەتمەند بۆ بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی گرنگ و جێی بایەخە و کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام لە کەموکوڕیش بەدەر نییە. ئەگەر ئەم بەڕێوەبەرێتییە گشتییە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە هەڵبسەنگێنین دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە لە باش و نەباش گەڵاڵە بکەین:

**یەکەم:** ئەم بەڕێوەبەرێتییە ساڵانە دوو جار ئاماری توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە. ئەمە کارێکی باشە و گرنگە چونکە یەکێک لە ئەستەنگەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر توندوتیژی و پرسەکانی ژنان لە باشووری کوردستان نەبوونی ستاتستیکی باوەڕپێکراوە. وەزارەتی ناوخۆش وەکو لایەنێکی فەرمی و پەیوەندیدار بە شێوەیەکی دروست ئەو ئامارانە لە سەر توندوتیژی بڵاودەکاتەوە و لە لایەکەوە دەبیتە زانیارییەک بۆ زانینی کەمبوونەوە یان زیاتربوونەوەی رێژەی توندوتیژی، لە لایەکیتریشەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەسەر بنچینەی ئەو ژمارانە پلان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دابنرێت.

**دووەم:** بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی پێویستی بە کەسانی پسپۆر و تایبەتمەند هەیە، ئەو ئەفسەر و پۆلیس و فەرمانبەرانەی کە لەو بەڕێوەبەرێتییە و نووسینگەکانی سەر بەوان کار دەکەن دەبوایە بەشداری چەندین خولی فێربوون بوونایە لە بواری مافی مرۆڤ، یەکسانی، تاوانناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی تا بتوانن بە شێوەیەکی پلانبۆدانراو بەرەنگاری توندوتیژی ببنەوە، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا و جگە لە چەند دانەیەکیان نەبێ کە مافناس و شارەزای بوارەکەن، زۆرێکیش لە کارمەندانی ئەم دەزگا گرنگە وەک هەر کارمەندێکی تر و بە بێ فێرکاری لەم بوارانە ، کار دەکەن.

**سێیەم:** پەیوەندی ئەم بەڕێوەبەرێتییە لەگەڵ رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانداباشە و هاوئاهەنگیەکی رێکو پێک لە نێوانیاندا هەیە و بە هەمان شێوە لەگەڵ ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان، کە ئەمە بە خاڵێکی پۆزەتیڤ دادەنرێت لە کارەکانیاندا.

**چوارەم:** تەنانەت لە ناو ئەم دەزگا تایبەتمەندەشدا ڕێژەی ژن و پیاو بە یەکسانی دانەنراوە. ئەوانەی پلەی سەربازییان هەیە و وەک ئەفسەر و پلەکانی سەروتر کاردەکەن و ژمارەیان ١١٩٢ کەسە، ٨٥٢ کەسیان پیاون و ٣٤٠کەسیان ژنن، کە ڕێژەی پیاوانی پلەدار دووئەوەندەی ژنانە و زیاتریش. بەڵام لە کارمەند و فەرمانبەرە بێ پلەکان کە ژمارەیان ١٩٩کەسە، ٩٢کەسیان پیاو و ١٠٧یان ئافرەتە، کە ئەمەیان ڕێژەکەی نزیکە لە یەکترەوە. دەبوایە وەک دۆخێکی سیمبولیش بێت حکومەت لەم بەڕێوەبەرێتییە بالانسی جێندەری راگرتبایە، چونکە هەڵاواردنی وەزیفی و ناهاوسەنگی لە پێدانی دەرفەتی کاری یەکسان بە ژن، خۆی لە خۆیدا دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە و ئەم بەڕێوەبەرێتییەش کە دەبێت بەرەنگاری توندوتیژی ببێتەوە دەبوایە لە خۆیەوە و لەو خاڵەوە دەستی پێکردبا. [٥٨]

...

[٥٨] ژمارەی راژەی فەرمانبەران و پلەدارەکانی ئەم بەڕێوەبەرێتییە لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە.
کۆسار کەریم رۆژ. بەرەوپێشەوەچوونی دۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا ١٩٩٢-٢٠١٧. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان. هەولێر ٢٠١٧. ل ٢٧.

# قۆناغی پێنجەم: "سستی و بەرهەڵستی" (٢٠٠٩-٢٠١٣)

**پێگەی ژن لە خولی سێیەمی پەرلەمان**
لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩وە؛ لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا، هەندێک گۆڕانکاری ڕوویدابوو، کاریگەری لەسەر بەرزتربوونەوەی ڕێژەی بەشداری ژنیش دانا لە ناوەندەکانی بڕیاردا، لەو ساڵە و لە ساڵەکانی تردا، لە سەرکردایەتی حیزبەکان و، لە پەرلەمان و، لە ئەنجومەنی پارێزگاکانیشدا، ڕەنگی دایەوە.

لە سەروبەندی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، قەوارەیەکی نوێ و لیستێک بەناوی گۆڕان پەیدا بوو بە سەرکردایەتی"نەوشیروان مستەفا" بۆ کێبەرکێی هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی کورسییەکانی پەرلەمان، ناوی وەک قەوارەیەکی جیاواز لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، تۆمار کرا. دروستبوونی ئەم قەوارەیە وەک لیستێک و دواتریش خۆرێکخستنیان وەک حیزبێک بە ناوی (بزوتنەوەی گۆڕان) کاریگەرییەکی جۆری لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا دانا. کاریگەرییەکانی دەکرێت لەم خاڵانەدا بەرجەستە بکەین:

**یەکەم:** لیستی گۆڕان کەسێک سەرکردایەتی دەکرد لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جیابووبووە و دواتر چەندین سەرکردەی تری دیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هاتنە پاڵی و بزوتنەوەی گۆڕانیان دامەزراند. بەمەش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوولەت بوو. لە لایەکەوە بەهۆی ئەوەی کە سەرۆکی لیستی گۆڕان"نەوشیروان مستەفا" لەناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا پێگەیەکی کاریگەری هەبوو، چونکە لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بوو، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی ئەو سەرکردانەی تری یەکێتی کە جیابوونەوە و هاتنە پاڵی خاوەنی نفوزی زۆر بوون لە ناوچەکانی خۆیاندا، چاوەڕوان دەکرا بەشی زۆرینەی جەماوەری یەکێتی دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن.

**دووەم:** "نەوشیروان مستەفا" سەرکردەیەکی کاریزمی بوو لای جەماوەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بەهۆی ئەوەشەوە کە تیۆریسێنێکی ریفۆرمیستیش بوو سەبارەت بە چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە پێداگرییەوە دەینووسی و بڵاوی دەکردەوە، کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیران و چاکسازیخوازانی ناو کۆمەڵیش دانابوو. واتە جگە لە جەماوەری یەکێتی نیشتیمانی، خەڵکی نارازی و ڕۆشنبیرانی ریفۆرمیستیشی بۆ لای خۆی راکێشا بوو.

**سێیەم:** لەبەر ئەوەی هۆی سەرەکی جیابوونەوەی نەوشیروان مستەفا لە یەکێتی نیشتیمانی و دروستکردنی لیستی گۆڕان نارازیبوونی بوو لە پەیوندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە تایبەتیش لە رێککەوتنی ستراتیژی نێوانیان، بۆیە ئەم لەتبوونە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاری دەکردە سەر پەیوەندی نێوان ئەو دوو حیزبەش و جەماوەری دەنگدەریان.

**چوارەم:** ئەگەرچی نەوشیروان مستەفا لە مەسەلەی پرسی ژن و یەکسانیدا هیچ پێشینەیەکی پۆزەتیڤی نەبوو، بە پێچەوانەشەوە بە سەرکردەیەک ناسرابوو کە بڕوای بە توانای ژنان نییە و هانیان نادات بۆ بەشداری سیاسی، بەڵام لەم پێگە نوێیەیدا وەک سەرۆکی لیستی گۆڕان و دواتر بزوتنەوەی گۆڕاندا هەوڵی دا بایەخ بە بە پرسی ژن بدات و لە بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستەکەیدا ئەم بایەخە ڕەنگی دایەوە و لە دانانی ئەندامانی ژن لە لیستەکەشیدا ئەوە رەچاو کرا کە ئیماژی کۆنی ئەو وەک دژەژن بگۆڕێت.

**پێنجەم:** لیستی گۆڕان هەر لە سەرەتاوە بڕیاریان دا و رایانگەیەند کە ئەوان دەبن بە ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا و بەرهەڵستی دەسەڵاتداران دەکەن. ئەم بڕیارەش کاریگەری هەبوو لەسەر شەقامی کوردی لە دەنگداندا، چونکە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ پەرلەمان ئۆپۆزیسیۆنی تێدا نەبوو، حکومەتیش تا ئەو کاتە بەرهەڵستکارێکی نەبوو چاودێری بکات، گەندەڵییش پرسێکی حاشاهەڵنەگر بوو کە تەنانەت بەرپرسەکانی حیزبەکان و حکومەت خۆشیان نکۆڵییان لێنەدەکرد، بۆیە جەماوەری دەنگدەر ئومێدێکی پەیدا کرد کە ئەم لیستە وەک ئۆپۆزیسیۆن بتوانێت بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە. جگە لە

گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش بڕیاری بوون بە ئۆپۆزیسیۆنیان دا و بەوەش کەشی هەڵبژاردن گەرم و هەستیار بووەوە و هەر لە سەرەتاوە چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا نەخشەی سیاسی لە باشووری کوردستان گۆڕانی بەسەردا بێت.

بۆ ئەم خولە بڕیارێکی گرنگ لە بەرژەوەندی بەشداری سیاسی ژن درا. یاسای هەڵبژاردن هەموار کرایەوە و ڕێژەی کۆتای ژنان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا بە ٣٠%. هەموارکردنەکە چوارمین هەموارکردنی یاسای ژمارە١ ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان-عێراق بوو، کە ئەم بڕگەیەی سەبارەت بە کۆتای ژن بوو، بەم جۆرەی لێهات:

"هەر قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستانی-عێراق بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات، کە ناوی پاڵێوراوەکان لەسەر ئاستی کوردستان عێراق تیابێت، بە مەرجێ ڕێژەی ژن لە ٣٠% کەمتر نەبێت و زنجیرەی ناوەکان بە جۆرێ ڕێک بخرێت ئەم ڕێژەیەی ژنان دەستەبەر بکات، بە مەرجێ ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەمتر نەبێت."

بەوەی کە مەرج بوو هیچ لیستێ لە ٣ پاڵێوراو کەمتر نەبێت، بۆ ئەو پێکهاتانەش کە تەنها چاوەڕوانی بەدەستهێنانی یەک کورسییان دەکرد دەبوایە ناوی ئافرەتێک لە لیستەکەیاندا هەبێت، بەوەش دەرفەت بۆ ئەوە دروست بوو کە ژنێک نوێنەرایەتی ئەو تەنیا کورسییە بکات.
هەرلە هەمان ساڵ و لە هەمان هەڵبژاردندا ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەستنیشان دەکران. دەبوایە لە لیستەکانی پێکهاتەکاندا لە دوای هەر دوو پیاوێکەوە ناوی ژنێک هەبێت. هەندێ لە پێکهاتەکان بۆ کێبڕکێیان لەگەڵ ئەوانی تر و بۆ ئەوەی بیسەلمێنن لەوانیتر زیاتر بایەخ بە ژنان و ئازادی و مافەکانیان دەدەن، لە ٣٠% زیاتریشیان لە لیستەکانیان دانا و بەمەش چاوەڕێی ئەوە دەکرا ئەمجارە پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە زیاتر لە ٣٥ پەرلەمانتاری ئافرەت بکات.

لە ٢٥ ی تەمووزی ٢٠٠٩دا یانزە لیست بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد،[٥٩]"لیستی کوردستانی" کە لیستێکی هاوبەشی "پ.د.ک" و "ی.ن.ک" بوو، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکایەتی دەکرد، "لیستی گۆڕان" کە نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکرد، لیستی "خزمەتگوزاری و چاکسازی" کە بەهاوبەشی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بوو، "لیستی بزوتنەوە ئیسلامی" بە جیا و "لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی" کە هی حیزبی شیوعی کوردستانی بوو بە جیا، لەگەڵ ئەو لیستانەی بۆ کۆتاکانی پێکهاتەی تورکمان و کلد و ئاشووری بوون و کێبرکێیان لەسەر یانزە کورسییەکەی پشکی خۆیان دەکرد.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە کردەوە نەخشەی سیاسی گۆڕی، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥ دا کە لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی ٨٩%ی دەنگەکانیان هێنابوو، لەم جارەدا پشکەکەیان دابەزی بۆ ٥٧،٣٧%ی دەنگەکان. واتە لەم جارەدا لیستی دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان کە هاوپەیمانێتی ستراتیژییان هەبوو کە ساڵانێکی زۆر پێکەوە بە هاوبەشی و نیوەبەنیوە دەسەڵات دابەش بکەن، نزیکەی ٣٢%ی دەنگەکانیان کەم بووەوە. ئەم کەمبوونەوەیەش بێگومان کاریگەری لەسەر ئەو پەیوەندییە و ئەو هاوپەیمانێتییە دادەنا کە هەیانبوو، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان پێگەی جەماوەری خۆی تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆی مابووەوە، بەڵام یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوولەت بووبوو، ئەو هەڵبژاردنە و ئەنجامەکەشی سەلماندی کە زیاتر لە نیوەی جەماوەری یەکێتی دەنگیان بە گۆڕان داوە. بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ کە بۆ خولی دووەمی پەرلەمان ئەنجام درا لیستی هاوبەشی یەکێتی و پارتی کە بە ناوی "لیستی یەکێتی دیموکراتی کوردستان" بوو ١،٥٧٠،٦٣٣ دەنگی هێنا کە دەیکردە ٨٩%ی کۆی دەنگی دەنگدەران، بەڵام لەم خولەدا کە گۆڕان لە یەکێتی جیابووەوە و لیستی هاوبەشی پارتی و یەکێتی کە بە ناوی"لیستی کوردستانییەوە بوو، ١،٠٧٦،٣٧٠ دەنگی هێنا، کە دەیکردە ٥٧،٣٧%. کەواتە لەم خولەدا بە بەراورد لەگەڵ خولی پێشوویان لیستی هاوبەشی دوو حیزبە هاوپەیمانەکە ٤٩٤،٢٦٣ دەنگیان دۆڕاند. ئەم دەنگانە زۆر نزیکە لە

[٥٩] ڕێژە و ژمارەکان لە ماڵپەری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەوە وەرگیراون.

ژمارەی ئەو دەنگانەی کە لیستی گۆڕان بە دەستی هێنا، کە ٤٤٥،٠٢٤ دەنگ بوو، کە دەیکردە ٢٣،٧٢%ی کۆی دەنگەکانی دەنگدەرانی کوردستان.

لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی کە لیستی هاوبەشی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بوو ١٢،٨٤%ی دەنگەکانی برد و بزوتنەوەی ئیسلامیش ١،٤٥%، حیزبی شیوعی و کۆتاکانیش هەر یەکەیان کەمتر لە ١% بوون، حیزبی شیوعی تەنها یەک کورسی بەرکەوت و ئەو کورسییەش ژنێک بەدەستی هێنا "هاژە سلێمان" بوو.

بەم جۆرە نەخشەی سیاسی لە پەرلەماندا گۆڕا و ژمارەی کورسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە لە گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی پێک هاتبوو ٣٧%ی پێکهێنا. پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا زۆرترین ململانێ و مشتومڕی توندی تێدا بوو کە هەندێ جار ململانێکان لە سنووری کێبڕکێی حیزبایەتی تێدەپەڕین و دەگەیشتنە ئاستی دوژمنایەتیکردنی یەکتری. سەبارەت بە دۆخی ژن؛ لەم خولەی پەرلەماندا ژمارەیەکی لەوەش زیاتر کە چاوەڕێ دەکرا لە ئافرەتان هاتنە نێو پەرلەمانەوە و ٤١ کورسییان پڕ کردەوە. بەمەش ڕێژەی سەدی ژنانی پەرلەمانتار ٣٧% بوو. ئەم ڕێژەیە لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا و لە هەر چوار خوولەکەدا زۆرترن ڕێژەیە ژنان بەدەستیان هێنا بێت لە پەرلەماندا. خاڵێکی گرنگ و شایانی باس ئەوەیە کە لەناو هەموو لیستەکانی پەرلەماندا، ئەندامەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ٥٠% بە ٥٠% لە نێوان ژن و پیاودا دابەشکرا بوو، واتە بە "یەکسانی". لە دوای ئەوانیش ڕێژەی ژن لە لیستی گۆڕاندا دێت کە ٣٦% بوو. یەکێتی نیشتیمانی ٣٤% و پارتی دیموکراتی کوردستان ٣٣% ی ئەندام پەرلەمانەکانی ژن بوون. کۆمەڵی ئیسلامیش ٢٥% یان ژن بوو، حیزبی شیوعیش چونکە تەنها یەک کورسی بوو، ١٠٠% ژن بوو.

ئەوەی لەو ڕێژانەوە تێبینی دەکرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕێژەکانیان لە دانانی ژندا لە لیستەکانیان بەردەوام زۆر نزیکە لە یەکترەوە و لەم خولەشدا هەر وایە. گۆڕان چونکە لە کێبڕکێیەکی سەختدا بوو لەگەڵ ئەواندا و وەکو هێزێکی نوێ و گۆڕانخواز خۆی

راگەیاندبوو، ڕێژەی ژنانی پەرلەمانتاری لەوان زیاتر دانا. یەکگرتووی ئیسلامی لە هەموو حیزبەکان زیاتر لە کێبڕکێکاندا و بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٠٩ و لەم خولەی پەرلەماندا، خۆی وەک هێزێکی هەڵکردوو لەگەڵ دنیای مۆدێرن و پرنسیپەکانی دیموکراتی، دەدایە ناسناندن و ئەمەش لە دانانی ڕێژەی ژن لە پەرلەماندا ڕەنگی دایەوە. ئەم بەشدارییە بۆ یەکگرتووی ئیسلامی تەنها لە پەرلەماندا کورت نەکرایەوە، بەڵکو لە کۆنگرەی حیزبەکەشیاندا ژنان بە ڕێژەیەکی باش هێنرانە پێشەوە و تەنانەت لە مەکتەبی سیاسیشدا جێگەیان درایە. جگە لە بەشداری ژن لە سەرکردایەتیاندا، لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سەرۆکی حیزبەکەشیاندا پەیڕەویکردنی دیموکراسی بینرا و بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبە کوردییەکاندا، کەسی یەکەمی حیزب گۆڕدرا.

لەم خولەی پەرلەمانیشدا لیژنەی مافەکانی ئافرەتان هەبوو. بەهەمئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان، دەیان کۆبوونەوەی بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەیاسایەک ئەنجام دا کە لە ئاکامدا لە ساڵی ٢٠١١ دا دەرکرا، ئەویش یاسای ژمارە (٨) بوو، کە ناوی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بوو. دەرکردنی ئەم یاسایە بە دەستکەوتێکی گرنگی ئافرەتان دادەنرێت، چونکە پەرەسەندنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و بە تایبەتیش زەبروزەنگی ناوخۆیی خێزان، ببوە ئاستەنگێکی گەورە لەبەردەم گەشەی کەسایەتی ژندا. ڕێژەی کوشتن و خۆکوشتن، سوتان و خۆسوتاندنی ژنان پەرەی سەندبوو، ئەو کارە ستەمئامێزانە کاردانەوەیەکی توندی پێویست بوو، کە بە یاسا پشتقایم بێت. یاساکە لە دە ماددە پێک هاتووە و لە خاڵی سێیەمی ماددەی یەکەمیدا پێناسەی توندوتیژی خێزانی بەو جۆرە کردووە:

"هەر کردارێک یان وتەیەک، یان هەڕەشەیان لێیکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییدا کە لە سەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێت و ئەوانەی بە پێی

یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە، ئەشێ لە باری جەستەیی و جینسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەنێت و ماف و ئازادییان لەدەست بدات."[٦٠]

لە خاڵی چوارەمی ماددەی یەکەمدا باس لە دادگایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکات کە بۆ ئەو مەبەستە دابمەزرێت. ئەم دادگەیەش دواتر دامەزرا و دادوەرێکی ژن بەڕێوەی دەبات. ئەگەر ئەم یاسایە بە شێوەیەکی دروست لە کوردستاندا جێبەجێ بکرێت، ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان تا نزیک لە بنبڕ، کەم دەبیتەوە، چونکە زۆر لەو دابونەریتانەی بە تاوان داناوە کە لە کوردەواریدا پەیرەوی کراوە و کەسایەتی مێینەی پێ لەکەدارکراوە و تواناکانی سنووردار کردووە و لەگەشەسەندنی خستووە، بۆ نموونە:

- هاوسەرگیری بەزۆر
- ژن بە ژن
- بەشوودان لە بری خوێن
- خەتەنەکردنی مێینە
- بازرگانیکردن بە ژن لە لایەن مێردەوە
- دابراندنی پەیوەندی بە زۆر و زەبر
- کوشتن
- خۆکوشتن
- سوتاندن
- خۆسوتان
- لێدانی ژن و منداڵ
- سوکایەتی پێکردن
- جنێودان
- سواڵپێکردنی منداڵ
- کارپێکردنی منداڵی ژێر تەمەنی یاسایی

---

[٦٠] یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان لە هەرێمی کوردستان-عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق- ئەنجومەنی وەزیران. هەڵمەتی نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان. ٢٠١٢.

یاساکە جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە هەموو وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان پابەند بن بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە بۆنموونە:

- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پابەند بێت بە داڵدەدانی قوربانیانی توندوتیژی. تۆڕی پاراستنی خێزان قوربانیانی توندوتیژی بگرێتەوە.
- وەزارەتی ناوخۆ پابەند بێت بە بەدواداچوونی کەیسەکانی توندوتیژی لە ریگەی بەڕێوەبەرێتی بەرەنگاربوونەوی توندوتیژییەوە، هەروەها لە بنکەکەانی پۆلیسدا بەشی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی بکرێتەوە و زیاتر لە پۆلیسی ئافرەت پێک هاتبێت.
- وەزارەتی داد پابەند دەکات بە یاسەکەوە کە دادگای تایبەت بە توندوتیژی خێزانی دابین بکات.
- وەزارەتی تەندروستی پابەند دەکات بە یاساکەوە و داوای لێدەکات کارمەندانی تەندروستی هاوکاری قوربانیانی توندوتیژی خێزان بکەن.
- بە هەمان شێوە وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری و ئەوانی تر

یاساکە سزای بۆ پێشێلکردن و سەرپێچیکەرانی یاساکە داناوە و بە راشکاوی بە سزادانی بەندکردن یان قەرەبووی ماددی سزای تاوانبارانی داوە.
دووبارە دەیڵێمەوە، "ئەم یاسایە ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، لە ماوەیەکی پێوەریدا توندوتیژی لە کۆمەڵی کوردستاندا نزیکەی بنبڕ دەبێت" بەڵام دەبێت بڵێین مەخابن، ئەگەرچی یاساکە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١ەوە دەرچووە، بەڵام بەشێکی یەکجار زۆر کەمی جێبەجێ کراوە.

دەمەوێ لێرەدا ئەوە وەبیر بهێنمەوە کە هەموو ئەم خاڵ و ماددانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە کە لە ساڵی ٢٠١١دا دەرکراوە، لە (داخوازینامەی ژنی کورد" و "پاشبەندی داخوازینامەی ژنی کورد"دا هاتووە، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا پێشکەش بە پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت کرا و لەم کتێبەشدا، لە بەشی باسکردنی کابینەی چوارەم و پرسی یەکسانی، دانراوە و خوێنەر و لێکۆڵەر دەتوانێت بەراوردیان بکات و ئەو راستییەی بۆ بسەلمێت.

# پێگەی ژن لە کابینەی شەشەمدا

بە پێی ڕێکەوتنی ستراتیژی؛ پدک و ینک لیستی هاوبەشیان پێکهێنابوو لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا بە ناوی(لیستی کوردستانی)، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی لیستەکەی دەکرد. هەر بە پێی ئەو ڕێککەوتنەش چوار ساڵی سەرۆکایەتی حکومەت دابەشی دوو دەکرا و هەر حیزبەیان دوو ساڵ سەرۆک و جێگرەکەیان لە نێوان خۆیاندا دەگۆڕییەوە. لە دوو ساڵی یەکەمدا کە پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکایەتی کابینە و ئازاد بەرواری لە پشکی پارتی جێگری دەبوو.
سەرۆکایەتی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح و جێگرەکەیان ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی شەشەمی ئەنجومەنی وەزیران. ئۆپۆزیسیۆنێک کە لە گۆڕان و دوو حیبی ئیسلامی پێکهاتبوون، لەناو پەرلەماندا کارابوون و تەنانەت لە یەکەم ڕۆژەوە دەنگیان بۆ ناوزەدکردنی خۆی و وەزیرەکانی نەدا و بە دەنگی ئەندامانی لیستەکەی خۆی و ئەندامانی لیستەکانی کۆتای پێکهاتەی کەمایەتییەکان، ناوزەد کرا و خۆی و جێگرەکەی و وەزیرەکانی کە ١٩ کەس بوون سوێندی یاساییان خوارد، کە هەژدەیان پیاو بوون و تەنیا یەک ژن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پیسپێردرا، ئەویش خاتوو (ئاسۆس نەجیب) بوو لە پشکی وەزیرەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. کەواتە ڕێژەی بەشداری ژن لە بەرامبەر ڕێژەی پیاو لەم کابینەیەدا ٥% بوو.

**ڕۆڵی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ژنپارێزی**

لە باشووری کوردستان کولتوورێکی پیاوسالارانەی ستەمکارانە پیادەیە و لە تێڕوانینی باوی کۆمەڵدا و لە کۆهۆشی پیاواندا بە گشتی مێ شەرەفی بنەماڵەیە، بەهۆی ئەو تێڕوانینەشەوە جوڵەی ژن لە ناو خێزان و کۆمەڵدا سنووردار دەکرێتەوە. ئەگەرچی لەم چارەکە سەدەیەی کە لە کوردستاندا تێکۆشان بۆ یەکسانی هەیە و هەوڵێ گۆڕینی ئەم تێڕوانینە دراوە، بەڵام هێشتاش لە ناو کەشی خێزاندا بە پاساوی شەرەفپارێزی جوڵە و چالاکی ژن سنووردار دەکرێتەوە. چونکە سێکسوالێتی ژن کراوە بە کۆدی شەرەفی پیاو،

هەر جوڵەیەکی پەیوەندیدار بە سێکسوالیتی ژنانی بنەماڵە لە دەرەوەی ئەو سنوورەی خێزان مەترسی بۆ سەر ژیانی دروست دەکات.
ئەو ئافرەتانەی کە ڕووبەڕووی هەڕەشەی کوشتن دەبنەوە پێویستیان بە پەنایەکی ئارام هەیە بیانگرێتە خۆ و بیانپارێزێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستاندا ماڵێک بۆ داڵدانی ئەو ئافرەتە بەرهەڕەشە کەوتووانە هەیە، کە سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتین. هەبوونی ئەم ماڵانە و سەرپەرشتیکردنیان خاڵێکی پۆزەیتیڤی ئەو وەزارەتەیە، بەڵام کەموکوڕییەکانیش جێگەی رەخنەن.
ژمارەی ماڵەکانی داڵدەدانی ژنانی قوربانی توندوتیژی لە چاو ئەو ڕێژە توندوتیژیەی لە کۆمەڵدا هەیە، کەمە. تەنها ماڵێکی داڵدەدان لە هەر پارێزگایەکدا کە جێگەی نزیکەی ٣٠ ئافرەتی تێدا ببێتەوە، شوێنێکی زۆر بچوکە، بە تایبەتیش زۆرجار ئەو ئافرەتانە منداڵێک یان زیاتریشیان لەگەڵدایە.
یەکێکی تر لەو رەخنانەی ڕووبەڕووی ئەو شوێنانەی داڵدەدان دەبیتەوە، ئەوەیە کە لە شوێنی ئاشکرادایە. لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا ئەو ماڵانەی بۆ پەنادانی ژنانی بەرهەڕەشەکەوتوو تەرخان کراون لە شوێنی نهێنیدان و لە ڕووی ئاسایشیشەوە زۆر باش پاسەوانیتی دەکرێن.

***

# دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

کابینەی شەشەم لە ٢٠٠٩/١٠/٢٢ دەستی پێکرد و لە بیست و یەک وەزارەت پێکهات، کە هیچ وەزارەتێک نەما لەم کابینەیەک ناوی وەزارەتی کاروباری ئافرەتان بێت و سەرۆک وەزیران هیچ راوێژکارێکیشی نەبوو بۆ کاروباری ژنان یان یەکسانی.

د. بەرهەم سالح سەرۆک وەزیران؛ سەرقاڵی کۆمەڵی پرۆژە و بڕیار و دەستپیشخەری بوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە دەتوانێ سەرەڕای ئەو بەرهەڵستکارییە توندەی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی، سەرکەوتوو بێت. یەکێک

لەو پرۆژانەی کە بە دەستپێشخەری کابینەکەی دادەنرێت پرۆژەی تواناسازی قوتابیانی خوێندنی باڵا بوو، کە بریتی بوو لە ناردنی قوتابیان بۆ خوێندنی ماستەر و دوکتۆرا لە زانکۆکانی ئەوروپا، لە سەر بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. کارێکی باش لەم پرۆژەیەدا ئەوە بوو کە پێوەری زانستی بەکار ببرێت و هەڵاواردن نەکرێت لە قبوڵکردنی قوتابیان بەهۆی خزمایەتی و نزیکایەتییان لە بەرپرسەکان، کە ئەمە لە ساڵانی پێشتردا وەک پێوەرێکی نادروست و نادادپەروەرانە پەیڕەوی کرابوو. خاڵێکی تری گرنگ لەم پرۆژەیەدا دەرفەتەکە لەبەردەم کچانیشدا فەراهام بوو بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن و بە کرداریش کچانی قوتابی لێی سوودمەند بوون.

کارێکی تری سەرۆک وەزیران دانانی فەرمانگەیەکی تایبەت بوو لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری رێکخراوەکان، فازڵ عومەر کرا بە بەرپرسی ئەو فەرمانگەیە. پێشتر، زۆرینەی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ناحکومییەکان لە لایەن حکومەتەوە دەرماڵەیەکیان پێ دەدرا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان، بە بڕیارێکی سەرۆک وەزیران ئەو دەرماڵەیە لە رێکخراوەکان بڕدرا و بودجەیەک تەرخان کرا، رێکخراوەکان بۆیان هەبێت لە سەر بنچینەی پرۆژەکانیان پێیان بدرێت. ئەم بڕیارە، بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی بوو، چونکە هەندێ لە رێکخراوەکان چالاکیش نەبوون و دەرماڵەی زۆریان پی دەدرا و هەندێکی تریش چالاکییان زۆرتریش بوو دەرماڵەیان کەم بوو. بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بێت، ئەو سیستەمە داهێنرا کە بە پێی پرۆژەکانیان ئەو فەرمانگەیە پارەیان پێ بدات و دواتر لە چۆنێتی سەرفکردنی بکۆڵێتەوە. ئەم هەنگاوە، نارەزایەتی زۆری لە ناو رێکخراوەکاندا دروست کرد بەرامبەری و هەندێکی تر لە رێکخراوەکان سوودمەند بوون لەم هەنگاوە.

د.بەرهەم بەهۆی ئەو سەرقاڵییانە و لە نێوان بەرهەڵستی توندی ئۆپۆزیسیۆن لە لایەک و کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەی خۆی لەگەڵیدا، لە لایەکی ترەوە، بە تەواوی پرسی ژن و یەکسانی لەکابینەکەدا بیرچووبووەوە. تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ کابینەکە سەبارەت بە پرسی ژن دەنگێکی لێوە نەدەهات. لە ١٦ی تەمووزی ٢٠١٠ کە کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی

نووسەرانی کورد لە سلێمانی بەسترا و دەستەی باڵا هەڵبژێردرا، بەو بۆنەیەوە د. بەرهەم نووسەرانی بانگهێشتی ئێوارەخوانێک کرد و دوای ئەوەش لە هۆڵی یانەی کۆمەڵایەتی لەگەڵیاندا کۆبووەوە. ئەو کۆبوونەوەیە تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان راستەوخۆ دەیگواستەوە. لەو دانیشتنەدا د. بەرهەم بواری دا کە نووسەران سەرنج و رەخنە و تێبینییەکانیان دەربڕن و ئەویش وەڵامیان بداتەوە. لەو دانیشتنەدا نووسەری ئەم دێڕانە رەخنەی لە د.بەرهەم گرت سەبارەت بەوەی لە کابینەکەیدا پرسی ژنی فەرامۆش کردووە و دوای تێپەڕبوونی هەشت مانگ بەسەر دەستبەکاربوون هیچ شتێک لە ئارادا نییە. سەرۆکوەزیران رەخنەکەی قبوڵ کرد و بەڵێنیشی دا کە بەزووترین کات لە شێوەی ئەنجومەنێکدا دەزگایەک دروست بکرێت بۆ ئەو کاروبارانە.

دوای ماوەیەک بە ناوی(ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان) دەزگایەک دروست بوو، کە ئەندامانی ئەنجومەنەکە بە پێی پشکی حیزبایەتی دانران، پارتی ٢ ئەندام، یەکێتی ٢ ئەندام، گۆڕان، یەکگرتوو،کۆمەڵ هەر یەکەیان ئەندامێک و بەرپرسی دەزگاکەش بە ناوی ئەمینداری گشتی لە پشکی حیزبی شیوعی دانرا. ئەمینداری گشتی بە پلەی وەکیل وەزیر و ئەندامەکانی ئەنجومەن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دامەزران و ئەنجومەنەکەش راستەوخۆ پەیوەست بوو بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە. ئەنجومەنەکە لە ٢٠١١/٦/١٥ بە تەواوی پێکهات و یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی بەست.

خاڵێکی جەوهەری لە شێوەی دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانماندا جێگەی رەخنەی جیدی بوو، ئەویش ئەو پێکهاتە حیزبییانەی ئەنجومەنەکە بوو، کە وەک هەر دەستە و دامەزراوەیەکی تر لە کوردستاندا بە پشکی حیزبی دابەش دەکرا. ئەو سیستەمی پشکایەتی حیزبییە ئەزموونێکی سەرنەکەوتووی هەرێمی کوردستان بووە و لەم ئەنجومەنەشدا بەداخەوە دووبارە کرایەوە و پیادە کرا. پرسێکی گرنگی وەکو پرسی یەکسانی و هاوسەنگی جێندەر کەسانی هاوبیروڕا و ئازا و شارەزا و خاوەنی پرنسیپی یەکسانی پێویستە، نەک هەر حیزبە و بۆ رازیکردنی ئەندامێکی و پلەپێدانی بۆ ناو ئەنجومەنێکی بنێرێت. لەناو ئەنجومەنەکەدا بە پێی ئەو پشککاریە حیزبییە، دوو ئاراستەی دژ بە یەک دروست دەبوو، ئاراستەیەک

کە چەپ و یەکسانیخوازن و لێبڕاوانە باوەڕیان بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە لە هەموو بار و بوارێکی ژیاندا و سیکولارن، واتە باوەڕیان بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت هەیە، کەچی ئاراستەکەی تریان تەواو پێچەوانەیە و ئەندامی ئیسلامی سیاسیین و بە پێی ڕێساگەلێک دەجوڵێنەوە کە ژنی وەک مرۆڤی تەواو قبوڵ نییە و هەروەها باوەڕیان بەوەیە دەوڵەت بە پێی دین یاسا دابڕێژێت. ئایا ئەم دوو ئاراستە پیچەوانەیە چۆن دەتوانن لەسەر پرنسیپی یەکسانی ڕێک بکەون!

پەخشان زەنگەنە، کە ئەزموونی پێشتری لەم بوارەدا هەبووە و سەرۆکی لیژنەی مافی ئافرەتان بوو لە خولی پێشووتری پەرلەماندا، هەروەها لە سەرکردایەتی حیزبێکی پیشکەوتنخوازدا ئەندام بوو"حیزبی شیوعی کوردستان"، بۆ ئەمینداریێتی ئەم ئەنجومەنەش شیاو بوو، بەڵام هێشتاش پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنەی ئەو سەرکردایەتی دەکرد، بۆ ئەرکێکی لەو جۆرە هەستیاری وەک پرسی یەکسانی جێگەی پرسیار و رەخنە بوو.

بەم پێکهاتە هاودژەوە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەستیان بە کارەکانی خۆیان کرد و لە ناوەڕاستی ساڵی٢٠١١ەوە تا ئێستاش کە ئەم دێڕانەی تێدا دەنووسرێتەوە، بەردەوامە. واتە لە هەشتەمین ساڵی کارکردندایە، بەڵام هێشتا لە پەرلەمانەوە یاسایەک بۆ ئەم ئەنجومەنە دەرنەچووە و بودجەیەکی تایبەت بۆ ڕایکردنی کارەکانیشی تەرخان نەکراوە. دەرماڵە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەردەگرێت و لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوبەشی دەکات لە هەندێ لە پرۆژەکانیدا، بە تایبەتیش بەشی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. کارەکانی ئەم ئەنجومەنە زیاتر دەچنە خانەی تیۆرییەوە و داڕێژەری پلان و ستراتیژی بۆ حکومەت. ئەنجومەن ئەرکێکی جێبەجێکارانەیان نییە، بەڵکو ئەوە دامودەزگاکانی تری حکومەتن چاوەڕێیان لێدەکرێت ئەو ستراتیژییانەی ئەمان دایدەرێژن جێبەجێ بکات. ئەنجومەن تا ئێستا داڕێژەری ئەم پلان و ستراتیژییانەن:

١/ ستراتیژی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا. (بۆ ماوەی پێنج ساڵ ٢٠١٢-٢٠١٦)

٢/ ستراتیژی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا. (بۆ ماوەی دە ساڵ ٢٠١٧-٢٠٢٧)

٣/ ستراتیژی نیشتیمانی بۆ پەرەپێدانی رەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا ٢٠١٦-٢٠٢٦.
٤/ پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت بە مەبەستی کەمکردنەوەی بە شوودانی منداڵ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
٥/ پەیڕەوی ناوخۆی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
٦/ چاپکردنەوەی یاساکانی تایبەت بە باری کەسی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان و چەند نامیلکە و کتێب و راپۆرتێکی تریش، کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا یەک لەو نامیلکەراپۆرتەمان هەڵسانگاند.
وەک لە بەشەکانی تریشدا ئاماژەمان پێداوە، یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەیە یاساکان یان هەر بە تەواوی جێبەجێ ناکرێن، یانیش بە کەموکورتییەوە. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان بۆ نموونە (ئەگەر) جێبەجێ بکرێت، لە ماوەیەکی پێوەریدا ڕێژەی توندوتیژی بنبڕ دەبێت.

سەبارەت بەم پلان و ستراتیژییانەش هەمان ئاستەنگ و هەمان کێشە لە ئارادایە. ستراتیژی و پلانەکان زۆریش باشن، بەڵام(ئەگەر) جێبەجێ بکرێن. هەڵبەتە هەمیشە تیۆری باش باشتر دەتوانرێت پراکتیزە بکرێت (ئەگەر) ئیرادە هەبێت. ئەو ئیرادەیە لای هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەن رەنگە هەبێت، بەڵام ئەوان لایەنی جێبەجێکار نین. بەم هەموو (ئەگەر)انەوە دەتونرێت چی بکرێت؟

- پێویستە ئەو ئیرادەیە لە هەموو دام و دەزگایەکی حکومەت بنیات بنرێت.
- ئەو ئیرادەیە لە هەموو دام و دەزگایەکی حیزبی بنیات بنرێت.
- ئەو ئیرادەیە لە ناو هەموو خێزانێک، هەموو باخچەی ساوایانێک، هەموو قوتابخانەیەک، زانکۆیەک و لە هەموو شوێنێکی کۆمەڵدا بنیات بنرێت.

بەڵام هێشتا، تێڕوانینێکی نەریتی و نەرێنی بۆ ژن لە کۆمەڵدا پیادەیە و توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت و ئەو توندوتیژییەش خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.

ئەنجومەنی کاروباری خانمان ساڵانە لە ٢٥ ی نۆڤەمبەردا کە ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییە، بەناوی حکومەتەوە رایدەگەیەنێت ١٥ رۆژ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی تەرخانە و لە ژێر دروشمی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی چالاکییەکانی دامودەزگاکانی حکومەت و رێکخراوەکان، ئەنجام دەدرێن.

لەو ستراتیژییەی کە ئەنجومەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دە ساڵی نێوان(٢٠١٧-٢٠٢٧) دایناوە، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کراوە،"دیدگای هەمەلایەنی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەم بنەمایانە لە خۆ دەگرێت:

- هاوکاری نێوان سەرجەم دەزگا حکومی و ناحکومییەکان، هەروەها پرسی توندوتیژی دژ بە ژنان بە ئەجندەی کارکردن بۆ هێنانەدی یەکسانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی بەردەوامەوە گرێ دەدات.
- کارکردن بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو یاسایانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەرچوون.
- هێنانەدی گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردن و رێگەگرتن لە توندوتیژی پێش ڕوودانی.
- دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاسایی بۆ ڕزگاربوان لە توندوتیژیز
- چاودێریکردنی رەوشی قوربانیانی توندوتیژی و دووبارە بارهێنانەوەیان بۆ ژیانێکی ئاسایی.
- هەڵسەنگاندنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەکە"[٦١]

بە هێڵکاریکاری ژمارە (٨) یش لە کتێبەکەدا بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیەکە بەم شێوەیە کێشراوە

[٦١] ستراتیژی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان. ٢٠١٧.


دید
* یەکسانی
* مافی مرۆڤ
* دادپەروەری
*ڕووبەڕووبونەوەی جیاکاری
یاسا
بۆ ئەوەی یاسا لە بەرژەوەندی
ژناندا بێت و بوار بە
توندوتیژی نەدات
سیاسەت
* ستراتیژیەت بۆ نەهیشتنی
هەموو شێوازەکانی توندوتیژی
دژ بەژنان لەهەموو قۆناغەکانی ژیاندا
* شیکردنەوەی شێوازەکان و هۆکارەکانی
توندوتیژی دژ بەژنان
پاراستن
* تۆڕی پاراستن لە توندوتیژی
دژ بە ژنان لە شوێنی گشتیدا
* نەهێشتنی جیاکاری
خۆپاراستن
* خوێندن
* ڕاگەیاندن
* هوشیاری
* یاسایەك کە ژنان بپارێزێت
جێبەجێکردن
*بەدواداچوونی ئەو هەوڵانەی
بۆ نەهیشتنی توندوتیژی
دژ بە ژنان هەیە
پێشکەشکردنی
خزمەتگوزاری
* ناوەندی
* تایبەت بە ئافرەتان
* خزمەتگوزاری تەندروستی،
کۆمەڵایەتی و یاسایی

**پێگەی ژن لە کابینەی حەوتەم:**

لەو هەلومەرجەدا؛ کابینەی شەشەم بە پێی رێککەوتنەکەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆتایی هات و دەبوایە جێگەی سەرۆکوەزیران و جێگرەکەی لە نێوانیاندا بگۆڕدرێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆک وەزیران و عیماد ئەحمەد وەک جێگری، کابینەی حەوتەمیان بە ١٩وەزارەت پێکهێنا، کە بە هەمان شێوە تەنها یەک وەزیری ژن بوو، هەمان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە بە ئاسۆس نەجیب درایەوە. بەم پێیە ڕێژەی ژن لە کابینەی حەوتەمیشدا تەنها ٥% بوو. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئەگەرچی لە کابینەی شەشەمدا دامەزراندنەکەی راگەیەندرا، بەڵام بە کردار لە کابینەی حەوتەمەوە دەستیان کرد بە چالاکییەکانیان و لەو دوو ساڵەدا چالاکییەکان لە ساڵیادی رۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییدا ڕاگەیاندرا. ئەو ستراتیژییانەش کە دایان نا، مایەوە بۆ کابینەی داهاتوو.

لە ئەنجومەنی وزیراندا "نەزەند بەگیخانی" وەک راوێژکاری پرسی جەندەر دامەزرێندرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لە کوردستان نەدەژیا و لە فەرەنسا بوو،نەیتوانی کاریگەرییەکی بەسەر رەوشی ژنان لە کوردستاندا هەبێت و هیچ پلان و ستراتیژییەکیشی بەرجەستەی بۆ پرسی جێندەر نەبوو، وەک ئەو ستراتیژییانەی کە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان هەیانبوو. سروشتی کارکردن بۆ پرسی یەکسانی لە کوردستاندا وایە دەبێت خۆت لە مەیداندا بیت و سەرپەرشتی کارەکان بکەیت، وا نەبێت لە دوورەوە کاریگەریدانان دەبێتە ئاستەم.

شایانی باسە، پەرلەمانی کوردستان لە خولی سێیەمدا لیژنەی مافی ئافرەتانی هەبوو، گەشە دارا سەرۆکی لیژنەکە و هاژە سلێمان جێگری سەرۆکی لیژنەکە بوو. لە خولی سێیەمی پەرلەمانیشدا، ئەوەی دەستکەوت بێت بۆ ژنان، دەرکردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ بوو، کە ناوی یاساکە"یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان بوو." جگە لەم یاسایە

هیچ بڕیار و اسایەکی تر لەو خولەدا کە لە بەرژەوەندی ژن بێت دەرنەچوو، بەڵام ئەو یاسایە گرنگ بوو، بەمەرجی ئەوەی وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

# قۆناغی شەشەم: شەڕی داعش و قەیران (٢٠١٣-٢٠١٧)

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤دا سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق و سوریا بە درێژایی ١١٠٠کیلۆمەتری دووجا، لە لایەن هێزێکی هەڵگری ئاڵای رەشی خۆناسێنەر بە ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) کە کورتکراوەی ناوەکەیان بە (داعش) ناوبرا، پەلامار درا. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە دریژایی ١١٠٠کم لەگەڵ ئەو هێزە کەوتە شەڕی بەرگریکردن لە خاک و خەڵکی هەرێمی کوردستان و رێگرتن لە داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئەو هێزە پەلاماردەرەوە.

داعش؛ هێزێکی ئیسلامی فرەڕەگەزی چەکدار بە نوێترین ئامرازەکانی جەنگ، ئامانجیان ئەوەبوو دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەر خاکی عێراق و شام دروست بکەن، هەمان ئاڵای سەردەمی پەیامبەریان هەڵگرتبوو کە ئاڵایەکی رەشی سادەیە و لە سەری نووسراوە لا الە الا اللە محمد رسول اللە. ئەم هێزە لەگەڵ دەرکەوتنیدا وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر جیهان لە لایەن ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و ماسمیدیای جیهانەوە، وەک مەترسیدارترین هێزی تیرۆریستی، ناوزەد کرا.

ئەم هێزە دینییە، پێش ئەوەی بەشێک لە عێراق داگیر بکات، لەگەڵ ڕژێمی سوریادا لە جەنگدا بوو، کە ساڵانێک، بوو، لە ٢٠١١ەوە کە چەند وڵاتێکی عەرەبی ڕاپەڕین و ڕژێمی دیکتاتۆری وڵاتەکانی خۆیان گۆڕی وەک تونس، میسر، لیبیا و یەمەن ، کە ئەم جوڵانەوانە بە بەهاری عەرەبی لە راگەیاندنەکاندا ناوزەد کران، لە سوریاش ڕاپەڕینی چەکداری دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەستی پێکرد و باری ئاسایشی وڵاتەکە تێکچوو. داعش سەرەتا بنکەیان لەوێ خست و لە سنووری سوریاشەوە دزەیان کردە نێو سنووری

عێراق و شاری موسڵیان لە شەو و ڕۆژێکدا داگیر کرد. سوپای عێراق، هەرچی چەکی قورس و مۆدێرنی هەبوو، بۆ داعشی بەجێهێشت و بە دەستی بەتاڵ لێی هاتە دەرەوە. حکومەتی خۆجێی موسڵ کە بریتی بوو لە پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا، هەڵهات بە بێ ئەوەی بچوکترین و کەمترین بەرگری لە شارەکە بکات.

داعش دەستی گرت بە سەر شاری موسڵدا و سەرۆکەکەی "ئەبوبەکرد بەغدادی"، دەوڵەتەکەی لەوێ ڕاگەیاند و دەسەڵاتی بەسەر هەندێ لە شارەکانی سوریاشدا هەبوو، بە تایبەتیش شاری ڕەققە. زەبروزەنگی هێزەکەی و دەستکردن بە کوشتن و سەربڕین و تاڵانکردن، بوونە هۆی ئەوەی خەڵکی شاری موسڵ بە لێشاو لەوێوە هەڵبێن و ڕوو لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکەن. پێشتریش کە شارەکانی سوریایان داگیر کرد، خەڵکی سوریاش بە هەمان شێوە بە لێشاو هەڵهاتن و ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و بە گشتی و بە تایبەتیش لە دەروبەری شاری دهۆک کەمپی پەنابەرییان بۆ چێکرا.

هەر لەسەرەتای راگەیاندنی دەوڵەتە بەدناوەکەیانەوە، داعش کۆمەڵێک یاسا و رێسای راگەیاند، کە سەبارەت بە مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ئافرەت بە تایبەتی، بە کارەسات دەژمێردرێن. سەرتاپاپۆشی بۆ ژن کرا بە یاسا و نەدەبوو ژن تەنانەت چاوەکانیشی دەرکەون. لەوەش خراپتر؛ ژن لەناو سنووری ئەو دەوڵەتە راگەیەندراوەدا وەک کۆیلەی سێکس مامەڵەی لەگەڵ دەکرا و بەزۆر مارە دەکران لەو جەنگاوەرە تیرۆریستانەی بە نیازی داگیرکران و فراوانکردنی سنووری دەوڵەتەکە، دەجەنگان. لەماڵهاتنەدەرەوەی ژنیان بە تەواوی قەدەغە کرد و هەندێ یاسا و رێسای وایان رادەگەیاند کە ئاڵۆزە لێکدانەوەشی بۆ بکرێت، وەک قەدەغەکردنی دانیشتنی ژن لە سەر کورسی!

لە شاری موسڵدا تەنها موسوڵمان نەدەژیان و پێکهاتەی ئایینی تر لە شارەکەدا هەبوون، کرستیان و کلد و ئاشووری هەر لە دێرزەمانەوە و هەزاران ساڵ بوو باوباپیرانیان لەوێ نیشتەجێ بوو، بەڵام داعش بوو بە هەڕەشەیەکی راستەقینە بۆ سەر بوون و مانەوەیان، بۆیە ئەوەی لە کوشتن و

لاقەکردن رزگاری بوو، هەڵات و لە نیشتیمانی خۆیان هەڵکەندران. هەڵاتووەکان هاتنە ناو شارەکانی کوردستانەوە و لە کەنیسە و کەمپەکاندا نیشتەجێ کران. لە کوردستاندا وشکەبڕوایی ئایینی هیچ کات نەبووە و پێکەوەژیانی ئاشتی پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان، وەک سیمایەکی گەشی کولتووری کوردان، ناسراوە.

زۆری نەبرد و دوای دوو مانگ، لە ٢٠١٤/٨/٣دا، داعش پەلاماری شارۆچکەی شەنگالی دا، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردی ئێزیدی بوون، بە نیازی داگیرکردنی کوردستانیش و فراوانکردنی دەوڵەتە راگەیەندراوەکەی هێرشی دەهێنا. بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەرانە کۆمەڵکوژی ئەنجام دا و هەزاران ئافرەت و منداڵی بە دیلی راپیچی شوێنی نادیار کرد. هەزاران کەسیش فریای ئەوە کەوتن هەڵبێن و خۆیان بگەیەننە سەر چیای سەختی شەنگال و لەوێوە بە چەندین رۆژ بتوانرێت رزگار بکرێن و بگەیەنرێنە شاری دهۆک و زاخۆ و دەوروبەری. ئەوەی لە شەنگالدا ڕوویدا، دەشێ بە رەشترین رۆژەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی و مێژووی کورد بە تایبەتی، دابنرێت. ئەو پیاوانەی کۆمەڵکوژ دەکران لە گوندەکانی سەر بە شەنگال خودی داعش ڤیدیۆی کۆمەڵکوژییەکانی بڵاودەکردەوە، تا وەک هێزێکی ترسناک بناسرێت و کاریگەری دەروونی لەسەر تەواوی خەڵک دروست بکات. تەنها لە گوندێکی بچووکی سەر بە شەنگال کە ناوی "کۆجۆ"یە ٣٠٠ پیاویان ریز کرد و دەستدرێژییان لێکردن و کۆمەڵکوژی سامناکیان لە شوێنی دیکەشدا ئەنجام دا. منداڵی ١٢ساڵیان بە ستوونی کارەباوە هەڵدەواسی و دەیان کەسیان سەردەبڕی و دەسووتان و وێنە و ڤیدیۆکەشیان بڵاو دەکردەوە.

ئافرەتان هەر لە تەمەنی دە ساڵییەوە تا سیی ساڵیی، بە هەزارانیان راپێچی شاری موسڵ و شارەکانی سوریا کران وەک دەستکەوتی شەڕ دابەش کرانە سەر پیاوانی داعش و ئەوانیش وەک بەشی خۆیان لەو کۆیلانەی شەڕ دەیانفرۆشتن بە پیاوانی تر. ئەوەی لە سەرەتای مێژووی ئیسلامدا بە ناوی (سبایا) دەکرا، کە ژنانی بەدیلگیراو لە شەڕەکانی فتوحاتدا وەک دەستکەوتی شەڕ دابەش دەکران بەسەر شەڕکەرەکاندا، لە شەڕەکانی داعشدا لە سوریا و عێراق و لە داگیرکردنی شەنگالیشدا دووبارە کرایەوە. دیاردەیەکی تریش کە

ئەم گروپە ئەنجامیان دەدا، ڕەفتارێکی قێزەونیان پیادە دەکرد و ناویان نابوو"جیهاد النکاح"، کە بریتی بوو لەوەی ژنان پێشکەش بکەن بە پیاوە شەڕکەرەکانیان وەک پاداشت بۆ ئەو تیرۆرانەی ئەنجامیان دەدا بەناوی جیهاد لە پێناوی خوادا. هەندێ لە ژنانی عەرەب خۆبەخشانە دەچوونە پاڵی ئەو رێکخراوە تیرۆریستەوە و وەک خەبات لە پێناوی خوادا خۆیان رادەستی ئەو پیاوە دڕندانە دەکرد. لە ناو ئەو رێکخراوەدا مێشکی ئەندامەکان بە تەواوەتی دەشۆردرایەوە تا بە ڕاستی هەست بکەن ئەو کارە قێزەون و دڵڕندایەتییانە لە پێناوی خوادا دەکەن. سەیریش ئەوە بوو، هەندێ لەو ژنانە کە ئەو کارانەیان دەکرد، ساڵانێک بوو لە وڵاتانی ئەورووپا ژیابوون، بە هەمان شێوە پیاوە گەنجە تیرۆریستەکان، زۆریان عەرەبی لەدایکبووی هەندەران و هەڵگری هاوڵاتینامەی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا بوون.

بەکۆیلەکردنی ئەو هەزاران ئافرەتە کوردە بە ئایین ئێزیدییەی شەنگال، تاسانێکی گەورەی لە کوردستان دروست کرد. نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی کردنی هەزاران کچی منداڵ و ژنی کورد بە کۆیلەی سێکس لە لایەن داعشەوە، جیهانیشی تووشی تاسان کرد.

ئەو پەلامارە لە ناکاوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و دروستکردنی ئەو کارەساتە مرۆڤایەتییە لە شەنگال و داگیرکردنی مەخمور و تەنانەت هەوڵدان بۆ داگیرکردنی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و نزیکبوونەوە لێی، وای کرد زیانی گیانی خەڵکی ئەو شارانەیش و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش، زۆر بێت.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە و بریتییە لە هێزەکانی ناوبراو بە هێزەکانی ٧٠ و هێزەکانی ٨٠، کە لە کاتی دووئیدارەیی حکومەتدا یەکەمیان پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و دووەمیان پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، بە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە ڕووی ئیدارییەوە لە بن باڵی وەزارەتی پێشمەرگەدا بوون، بەڵام هێشتاش وەک هێزێکی یەکگرتوو یەک نەخرابوونەوە. جگە لەوەش لە دوای شەڕی براکوژییەوە کە ساڵی ١٩٩٦ کۆتایی هات، پێشمەرگە هیچ شەڕێکی تری نەکردبوو. دوای هەشت ساڵ لە

ئارامی بارودۆخی کورستان، پەلامارە ناکاوەکەی داعش خستیانیە نێو دۆخی شەڕەوە، کە لە سەرەتاوە بێ ئەزموونییان پێوە دار بوو بە تایبەت لەگەڵ هێزێکی تازەی نەناسراو بۆ ئەوان، جگە لە نەبوونی چەکی قورسی پێویست بۆ جەنگێکی وا، بۆیە ئەگەرچی نەیانهێشت داعش نزیکتر بێتەوە و ئامانجەکەی بپێکێت لە گەیشتن بە هەولێر، بەڵام زیانی زۆریش بە خەڵکی شەنگال و بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش گەیشت. لە راگەیادنەکانی دنیاوە ناوبانگی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاو بووەوە کە تاقەهێز بوو بەو تواناکارییە کەمەوە بەرهەڵستی هێزێکی دڕندەی وەک داعش بکات و رایانبگرێت و نەهێڵێت بێنە پێشترەوە، بۆیە وڵاتانی دنیا دەستیان کرد بە یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێدانی چەکی قورس و راهێنانی لەسەر ئەو چەکانە. فەرەنسا و ئەڵمانیا لەو وڵاتانە بوون کە زوو بە دەنگ داوای کوردستانەوە هاتن بۆ پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە، دواتریش ئەمریکا، بەڵام ئەمریکا لە رێگەی دەوڵەتی عێراقەوە چەکەکانی دەنارد و ئەوانیش لای خۆیانەوە تا پێیان کرابا لە گەیاندنی بۆ دەستی پێشمەرگە، دوایان دەخست و کەمیان دەکردەوە. پێشمەرگە بە چەکی نوێوە شەڕەکانی بردەوە و ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و وەک هێزێک کە بەرگری لە جیهان دەکات و دژی هێزێک وەستاوەتەوە کە هەڕەشەیە بۆ سەر هەموو جیهان، لە راگەیاندنەکانی دنیاوە، ناسیندرا.

جەنگ؛ لێکەوتەی زۆرە، زیانی گیانی و مرۆیی، زیانی ماڵی و ئابووری، زیانی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە و بێگومان دروستکەری هەموو جۆرێکی قەیرانیشە. بۆ کوردستان هێشتا لەمانە خراپتریش بوو.
هەرێمی کوردستان؛ هەر پێش پەلاماری داعشیش بۆ سەر موسڵ، لە ئەنجامی پەلاماریان بۆ سەر خەڵکی سوریا بە گشتی و رۆژئاوای کوردستان بە تایبەتی، لە ٢٠١٣دا بە لێشاو لە جەنگ هەڵاتووان پەنایان دەهێنا و پەنای سەدان هەزار ئاوارەی عەرەب و کوردی سوریای دا. لە ناوەڕاستی ٢٠١٤یشدا کە هەندێک لە شارەکانی عێراق و موسڵی داگیر کرد، بە لێشاو ئاوارەکانی شاری موسڵ و شارەکانی دیکەی عێراق دەهاتنە شارەکانی هەرێمی کوردستانەوە و لە داگیرکردنی شەنگالیشدا بە هەمان شێوە ئەوەی لە کۆمەڵکوژی دەربازی بوو، گەیشتە شارەکانی هەرێمی کوردستانەوە، بە

تایبەتیش سنووری شاری دهۆک، کە چەندین کەمپی پەنابەری تیا دروست کرا و سەدان هەزار ئاوارەی تیا نیشتەجێ کرا.
لە ئەنجامی لێشاوی پەنابەران ١،٨ملیۆن ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمەکە ٢٨% بەرز بووەوە. ڕێژەی هەژاری لە ٢٠١٤ دا بەرز بووەوە بۆ ١٢،٥%. لەناو پەنابەراندا ٧٥%یان ژن و کچ بوون و زۆر بێ دەرەتان و نەدار بوون"[٦٢]

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش، بانکی نێودەوڵەتی و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق: هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاوارە سوورییەکان و شەڕی داعش، پێویستی بە ١،٤ ملیار دۆلار بووە.

ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو نەختینەی کە بە دەستیەوە بوو دەیتوانی خەرجی شەڕی قورسی داعش و خەرجی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە، بکات؟
داهاتی کوردستان پێش شەڕ چەند بوو؟ چۆن بوو؟ چی لێ دەکرا و لە ساڵی شەڕدا لە ٢٠١٤ چی بەسەر هات؟

هەموو ئەم پرسیارانە ئەو کاتە وەڵامی تەواو وەردەگرن کە تیشکێکی خێرا بخەینە سەر ساڵانی پێشتر و داهاتی کوردستان و ئەو بوژانەوە ئابوورییەی کە بەخۆیەوەی دی و ئەو ئاشتی و ئاوەدانییەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦تا٢٠١٣ بۆ ماوەی حەوت ساڵی تەواو لە ئارادا بوو، هەروەها دەبێت کاریگەری ئەو بوژانەوە ئابوورییە لە سەر رەوشی ژنان و خەباتیان بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان، تاوتوێ بکەین.

**گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان**

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاوڕێک لە بارودۆخی ئابووری و گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بدەینەوە و باس لەوە بکەین، لە دوای روخانی ڕژێمی بەعس بە یەکجاری لە ساڵی ٢٠٠٣ و، دانانی دەستوورێک بۆ عێراق لە

[٦٢] هەموو ئەو ئامارانەی لەسەر پەنابەرانە، لە راپۆرتەکانی وەزارەتی پلاندانانەوە وەرگیراوە.

٢٠٠٥ و، چەسپاندنی زۆرێک لە مافەکانی کورد لەو دەستوورەدا و هەبوونی پشکێکی جێگیر لە داهاتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی ژمارەی دانیشتوانی کە دەیکردە ١٧٪، کوردستان بوژانەوەیەکی ئابووری خێرا و گەورەی بەخۆیەوە دی. ئەم بوژانەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠١٣ یش بەردەوام بوو. "لە ساڵی ٢٠١٣ دا حەواڵەی دارایی لە حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان ١٢ ملیار دۆلار بوو."[٦٣]

لەو ساڵانەدا، ٨٥"٪ی داهاتی حکومەتی کوردستان حەواڵەی بودجە بوو کە بە شێوەی مانگانە و لە حکومەتی مەرکەزییەوە بۆی دەهات"[٦٤] واتە ١٥٪ی داهاتی ناوخۆییشی دەهاتە سەر و داهاتێکی گەورەی کاش لە دەستی حکومەتدا بوو کە پێویستییەکانی هەرێمی کوردستانی پڕ دەکردەوە بە مووچە و پرۆژەکانی بنیاتنانەوەی ژێرخانی کوردستان و پەرەپێدانی پارێزگاکانیشەوە و بە زیادیشەوە. داهاتی ناوخۆیی بریتی بوو لە داهاتی گومرکەکان، باجەکان و لەچەند ساڵی پێش قەیرانیشدا حکومەت بایەخی دا بە کەرتی نەوت و دانانی پاڵاوتگە لە چەندین شوێنی ناو هەرێم و وەبەروەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا، کە مەبەست لەو هەنگاوانەش دروستکردنی ئابوورێکی سەربەخۆ بوو بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەو لێشاوی پارە نەختینەیە؛ ئەگەرچی بووە هۆی بوژانەوەی باری ئابووری تەواوی خەڵک و زیادبوونی ناوەندی داهاتی تاک لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام هاوکات وای کرد زۆرینەی خەڵک پشت بە کەرتی گشتی ببەستێت و کەرتی تایبەت، کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، لاواز بێت. بۆ نمونە، لە ساڵی ٢٠٠٠دا؛ ٣٥٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان بوو بۆ بژێوی، پاشان بە خێرایی دابەزی و لە ٢٠٠٧دا بوو بە ٢٣٪"[٦٥] ئەم ڕێژەیە بەردەوام لە دابەزیندا بووە تا ساڵی ٢٠١٣، بە پێی راپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانان، کە لە ساڵی ٢٠١٢

[٦٣] وەزارەتی پلاندانان. هەرێمی کوردستانی عێراق ، چاکسازی ئابووری لە پێناوی بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران. ٢٠١٧. ل١٥

[٦٤] وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بونیادی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژێرخانی کۆمەڵایەتی- ئابووری. راپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان(UNDP). کانوونی دووەمی ٢٠١٢. ل ١٣.

[٦٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.

دەرچووە، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان ١،٥ ملیۆن هیکتار زەوی ئاودێری شیاو بۆ کشتوکاڵی هەیە، کەچی لە کۆی بەرهەمی هەرێمدا تەنها ١٠%ی هی بەروبوومی کشتوکاڵە و کەرتی کشتوکاڵ تەنها ٩%ی هێزی کاری هەرێمی گرتۆتەوە.

**زێڕی ڕەش زێڕی سەوزی داپۆشی:**
ڕاستە نەوت **"زێڕی رەش"** ە و سامانێکی سروشتی مفتە لە هەر وڵاتێکدا هەبێت خەنی دەکات، بەڵام کشتوکاڵیش **"زێڕی سەوز"**ە و ئەو وڵاتانەی زەوی ئاودێری شیاویان بۆ کشتوکاڵ هەبێت، دەتوانن ئەو زەوییە وەک سەرچاوەیەکی سروشتی دەوڵەمەند بەکار بهێنن و وڵاتی پێ بگەیەننە ئاستێکی بەرزی بژێوی و هەناردەی بەرهەمی کشتوکاڵ خۆشنودی ئابوورییان بۆ دابین بکات. بۆ نمونە؛ ئیسرائیل لەو وڵاتانەیە کە سوودێکی زۆری لە زەوی کشتوکاڵ وەرگرتووە بۆ بڵندکردنەوەی ئاستی بژێوی و گەیاندنی وڵاتەکەی بە لووتکەی خۆشنوودی ئابووری.

لێشاوی پارەی **"زێڕی رەش"** لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، وای کرد**"زێڕی سەوز"** تا رادەیەکی زۆر فەرامۆش بکرێت. لادێکانی کوردستان، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا وێران کرابوون، هەموویان ئاوەدان کرانەوە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی لادێکان نەگەڕانەوە و لە شارەکاندا مانەوە و هەوڵی کارکردنیان لە کەرتی گشتی دەدا. بەو جۆرە **زێڕی رەش زێڕی سەوزی داپۆشی** و لەو کەرتە گرنگەدا بوژانەوەیەکی بەرچاو لەو ساڵانەدا ڕووی نەدا.

حکومەتی کوردستان؛ کە تا ساڵی ٢٠١٣یش حکومەتی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، بە تایبەت لە سەردەمی دووئیدارەییدا، بە لێشاو خەڵکیان دادەمەزراند لە کەرتی گشتیدا و بە تایبەتتریش لە کەرتی سەربازی (پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس)، هەروەها کەرتی پەروەردە و تەندروستی، کە لە سەرووی پێویستی ئەو کەرتەدا بووە. بەم شێوەیە لە لایەکەوە ڕێژەی مووچەخۆری کەرتی گشتی بە شێوەیەکی نائاسایی زیادی کرد، لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە سەرووی پێویستی دامەزراندنی فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەت بوو،

لەناو فەرمانگەکاندا بوون بە بێکاری مووچەخۆر، کە دواتر ناوی لێنرا **"بندیوار"**، کە بە زاراوە ئابورییەکەی **'بێکاری دەمامکدار'** ی پێ دەگوترێت، بوو بە بارگرانی بەسەر تەرازووی بوجەی حکومەت و لاسەنگکردنی، کە ئەو لاسەنگییە کاتێ دەرکەوت کە شەڕی داعش دەستی پێکرد و ئاوارەکانی سووریە و عێراق رژانە نێو هەرێمی کوردستانە و هاو کات نرخی نەوت دابەزی و بەشەبودجەی کوردستانیش کە لە عێراقەوە دەهات، بەهۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی، بڕدرا.

لەو ساڵانەدا، کە بودجەی هەرێم دەستەبەر بوو، هەندێک کەس تەنانەت وا گوزارەیان لە دۆخەکە دەکرد کە "پارە دەبارێت". کەرتی گشتی حکومەت باوەشی بۆ دامەزراندن لە لایەکەوە و کردنەوەی دەیان زانکۆ و پەیمانگا لە هەموو شارەکانەوە، لە لایەکی ترەوە، کەرتی پەروەردەی زیاتر بارقورس دەکرد. جگە لەوەش "ئارەزووی خەڵک بۆ کارکردن لە کەرتی گشتی بوو بە هەڕەشە لەسەر کەرتەکانی تر، لە بازاڕەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا و، گەشەی کەرتی تایبەت و بەرهەمهێنانی ناوخۆییان لە کەرتەکانی بازرگانی و هەناردەدا سەرکوت و کپ کردەوە."[٦٦]

لەبەر ئەو لێشاوی پارەی نەختینەی نەوت کە رژابووە نێو بازارەکانی کوردستانەوە، ئاستی بژێوی هاوڵاتی کوردستان بەرز بووەوە، بۆ نموونە لە ساڵی ۲۰۱۱دا "خاوەندارێتی ئۆتۆمبیل لە شارە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، نزیکەی یەک ئۆتۆمبێل بۆ هەر خێزانێک، ئەمەش نزیکە لە ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادایە."[٦٧]

بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵک و گەشەی ئابووری کار دەکاتە سەر بوارەکانی تری ژیانیش لەو کۆمەڵگایەدا، بە گەشەسەندی باری ئابووری، باری سیاسی، کۆمەلایەتی، کولتوورییش گەشە دەکات. ڕێژەی هەژاری کەم دەبێتەوە ڕێژەی خوێندەواری بەرز دەبێتەوە، ئاستی پەرەپێدانی کولتوور و

---

٦٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.
٦٧ هەمان سەرچاوە، ل

باری کۆمەڵایەتی گەشە دەکات و بڵند دەبێتەوە. لە هەرێمی کوردستانیش ئەمە ڕوویدا. لە دوو رووپێوی دەستەی ئامار و وەزارەتی پلاندانانداندا کە هی ساڵی ٢٠١١ و ناوەڕاستی ٢٠١٢ هیە، ئەم ژمارە سەرنجڕاکێشانە و ئەم پێشکەوتنانە بەدی دەکەین، لە بواری پەروەردەدا:

| **دۆخی پەروەردەیی** | **کوردستان %** | **دهۆک %** | **هەولێر %** | **سلێمانی %** | **تێبینی** |
|---|---|---|---|---|---|
| **ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی** | **٩٥** | **٩٤,٧** | **٩٤٠٧** | **٩٨,٢** | **ئەو ڕێژەیەی کە لە سەرووی ١٠٠% پیشان دەدات بریتییە لە خوێندنی ئەو کەسانەی کە لە سەرووی تەمەنی دیاریکراو بۆ ئەو قۆناغە، دەستیان بە خوێندن کردووە.** |
| **ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی** | **١٠٤,٦** | **٩١,١** | **١١٠,١** | **١٠٩,٦** | |
| **ڕێژەی تۆمارکردن لە ق.ناوەندی** | **٨٨,٩** | **٨٦,٢** | **٨٨,٢** | **٩١,٢** | |
| **ڕێژەی تەواوکردنی ق.ناوەندی** | **١٠٣,٧** | **٩١,٦** | **١٠١,٣** | **١١٤,٦** | |
| **خوێندەواری نێر تەمەن(١٤-٢٤)** | **٩٢,٣** | **٩١** | **٨٩,٢** | **٩٥,٩** | |
| **خوێندەواری مێ تەمەن(١٤-٢٤)** | **٨١,٦** | **٨١,٦** | **٧٧,٨** | **٨٨,١** | |

لەم ژمارانەوە دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە لە هەرێمی کوردستاندا، گەشەی ئابووری کاری کردووەتە سەر باری خوێندەواری و ڕۆشنبیری خەڵک. ٩٥ لە سەدی منداڵان لە ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ دا ناویان لە قوتابخانەی سەرەتایی تۆمار کراوە، ١٠٤،٦لە سەدیش قۆناغی سەرەتاییان تەواو کردووە، ئەمە مانای وایە ٩،٦%ی ئەو منداڵانەی کە لە ساڵەکانی پێشتردا تۆمار نەکراون و تەمەنیان تێپەڕیوە، دووبارە خراونەتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتاییان تەواوکردووە. ئەمەش نیشانەرێکی دڵخۆشکەرە کە ڕێژەی نەخوێندەواری لەو ساڵانەدا نزیکەی بنبڕکراوە. بەڵام ئەو کەسانەی قۆناغی سەرەتاییان تەواوکردووە، ٨٩،٩ لەسەدیان لە قوتابخانەی ناوەندی خۆی تۆمار کردووە، واتە ١٤،١% درێژەی بە خوێندن نەداوە. ئەم ڕێژەیە راستە دەزانن بنوسن و بخوێننەوە، بەڵام بە کەمخوێندەوار لە قەڵەم دەدرێن و کار دەکاتە سەر دەرفەتی دەستکەوتنی کار و بەرەوپیشچوونی ژیانی کۆمەڵایەتیشیان. دەبینین

ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی ١٠٣،٧لەسەدە، ئەمەش مانای ئەوەیە نزیکەی ڕێژەی ١٤لە سەد لەو کەسانەی پێشتر دەرفەتی خوێندنی ناوەندییان بۆ نەڕەخساوە، دەرفەتیان بۆ دروست بووە بگەڕێنەوە و قۆناغی ناوەندی تەواو بکەن. کردنەوەی سیستەمی خوێندنی خێرا دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئەوانەی کە لە خوێندن دابڕابوون و بە تایبەتییش ئافرەتان، کە بەهۆی بارودۆخی دواکەوتوویی خێزانەوە لە قۆناغی فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعس دا لە بەر خراپی باری بژێوی خێزان، لە خوێندن دادەبڕێندران. یان ئەو کوڕانەی لەبەر خراپی باری بژێوی خێزان وازیان لە قوتابخانە دەهێنا بۆ ئەوەی کار بکەن و خێزانەکەیان بژێنن.

ڕێژەی خوێندەواری نێر لە نێوان تەمەن (١٤-٢٤) لە ساڵی ٢٠١٢ دا لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی ئەو ئامارانە ٩٣,٣لەسەدە، واتە ٦،٦لەسەدیان لەو تەمەنەدا نەخوێندەوارن، بەڵام مێینە لە هەمان تەمەندا ٨١،٦لەسەد خوێندەوارن، واتە ١٩،٤یان نەخوێندەوارن.

ڕێژەی خوێندەواری و نەخوێندەواری پیاوان و ئافرەتان لە شارەکانی کوردستاندا وەک یەک نییە و جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. بە پێی ئەو داتایەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێی داوە، لەو ڕێژە خوێندەوارەی هەرێمی کوردستان لە مێینە کە ٨١،٦ بوو، بەشی مێینەی سلێمانی ٨٨،١ لەسەدە، هی هەولێر ٧٧،٨ لەسەدە، هی دهۆک ٨١،٦لەسەدە. کە جیاوازییەکی بەرچاوە و دەتوانین لە ڕێی ئەم ژمارەیەوە خوێندەواری وەک فاکتەرێکی سەرەکی و نیشاندەری ئاستی پێشکەوتن و کراوەنەوەی کۆمەلایەتی شاری سلێمانی لە چاو هەولێر و دهۆک بۆ دەرکەوێت. بێگومان ئافرەتی خوێندەوار دەرفەتی کارکردن لە بەردەمیدا باشترە و مێشکی کراوەترە بۆ دۆزینەوەی هەلی کارکردن بۆ خۆی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خێزانەکەی. هەر بە پشتبەستن بەو ئامارانەی ساڵی ٢٠١٢، ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی بە تەنیا خۆیان بژێوی خێزان دابین دەکەن ١١،٦لەسەدە، ڕێژەی ئافرەتی بێوەژن کە خۆی بژێوی خێزان دابین بکات ٧،٦لەسەدە.

لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠١٣ لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەسەندنێکی بەردەوام لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو. ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای بیانی ڕوویان لە

کوردستان کردبوو بۆ وەبەرهێنان، کەرتی پیشەسازی تایبەت گەشەی بەخۆیەوە دی. بە پێی راپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانان، تەنها لە ساڵ ۲۰۱۱ دا ۲۵۳٤ مۆڵەت دراوە بە پرۆژەی پیشەسازی تایبەت. لەو ساڵەدا ژووری بازرگانی ۸۰۰۰ ئەندامی چالاکی هەبووە لە خاوەن کۆمپانیا لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا.

**بەڵێنی چوارساڵی ئارام**

لەو هەلومەرجەدا کە لە سەرەوە باسمان کرد؛ بەهۆی گەشەی ئابووری خێرا و لێشاوی نەختینەوە، حکومەت و بە تایبەتیش کابینەی حەوتەم دەستکراوە بوو، پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە گەرمەی کارکردندا بوون. ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمانیش کەمتر پەلاماری نێچیرڤان بارزانیان دەدا بە بەراورد لەگەڵ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح.

کە هەرێمی کوردستان لەم هەلومەرجە گەشەسەندووەدا بوو، لە ساڵی ۲۰۱۳دا کاتی هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان هات. ئەمجارە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لەم هەڵبژاردنەدا گرتنە دەستی دەسەڵات دەکەنە ئامانج و مەبەستیانە گەندەڵی لەناو حکومەتدا بە هاتنیان بۆ ناو حکومەت چارەسەر بکەن. پرسی گەندەڵی شتێکی شاراوە نەبوو، داهێنانی ئۆپۆزیسیۆنیش نەبوو، بەڵکو هەموو بەرپرسانی حیزبەکان و حکومەت، بە دانپێدانانەوە باسیان دەکرد و زۆر جاریش خۆیان بەڵێنی چاکسازییان دەدا و هەنگاویشیان بۆ دەنا، بەڵام سەرکەوتوو نەدەبوو.

ئەم گۆڕانکارییە لە بیروڕایا ئۆپۆزیسیۆندا و بە بەڵێندان بە دەنگدەرەکانیان کە لەناو دەسەڵاتدا چاکسازی ریشەیی دەکەن، گەرموگوڕییەکی لە ڕادەبەدەری لەناو جەماوەردا دروست بوو. بزوتنەوەی گۆڕان کە لە چوارساڵی خولی سێیەمدا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی لە ئۆپۆزیسیۆنێکی توندی دەسەڵاتدا بوون و بە هۆی ئەوەشەوە هەندێ جار رادەی نائارامی بە جۆرێ پەرەی دەسەند خەڵکی کوردستان مەترسی شەڕی براکوژی بکەن. لە راگەیاندنەکانیانەوە پەلاماری بەرپرسە یەکەمەکانی حیزبەکانی دەسەڵاتیان دەدا کە بریتی بوون لە پارتی و یەکێتی. لە ناو ئۆپۆزیسیۆنیشدا بزوتنەوەی

گۆڕان تووندرینیان بوو، تەنانەت بزوتنەوەی گۆڕان تەلەفیزیۆنەکەی خۆی (کەی ئێن ئێن) کە زمانحاڵی بزوتنەوەکە بوو، وەک تۆپخانە ناو دەبرد و لەوێوە بۆردومانی بەرپرسەباڵاکانی حیزبەکانی دەسەڵاتی دەکرد، بە تایبەتیش سەرۆک جەلال تاڵەبانی کە سەرۆک کۆماری عێراق بوو، سەرۆک مەسعود بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو.

لە هەڵبژاردەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، حیزبەکان بە لیستی جیا هاتنە مەیدان و هەر یەکەیان بەرنامەی هەڵبژاردنی لەویدی چڕوپڕ تر بوو. گەرموگوڕی لە ڕادەبەری هەڵبژاردن هۆی ئەوە بوو لە ٢٠١٣ دا ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بۆ خولی دووەمی هەڵدەبژێردرانەوە و لیستی پەرلەمان بە جیا و، لیستی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە جیا کێبەرکێیان دەکرد لە نێوان حیزبەکاندا.

لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان؛ کە لە ٢١ی ئەیلولی ٢٠١٣ بەڕێوە چوو، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی کرد، ١١٢٩ پاڵێوراو هەبوون بە هەموو لیستەکانەوە(٣٩ لیست)، لە ناویاندا ٣٦٦ ئافرەت هەبوون، بەهەموویانەوە کێبڕکێیان دەکرد بۆ ١١١ کورسییەکەی پەرلەمان.

لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ١،٩٧٦،٢٢٠ دەنگدەر بەشدارییان کرد و بەو شێوەیە ئەنجامیان دا بە دەستەوە و ئەم قەوارانە هاتنە ناو پەرلەمانەوە:

| قەوارەی سیاسی | ژمارەی کورسی | ژمارەی پیاو | ژمارەی ژن |
|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ٢٦ | ١٢ |
| گۆڕان | ٢٤ | ١٦ | ٨ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٨ | ١٢ | ٦ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ١٠ | ٦ | ٤ |
| کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ٤ | ٢ |
| بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان-عێراق | ١ | ١ | ٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| حیزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان | ١ | ١ | ٠ |
| ئازادی | ١ | ١ | ٠ |
| ئاراستەی سێیەم | ١ | ١ | ٠ |
| لیستی پیشکەوتووی تورکمانی | ٢ | ١ | ١ |
| لیستی هەولێری تورکمانی | ١ | ١ | ٠ |
| گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | ١ | ١ | ٠ |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | ١ | ١ | ٠ |
| میسۆپۆتامیا | ٢ | ١ | ١ |
| کۆمەڵەی کلدان و سریان و ئاشوورییەکان | ٢ | ١ | ١ |
| نەوەکانی میۆپۆتامیا | ١ | ١ | ٠ |
| یراونت نیسانمارکۆس امینیان(ئەرمەن) | ١ | ١ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١١١ | ٧٦ | ٣٥ |

پێگەی ژن لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا ٣٢% بوو، چونکە جگە لە ٣٠%ی حیزبە کوردستانییەکان، لە کورسییەکانی کۆتای تورکمان و کلد و ئاشوورییش، ئەوانەی کە ٢ کورسییان هەبوو یەکیان بەر ژن کەوت.
بە بەراورد لەگەڵ خولی سێیەم کە ڕێژەی ژن ڕێژەی کۆتای تێپەڕاندبوو گەیشتە ٣٧%، لە خولی چوارەمدا ڕێژەی ژن لە پەرلەماندا دابەزی وهەر نزیک بووەوە لە ڕێژەی کۆتاکەی کە بۆیان دانرابوو.

لە خولی چوارەمی پەرلەمانیشدا لیژنەی مافەکانی ئافرەتان مایەوە. دیاردەیەکی سەیر ئەوە بوو لە کاتی دانانی لیژنەکاندا، زۆرێک لە ئافرەتەکان ئامادەیی خۆیان دەرنەبڕی بچنە ناو ئەو لیژنەیەوە و لە لایەن چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی و ژنانەوە رەخنەی توونديان لێ گیرا. لە دواییدا لیژنەکە دانرا و ئێڤار ئیبراهیم لە فراکسیۆنی گۆڕانەوە بوو بە سەرۆکی لیژنەکە و حەیات مەجید لە لیستی پارتی بوو بە جێگری سەرۆکی لیژنەکە.
سەبارەت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، ڕێژەی ژن ٣٠% لە هەردوو خولدا دانرا. لەو ئەنجومەنەشدا پێگەی حیزبە سیاسییەکان هەر وا بوو کە

پێنجەکەیان هاتنە نیو دەسەڵاتەوە، بەڵام بە جیاوازی پێگەی هەر حیزبێک لە شارەکاندا کە جیاواز بوو لە ئەویتر. لە پارێزگای سلێمانی گۆڕان یەکەم و یەکێتی دووەم و پارتی سێیەم بوو. لە پارێزگای دهۆک پارتی یەکەم و یەکگرتوو دووەم و یەکێتی سێیەم بوو. لە پارێزگای هەولێر پارتی یەکەم و یەکێتی دووەم و گۆڕان سێیەم بوو. بۆ دانانی پاریزگار، لە دهۆک و هەولێر پارێزگار بەر پارتی دەکەوت و لە سلێمانیش دەبوایە بەر گۆڕان بکەوێت و ململانێیەکی توند لە نێوان گۆڕان و یەکێتی هەبوو لەسەر ئەو پۆستە تا بە شێوەیەک سازان کە هەر دوو ساڵە و بۆ یەکێکیان بێت و سەرەتاش یەکێتی نیشتیمانی پارێزگاری دانا. سەرۆکی ئەنجومەنی پاریزگاکانیش دەبوایە بدرێتە حیزبی دووەمی براوە. لە هیچ پارێزگایەکدا و هیچ کام لە حیزبەکانی یەکەم و دووەم ژنیان لە پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگادا دانەنا.
وەک بەڵێنیان دابوو چوار ساڵی ئارام بگوزەرێنن، ئارەزووی هاتنە نێو حکومەتیان پیشان بدا. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەمجارە کە بە لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی دانەبەزیبوو ژمارەی کورسییەکانی زۆر هاتنە خوارەوە و لە حیزبی دووەمەوە بوو بە سێیەم، گۆڕان جێگەی گرتەوە و بوو بە حیزبی دووەم. یەکگرتوو وەک جاران لە پلەی چوارەمدا مایەوە، بەڵام ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانی دابەزی، کۆمەڵی ئیسلامیش بە هەمان شێوە، لە پلەی پێنجەمدا مایەوە و ڕێژەی دەنگی دابەزی. هیچ حیزبێ مەیلی خۆی بۆ بوون بە ئۆپۆزیسیۆن پیشان نەدا، بۆیە گفتوگۆی لایەنی براوەی یەکەمی هەڵبژاردن کە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، خاوەنی ٣٨ کورسی، لەگەڵ لایەنەکانی تر دەستی پێکرد بۆ ئەوەی رێکبکەون و پۆستەکانی وەزارەت بە پێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان، دابەش بکەن.

## حکومەتی بنکەفراوان و پێگەی ژن

نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆک وەزیران و قوباد تاڵەبانی وەک جێگری سەرۆک وەزیران دانران و هەر پێنج حیزب و کۆتاکانیش هاتنە نێو حکومەتەوە. ناوی کابینەی هەشتەم نرا **"حکومەتی بنکە فراوان"**.
وەزارەتەکان دابەش کران و لە خۆشی ئەو لێشاوی پارەیەی ساڵانی پێشوو لە حکومەتی مەرکەزییەوە دەهات، گۆڕان داوای وەزارەتی دارایی کرد وەک وەزارەتێکی سەروەر پێی بدرێ و درا. وەزارەتێکی تری سەروەر کە سامانە سروشتییەکان بوو، بوو بە پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان. کابینەکە لە

٢٣ کەس پێکهات، وەزیرەکانی ئەم کابینەیەش تەنها و تەنها یەک دانەیان ژن بوو، ئەویش نەورۆز مەولود، وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار. شایانی باسە، ئەم وەزارەتی گەشت و گوزارە لەوەتی حکومەتی کوردستان هەیە، بە ژن دەدرێت.



کابینەی هەشتەم پێکهاتەکەی لە نێوان حیزبەکان و لاسەنگی جێندەریش تیایدا بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

- پارتی دیموکراتی کوردستان ١ وەزیری ژنی لە پشکەکەی خۆی دانا.
- گۆڕان ڕێژەی ژن لە پشکەکەیدا سفر بوو.
- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕێژەی ژن لە پشکەکەیدا سفر بوو.
- یەکگرتووی ئیسلامی ڕێژەی ژن لە پشکەکەیدا سفر بوو.
- کۆمەڵی ئیسلامی ڕێژەی ژن لە پشکەکەیدا سفر بوو.
- پێکهاتەی کەمایەتییەکانی کۆتا، پشکی ژن سفر بوو.

بەم شێوەیە، حکومەتێکی نێرسالاری بنکەفراوان پێکهات بە بێ هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا. چوار ساڵ کە دەبوو بە ئارامی بەڕێوە بچێت، وا

نەکەوتەوە، چونکە ساڵیکی نەبرد لە دەستبەکاربوونیان، کێشە و قەیرانی دارایی دەستی پێکرد و وەزارەتی دارایی توانای دانی مووچەی فەرمانبەرانی نەما.

**هۆکارەکانی قەیرانی دارایی:**
دوای ئەو بواژانەوە ئابوورییەی لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە تا ٢٠١٣ بەردەوام بوو کە دەکرێ ناوی لێبنرێت حەوت ساڵی خۆشگوزەرانی، لە ناکاو باس لە کەمبوونەوەی نەختینە لە بانکەکانی هەرێمی کوردستاندا کرا و بە کردەوەش لە ساڵی ٢٠١٤دا هەست بە بارقورسی حکومەت کرا و ئیتر توانای موچەدانی فەرمانبەرانی هەرێمی نەما لە کاتی خۆیدا، بەڵکو بەردەوام دوا دەکەوت تا وای لێهات دوو مانگ جاریک مووچە بدرێت. **بۆچی پارە بە دەستەوە نەما؟ هۆکاری زۆر بوو، گرنگترینیان ئەمانە بوو:**

**یەکەم:** لە ساڵی ٢٠١٣ دا ١٢ ملیار دۆلار بەشی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی ناوەندەوە گەیشت، کە بە شێوەی مانگانە هەر مانگە و یەک ملیار دۆلار حەواڵەی دارایی دەنێردرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ دا تەنها یەک ملیار دۆلار لە هەموو ساڵەکەدا گەیشت. واتە ١١ ملیار دۆلار کەم بووەوە.

**دووەم:** ١،٨ملیۆن ئاوارەی سووری و شارەکانی تری ناوەڕاست و خواڕووی عێراق و ئاوارەی موسڵ و شەنگال، بەهۆی شەری داعشەوە پەنایان بۆ کوردستان هێنابوو، زۆرینەی خەرجییان لەسەر حکومەتی کوردستان بوو.

**سییەم:** شەڕ لەگەڵ داعش خەرجییەکی زۆری دەویست و پاشەکەوتی ساڵانی پێشووی حکومەتی کوردستانی هەڵلوشی.

**چوارەم:** نرخی نەوت بە توندی لە بازاڕەکانی جیهان دابەزی. لە ساڵی ٢٠١٤ دا بەرمیلێک نەوت بە ١١٥ دۆلار بوو، لە کانوونی دووەمی ٢٠١٥ دا گەیشتە ٣٥ دۆلار.

**پێنجەم:** لە ساڵی ٢٠١٥دا حکومەتی مەرکەزی، بودجەی کوردستانی بە یەکجاری بڕی. داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانیش یەکجار زۆر کەم بووەوە بەهۆی دابەزینی نرخەکەی.

ئەم هۆکارانە؛ ئەنجامەکەیان دروستکردنی قەیران و قوڵبوونەوەی قەیرانەکە بوو مانگ لە دوای مانگ و لە سەرەتای ٢٠١٤ەوە دەستی پێکرد و تا ئەم کاتەی ئەم دێڕانەشی تیا دەنووسین، واتە سەرەتای ٢٠١٨ قەیران قورس و بەردەوامە.

چوار ساڵی ئارامی بەڵێنپێدراویش نەهاتە دی، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی کە پشکی گۆڕان بوو، سەرچاوەی داهاتەکانی وشکی کرد و خەڵکیش رەخنەی تووندی ئاراستە دەکردن، چونکە لە دەسەڵات بوون. جەماوەری دەنگدەری خۆیان سەرزەنیشتی دەکردن و داوای کشانەوەیان لێدەکردن.

**شەنگال؛ ئەنفالێکی تر:**
لە سەرەتای ئابی ٢٠١٤ دا، داعش پەلاماری شەنگالی دا و کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی کرد، کەدوای کۆمەڵکوژییەکانی ڕژێمی بەعس لە ١٩٨٨دا کە بە ناوی ئەنفال کرا، ئەمەی شەنگالیش ئەنفالێکی تر بوو، دووبارە کرایەوە، بەڵام ئەمجارە بە دەستی داعش.

جگە لە کوشتنی هەزاران کەس، کارەساتێکی تریش ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچانی گەنجی ئێزیدی گیران و بران و بەکۆیلە کران. لە راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا دەرچووە، گوتراوە کە ٣٢٠٠ ئافرەتی ئێزدی هێشتا لە لای داعش دیلن و بەکۆیلە کراون.[٦٨] ئەو ژن و کچانەی کە بەدیل گیراون لە لایەن چەکدارانی داعشەوە کراون بە کۆیلەی سێکس و کڕین و فرۆشتنیشیان پێوە دەکرێت. نادیە موراد یەکێک لەو هەزاران کچ و ژنە قوربانییانەی کوردی ئێزدی بوو، کە دوای ماوەیەک دەرباز بوو لە دەستی داعش و وەک پەنابەر گەیشتە ئەڵمانیا. بوو بە

[٦٨] http://kmewo.com/kurdish/?p=695

چالاکوانێکی زۆر کاریگەر و رێکخراوە مرۆیییەکان کۆمەکیان کرد و توانی وڵات بە وڵات بگەڕێت و ئەو کارەساتەی بەسەر ئافرەتانی ئێزیدی هاتووە بە دەستی داعش، دنیای لێ ئاگادار بکاتەوە. ئەم چالاکییانە و ڕەوایەتی کێشەکە وایان کرد لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نادیە موراد وەک باڵوێزی ئاشتی ناوزەد بکرێت و لە چەندین وڵاتیش خەڵات بکرێت.

کارەساتی شەنگالی جیهانهەژێن لە لایەک و شەڕی بەردەوامی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سوریا و عێراق و پەلامار لە لایەن داعشەوە لە لایەکی ترەوە، کوردستانیان خستبووە دۆخێکی ئاڵۆز و نائارامەوە، سەرەڕای قەیرانی داراییش. هەموو ئەم دۆخانەش کاریگەرییان لە سەر رۆح و دەروونی هەموو خەڵکی کوردستان، دروست کردبوو.

**پەککستنی پەرلەمان و زیاتر ئاڵۆزاندنی بارودۆخ!**

ئا لەو دۆخە ئاڵۆزەی شەڕی دژ بە داعشدا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بە پێی یاسا ماوەی سەرۆکی هەرێم لە ٢٠١٥/٦/٣٠دا بەسەر دەچوو، دەبوایە چارەسەرێکی یاسایی بۆ دابنرێت، بەڵام سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بوو، ئەم هێزەش لە جەنگدا بوو دژ بە داعش.

لە هەر وڵاتێکدا کە شەڕ هەبێت دۆخی ئاوارتە هەیە و لەو کاتەدا پێشترێتی دەدرێت بە باری ئاسایشی وڵات، بەڵام لەو دۆخە ئاڵۆزەدا فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتییەکەی، دۆخی ئاوارتەی لە جەنگدابووی هەرێمەکە و ناوچەکەیان لەبەرچاو نەگرت و دەستیان کرد بە جموجۆڵێکی نائاسایی بۆ لابردنی سەرۆکی هەرێم و هەوڵدان بۆ دانانی یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە. هەڵبەتە لە دۆخی ئاسایی و ئاشتیدا، ئەم هەنگاوە دەبوایە بنرابایە و ئەوە ئەرکی پەرلەمان بوو، ئەو کارە بکات، بەڵام لە دۆخی شەڕدا، کاتەکەی نەگونجاو و قەیرانقوڵکەرەوە بوو.

فراکسیۆنی گۆڕان و فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیش بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری یەکتر بوون، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی و پێکهاتەی

کەمایەتییەکان دژ بەو جوڵانەوەیە بوون و ئەمەش کاری کردە سەر پەیوەندی نێوان حیزبەکان و ئاڵۆزکردنی دۆخەکە و دروستکردنی کەشێکی بەتەواوی نائارام لەناو هەرێمی کوردستان، تەنانەت خەڵکی کوردستان مەترسی شەڕی براکوژییان لە لا دروست بوو. لە چواردەوریشیدا شەڕ و پەلاماری داعش بۆ داگیرکردنی کوردستان، لە ئارادا بوو، پێشمەرگەی کوردستان سەرەڕای دواکەوتنی موچەکانیان، بێ درێغی بەرگرییان لە خاک و خەڵکی کوردستان دەکرد. لەو ساتە ئاڵۆزەدا پەرلەمانی کوردستان لە جێی ئەوەی بیری خۆی لەسەر پاراستنی کوردستان و شەڕی داعش دژ بە هەرێمەکە، چڕ بکاتەوە، لەبەر ململانێی حیزبایەتی و رازیکردنی جەماوەری دەنگدەری نارازی، خۆیان سەرقاڵی لادانی سەرۆکی هەرێم لە پۆستەکەی، کرد. هەر فراکسیۆنە و پرۆژەیاسایەکی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرد. بە تایبەت فراکسیۆنی گۆڕان سوور بوون لەسەر ئەوەی ئەو یاسایە لەو کاتەدا لە پەرلەمان هەموار بکرێتەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ (پرەنسیپی سازان) کە حیزبەکان راهاتبوون کێشەکانی پێ یەکلایی بکەنەوە و تەنانەت دانانی پۆستەکانی سەرۆکایەتییەکان بە سازان دابەشکرابوو لە نێوانیاندا.

پێشبڕکێی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای هەموارکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم بەم شێوەیە بوو:

- لە ٢٠١٥/٥/٢١ بە ئیمزای ١٥ پەرلەمانتار پرۆژەیەکی ٢٣ ماددەیی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا.

- لە ٢٠١٥/٦/١٠ لە لایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە بە واژۆی ٢٣ پەرلەمانتار پرۆژەیاسایەکی ١٧ ماددەیی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا.

- لە ٢٠١٥/٦/١٥ پرۆژەیاسایەکی تری ٩ مادەیی بە واژۆی ٢٢ پەرلەمانتار پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا.

- لە ٢٠١٥/٦/٢١ فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە واژۆی هەر ١٨ ئەندام پەرلەمانەکەی پرۆژەیەیاسایەکی هەژدە ماددەیی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد.[٦٩]

هەوڵدانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ دانیشتنێک لەسەر ئەو پرۆژەیاسایانەی پەیتا پەیتا پێشکەشی دەکران، ڕێژەی یاسایی تەواو نەدەکرد چونکە فراکسیۆنی پارتی و یەکگرتوو لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پێکهاتەکانی کەمایەتی تورکمان و کلد و ئاشووری و ئەرمەنی لەگەڵدا نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخە بە تەواوی شێوێندرا و بووە هۆی پەککستنی پەرلەمان. پارتی دیموکراتی کوردستان بەوەی فراکسیۆنەکان هاوپەیمانێتی و مەبدەئی سازان و بەڵێنی چوارساڵ ئارامیان رەچاو نەکردووە، وەک فراکسیۆنی بە ژمارە زۆرترین و براوەی یەکەم ئەویش لای خۆیەوە ئەو بەڵێن و سازانەی هەڵوەشاندەوە و رێگەی نەدا بە سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە هەولێر و حکومەتی بنکە فراوانیش وەزیرەکانی گۆڕانی لە حکومەت دەرکرد. ئەم هەنگاوە هەڵانەی هەردوولا، جێگەی رەخنەی جەماوەر و ڕۆشنبیران بوو، راگەیاندنەکانی حیزبەکان رۆڵێکی نەرێنی و خراپیان لە قوڵترکردنەوەی قەیرانەکاندا دەگێڕا و پەرلەمانتارەکانیان بە هەمان شێوە لە راگەیاندنەکانەوە بارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر دەکرد و هک هەرزەکاری سیاسی ڕەفتاریان دەکرد و وتاریان دەدا.

نێوانی پارتی و گۆڕان رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر و خراپتر دەبوو. بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستانیش لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچوو بەهۆی نەمانی بودجە لە لایەک و بەردەوامی لێشاوی هاتنی ئاوارە لە سوریا، باشوور و ناوەڕاستی عێراق، موسڵ و شەنگال لە لایەکی ترەوە.
هەموو ئەم دۆخە ئاڵۆزە باری خێزانی کوردستانی زۆر قورس کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچاری دانانی سیستەمی پاشەکەوتکردنی موچەی فەرمانبەران بوو، کە ئەمەش بارودۆخی تەواوی خەڵکی کوردستانی شێواند و نارەزایی زۆر بەهێزی لێکەوتەوە. بەردەوام خۆپیشاندان و

---

[٦٩] https://ckb.wikipedia.org.

بایکۆتکردنی دەوام لە لایەن مامۆستایانەوە بە تایبەتی لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیان، ئەنجام دەدرا. بەهۆی ئەو بایکۆتانەوە لە ساڵی ٢٠١٥ بەدواوە پرۆسەی خوێندن لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارە گەرمیان زۆر بە خراپی بەرێوە دەچێت و ئاستی خوێندن بە تەواوی دابەزیووە. ئەمە کاریگەری خراپی هەبووە و دەبێت لەسەر ئاست و باری کۆمەڵایەتی خەڵکیش بە گشتی و ڕێژەی خوێندەواری و هۆشیاری خەڵک بە گشتی. لە بارودۆخی گرانی و هەژاریدا ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەرەو دابەزین دەچێت و بێکاری بەتایبەت لە نێو توێژی ژناندا زیاد دەکات.

نابێت ڕۆڵی نێگەتیڤانەی وڵاتانی دەوروبەر و داگیرکەری کوردستان لە بیر بکرێت، کاتێ باس لە هەموو ئەو بارودۆخە نالەبارانە دەکرێت کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە و دێت. عێراق لە دوای روخانی ڕژێمی بەعس و لەناوچوونی سەددام حسین لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە کەوتە دەستی حیزبە مەزهەبییەکانی شیعە، کە راستەوخۆ سەر بە ئێران بوون، واتە عێراق بە تەواوی لە ژێر هەژموونی ئێراندا بوو. بەڵگەنەویستە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران وەک دوو دەوڵەتی داگیرکەری دوو بەشی کوردستان، بەردەوام هەوڵی تێکدانی بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستانیان داوە. تورکیا و سوریاش بە هەمان شێوە وەک دوو دەوڵەتی داگیرکەری دووبەشی کوردستان لە هەوڵی خۆیان بۆ تێکدانی ئەو بارودۆخە نەکەوتوون. سوریا لەو ماوەیەدا بۆخۆی بارودۆخێکی شەڕاوی ئاڵۆزی هەبوو، نەدەپەرژایە سەر دەوروبەر، بەڵام تورکیا نەیدەشاردەوە کە لەدژی دروستبوونی هەر قەوارەیەکی سەربەخۆیە بە ناوی کوردستانەوە، تەنانەت ئەگەر لە ئەفریقیاش بێت. هەرێمی کوردستانیش بە حوکمی دیفاکتۆ وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی رانەگەیەندراو لە نێو کۆمەڵی نێونەتەوەییدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. سەرۆکی هەرێمی کوردستان "مەسعود بارزانی" لە ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٧ دا وەک سەرۆکی هەر وڵاتێکی ئاسایی لە لایەن وڵاتانی دنیاوە پێشوازی لێدەکرا. زۆرێک لە وڵاتانی دنیا قونسوڵخانەیان لە هەولێردا کردەوە. سەرۆکوەزیران و وەزیرەکانی دەرەوەی وڵاتان دەهاتن و سەردانی کوردستانیان دەکرد.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ٢٠١٠ تا ٢٠١٣ سیاسەتێکی ئابووری بەهێزی پیادە دەکرد و هەوڵی دەدا کوردستان بەرەو ئابوورییەکی

سەربەخۆ ببات، بە سوودوەرگرتن لە سامانە سروشتییەکانی خۆی و چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهانی بۆ مەبەستی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت ڕوویان لە کوردستان کرد. تورکیا ئەگەرچی لە دژی هەر قەوارەیەکی سەربەخۆی کورد بوو، بەڵام لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا پەیوەندییەکی ئابووری بەتینی هەبوو. هەڵبەتە لەبەر بەرژەوەند خۆی کە ساڵانە چەندین ملیارد وەبەرهێنان و مامەڵەی ئابووری لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبوو، بۆیە تەنانەت کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیران دەچوونە تورکیا، وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی ئاسایی و جیا لە عێراق پێشوازی دەکران و تەنانەت جارێکیان ئاڵای کوردستانیان لە پاڵ ئاڵای تورکیا دانا لە کاتی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا.

دەستوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی کوردستاندا لە ڕێگەی شێواندنی نێوان حیزبەکانی باشووری کوردستانەوە بوو. ئاڵۆزکردنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستی ئێرانی لە پشتەوە دیار بوو. تا دەهات زیاتر ئەم دەستێوەردانە نێومالّی کوردی دەشێواند.

سەبارەت بە پرسی ژن لە دۆخێکی وادا، گومان لەوەدا نییە کە کاردانەوەی هەموو ئەو شێواوی و ئاڵۆزییە لە هەرێمەکەدا، کاریگەری کردە سەر خێزان بە گشتی و لە نێو خێزانیشدا ژنان بە تایبەتی کەوتنە بەر پاڵەپەستۆی زۆری قەیرانی ئابووری. پرسی یەکسانی لە دۆخی وادا نەک هەنگاوێک ناچێتە پێشەوە، بەڵکو هەندێ جار کۆمەڵ بەرەو دواوە دەڕوات. چەندین یاسای تایبەت کە دەبوایە لە بەرژەوەندی ژناندا دەربچن، بە داخستنی پەرلەمان، لەسەر رەفەکاندا مانەوە. حکومەتی بنکەفراوان کەلێنی تێکەوت و تەنها وەک حکومەتێکی کاربەرێکەر مایەوە. لە نیوەی ساڵی ٢٠١٥تا نیوەی ساڵی ٢٠١٧ ئەم دۆخە نالەبارە بەردەوام بوو، تا بڕیاڕێک بۆ ریفراندۆم"گشتپرسی" بۆ سەربەخۆی و جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق، درا.

**گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕۆڵی ژن**

دوای بە بنبەستگەیشتنی هەموو هەوڵەکان و بێئومێدبوون لەوەی ڕژێمی بەغدا بەنیاز بێت لەگەڵ کورد بگاتە ئەنجامێکی پۆزەتیف، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگهێشی هەموو حیزبەکانی کوردستانی کرد و لە حوزەیرانی ٢٠١٧ دا (جگە لە بزوتنەوەی گۆڕان کە بەشدار نەبوو) ٢٣ پارت و ڕێکخراوی سیاسی بڕیاریان دا گشتپرسی ئەنجام بدرێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چونکە حکومەتی ناوەندی عێراق بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست لەگەڵ حکومەتی هەولێردا ڕێک بکەوێت و هەڵوێستی بەغدا لەو دەمەدا هیچی لە هەڵوێستی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس کەمتر نەبوو لە دژایەتیکردنی کورد و نانبڕینیشی بەڵگەیەکی ڕوون بوو.

بڕیار درا لە ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ دا گشتپرسی ئەنجام بدرێت. لەوەتی کورد هەیە هیوای ئەوە بووە بەو مافەی خۆی شاد بێت کە کوردستان ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆیە زۆرینەی هەرەزۆری کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لەو بڕیارە کرد، بەڵام کەمینەیەکیش لە دژی وەستانەوە. هەڵوێستی حیزبەکانی کوردستان بۆ ئەم بڕیارە و کار و کاردانەوەیان بۆ مێژوو زۆر گرنگە تۆمار بکرێت، چونکە ئەوەی کە دژ بە خەون و هیوای نەتەوەیەک بوەستێت کە چەندین جار کۆمەڵکوژ کراوە، دەبێت بەنەفرەتلێکراوی بچێتە ناو مێژووەوە.

دایکانی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا سەدان هەزار کوڕ و کچی جگەرگۆشەیان وەک شەهیدی ڕێگەی ڕزگاری بە کوردستان بەخشیوە و هەموو ئەوانەش لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بووە. چەندین شۆڕش هەڵگیرسا هەمووی لە پێناوی ئەو ئامانجە بەرزەدا بوو، بۆیە ئافرەتانی کوردستان بە گشتی لەم پرسەدا سەربەرزانە تێکۆشان و بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە بۆ سەرخستنی ئەو پرسە هەموو هەوڵی خۆیان بە هەموو ئامرازە بەردەستەکانی سەردەم خستە کار، بەڵام چەند ژنێکیش لەناو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستاندا بە پێچەوانەوە لە بەرژەوەندی ڕژێمی بەغدا دژ بە نەتەوەکەی خۆیان وەستانەوە و بۆ مێژوو دەبێت ناویان تۆمار بکەین.

**جاشی ژن، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورد دا:**

مێژووی کورد مەخابن لە زۆربەی شۆڕشەکانیدا پیاوانی جاشی هەبووە و ناویان لە لاپەڕە رەشەکانیدا تۆمارە. دوژمنانی کوردستان زۆر جار کەڵکئاوەژوویان لە دەروونلاوازی ژمارەیەک لە پیاوان بینیووە و کردوویانن بە نۆکەری خۆیان و لە دژی نەتەوەی خۆیان بەکاریان بردوون. ئەو نۆکەرانە لە ناو کورددا دەستەواژەی (جاش)ی بۆ بەکار براوە. جاشەکان بەو کەسانە دەگووترا کە سەر بە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بوون و لە دژی نەتەوەی خۆیان دەجوڵانەوە و چالاکییان دەکرد. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بە تایبەتی پەرە بە سیستەمی جاشایەتی درا و سەددام بە سەدان فەوجی لە پیاوانی کورد پێکهێنا و چەکداری کردن و دژی کورد بەکاری دەهێنان، بە تایبەتیش لە پەلامارەکانی بەدناوی (ئەنفال)دا جاشەکان وەک کەواسووری بەرلەشکر، پێش سووپای عێراق دەکەوتن بۆ پەلاماردانی دێهاتەکان و سوتاندنی و دەستگیرکردنی ژنان و منداڵان و پیاوانی بێ چەکی لادێکان و دواتر بردنیان بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق و کۆمەڵکوژکردنیان.

یەکێک لە شانازییەکانی ژنی کوردستان ئەوە بوو کە بە درێژایی مێژوو ژن ڕۆڵی جاشی نەبینبوو. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا تاک و تارا ژنان هەڵدەخلیسکێندران بە شێوەیەکی نهێنی دەست لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکاندا تێکەڵ بکەن و سیخوڕی بکەن، بەڵام ئەو جۆرە ئافرەتانە یەکجار زۆر کەم بوون لە تەواوی شارەکانی باشووری کوردستان. هیچ کاتێک بە ئاشکرا و بە فەرمی ژنێکی کورد ڕۆڵی خراپ و جاشایەتی نەنواندبوو، بەڵام لە ناو ئەو ئافرەتانەی کە کرابوون بە پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا، مەخابن ئەو دۆخە دەرکەوت.

ئاڵا تاڵەبانی کە ماوەیەک سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو لە پەرلەمانی بەغدا، سروە عەبدولواحید کە سەرۆکی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان بوو لە پەرلەمانی بەغدا ئەو دوو ئافرەتە بوون پشتیان لە دەنگدەرانی خۆیان و میللەتەکەیان کرد و ئەو رۆڵە خراپەیان گێڕا. لە دژی گەل و نەتەوەی خۆیان وەستانەوە و هانی خەڵکیان دەدا بۆ ئەوەی سەربەخۆیی کوردستانیان نەوێت و لە دژی دەنگ بدەن. لە ئەرشیفی

تەلەفیزیۆنەکان و لە راگەیاندنەکانی عێراقەوە دەیان بەرنامەی گفتوگۆ و چاوپێکەوتن هەیە لەگەڵ ئەم دوو ئافرەتە کە دژ بە میللەتی خۆیان و لە بەرژەوەندی ئەو ڕژێمەی نانی خەڵکی وڵاتەکەیانی بڕیبوو، قسەیان کردووە. پاساوی ئەوان بۆ ئەو هەڵوێستە ناشەرفمەندانەیە لە لایەن خۆیانەوە وا ڕووندەکرایەوە کە ئەو گشتپرسییەی کە ئەنجام دەدرێت هی پارتی دیموکراتی کوردستانە و تەنها لە بەرژەوەندی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بەڵام وەک ئاماژەی پێدرا ٢٣ حیزب پێکەوە ئەو بڕیارەیان دابوو، کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشی تێدا بوو.

بزوتنەوەی گۆڕان هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەو حیزبانەدا نەبوو کە بڕیاریان بۆ ڕیفراندۆم دا و لەو سێ مانگەدا (حوزەیران، ئاب، ئەیلول) بەشداری کەرنەڤاڵەکان نەدەبوو کە بۆ سەربەخۆی و جۆشدانی جەماوەر بۆ دەنگدان دەکرا، بەڵام یەکێتی ئەگەرچ لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار دەبوو، مەلابەختیار و کۆسرەت رەسوڵ عەلی وەک کەسانی باڵادەستی ناویەکێتی بەشداری کۆبوونەوەکان دەبوون و قوباد تاڵەبانیش وەک جێگری سەرۆکی حکومەت و کوڕی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ پرۆسەکەدا بوو، کەچی چەند فیگەرێکی ناو یەکێتی نیشتیمانی کە هەندێکیان ئافرەتیش بوون ناڕەزاییان دەردەبڕی و بە نووسراو و لێدوان ئەمانە بڵاو دەبوونەوە. هێرۆ خان ئەگەرچی بە ئاشکرا لە دژی ریفراندۆم نەدەوەستا بەڵام ناڕاستەوخۆ هەڵوێستی لەو جۆرەی دەنواند، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بە ئاشکرا لە وتارەکانیدا دەریدەبڕی کە ئەو ریفراندۆمە هی پارتی و سەرۆکی هەرێمە، ئاڵا تاڵەبانیش بە بێ هیچ شاردنەوەیەک لە راگەیاندنە عەرەبییەکانەوە دژی پرۆسەکە دەوەستا. لە ناو کورد دا مەخابن زۆر جار شەڕ بە کۆنەقین دەکرێت و کۆنەقینی نێوان بنەماڵە سیاسییەکان لە دۆخی وادا بە هەڵوێستی خراپ و لە بەرچاونەگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، پیادە دەکرێت. دژایەتییەکەی هێرۆ و شاناز دەچێتە قاڵبی کۆنەقینی بنەماڵەکەیان لە بنەمەڵەی بارزانی، کە لە پەنجاکاندا هاوخەبات بوون و لە سەرکردایەتی هەمان حیزبدا بوون، بەڵام لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە لێکترازان و لەوساوە ئەو قینە ناسۆری سیاسی و قەیران بەرهەم دەهێنێت. دۆخی "سروە عەبدولواحید و ئاڵا تاڵەبانی"ییش لە مێژووی کوردستاندا وەک دۆخێکی نەشاز و ناشیرین لە

مێژووی ژنی کورد دادەنرێت و دەکرێت وەک یەکەمین دۆخی جاشایەتی ژن بۆ داگیرکەران، لە قەڵەم بدرێت.
ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە وەرزی پاییزی ٢٠١٧ دا دۆخێکی تایبەت و جۆشوخرۆشێکی بێپەرواى خستبووە نێو جەماوەری کوردستان و هەندەرانەوە. کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە هەندەران، لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بەشداری ئەو کەرنەڤاڵانەی پشتیوانی لە ریفراندۆم دەبوون. شایانی باسە کە ژنان بە ژمارەیەکی زۆر و بەشدارییەکی چالاکانە ئامادەییان لەو گۆڕەپانانەدا هەبوو، چ لە ناوەوە وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات.

لە کوردستاندا مەخابن جوڵانەوەیەک بە فەرمی سەری هەڵدا بۆ دژایەتیکردنی گشتپرسی بە ناوی (نەخێر لە ئێستادا) و هانی خەڵکیان دەدا بە نەخێر بۆ سەربەخۆیی لە گشتپرسیدا دەنگ بدەن. ئەو جوڵانەوەیە بە سەرپەرشتی شاسوار عەبدولواحید بوو، کە برای سروە عەبدولواحید بوو. شاسوار؛ گەنجێک بوو لەناکاو بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەوڵەمەند بوو. لە سلێمانی ڕووبەرێکی زۆری زەویوزاری پێدرا بۆ وەبەرهێنان و چەندین پرۆژەی خانوبەرەی دروستکرد وەک گوندی ئەڵمانی ١ و ٢، پرۆژەی گەشتیاری چاڤیلاند، چەندین پرۆژەی راگەیاندنی کردەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی. لە پرۆژەی چاڤیلاند دا پشکی بە زیاتر لە دە هەزار کەس فرۆشت و دوای ساڵانێک وەبەرهێنان و کەوتنە کاری پرۆژەکەش قازانجی پشکەکانی بە خەڵکەکە نەدایەوە. بە کورتی دەوڵەمەند بوونی ئەو گەنجە جێگەی گومانی خەڵک بوو، ئەو جوڵانەوەیەشی کە دژ بە ریفراندۆم دەستی پێکرد، گومانەکەی قوڵتر کردەوە.

لەو جوڵانەوەیەدا پەرلەمانتارێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (کە ساڵانێکی زۆر پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بوو،لە راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە دەنگێکی دلێرەوە جەماوەری جۆش دەدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی)، کەچی لەو جوڵانەوەیەدا پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی جارانی جۆشی جەماوەری دەدا بۆ نەخواستنی سەربەخۆیی، ئەو پەرلەمەنتارەش فەرهاد سەنگاوی بوو. جگە لەو پەرلەمانتارێکی بزوتنەوەی گۆڕان بە ناوی ڕابون مەعروف کەوتە پاڵ ئەو جوڵانەوەی سەربەخۆیینەخوازییە. یەکێتی و

گۆڕان ئەو دوو پەرلەمانتارەیان لە ریزەکانی خۆیان دەرکرد. شایانی گوتنە کە هیچ ئافرەتێکی ناسراو یان ڕۆشنبیر لەگەڵ ئەم جوڵانەوەیەدا نەبوو، ئەو چەند ئافرەتەی کە جاروباریش لە تیڤییەکانەوە دەردەکەوتن لەگەڵیاندا کەسانی زۆر نادیار و بێناو بوون و تەنانەت دوای ئەو جوڵانەوەیەش کە لە چەندین کەناڵی تەلەفیزیۆنی خۆیانەوە کاریان بۆ دەکرد، هەر بە نادیاری و گومناوی مانەوە و کەس نەیناسین.

هەموو حیزبەکان هەڵوێستی خۆیان بە ئاشکرا دەردەبڕی کەلەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتێکن و داوایان لە لایەنگر و ئەندامانی خۆیان دەکرد بە (بەڵێ) دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدات. بزوتنەوەی گۆڕان تەنها لە درەنگانی شەوی ٢٤ی سێپتەمبەردا رایگەیاند کە ئەندام و لایەنگرانی خۆی سەرپشک دەکات دەنگ دەدەن یان نایدەن، بەڵام وەک هەڵوێستی فەرمی بزوتنەوەکە تا ئەو ساتەش رایاننەگەیاند بە بەڵێ دەنگ دەدەن.

ئەم هەڵوێستەی بزوتنەوەی گۆڕان جێگەی سەرسوڕمان بوو، چونکە (سەرکردایەتی بزوتنەوەکە کەسانێک بوون ساڵانێکی زۆر شۆڕشگێڕ و پێشمەرگە بوون و تەمەنیان لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا بەسەر بردبوو). رێکخەری گشتی بزوتنەوەکەش"نەوشیروان مستەفا" کە لەناو هەمان ساڵدا بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردبوو، خۆی کەسێک بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشابوو، تێۆری هەبوو، قسەکانیشی لە راگەیاندنەکانی بزوتنەوەکەوە سەبارەت بە سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، بڵاو دەکرایەوە، کەچی بزوتنەوەکە هەڵوێستی روونی نەبوو تا دوا ساتەکانی پرۆسەکەش.

پاساوی ئەوان بۆ ئەو هەڵوێستەیان ئەوە بوو کە ئەو گشتپرسییە لە بەرژەوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمدایە. هەموو کەس ئەوەی دەزانی سەرۆکی هەرێم بە تەنیا بڕیاری بۆ ئەو گشتپرسییە نەدابوو، هەموو کەسیش ئەو راستییەی دەزانی کە هەموو مرۆڤێکی کورد بە پیاو و ژنەوە (ریزپەڕی جاشی لێ دەربچێت) بە هیوای ئەوەوە بوون دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت و لە عێراق جیاببنەوە. سەرۆکی هەرێم بە

تەنیا بڕیاری نەدابوو، بەڵام چالاکتر لە هەموو سەرکردەکان، شار بە شار دەگەڕا و هانی جەماوەری کوردستانی دەدا بۆ دەنگدان بۆ سەربەخۆیی. مەخابن ئەوانیش هەڵوێستیان دژایەتیکردنی سەرۆکی هەرێم بوو لەو کاتەدا، لەبەر ململانێی حیزبایەتی، لە دژی خواست و مێژووی خۆشیان وەستانەوە کە بۆ سەربەخۆیی ساڵانێکی زۆر تێکۆشابوون و پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بوون و دواتر جیاببونەوە و بزوتنەوەی گۆڕانیان پێک هێنابوو.

هەڵوێستی سروە عەبدولواحید کە سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بوو، خۆبەخۆ دەبووە هەڵوێستی فەرمی بزوتنەوەکەش، چونکە لە کوردستاندا بە گشتی هیچ ئەندام پەرلەمانێک ناتوانێت دژ بە خواستی حیزبەکەی خۆی بڕیار بدات یان هەڵوێست وەربگرێت، سروەش سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بوو لە پەرلەمانی عێراق. گومان لەوەدا نییە؛مێژوو هەڵوێستی سروە عەبدولواحید لەسەر بزوتنەوەکەی حیساب دەکات، جگە لەوەی خۆیشی بەرپرسیارە بەرامبەر بەو هەڵوێستە دژوارەی خۆی. بێ چاو و ڕوویی ئەو تا ئەو ڕادەیە بوو کە بۆ هەڵبژاردنی خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق خۆی لەگەڵ حیزبێکی عەرەبی شیعەدا بەربژێر بکات کە سەرۆکەکەی حەیدەر عەبادی بوو. دوای ئەوەی بە توندی لە لایەن خەڵک و ڕای گشتی کوردستانەوە رەخنەی لێگیرا، رایگەیاند کە ئەو بە رەزامەندی بزوتنەوەکەی ئەو کارەی کردووە. بزوتنەوەکەش ئەوەیان پشتڕاستکردەوە، بەڵام لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکەش لایان برد!

لە ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ دا گشتپرسی ئەنجام درا، لە کەشێکی ئارام و بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە ژنان و پیاوانی کوردستان و ژنان و پیاوانی کورد لە هەندەران دەنگیان دا. خۆشی ئەو رۆژە لە یادگای هیچ مرۆڤێکی کورددا تا مابێت، ناسڕدرێتەوە.

ئەنجامی هەڵبژاردن شانازییەکی مێژوویی بۆ بەرەی سەربەخۆییخوازان تۆمار کرد. لە مێژووی رزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستاندا ئەم رۆڵە مەزنەی پێویستە بە دێڕی درشت و گەش تۆمار بێت کە ئافرەتانی کوردستان تێکڕایان، جگە لە چەند کەسێکی کەم کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، سەربەخۆییان خواست و دەنگیان بۆ دا و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە

٩٣،٧%ی دەنگدەری کوردستان سەربەخۆییان ویست و ئەم ئەنجامە بۆ دنیا ڕاگەیەندرا.
ئەم ئەنجامە کوردی چەند دڵشاد کرد، دە ئەوەندەش دوژمنی کوردی ناشاد کرد. وڵاتە دراوسێ و داگیرکەرەکانی کوردستان کەوتنە داونانەوە و پیلانگێڕان لە دژی کورد و ئەو کوردانەی کە دژ بە سەربەخۆیی کوردستان دەنگیان دا، داگیرکەرانی کوردستان توانی دووبارە بەکاریان بهێنێتەوە لە دژی نەتەوەکەیان. مەخابن ئەو ئافرەتانەی لەسەرەوە ناوبراون لەو کەسانە بوون کە بەردەوامیان دا بە دژایەتیکردنی نەتەوەکەی خۆیان.

تورکیا و ئێران، کە نێوانیان هێندەش خۆش نەبوو، کۆبوونەوە و هاوهەڵوێست بوون لە دژایەتیکردنی کورد و هەڕەشەکردن لە کورد لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەنجامی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی.

عێراق لە ڕۆژی دوای ریفراندۆمەوە دەیان بڕیاری لە دژی کورد دەرکرد، لەوانە بڕیاڕی داخستنی ئاسمانی کوردستان بە ڕووی گەشتی ئاسمانی جیهانی. هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و هەولێر داخران و دوای شەش مانگ و لە ١٥ی ئاداری ٢٠١٨ بڕیاری کردنەوەی فڕۆکەخانەکان درایەوە. سوپاع عێراق، بە بیانووی شەڕ لە دژی داعش لەشکرکێشی کرد و لە سنووری کەرکووک نزیک بووەوە. کەرکووک لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایش و پۆلیسی کوردەوە دەپارێزرا و لە شەڕی دژ بە داعشدا پێشمەرگە توانییووی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوور و ئەرمەنییەوە بپارزێت و کێڵگە نەوتییەکان بپاریزێت کە داعش دەیویست داگیریان بکات. لەو دوو ساڵەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە جۆرێک ئەفسانەی داعشی تێکشکاندبوو، کە جیهان بوو بە گەواهیدەری قارەمانێتی و فیداکاری ئەو هێزە و لە ڕاگەیاندنەکانی هەموو جیهانەوە ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگە دەکرا. شایانی گوتنە لێرەدا باس لە قارەمانێتی پێشمەرگەی ژن بکرێت کە بەشداری شەر لە دژی داعش بوون. پێشمەرگەکانی پارتی ئازادی کوردستان کە سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بوون و سەدان ژنی پێشمەرگەیان تێدا بوو، قارەمانانە بەشدار شەر بوون و سەرکەوتوو بوون و شەهیدیان دا. بەشداری ژنە شەڕڤان و

گریلاکانی پەکەکە لە کەرکووک و شەنگال و زۆر ناوچەی تر، شایانی وەبیرهێنانەوە و شانازین. لە سلێمانی هێزێکی پێشمەرگەی ژن کە فەوجێک ژنان بوون و ساڵانێک بوو هەبوون و راهێنان و مەشقیان کردبوو، سەر بە یەکەی حەفتا بوون، بەشداری شەریان کرد و لە نزیک کەرکووک شەهیدیشیان دا.

لە دووساڵی جەنگ لە دژی داعش، وڵاتانی دنیا چەکێکی زۆریان بە سوپای عێراق دابوو، چەکی قورسی وەک زرێپۆش و تۆپ و تانکی سەربازی. بە هەمان شێوە هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش پڕچەک کرابوو تا لە دژی تیرۆریستەکانی داعش بجەنگێت. لە پانزەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا ئەو سوپایەی عێراق بەرەو کەرکووک لەشکرکێشیان کرد و مەبەستیان بوو کەرکووک بگرنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، لە کاتێکدا پێشمەرگە لەو دوو ساڵەدا بە خوێنی زیاتر لە ٢٠٠٠ پێشمەرگەی شەهید ئەو ناوچانەی لە داعش پاک کردبووەوە. ئەمریکا هەڵوێستێکی نامرۆڤانەیان نواند و پشتگیری کوردیان نەکرد و سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکان کە بەناوی حەشدی شەعبی پڕچەک کرابوون لە دژی کورد جوڵێندرانەوە.

**کارەساتی ناپاکیی ١٦ی ئۆکتۆبەر و کەوتنی کەرکووک:**

کەرکووک ؛ ئەو شارەیە کە زۆرینەی کوردە و لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا، تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشوور و ئەرمەن، مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە لەو شارەدا هەبووە، بەڵام بە درێژایی زیاتر لە ٣٠ ساڵی حوکمی ڕژێمی بەعس سیاسەتی تەعریب(بەعەرەبکردن) پیادە کراوە و کوردەکان دەرکراون و دەست بە سەر ماڵ و خانوویاندا گیراوە، لە جێی ئەوانیش بە لێشاو عەرەب هێنراون و موڵکی کوردانیان پێدراوە و پارەی دەوڵەتیان وەک پاداشت پێدراوە چونکە بەشداری ئەو سیاسەتی بەعەرەبکردنە بوو. زیاتر لە ٣٠ ساڵ بەردەوام هەوڵی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد دراوە. لە دوای روخانی ڕژێمی بەعسی لە ٢٠٠٣دا کوردەکانی کەرکووک توانیان بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و لە هەڵبژاردنەکاندا کورد توانی زۆرینە بێت لە بەدەستهێنانی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا و لە جاری یەکەمدا پاریزگارێکی کوردی بێ لایەن دابنێیت کە (عەبدولرەحمان مستەفا) بوو. لە جاری دووەمیشدا کورد توانی

ڕێژەیەکی زۆرتر بێنێت و بە تایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە د.نەجمەدین کەریم سەرۆکی لیستەکەی بوو، هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییش بوو. کورد بە گشتی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە تایبەتی براوەی یەکەم بوو، د. نەجمەدین کەریم بە پارێزگاری کەرکووک دانرا. کورد لە شاری کەرکووکدا بوژانەوەیەکی باشیان بە خۆیانەوە دی و بەوەی کە شارەکەش پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی کورد دەیان پاراست، بارودۆخ لە بەرژەوەندیی کورد دا بوو بە گشتی، بەڵام ئەم دۆخە بە تەواوی شێویندرا.

پێشمەرگەی کوردستان لە شەوی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا بە تەواوی تفاقی جەنگەوە ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێرشانە کرد کە بەرەو کەرکووک شاڵاویان هێنابوو، بەڵام مەخابن ناپاکی لە ریزەکانی کورد دا بووە هۆی هەرەسهێنانێکی گەورە. چەند کەسێک لە ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە حوکمی نزیکییان لە سکرتێری گشتی و(خراپ کەلکئاوەژوو وەرگرتن لەو دۆخەی کە سکرتێری گشتی نەخۆش بوو، هیچ توانای بڕیاردانی نەمابوو)، دەسەڵاتیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد بوو بەدەر لە ویست و ئاگاداری بەرپرسە فەرمییەکانی کورد لە کەرکووک (پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامە کوردەکانی)، ئەو گروپە لەگەڵ سوپای عێراق و حەشدی شەعبیدا رێک کەوتبوون کەرکووکیان رادەست بکەن و کردیشان. بە هەمان شێوەی کەرکووک پێشمەرگەیان لە شارۆچکەی دووزخورماتوو ناچاری کشانەوە کرد و خەڵکی هەردوو شاری کەرکووک و دووز پەلاماردران لە لایەن حەشدی شەعبی و سوپای عێراقەوە و بە سەدان کەس کوژران. لە شاری دوزخورماتوو کارەساتی مرۆیی گەورە ڕوویدا و ماڵە کوردەکان سوتێنران و ژمارەیەکی خەڵکی شارەکە بە ژن و پیاوەوە بە دیل گیران و تەنانەت دەستدرێژی سێکسییان کردە سەر ئافرەتەکان و دواتریش کوشتنیان. لە کەرکووک دەیان هەزار کەس ئاوارەبوون و ناچار بوون بەرەو سلێمانی و هەولێر هەڵبێن.

یۆنامی لە ٢٠١٧/١٢/٢٣ دا راپۆرتێکی سەبارەت بە زیانەکانی کارەساتی ١٦ ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک و دووزخورماتوو بڵاو کردەوە. ئۆفیسی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی

هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەو زیانانەی ژماردووە کە لە کورد کەوتوون و لێکەوتەی خیانەتی ١٦ ی ئۆکتۆبەرن، کە بەو جۆرەیە:

**لە دووزخورماتوو:**

- ٣١٠٠٠ خێزان ئاوارە بوون و ژمارەیان دەگاتە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار کەس.
- زیاتر لە ١٥٠ خانوو تێکدراون، لەوانە ١٢ بارەگای حیزبی و ٦ بارەگای دەزگاکانی راگەیاندن،١٩ کارگە و چێشتخانە سوتێندراون.

**لە کەرکووک و خانەقین و رەبیعە و زومار:**

- ١٦٨٧٢١ کەس ئاوارە بوون، لەوانە ٨٠١١١ کەس ڕوویان لە هەولێر و ٢٨٧٢١ کەس ڕوویان لە سلێمانی کردووە.[٧٠]

**ئەو ژن و پیاوانەی بەرپرسیار بوون لە کارەساتی ١٦ ئۆکتۆبەر:**

کرۆکی مەبەست لە باسکردنی ئەم ڕووداوە مێژووییە ئەوەیە بەرپرسیارانی ڕادەستکردنی کەرکووک دەستنیشان بکرێت و بە تایبەتیش ئەگەر ژن لەو ڕووداوانەدا دەستێکی هەبێت.

شەوی ١٦ی ئۆکتۆبەر وێنەی سەدان ژنی کەرکووکی بە گەنج و پیرەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە کە چەکیان لە شانە و ئامادەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە ئەگەری پەلاماری سوپا دا. پیاوان بە هەمان شێوە لە گەنجی ١٤ ساڵییەوە تا پیرەمێردی ٧٠ ساڵە چەکیان لە شان بوو لە شەقام و کۆڵانەکانی کەرکووکدا بە بێداری مانەوە و ئامادەی هەموو ئەگەرێک بوون. بەرپرسانی کەرکووک و بە تایبەتیش پارێزگاری کەرکووک(د.نەجمەدین کەریم) هاتبووە نێو جەماوەری بێداری ئێشکگری کەرکووکەوە و لە دوای کاتژمێر ١٢ی شەویش تیڤی بە زیندوویی چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزگاردا ئەنجام دەدا لە ناو جەماوەری پەرۆش و بەجۆشی کوردی کەرکووکەوە. لە

[٧٠] www.hawler.in/index.php/2017-12-28-23-14-02/2017-12-28-23-14-43/item/170-2018-01-03-06-53-37

شارەکانی دیکەش هەموو کورد بێدار بوون و کەم کەس هەبوو کورد بێت و ئەو شەوە خەوی لێ کەوتبێت. بە هەمان شێوە کوردەکانی دەرەوەی وڵات و کوردی بەشەکانی تر و بە تایبەتیش کوردی رۆژهەڵات.

کورد لە باشووری کوردستان گەیشتبووە نزیکی لوتکە، لە ١٦ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دا بەرەو هەڵدێر و دۆڵی شکست، بەردرایەوە. بەیانی زووی ١٦ی ئۆکتۆبەر لە ئەکرانی تیڤییەکانەوە پێشمەرگەی کوردستان پیشان دەدران کە بە گریانەوە هاواریان دەکرد "کەرکووک فرۆشرا". کەرکووکییەکان بە ژن و پیاوەوە دەگریان و دەیانگووت خیانەت لە کەرکووک کرا و کەرکووک فرۆشرا.

**کێ کەرکووکی فرۆشت؟ کێ خیانەتی لە کەرکووک کرد؟**

سەرەتا ناوی هەندێ لە کاربەدەستانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەهات، هێدی هێدی هەر خۆیان سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی خۆیان دەریان دەبڕی و بە ئاشکراتر ناویان دەهێنان. کۆسرەت رەسوڵ جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە رۆژێک دواتردا لە بەیاننامەیەکدا ئەو شکستەی خستە ئەستۆی ئەوان و گوتی"هەندێ لە کاڵفامەکانی ناو یەکێتی" ئەو کارەیان ئەنجام داوە و کەرکوکیان رادەست کردووە. پارێزگاری کەرکووک د. نەجمەدین کەریم کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش بوو، ماوەیەک دواتر، لە دوو چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیدا، یەکەمیان لە ئێن ئارتی و دووەمیان لە کەی ٢٤، ئەوەی دەربڕی کە لاهور شێخ جەنگی و ئاراس شێخ جەنگی و ئالاتاڵەبانی کە ئەوانە برازا و خوشکەزای مام جەلالن، لەگەڵ پاڤێل تاڵەبانی (کە کوڕی گەورەی مام جەلالە)، بەرپرسیارن لەو خیانەتەی لە کەرکووک و کورد کرا. د. نەجمەدین کەریم لەو چاوپێکەوتنانەدا هێرۆ خانی بێ بەری کرد و پێی وانەبوو دەستی ئەوی تێدابێت، ئەگەرچی لە میدیاکاندا ناوی ئەویش دەهات.

ئەم شکستە گەورەیە کاریگەری لەسەر دەروون و رۆحی تاک بە تاکی کورد دانا. کەوتنی کەرکووک وەک ئەوە وابوو بڕبڕەی پشتی کورد بشکێت. ئەم کارەساتە شایانی ئەوەیە سەدان توێژینەوەی لەسەر بکرێت، ئێمە لێرەدا تەنها بۆ باس کردنی ڕۆڵی ژن لەو ڕووداوانەدا ئەم خاڵەمان وروژاند، جگە

لەوەش بمانەوێت یان نا کەوتنی کەرکووک قەیرانی کوردستانی قوڵتر کرد و نێوانی هەموو پێکهاتەکانی شێواند، کە کاری لە رەوتی ژیانی خەڵک بە گشتی، کرد.

**گفتوگۆ و ڕامان:**

لەم توێژینەوەیەدا "ئافرەتیزم.. مێژووی تێکۆشان، بۆ مافی یەکسان، لە باشووری کوردستان"، بە شێوەیەکی گشتی؛ باسمان لە رەوتی خەباتی ژنان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی ژنانی باشووری کوردستان کرد لەسەر ئاستی خەباتی رێکخراوەیی، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیشکمان خستە سەر زۆرینەی ئەو ڕووداوە باش و خراپانەی کە کاریگەری پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤیان کردۆتە سەر ئەم بزوتنەوەیەی کە ژنانی کوردستان لە پێناوی مافی یەکساندا لە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەرەوە دەستیان پێکردووە و بە تایبەتیش تیشکمان خستە سەر چارەکەسەدەی رابردوو، واتە لە ساڵی ١٩٩٢وەوە لەو دەمەوەی کە بە پرۆسەیەکی دیموکراسی هەڵبژاردن ئەنجام درا و پەرلەمان و حکومەتێکی خۆجێی لە باشووری کوردستاندا دروست کرا و کۆمەڵی کوردستانی بەڕێوە برد.

لە باسکردنی ئەو مێژووەدا و وردەکاری ئەو ڕووداو و کارەسات و ئاستەنگییانەی هاتوونەتە رێی کورد بە گشتی و خەباتی ژنی کورد بە تایبەتی، بۆمان دەردەکەوێت کە خەبات بۆ یەکسانی لە باشووری کوردستاندا بژاردەیەکی ڕۆشنبیر و یەکسانخواز کە ژمارەیان سەدان کەسە، لێبڕاوانە هەوڵیان بۆ داوە و تێکۆشاون بۆی، بەڵام ئاستەنگییەکانیش گەورە بوون لەبەردەم بە ئەنجامگەیشتنی زۆرێک لە ئامانجەکانی ئەواندا.

بارودۆخی کوردستان زۆر تایبەتە بە بارە نێگەتیڤەکەیدا، وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و خاوەن وڵاتێکی بەشکراوی داگیرکراو، کورد لە چەندین قۆناغی یەک لە دوای یەکدا لە مێژووی رابردووی خۆی، لە دۆخی شۆڕشی بەرگریکردن لە ناسنامە نەتەوەیی و خاکەکەیدا بووە.

بەهۆی ئەوەی کورد لە خاکی خۆیدا وەک ژێردەستەی گەلانی سەردەست مامەڵەی خراپ و کۆیلەئاسای لەگەڵ کراوە و بگرە چەندین جار کۆمەڵکوژیش کراوە، بۆیە سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد لە ژێر ئەو باری

چەوساندنەوەیەدا هەمیشە گرژ و نائاسایی بووە. باشووری کوردستان، ئەو بەشە بووە کە داگیرکراوی عێراق بووە، کە وڵاتێکە لەوەتی دامەزراوە لە ساڵی ١٩٢١ەوە لە لایەن سیستەمی خێلایەتی عەرەبەوە بەڕێوە دەبرێت. لە سەرەتادا رژێمێکی پاشایەتی هەبووە و لە ساڵی ١٩٥٨یشەوە بووە بە رژێمێکی کۆماری، بەڵام لە هەردوو دۆخەکەیدا ڕژێمی خێلایەتی عەرەبی تێکەڵ بە مەزهەبگەرایی بەرێوەی بردووە و عەقڵیەتی خێڵ بەسەر تەواوی بڕیارە سیاسی و ئیداری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا، زاڵ بووە. ئەم عەقڵیەتە چەند بۆ خوودی عێراق خراپ و نالەبار بووە، دوو هێندە بۆ کوردی ژێردەستەی ئەوان خراپ و نالەبار بووە، چونکە کورد چەوساوەی دەستی دواکەوتووترین خەڵکانی سەر ڕووی زەوی بوون لەو بەشەی کوردستاندا.

یاساکان لە عێراقدا؛ بە عەقڵی خێڵ و لەسەر بنچینەی مەزهەبگەرایی و ئایینزاکاندا دارێژراون و ئەم یاسایانە خەڵکی عێراقیان بەڕێوە بردووە بە کوردی چەوساوەی ژێردەستیشیانەوە، بۆیە لە دوای ئازادبوونێکی ڕێژەیی و دوای هەڵبژاردن و دانانی سیستەمی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، یەکەمین شت کە بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستان بیریان لێ کردەوە گۆڕین و هەموارکردنی یاساکان بوو، یان دانانی یاسای نوێی سەردەمیانە بوو، بەڵام ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە عەقڵی خێل بە جۆرێک ڕەگی لەناو کولتووری کوردیشدا داکوتابوو گۆڕینی یاسا بە تەنیا نەیدەتوانی دەرەقەتی بێت و دەبوایە هاوکات بەرنامەی گۆڕینی هزرییش دابنرێت.

لە کوردستاندا؛ لە دوای ڕاپەڕینەوە لە بەهاری ١٩٩١، زەمینەی هزری زۆر لە بار نەبوو بۆ ئەو مەبەستە، جگە لەوەش هێشتا ترسی جینۆسایدی کورد لە لایەن رژێمێکی دیکتاتۆرەوە لە بەغدا هەر لە ئارادا بوو. تەنانەت بەشێکی کوردستانیش هێشتا ئازاد نەکرابوو لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆردا بوو. زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی نالەبار، کە بەرهەمی عەقڵی خێلن لە کوردستانیشدا ساڵانێکی زۆر پیادە کرابوو، سەبارەت بە دروستکردن و هەڵوەشاندنەوەی خێزان جیا لە یاساکان، رێسا و دابونەرتە کۆمەڵایەتییەکانیش نەهامەتییان دەخوڵقاند. دیاردەکانی فرەژنی و ژنبەژنی و گەورەبە بچووک و شیربایی و مارەکردنی سەر لانکەی کچان و خەتەنەی

مێینە و چەندین دۆخ و دیاردەی نالەباری تر، سەدان جۆری کێشەی کۆمەڵایەتییان خوڵقاندبوو، بۆیە ئەرکی سەرشانی رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و کۆمەڵی مەدەنی زۆر لەوە قورستر بوو کە دەرکی پێ دەکرا.

رێکخراوەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان و چالاکوانانی یەکسانی لە کۆمەڵی کوردستاندا بەردەوام لۆمەکراون و تانەیان لێ دراوەو تۆمەتیان وەپاڵ خراوە بەوەی کە دەیانەوێت شیرازەی کۆمەڵ و خێزان تێک بدەن، لە کاتێکدا ئامانجی ئەو رێکخراوانە تێکڕایان رێکخستنەوەی سیستەمی خێزان و کۆمەڵ بووە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە بێ ئەوەی کەس تیایدا مافی ئەوی تر پێشێل بکات. بیرۆکەی یەکسانی نێوان نێر و مێ هیچ کات بۆ خەڵکانێک هەرس نەکراوە کە راهاتوون و لە مێشکی ئەواندا مێ رەمزی لاوازی و نەزانی، پیاویش رەمزی زانایی و هێز بووە. رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان ئەرکێکی زۆریان لە ئەستۆ بووە و بە تایبەتیش لە چارەکەسەدەیەکی پاش بەهاری ساڵی ١٩٩١ەوە، هەوڵ و رەنجێکی زۆریان کێشاوە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵی کوردستاندا دروست بکەن، بەڵام وەک ئەوەی بە پێچەوانەی شەپۆلی دەریایەکی بەتەوژم هەنگاو بنێن، هەنگاوەکانیان بە قورسی چووەتە پێشەوە.

زۆر جار گوتراوە رێکخراوەکانی ئافرەتان چییان کردووە؟ یان بیستراوە و دەڵێن تا ئەم رێکخراوانە نەبوون رەوشی ژن باشتر بوو، بەڵام ئەوەی لە سەر زەمینی کوردستان ئەم رێکخراوانە ئەنجامیان داوە کەم نین. هەر بۆ نموونە لە پرسی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا رێکخراوەکان ڕۆڵێکی باڵایان بینیوە. لە ساڵی ١٩٩٣ وە تا ساڵی ٢٠١٧ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ٦٩٠٠٠٠ کەسی لە خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بەشدار کردووە، یەکێتی ژنانی کوردستان ٥٠٠٠ کەسی سوودمەند کردووە، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ٣٦٠ خولی کردۆتەوە و گەر لە هەر خولێکدا ١٠ ئافرەتی فێری خوێندەواری کردبێت، مانای ئەوەیە ٣٦٠٠ کەس لێی سوودمەند بوون. ئەم رێکخراوانە بەردەوام بە مەبەستی سوودمەندبوونی ژنان خولی دروومان، فێربوونی زمان، فێربوونی کۆمپیوتەر، کاروپیشە دەستی و خولی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی و یاساییان کردۆتەوە. سەبارەت بەو جۆرە خولانە، لە بیستوپێنج ساڵی رابردوودا یەکێتی ژنانی

کوردستان ٧٧٥ خولی کردۆتەوە، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١٠٦،٨٠٠ خولی کردۆتەوە، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ٣٢٠ خولی کردۆتەوە.[٧١]
ئەم رێکخراوانە بە رێژەیەکی زۆر کێشەی کۆمەڵایەتییان چارەسەر کردووە و یارمەتی کچان و ژنانیان داوە.

رەخنەیەک کە پێویست بێت لە رێکخراوە تایبەتمەندەکانی ئافرەت بگیرێت کە سەر بە حیزبەکانی کوردستانن ئەوەیە کە دەبێت چەترێکی هاوبەشیان هەبێت و بزوتنەوەی ژنان بە لەتوپەتی نەمێنێتەوە. نابێت بیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتی زاڵ بێت بەسەر کارو پلان و چالاکییەکانیاندا. پرسی یەکسانی و مافەکانی ژن نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا یەکە و ژنان پێویستە بۆ ئامانجێکی هاوبەش تێبکۆشن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ژنی کوردستان بەهۆی بارودۆخە تایبەتە نالەبارەکەیەوە وەک نەتەوەیەکی ژێردەستەی وڵاتداگیرکراو پێویستی زیاتری بە یەکگرتن و هاوئاهەنگی هەنگاوەکانی هەیە.

ئەوەی لە چارەکەسەدەی رابردوودا ڕوویداوە، مەخابن ئەوە دەردەخات بزوتنەوەی رزگاریخوازی ژنانی کوردستان، وەک بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە گشتی، لەت و پەتە و خاوەنی گوتارێکی هاوبەش و دیدێکی ئافرەتیستانەی تۆکمە نییە. ئەمەش وای کردووە درەنگتر لە کاتی پێویست بە ئامانجی خۆی بگات. سەبارەت بە زەمینەی تیۆرییش بە هەمان شێوەیە و، تەمومژ و کەماسی و گومان لەسەر ئەدەبیاتی تایبەت بە یەکسانی و مێژووی بزوتنەوەی ئافرەتانی کوردستان هەیە. ئەم کەموکوڕییە تیۆری و کردارییانە بۆیە گرنگە بخرینە روو، تا ریگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە و لە داهاتوودا خەبات بۆ یەکسانی پلانبۆدارێژراوتر بێت.
لە باشووری کوردستان حیزبەکان رۆلێکی سەرەکی دەبینن لە ئاراستەکردنی حکومەت و پەرلەمان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، بۆیە گرنگە پرسی یەکسانی سەرەتا لە نێو حیزبەکاندا کاری بۆ بکرێت. پێگەی ژن لەناو حیزبەکانی کوردستاندا تا پێش ١٩٩١ و لەسەردەمی ئۆپۆزیسیۆندا تەنها لە بنکردایەتی

[٧١] کۆسار کەریم، بەرەوپێشچوونی دۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا(١٩٩٢-٢٠١٧). ل ٦٨-٦٩.

بوون و چالاکیان هەبووە، بەڵام لە سەرکردایەتیدا بە تەواوی ون و بێ پێگە بوون.
وەک حیزبی تایبەتمەند بە باشووری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەترین و بەتەمەنترین حیزبە و لە ساڵی ١٩٤٦ەوە دامەزراوە و چەندین شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیی هەڵگیرساندووە، واتە تەمەنی ٧٢ ساڵە و لە هەڵبژاردنەکاندا خاوەنی زیاتر لە ملیۆنێ دەنگە کە نیوەی ئەو دەنگانەش هی ئافرەتانە، بەڵام پێگەی ژن لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا تا ساڵی ٢٠١٠ زۆر لاواز بووە و بریتی بووە لە تەنها ١ ئافرەت. لە کۆنگرەی سیانزەمینیدا کە لە ساڵی ٢٠١٠ دا گیرا، ڕێژەی بەشداری ژن گەیەندرایە ١٠% و لە ئێستادا ٦ ئافرەت ئەندامی مەکتەبی ناوەندین و تا ئێستا هیچ ئافرەتێک لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا نەگەیشتۆتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. پێگەی ژن لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە پێی ئەوەی نیوەی دەنگدەرەکانی ئافرەتن، دەبوایە لای کەم وەک ئەو ریژەیە بوایە کە لە پەرلەماندا چەسپاوە، واتە کەمتر نەبوایە لە ٣٠%. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئافرەتانی ناو سەرکردایەتی پارتی پێویستە پرۆژەی ئەوەیان هەبێت ڕێژە و بەشداری ئافرەتان لە نێوەندی بڕیار و سەرکردایەتی حیزبەکەدا بڵند و کارا بکەن.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، حیزبێکی بە ناسنامە سۆشیالدیموکراتە و لە ساڵی ١٩٧٥ەوە دامەزراوە. لە ماوەی ٤٣ ساڵی تەمەنیدا شۆڕشێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی هەڵگیرساندووە و لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا رۆڵێکی گرنگ و کارای بینییوە. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە شێواز بەرەیەکی پێکهاتوو لە چەندین باڵی جیاواز بووە، بۆیە بەردەوام خۆی بە خاوەنی کولتووری دیموکراتی و قبوڵکردنی رای جیاواز زانیوە و بە پێی ئەوەش نوخبەی ڕۆشنبیر و گەنج و شۆڕشگێر لە دەوری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا کە سەرەکیترین باڵی بوو، کۆببونەوە و کۆمەڵەش رێکخراوێکی چەپگەرابوو، دەبوایە پێگەی ژن لە سەرکردایەتی و بنکردایەتیدا دیار و بەرچاو بوایە و هاوسەنگی جێندەر لەناو دامەزراوەکانیدا پێڕەوی کرابا، بەڵام ئەم حیزبەش بەشداری ژن لە بنکردایەتییەکەی ئەکتیڤ و لە سەرکردایەتییەکەشیدا لە پەراوێزدا بووە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش تەنها لە کۆنگرەی سێیەمیدا کە دواکۆنگرەی تائێستای بوو، ڕێژەی ٢٠% ی ژن لە سەرکردایەتیدا جێگیر بوو، بەڵام نیوەی ئەو ریژەیە لەو ئافرەتانە پێکهات کە لە بازنەی خزمی پلەیەک و پلە دوو و پلە سێی سکرتێری گشتی حیزبەکەدا بوو، یان خزمی سەرکردەکانی تر. بە پێی پرنسیپەکانی دیموکراسی دەبوو لە حیزبێکی سۆسیالدیموکراتیدا دەرفەت بۆ هەموو ژنان وەکو یەک فەرەهام بێت بۆ بەرزبوونەوەی پلەی حیزبییان و گەیشتنیان بە پلەکانی سەرکردایەتی. یەکێتی ژنانی کوردستان کە ڕێکخراوێکی ژنانەی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و لە ساڵی ١٩٨٩وە دامەزراوە و ڕۆڵی بەرچاویشی هەبووە بۆ داواکردنی مافەکانی ژن، بەڵام لە پرسی هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداری ژن لەناو ناوەندی بڕیاری حیزبەکەی خۆیدا، هێشتا بە لاواز دەژمێردرێت، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی بەشداری ژن لە سەرکردایەتی پارتی، هی یەکێتی دوو هێندەی پارتییە.

ئەم دووانە لە ساڵی ١٩٩٢ تا ٢٠٠٩ دوو هێزی سەرەکی کوردستان بوون و زۆرینەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەوان بوو، هاوسەنگییەکی هێز لە نێوانیاندا هەبوو، تا لە ساڵی ٢٠٠٩ چەند سەرکردەیەک لە یەکێتی نیشتیمانی جیابوونەوە و بزوتنەوەی گۆڕانیان پێک هێنا. لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و سەر بە هەمان سەرچاوەن، بۆیە جەماوەرەکەشیان هەمان جەماوەرن و لە کاتی دەنگداندا دابەش دەبنە سەر هەردوولایان. لە دوا هەڵبژاردندا کە لە ساڵی ٢٠١٣ ئەنجامدرا، گۆڕان بوو بە دووەمین حیزب لە دوای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و یەکێتی بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا بوو بە سێیەمین حیزب. پێگەی ژن لە ناو بزوتنەوەی گۆڕانیشدا نزمترە لە هی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لەناو سەرکردایەتی بزوتنەوەی گۆڕاندا ١٠% ئافرەت هەن کە هەمان ڕێژەی پارتی دیموکراتی کوردستانە. بزوتنەوەی گۆڕان ئەگەرچی بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەوان جیاوازترە و پێشکەتنخواز و گۆڕانخوازە، بەڵام بە پێی فاکت و زەمینی واقیع یەکێتی نیشتیمانی هێشتا لە بەشدارپێکردنی گەنج و ژندا دوو هێندەی بزوتنەوەی گۆڕانە. لە خانەی راپەڕاندنی بزوتنەوەی گۆڕاندا ڕێژەی ژن سفرە، لە

جڤاتی نیشتیمانیدا ڕێژەی ژن ١٠% بوو، ئەی کەواتە کامەیە گۆڕانخوازی و جیاوازی؟!
ئەگەر نموونەی یەکێک لە حیزبە ئیسلامییەکان بهێنینەوە، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پرسی بەشداری ئافرەت لە ناوەندی بڕیاریدا لە هەردوو مەکتەبی سیاسی و ناوەندیدا ریژەی ژن لە حیزبە سیکولارەکان زیاترە. لەناو پەیڕەوی ناوخۆی یەکگرتووی ئیسلامیدا ٢٥%ی بەشداری ژنان لە سەرکردایەتی چەسپێندراوە و لە دواکۆنگرەشیاندا ئەم ڕێژەیەیان داناوە.

ڕێژەی ٣٠% بۆ بەشداری ژن لە پەرلەمانی کوردستاندا چەسپیوە، ئەم ڕێژەیە دەکرێت خول دوای خول بەرز بکرێتەوە تا بە ئامانجی یەکسانی دەگات، بەڵام ئەوەش گرنگە حیزبەکانی کوردستان کە لە لیستەکانی خۆیاندا بۆ هەڵبژاردن ئافرەتان بەربژێر دەکەن پێوەری دروست بەکار ببەن و ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و پیشەیی و پاکی بەربژاردەکان رەچاو بکەن. ژنانی خزم و کەسوکاری سەرکردە پیاوەکان بۆیان هەیە وەک هەر کەسێکی تر سیاسەت بکەن و کۆشش بکەن بۆ بەدەستهێنانی پێگەی سیاسی، بەڵام ناڕەوایە بە بێ ماندووبوون و بە بێ ئاستی پێوستی هۆشیاری رامیاری و تەنها لەبەر ئەوەی خزمی ئەوانن ببن بە پەرلەمانتار و پلەباڵاکان قۆرخ بکەن. ئەم پێوەری خزمایەتییە بۆ دانانی ژنان لەو پێگانە زیانێکی زۆری لە دۆزی ژن داوە، هەروەها بەشداری سیاسی ژنانیشی لەو ناوەندانەدا لاواز کردووە. کاتێ ئافرەتانی چین و توێژەکانی تری کوردستان دەبینن و دەزانن ژن تەنها بەو پێوەرە دەتوانێت سەربکەوێت بۆ سەرکردایەتی حیزبەکان و پلەباڵاکانی ناو حکومەت، لە زەینی ئەواندا ئەوە تۆمار دەبێت و ئیدی بە پێویستی نازانن ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری سیاسی خۆیان پێشخەن و خۆیان بۆ سیاسەت تەرخان بکەن، بە هەمان شێوە کاتێ ژنانی سەر بە بنەماڵە باڵادەست و کاربەدەستە باڵاکان دەبینن و دەزانن ئەوان بە بێ ماندووبوون دەگەن بەو پلە و پایانە، بە پێویستی نازانن ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری سیاسی خۆیان بەرز بکەنەوە و کاتی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەن. هۆی ئەوەیە ژن لە گۆڕەپانی سیاسی کەردستاندا کارەکتەرێکی سەرکردەی دیاری تێدا هەڵنەکەوتووە.

لە حکومەتدا؛ لە چارەکەسەدەیەکدا بەردەوام پێگەی ژن لە سەرۆکایەتییەکاندا بزر بووە. نە سەرۆکایەتی هەرێم و نە سەرۆکایەتی پەرلەمان و نە سەرۆکایەتی حکومەت، وەک سێ ناوەندی بڕیاردانی گرنگ، جێگەی ژنی تێدا نەبووەتەوە. لە خوارتری ئەوانەوە ژن بەشدار بووە بەڵام زۆر بە لاوازی. لە پێگەی وەزیردا لە حکومەتدا بە تێکڕایی ڕێژەی بەشدار ژن لە ٥% پێنج لە سەد پتر نەبووە. تا بەرەو خوار دادەکشێیت ڕێژەی بەشدار ژن زۆر دەبێتەوە. لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەری بەشەکان و تا دەگاتە فەرمانبەری ئاسایی. ئەگەر سەرنجی هەروایی لە کۆمەڵی باشووری کوردستان بدەی لە ئاستی بەشداری ژن لە قوتابخانەکان، فەرمانگەکاندا هەست دەکەیت پرۆسەی پەروەردە و کارگێڕی فەرمانگەکان زیاتر ژن بەڕێوەی دەبەن. لە کەرتی تەندروستیدا بەشداری ژن کارایە و لە کەرتی تایبەتدا هێدی هێدی هەست بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداری ژن دەکەیت. بەڵام کەرتی تایبەت هەر خۆیشی لە کوردستاندا کەرتێکی بچوکە لە چاو کەرتی گشتیدا. کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا لاوازە و بە تایبەت لەم کەرتەدا دەتوانرێت وەبەرهێنانی سەرسوڕهێنەر بکرێت و بەشداری ژنیش لەم کەرتەدا بە شێوەیەک کارا بکرێتەوە کە ڕێژەیەکی زۆر لە بێکاری کەم بکاتەوە و ژنان بکاتە خاوەنی داهاتی ئابووری خۆیان.

پرسی یەکسانی؛ پرسی دادپەروەرییە، کەواتە پێویستە لە سیستەمی دادوەرییدا پێش هەر سیستەمێکی تر یەکسانی جێندەری پیادە بێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا کەرتی دادوەری لەم پرسەدا زۆر لاواز و کەم ڕەنگە. لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؛ رێژەی ژن لە دادگای تێهەڵچوونەوەدا، لە ١٩٤ دادوەردا تەنها ١٩ دادوەری ژن هەیە. لە ئیدارەی گەرمیان ٩٥%ی دادوەرەکان پیاون، لە دهۆک ٩٣%ی دادوەرەکان پیاون، لە هەولێر ٩١%ی دادوەرەکان پیاون، لە سلێمانی ٨٥%ی دادوەرەکان پیاون[٧٢]. ئەم رێژانە پیشانی دەدەن کە لە خوودی سیستەمی داد دا بێدادی هەیە و بەرامبەر بە ژنان پیادەیە. پێوستە دەرفەتی یەکسان لە بەردەم ژنان و پیاواندا فەرەهام بێت بۆ بوون بە دادوەر و متمانەکردن بە توانای ژنان لە سیستەمی دادوەریدا.

[٧٢] کنێر عەبدوڵلا. رەوشی ژنانی باشووری کوردستان لە ناوەندی بڕیارسازییدا. سلێمانی. ٢٠١٦. ل ٢٧٨.

ڕێژەی لێکۆڵەری دادوەری کەمێک باشترە، بەڵام هێشتا لە هەندێ شوێندا زۆر کەمە و تەنها لە شاری سلیمانی ڕێژەکەی یەکسانە لە نێوان ژنان و پیاواندا. لە ئیدارەی گەرمیان ڕێژەی لێکۆڵەری دادوەری ٨٨%ی پیاو و ١٢% ی ژنە، لە پارێزگای دهۆک ٧٨%ی پیاو و ٢٢%ی ژنە، لە هەولێر ٥٩%ی پیاو و ٤١%ی ژنە، تەنها لە سلێمانی ڕێژەی لێکۆڵەری دادوەری ٥٠%ی پیاو و ٥٠%ی ژنە.[٧٣] پێویست بوو هاوسەنگی جێندەری لەم پۆستە و لە پۆستی دادوەریشدا هەبێت، چونکە وەک گوتمان پرسی یەکسانی پرسی دادپەروەرییە، بۆیە سیستەمی داد پێش هەر سیستەمێکی تر لۆمە دەکرێت و تانەی لێ دەدرێت، ئەگەر دادپەروەر نەبێت.

لە کۆمەڵی باشووری کوردستاندا ڕێژەی ژن و پیاو نزیکە لە یەکترەوە و بە کردەوەش نیوە بە نیوەیە. ئەگەر نیوە مێینەکەی کۆمەڵ بە تەواوی کارا بکرێنەوە و هێزی کاریان وەبەربهێندرت، ڕەوتی پیشکەوتن و گەشەی کۆمەڵ خۆبەخۆ دەبیتە دوو ئەوەندە و خێراتر دەبیتەوە. پێویستە پلان بۆ ئەم مەبەستە هەبێت و وەگەڕبخرێت.

---

[٧٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.

# دەرەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوە و گفتوگۆ و بەڵگە و شیکارییەکانماندا دەگەینە چەند دەرەنجامیک، کە لەم چەند خاڵەدا بەرجەستەی دەکەین:

**یەکەم:** لە باشووری کوردستاندا، لە ساڵی ١٩١٩ەوە جموجوڵی رێکخراوەیی ژنان دەستی پێکردووە و لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە سەرەتاکانی بزوتنەوەی ئافرەتان دەرکەوتووە بەڵام لە چلەکان و پەنجاکان و شەستەکانیشدا زیاتر بزوتنەوەکە مۆرکێکی خەباتی نەتەوەیی هەبووە و بەهۆی لە شۆڕشدابوون ئەم تێکۆشانەش نهێنی بووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان نەیتوانیوە کار بکات و کاریگەری دابنێت. لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا لەو کاتەدا کە کورد بووەتە خاوەنی ئۆتۆنۆمی و خەباتی ئاشکرای لە شارەکاندا کردووە، بزووتنەوەی ئافرەتان زیاتر شێوەی گرتووە و جۆرێک لە پیشەمەندی بۆ ساز بووە، بەڵام دووبارە بە دەستپێکردنەوەی شۆڕشەکان، پێگەی ژن لە ناو پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا کەوتۆتە پەراوێزەوە. بزوتنەوەی ژنان و تێکۆشان بۆ یەکسانی لە کەشی ئاشتی و ژیانی مەدەنیدا بە باشی بەڕێوە چووە، بەڵام لە کاتی شەڕی ناوخۆیی یان شەڕ لەگەڵ داگیرکەران و لە دۆخی شۆرش و کاتی قەیراندا، بزوتنەوەی یەکسانخوازیش بە خراپی بەرکەوتووە و لە کار و کاریگەری خراوە.

**دووەم:** پێگەی ژن لە ناو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە باشووری کوردستاندا لاوازە و بە تایبەتیش لە ناوەندی بڕیاردان و لە سەرکردایەتیدا، ئەم لاوازییە لە پێگەی ژن لەناو حیزبەکاندا، رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ڕێژەی بەشداری سیاسی ژن لە دامودەزگاکانی حکومەت و لە پەرلەماندا. لە ناو حکومەتدا لە چارەکەسەدەیەک حوکمڕانیدا پێگەی ژن بەردەوام لاواز بووە، لە ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەهۆی زامنکردنی ڕێژەیەک بە سیستەمی کۆتا بۆ ژنان ٣٠% ی کورسییەکان بۆ ژن تەرخانکراوە، بەڵام هێشتا لە ڕووی جۆری ئەو کەسانەی کە بوار دەدرێن

لەو پێگانەدا جێبگرن، بە پێوەرێکی هەڵە دادەنرێن و کەسانی ناشایستە ژمارەیان لە کەسانی شایستە زۆرترە لەو جێگایانەدا.

**سێیەم:** سەبارەت بە حکومەت لە کابینەی چوارەمەوە دەست بە کارکردن بۆ پرسی یەکسان کراوە. لەساڵی ٢٠٠٥ ەوە سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی سیاسەتی یەکسانی پەسەند کردووە و پەیڕەوی دەکات، بەڵام بەهۆی ململانێی حیزبایەتی ئەو سیاسەتەی ئەو وەئەستۆی گرت لە کاتی گۆڕینی کابینەکاندا پشتگوێ دەخرێت، یان ئەو دامودەزگایانەی بۆ مەبەستی خزمەتکردن بە پرسی یەکسانی دادەمەزرێندرێن لەبەر ململانێی حیزبایەتی، پەک دەخرێن. هاوئاهەنگی ئەو دەزگا و دامەزراوانە و کارکردنیان بە رۆحێکی یەکسانخوازانە دەتوانێت هەنگاوەکان خێرا و چەسپاوتر بکات.

**چوارەم:** لە ساڵی ٢٠١٠ بەدواوە گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤ لە پێگەی ژن لەناو سەرکردایەتی حیزبەکان ڕوویدا و دواکۆنگرەی هەموو حیزبەکان ڕێژەیەکی بۆ بەشداری ژن دانا، بەڵام هێشتاش ئەو ڕێژەیە بە پێی مێژووی خەباتی ئەو حیزبانە زۆر کەمە. دەبوایە لای کەم ڕێژەی ٣٠% ی بەشداری ژن کە لە پەرلەماندا چەسپاوە، لە نێو سەرکردایەتی هەموو حیزبەکان و لەناو حکومەتیشدا بچەسپێت و کاری پێبکرت. رێکخراوەکانی سەر بە هەر حیزبێک، پێویستە بەردەوام هێزی فشار بێت و داوای یەکسانی و پەیڕەوکردنی هاوسەنگی بکات لە بەشداری ژنان و پیاوان لە سەرکردایەتیش و بنکردایەتیشدا.

**پێنجەم:** بزوتنەوەی ئافرەتان لە کوردستاندا پێویستە زەمینەیەکی تیۆریی بە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردستان بۆ خۆی ساز بکات و ئەو تیۆرییانەش لە خەباتکردندا پراکتیزە بکات. بەو مانایەی وەک چۆن فەلسەفەی فێمینیزم زەمینەی تیۆری و فیکری بۆ خەباتی یەکسانخوازانی رۆژئاوا سازاند، ئافرەتیزمیش بە تایبەتمەندی کۆمەڵی کوردستانی ئەو زەمینە فیکری و فەلسەفییە بخولقێنێت. ژنانی نووسەر بۆ دروستکردنی ئەو زەمینەیە و

پەرەپێدانی ئافرەتیزم، ئەرکی سەرەکییان دەکەوێتە ئەستۆ. زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان و ئەو سەنتەرانەی بۆ جێندەرناسی کراونەتەوە، پێویستە رۆڵی پیشەیی و ئەکادیمیانەی خۆیان بگێڕن و لەو چوارچێوەیەدا تیۆری باش بەرهەم بهێنن.

**راسپاردەکان**

دوای ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هەندێ راسپاردەش بە پێویست دەزانرێت بخرێنە بەرچاوی دامودەزگا و کەسانی بەرپرسیار:

**یەکەم:** پێویستە پرسی یەکسانی بە دەزگایی بکرێت و لە حیزبایەتی تەنگ رزگار بکرێت. کە ئەم پرسە بە شێوەیەکی دەزگایی و دامەزراوەیی کاری بۆ کرا، ئیدی لە چوارچێوەی گەمارۆدراوی تاکەکەسەکان و حیزبەکان رزگاری دەبێت و دەبێتە پرسی هەموو کۆمەڵی کوردستان.

**دووەم:** ئەو سەرکردانەی کە لەو ساڵانەی ڕابردوودا پشتیوانی بزوتنەوەی ژنانیان کردووە و هەوڵەکانیان بۆ یەکسانی دیارە، پێویستە لەمەودوا هەنگاوەکانیان چەسپاوتر بێت لەو بوارەدا و نەپچڕێن. زۆرجار کێشە سیاسییەکان بۆ ماوەی دووورودرێژ پرسی ژن و یەکسانی لەبیری بەرپرسان بردۆتەوە، لەمەودوا هەوڵ بدریت ئەم پرسە فەرامۆش نەکرێت و کاری بەردەوام و رۆژانەی لە هەموو ئاستەکاندا بۆ بکرێت.

**سێیەم:** ئەو سەنتەر و ناوەندە زانستییانەی بۆ توێژینەوە لە پرسی یەکسانی و جێندەر کراونەتەوە لە زانکۆکاندا رۆڵێکی ئەکتیڤانەتر بگێڕن. پێویستە ئەدەبیاتی تایبەت بە پرسی ژن و یەکسانی لە ڕووی زمان و بابەت و شێواز و ناوەڕۆکەوە بایەخی پێبدرێت و پێوەرە زانستییەکانی تێدا بەکار ببرێت نەک هەڕەمەکی و بێ پێوەر ئەنجام بدرێن.

**چوارەم:** حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەربازبوون لە قەیرانی دارایی وا چاکە وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازی بکات. جاران پشتی بە نەوت"زێڕی رەش" دەبەست، پێویستە لەمەودوا پشت بە کشتوکاڵ"زێڕی سەوز"یش ببەستێت و ئەم کەرتە ببوژێنێتەوە. ژنان دەتوانن

هێزێکی گەورەی کار بن لە بوژانەوەی ئەم کەرتەدا و پێویستە سوود لە توانای ژن بۆ ئەو مەبەستە وەربگیرێت. بە هەمان شێوە کەرتی پیشەسازی لە کوردستاندا پێویستە بایەخی تایبەتی پێ بدرێت و هێزی کاری ژن لەم کەرتەشدا بخرێتە گەڕ و سوود لە توانایان وەربگیرێت.

***

**"ئازادکردنی ژنان، بریتیە لە ئازادکردنی لایەنی ژنانە لە پیاواندا و لایەنی پیاوانە لە ژناندا."**

**کۆریتا کێنت**

# سەرچاوەکان


١. ئیبراهیم ئەبراش، میتودەکانی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵناسی، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، و: د. مەحەمەد شوانی.
٢. مەنوچهر موحسنی. کۆمەڵناسی گشتی. و:موسڵح ئێروانی. بەرگی یەکەم. کوردستان. ٢٠٠٥.
٣. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان. ستراتیژی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا ٢٠١٢-٢٠١٦، چاپی ٢٠١٢.
٤. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان. ستراتیژی نیشتیمانی بۆ پەرەپێدانی رەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا ٢٠١٦-٢٠٢٦، چاپی ١٩١٦.
٥. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان. ستراتیژی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا بۆ ماوەی دە ساڵ. چاپی ٢٠١٧.
٦. کامیل بەسیر. ژنی کورد لە مێژوودا. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە لەیلا و لەیلا.
٧. ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، و: حەسەن ئەحمەد مستەفا
٨. مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ژنان، سلێمانی چاپخانەی سەردەم، ٢٠٠٢.
٩. مەهاباد قەرەداغی. شەرەفنامە. شەرەف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردن ژن. سلێمانی. چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠٠٢
١٠. گۆڤاری شیکار،ژمارە ٢١، ئەدەبی بەرگری و ئازادی ژن، نمونە بەرجەستەکان لای شاعیرانی پیاو لە کوردستان. مەهابادا قەرەداغی، ل ٧٩.
١١. پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان. کۆنگرەی سیزدەیەم، ١١-٢٠١٠/١٢/١٨. هەولێر. ل ٦٤-٦٦.
١٢. پەیرەو و پرۆگرامی یەکێتی ئافرەتان کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەم. ٢٠٠٧.
١٣. پەیرەو و پرۆگرامی یەکێتی ئافرەتان کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی حەوتەم. ٢٠١٠.
١٤. داخوازینامەی ژنی کورد و پاشبەندی داخوازینامەی ژنی کورد. ٢٠٠٦.
١٥. دیوانی زەینەب خان، کچەکورد. ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا رەئوفەفەندی خادم سوجادە. پێشەکی و پێداچوونەوە و رێکخستن: عەبدوڵلا زەنگەنە. هەولێر ٢٠١٨.
١٦. درەخشان شێخ جەلال حەفیدزادە. کورتەیەک لە بزوتنەوەی رزگاریخوای ئافرەتانی کوردستان و هەندێ لە بیرەوەرییەکانم. ٢٠١٠
١٧. سیاسەتی یەکسانی، دەزگای یەکسانی حکومەتی کوردستان، ٢٠٠٦.
١٨. یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان لە هەرێمی کوردستان-عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق- ئەنجومەنی وەزیران. هەڵمەتی نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان. ٢٠١٢.
١٩. وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بونیادی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژێرخانی کۆمەڵایەتی- ئابووری. راپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان(UNDP). کانوونی دووەمی ٢٠١٢.
٢٠. وەزارەتی پلاندانان. هەرێمی کوردستانی عێراق ، چاکسازی ئابووری لە پێناوی بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران. ٢٠١٧.
٢١. مام جەلال. دیداری تەمەن. ئا: سەڵاح رەشید. بەرگی یەکەم. ٢٠١٥.
٢٢. مام جەلال. دیداری تەمەن. ئا: سەڵاح رەشید. بەرگی دووەم. ٢٠١٥.
٢٣. شوکریە مەحەمەدئەمین رەواندوزی(دایکی ئامێز). چیرۆکەکانی ژنێک. هەولێر. ٢٠١٤.
٢٤. رۆزا لۆکسمبۆرگ. ریفۆرمی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش. و: بابان ئەنوەر، کارزان عەزیز، پێشڕەو مەحەمەد. ناوەندی توێژینەوەی هزریی شەهید ئارام. سلێمانی.
٢٥. د. امین زکی. مشاهیر الکرد و کردستان. جز الثانی.

٢٦. حەمەسەعید حەسەن. مێ لە سایەی ستەمدا.دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠١٣.\
٢٧. دابلیو. ئار. هێی. دوو ساڵ لە کوردستان. وەرگێرانی: لوقمان باپیر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات. هەولێر. ٢٠١٤.
٢٨. مەحمود تلوعی. ژن لەسەر تەختی دەسەڵات. و: ئەبوبەکر مەجیدی. کوردستان، هەولێر. ٢٠٠٥.
٢٩. گۆڵدا مایەر. بیرەوەرییەکانی گۆڵدا مایەر، وەرگێرانی: شەفیقی حاجی خدر. هەولیر. ئاویەر. ٢٠١٥.
٣٠. شوکریە حەمەدەمین رەواندوزی(دایکی ئامێز)، چیرۆکەکانی ژنێک، هەولێر، ٢٠١٤.
٣١. ام جەلال. دیداری تەمەن، لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری. بەشی یەکەم. ئامادەکردنی سەلاح رەشید.
٣٢. عەقیلە رەواندوزی. یاد و ئافەرین.چاپخانەی پەروەردە. هەولێر.٢٠٠٥.
٣٣. پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان. کۆنگرەی سیزدەیەم، ١١-٢٠١٠/١٢/١٨. هەولێر.
٣٤. کۆسار کەریم رۆژ. بەرەوپێشەوەچوونی دۆخی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا ١٩٩٢-٢٠١٧. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.
٣٥. یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١. یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان لە هەرێمی کوردستان-عێراق. حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق- ئەنجومەنی وەزیران. هەڵمەتی نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان. ٢٠١٢.
٣٦. وەزارەتی پلاندانان. هەرێمی کوردستانی عێراق ، چاکسازی ئابووری لە پێناوی بوژانەوەی هاوبەش و پاراستنی نەداران. ٢٠١٧.
٣٧. وەزارەتی پلاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بونیادی هەرێمی کوردستانی عێراق، ژێرخانی کۆمەڵایەتی- ئابووری. راپۆرتی هاوبەشی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN). کانوونی دووەمی
٣٨. کنێر عەبدوڵلا. رەوشی ژنانی باشووری کوردستان لە ناوەندی بریارسازییدا. سلێمانی. ٢٠١٦.
٣٩. رۆژنامەی خەبات. ژمارە (٢٣٦٥). رێکەوتی ٢٠٠٦/١٢/٢٥.
٤٠. گۆڤاری شیکار، ژمارە ١١ و ١٢.
٤١. عەبدوڵلا زەنگەنە. لوتفییەی مەلا سدیقی نازەنینی (١٩٢٢-١٩٧٧). رۆژنامەی هەولێر. ژمارە (٢٨٠٥)، ٢٠١٨/٣/١٣. ل ١٧ ئەدەب.
42. ww.hawler.in/index.php/2017-12-28-23-14-02/2017-12-28-23-14-43/item/170-2018-01-03-06-53-37

43. Claiming Rights, Claiming Justice. A guide book on Women Human Rights Defender. APULD 2007
44. https://en.wikipedia.org/wiki/Source_criticism
45. https://ckb.wikipedia.org
46. http://www.khec.krd
47. http://www.kurdistan-parliament.org
48. http://cabinet.gov.krd/
49. http://www.helsinki.fi/sukupuolentutkimus/aanioikeus/sv/artiklar/storstrejken.htm.
50. Storstrejken och kvinnornas rösträtt, Imra Sulkunen

51. http://www.history.com/topics/womens-history/the-fight-for-womens-suffrage
52. The right of women’s suffrage
53. http://www.tv4.se/nyheterna/klipp/kvinnor
54. https://ar.wikipedia.org.
55. https://ckb.wikipedia.or
56. http://kmewo.com/kurdish/?p=695
57. http://www.historyofkurd.com

# توێژینەوەی دووەم

# زەنگی هەراسانی، بانگێ بۆیەکسانی

دەربارەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان
لە باشووری کوردستان

**فلاشباکێکی مێژوویی:**

سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە هێشتا خێزان بە شێوە نەریتییەکەی ئێستای لە ئارادا نەبوو، هەروەها هێشتا کار پێناسەیەکی ئابووری بەخۆیەوە نەدیبوو، ئامرازەکانی کاریش خۆڕسک و سروشتی بوون و موڵکی کەس نەبوون، بۆیە دابەشبوونی کار و بەرژەوەندییەکان بیریان لێنەکرابووە و مرۆڤەکانیش بە نێرومێوە، لە پێناوی مانەوەدا دەخەبتین و کەسیان بیریان لە چەوساندنەوەی ئەویتر و دەستبەسەرداگرتنی کەرەستەکانی ئەویتر نەدەکردەوە.

ئافرەت لەو سەرەتای مێژووەدا بەرهەمهێنەرێکی سروشتی بوو، دەستکەوتەکانی چ لە ڕووی بیۆلۆژییەوە کە نەوەی مرۆڤی لێوە بەرهەم دەهات و ڕۆڵی باوکیش لەو پرۆسەیەدا هێشتا نەناسراو بوو، چ لە ڕووی فیزیکیشەوە کە ڕنینەوە و چنینەوەی بەری دارەکان ئەرکی ڕۆژانەی ئەو بوو، بەرهەمەکەشی بۆ خۆی و زارۆکانی و هەموو ئەندامەکانی گروپەکەی بووبە بێ جیاوازی، وای کردبوو لەو سەردەمەدا ژن لە خێزان و کۆمەڵگەدا لە پێگەی ناوەندا بێت.

لەو دەمە بترازێت، ئەو پێگەیەی نەبینیووەتەوە، بەهۆی گۆڕینی ژیانی مرۆڤی سەرەتایی بەرەو ئاڵۆز و ئاڵۆزتر، کە دابەشکردنی کاری کرد بە پێویستییەکی مرۆڤی ئەو سەردەمە و لەو دابەشکردنەشدا ئافرەت گیرۆدەی ئەرکە تایبەتییەکانی نێو خێزان کراو پیاویش ئەرکە گشتییەکانی نێو کۆمەڵگەی گرتە ئەستۆ. دابەشکردنی کار، دەستبەسەرداگرتنی ئامرازەکانی کار، هاتنە نێوان ئەم دوو بوونەوەرەوە و نادادگەرانە سامانە ناسروشتی و سروشتییەکان دابەشکران. لەودەمەوە ژن پێگەی لە ناوەندا لەق کراو هەنگاو دوای هەنگاو پاڵنرا بەرەو پەراوێزەکان.

پەراوێزخستن یەکێک لەجۆرە سەرەکی و کاریگەرەکانی توندوتیژییە کەوەک سەرچاوەیەکیشە بۆ هەڵقوڵانی جۆرەکانی دیکەی توندوتیژیش، چونکە گروپی پەراوێزخراو ناتوانێت بەهرە لە تواناکارییەکان وەربگرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و گەشەدان بە ژیان و کەسایەتی خۆی و تاکەکانی

گروپەکەی، لە بەرامبەریشدا گروپی ناوەند دەست بەسەر تەواوی تواناکارییەکانی سروشت و ژینگەکان دەگرێت بۆپەرەپێدانی کەسایەتی و ژیانی خۆی و تاک بە تاکی گروپەکەی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی. وەک ئەنجامێکی سروشتی ململانێی نێوان پەراوێزخەرەکان و پەراوێزخراوەکان سەری هەڵداوە و قۆناغ لە دوای قۆناغیش گەشەی سەندووە. پەراوێزخەرەکان لەبەر مانەوەی بەرژەوەندیەکانیان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و زیاتر کردنی ئەو بەرژەوەندییانە، بەردەوام هەوڵی پەراوێزخستنی زیاتری بەرامبەرەکانیان دەدەن، پەراوێزخراوەکانیش بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی سروشتی خۆیان و بەهرەمەند بوون لە تواناکارییەکانی ئەو پێگەیە، هەوڵ و تێکۆشانیان بەردەوام بووە.

مێینەی مرۆڤ وەکو گروپێکی پەراوێزخراو، لە دوای کۆمۆنە سەرەتاییەکانی مێژووەوە، قۆناغ لە دوای قۆناغ بارودۆخی خراپتربووە و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و چەوساندنەوەی بەسەردا پیادە کراوە. لە قۆناغی کۆیلەیەتیدا، زۆرترین بەشی کۆیلەیەتی بەرکەوتووە و وەک هەرزانترین کاڵا کڕدراوە و فرۆشراوە. لە قۆناغی دەرەبەگێتیدا زۆرترین کاری پێکراوە و کەمترین دەستکەوتی هەبووە، لە قۆناغی سەرمایەداری و گەشەی پیشەسازیدا دیسانەوە هاوکات کارمەندی کارگەکان بووەو کەمترین هەقدەستی پێدراوە، وێڕای ئەوەی خزمەتی بە خۆڕایی پێشکەش بە ئەندامەکانی ماڵەوەش کردووە. هەموو ئەمانە هێمای ئەوەن چەوساندنەوەی ژن وەک دیاردەیەکی جیهانی ناسراوە و تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نییە، وەلێ بە جۆر و شێوەی جیاواز لە هەر یەک لە کۆمەڵگەکان و قۆناغە مێژووییەکاندا پێناسەکراوە و هەوڵی کەمکردنەوەو هەتا بنبڕکردنیشی دراوە. لە بەرامبەر ئەم چەوساندنەوە و توندوتیژییە جۆراوجۆرەی ڕووبەڕووی ژنان کراوەتەوە، لە هەر کۆمەڵگەیەک  و لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا بەرهەڵستی هەبووە و بە شێوەی جوودا هەوڵی گێڕانەوەی مافەکان و هەڵگرتنی چەوساندنەوە لەسەر توخمی مێ دراوە.

لە وڵاتانی خۆرئاوا، لە دووسەدەی ڕابردوودا خەباتی بێوچان لەم پێناوەدا کراوە و تا ڕادەیەکی باش ئەنجامی دڵخوازیشی بەدەستەوە داوە. پیادەکردنی دیموکراسی و سیاسەتی هاوسەنگانەی سۆسیال دیموکراتی و لیبڕاڵ

دیموکراتی کۆمەکی ئەو تێکۆشانانەیان کردووە کە لە پێناوی یەکسانیدا لە وڵاتانی خۆرئاوا کراون. بڕێکی باش لە مافە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی ژن لەو بەشەی زەویدا وەدەست هاتوون و، بڕێکی تریش ماون و خەبات لە پێناوی گێڕانەوەیاندا بەردەوامە، چونکە هێشتاش هەڵاواردن وەک میتودێکی کاریگەری توندوتیژی بەرامبەربە توخمی مێینە لە ژیانی کاردا بەدی دەکرێت و مووچەی یەکسان نادرێت بە هەردوو توخم لە هەمان کاردا، ، بە هەمان شێوە ڕێژەی بەشداری ژن لە گۆڕەپانی سیاسەتدا کەمترە و ناوەندەکانی بڕیاردان لە بەشداری هەردوو توخمی مرۆڤدا بە یەکسانی تەواو نەگەیشتوون.

**٢. ڕەوت و پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە:**

- ئایا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکی ئاسایشە بۆ ئافرەتان؟
- زەبروزەنگ و جیاکاری لەم بەشەی زەویدا تا چ ئاستێک و لە چ ڕادەیەکدایە؟
- ئایا لە کوردستاندا کە وڵاتی ئێمەیە و کولتوورەکەی بەشێکە لە هی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چلۆن دەڕوانرێتە ژن و چۆن ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت؟
- هەڵاواردن لەم دەڤەرەدا لە چ پلە و ئاستێکدایە و توندوتیژی بە چ جۆرێک پیادە دەکرێت؟
- ئەی هۆکارەکانی چین و چۆنیان چارەسەر بکەین؟

بۆ دۆزینەوەی وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە، ئەم توێژینەوەیە پرسی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە کوردستاندا دەکاتە ئامانج و لە هۆکارەکانی دەکۆڵێتەوە و دەرهاویشتەکانی شی دەکاتەوە و ڕێگاکانی چارەسەر پێشنیار دەکات.

بۆ ئەم توێژینەوەیە پێوەرەکانی زانستەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پەروەردە و لقەکانی ئەم زانستانە بەکار دەبەین، چونکە توندوتیژی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، بەڵام پەیوەندیدارە بە دۆخی دەروونی تاکەکانی و چۆنێتی پەروەردەی ئەو جڤاکە چ لە خێزان و چ لە کۆمەڵگەدا، هەروەک چۆن پەیوەندیداریشە بە دۆخی سیاسی و ئابووری و کولتووری هەر کۆمەڵگەیەکەوە، ئاشکرایشە کە کولتوور ئایین و یاسا و ڕێسا و نۆرم و

داب و نەریتی گشتی دەگرێتەوە، بۆیە ئەنتۆپۆلۆژی و زانستە مرۆییەکانی دیکەش لە هەرکوێیەکدا پێویست بێت تێکەڵ بەم باسە دەبن. ئەگەرچی پشت بە هەندێ ئامار دەبەستین بۆ بەراوردکردنی دۆخەکان و ڕێژەو ڕادەی توندوتیژی، وەلێ لە کۆی گشتیدا توێژینەوەکەمان لەسەر شیکاری و لێکدانەوەی هۆ و ئەنجامی دیاردەکان دەبێت بە سوودوەرگرتنمان لە هێزی فەنتازیای کۆمەڵناسی، دوور لە کاریگەری سۆز و هەستی کەسیی، ئەو جۆرە خەیاڵە کۆمەڵناسییەی کە سی. ڕایت میلز ناوی (ئەندێشەی کۆمەڵناسانە)ی لێناوە. [٧٤]

**٣. پێناسەی توندوتیژی بەرامبەر مێینە، هۆکار و جۆرەکانی:**

لەبەر ئەوەی توندوتیژی دیاردەیەکە لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا بەدیکراوە، بۆیە توێژینەوە و بەدواداچوونی زۆریشی لەبارەوە کراوە چ لە لایەن توێژەران و کۆمەڵناس و دەروونناسانەوە، چ لە لایەن ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە مافەکانی مرۆڤەوە. لە لایەن ئەمانیشەوە پێناسەی جۆراوجۆر بۆتوندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کراوە، بەڵام لە کۆی ئەو پێناسانەدا کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش هەن کە لێکۆڵەرەوەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکانیش لەسەری کۆکن و لەسەر زۆربەی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتیدا پیادە دەبن.

لە کارنامەی کۆنگرەی پەکین کە لە ساڵی ١٩٩٤ دا لە وڵاتی چین سازدرا، پێناسەی توندوتیژی وا دەربڕدراوە (هەر کردەوەیەکی توندوتیژییە کە بەهۆی جۆری توخمی مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت و زیانی بەدەنی، یان سێکسی، یان دەروونی، یان ئازاری ئافرەتانی لێدەکەوێتەوە، لە نێو ئەوانەشدا هەڕەشەکردن لە ئەنجامدانی کردەوەیەکی لەم جۆرانە، یان زۆرکردن، یان بێبەشکردنی زۆرەملێیان لە ئازادی، چ لە ژیانی گشتیدا بێت، یان ژیانی تایبەتی.)[٧٥] بێگومان ئەم پێناسەیەش هەردەچێتە نێو ئەو چوارچێوەیەی کە لە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە بۆ

[٧٤] ئەنتۆنی گیدنز. کۆمەڵناسی. و:حەسەن ئەحمەد مستەفا. ئاراس. هەولێر . ٢٠٠٩.

[٧٥] د. سهيلة محمود بنات. العنف ضد المراة . دار نشر المعتز. . ٢٠٠٧، ص ٢١

نەهێشتنی جۆرەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان ناسراو بە (SEDAW) دا هاتووە.

لەو پەیماننامەیەدا کە زۆر لە وڵاتانیش واژۆیان کردووە کە پابەند بە خاڵەکانیەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کاربکەن،[٧٦] لە پەراگرافی یەکەمیدا بەم شێوەیە پێناسەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کراوە، کە بریتییە لە هەر کردەیەکی توندوتیژی کە لەسەربنچینەی توخم ڕۆنرابێت و بە هۆیەوە یان لە ئەنجامیدا ئازاری جەستەیی، یان سێکسی، یان دەروونی، یان گیرۆدەیی بە ئافرەت بگەیەنێت. هاڵاوردن دژ بە ژنان بە مانای هەموو جۆرە جیاکاریی، بێبەشکردن و سنووردارکردنێکە کە پیادە دەکرێت لەسەر بنەمای توخم کە مەبەست لێی بێبایەخکردن یان بەتاڵکردنەوەی ئاگایی و بەهرەمەندی یان توانای بەکاربردنە لە ژیاندا. "[٧٧]
لەم پێناسە فەرمییانەوە دەتوانین جۆرەکانی توندوتیژیش دەستنیشان بکەین و لە هەندێ خانەی سەرەکیدا پۆلێنیان بکەین و دواتر هۆکار و ئەنجامەکانی هەر یەکەیان شیبکەینەوە. لەوانە:

- توندوتیژی جەستەیی
- توندوتیژی وتەیی
- توندوتیژی دەروونی
- توندوتیژی کۆمەڵایەتی
- توندوتیژی سێکسی
- توندوتیژی سیاسی
- توندوتیژی یاسایی
- توندوتیژی ئابووری

---

[٧٦] یاني باسە کە **(عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی واژۆی لەسەر پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤ کردووە و ڕێککەوتننامەی سیداویش بە هەمان شێوە واتە پێویستە بە پێی ئەو واژۆیە پابەند بێت بە جێبەجێکردنی خاڵەکانییەوە و بەرەنگاری توندوتیژی ببێتەوە کە دژ بە ئافرەتان دەکرێن. هەرێمی کوردستانیش کە تا ئەم ساتە هێشتا هەر وەک بەشێک لە عێراق دادەنرێت، پابەندە بە واژۆکەی عێراقەوە).**

[٧٧] ٧٧ بڕوانە: داخوازینامەی ژني کورد. ڕاگەیاندراو لە للایەن ڕێکخراوی پرۆژەی ژنی کورد و پرۆژەی مافی مرۆڤی کوردەوە لە ساڵی ٢٠٠٤.
Claiming Rights, Claiming Justice. A guide book on Women Human Rights Defender. APULD 2007. p. 53.

مەبەستی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا گەیشتنمانە بە وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان و بۆ ئەوەی بشزانین ئایا ئاسایشی ژن لە کوردستاندا پارێزراوە، پێویستە بزانین ئایا ئەم جۆرانەی توندوتیژی بەرامبەریان پیادە دەکرێت؟ ئەگەردەکرێت، بە چ ڕێژەیەکە و هۆکاریان چییە و دەرهاویشتەکانیان چین؟

پێش ئەوەی ڕۆشنایی بە مەبەستی زانینی ڕێژە و ڕادەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت بخەینە ڕوو لە کوردستان، با لە ڕێگەی هەندێ ئامارەوە، ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە مێینە لە هەندێ وڵاتی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بزانین، تا پێناسەیەکی ئەو کولتوورە هاوبەشە بکەین کە خەڵکی ناوچەکە هەیانە.

لێکۆڵینەوە و ئامارەکانی ئەو وڵاتانە ئاماژە بەم ڕێژە ترسناکانە لە توندوتیژی دەکەن بەرامبەر بە ئافرەتان:

• ٥٢ % ی ژنانی فەلەستینی لەساڵی ٢٠٠٠ دا لانی کەم یەک جار دووچاری لێدان بوونەتەوە. ٦٠ %ی ژنانی کەناری ڕۆژئاوا و غەززە لە تەمەنی خوار نۆزدە ساڵی دووچاری هەڕەشەی جەستەیی، زارەکی، ڕاوەدوونان، بەندکردن و دەستگیرکردن بوونەتەوە.

• ٣٥ % ی ژنانی میسر بەرەوڕووی لێدان دەبنەوە لە لایەن مێردەکانیانەوە.

• ٤٧% ی ژنانی ئوردون بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە.

• ٣٥ % ی ئافرەتان لە لووبناندا ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی دەبنەوە.

• ٨٥ % ی کەسوکارەکان لەخێزانی سوریاییدا توندوتیژی بەرامبەر کچە قوتابیەکانیان بەکار دەبەن.[٧٨]

ئەم ڕێژانەی کە مشتێکن لە خەرواری ئەو توندوتیژییانەی کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەرامبەر بە ئافرەتان پیادە دەکرێن، پێمانی ڕادەگەیەنن کە ئاسایشی ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا پارێزراو نییە و ڕووانینێکی مرۆڤانە بۆ ئافرەت هێشتا لە نێو کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا، کە جیهانی عەرەبی بەشێکی فراوانی پێکدەهێنێت، جێگەی نەگرتووە.

---

[٧٨] بڕوانە: ژن و توندوتیژی. وەرگێڕانی کنێر عەبدوڵلا. کتێبی گیرفان.٩٨. دەزگای پەخش و چاپی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٨.

نەسر حامد ئەبو زەید، لە لێکۆڵینەوەیەکی ورددا کە بەناوی (بازنەی ترس، خوێندنەوەیەک بۆ گوتاری ئافرەت) لەسەر تێڕوانینی جیهانی عەرەبی بۆ ئافرەت، ئەنجامی داوە، دەڵێت: (ئەو گوتارەی کە لە جیهانی عەرەبی هاوچەرخدا دەربارەی ژن بەرهەم هاتووە، گوتارێکی ڕەگەزپەرستانەی خێڵەکییە، بە واتای ئەوەی گوتارێکە بە ڕەهاییەوە لە بارەی "ئافرەت- مێ" وە دەدوێت و دەیخاتە نێو پەیوەندییەکی بەراوردکارییەوە لەگەڵ "پیاو- نێر". بە پێی ئەبوزەید، لە جیهانی عەرەبیدا گوتارێکی قەیراناوی سەبارەت بە ئافرەت هەیە و زمانی عەرەبیش ڕەگەزپەرستانە ئەم گوتارە پێشکەش دەکات و کاتێ کە باس لە یەکسانی یان بەشداری ئافرەت دەکات پیاو لە چەق و ژن لە پەراوێزدا دەبینێت. [٧٩]

عێراقیش، کە لە مێژووی سیاسی خۆیدا هەردەم خۆی بە بەشێکی دانەبڕاو لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی داناوە، خاوەنی گوتارێکی قەیراناوی لەو جۆرەیە بەرامبەربە ئافرەت. کۆمەڵناسی ناسراوی عێراقی د.عەلی وەردی، لە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی کەسێتی تاکی عێراقی، زۆرزیاتر دەچێتە ناخی ئەم بابەتەوە و لە ئەنجامدا دەگاتە ئەوەی کە تاکی عێراقی کەسێتییەکی دووفاقی هەیە، ئەم دووفاقییەش بە شێوەیەک لەگەڵی ڕاهاتووە کە هەستی پێناکات و وەک ئاسایی دەیبینێ و ڕەفتاری لەگەڵ دەکات. سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی خێزانی عێراقی، د. عەلی وەردی بە خێزانی پەرت ناوزەدی دەکات و ژیانی ئافرەت و پیاو و منداڵ لە نێویدا بە جیاواز و دابڕاو لە یەک پەسن دەکات. ئەو دەڵێت: ئەگەرچی خێزانی عێراقی لە جەوهەردا لە سێ پێکهاتەی سەرەکی ژن و مێرد و منداڵەکان پێک هاتوون، بەڵام دەبینین هەر یەک لەم پێکهاتانە بوارێکی ژیانی جیاواز لە یەکتردایان گرتووە، ئافرەت بواریماڵی گرتووە و لێی نابێتەوە، پیاوان لە کاتی ئازادیاندا لەچایخانەکانن و منداڵانیش لەگەڵ هاوڕێکانیان لەکۆڵانن. ئەو پێی وایە خێزانی هیچ دەڤەرێکی تری دنیا هێندەی خێزانی عێراقی بەشکراو و دابڕاو لەیەکتر نییە. عێراق بەچاخانەکانییەوە بەناوبانگە و چاخانەش جێگەی پیاوانە. لە بچووکترین دێ تا گەورەترین شاری عێراقی چاخانەی تێدایە و پڕن لە پیاوان. د. وەردی هۆی باڵاپۆشی ژنانیش بۆ ئەو دیاردەیە دەگەڕێنێتەوە،

---

٧٩ بڕوانە: نصر حامد ابو زيد . دائرة الخوف. قراءة في خطاب المراة. المركز الثقافي العربي. ص ٢٩.

هەروەها هۆیەکیشە بۆ نەکەوتنەماڵی پیاوان و دابڕانی تەواویان لە ژنان. ئەو دوو جیهانە جیاوازەی کە پیاوان و ژنان لە عێراقدا هەیانە کۆمەڵێک پێوانە و بەهای کۆمەڵایەتی و ڕووانینی تایبەتی هێناوەتە بەرهەم، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ژن وەک ڕەگەزێکی پلەنزم و کەمعەقڵ دەبینرێت، کە پیاو لە بەرامبەریاندا هەست بە کەبریا و پلەبەرزی دەکات. ئەگەر خەڵک بزانێت پیاوێک لەماڵەوە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی دەمێنێتەوە بە خەساو ناوزەدی دەکەن. د.عەلی وەردی ئەم بەها و ڕووانینە بە بەرهەمی خێڵەکێتی کۆمەڵگەی عێراقی دەزانێت و دەڵێت: ڕەنگە ئەم بەها و پیودانگانەمان لە (بەداوە)وە بۆ هاتبێت، چونکە کۆمەڵگەی بەدەوی کۆمەڵگەی شەڕ و کوشتار بووە و، هەر پیاو بوو بە تەنیا ئەرکی شەڕ و پەلاماری بۆی وەئەستۆ گرتبوو، بەڵام ژن ئەو ئەرکەی نەبوو، بۆیە بە بچووک دەبینرا. ئەو پیاوانەی لە کۆمەڵگەی بەدەویدا لە ماڵەوە و لە نێو مەجلیسی ژناندا ببینرێت نازناوی ژنانی لێدەنرێت، ئەم نازناوە بۆ پیاوی بەدەوی قابیلی تەحەمولکردن نییە. پیاوانی بەدەوی لە بیابانەکاندا تەنها لە مەجلیسی سەرۆکخێڵدا دادەنیشتن و باسی قارەمانێتی خۆیان لە شەڕو پەلامارەکاندا دەکرد. هەر ئەم مەجلیسی شێخی قەبیلەیە لە شارەکاندا گۆڕا بە چایخانەکان و لەوێدا پیاوان کاتێکی زۆری خۆیان بەسەر دەبەن و تەنها بۆ خواردن و نووستن دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان. بەڵام ژنان لەسەریانە لەماڵەکانی خۆیان بمێننەوە بۆ ئەوەی ئاگایان لە ئابڕوو و شەرەفیان بێت.ئەوان هەر لە منداڵییەوە فێردەکرێن بالاپۆش بن و لەماڵ نەیەنە دەرەوە تەنها بۆ کارێکی زۆر پێویست نەبێت. هەروەها ئەم کۆمەڵناسە وردکۆڵە ئەم دابڕانەی نێوان پیاو و ژنی عێراقی بە هۆکاری زۆر لادانی سێکسی دەزانێت کە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بە شێوەیەکی زۆر و ئاشکرا بەربڵاوە.[٨٠]

باشووری کوردستان، نەک بە خواستی خۆی، بەڵکو بەهۆی داگیرکراوییەوە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، کولتووری فەرمی دەوڵەتی عێراقی بەسەردا سەپاو بووە و کاریگەری داب و نەریت و یاسا و ڕێساکانی ئەوانی بەسەرەوە بووە و پیادە کردووە، بۆیە هەمان تێڕوانینی بەرامبەر بە ئافرەت هەبووە. شەرەفبینی لە جەستەی ژندا، کە لە کوردستاندا بەیاخی زۆری هەیە

[٨٠] بذوانة: د. علي الوردي. شخصية الفرد العراقي . ص . ٣٧.

و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بەو پاساوەوە ئەنجام دەدرێت، هەمان جۆری شەرەفبینییە کە زمانی عەرەبی و کولتووری عەرەبی لە جیهانی ئیسلامیدا بەرهەمی هێناوە.
"شەرەف"، "نامووس"، "ئابڕوو"،"حەیا"، ئەو دەستەواژانەن کە لە کوردستاندا بە توندییەوە بەکاردەبرێن، لە کاتێکدا هیچ یەکێک لە دەستەواژەکان کوردی نین.شەرەف، حەیا و نامووس لە زمانی عەرەبی و ئابڕوو لەزمانی فارسیەوە بە خۆی و سیمبول و مانا و ئاماژە کولتوورییەکانیەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە.

لەو نموونانەی سەرەوەوە بینیمان، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکی ئاسایش نییە بۆ ئافرەتان و لە عێراقیشدا کەکوردستانی ئێمە کراوە بە بەشێک لێی ژنبینی لەپلەیەکی نزمدا وەک کولتوورێکی نەشیاو و ناشایستە پەیڕەوی دەکرێت. هەنووکە لە جۆرەکانی ئەو توندوتیژیانەش ڕادەمێنین کە بەرامبەر بە مێینە پیادە دەکرێن، بەهۆی ئەو ڕوانینە باوە نەشیاوەی کە مەبەستمانە بیگۆڕین و فۆرمێکی مرۆڤانە و یەکسانخوازانەی بدەینێ.

**یەکەم: توندوتیژی جەستەیی**
هەموو ئەو ڕەفتارە زەبرئامێزانە دەگرێتەوە کە ڕووبەڕووی ئافرەت دەکرێتەوە و ئازاری جەستەیی پێدەگەیەنێت. لەم جۆرەدا بە ڕێژەی زەبری ڕەفتارە توندوتیژەکە ڕێژەی زیانی جەستەیی بە ئافرەت دەگات و لە بەرزترین پلەیدا دەبێتەهۆی سڕینەوەی بوونی فیزیکی ئافرەت، واتە گیان لەدەستدانی. لێدان، کوشتن بە پاساوی شەرەف و هەرپاساوێکی تر، خۆسووتان، سوتاندن و زەمینەسازی بۆ خۆکوشتنی ئافرەتان، هەموویان لە نێو ئەم خانەیە لە توندوتیژی جەستەیی جێگەیان دەبێتەوە.

بۆ ئەوەی بزانین ئەم جۆرە توندوتیژییەی کە زیانی جەستەیی بە ئافرەتان دەگەیەنێت، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بوونی هەیە یان نا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئامارە فەرمییانەی کە لە دامودەزگا تایبەتمەندەکانەوە بڵاودەکرێنەوە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها پشت بە ئامارە فەرمییەکان دەبەستین کە لە سەرچاوەیەکی حکومەت خۆیەوە خراوەتەوە ڕوو، دەنا ئەو ئامارانەی کە

هەندێک لە ڕێکخراوەکان بڵاوی دەکەنەوە ڕێژەکەی زۆرزیاترە، بەڵام ناتوانرێت باوەڕپێکراو بێت و بۆ توێژینەوە پشتی پێببەسترێت.

لە ڕاپۆرتەکانی ساڵی ۲۰۰۸ و ۲۰۰۹ ی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان کە لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، سەرنجمان بۆ ئەم بەراوردانە ڕادەکێشرێن.

**سنووری پارێزگای هەولێر:**

| ساڵ | کوژراو | سوتاو | ژمارەی سکاڵاکار |
|---|---|---|---|
| ۲۰۰۹ | ۳۷ | ۱۵۱ | ۱۳۵۷ |
| ۲۰۰۸ | ۵۲ | ۱٦۳ | ۱۲۰۱ |

**سنووری شاری دهۆک:**

| ساڵ | کوژراو | سوتاو | ژمارەی سکاڵاکار |
|---|---|---|---|
| ۲۰۰۹ | ۱۹ | ۷۵ | ٤۸٦ |
| ۲۰۰۸ | ۲۳ | ۵۸ | ۳٦٦ |

**سنووری شاری سلێمانی و دەڤەری گەرمیان**

| ساڵ | کوژراو | سوتاو | ژمارەی سکاڵاکار |
|---|---|---|---|
| ۲۰۰۹ | ۲۹ | ۱۸۸ | ۸۱۵ |
| ۲۰۰۸ | ۲۹ | ۱٦۱ | ۹۹۱ |

لەم ژمارانەوە، ڕێژەی توندوتیژی کۆمەڵگەی کوردستانمان بەرامبەر بە ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش توندوتیژی جەستەییمان بۆ دەردەکەوێت. بڕوانە، بە پێی ئەم ئامارە فەرمیانە:

- لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە سێ پارێزگای هەرێمی کوردستاندا (٥١٦ ئافرەت) بەهۆی توندوتیژی جەستەییەوە گیانیان لە دەست داوە، وێڕای ئەوەی کە (٢٥٥٨) سکاڵا تۆمار کراون لە ئەنجامی ئەم جۆرە لە توندوتیژی بەرامبەریان. ئەم ڕێژەیە پێمان دەڵێت لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لە هەرهەفتەیەکدا (١٠) ئافرەت لە هەرێمی کوردستاندا (لە سنووری سێ پارێزگا) لە بەر توندوتیژی جەستەیی، گیانیان لە دەست داوە. هەروەها لە هەر ڕۆژێکدا حەوت ئافرەت سکاڵایان تۆمار کردووە لەبەر هۆکاری توندوتیژی پیادەکراو لە بەرامبەریاندا.

- لە ساڵی ٢٠٠٩ یشدا لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا (٤٨٩) ئافرەت بەهۆی توندوتیژی جەستەییەوە بە کوژران و سوتان، گیانیان لەدەست داوە و ژمارەی سکاڵاکارانی ئافرەت لە دژی توندوتیژی پیادەکراو بەرامبەریان گەیشتووەتە (٢٦٥٨) سکاڵا. ئەم ڕێژەیەش پێمان دەڵێت لەم ساڵەدا لە هەر هەفتەیەکدا (٩ ئافرەت) لەبەرزەبری توندوتیژی گیانیان لە دەست داوە و (٧) ئافرەتیش سکاڵایان لە دژی کەسانی توندوتیژ بەرامبەریان، تۆمار کردووە.

بۆ ئەوەی ڕوونتر لەم توندوتیژییە تێبگەین، لەو ئامارانەی کە لە بەردەستمانن، سنووردارتری دەکەینەوە و ئاماری هەندێ دۆخی توندوتیژی لە سنووری شاری ڕانیە و قەڵادزێ، کە دەکاتە دەڤەری ڕاپەڕین، دەخەینە بەرچاو، چونکە لەم سنوورەدا ئاماری وردمان لەبەردەستدا هەن کە لە نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی سەر بە وەزارەتی ناوخۆوە بەردەستخراون.
ئاماری توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە سنووری (ڕاپەڕین) بۆساڵَی ٢٠٠٩
سەرچاوە: نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی

| سوتان | خۆسوتان | کوشتن | خۆکوشتن | ڕفاندن | لێدان | هەڕەشە | خۆخنکان | خنکاندن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٥ | ١٧ | ٥ | ٣ | ١ | ٨٦ | ٩٥ | ١ | ٢ |

**ئاماری توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە سنووری (قەڵادزێ) بۆساڵی ٢٠٠٩**

**سەرچاوە: نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی**

| سوتان | خۆسوتان | کوشتن | خۆکوشتن | ڕفاندن | لێدان | هەڕەشە | خۆخنکان | خنکاندن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | ٢ | ١ | ١ | ١ | ٣٢ | ٣٩ | ٠ | ٢ |

ئاماری توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە سنووری (ڕانیە) بۆسالَی ٢٠٠٩

سەرچاوە: نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی

| سوتان | خۆسوتان | کوشتن | خۆکوشتن | ڕفاندن | لێدان | هەڕەشە | خۆخنکان | خنکاندن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | ١٥ | ٣ | ٢ | ٠ | ٥٤ | ٣٩ | ١ | . |

دەڤەری ڕاپەڕین کە سنووری هەردوو ناوچەی بێتوێن و پشدەر دەگرێتەوە، بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی سەر بە وەزارەتی ناوخۆوە دەرچووە، ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو توندوتیژییانەیە کە لە سنووری پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە.

لەساڵی ٢٠٠٩ دا لە کۆی ٢٩ حاڵەتی (کوشتن،خۆکوشتن) کە تایبەتە بە سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیانەوە، ٩ حاڵەتیان لە سنووری ڕاپەڕین ڕوویانداوە، کە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ٣١% ی ئەو دۆخانە.هەروەها لە کۆی ١٨٨ حاڵەتی سوتانی تۆمارکراو، ٦٢ یان لە دەڤەری ڕاپەڕین ڕوویانداوە، کە دەکاتە ڕێژەی ٣٣%ی سووتانەکانی سنووری سلێمانی و دەڤەری گەرمیان، کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزی توندوتیژیی پیادەکراو دەردەخات. ئەم ئامارانەی دەڤەری ڕاپەڕین پێمان دەڵێن، لە هەر مانگێکدا ١٠ ئافرەت بە زەبری توندوتیژی گیان لە دەست دەدەن، لەم ژمارەیەش ٦ یان لە سنووری ڕانیە و ٤ یشیان لە سنووری قەڵادزێیە. جگە لەوەش لە هەرمانگێکدا ١٥ئافرەت بەر هەڕەشەو لێدان دەکەون، کە ٨ لەوان لە ڕانیە و ٧ یان لە قەڵادزێیە.

لە کۆی ئەو ئامارانەی کە ئاماژەیان پێکرا، ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت لە کە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی ڕێژەیەکی تاڕادەیەک بڵند لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان هەیە، لە شارەگەورەکان و لە شارۆچکەکانیشدا، بە بەراوردیش ڕێژەی توندوتیژی لە شارۆچکەکان و سنوورەکانیان زیاترە وەک لە ناوچەرگەی شارە گەورەکان. ئافرەتانی گەنج زیاتر لە بەتەمەنەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، هەروەها ئافرەتی نەخوێندەوار و کەمخوێندەوار زیاتر لە ئافرەتی خوێندەوار ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. ئەم پەیوەندییە سەبارەت بەوانەشی توندوتیژییان نواندووە ڕاستە، کەمخوێندەوار و نەخوێندەوارەکان توندوتیژترن و گەنجەکانیان لە بەتەمەنەکان زیاتر زەبروەشێنن. لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٩ ی بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتاندا هاتووە:

• ٢٩% ی ئافرەتانی سووتاو خوێندەوارن، بەڵام ٧١% نەخوێندەوارن.
• ٣% ی تاوانباران خوێندەوارن و، ٩٧ % یان نەخوێندەوارن.
• ٧٩% ی ئەو ئافرەتانەی کە توندوتیژی سێکسیان بەرامبەر کراوە لە نێوان (١٤-٣٠) ساڵیدا بوون، ٢١% یشان لە نێوان (٣١-٦٠) ساڵیدا بوون. لە نێو ئەمانەدا ٦٢ %یان نەخوێندەوارن.
• لەڕێژەی تۆمارکراوی ئافرەتانی کوژراو لە سنووری سلێمانی، ٢٩% ی ئافرەتانی کوژراو شارنشین بوون و ٧١% یان لە دەرەوەی شارەکان نیشتەجێبوون.

ئەم ڕێژانەی سەرەوە، پەیوەندی فاکتەرەکانی تەمەن و ڕۆشنبیری و هۆشیاری و ئاستی گەشەسەندنی باری کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کوردستان بە ڕێژەی توندوتیژیمان بۆ روون دەکاتەوە، کە ئێمە درێژەی باسەکەماندا ڕاڤەیان دەکەین و پێشنیازی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان دەخەینە بەرچاو.

**دووەم: توندوتیژی وتەیی**

ئەم جۆرە لە توندوتیژی ئەو زەبرانە دەگرێتەوە کە بە زمان دەردەبڕێن و ئاراستەی ژنان دەکرێن. جنێودان و سوکایەتیپێکردن، پێناسەکردنیان بە لاواز و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانە لەو تێڕوانینە باوەی کە پێکدێت و دەبێتە چاویلکەی کۆمەڵگە بۆ ئافرەتبینین.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە بەرهەمهێنەری توندوتیژی وتەییە بەرامبەر بە ئافرەتان ناهاوسەنگی پێکهاتەی خێزان و نادروستی بناغەی ژیانی هاوسەردارییە. لەبەرئەوەی لە سەرەتای دروستبوونی خێزانەوە خۆشەویستی و لێکتێگەیشتن نابێتە کۆڵەکەی پێکەوەنانی خێزان و کوڕو کچ بڕیاردەری سەرەکی نین لە دامەزراندنی ژیانی هاوسەرداریدا و بەڕێژەیەکی زۆر کەس و کارە نزیکەکان بەشدار دەبن لەو بڕیارە و کاریگەری لەسەر خێزانی تازەپێکهاتوو دادەنێن، بۆیە زۆر ناخایانێت کێشەی خێزانی سەرهەڵدەدات و سەرەتاش بە توندوتیژی وتەیی و سوکایەتیپێکردن دەست پێدەکات. ئەمەل عەواودە لە توێژینەوەیەکیدا کە سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئوردون ئەنجامی داوە، توندوتیژی وتەیی بەرامبەر بە ژن لەلایەن مێردەوەی وەک ترسناکترین جۆری توندوتیژی پێناسە کردووە. بە پێی عەواودە، توندوتیژی وتەیی هەموو ئەمانە دەگرێتەوە: جنێودانی پیاو بە هاوسەرەکەی و هاوارکردن بەسەریدا، ڕووشکێنکردنی لەبەردەم خەڵکی تردا، سوکایەتیپێکردنی بە وشەی ناشایستە و هەرزەگۆیانە، ڕێزنەگرتنی، ددانانەنان بە توانیدا، دەربڕینی سەرسامی بەرامبەر بە ئافرەتی تر لەبەردەمیدا، گاڵتەپێکردنی.

هۆڵتزۆرس مۆنرۆ، ئەی سموتزلەر و چەند لێکۆڵەرێکی تریش، لە کتێبی (توندوتیژی هاوسەر) دا، توندوتیژی وتەیی بە ڕووخێنەرێکی گەورەی (خوود)ی ئافرەتی (هاوسەر) داناوە. [٨١]

ئێمە دەتوانین بە تایبەتی خۆسوتاندن و خۆکوشتنی ژنان ببەستینەوە بە ڕووخاندنی (خوود) لای ئافرەتی بەر زەبر کەوتوو. با سەرەتا ڕوونی بکەینەوە خوود مانای چییە. زانا و دەروونناسی ناسراو کارڵ گۆستاف یونگ (١٨٧٥-١٩٦١)، کەسایەتی مرۆڤی دابەشی سێ ئاست کردووە، هەست و نەست و هۆشی ناوەکی. هەستەکان بۆ هەمووومان ناسراون و ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، بەڵام دوو بەشەکەی تری دەروونی مرۆڤ شاراوەن. ئەم دابەشکردنی دەروونە لای دامەزرێنەری دەروونناسی زیگموند فرۆیدیش هەر وا بوو. (خوود)ی مرۆڤ بریتییە لە بەشە

[٨١] امل عواده. العنف ضد المرأة . ص ٢٣.

ناوەکییەکانی مرۆڤ، کە نەست و هۆشی ناوەکی دەگرێتەوە. خوود بریتییە لە (منی باڵا) و (من) و (نزمە من)، کە یەکەمیان ڕۆڵی ویژدان و دووەمیان ڕۆڵی کەسێتی بینراو و سێیەمیان ڕۆڵی غەریزەکانی مرۆڤ دەبینینت. [٨٢]
کەسایەتی مرۆڤ لە بەرەنجامی ململانێی نێوان هێزی ویژدان و هێزی غەریزەکانەوە دروست دەبێت، بۆیە بۆ ئەوەی خوودێکی بەهێز لە مرۆڤ دروست ببێت، پێویستە هاوسەنگییەک لە نێوان هەردوو ئەو هێزانەدا هەبێت. توندوتیژی وتەیی زەبری ڕاستەقینە لە کەسایەتی مرۆڤ دەوەشێنێت. کاتێک دەڵێین خوود دەڕووخێنێت مەبەستمان ئەوەیە کە بەشەکانی دەروون لە ڕاییکردنی ئەرکی خۆیان پەک دەخات و هاوسەنگی دەروونی مرۆڤ دەشێوێنێت.

ئەو ئافرەتەی کە لە نێو خێزاندا بەردەوام سوکایەتی پێدەکرێت و جنێوی پێدەدرێت، تووشی خەمۆکییەکی توند دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ لە ژێر کاریگەری زەبری ئەو وتە ڕووخێنەر و ڕووشێنەرانە، بونیادی (خوود)ی لاواز دەبێتەوە،کاتێکیش کە دەگاتە پلەی ڕووخانی تەواو، لەخوودی خۆی بێزار و بێبەری دەبێت و خۆی لە ناو دەبات. خۆکوشتن و خۆسوتاندن یەکێک لە توندترین کاری توندوتیژییە کە ئافرەت بەرامبەر بە خۆی ئەنجامی دەدات، بەڵام لەو دۆخەدایە کە ئاگایی ئەو لە (خوود)ی خۆی بڕاوە و بێبەرییە لێی، بەهۆی پاڵەپەستۆی ئەو زەبرەی ماوەیەکی درێژ گوشاری دەروونی لەسەری داناوە و تا قوڵایی نەستی پەستاندوویەتی.

لە نێو خێزانی کۆمەڵگەی کوردستاندا ئەم شێوازانە لەتوندوتیژی وتەیی پیادە دەکرێت و ئازاری ئافرەت دەدات. لە ڕاپرسییەکدا کە ٥٣ کەس بەشداری وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان کردووە، ٧٦% بیان ئەم جۆرانە لە توندوتیژییان دەستنیشان کردووە: کوشتن، سوتان، فڕاندن، ئەتککردن، سوکایەتیپێکردن و جنێودان، ڕێگرتن لە خوێندن، ڕێگرتن لە پێکەوەنانی هاوسەرگیری بە ئارەزووی خۆی، هەروەها بەکارهێنانیان بۆ لەشفرۆشی.

---

[٨٢] Shultz .L.O .(1996). Psykologiska perspektiv. Lund. Studentlitteratur. .p 26.

تێڕوانینی باو بەرامبەر بە ئافرەت لە کولتووری ڕۆژهەڵاتییەکاندا بە گشتی بەنزمتر زانینیەتی لە پیاو. ئەم ڕووانینە لە پەروەردەی خێزاندا خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و بۆ نەوەکان دەگوێزرێتەوە. جیاکاری لە نێوان کوڕو کچ لە خێزاندا هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونیانەوە ئەوەندە بە ڕوونی دەردەکەوێت و بەردەوام دەبێت، کە هەردوو توخمەکە وەک ڕەفتارێکی ئاسایی وەریدەگرن و ڕادێن لەسەری. کوڕان ڕادێن لەسەر ئەوەی کە ئەوان پلەیان لە هەرەمی خێزاندا بەرزە و جێگری باوکیانن، کچانیش ڕادهێنرێن لەسەر ئەوەی کە پلەیان لە هەرەمی خێزاندا نزمە و جێگری دایکیانن. لە ئەنجامی ئەو پەروەردە جیاکارانەوە لە نێو خێزاندا دوو چین دروست دەبێت، چینی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، کە ئەویان ڕۆژانە و وەک کارێکی ئاسایی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەویتردا پیادە دەکات. چینی بێدەسەڵاتی نێو خێزان مل بۆ ئەو دەسەڵاتە دەدەن و بەرهەڵستی ناکەن، چونکە لە کاتی بچووکترین جۆری بەرهەڵستیدا بەرەوڕووی زەبروزەنگی دەسەڵاتدارانی نێو خێزان دەبنەوە و دەشێ بە سڕینەوەی بوونیان کۆتایی پێبێت.

جین بیکەر میللەر، لە کتێبی (بەرەو دەروونناسییەکی نوێی ئافرەتان)، دەڵێ کاتێک گروپێک پێناسەی پاشکۆیان بۆ دەکرێت، گروپی دەسەڵاتدار مۆرکی دواکەوتوو و نزمی لێدەدات، ئەم مۆرکەش بە خێرایی زیاد دەکات و دەچەسپێت، ڕەفتار و وتاری گروپی دەسەڵاتداریش توندتر و ڕووخێنەرتر دەبێت.[٨٣]

**سێیەم: توندوتیژی دەروونی**

سوکایەتیپێکردن و هەڕەشە و ترساندن، کاریگەرییەکی بەردەوامی دەروونی لەسەرئافرەت دادەنێت. لە ئامارە ئاماژەپێکراوەکانەوە و لە ڕێژەی ئەو سکاڵایانەی کە تۆمار دەکرێن، دەردەکەوێت کە هەڕەشە و ترساندن یەکێکی ترە لە میتودەکانی توندوتیژی و لەکوردستاندا لە بەرامبەر مێینەدا پیادە دەکرێت.

زۆربەی هەرەزۆری ئەو توندوتیژییانەی کە بەرامبەر بە ئافرەت ئەنجامدەدرێن، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بەو

---
[٨٣] جين بيكر ميللر. نحو علم نفس جديد للمرأة . دار الفرقد. ٢٠٠٨. ص. ٣٩.

پێناسەیەی کە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بۆ شەرەف کراوە. شەرەف کراوە بە کۆدێک بۆ کۆیلەکردنی مێینە لەو کۆمەڵگانەدا . بە پێی پێناسەی باوی کۆمەڵگە (شەرەف) بریتییە لە سێکسوالێتی ژن، واتە لە نێو جەستەی ژن و لە ئەندامی سێکسی ژندا قەتیس کراوە. شەرەفی پیاو، لەو کۆمەڵگایانەدا بەوە دەشکێت کە ئافرەت هەڵسوکەوتێک بکات لە دەرەوەی چوارچێوەی باو کە خێزان و کۆمەڵگە بۆیان داناوە، ئەو چوارچێوەیەش ئەوەندە تەنگ و تاریکە مانەوە لەناویدا (خوود)ی ئافرەت دەکاتە زیندانییەک لە نێو جەستەی خۆیدا. مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا ئازادە، بۆیە بەند و کۆتەکان وەک دەستکرد دەبینێت و هەوڵی ئازادبوون دەدات لێیان، بۆیە وەک کاردانەوەیەکی سروشتی بۆ بەزاندنی سنووری ئەو چوارچێوەیە، ئافرەت دەیەوێت بجولێتەوە و مومارەسەی ژیانی ئاسایی خۆی بکات، بەڵام کە دەجوڵێتەوە لەگەڵ دیوار و کۆت و بەندەکاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ئەم ململانێیە لەگەڵ دیوارە ئەستوورەکانی ئەو چوارچێوەیەی خێزان بۆی دادەنێت، فشاری دەروونی بۆ دروست دەکات و ئەو ئازارە دەروونییەش کار لەسەر تەواوی ژیانی دەکات.

ئەو کەسەی فشاری دەروونی لەسەر بێت باوەڕی بەخۆی لەق دەبێت، هەست بە ترس دەکات، لە پەیوەندی بە مرۆڤ دەسڵەمێتەوە. کەسێ ترس و سڵەمینەوە لە دەروونیدا حەشاربێت، توانای فێربوون و دانوستانی کەم دەبێتەوە، کاتێ ئەم توانایەشی کەم دەبێتەوە، زیاتر و زیاتردوادەکەوێت و ناتوانێت لە دەرفەتەکانی ژیان سوود وەربگرێت. بۆیە بە پێی پێوەرە زانستییەکانی دەروونناسی دەتوانین بڵێین تێڕوانینی باوی کۆمەڵگە بۆ شەرەف و قەتیسکردنی لە جەستەیدا، زیانی دەروونی بەردەوام لە مێینە دەدات.

**چوارەم: توندوتیژی کۆمەڵایەتی**

کاتێ توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە دیاردە، پێویستمان بەوە دەبێت تیشک بخەینە سەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجامەکان. کۆمەڵناسەکان بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە دوای ئەو فاکتەرانەدا دەگەڕێن کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا بوونیان هەیە و باون. زۆرجار ژینگەی کۆمەڵایەتی کە کاریگەرە لە شێوەگرتنی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک، پلەبەندی دوو جۆری سەرەکی دەکەن:

• ژینگەی ماتریالی
• ژینگەی سیمبولی
بەڵام ئەوەش ڕوونە کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەک پابەندیشە بە:
• مەرجە بیۆلۆژییەکان
• پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان[٨٤]
مەبەست لە فاکتۆرە ماتریالیەکان، ئەو سەرچاوە و ئامرازانەیە کە لەبەردەستی مرۆڤدایە و بەکاریان دەهێنێت، جۆری ئامرازەکان و شتومەکەکانی بەردەستی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ڕۆژانە و خووی مرۆڤەکان دادەنێن، کە لە نێو باسەکەماندا پەیوەندی خووی توونددوتیژانەی کۆمەڵگە بەرامبەربە ئافرەتو پەیوەست بەم فاکتۆرەو شیدەکەینەوە.
مەبەست لەژینگەی سیمبولی یان فاکتۆری سیمبولی ئەوەیە کە نەک تەنها ئامراز و سەرچاوە مادییەکان، بەڵکو سەرچاوە سیمبولییەکانیش کاریگەری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤەکان دادەنێن. مرۆڤ بایەخێکی زۆردەدات بەوەی مرۆڤەکانی دەوروبەری چۆن بیری لێدەکەنەوە و ڕایان چییە بەرامبەری، چۆنی دەبینن و چۆنی باس دەکەن. واتە گرنگە بزانین مرۆڤبینی لەو کۆمەڵگەیەدا لەچ ئاستێکدایەو چۆن کاردەکاتە سەرڕەفتاری تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە. شایانی گوتنە کە زمان لە دروستکردنی ئەم فاکتۆرەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، چونکە زمان بەرهەمهێنەری ئەو سیمبولانەیە کە بیر دایاندەهێنێت. لە هەر وشە و دەستەواژەیەکدا سیمبۆلێک سەرپەرشتی وزەی ئەو وشە یان دەستەواژەیە دەکات و هەموو وشەیەک وێنەیەکی تێدایە کە بە چاوی ناوەوەی مرۆڤەکان دەبینرێت.

لە سۆشیاڵ ئەنترۆپۆلۆژیدا گریمانەیەکی ناسراو هەیە بەناوی (ساپیر-ۆرف)، کە بە پێی ئەو گریمانەیە "زمانی سروشتی تەنها سیستەمێکی ڕێزمانی نییە، بەڵکو بە پلەیەکی بەرز شێوەی هەست و بیر و ئەزموونەکانی مرۆڤ دیاری دەکات. بونیادگەرەکان، لە نێو ئەوانەدا بونیادگەری ناسراوی فەرەنسی "کلاود لیڤ شتراوس" و " ئێدمۆند لیج" ی ئینگلیز، پێیان وایە مرۆڤ

---
٨٤ Erik Allerdt. Sociologi. Awe-Gebers. Stockholm 1985. p. 32.

پەیوەندی خۆی بە سروشتەوە لەڕێگەی گەشەپێدانی دەستەواژەکانەوە دیاری دەکات و وا دەکات ئاراستەی بکات و ڕەفتاری پڕمانای لەگەڵدا بنوێنێت. کەواتە دەتوانین بڵێین گۆڕینی کولتوور بە شێوەیەکی فراوان پەیوەندی هەیە بە گۆڕینی ژینگەی سیمبولی، بە گۆڕینی دەستەواژەکانی نێو زمان، یان بەرهەمهێنانی دەستەواژەی پڕمانای تر، بۆ ئاراستەکردنی ئەو گۆڕانە کولتوورییە.[٨٥]

ئەنتۆنی.ف. والاس پێی وایە جیاوازی نێوان کولتوورەکان پەیوەندی بە جیاوازی سیستەمی سیمبولەکانەوە هەیە کە لەو کولتوورەدا بووەتە باو. کەواتە بۆ ئەوەی بزانین کولتووری کۆمەڵگەیەک چەند پێشکەوتووە و گەشەی کردووە، سەرنجی زمانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەین و بزانین زمانی بەکارهاتووی فەرمی لەو کۆمەڵگەیەدا کە هەڵگری بەشێکی زۆری سیمبولەکانە، چەند گەشەسەندووە.

مەبەست لە مەرجەبیۆلۆجیەکانیش ئەو پێویستییە سروشتییانەیە کە مرۆڤ پێویستی پێیانە بۆئەوەی بژی، وەک ئۆکسجین و خۆراک و ئاو، ئەم پێویستییانەیە کە لە دەروونناسیدا بە پێویستییە سەرەکی و سەرەتاییەکان دەناسرێت و مەرجە مرۆڤ ئەم پێویستییانەی دابین ببێت تا بوونی پارێزراو بێت و کەسایەتیشی گەشە بکات.

کۆمەڵناسی فەڕەنسی ئەلان تۆرین جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە پێویستە لێکدانەوەکانی کۆمەڵناسی لە ناو پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵبهێنجرێن، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی تەنها بە لێکدانەوەی فاکتۆرە ماتریالییەکان و بەو فاکتۆرانەی بە هۆشیاری و وێنای مرۆڤاکانەوە پەیوەستن، ڕوون نابنەوە، بەڵکو بە وەسفکردنی ئەو پەیوەندی و کارلێککردن و تێکەڵاوییەی کە بەردەوام مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەک بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، کە ئەمانەن جیهانی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن و ئەم جیهانە کۆمەڵایەتیەش بەردەوام دەگۆڕێت و شێوەی نوێتر دەگرێت. تۆرین ناوی ئەم جۆرە تێگەیشتنەی خۆی لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان دەنێت (کۆمەڵناسی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان).

---

[٨٥] Erik Allerdt. Sociologi. Awe-Gebers. Stockholm 1985. p. 33.

کۆمەڵگە دامەزراوەیەکی گشتییە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنێت، کە بنچینەی مێژووییان هەیە و بە ئاراستەی کولتووری دیاریکراوەوە دەناسرێنەوە.[٨٦] بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵک، فەنتازیای کۆمەڵناسی ئامرازێکی زەینی گرنگە. س. ڕایت میل، پێی وایە ژیری و ڕەسەنێتی و فەنتازیای کۆمەڵناس، بەستراوەتەوە بە توانای شیکردنەوەی ئەو بۆ پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و پشکنینی کارلێکی نێوانیان و نێوان فاکتەرەکانی دیکەی وەکو ژینگەی ماتریالی، ژینگەی سیمبولی و مەرجە بیۆلۆژییەکان.

فاکتۆرێکی دیکە کە کار لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان دەکات، تەکنەلۆژیا و گۆڕانکارییەکانی جیهانی تەکنەلۆژیایە. ویلیەم فیلدینگ ئۆگبورن پێی وایە گۆڕانکاری لە تەکنەلۆژیادا کاریگەری لەسەر فاکتۆرەکانی تریش دادەنێت و کار لەڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات. ئۆگبۆرن دەڵێ: یەکەمجارتەکنیک دەگۆڕێت، ئینجا بەشەکانی دیکەی کولتوور وەک ڕەوشت، ئایین، ڕێساکان و داب و نەریت، دوای ئەو گۆڕانە دەکەون و دەگۆڕێن.

ئێمە لەم چەند ساڵەی دواییدا، نموونەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان بەهۆی ئامرازە بەکاربراوەکانی تەکنەلۆژیای نوێوە بەئاشکرایی دەبینین. بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان و بێسنووربوونی پەیوەندییەکان بەهۆی پرۆسەکانی جیهانگەراییەوە، کاریگەری لەسەرڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاک و خێزان و کۆمەڵگەی کوردستان داناوە. کەناڵە ئازادەکانی پۆرنۆگرافی و بەربڵاوی بەرهەمی فیلمی سێکسی لە بازاڕەکاندا کە بە بێ سانسۆر دەستی ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجان دەکەوێت، فەنتازیایەکی فراوانی سێکسی لە خەیاڵگەی گەنجدا چێکردووە. بەهۆی ئەو چەپاندنە سێکسییەشەوە کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، تامەزرۆیی بۆ بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە زۆرە و مۆبایلیش وەک ئامرازێکی ئاسانکەری پەیوەندی قەدەغەکراوی نێوان نێر و مێ، کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەردوو ڕەگەز داناوە.

---

[٨٦] Erik Allerdt. Sociologi. Awe-Gebers. Stockholm 1985. p25.

لە لایەکەوە لە نێو کولتوور و ڕووانینی باودا قەدەغەکان وەکو خۆیانن و سزای لادان لەو قەدەغانە وەکو جارانن و سەختن، لە لایەکی ترەوە ئاسانکاری بۆ پەیوەندی بەهۆی ئامێرەکانی تەنکنەلۆژیا و زۆربوونی وروژێنەرە سێکسییەکانەوە، دۆخێکی ناهاوسەنگی لە خوودی پیاوان و ژنانی چەپاودا دروست کردووە. ئەنجامەکەشی بەهۆی وروژێنەرە سێکسییەکان و ئاسانکاری پەیوەندییەکانەوە شکاندنی تابۆکان زیاد دەکات، بەڵام سزاکان وەکو خۆیانن و ئافرەت باجی گەورەی شکاندنی تابۆکان دەدات و پیاوان کەمتر باجی ئەوە دەدەن لە ڕووی فیزیکییەوە، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە پیاوانیش بەهۆی زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی وروژێنەرە سێکسییەکان و ئامرازەکانی دیکەوە زیانی دەروونیان پێدەگات و "خوود"یان دەڕووخێنێت.

**پێنجەم: توندوتیژی سێکسی**

ئەم جۆرە لە توندوتیژی هەموو ئەو دۆخانە دەگرێتەوە کە ئافرەت لە نێو خێزاندا، یان لە نێو کۆمەڵگە و دامودەزگاکانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لە ڕووی سێکسییەوە دەچەوسێندرێتەوە. زۆررەفتار و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کە لە نێو خێزاندا پەیڕەوی دەکرێن، سەرچاوەن بۆ توندوتیژی سێکسی بەرامبەربە ئافرەتان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، نموونەی خەتەنەکردنی منداڵی کچ، بەزۆربەشوودانی کچان، گەورەبەگچکە، لەسەر لانک مارەکردنی کچی ساوا، ژنبەژن، و هتد کە پاشماوەی دابونەریتی خێڵەکین و لە هەندێ شوێنی کوردستاندا، بە تایبەت لە شارۆچکەکان و لادێکان تا ئەمڕۆش شوێنەواریان ماوە و پەیڕەویکردنیان بەردەوامە.

بازرگانیکردن بە سێکسی ژن و بەکارهێنانیان لە کاری لەشفرۆشیدا یەکێکی ترە لە توندوتیژی سێکسی کە ڕووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە. لەم بارەیەوە توێژینەوەکەی خەندان حەمەجەزا کە بەناوی (ئۆقیانووسێک لە تاوان) بڵاوبووەوە و بەربڵاوی ئەم جۆرەی لە توندوتیژی وەک دیاردەیەک ناساند. لەو توێژینەوەیەدا بە ڕوونی تیشک دەخاتە سەر بەرپرسیارێتی خێزان بەرامبەر بەم دیاردەیە و ئەو توندوتیژییەی کە لە خێزاندا ڕووبەڕووی کچ دەبێتەوە دەبێتە پاڵنەری بۆ لادان و شۆڕبوونەوە بۆ نێو بازاڕی لەشفرۆشی و ڕووخانی کەسایەتی بەهۆی فرۆشتنی بەهای جەستەی لە لایەن باندەکانی

لەشفرۆشییەوە، کە سەدان کچی گەنجیان گیرۆدەی داوی لەشفرۆشی کردووە و قوربانی ئەو جۆرە ترسناکەی توندوتیژین.

لاقەکردنی کچ لە نێو خێزاندا بابەتێکی هەستیارە کە بەهۆی ئەو تابووەی کە لە سەرپرسی سێکس هەیە توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە، چونکە وەک پرسێکی ناوخۆی خێزان هەمیشە لە تاریکیدا هێڵدراوەتەوە.
یەکێکی تر لەو دۆخانەی کە دەچێتە خانەی توندوتیژی سێکسییەوە لە نێو خێزاندا چەوساندنەوەی سێکسی ژنانە لە لایەن مێردەکانیانەوە. لە پێناسەی توندوتیژی سێکسیدا، سێکس کردنی مێرد لەگەڵ هاوسەریدا بە بێ ڕەزامەندی و ڕەچاونەکردنی باری تەندروستی فیزیکی و دەروونی ئافرەتەکە، دەچێتە خانەی ئیغتیسابکردنەوە. ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە خێزانی ڕۆژهەڵاتیدا زۆر کەم دەخرێتە بەرباس و توێژینەوە،چونکە لە تێڕوانینی باودا ژن وەک موڵکی پیاو دەبینرێت و ئەنجامدانی کاری سێکسی مێرد لەگەڵ ژنی خۆیدا لە هەر کات و شوێنێکدا بە ڕەوا زانراوە. نەخوێندنەوەی هەستەکانی ژن لە لایەن مێردەوە لە ژیانی هاوسەرداریدا و لە کاتی ئەنجامدانی کردەی سێکسیدا ئازاری دەروونی لای ئافرەت بە جێدەهێڵێت، کە لە زۆربەی کاتدا ئەم ئازارانە دەچەپێنێت و دەرینابڕێت و لە ئەنجامیدا دەشێ تەندروستی دەروونی تێکبچێت. لادانی سێکسی کە لە شێوەی ناپاکی هاوسەرێتیدا ڕوودەدات، هۆکاری سەرەکی ناهاوسەنگی ژیانی سێکسی ژن و مێردە. بابەتی توندوتیژی سێکسی خۆی دیاردەیەکی فرەڕەهەند و فراوانە و توێژینەوەی تایبەتی پێویستە، کە بە پێویستیشی دەزانم لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پەردەی لەڕوو هەڵماڵدرێت و لە هۆکار و دەرهاویشتەکانی بکۆڵدرێتەوە،تا ڕێگەی چارەسەرییەکانیشی بدۆزرێتەوە.

**شەشەم: توندوتیژی سیاسی**
پەراوێزخستنی ڕەگەزی مێینە و بەهەندوەرنەگرتنی توانای لە بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی وڵاتدا، دەچێتە خانەی توندوتیژی سیاسییەوە کە بەرامبەر بە ئافرەتان پیادە دەکرێت. کە سیستەمی سیاسی لە وڵاتێکدا دەرفەتی یەکسان بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ فەراهام نەکات و جیاکاری لەنێوانیاندا بکات، مانای ئەوەیە ڕەوایەتی دەدات بەو توخمبەندییەی کە سیستەمی ستەمگەرانە و

ئاڵۆزی پاتریارکی بەرهەمی هێناوە، کە لەسەربنچینەی سەروەرێتی نێر و ژێروەرێتی مێ بنیات نراوە.
لە سیستەمی سیاسی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژنان لە پەراوێزن و لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا کە کۆمەڵگەکانی دەوروبەری کوردستانن و کاریگەرییان لەسەر ئێمەش هەیە، ئافرەت بە شیاوی پێگە سیاسییەکانی نێوەندی بڕیاردان نازانن. حیزبە سیاسییەکان ژنان وەک ئەندام و لە پلەکانی خوارەوە بە ڕێژەیەکی زۆر وەردەگرن، بەڵام بواریان نادەن لە سەرکردایەتی حیزبەکاندا کە ناوەندی بڕیارە ئافرەت دەنگ و سەنگی هەبێت. ئەم جیاکارییە لە سیستەمی سیاسیدا پێویستی بە ئامار نییە بۆ سەلماندن، چونکە ئێمە دەتوانین بێ سڵکردنەوە بڵێین لە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتانی دەوروبەرمان و هی عێراق و لە کوردستانیشدا ژنان لە سەرکردایەتیاندا ڕەنگێکی کاڵ و کرچیان هەیە و دەنگیان نابیسترێت..

لە عێراقدا بەهۆی ڕێژەی کۆتا، ٢٥% ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و پارێزگاکان بە پێی دەستوور بۆ ئافرەتان دانراون. ئەم ڕێژەیە لەکوردستاندا لە ساڵی ٢٠٠٩ ەوە کراوە بە ٣٠%، بەڵام بەهۆی سازنەکردنی زەمینە و دەرفەتنەدانی ئافرەتان بۆ پێگەیاندنی خۆیان لە بواری سیاسیدا هێشتا بەشداری ژن لەو پێگانەدا کاریگەری بەرجەستەی نەبووە، چونکە هێشتا لەسیستەمی کۆعەقڵی کۆمەڵگەدا ئافرەت بۆ ئەرکی سیاسی بە شیاو نازانرێت و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبە باڵادەستەکان هەنگاوی کردارییان نەناوە.

جۆرێکی تر لە توندوتیژی سیاسی کە ئاراستەی ئافرەتان دەکرێتەوە، بەکارهێنانیانە لەو ململانێ سیاسییانەی کە پیاوان پێکەوە دەیکەن. ئەم جۆرە لە توندوتژی لە ڕاگەیاندنەکاندا بەدی دەکرێت، کاتێک بۆ لێدانی پیاوێکی سیاسی مەسەلە تایبەتییەکانی و ناوی ئافرەتانی نێو خێزانی هاوسەری، خوشکی، دایکی و ئافرەتانی دیکەی بنەماڵەکەی بەدناو دەکەن.
ژنانی چالاک لە بواری داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان و ژنانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆرجار سوکایەتی و تانە و تەشەریان لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئاراستە دەکرێت و ئەمەش وا دەکات ژنانێکی زۆر سڵ لەچالاکی بکەنەوە و خۆیان دوورەپەرێزبگرن لە ترسی ناوزڕاندن و پەلاماری ڕاگەیاندنەکان.

**حەوتەم: توندوتیژی یاسایی**

هەڵاواردن لە نێوان توخمی نێر و توخمی مێی مرۆڤ لە یاسادا ڕەوایەتیدانە بە کولتووری توخمبەندی و بەپاشکۆکردنی ئافرەتان. لە نێو یاساکانی عێراقدا، بە تایبەتی لە یاسای باری کەسێتی و یاسای سزاداندا ئەم جۆرە لە ڕەوایەتیدان بە هەڵاواردن و توخمبەندی بوونی هەیە و بەرفراوانە. ئەو یاسایانەی عێراق کە تەمەنیان لە نیوسەدە تێدەپەڕێت و هەموار نەکراونەتەوە، وا دەکات ژنانی عێراقی بە پێی یاسا بە کەمتر لە پیاو دەبینرێن و لە هەندێ دۆخدا بە نیوەی پیاو و لە هەندێ دۆخدا بە چواریەکی پیاو دابنرێن. بۆ نموونە لەو یاسایانەدا، لە میراتیدا مێینە نیوەی نێرینەی بەردەکەوێت، لە شایەتیدا دوو ژن لە جێگەی پیاوێک دادەنرێن، جگە لەوەش لەمافی فرەژنیدا پیاوێک بە پێی شەرع و یاسا دەتوانێ هاوکات چوار ژنی هەبێت. لەکوردستاندا هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ هەموارکردنی ئەو یاسایانە دراوە و هەندێکیان هەموار کراون بۆ نموونە یاسای باری کەسێتی لە ساڵی ٢٠٠٨دا هەموار کرایەوە، بەڵام هی دیکەش ماون کە نەکراون و پێویستیان بە هەموارکردنە، بۆ نموونە یاسای سزادان.

پەیڕەوینەکردنی یاسا و بەسزا نەگەیاندنی تاوانباران بە کوشتنی ژنان و ئەنجامدەرانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، دەچێتە خانەی کەمتەرخەمی دەوڵەت بەرامبەر بە توندوتیژی پیادەکراو بەرامبەر بە ژنان. نەبوونی یاسایەکی تایبەت بە پێناسەکردنی توندوتیژی و جۆرەکانی و سزادانان بۆ پەیڕەویکارانی توندوتیژی، بێبایەخی سیستەمی دادوەری وڵات بەم پرسە دەردەخات و هاوکات هاندەریشە بۆ بەردەوامی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان.

پەرلەمانی عێراق، ئەگەرچی چواریەکی ئەندامەکانیشی ئافرەتن، بەڵام هەتا ئێستا پرۆژەیەکی بۆ هەموارکردنی ئەو یاسا کۆنانە، یان بۆ داڕشتنی یاسایەکی نوێ لە بەرژەوەندی ئافرەتان، دانەناوە. دەکرێت دوو هۆکاری بەرجەستە لە بێبایەخی پەرلەمانی عێراق بەرامبەر بە پرسی ئافرەتان دەستنیشان بکەین، یەکەمیان حیزبە سەرەکییەکانی پێکهێنەری پەرلەمانی عێراق مەزهەبین و یاساکانی کۆنی عێراق کە لە سەر بنچینەی شەرع و دابونەریتی خێڵەکی داڕێژراون،بەلایانەوە ئاساییە و پێویستی بەهەمووارکردن نییە، دووەمیشیان ئەو ڕێژەیە لە ئافرەتانی پەرلەمانی

عێراق بەشی زۆریان ئەندامی ئەو حیزبە مەزهەبییانەن و هەمان بۆچوونیان هەیە بۆ ئافرەتان و بە پلەخوارتریان دەزانن. لە پەرلەمانی کوردستاندا، یاسای بەرەنگاربوونەوە تووندوتیژی خێزانی لە پەرلەمانی کوردستان دارژراو پەسەند کرا. ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنی گەورە بوو بە ئاراستەی کەمکردنەوەی تووندوتیژ بەرامبەر بە ژنان و منداڵان.

**هەشتەم: تووندوتیژی ئابووری**

ئابووری، هەر لە سەرەتای مێژووەوە ڕۆڵی سەرەکی بینی لە لێژکردنی پایەی ئافرەت لە ناوەندەکان و خلیسکاندنی بەرەو پەراوێزەکان. وەک لە سەرەتاشدا و لە باکگراوندی مێژوویی ئەم باسەدا گوتمان، دابەشکرانی کار هۆکاری ئەو پەراوێزخستنانەی ژنان بووە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا و ئەم دۆخەش قۆناخ بە قۆناخ پەرەی سەندووە و شێوەی نوێ و جیاوازی گرتووە.

توانایەکی زۆری ژنان لەو ئەرکانەدا سەرف دەکرێت کە بێداهاتن و لە خزمەتکردنی ئەندامانی خێزاندایە. نەبوونی داهات دەبێتە هۆی وابەستەیی ژن لە ڕووی ئابوورییەوە و بەهۆی ئەم پەیوەستبوونەشیەوە ڕێژەی چەوساندنەوە لەسەری زیاتر دەکات.

لە کوردستاندا ڕێژەی نەخوێندەواری بەرزە و لە نێو ئەو ڕێژەیشدا ئافرەتان بەشی شێریان بەرکەوتووە. ژنانی نەخوێندەوار دەرفەتی کاریان نابێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی کەسانی ترن، وەک باوک، برا، مێرد و پیاوانی تری بنەماڵە. ئێمە لە ئامارەکانیشەوە ڕووانیمان کە چۆن ڕێژەی نەخوێندەواران لە ئافرەتان زیاتر بەر زەبری تووندوتیژی دەکەون لە نێو خێزاندا، ئەمەش لە لایەکەوە بەهۆی ناهۆشمەندییانە بە مافەکانی خویان و لە لایەکی تریشەوە بە وابەستەییانەوەیە لە ڕووی ئابوورییەوە.

زۆر جار هۆکاری ئابووری لە پشت کوشتنی ئافرەتەوە بووە، بەڵام پاساوی شەرەف دراوەتە پاڵ ئەو تاوان و تووندوتیژیانەوە. برا بۆ ئەوەی دەستبەسەر پشکی خوشک لە میراتیدا بگرێت بە هۆی ئەنجامدانی تووندوتیژیی لە بەرامبەری و هەڵبەستنی تۆمەتی ئەخلاقی بۆی، ناچاری دەکات دەست لەو مافەی خۆی هەڵبگرێت یان ژیانی ڕووبەڕووی مەترسی ببێتەوە. لە نێوان

مافی ژیان و مافی ئابووریدا، مافی ژیان هەڵدەبژێرێت و مافی موڵکدارێتی بە نێرینە دەبەخشێت. ئەم جۆرە ناچارکردنە لە هەڵبژاردندا توندوتیژییەکی ئاشکرایە کە ئابووری لە پشتییەوەیە و ئافرەتانی خێزانی پێوە گیرۆدەن.

**گفتوگۆ و ڕامان:**

توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا پیادە دەکرێت و، پرسی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤی خستۆتە ناو دۆخی قەیرانی ڕاستەقینەوە. ئەو ئامارانەی کە لە ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە دەکرێن ئاماژە بە دۆخی ترسناکی توندوتیژی دەکەن بەرامبەر بە مێینە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، بەڵام ڕێژەیەکی زۆری ئەو توندوتیژییانە لە کۆمەڵگە گەشەنەسەندووەکاندا ڕوودەدەن. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەڕووی مرۆڤبینییەوە لەو کۆمەڵگانەن کە کولتورێکی گەشەنەسندوویان هەیە و ئافرەت وەک مرۆڤێکی تەواوی خاوەن هەمان ماف نابینن و وەک بونەوەرێکی کەمبەهرە، کەمبایەخ و سۆزناک و لاواز تێی دەڕوانن. سەرەڕای ئەوەش ئافرەت بە شەرەفی پیاو دەزانرێت و شەرەفی پیاویش بریتییە لە ئەندامە سێکسییەکانی ئافرەت. ئەم ڕووانینە نالۆژیکییەی کە بۆ شەرەف هەیە و ئەو پێناسە ترسناکەشی کە بۆ جەستەی ئافرەت کراوە لەوکولتوورانەدا، هۆکاری سەرەکی ڕێژەیەکی بەرزی توندوتیژییە کە بە پاساوی جیاواز ڕووبەڕووی ئافرەت دەکرێتەوە.

عێراق، کە یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهۆی مێژووی خوێناویشییەوە و تێوەگلانی بە شەڕی زۆر و درێژخایەن، مرۆڤبینی تیایدا شێوەیەکی پریمیتیڤی وەرگرتووە و ڕووانین بۆ ئافرەت بە تایبەتی ڕووانینێکی کێوی و ترسناکە. کوردستانی باشووریش کە ئەو بەشەی وڵاتی کوردە کە داگیرکراوی دەوڵەتی عێراق بووە، هەمان شێوەی دنیابینی و مرۆڤبینی بەسەردا سەپێنراوە و بەهەمان جۆر دەڕووانن ئافرەتیش و ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن.

عێراق، کە هەر لە سەرەتاوە کولتوورێکی خێڵەکییانەی هەبووە، وەک کۆمەڵناسی بەناوبانگی عێراقی د. عەلی وەردی لە لێکۆڵینەوەکانی شیکردۆتەوە، بەهۆی ئەو تیرە و خێڵە بەدووانەی کە نیشتەجێی عێراق بوونە و لە نێو خێڵی بەدووەکانیشدا سەرنجدانێکی سووک بۆ ئافرەتان باوە. داب و

نەریتی خێڵەکی بە بەردەوامی تێکەڵ بە ڕێساکانی ئایینیشکراوە و فۆرمێکی دینی پێبەخشراوە بۆ ئەوەی زیاتر بچەسپێت.

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و مانەوەی دەسەڵاتیان بۆ ماوەیەکی درێژ هەردەم هەوڵی ئەوەیان داوە سەرۆکخێڵ و هۆزەکان پابەندی سیاسەتی خۆیان بکەن، بۆیە دەسەڵاتی ئەوانیان بەسەر ئەندامانی خێڵەکانیانەوە برەو پێداوە. ئەم سیاسەتە خراپە برەوی بە مانەوەی خێڵ و برەوپێدانی عادەت و عورفی عەشیرەتە بەدەوییەکان داوە. لە سەردەمی سیوپێنجساڵی ڕژێمی بەعسدا بایەخدان بە عەشیرەتەکان و سەرۆکهۆزەکانیان گەیشتە چڵەپۆپە، تا ئەو ڕادەیەی پیاوانی خێڵەکانی چەکدار کرد و سەرۆکەکانیانی پابەندی حیزبی بەعس کرد، بۆ ئەوەی لە هەرچی کاتێکدا پێویستی پێیان بێت بۆ کوشتار و جەنگ بەکاریان بهێنێت. ئەم سیاسەتە وای کرد داب و نەریتی خێڵ زیاتر بچەسپێت و پیاو کە توانای چەکهەڵگرتنی هەیە و دەتوانێت پیاوبکوژێت، لە لای ئەو ڕژێمە بایەخی زیاتری پەیدا کرد و ئافرەتیش کە لە سیستەمی خێڵدا نە توانای کوشتنی هەیە نە چەتەیی، بایەخی زیاتر دابەزی.
ڕژێمی بەعس، هەمان سیاسەتی بۆ کوردستانیش پەیڕەوی کرد و سەرۆکهۆزەکانی کوردی بە ناوی موستەشارەوە پابەندی بەعس کرد و ئەویش لە لای خۆیەوە پیاوەکانی هۆزەکەی چەکدار کرد و وەکو هێزی ئامادە بۆ فەرمانی بەعس ڕاهێنران.

بەهۆی شەڕانگێزی بەعسەوە، پیاوانی زۆر پێویست بوون بۆ چەکهەڵگرتن، بۆیە کوڕ بایەخی زۆرتر پەیداکرد و ئافرەتانیش هاندەدران منداڵی زۆر دروست بکەن لە پێناوی دروستکردنی کوڕ، کە پەیتا پەیتا گەورە ببن و فریای بەرەکانی شەڕ بکەون. بە هاتنە سەر حوکمی سەددام حوسێن، دیکتاتۆری عێراق لە ساڵی ١٩٧٩، نەخشەی چەندین شەڕیش خرانە بواری پراکتیکەوە. ئافرەت لە عێراقدا بوو بە مەکینەی دروستکردنی پیاوانی شەڕکەر، پیاوانی شەڕکەریش چونکە خاوەنی عەقڵیەتی بەدەوی بوون هیچ نرخیان بۆ ئافرەت دانەدەنا و لە ناو ئەو زەبروزەنگەی کە ڕژێمی بەعس بەرامبەریان پیادەیان دەکرد، ئەوانیش دەسەڵاتی خۆیانیان لەسەر ئافرەت و منداڵەکانیان پیادە دەکرد. پیاوی عێراقی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بە

تایبەتی بەها و کەرامەتیان لەلایەن ڕژێمێکی ستەمکارەوە پێشێلکرابوو، ئەوانیش هەمان ستەمیان بەرامبەر بەو توخمە دەردەبڕی کە لە خۆیان لاوازترە، ئەویش ژن بوو.

لە کوردستاندا، ستەم کاریگەرتر بە نێو دەماری کۆمەڵایەتیدا ڕۆچووبووە خوارەوە. زیاتریش بۆ ئەوەی پیاوی کورد پابەندی بەهای وڵاتپارێزی نەبن، ڕژێمی بەعس پابەندی شەرەفپارێزی دەکردن. ئەو پیاوانەی بە مەبەستی وڵاتپارێزی دەچوونە ڕیزی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان و دەبوون بە پێشمەرگە و لەشاخەکاندا سەنگەریان لەداگیرکەران دەگرت، ئەمانیش لە نێو شاردا دەستیان بەسەر دایک و خوشک و کچ و ئافرەتانی بنەماڵەی پێشمەرگەدا دەگرت و بەومیتودە کاریگەرەش ناچاری ملدان و خۆبەدەستەوەدانیان دەکردن.

جەنگەکان، تەنها زیانی فیزیکی لە کۆمەڵگە نادەن، بەڵکو زیان و کاریگەرییە درێژخایەنەکانی بۆسەر سیستەمی هۆش و سیستەمی دەروونی مرۆڤ لە ئەژمار و ڕاڤەکردن نایەت. کوردستان کە بە شێوەیەکی بەردەوام کورەی شەڕە نارەواکان بووە، کاریگەری شەڕانگێزی لە کۆعەقڵی خەڵکدا ماوە و کات و ئیمکانیەتی زۆری دەوێت هەتا ئەوکاریگەرییانە کاڵ بکرێنەوە و بەرەو نەمان ببرێن.

ئافرەت لە کەشی ئاشتیدا برەو پەیدا دەکات، بەڵام لەکەشی شەڕدا بایەخی نامێنێت، چونکە ئافرەت وەک جەنگاوەر نەناسراوە، بەڵکو وەکو ئاشتیپەروەر پێناسەکراوە و دەکرێت. لە شەڕی چەند ساڵەی ناوخۆیی کوردستانیشدا لە ساڵانی نەوەتەکاندا، دیسانەوە شەڕکەرەکان کە پیاو بوون بایەخیان پەیدا کرد و ئافرەتەکانیش کە شەڕانگێز نەبوون بایەخی خۆیان دۆڕان. هەر بەهۆی شەڕەوە، پیاوەکان بە دەیان هەزاریان کوژران و ئافرەتان کە لە خێزاندا وا ڕاهێنرابوون وابەستەی پیاوەکان بن، بێ سەرپەرشت مانەوە. وابەستەکردنی ئافرەت بە ئابووری پیاوەوە لە سیستەمی خێڵەکیدا باوە و ڕژێمی بەعسیش برەوپێدەری بوو، چونکە لە سیاسەتی بەعسدا پیلانی جەهەنمی هەبوو کە پیادەی بکات و کاریگەری کۆمەڵایەتی درێژخایەنی هەبێت.

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕژێمی بەعس هەشت هەزار پیاوی لە بنەماڵەکانی بارزانییەکان کوشت و مەبەستی بوو ئافرەتەکانی ئەو بنەماڵانە کە ڕاهێنرابوون وابەستەی پیاوان بن سەریان لێ بشێوێنێت و گیرۆدەی بازاڕی بێبەزییانەی کاریان بکات لە سیستەمێکی خێڵەکیدا. بە هەمان شێوە دەهەزار نێرینەی کوردی فەیلی بێسەروشوێن کرد و لە کۆتایی هەشتاکانیشدا بە پەلامارەکانی ئەنفال درێژەی بە هەمان سیاسەت دا.

توندوتیژی؛ توندوتیژی بەرهەم دەهێنێتەوە. بۆیە ئەو توندوتیژییەی کە بە تایبەت ئێمە مەبەستمانە باسی لێوەبکەین لەبارەی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، بەرهەمی مێژوویەکی سیاسی خوێناوییە و ڕژێمەکانی داگیرکەر بە مەبەستێکی ڕەگەزپەرستانەوە کاریان بۆی کردووە. ئەو تێڕوانینەی کە کۆمەڵگەی کورد بۆ ئافرەت هەیەتی، تێڕوانینێکی دواکەوتووانەیە و هەمان ڕووانینی خێڵەکی بەدەوییانەیە کەڕژێمێکی ستەمکار لە چەسپاندنیدا تا دواساتەکانی تەمەنی خۆی کاری بۆی کردووە. بە پێی پێوەرەکانی کۆمەڵناسییش، ئەو جۆرە کاریگەرییانە وەک چۆن بە تەمەن و قۆناخی درێژخایەندا تێپەڕیووە قۆناخ و کاتیشی دەوێت بۆ نەهێشتنی کاریگەرییەکەی.

لە ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕینی کورد ڕژێمی بەعسی لە کوردستان ڕاماڵی، بەڵام ئەو تێڕوانینە پریمیتیڤ و کێوییەی کە سەددام و حیزبەکەی بۆ ئافرەت برەویان پێدابوو، لە کوردستانیشدا درێژەی هەبوو. لە سەرەتای نەوەتەکاندا ڕەشەکوژی ژنان بە پاساوی شەرەف و بە پاساوی سیخوڕی بەعسەوە دەستی پێکرد و کەشێکی ترسناکی کۆمەڵایەتی خوڵقاندبوو. ئابلۆقەی ئابووری سەپێندراو بەسەر عێراقدا، لە کوردستاندا دووقات بوو،چونکە ڕژێمی بەعسیش ئابلۆقەی خستبووە سەر کوردستان. هەژاری و نەخوێندەواری کە یەک ئەویتریان بەرهەم دەهێنێتەوە هۆکارێکی تری مانەوەی کۆمەڵگەن لە دۆخی گەشەنەسەندن، کە دەبێتە هۆی درێژەکێشانی کولتووری توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگەدا. لەو کۆمەڵگانەدا کە هەژاری و بێدەرەتانی پەرە دەستێنێت، گروپی فەندەمەنتالیستی ئایینیش سەرهەڵدەدەن و ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بەناوی ئایینەوە دادەڕێژن و کەڵکئاوەژوو لە

لاوازی و هەژاری خەڵک وەردەگرن. هەموو ئەم فاکتەرانە هۆ و ئەنجامی یەکترین و کەشێکی نائاسایی بەرهەمدەهێنن کە تیایدا بەهای مرۆڤەکان پێشێل دەکرێت.

ئێمە کە باس لە توندوتیژی کۆمەڵگەی کورد بەرامبەر بە ئافرەت دەکەین و ئەم فاکتەرە ڕێخۆشکەرانە بۆ توندوتیژی دەستنیشان دەکەین، پێشنیازی چارەسەرییەکانیش وا دەبینین کە کارکردن بێت بۆ نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی ڕێگە بۆ توندوتیژی خۆش دەکەن. بۆ ئەم مەبەستانەش پێویستمان بەم هەنگاوانە هەیە:

**یەکەم: برەودان بە کولتووری ناتوندوتیژی**

کە شەڕ ڕۆشنبیری زەبروزەنگی لێوەبەرهەمهاتبێت و بووبێتە هۆی ڕەوشێکی نامرۆڤانە، پێویستمان بەوەیە برەو بە ئاشتی و کولتووری لێبووردن بدەین. کە کولتووری شەڕ بەرهەمهێنەری ڕق بوو بێ و مرۆڤی ئێمەی دەمارگیرکردبێت، پێویستە ڕۆشنبیری ئاشتیخوازانە بڵاوبکرێتەوە و دەماری مرۆڤەکانمان خاو بکاتەوە. کەشی ئاشتی بایەخی ئافرەت زیاد دەکات و پیاویش لەو بایەخە وەهمییەی دادەماڵێت کە لە کاتی شەڕدا پێی دەدرێت. ئافرەت و پیاو هەردووکیان لە کاتی ئاشتیدا نرخ و بایەخی مرۆڤانەی خۆیان بۆ دەگەڕێتەوە. بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاشتی و دروستکردنی کەشی مرۆڤانە، دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە لایەکەوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەکی ترەوە ئەرکیان دەکەوێتە ئەستۆ و وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستان ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆ. هەنگاو زۆرن بۆ ئەم بابەتە، نموونەی:

- بەرنامەی تایبەت لە تیڤی و ڕادیۆکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئاشتی و ناساندنی بەها مرۆییەکان.
- شانۆگەری گەڕۆک، کە هەمان پەیام بە زیندوویی بگەیەنێتە خەڵکی لادێ و شارۆچکەکان و شارەکان.
- بڵاوکراوە و گۆڤار و کتێبۆچکەی تایبەت بە ڕۆشنبیری لێبووردەیی و گەیاندنی بە هەموو خەڵک و بەتایبەتی شارۆچکە وشارەدێ و گوندەکان.

**دووەم: پاراستن و سارێژکردنی برینە دەروونییەکانی ئافرەتان**

بۆ پاراستنی ئافرەتانی بەر زەبر کەوتوو ژمارەیەکی کەم لە خانەی پاراستن لە کوردستان هەیە، کە پێویستە ژمارەیان لای کەم دەهێندە زیادبکات و لەو خانانەدا پسپۆری تایبەت هەبێت کە بەرنامەی بۆ سارێژکردنی ئەو برینە دەروونییانە هەبێت کە لە ئەنجامی زەبروزەنگەوە تووشی ئافرەتان دەبێت. ئافرەتی بەرزەبر کەوتوو تووشی شۆک دەبێت و لە دەروونناسیدا ئەو دۆخە بە تراوما ناونراوە و چەندین قۆناخی پێویستە بۆئەوەی قوربانییەکە لەو تراومایە ڕزگاری بێت و دۆخی ژیانی ئاسایی بێتەوە. خانەی پاراستنی ژنان پێویستە جگە لە پاراستن، ئەرکی چارەسەرکردنیش بگرێتە ئەستۆ، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەرەکۆمەڵایەتییەکان و پسپۆرە دەروونییەکان پێویستە بەشداری ئەو پرۆگرامە بکرێن.

**سێیەم: نەهێشتنی نەخوێندەواری**

ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بە یاساییکردنی نۆ ساڵ خوێندنی بەزۆر (ئیجباری)، دەتوانێت لە ماوەیەکی کورتخایاندا ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستاندا کەمبکاتەوە. سزادانان بۆ ئەو سەرۆک خێزانانەی کە منداڵەکانیان ناچاری بەجێهێشتنی قوتابخانە دەکەن و لە خوێندنیان دادەبڕن. گەڕاندنەوەی ئەو منداڵانەی کە قوتابخانە بەجێدەهێڵن بۆ کاری سەر شەقامەکان. قەدەغەکردنی کاری سەرشەقامەکان و دەستگێڕی منداڵان، کەمەترسی جۆراوجۆری بۆ سەر ئەو منداڵانە هەیە و نەک هەر نەخوێندەوار بەڵکو نەوەیەکی لادەر و توندوتیژ بەرهەم دەهێنێت.

**چوارەم: بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خێزان**

کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە. توندوتیژی پەیوەندی بە نەداری و هەژاری خێزانەکانیشەوە هەیە، هەروەک چۆن هەژاری و نەخوێندەواریش هۆ و ئەنجامی یەکترن. کە ئاستی بژێوی خێزان بەرزبکرێتەوە، پێچەوانەکەی ڕوودەدات و توندوتیژی کەمدەبێتەوە. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێویستە لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بێت کە هاوسەنگییەکی وا دروست بکات کە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان مەودای نێوانیان هێندە دوورنەبێتەوە لە یەکتر کە لە هەستکردن بە نامۆیی چینەکانی ژێرەوە،

توندوتیژی بێتە بەرهەم. بیمەی کۆمەڵایەتی، نەک بەو بڕە کەمەی کە ئێستا بۆ ژمارەیەکی کەم بڕاوەتەوە، بەڵکو وەک سیستەم و هەموو خەڵکی هەژار بگرێتەوە، دەتوانێ ئەو مەودا بەرفراوانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی کلاسی کۆمەڵایەتی لەیەکتر نامۆ دروست بکات، لە یەکتر نزیکیان بخاتەوە.

**پێنجەم: بەیاساییکردنی یەکسانی جێندەر و مافەکانی مرۆڤ**
بۆ ئەم هەنگاوە دەزگایەکی وەک پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێتی دەکەوێتەئەستۆی. بۆ دۆخی کوردستان هەموارکردنەوەیەکی کەمی یاساکۆنەکان دادی نادات، بەڵکو دارشتنەوەی یاسای نوێ و گونجاو لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و شایستە بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆست. بەیاسا پێناسەکردنی توندوتیژی و سزادان بۆ زەبروەشێنەکان لە ئافرەت لە خێزان و لە کۆمەڵگەولە دامودەزگاکاندا.

**شەشەم: بەهێزکردنی پێگەی سیاسی ژن لە ناوەندەکانی بڕیاردا**
پێویستە بە ڕوانینێکی نوێوە، لە سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستاندا دەرفەتی ڕاستەقینە بە ئافرەتان بدرێت ڕۆڵی خۆیان وەک سەرکردەی سیاسی بلەیزن. هەستکردنی ئافرەتان بە هەبوونی زەمینەیەکی ڕاستەقینە بۆ نومایشی توانای سیاسییان هانیان دەدات ڕۆشنبیری سیاسی خۆیان فراوان بکەنەوە و هۆشیاری سیاسی خۆیان بەرز بکەنەوە، کە ئەوەشیان ئەنجام دا، سەرکردەی سیاسی ئافرەت دەخوڵقێ و دەنگیان لە ناوەندەکانی تری بڕیاریشدا کاریگەر دەبێت، چونکە حیزبەکانن کە ناوەندەکانی دیکەی بڕیار ئاوەدان دەکەنەوە و بڕیاری بۆ دەدەن.

**حەوتەم: بەهێزکردنی پێگەی ئابووری ئافرەت**
وەک باسمان کرد ناسەربەخۆی ئافرەت لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی کەسانی تریان دەکات و ئەوانیش لەبەرامبەر بەخێوکردن و دابینکردنی بژێوییان توندوتیژیی بەکار دەهێنن. ئافرەتان، پێویستیان بەوەیە پێگەی ئابوورییان لەنێو خێزاندا بەهێز بێت. دەوڵەت دەتوانێت دەرفەتی کاری سەربەخۆ بۆئافرەتانی بێکار دروستبکات بەوەی قەرزی درێژخایەن و کەممەرجی بداتێ تابتوانێت ببێت بە خاوەنی کاری خۆی.

**ئەنجام:**

ئەم توێژینەوەیە پیشانی دا کە توندوتیژی بەرامبەربە ئافرەتان لە کوردستاندا ڕێژەیەکی بەرزی هەیە. ئامارەکان و بەراوردکارییەکانی ڕێژەی توندوتیژی لە دوو ساڵدا کە ۲۰۰۸ و۲۰۰۹بوون، وا دەردەخەن هەوڵەکان بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی، بەڵام ڕێژەی کەمبوونەوەکە زۆر کەمە. هەموو ئەو جۆرانەی توندوتیژی کە لە ڕێککەوتننامە فەرمییەکانی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانەوە دەرچوون، لەکوردستاندا بوونیان هەیە و پیادە دەکرێن،وەک توندوتیژی جەستەیی، وتەیی، دەروونی، سێکسی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی. هەر یەک لەم جۆرانەی توندوتیژیش ئەنجامن بۆ هەندێ هۆکاری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی کە شەڕ و کولتووری خێڵگەریی و ناسەقامگیری ئابووری و مێژووی داگیرکراوی کوردستان، لە دەروستبوونیاندا ڕۆڵیان گێڕاوە. بۆ ئەوەی دۆخێکی ئاسایی بدرێتەوە بە کۆمەڵگە پێویستە توندوتیژی بنبڕبکرێت، ئەویش لە ڕێگەی ڕێگرتن لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانیانەوە.

هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە، خێزان، دامودەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندنەکان دەتوانن هاوکاربن و بە هەمئاهەنگی کاریگەر بن بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی، سەرەتاش بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ناتوندوتیژی وەک ئەڵتەرناتیڤی ڕۆشنبیری شەڕانگێزانە کە لە کۆمەڵگەدا باوە. پاراستنی ئافرەتان و سارێژکردنی برینە دەروونییەکانیان، نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خێزان، هەروەها بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و پێگەی ئابووری ئافرەتان، دەتوانن کاریگەر بن لە بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە شایستەی مرۆڤە لە کوردستاندا.

# سەرچاوەکان

سەرچاوەی کوردی:
١. ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠٠٨). بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئافرەتان لە کوردستاندا. بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٢. ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠٠٩). بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئافرەتان لە کوردستاندا. بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٣. ئاماری توندوتیژییەرامبەر بە ئافرەتان لەساڵی (٢٠٠٩) لە سنووری ڕاپەڕین. نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی لە شاری ڕانیە.
٤. ئەنتۆنی گیدنز. کۆمەڵناسی. و: حەسەن ئەحمەد مستەفا. ئاراس. هەولێر . ٢٠٠٩.
٥. فریدریک ئەنجلس. بنەچەی خێزان و خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت. و: کەریم مەلا ڕەشید. خانەی وەرگێڕان. سلێمانی.
٦. مەهاباد قەرەداغی.شەرەفنامە. شەرەف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن. سلێمانی .٢٠٠٣.
٧. کتێبی گیرفان(٩٨): ژن و توندوتیژی. وەرگێڕانی: کنێر عەبدوڵڵا. چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠٠٨.

سەرچاوەی عەرەبی:
١. جین بیکر میللر. نحو علم نفس جدید للمرأە . دار الفرقد. ٢٠٠٨.
٢. د. سهیلە محمود بنات. العنف ڤد المراە . دار نشر المعتز. . ٢٠٠٧
٣. نڵر حامد ابو زید . دائرە الخوف. قراءە فی خطاب المراە. المرکز الێقافی العربی.
٤. د. علی الوردي. شخصیة الفرد العراقي .

سەرچاوەی سویدی و ئینگلیزی:
1. Claiming Rights, Claiming Justice: A Guidebook on Woman Rights defender.(2007). Oxfam Novib
2. Erik Allerdt. Sociologi. Awe-Gebers. Stockholm 1985
3. Shultz .L.O .(1996). Psykologiska perspektiv. Lund. Studentlitteratur.

# توێژینەوەی سێیەم

# جیابوونەوە و لێکترازانی خێزان
# لە هەرێمی کوردستان
# هۆکار و ئەنجام
# لێکەوتە و کاریگەرییەکان

## پێشەکی:

خێزانی دامەزراو لەسەر بنەمای دروست و بە پێوەرە زانستییە پێشنیازکراوەکان لە لایەن پەروەردەزان و دەروونناس و کۆمەڵناس و زانایانی بواری زانستە مرۆییەکان، سەقامگیرکراو لەسەر بەها و پرنسیپە مرۆیەکان، دەبێتە چەترێکی دڵنیاییبەخش بۆ تاک، کە لە سایەیدا کەسایەتی گەشە بکات و هەست بە نرخ و بەهای خۆی بکات، هاوکات دەبێتە یەکەیەکی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئارام، کە بەردەوام چالاکانە لە بنیاتنانی ستاتووی بڵند و شایستە بۆ وڵات، رۆڵ بگێڕێت و مرۆڤی بەهێز و بەرهەمهێنەری پێشکەش بکات.

پێکەوەنانی خێزان و پێکەوەژیانی ژن و پیاو و دروستکردنی منداڵ وەک بەرهەمی ئەو پێکەوەژیانە، هەر لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، هەبووە و برەودار بووە، بەڵام لە شێوەیەکی سادەی سەرەتاییەوە دەستی پێکردووە و قۆناغ دوای قۆناغ گەشەی کردووە. لە هەر قۆناغێکیشدا شێوازەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و فاکتەرە ئایینی، ئابووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی، و کولتوورییەکان، ڕۆڵیان هەبووە لەو گۆڕانکاریانەدا و شێوەگرتنی ئەو دامەزراوە بنەڕەتییەی کۆمەڵ. جیاوازی ئەو فاکتەرانە لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە و قۆناغەکانی ئەو گۆڕانکارییانەش کە بەسەر پێکهاتەی خێزاندا هاتووە، لە کولتوورێکەوە بۆ یەکیکی تر، جیاوازە.

## خێزان وەک دامەزراوەیەکی یاسایی

خێزان و پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامەکانی، بە بەردەوامی و بە پێی قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵەکان، زیاتر هەوڵی رێکخستنی دراوە و بە یاسا و رێسای تایبەتمەند بە باری کەسەکان و خێزان، بە پێی فاکتەرە لەسەرەوە ئاماژەپێدراوەکانی هەر کۆمەڵێک، پابەند بە پرنسیپە سەرەکییەکان کراوە.

بەڵگەنەویستە و بە چاوی ئاسایی بینراوە کە جیاوازییەکی فەرهەنگی گەورە و فراوان لە نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا هەیە، کە لە تەواوی جیاوازییەکانی نێوان کەسایەتی تاک و پێکهاتەی خێزان و ستاتووی کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتدا، ڕەنگی داوەتەوە. جیاوازییەکە تا ئەو

ڕادەیە فراوانە کە وەرگرتنی ستانداردەکانی خۆرئاوا بە پێوەر بۆ پەیوەندییەکانی تاک و خێزان بۆ خۆرهەڵات، نەگونجا و بێبەهرە بێت و پێچەوانەی ئەوەش بەها و تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا بێسوود و نەشیاو بێت.

پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هاوسەر و پێکەوەنانی خێزان لە نێوان ئەو دوو جیهانەدا تەواو جیاوازە، وەک چۆن هۆکارەکانی لێکترازانی خێزان و هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکانیش لە نێوان ئەو دوو شارستانی و کولتوورەدا بۆ بەراورد ناشێن، بەڵام هەردەم ئاڵوگۆڕی زانیاری و ناسینی کولتوور و کۆمەڵەکان، لە ڕێگەی خوێندنەوەی کۆمەڵگە و کولتوورەکانی ترەوە، دەتوانێ ئیلهامبەخش بێت بۆ ڕوانینێکی نوێتر لە دۆخ و دیاردەکان و بنیاتنانەوەیەکی دروستتر بۆ کۆمەڵ.

لە کوردستاندا، لە ئێستادا ئەندامەکانی خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، پابەندە بە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی عێراق، هەموارکراو لە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١٨.
ئەو یاسایەش لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی شەریعەتی ئیسلام دارێژراوە و لە هەموارکردنەکەیدا بارودۆخی نوێی کوردستان لە ڕووەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە، لەبەرچاوگیراوە و ئەو گەشەسەندنانەی لەم بوارانەدا هاتوونەتە ئاراوە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە و بە تایبەتیش دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسی عێراق، هەروەها ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە بۆ دیموکراتیزەکردنی کولتوور و کۆمەڵی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، کاریگەری هەبووە و لە هەموارکردنەکەدا رەچاو کراوە.

## پێوەرەکانی پێکەوەنانی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی

چ پێکەوەنان و چ هەڵوەشانەوەی هاوسەرگیری، پێناسە و پێوەر و ڕێوشوێنی خۆی هەیە و ئایین و تێکستە پیرۆزەکان سەرجەم ئایینەکان لە دانانی ئەم پێوەر و پێناسانە و دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی هاوسەرەکان بەرامبەر بە

یەکتری و منداڵەکانیان و ئەندامەکانی دیکەی خێزانە گەورەکەیان لە خزم و خوێشان، ڕۆڵی بڕیاردەری بینیوە.
لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە خۆرئاوادا ئایین سەروەری تەواوی هەبووە و تەواوی هەڵسوکەوت و رەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی پابەند بە رێنومابیەکانی کڵێسە کردبوو، پەیوەندییەکانی خێزانیش هەر لە ژێر رکێفی پیاوانی ئایینیدا شێوەیان پێ دەدرا، بەڵام لە دوای رێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی و کولتووری، یاساسەروەری کرا بە بنەمای سیستەمە بەڕێوەبەرەکانی کۆمەڵ و دیموکراسی گەشەی سەند و بناغە بۆ کۆمەڵی مەدەنی دانرا.

کارکردن لەسەر گەشەپێدانی دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی و هاوکات گەشەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیا و پەرەسەندنی ئابووری، کاری لەسەر پەیوەندییەکان دانا و ڕۆڵی ژن و مێرد لە ژیانی هاوبەش و هاوسەرداریدا گۆڕانی بنەرەتی بەسەر هات. یاساکان جێگەی رێسا ئایینییەکانیان گرتەوە و رێنوینییەکانی سەردەمی رێنیسانس و قۆناغەکانی پاشتریش، کە بە خێراییەکی زۆر داهێنان و پێشکەوتن لە گۆڕان و نوێکردنەوەی پەیوەندییەکان ڕۆڵیان بینی.

لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتدا، هێشتا وەرزی سەروەری یاسای مەدەنی نەهاتووە و هێشتاش رێساکانی ئایین تەنانەت بنەمان بۆ یاساکانی دەوڵەت و بە تایبەتیش لە پرسی باری کەسی و شارستانیدا، لە یاساکانی تایبەت بە خێزاندا، خۆیان سەپاندووە. سەرەڕای ئەوەش داب و نەریتی قۆناغی دەرەبەگایەتی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا پیادە دەکرێت و ڕێ لە وزەی نوێ دەگرێت بە ئاراستەی عەقڵی سەردەمیانە و هاوتەریب لەگەڵ بەها مرۆییەکان کار بکات. پێکەوەنانی خێزان و جیابوونەوەشی هەر پابەند بەو رێسایانەیە و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و رەفتاری ئەندامانی خێزان زۆرە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵەکانی خۆرهەڵاتیش کارتێکراوی گەشەی خێرای تەکنەلۆژیا و پرۆسەی جیهانگەرایی ئابووری و میدیا و سیاسیین، بۆیە بەریەککەوتنی زۆر کوشندە و زەبردار دروست دەبێت و کێشەی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە.

لە کوردستاندا، بە تیۆری زۆر جار باس لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە و لێکترازانی خێزان کراوە و لە لایەن هێزە کۆنخوازەکانەوە تۆمەت وەپاڵ هێزە نوێخواز و پێشکەوتنخوازەکان نراوە کە هۆکاری ئەو دیاردە بن، بەهۆی خەباتیان بۆ ئازادی تاکەکان و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بیروڕا، بەڵام ئەوەی بەڵگە راستەقینەکان و ژمارەکان دەیخەنە ڕوو، ئەوە دەسەلمێنێت کە پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی تری بێلایەنانە و زانستی هەیە بۆ دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوە لە کۆمەڵی کوردستان. کەمبوونەوە یان زیادبوونەوەی ئەم رێژانە، پەیوەستە بە وردبینی و ڕوونبینی پلاندانەرانەوە، کە ئەوانیش پێویستیان بە بەڵگەی باوەڕپێکراو هەیە تا بیکەن بە بنەما بۆ پێشترێتی هەندی لە پلانەکان و پۆلێنکردنیان.

بۆ ئەم مەبەستە، بە گرنگی دەزانین بە پشتبەستن بە ئامار و فاکتەکانی دەرچوو لە دامەزراوەیەکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە ئەویش بەڕێوەبەرێتی پلان و ئامارە لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، ڕێژەکان و هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە بخەینە ڕوو. ئەم توێژینەوەیە لەبارەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢یە، کە وەک مشتێک کە نموونەی خەرواره وەریدەگرین و لێی دەکۆڵینەوە.

**ریژەی پێکهێنانی خێزان لە چاو لێکترازانی خێزان**

لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٢دا ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە، واتە لێکترازانی خێزان، لە چاو ڕێژەی هاوسەرداری و پێکهێنانی خێزان، بەم شێوەیە:

| پێکهێنانی خێزان | تەڵاق و جیابوونەوە | % جیابوونەوە لە چاو پێکهێنانی خێزان |
|---|---|---|
| ١٠٢٤٧ | ١١٩٣ | ١١،٦٤ |

بە بەراوردی هەردووکیان، ڕێژەی سەدی پێکەوەنان و لێکترازانی خیزان لە شەش مانگدا لە چاو ڕێژەی لێکترازانی خێزان نزیکەی ١٢% بووە لە

سنووری پارێزگای هەولێر. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو، ڕەنگە ئەم ڕێژەیە هێندە بەرز نەبێت، بەڵام بۆ کۆمەڵی کوردستان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری و کاریگەری زۆر نێگەتیڤی لێکترازانی خێزانێک لەسەر خێزانەکانی تر و پەیوەندییەکانی نێوانیان، ژمارەیەکیی بچووک نییە.
بۆ نموونە، کە ژن و مێردێک لە کۆمەڵەکانی خۆرئاوا جیا دەبنەوە، تەنها ئەو دوو کەسە خۆیان و منداڵەکانیان کارتێکراوی ئەو بارودۆخە دەبن، بەڵام لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وانییە. لە کۆمەڵی کوردستاندا جیابوونەوەی ژن و مێرد و تێکچوونی یەک خێزان، دەبیتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانی سەر بە بنەماڵەی هەردووکیان. بەهۆی پابەندی تاک بە خێزان و خێزان بە عەشیرەت و بە گروپی سیاسی جیاوازەوە، دەکرێ بڵێین جیابوونەوەی ژن و مێرد لە کۆمەڵی کوردستان دەبیتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەیان کەس لە هەردوو بەرە و هەندێ جاریش درووستبوونی رق و کینە و دوژمنداری درێژخایەن. سەرەڕای ئەوەش، زۆربەی جار منداڵەکان لە نێوان دایک و باوک و بنەماڵەکانی هەردووکیان دەبنە قوربانی و کێشمەکێشی زۆریان بە هەردوولادا پێدەکرێت، کە دەبێتە هۆی کیشەی دەروونی بۆیان و زەبر لە کەسایەتییان دەدات. هەندێ جار منداڵەکان دەرفێندرێن و لە دژی یەکتر بەکار دەهێندرێن یان ئەو بنەماڵەیەی کە دادگا منداڵەکانی پێداوە لە دژی ئەویتر پڕیان دەکاتەوە لە رق و کینە و بەردەوام کێشەی سۆزداری و دەروونییان بۆ درەست دەبێت، کە لە درێژخایەندا کاریگەری خراپیان لەسەر دادەنێت و کەسانی بێ ئۆقرە و نادڵنیا و توندوتیژیان لی دروست دەکات، بەڵام ئەم دۆخە لە کۆمەڵەکانی رۆژئاوا بەو جۆرە نییە. لەدادگادا بڕیار دەدرێ منداڵەکانی خێزانی لێکترازاو چەند رۆژێک لای دایک و چەند رۆژێک لای باوک بن، هەروەها ژن و مێردی جیابووەوە لەگەڵ مندالەکاندا یەکتریش دەبینن و بە شێوەیەکی ئاسایی رەفتار دەکەن. خێزانی لێکترازاو لە کوردستاندا پێویستی بەوەیە لە دامەزراوەی پسپۆردا رێنومایی دەروونی و کۆمەکی کۆمەڵایەتی پێشکەش بکرێت، چونکە هەر یەک لە ژن و پیاو و منداڵەکانیش بە جیا پێویستیان بە وەبارهێنانەوەیە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانێکی ئاسایی بژین و کە ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەیان بۆ رێک کەوت ئامادەیی ئەوەیان هەبێت ژیانێکی نوێ بۆ خۆیان بنیات بنێنەوە.

## هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە:

بە پێی ئاماری ناوبراو، هۆکارەکانی تەڵاق ق جیابوونەوەی خێزان لە سنووری شاری هەولێر، چەند جۆرێکە. لە خشتەی خوارەوەدا پۆلێنیان دەکەین و یەک بە یەک شییان دەکەینەوە:

| هۆکارەکانی جیابوونەوە | ژمارەیان | ڕێژەی سەددی% |
|---|---|---|
| نەگونجان لەگەڵ یەکتر | ٣١٣ | ٢٦ |
| ناپاکی هاوسەری | ١٧٣ | ١٥ |
| نەبوونی ماڵی جیا | ١٤٩ | ١٣ |
| تەکنەلۆژیای سەردەم | ١٤٧ | ١٢ |
| هۆکاری کۆمەڵایەتی | ١١٥ | ١٠ |
| هۆی ئابووری | ٩٨ | ٨ |
| هێنانی ژنی دووەم | ٢٠ | ٢ |
| جیاوازی تەمەن | ١٩ | ١ |
| هۆکاری ئایینی | ١٥ | ١ |
| نەزۆکی | ١١ | ٠،٥ |
| هۆکاری تر | ١٢٩ | ١١ |
| نەخۆشی | ٤ | ٠،٥ |
| کۆی گشتی | ١١٩٣ | %١٠٠ |

## خستنەڕووی ڕێژە و ئەنجامەکانی هەر هۆکارێک:

### یەکەم: پێکەوەنەگونجانی هاوسەرەکان و هۆکاری کۆمەلایەتی

بە پێی ئاماری ناوبراو؛ لە شەش مانگدا، لە کۆی ١١٩٣ دۆخی جیابوونەوە، ٣١٣ دۆخیان نەگونجانی ژن و مێرد بووە لەگەڵ یەکتر. کە دەکاتە ڕێژەی ٢٦%. هەروەها ١١٥ دۆخیان بەهۆکاری کۆمەڵایەتی جیابوونەتەوە کە ڕێژەی ١٠% پێک دەهێنێت. بە پێی ئەوەی کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵێکی کۆلێکتیڤە(کۆگەرایی)بیە نەک تاکگەرایی، ئەم دوو دۆخە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕاستەوانەی بەهێزیان بە یەکترەوە هەیە. کێشە و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری توند و نێگەتیڤیان هەیە لەسەر هاوسەرەکان و

ناتەبایی و ناکۆکی ژن و مێردەکان بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکی و بنەماڵە و خێزانەکانی هەردوولا و مەسەلەی ژن و ژنخوازی لەناو بنەماڵەکاندا سەرهەڵدەدات، بۆیە پەیوەستن بە یەکترەوە و هەردوکیان پیکەوە ڕێژەی ٣٦%ی هۆکارەکانی جیابوونەوە و لێکترازانی خێزان پێک دەهێنن.

بۆ ئەوەی بزانین پاشخانی ناکۆکی هاوسەرەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان چین، پشت دەبەستین بە ئاماری ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە کە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ دا ڕوویان داوە و لەبەشی چاکسازی پەیمانگەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کەیسەکان کاریان لەسەر کراوە. کە ژمارەیان ١٩٥ کەیسە و ٣٥%ی کێشەدارەکان نەخوێندەوارن.
٥% تەنها خوێندەوارن.
٢٢% تەنها قۆناغی سەرەتاییان تەواو کردووە.
١٣% قۆناغی ناوەندییان تەواو کردووە.
١٥% قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە.
٧% دیپلۆمیان هەیە.
ئەم ژمارانە، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە نەخوێندەواری و نزمی ئاستی هۆشیاری فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەرە لە دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و ناکۆکییەکانی نێوان هاوسەرەکان. نەخوێندەواری و ناهۆشیاری دوو دیووی یەک دراون و ژمارەکان ئاماژەی ڕوونن بەوەی تا هۆشیاری و خوێندەواری تاکەکان بەرزتر بێت، کەمکێشەترن. ئەم ژمارانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن ٧٠%ی ئەوانەی کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە نەخوێندەوار و کەمخوێندەوارەکانی کۆمەڵیی کوردستانن، کەواتە پەیوەندییەکی پێچەوانەیی هەیە لە نێوان ئەم دوو فاکتەرە، تا ئاستی خوێندەواری کۆمەڵگە بڵندتر بکرێتەوە، هۆشیاری زیاتر دەبێتەوە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش کەمتر دەبنەوە.

## دووەم: هۆکاری ئابووری

لە کۆی گشتی دۆخەکاندا ١٤٨ دۆخی جیابوونەوە هۆکارەکەی ئەوە بووە کە داخوازی ماڵی جیا کراوە و نەتوانراوە دەستەبەر بکرێت، کە ئەمە ڕێژەکەی دەکاتە ١٢%، بەڵام ٩٨ دۆخی تر لە ئامارەکە بەهۆکاری ئابووری ناوزەد

کراوە کە دەکاتە ٨%. نەبوونی ماڵی جیاش هەر هۆکاری ئابووری و دەستکورتی خێزانە. ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە دەکاتە ٢٠%.
بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی فاکتەری ئابووری چەند کاریگەرە لە ناکۆکییەکانی نێو خێزان، لە ئاماری شەش مانگی یەکەمی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بەشی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و پەیمانگەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لە ١٩٥ کێشەدا بەم شێوەیە بووە:
٢٩%ی کێشەدارەکان باری ئابوورییان خراپە.
١٨% باری ئابووری مامناوەندییە.
واتە ٤٧%ی خاوەن کێشەکانی شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٢ بۆ ئەو کەسانە ڕوویان داوە کە کەمدەرامەت و هەژارن.
کۆمەڵی کوردستان لەم چەند ساڵەی رابردوودا بووەتە کۆمەڵگەیەکی مەسرەفکار و هاوکات کولتووری لاساییکردنەوەی رۆژاوا و ژیانی دیلۆکس بووەتە باو. تەنانەت ئەوانەی باری ئابوورییان مامناوەندییە پێڕاناگەن بە تەواوی پێداویستییەکانی خێزان بگەن. جگە لە ناهۆشیاری لە سەرفکردنی داهات و ژمارەزۆری ئەندامەکانی خێزان بەهۆی منداڵزۆرییەوە، هۆیەکی تری ئەو پێڕانەگەیشتنەیە، کە لە ئەنجامدا فشاری زۆر بۆ داهاتپەیداکەرەکانی خێزان دروست دەکات. هەنگاوێ دەچینە دواوە و لە ئاماری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی ٢٠١١ دەڕوانین و دەبینین:
٤٧%ی ئەوانەی کێشەیان هەبووە باری ئابوورییان خراپ بووە.
٢٣%یشیان مامناوەندی بووە.
واتە لە ساڵی پێشتریشدا ٧٠%ی خاوەن کێشەکان کەمداهات و کەمدەرامەت بوون و تەنها ٣٠%یان باری ئابوورییان باش بووە. ئەم ڕاستییەش ئەوە دەردەخات کە پەندێکی کوردیش جەختی لەسەر دەکاتەوە کە دەڵێت"کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە". باشترکردنی باری ئابووری خێزانەکان، دەتوانێ ناکۆکی نێوان هاوسەرەکان کەم بکاتەوە.

## سییەم: ناپاکی هاوسەری

لە کۆی گشتی دۆخی جیابوونەوەکان ١٧٣ دۆخیان هۆکارەکەی ناپاکی اوسەرییە، کە ریژەکەی دەکاتە ١٥%. ئەم ڕێژەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی نەریتی

کە تێڕوانینێکی ئایینیان بۆ هاوسەرگیری و پەیوەندییەکانی خێزان هەیە، ڕێژەیەکی کەم نییە. خێزان لە کۆمەڵی کوردستاندا کە بنیات دەنرێت پابەند دەکرێت بە گرێبەستی هاوسەرگری کە هاوکات شەرع و قانوون جگە لە دوو کەسەکە، لایەنن تێیدا. ئەمە جگە لە بنەماڵەکان و خزمانی زیکی هەردوولا کە هەموویان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبن بە لایەن لەم گرێبەستەدا. شکاندنی ئەم پەیمان و گرێبەستە بە هۆکاری ناپاکی هاوسەری لە کۆمەڵە نەرتییەکاندا توندوتیژیترین دەرهاویشتەی هەیە و بە تایبەتیش بۆ ژن کە دەشێ بە کۆتاییهێنان بە ژیان کۆتایی بێت. ناپاکی هاوسەری چ هۆکارێکی لە دواوەیە؟ بێگومان دەتوانین بە بەڵگەوە بیسەلمێنین کە هۆکارەکان بریتین لە:

نەبوونی خۆشەویستییەکی بەهێز لە نێوان هاوسەرەکاندا

نزمی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری هاوسەرەکان

نەزانی بەرامبەر بە سێکس و تێنەگەیشتن لە هەست و سۆزەکانی یەکتری

لە ئاماری شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٢ی کێشەکۆمەڵاەتییەکانی بەشی چاکسازی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، خاوەن کێشەکان بەم شێوەیە ژیانی هاوسەریان پێکەوە ناوە:

٧٨% بە ڕێکەوت بووە

١١% بە خۆشەویستی بووە

٤% بەزۆرلێکردن بووە

٣% ژنبەژنی

٣% بەهۆی خزمایەتی

١% ڕەدووکەوتن.

ئەم جۆرە پیکەوەنانی هاوسەرگیرییە لە کۆمەڵی کوردستاندا، ئاماژەیەکی خەتەرناکە بە چەقبەستوویی کۆمەڵ و وەستان لە قۆناغێکی سەرەتایی ژیان لە ڕووی پەیوەندی ژن و پیاو و پێکەوەنانی خێزانەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە ژیانی خێزانییاندا کێشەیان بۆ دروست دەبێت ئەو کەسانەن بە رێکەوت یەکتریان ناسیوە و یەکسەر و بە بێ تێگەیشتن لە یەکتر ژیانی هاوسەرییان پێکەوە ناوە. ناسینی یەکتر و شارەزابوون لە سروشتی رۆحی و جەستەیی و دەروونی و فیکری یەکتر بۆ کوڕیش و کچیش پێویستە، پێش ئەوەی بڕیار بدەن بۆ پێکەوە ژیان. لە کۆمەڵی کوردستاندا بە ڕێکەوت شووکردن و ژنهێنان بووەتە باو و ناکۆکی نێوان هاوسەرەکان بەوهۆیەوە دەبێتە بەڵگەنەویست. زۆرینەی ئەو هاوسەرداریيانەی لە کۆمەڵی

کوردستاندا هەن جەخت لەسەر ئەو جۆرە لە هاوسەرگیری دەکەنەوە.
تەماشایەکی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١١ دەکەینەوە و دەبینین لەو ساڵەدا:
٤٠% بەخۆشەویستی هاوسەرگیرییان کردووە.
٥٣% بە ڕێکەوت بووە
٣% بە زۆرەملێ بووە
٤%ییان بەهۆی خزمایەتییەوە بووە.

## چوارەم: تەکنەلۆژیای سەردەم

لە شەش منگدا؛ ١٤٧ دۆخی جیابوونەوە هۆکارەکانیان خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بووە، کە دەکاتە ١٢%ی دۆخەکانی جیابوونەوە. دەبینین ئەو ئامێرانەی داهێنانی زانستن و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و ئاسانکاری تووندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکان دانراون، نموونە مۆبایل و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو ئینتەرنێت، فەیسبووک، تویتەر، سکایپ، ڤایبەر و مەسنجەر لە کوردستاندا بووەتە هۆکارێکی بەرچاو بۆ لێکترازانی خێزان و هەرەشە بۆ سەر پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ.
لە کوردستاندا، یاسای ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨، کە بە ناوی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، لە ماددەی یەکەمیدا هاتووە کە "قسەکردنەکانی تەلەفۆنی و پەیوەندییەکانی پۆستەیی و ئەلەکترۆنی، لە کاروبارە تایبەتەکانن، نابێت شکۆمەندییەکانیان پێشێل بکرێت. لە ماددەی دووەمیشدا سزای زیندانیکردنی شەش مانگ تا پێنج ساڵی داناوە بۆ ئەوانەی سەرپێچی دەکەن.
لە کاتێکدا ١٢%ی دۆخەکانی جیابوونەوە پەیوەندیدارن بە خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەمەوە، کەمترین کەس کە بەهۆی سەرپێچی لەو یاسایەدا حوکم درابن، بەدی ناکەین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەم یاسایەی پەرلەمانی کوردستان هێشتا وەک پێویست کارا نەکراوە.

## پێنجەم: جیاوازی تەمەن و نەژۆکی

لە کۆی گشتی دۆخی جیابوونەوەکانی شەش مانگ، ١٩ دۆخیان هۆکارەکەی جیاوازی تەمەن بووە، کە دەکاتە ١%، هەروەها ١١ دۆخیان هۆکارەکەی

نەزۆکی بووە کە دەکاتە نیو لە سەد، کەواتە جیاوازی تەمەن و نەزۆکی هەردووکیان پێکەوە ڕێژەیەکی زۆر کەمی هۆکارەکان پێک دەهێنن کە دەکاتە یەک و نیو لە سەد.
ئەگەرچی جیاوزی تەمەن وەک فاکتەرێکی لاواز هاتووە لە جیابوونەوە و تەڵاقدا، بەڵام بەشوودانی کچ فاکتەرێکی بەهێزە لە جیابوونەوەی هاوسەرەکان بەهۆی تێنەگەیشتن لە یەکتری و نەگونجان پێکەوە. لێهاتوویی و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزان، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە پێی یاسا وا دانراوە تەمەنی هاوسەرگیری لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت. لە یاسای باری کەسێتی هەموارکراویشدا لە کوردستان لە ماددەی حەوتەم، بڕگەی یەکەمیدا هاتووە کە بۆ تەواوی عەقڵ و لێهاتوویی تەمەنی هەژدە ساڵ بۆ هاوسەرگییری بە مەرج گیراوە.

## شەشەم: فرەژنی و هۆکاری تەندرووستی و ئایینی

لە شەش مانگدا ٢٠ ژن لەبەر ژنهێنانی دووەمی مێردەکەی جیابووەتەوە. بەهۆی نەخۆشییەوە ٤ خێزان هەڵوەشاوەتەوە، هەروەها ١٥ خێزان بەهۆکاری ئایینی لێکترازاوە. ڕێگەی هەموو ئەم سێ هۆکارە دەکاتە٣%.

## حەوتەم: هۆکاری نەگونجانی زایەندی

ئەو ژمارەی کە لە ژێر خانەی (هۆکاری تر)دا پۆلێن کراوە ١٢٩ دۆخ بووە کە خێزانی لەبەر هەڵوەشاوەتەوە. ئەمەش دەکاتە ١٠%. بەهۆی شەرمکردن و بەنەنگزانینی سێکس لە کۆمەڵی کوردیدا ناوی هۆکاری وا ناهێندرێت یان دەشاردریتەوە، بۆیە گومان دەکرێت هۆکاری تر بریتی بێت لە کیشەی سێکسی نێوان ژن و مێرد.
لە کوردستاندا هۆشیاری سێکسی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، وێڕای ئەوەی کە هاوسەرەکان بەهۆی نەناسینی یەکترەوە و هاوسەرداری بەڕێکەوت و بەزۆر ڕێژەیان بەرزە، دەشێ ببێتە هۆی ساردی سێکسی لە نێوان ئەو دوو بوونەوەرە بە یەکنامۆیەی کە ڕێکەوت دەیانخاتە ئامێزی یەکتری، یانیش بەتۆپزی لەپاڵ یەکتردا جێگەیان بۆ ڕادەخرێت و سەرجێیی دەکەن. لە ئاماری کەیسە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە بۆمان ڕوون بۆتەوە کە نەخوێندەواری لە ئاستێکی بەرزدایە و بێگومان نەخوێندەواری و ناهۆشیاری سێکسی

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و راستەوانەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە و تا ئاستی خوێندەواری نزمتر بێت ئاستی هۆشیاری سێکسی نزمتر دەبێت.

**پۆلێنکردنی فاکتەرەکانی جیابوونەوە و ڕێژەکانیان:**
لەم توێژینەوەدا بە پشتبەستنبە ئامارەکانی شەش مانگی سەرەتای ٢٠١٢ی دادگا و پۆلێنکردنی جۆری هۆکارەکان بە پێی نزیکییان لە یەکترەوە، لە بەرزترین پلەوە بۆ نزمترین، فاکتەرەکان بۆ تەڵاق و جیابوونەوە، دەستنیشان دەکەین. کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنێت:

| ڕێژەی سەددی | هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە |
|---|---|
| %٣٦ | پێکەوەنەگونجان و کێشەکۆمەڵایەتییەکان |
| %٢٠ | هۆکار ئابووری |
| %١٥ | ناپاکی هاوسەری و شکاندنی بەڵێنی هاوسەرگیری |
| %١٢ | تەکنەلۆژیای سەردەم |
| %١١ | نەگونجانی پەیوەندی سێکسی |
| %٦ | جیاوازی تەمەن، نەخۆشی، نەزۆکی، فرەژنی، ئایین |
| %١٠٠ | کۆی گشتی |

**گفتوگۆ و شیکاریی:**
ژمارەکان لەم توێژینەوەیەدا بۆ بەرچاوڕوونی زۆر لایەنی پەیوەندیدار پێویستن، حکومەت، ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان، بۆ ئەوەی لە پلاندانان بۆ چاکسازی و بۆ چالاکی بزانن پیشترێتی بدەن بە چی و گۆرانکاری لە کام بواردا پێویستە بکرێت.

زۆر فاکتەری کاریگەر هەن لە کوردستاندا وا دەکەن کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بن و بەردەوام بن، گرنگترین فاکتەری زاڵدەستی ڕێسا و عورفەکانە بەسەر یاساکاندا. ئەگەرچی لە کورسدتاندا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە پەرلەمان هەیە و دامەزراوەیەکی فەرمی و باڵاترین دەزگای بڕیاردان و یاسادانانە، دەیان یاسای لە بەرژەوەندی کۆمەڵیشدا بە گشتی دەرکردووە، بەڵام هێشتاش سەروەری دابونەریت و تارمایی رێساکانی خێڵ، سێبەریان بەسەر یاساکاندا

کردوە و بە سەروەریی دابونەریت لە جێی یاسادا، دەگەڕێتەوە بۆ خوودی حکومەت و پەرلەمان. نموونەیەکی زەق ئەم جۆرە بۆچوونە دەسەلمێنێت، کاتێک یاسای لێبوردنی گشتی دەردەچێت بۆ زیندانیەکان، لەو یاسایەدا حکومەت(سوڵحی عەشایری) دەکاتە پێشمەرج و بنەما بۆ یاساکە. ئەوانەی کە تەنها پشت بە قانوون دەبەستن سوودمەند نابن لە یاسای لێبوردنە گشتییەکە و ئەوانەشی کە دەچنە ژێر رکێفی یاسای خێڵ و ئاشتبوونەوەی خێڵەکییانە دەکەن، دەیانگرتەوە. بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت، پێویستە بڕیارەکانی دادگا یەکلاکەرەوە بن و ئەو کەسانەی دادگا تاوانبارییانی سەلماندووە، لە هەر کێشەیەکدا نەک تەنها پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بڕیاری خێڵ نەتوانێت بڕیاری دادگا پەچەڵ بکاتەوە.

پێش ئەوەی باس لە جیابوونەوەی هاوسەرەکان بکەین و هۆکارەکانی شیبکەینەوە، دەبێ باس لەوە بکەین کە تا چەند تاک لە کۆمەڵی کوردستاندا هۆشیارە بە گرێبەستی هاوسەرگیریی.

لە یاسای باری کەسێتی هەموارکراوی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ دا/بەرکار لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێناسەی هاوسەرگیری بەو جۆرە کراوە:"هاوسەرگیری گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان پیاو و ژن بەهۆیەوە هەر یەک بۆ ئەوەی تر حەڵاڵ دەبێت بە پێی شەرع، مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و بەزەیی و بەرپرسیارێتی هاوبەش."

بنەماکان بە پێی یاساکە بریتین لە :

- ❖ خۆشەویستی
- ❖ بەزەیی
- ❖ بەرپرسیارێتی هاوبەش

بەهەندوەرگرتنی ئەم بنەمایانە پێویستی بەوە هەیە کوڕ و کچ لە کۆمەڵی کوردستاندا:

- ❖ بواری یەکترناسینیان هەبێت تا (خۆشەویستی) لە نێوانیان دروست ببێت پێش ئەوەی بڕیار بۆ هاوسەرگیریی بدەن.

- ❖ لە ڕووی ویژدانییەوە پەروەردەیەکی مرۆڤدۆستانە کرابن تا بەئاگاییەوە لە بەهای (بەزەیی) تێبگەن.
- ❖ لە تەمەنێکدا هاوسەرگیری بکەن کە بەئاگاییەوە لە (بەرپرسیارێتی هاوبەش) بڕوانن و تێبگەن.

ئەو ئامارانەی سەرەوە مەخابن پێچەوانەی ئەمە دەخەنە ڕوو. لە کۆمەڵی کوردستاندا پابەندبوونێکی زەق هەیە بە یاسای باری کەسییەوە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ٧٠%ی هاوسەرگیرییەکان بە ڕێکەوت دروست دەبن. مانای ئەوەیە بنەمای یەکەمی ئەو ماددە یاساییە فەرامۆش دەکرێت. لە کاتی جیابوونەوەدا بە پێی لێکۆڵینەوەکانی ئێمە و ڕاپرسییەکانمان بۆمان دەردەکەوێت، لە ڕووی پەروەردەی ویژدانییەوە کچ و کوڕ بۆ "بەزەیی" بارنەهێنراون و توندوتیژییەکی زۆری خێزانی لەئارادایە، جگە لەوەش لە کاتی جیابوونەوەدا ژن و مێردەکە زۆرترین رق و کینە بەرامبەر بە یەکتر بەکار دەبەن و هیچ بەزەییەکیان بە منداڵەکانیان نایەتەوە کە بوونەتە قوربانی ئەو دۆخە ناهەموارە.

هەر لە هەمان یاسادا، لە ماددەی ٣٤ کە تایبەتە بە تەڵاق، پێناسەکەی بەم جۆرە دەکات"تەڵاق، هەڵگرتنی کۆتی هاوسەرگیرییە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە کە شەرع و یاسا گوزارشتی لێبکات بە بێ بەستنەوەی بە شێوازێکی دیاریکراو یان زمانێکی دیاریکراو بە کەوتنی لە لایەن مێرد یان ژن ئەگەر یەکێکی کردە بریکار بۆ ئەوە یان ژن ئەگەر یەکێکی کردە بریکار بۆ ئەوە یان سەرپشککی کرد یان لە دادوەرەوە بێت."

ئەگەرچی لە هەموو دنیادا و لە کوردستانیشدا بە پێی یاسا دۆخی تەڵاق وەک ئاسایی و ئەنجامی لەگەڵ یەکترنەگونجانی هاوسەرەکان هاتووە، بەڵام لە کۆمەڵی کوردستاندا دۆخی جیابوونەوە بە دەگمەن بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت. تەڵاق لە کۆمەڵی کوردستاندا دوای زۆرانبازییەکی دەروونی و فیزیکی درێژخایەن بە ئەنجام دەگات. ئەو ژن و مێردانەی کە لە یەکتر جیادەبنەوە دەگەنە ڕادەی قینلێهەڵگرتنی زۆر جیدی لە یەکتری. لە ڕاپرسییەکی نوێدا لە پەیمانگای پرسە

کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی هەستی هاوسەرە لێکترازاوەکان بزانین بەرامبەر یەکتری، پرسیومانە:

- دوای تەڵاق و جیابوونەوە چ هەستێکت بەرامبەر بە هاوسەری پێشووت هەیە؟

لە کۆی سەد ژن و پیاوی جیابووەوە لە یەکتری، تەنها دوو وەڵامی پۆزەتیڤمان بەدەست هات کە دەڵێن هێشتا هاوسەرەکەمان خۆش دەوێت. سێ وەڵامی بێلایەنیشمان بە دەست هات کە دەڵێن:"هیچ هەستێکی تایبەتمان بۆ هاوسەری پێشوومان نییە." یەک کەسیشیان وتوویەتی:"لە دوای ئەو هەست بە ئاسوودەیی دەکەم." وەڵامەکانی دیکە لە چەند خاڵێکی دیاریکراوی نێگەتیڤدا کۆبوونەتەوە کە بریتین لە :

- رقم لێیەتی.
- هەست بە دڵشکانێکی زۆر دەکەم.

یەکێک لەو ئەڵتەرناتیڤانەی کە دامنابوو بۆ هەڵبژاردن، گوزارەی "هەست بە گوناه دەکەم و وا دەزانم خەتای من بووە." ئەوەی جێی سەرنج و سەرسوڕمانە، هیچ یەکێک ئەم ئەڵتەرناتیڤەی هەڵنەبژاردووە. ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەستکردن بە گوناه و بەزەیی و بەخۆداچوونەوە لە لایان زۆر لاواز بووە. جگە لەوەش سووربوونی تاکەکان لەسەر قسەی خۆیان و خۆبەڕاست زانین و ددان نەنان بە هەڵەی خۆیان لە ناکۆکییەکانی نێوانیان، یەکێک لە خەسڵەتەکانی کەسایەتی ئەوانەی کە جیادەبنەوە لە یەکتر، پێک دەهێنێت. چەقبەستوویی بیرکردنەوە و بەردەوامبوون لەسەر بیرکردنەوەی نێگەتیڤ یەکێکی ترە لەو خەسڵەتانەی کە هاوسەرەکان بەرەو لێکترازان دەبەن.

لە یەکێک لە پرسیارەکانمان کە بریتی بوو لە :"چ سێ سیفەتێکی خۆتت بە دڵ نەبوو لە رەفتارت لەگەڵ هاوسەری جیابووەوەت.؟"

نموونەی هەندێ لە وەڵامەکان بە وشە، لە نێوان دوو کاتاگۆریدایە، یەکەمیان ئەو جۆرە کە پێی وا نییە سیفەتی خراپی هەبووبێت و پێویست بە گۆڕینی دەکات و نووسیویەتی:"هەموو سیفەتەکانی خۆمم بە دڵ بوو." یان"هیچ سیفەتی خراپم نەبوو تا بیگۆڕم.". کەتاگۆری دووەمیان پێیان وایە سیفەتی باشیان هەبووە و کەڵکئاوەژووی لێوەرگیراوە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە،

بۆیە دەیانەوێت ئەو سیفەتە باشانەی خۆیان بگۆڕن، بۆ نموونە ئەم سیفەتانەیان ناوبردووە:

- ئازادی زۆر
- خۆشەویست زۆر
- متمانەی زۆر
- وەفاداری بێئەندازە
- شەفافیەت
- نەرمی زۆر

ئەمەش مانای ئەوەیە جیابوونەوە نەک هەر نەبووەتە وانەیەک بۆ ژیانی داهاتووی هاوسەرییان، بەڵکو کاریگەرییەکی ئەوەندە نێگەتیڤی دەروونی لەسەر بەجێهێشتوون، کە لە ژیانی داهاتوویاندا دەشێ ئەو سیفەتە باشانەی کە ئاماژەیان پێداوە و تیایاندا هەبووە، نەمێنێ و پێچەوانەکەی پەیڕەوی بکەن، بەم شێوەیە:

- قبوڵنەکردنی ئازادی
- خۆشەویستی نەنواندن
- متمانە نەکردن
- بێوەفایی و ناپاکی
- ناڕوونی و ئاڵۆزیی رەفتار
- زبرگۆیی و توندوتیژی

مەترسی مانەوەی ئەم هەستانە و پێچەوانەبوونەوەی سیفەتەباشەکانی ئەو کەسەی کە ڕووبەڕووی جیابوونەوە بووە، ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە هاوسەرە جیابووەوەکان هەستەکانیان ئاسایی نین و بەر زەبریی دەروونی توندکەوتوون. بۆ ئەم مەبەستەش چونکە هیچ سەنتەرێکی تێراپی دەروونی و رۆحی لە کۆمەڵی ئێمەدا نییە کە بایەخ بە دۆخی دەروونی ئەم جۆرە بەرزەبرکەوتووانە بدات، بۆیە لەو دۆخە ئاڵۆزەدا دەمێنێتەوە و ئەو جیابوونەوەیە، کە هەندێ جار لە تەمەنی لاوێتییاندا ڕوو دەدات، تا کۆتایی ژیانیان لەگەڵیاندا بەردەوام دەبێت.

پرسێکی جێگەی بایەخ هەیە کە ئاماژەی پێ بکەم، لە توێژینەوەکاندا پیاوانی تەڵاقدەر بە بێ دوودڵی وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەنەوە و ئافرەتەکانی تەڵاقدراو بە گومانێکەوە وەڵامی چەند پرسیارێک دەدەنەوە. ئەمە ڕاستی واقیعی نێرسالاری کۆمەڵی کوردستان ڕوون دەکاتەوە و پەروەردەی خێزانی کوردی بۆ کوڕ و کچ دەخاتە ڕوو، کە هەر لە ساوایەتییەوە کچان وا پەروەردە دەکەن ببنە ئافرەت، ئافرەتییش لە عەقڵیەتی کوردی و لە زمانی کوردیدا ئیماژی لاواز، نابەرپرس، کەمبایەخی وەرگرتووە. کوڕانیش وا پەروەردە دەکرێن کە ببن بە پیاو، پیاویش لە بیرکردنەوە و لە زمانی کوردیدا ئاماژەی هێز، دەسەڵات، بەپرسیارێتی و بایەخ و باوەڕی وەرگرتووە. ئافرەتە تەڵاقدراوەکان بەهۆی پەروەردەی خێزانی و ژینگەی کۆمەڵایەتییانەوە، زیاتر هەست بە فشار دەکەن و بەگومانەوە لە هەر پرسیارێک دەڕوانن کە ئاراستەیان بکرێت. هەست بە بەرپرسیارێتیشیان بەرامبەر بە دۆخی بەڵام پیاوان سڵ لە وەڵامدانەوەی پرسیار ناکەنەوە و زۆر بە ئازادییەوە بە وشەی بەرجەستە، گوزارە لە رای خۆیان دەکەن و هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی توێژینەوەکان دەدەنەوە.

## ئەنجامگیریی:

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، بە هەندێ خاڵی جەوهەری گەیشتین کە لە چەند خاڵێکدا دەیخەینە روو:

یەکەم: ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە کۆمەڵی کوردستاندا کەمە، بەڵام ئەو ڕێژە کەمە کاریگەرییەکەی پەرە دەستێنێت و لە بازنەیەکی فراوانتردا لێکترازان لە نێوان چەندین بنەماڵەی هەر یەک لە هاوسەرە جیابوونەوەکان، ڕوو دەدات. ئەمەش جگە لەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی نزیکمەودا و دوورمەودای لێدەکەوێتەوە، بە تایبەت ئەگەر هاوسەرە جیابووەوەکان منداڵ لە نێوانیاندا هەبێت، کێشەی دەروونی بۆ بازنەی پلەیەکی خێزانە لێکترازاوانەکان، دروست دەکات.

دووەم: شەش هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ جیابوونەوە و تەڵاق، لێکتێنەگەیشتن وجیاوازی بیرکردنەوەکان تێکهەڵکێش بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، باری

ئابووری خراپی خێزان، پابەندبوون بە گرێبەستی هاوسەرگیری و ناپاکی هاوسەری، کاریگەری تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان بە تایبەتی مۆبایل و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، نەگونجانی پەیوەندی سێکسی هاوسەرەکان، هەروەها بە ڕێژەیەکی کەمتر نەخۆشییەکان و ژنهێنانی دووەمی پیاو و هۆکاری ئایینی.

سێیەم: ڕێژەیەکی بەرزی ئەو کێشانەی کە دەبنە هۆی لێکترازانی خێزان، ئاستی هۆشیاری تاک و خێزان و بنەماڵەکان هۆکارن تیایاندا. نەخویندەواری، کەمخوێندەواری، نزمی ئاستی ڕۆشنبیری، لە لایەکەوە ئاستی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ یەکتری لە لایەکی تریشەوە تێگەیشتن لە بەها مرۆییەکان و پەیڕەویکردنیان کەم دەکەنەوە. هەروەها چۆنێتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ کە بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستکراوە، لە لایەن کەمخوێندەوار و نەخوێندەوار و کەسانی ئاستنزم لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە.

## پێشنیار بۆ چارەسەری:

یەکەم: بۆ ئەوەی جیابوونەوەی هاوسەرەکان و لێکترازانی ئەو ڕێژەیەی خێزان نەبێتە هۆی لێکترازانی بازنەیەکی فراوانی کۆمەڵ لە کوردستان، پێویستە بە میتودی جۆراوجۆری زانستی و پەروەردەی، کار بۆ ئەوە بکرێ کۆمەڵ لە پەیوەندییە خێڵەکییە گشتگەرایی‌یەکانەوە بەرەو پەیوەندی تاکگەرایی ببرێت.

دووەم: باری ئابووری خێزان بەرز بکرێتەوە و پلانێکی لۆژیکی بۆ دابەشکردنی دادپەروەرانە، هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستان سوودمەند بن لە داهاتی گشتی وڵات. حکومەت پێویستە سوود لەم جۆرە توێژینەوانە وەربگرێت لە پلانەکانیدا و لە دانانی پرۆژەی خزمەتگوزاری، پەروەردەیی، ڕۆشنبیری و ئابوورییەکانیدا هەوڵ بدات ئەو چین و توێژانە بەسەر بکاتەوە کە کەمتر دەرفەتی کاریان بۆ رەخساوە.

سێیەم: وەزارەتی تەندروستی بایەخ بە لایەنی دەروونی تاکەکان بدات و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سەنتەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییش کار بۆ

ئاسایکردنەوەی باری دەروونی ئەندامەکانی خێزانە لێکترازاوەکان بکەن. بە چارەسەری و تێراپی دەروونی ژن و مێرد و منداڵەکانیان بار بهێننەوە بۆ ژیانێکی ئاسایی.

چوارەم: ئەو ئافرەتانەی کە تووشی تەڵاق و جیابوونەوە دەبن پێویستە لە ڕووی ئابوورییەوە لە لایەن دەوڵەتەوە باربوو بکرێن، بۆ ئەوەی لاوازییان لە ڕووی ئابوورییەوە هێندەی تر باریان لار نەکات و دەروونیان چەندپاتە ئاڵۆز نەکاتەوە. لە کۆمەڵێکی وەک هی کورددا کە لە لایەکەوە دەرفەتی کارکردن بۆ ئافرەت بەرتەسکە و لە لایەکی تریشەوە وا پەروەردەکراون کە لاواز بن بەرامبەر بە کیشەکانی ژیان، بێ شک هەڵوەشاندنەوەی خێزانیان دەبێتە هۆی ئاڵۆزیی باری دەروونییان، زیاتر لە پیاوان کە لە لایەکەوە دەرفەتی کاریان زۆرترە و لە لایەکی ترەوە لە ڕووی پەروەردەییەوە بەهێزکراون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیان.
پێنجەم: بایەخدان بە منداڵی خێزانە لێکترازاوەکان لە لایەن حکومەتەوە،دەستبەجێ پێویستە. دادگاکان، پێویستە لەگەڵ بڕیاردان بۆ تەڵاق، ڕەچاوی باری ژیانی منداڵەکان بکەن و کاریکی وا بکەن منداڵ نەبێت بە قوربانی تێکچوونی ئەو پەیوەندییانە. ڕێکخراوەکانی منداڵانیش پێویستە بایەخ بەم منداڵە کێشەدار و بەرزەبرکەوتووانە بدەن.

# ژێدەرەکان

- ئاماری شەش مانگی جیابوونەوە و تەڵاق لە بەڕێوەبەرایەتی پلان و ئامار لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر.
- ئاماری کیشەکۆمەڵایەتییەکانی ساڵی ٢٠١١ لە بەشی چاکسازی و کۆمەڵایەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.
- ئاماری کێشەکۆمەڵایەتییەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢، پەیمانگای یەکێتی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.
- یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ی عێراق، هەموارکراو لە پەرلەمانی کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠٠٨.
- یاسای ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٨، کە بە ناوی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە هەرێمی کوردستان.
- راپرسییەکی پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە جیابوونەوە و تەڵاق.

# توێژینەوەی چوارەم

## (زەینەب خان)
## شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم

توێژینەوە لە گەنجینەیەكی تازە دۆزراوە

**پێشەکی:**

ئەو کەسەی ئێستا ئەم توێژینەوە لەسەر ژیانی و شیعرەکانی دەکەین، نیو سەدە زیاترە لە ژیاندا نەماوە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ گیانی سپاردۆتە ئاسمان و جەستەشی بە خاک. لە تەمەنی لاوێتییەوە شیعری هۆنیوەتەوە و تا ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی لە هۆنینەوەی وشە بەردەوام بووە، بەڵام نە لە سەردەمی ژیانی خۆی و نەش پەنجا و پێنج ساڵ پاش کۆچی دوایی، شیعرەکانی ڕووناکییان نەبینیوە. لەم ڕۆژانەدا لە دوای نیوەی شوباتی ٢٠١٨، دیوانەکەی لە چاپ دراو بۆ یەکەم جار وشەکانی ڕووناکییان بەرکەوت. ئەم دیوانە شیعرییە ئەوەندە ڕووناکییەخشە و وشەکانی ئەم شاعیرە ئەوەندە پرسیارورووژێن و گریمانخوڵقێنن، ناچارت دەکەن لێیان بکۆڵیتەوە. کە دەیانخوێنیتەوە هەدا نادەیت و وشەکان ناهێڵن بێدەنگ بەدیاریانەوە دابمێنی، بەڵکو وات لێدەکەن لێیان ڕابمێنی و ئەو ڕامانانەش بکەیتە بابەتی توێژینەوەی لەم جۆرە و دەیان جۆری تر، چونکە مێژووی سەدەیەک دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەم توێژینەوە ئەدەبییەی کە تەنها دوو هەفتە پاش چاپکردنی (دیوانی زەینەب خان) دەستم پێکرد، ڕوانینێکە بە چاویلکەی ئەدەب، بەڵام بە زەڕەبینی کۆمەڵناسی و دەروونناسی. دەمەوێت بە میتودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پێوەرەکانی ئەم زانستانە، لە وشەکان و بۆشایی نێوانیان، لە دێڕەکان و بۆشایی نێوانیان، لە ساڵەکانی دانانی شیعرەکان و ڕووداوەکانی ناو و دەوروبەری ئەوساڵانە، لە ژیانی شاعیر و کەسەکانی دەوروبەری و پەیوەندییەکانی، بکۆڵمەوە، چونکە دەمەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانەی خۆم کە سەبارەت بەم خانمە و شیعرەکانی، بەو ژینگە و کۆمەڵگایەی ئەوی تیا ژیا، ئەو ڕووناکی هزرەی ئەو شیعری پێ نووسی و ئەو تاریکییە تۆخەی کە نزیکەی سەدەیەک لەسەر کەسایەتی ئەو و شیعرەکانی هەبوون و لە لام دروست بوون، بدۆزمەوە.

**پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەش ئەمانەن:**

**کۆمەڵەپرسیاری یەکەم:** سەدەی نۆزدەیەم مەستوورەی ئەردەڵانی بەخشی بە مێژووی ئەدەبی کوردی و مێژووی ژنی کورد. مەستوورە لە سەردەمی

خۆیدا دەرکەوت و سەرکەوت. وادیارە سەدەی بیستەمیش زەینەب خانی بە مێژووی ئەدەبی کوردی و مێژووی ژن بەخشیووە، بەڵام بۆ و لەبەرچ هۆیەک لە تەواوی سەدەی بیستەم و حەڤدەساڵی سەدەی بیست و یەکەم، تاریکی باڵی بەسەرئەم شاعیرەدا کێشابوو؟ بۆچی لە کاتی خۆیدا نەناسرا و لێکۆڵەرانی مێژووی ئەدەبی کوردی پرسیاری ئەوەیان لا دروست نەبوو بۆچی ژنێک لە سەد ساڵی دوای مەستوورەوە دەرنەکەوت، تا ئەو پرسیارە ببێتە لایتی دەست و هەستیان و بەدوای زەینەب خان و رەنگە چەندین ژنە شاعیری گومناوی تردا گەڕابان و بیاندۆزیبایەوە؟!

**کۆمەڵەپرسیاری دووەم:** زەینەب خان چۆن ژیاوە؟ چۆن شیعری داناوە؟ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی سەردەمی ئەو کە پاشخانی شیعرەکانی ئەون، چۆن بووە؟ کەشی دەروونی لە دۆخی شیعرەکانیدا، چۆن بووە؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دوو کۆمەڵەپرسیارەش میتودەکانی رەخنەی ئەدەبی راڤەکاری، پێوەرەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی پەیوەندیدار بە ئەدەب بەکار دەبەم، تا بگەمە نزیکی ئەو ڕاستییانەی کە دەشێ ببنە تاڵەتیشک و ئەو تاریکییەی کە سەدەیەک لە دەوری ئەم شاعیرەدا چڕ بووبووە، رۆشن بکاتەوە.

## رەخنەی راڤەکاری ئەدەبی:

سەبارەت بە دەقی شیعریی، مەبەست لە رەخنەی راڤەکاری "پەیوەستە بەو پێشبینیانەی خوێندنەوەی یەکەم دەیانوروژێنێت"[٨٧] میشێل ریفاتیر پێی وایە دەکرێت راڤە ببێتە هۆی ئەزمونێک بۆ تێگەیشتن، کە لەسەر ڕوونکردنەوەیەک دامەزراوە و بە ڕایەکی یەکلاکەرەوە کۆتایی دێت. لای ۆڵفانگ ئایزەر گریمانەی یەکلاییکردنەوە لەسەر چەند هەنگاوێکی پیادەکراو ڕاوەستاوە ، ئەوانەش بریتین لە:
خوێندنەوەی یەکەم: خوێنەر دێڕ بە دێڕ شیعرەکە دەخوێنێتەوە و تێڕوانینی خۆی بەکار دەبات بۆ پێشبینیکردنی دەلالەتەکان، بەڵام دەرککردنەکە کەموکوڕی تێدا دەبێت و لە خوێندنەوەی یەکەمدا کامڵ نابێت.

---

[٨٧] د. ئیبراهیم مەحمود خەلیل. رەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی. و: مەحەمەد تاتانی، ٢٠١٧، ل ١٩٤.

خوێندنەوەی دووەم: خوێنەر دووبارە شیعرەکە دەخوێنێتەوە و هەندێ جار لە گشتەوە دەچیت بۆ بەش و هەندێ جار لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا و هەوڵ دەدات لەم خوێندنەوە تازەیەدا دەرک بەو دەلالەتانە بکات کە لە خوێندنەوەی یەکەمدا پێی نەگەیشتبوو.

خوێندنەوەی سێیەم: تێگەیشتنی بابەتی و ئیستاتیکی لە شیعرەکە لەسەر بنچینەوەی ئەو دوو خوێندنەوەیەی پێشووتر. ۆلفانگ ئایزەرئەمەی سێیەمیان بە خوێندنەوەی پێکهێنانەوە دەناسێنێت.
"ئەم خوێندنەوەیە بواری سەرلەنوێ هەڵقوڵانەوەی دەق دەدات لەگەڵ نەهێشتنی ئەو مەسافەیەی کە دەکەوێتە نێوان ئەو پرسیارانەی پێشتر دەقەکە وەڵامیانی دابووەوە و ئەو پرسیارانەش، کە لەم خوێندنەوەیەی ئێستادا دەبێتە وەڵامیان. لە جیاتی ئەوەی پرسیاری راڤەکەر ئەوە بێت: دەقەکە چیم پێ دەڵێت؟ پرسیارەکە دەبێت بەوەی دەقەکە چی دەڵێت و من دەمەوێت لە میانەی دەقەکەوە چی بڵێم؟"[٨٨]

دەقە شیعرییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەی کە تایبەتە بە زەینەب خان، هەر یەکە و مێژووی دانانی لەسەرە، ئەمەش هاریکاری رەخنەگری راڤەکار دەکات بە گەڕانەوە بۆ کات و شوێن و ڕووداوەکانی ئەو کات و شوێنانە و پەیوەندییان لەگەڵ هەست و نەستەوە، شییان بکاتەوە و نزیکتر بێتەوە لە وەڵامێکی دروستی ئەو پرسیارانەی کە لێکۆڵەر لە لای گەڵاڵە بووە و وروژاندوویەتی سەبارەت بە شاعیر و دەقە شیعرییەکان."راڤەگەراکان، لەوەدا لەوانی تر جیاوازن، تێگەیشتنی مێژوویی بەلاوە نانێن، بەڵکو جەخت لەوە دەکەنەوە خودی سەرنجی ئیستاتیکی، ملکەچی گۆڕانی مێژووییە."[٨٩]

سەبارەت بە پەیوەندی دەروونناسی بە ئەدەبەوە، دەگەڕیینەوە بۆ زانای دەروونشیکاری سیگمۆند فرۆید، کە کاری ئەدەبی دەبەستێتەوە بە سایکۆلۆژیاوە و پێی وایە شوێنەوارێکی مێژووییشی هەیە و مانا و ئاماژەی

---

[٨٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٥.
[٨٩] هەمان سەرچاوە، ل ١٩٧. وەرگیراو لە کتێبی: مایکل ماکانس. النقد کشف و اغلاق المعنی. ل ٢٦١-٢٦٢.

کەڵەکبووی لەناو نەستدا هەیە، پێویستە بدۆزرێتەوە و شیبکرێتەوە.[٩٠] وەک چۆن خەون بە هێڵ و رێگایەکی نادیار مرۆڤ دەباتەوە سەر نەست، شیعر و بەرهەمی ئەدەبیش بە هەمان شێوە بە گوریسێکی ئاوریشمین بە نەستی مرۆڤەوە بەستراونەتەوە.

کۆمەڵناسیش پەیوەندییەکی پتەوەی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، ژینگەی شاعیر و دەوروبەرەکەی کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لە سەر بیرکردنەوە و دەربڕینی شاعیرەکان. مادام دی ستایل (١٧٦٦-١٨١٧) لە کتێبی (لەبارەی ئەدەبەوە) کە لە ساڵی ١٨٠٠ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:"ناتوانین لە بەرهەمی ئەدەبی تێبگەین و چێژێکی راستەقینەی لێ وەربگرین، ئەگەر بێت و ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە نەزانین، کە بۆتە هۆی داهێنان و دەرکەوتنی ئەو بەرهەمە."[٩١]

## لە مەستوورەی ئەردەڵانەوە تا زەینەب خان:

لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش؛ واتە لە ١٥٠ ساڵدا، لە کوردستانی گەورەدا دەشێ زۆر زیاتر لە سەد و پەنجا شاعیری گەورە هەڵکەوتوون و گەنجینەیەکی ناوازەی بەرهەمی شیعرییان پێشکەش بە مێژووی ئەدەبی کوردی کردووە، بەڵام مەخابن شاعیری ژن لە نێو ئەواندا نەک هەر دەگمەن بوون، بەڵکو ئێمە تەنها بە بەرهەمەکانی مەستوورەی ئەردەڵانی ئاشنا بووین کە ژنێکی دیار و هەڵکەوتوو، شاعیر و مێژوونووسێکی ناوداری سەردەمی خۆی بووە و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و مێژووی کورد پێی سەربڵند و شاناز بووە.

مەستوورەی ئەردەڵانی لە نێوان ساڵەکانی (١٨٠٤-١٨٤٨) ژیاوە، ناوی ماه شەرەف خانم بووە، لە شاری سنە هاتووەتە دنیاوە.[٩٢] مەستوورە ئەگەرچی تەمەنێکی کورتی هەبووە و تەنها ٤٤ ساڵ ژیاوە، بەڵام نووسراوی جوان و

---

[٩٠] د. ئیبراهیم مەحمود خەلیل. رەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی. و: مەحەمەد تاتانی، ٢٠١٧، ل ٧٨.
[٩١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.
[٩٢] https://ckb.wikipedia.org

نایابی شیعری کوردی و فارسی لەپاش بەجێ ماوە و هەر لە سەردەمەکەی خۆیشیدا ناسراوە و شیعرەکانی بە خەڵک گەیشتوون و تەنانەت لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا جوابەبەجەنگی شیعری کردووە، بۆ نموونە لەگەڵ نالی شاعیردا کە هاوچەرخی بووە و سەرسامی شیعرەکانی و کەسایەتی و جوانی مەستوورە بووە. شاعیرێکی پایەبەرزی وەک حەزرەتی مەولەوی تاوەگۆزییش لە وەسفی مەستوورەدا گووتوویەتی:

خورشیدەکەی ناز، ئەوجی بورجی سەور
سەرتوغرای دەفتەر مەحبووبان جە دەور
ها لە خانەکەی بورجی شەرەفدا
نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا[93]

مەستوورە چ لە خانەوادەی خۆیدا کە کچ بووە و باوکی (ئەبولحەسەن بەگ) هاوکاری بووە بۆ خوێندن و فێربوون و زەمینەی بۆ سازاندووە ناودار بێت، چ لە دوای هاوسەرگیرییدا لەگەڵ (خوسرەوخانی ئەردەڵان) کە خۆشەویستییەکەیان بۆ یەکتری لە شیعرەکەی مەستوورەدا دەردەکەوێت کە شینگێرییە بۆ مەرگی ناوادەی هاوسەرەکەی، هاوکار بووە و زەمینەی ئەو سەرکەوتن و دەرکەوتنەی بۆ رەخساندووە. ئەوەی کە گوتراوە(لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە ژنێک هەیە) زۆر راستە و پێچەوانەکەشی هەر راستە(لە پشت هەر ژنێکی مەزنەوە پیاوێک هەیە)، بەڵام بۆ ئەمەی دووەمیان دەبێت بڵێین (لە پشت هەر ژنێکی بەتوانای مەزنەوە کە ناتوانێت دەربکەوێت و رێگەی لێ دەگیرێت سەربکەوێت، پیاوێک یان چەند پیاوێک هەیە بەربەست و ئاستەنگی بۆ دروست بکەن). مەستوورە بۆ مەرگی هاوسەرەکەی ئەم شیعرە باڵایەی هۆنیوەتەوە:

ئاغەم سەر هۆردار بوینە حاڵم — بە ناکامیی تۆ دەروون زووخاڵم
قەسەم بەو جەماڵ یووسفئاسای تۆ — موونیسم ئاهەن دایم شەو و ڕۆ
سا فەڵەک چوون من سیاچارە بۆ — سەرنگوونی خوار پارەپارە بۆ
باقی جە نەعیم دایم شادیت بۆ — [مەستوورە] قوربان ناموورادیت بۆ

[93] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

شیعرەکانی مەستوورە جوانی لە بیرەکەیی و سەرنجڕاکێشی لە داڕشتنەکەی دەچۆرێت. سووک و سانا دەچنە دڵەوە و زوو لە بەر دەکرێن و لە بیردا جێگیر دەبن. ئەم جۆرە لە دانانی شیعر تەنها ئەوانە دەتوانن بیکەن کە ڕۆشنبیرییەکی فراوانیان هەبێت و زانا بن لە ئەدەبدا. مەستوورە لەو جۆرە شیعرەدا وەستایەتی خۆی سەلماندووە و ئەو شانازییەشی بۆ مێژووی ژنی کوردستان بەجێهێشتووە کە بۆی بسەلمێت ژنانی خامەبەدەستی کورد ئەگەر لە پیاوان پایەبڵندتریش نەبن هاوشان و هاوپایەی پیاوانی زانا و ئەدیبی کوردن. با بڕوانین لەم شیعرەی مەستوورەدا کە لە بیستەکانی تەمەنی خۆیدا نووسیویەتی، چ فەنتازیایەکی هونەری و چ داناییەکی هزریی و چ سۆزێکی سەودائامێز و چ وەستاییەکی شاعیرانەی بەکار بردووە:

گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت
بریندارم بە تیری سینەسۆزی نێشی موژگانت

بە تاڵی پەرچەمی ئەگریجەکانت غارەتت کردم
دڵێکم بوو ئەویشیت خستە ناو چاهی زەنەخدانت

بەقوربان عاشقان ئەمڕۆ هەموو هاتوونە پابۆست
منیش هاتم بفەرموو بمکوژن بمکەن بەقوربانت

تەشەککور واجیبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ
بەشەرتێ کفنەکەم بدڕووی بە تای زوڵفی پەرێشانت

لە کوشتن گەردنت ئازا دەکەم خۆت بێیتە سەر قەبرم
کە ڕۆژی جومعە بمنێژی لەلای نەعشی شەهیدانت

کەسێ تۆ کوشتبێتت ڕۆژی مەحشەر زەحمەتی نادەن
ئەگەر وەک من لە ئەم دونیایە سووتابێ لە هیجرانت

هەمیشە سوژدەگاهم خاکی بەر دەرگانەکەی تۆیە
ڕەقیب ڕووڕەش بێ چون ناڵێ بگا دەستم بە دامانت

دڵم مەشکێنە چونکوو مەخزەنی دەرد و خەمی تۆیە
فدای شەرت و وەفات بم چی بەسەر هات مەیلی جارانت

ئەتۆ ئەمڕۆ لە موڵکی دڵبەریدا نادرەی دەهری
بەڕەسمی بەندەگی [مەستوورە] وا هاتۆتە دیوانت

دیوانی شیعرەکانی مەستوورە زیاتر لە بیست هەزار دێڕی شیعری لە خۆ گرتووە، بەڵام بەهۆ شەڕ و شوڕ و فەرامۆشکارییەوە مەخابن زۆربەیان فەوتاون. ئەوەی لە دیواندا چاپ کراوە و گەیشتووەتە دەستی خوێنەر نزیکەی دوو هەزار بەیتە، لەپاڵ ئەمەشدا کتێبەکەی کە بە ناوی (مێژووی ئەردەڵان)ە.[٩٤]

دەبێت بڵێین سوپاس بۆ مەستوورەی ئەردەڵان کە نەیهێشت خۆری سەدەی نۆزدەیەم بە بێ ڕووناکی پێنووسی ژن ئاوا ببێت و بەرهەمگەلێکی پێشکەش کردین کە تا مێژووی ئەدەبی کوردی هەیە شانازی پێوە بکات و مێژووی ژنیش بەو بەرهەمانە شاگەشکە بێت.



**وێنەی پەیکەری مەستوورەی ئەردەڵانی**

[٩٤] محمد امین زکی. مشاهیر الکرد و کردستان. الجز الثانی. بنکەی ژین. سلیمانیە. ٢٠٠٥، ل ٢٤٧.

# شاژنی بێ عەرش
# (زەینەب خان/ کچەکورد)




لە بەشی باشووری کوردستان؛ لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، گەورەشاعیران و ڕۆشنبیرانی ناوداری پیاو دەرکەوتوون، بەڵام هیچ شوێنەوارێک لە شاعیرێکی ژن لەو سەردەمەدا، لەم بەشەدا دەرنەکەوتووە کە هاوپلەوپایەی ئەدەبی ئەو شاعیرانە بێت. مرۆڤ دەپپرسی باوەجوو بۆ؟ بۆچی لەم باشەی کوردستاندا نە لە هیچ یەکێک لە میرنشینەکانی بابان و سۆران دا ژنێک هەڵنەکەوت هاوپلەوپایەی نالی و کوردی و مەحوی بێت. ئەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ناوەڕاستی ئەو سەدەیە بۆ لەم بەشەی کوردستاندا ئافرەتێکی پایەبەرز لە ئەدەبدا دەرنەکەوت هاوپلەوپایەی پیرەمێرد و بێکەس و گۆران بێت؟ ئاخۆ ئەم بەشەی کوردستان ژنێکی خوێندەوار و ئەدیب و زانای تێدا نەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە بۆشاییەکی بەریندا و لە بازنەیەکی داخراودا دەخولایەوە، تا لە دوای نزیکەی سەد ساڵ؛

بە چاپکردنی دیوانی "زەینەب خان" بە هیمەتی کەموێنەی مامۆستا عەبدوڵلا زەنگەنە، بۆمان دەردەکەوێت، لە سەدەی بیستەمدا ژنێکی شاعیر؛ بە هزرێکی زۆر ڕوونی نەتەوەییەوە، بە هۆشیارییەکی چینایەتییەوە، سەرکردەیەکی نەتەوەییش و فێمینیستیش هەبووە و قەڵەمێکی کەموێنەی سەردەمەکەی خۆی بووە، بەڵام بۆ ئێمە ئەم خانمە هزرمەندە نەناسراو بووە و دوای ئەو ماوە درێژە، ئینجا کەسایەتی خۆی دەناسین و بەرهەمە ناوازەکانی دەگاتە دەستمان.

ئەم دۆخە زۆر جێگەی داخە؛ ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کۆمەڵی باشووری کوردستان چۆن ئاستەنگی ڕاستەقینە بۆ ژنی زانا و دانا دروست دەکات و ناهێڵی دەربکەون، چۆن دیواری ئەستووری لە نێوان ژنان و پیاوان دروست کردووە و چۆن ژنی پەراوێز خستووە. بنەماڵەکانی ئێمە لە ڕابردوودا چەند کەمتەرخەم بوون بەرامبەر ئەو کچ و ژنانەی کە خاوەنی بەهرە و توانایەکی وەک هی زەینەب خان بوون و دوای ساڵانێکی زۆر ئینجا کەمێک لەو بەرهەمانەی بیر و قەڵەمی ئەم خانمەمان بکەوێتە دەست. بۆمان دەردەکەوێت مێژووی ئێمە چۆن ژنی فەرامۆش کردووە و تەنانەت مێژووی ئەدەبی کوردییش کە مێژووی ڕووناکفکرانی کوردە، ئاوڕی لە خامەیەکی ئەڵماسینی وەک هی ئەم زەینەب خانە نەداوەتەوە. بۆ ئەم دۆزینەوە مەزنە و ئەم گەنجینەیە، مێژووی ئەدەبی کوردی و مێژووی ئافرەتانی کوردیش قەرزاری مامۆستا عوبدوڵلا زەنگەنەن و هەزار جار دەستخۆش، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە ئەم دیوانە لەسەر ئەرکی ژنێک چاپکراوە (فاتیمە ساڵح ئەحمەد)ی دایکی عەبدوڵلا زەنگەنە، کە ئەوەش بۆ خۆی سەد ئافەرین و دەستخۆشی گەرەکە، کە لە سەردەمێکی قەیرانباری وەک ئێستای باشووری کوردستاندا، ژنێکی کورد لە تەمەنێکی وادا، ئەرکێکی وا پیرۆز بگرێتە ئەستۆ و دیوانی خانمێکی شاعیر و زانا چاپ بکات، کە مێژوویەکی دوورودرێژ بەرهەمەکانی نەناسراو و نادیار بوون.

دیوانەکەی زەینەب خان لە کۆتاییەکانی شوباتی ٢٠١٨ دا کەوتە دەستی خوێنەران و بە دڵنیایەوە پێویستە دەیان لێکۆڵینەوەی وردی زانستی بە میتودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر ئەم خانمە جواننووس و زمانزان و هزرمەندە بنووسرێت. ئێمەش دریغی ناکەین لەوەی بەشێکی ئەو

لێکۆڵینەوانە لەسەر ئەم خانمە بگرینە ئەستۆی خۆمان، چوون شیعرەکانی هێندە فرەڕەهەند و قووڵ و پڕمانان کە وەک خانمێکی بیرمەندیش تێی بڕوانین و بیر و ئەندێشەکانی بخەینە بەر باس و تیشکی توێژینەوەیان بخەینە سەر. با پێش ئەوەی شیعرەکانی هەڵسەنگێنین کەمێک لە ژیاننامەی ئەم خانمە بڕوانین کە لە پێشەکی دیوانەکەی و لەناو شیعرەکانیدا هاتووە.

## ژیاننامەی زەینەب خان بە شیکارییەکی کۆمەڵناسییەوە:

**یەکەم:** زەینەب خان لە نەورۆزی ساڵی ١٩٠٠ لە شاری کۆیە لە دایک بووە. نۆبەرەی دایکوباوکێک بووە کە هەردووکیان وەک بنەماڵە کەسانی ناوداری زانا و دانا و شاعیریان تێدا هەڵکەوتووە. باوکی زەینەب خان(رەئوف ئەفەندی خادم سوجادە) بووە و دایکیشی (زەهوە خانی خورشیدەفەندی عالیمزادە). وەک سەرنجێک نازناوی ئەفەندی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەو کەسانە دراوە کە ڕۆشنبیر و مامۆستا و زانا بوون، وەک دەبینین باوک و باپیری زەینەب خان نازناوی ئەفەندی پێوەیە. ئەم دایکوباوکە، جگە لە زەینەبی نۆبەرە، هەشت منداڵی تریشیان هەبووە، کە حەوتیان کوڕ و بە زەینەبەوە دوانیان کچ بووە. لە کوڕەکان یەکێکیان ناوی یونس بووە، کە پاشتر بە نازناوی (دڵدار) شیعری هۆنیوەتەوە و بڵاوی کردۆتەوە. کەس نەماوە لەناو کورددا ئاشنای شیعری (ئەی رەقیب)ی دڵدار نەبێت، کە بوو بە سروودی نەتەوەیی هەر چوار بەشی کوردستان. ئەو دڵدارە لە بیرەوەرەکانی خۆیدا گووتوویەتی:"زروفی ئەوساکەی عائیلەوی مامۆستای هەرەگەورەم بووە و سوڵتەی دایکم و خوشکی گەورەترم مورشیدم بوون."[٩٥]. ئەگەر رەخنەگرانی کورد بە شوێن ئەو دێڕەی دڵداردا بچوونایە تا بزانن ئەو خوشکە گەورەیەی دڵدار کە رێپیشاندەر و مامۆستای بووە، کێ بووە و چۆن بۆتە مامۆستا و رێپێشاندەری، بێگومان زۆر زووتر لە ئێستا زەینەب خان و گەنجینەی بەرهەمە ناوازەکانی دەدۆزرایەوە. لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە دەگمەن پیاوانی ناودار باسی ئەوەیان کردووە کە ژن مامۆستایان بووبێت و ریێپشاندەریان بووبێت، چونکە کولتووری پیاوسالاری بریتی بووە لە

[٩٥] دیوانی زەینەب خان. کچەکورد. هەولێر، ٢٠١٨، ل ٥.

چەسپاندنی بیری پیاوەزنی و ژن هەمیشە بە لاواز، کەمعەقڵ و بێ مەعریفەت لە هزری پیاوی رۆژهەڵاتیدا چەسپیوە. کە دڵدار لەو دەمەدا لەو کەسە دەگمەنانە بووە باسی کاریگەری خوشکی گەورەی کردووە لەسەر خۆی و باسی سوڵتە(دەسەڵات٠ی دایکی کردووە بە سەریەوە، دەبوایە رەخنەگرانی ئەدەبی ئەو سەردەمە و دواتر بە دوای ئەو ددانپێدانانە کەمنمونەیەدا بچن، بەڵام مەخابن ئەوە لە کاتی خۆیدا نەکراوە.

**دووەم:** شاری کۆیە لەو سەردەمەدا کە زەینەب خانی تێدا لە دایک بووە و نەشونمای کردووە، مەڵبەندێک بووە بۆ پێشکەوتنخوازی و شاعیر و بیرمەندی زۆر ناوداری تێدا سەری هەڵداوە وەک مەلای گەورە، حاجی قادری کۆیی و دواتریش عەونی و دڵدار و دڵزار و فریشتە و هتد. مەلای گەورە لە پێشەنگی ئەو ناودارانە بووە کە هانی کۆمەڵی خۆی داوە کە کچ بنێرنە بەر خوێندن و نەجیبەی کچی خۆی ناردووەتە قوتابخانەی تێکەڵاوی کچان و کوڕان بۆ فێربوونی خوێندن. سورەیای کچی مەلای گەورە لە بزاڤی رزگاریخوازی ژناندا ناوێکی درەوشاوەیە و لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا. حاجی قادری کۆیی، کە لە ناودارانی بنەماڵەی دایکی زەینەب خانیش بووە، بە هەمان شێوە هانی خوێندنی کچی داوە و تەنانەت ئەو کەسانەی بە کافر زانیوە کە رێگە لە خوێندنی کچ دەگرن. لە دوو بەیت شیعردا داوای یەکسانی دەکات بۆ فێرکاری کچان و کوڕان و بۆ ئەو مەبەستەش وتەی پەیامبەری موسوڵمانان دەهێنێتەوە و تەنانەت ئەوەش دەڵێت ئەگەر مەلا پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە بکات و کچان لە خوێندن قەدەغە بکات دین و ئیمانی نییە. حاجی قادر دەفەرموێ:

بۆچی فەرموویەتی ( نبي الامين )<br>
اطلبوا العلم ولو بالصين<br>
نێرو مێ لەو حەدیسە فەرقی نییە<br>
گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە

گومان لەوەدا نییە ئەم شاعیرانە کاریگەرییان لەسەر کەشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی شاری کۆیەدا هەبووە. باوکی زەینەب خان کە خۆیشی خوێندەوار و لە بنەماڵەیەکی ناوداری نیشتیمانپەروەر بووە، لەو کەسە

ڕۆشنگەرانە بووە کە خۆی دەستی کچەکەی گرتووە و بۆ باشترین مەڵبەندەکانی خوێندن لە (بەغدا) بردویەتی. گومان لەوەدا نییە کە بەغدا لە مێژوودا وەک مەڵبەندێکی زانستی لە سەردەمی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی و بە تایبەتیش لە سەردەمی هارون ڕەشیددا ناسراو بووە و ئەو کاریگەرییەی تا سەدەی بیستەمیش مابوو. بۆ کچان لە بەغدادا ئەو قوتابخانەیەی کە زەینەب خان تێیدا خوێندویەتی، یەکەمین قوتابخانەی کچان بووە. تا پۆلی شەشی سەرەتایی لەوێ خوێندویەتی و ئینجا گەڕاونەتەوە بۆ شاری کۆیە و لە کۆیەش بەردەوامی داوەتە خوێندن. باشترین سەرچاوە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی و دەستنیشانکردنی پێگەی زانستی و هۆشیاری ئەم خانمە شاعیرە شیعرەکانی خۆیەتی کە باسی ژیاننامە و باسی ڕۆڵی ئەو باوکە هۆشیار و پایەبەرزەی دەکات کە چۆن هاندەر و پشتیوانی بووە، باسی دایکی و کاریگەرییەکەی دەکات. زۆر بەڵگەی تر هەیە لە شیعرەکاندا بەڵام ئەم دێرەی خوارەوە بەسە بۆ ئەوەی یەکسانخوازی و ڕۆشنفکری ئەو باوکە و ئەو دایکەی زەینەبی پەروەردە کردووە، بزانین:

باوکم پیاوێکی زۆر تێکۆشەر بوو
بۆ حقوقی ژن عەقڵی لەسەر بوو
دەیگووت هەردووکیان بەنی ئادەمن
خاوەن دوو گوێچکە و یەک چاو و دەمن
پیاو هیچی زیادەی بۆ نەخوڵقاوە
لە دەستە و لە گوێ لە قاچ و چاوە

شیعرەکە چەندین دێڕی تری بەدوادا دێت و یەک لەوی تر زیاتر سەلمێنەری ئەو یەکسانیخوازییەی باوکی شاعیرە. ڕەئوف ئەفەندی لەبەر ئەو وەسفانەی کە زەینەب لە شیعرەکانیدا کردوویەتی، شایانی ئەوەیە پەیکەری لە شاری کۆیەش و لە هەولێری پایتەختی کوردستانیشدا بۆ دروست بکرێت. لە کۆمەڵێکی پیاوسالاری دروستکەری سەدان کۆت و پاوەند بۆ مێینە، پیاوێک بە کچەکەی بڵێت:

ببە بە ڕەمزی ئازادی ژنان
وەکو مەشخەڵ بە لە ڕێگەی ژیان
ئەم جیلە یاخود جیلی تر دادێ
ڕەوڕەوەی مافی ژن دەگاتە جێ

ئەمە مانای ئەوەیە، رۆشنفکرێکی گەشبین بووە و ئاگادار بووە لەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری مافەکانی ژن لە رۆژئاوا، ئەو سەردەمەدا ڕووی داوە. ئەو شیعرە لە سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم نووسراوە، ئامۆژگارییەکانی باوکی، کە زەینەب بەو شیعرە بەرزانە و بەو زمانە پاراوەی هۆنیویەتییەوە، دەشێ هی سەردەمی منداڵی بووبێت. باوک زیاتر لە سەردەمی منداڵی و لاوێتیدا ئامۆژگاری منداڵەکانی دەکات و باوکی باش و ڕۆشنبیر ئەگەر بەهرەیەک لە کچەکەیدا ببینێت، هانی دەدات و پشتیوانی لێ دەکات. زەینەب زۆر شانازی بە باوکییەوە کردووە و سوپاسمەندی ئەو پشتیوانییەی باوکی بووە و لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت:

(زەینەب) چیت ئەوێ لەمە زیاتر
رەئوف ئەفەندی دەتکا بە ئاگر
تۆش بسوتێنە دونیای نەزانی
دونیای تاریکی و رێی پەشیمانی

**سێیەم:** زەینەب خان وەک زۆرینەی شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی کە جگە لە کوردی شارەزای زمانەکانی تری ناوچەکەش بوون (تورکی و عەرەبی و عیبری و فارسی)، ئەمیش ئەو زمانانەی زانیوە و پێی خوێندۆتەوە. بەهۆی زانینی ئەو زمانانەوە بە باشی توانیویەتی ئەدەبیاتی عەرەبی و تورکی و فارسی بخوێنێتەوە و شارەزای شیعری عەرەبی و کێشەکانی عەرووزی شیعر بێت بەهۆی ئەو ئەزموونەی لای شاعیرانی عەرەبی جاهیلی هەبووە، هەروەها رەوانبێژی فێر بووە و لە شیعرەکانیدا ئەو وەستاییەی کە نواندوویەتی بۆ ئەو بەدواداچوونە دەگەڕێتەوە کە بۆ شیعری نەتەوەکانی تر و شیعری کلاسیکی کوردی و شاعیرانی هاوچەرخی خۆیشی هەیبووە. لە شیعری (سەربردەی زەمەن) کە لە ساڵی ١٩٣٠ ئەوەی بەیان کردووە کە چۆن فێری ئەو زمانانە بووە و چی پێ خوێندوونەتەوە و چۆن کاریگەرییان لە سەری داناوە. لە قورئانەوە فێری عەرەبی بووە کە زمانی ئایینی ئیسلامە، بەڵام هەر بەو عەرەبییە رۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی خوێندۆتەوە کە دایکێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێر بووە.

عەرەبی فێر بووم لە رێگەی قورئان
لە رێی کتێبی پڕ علیمی یەزدان

دوای چەند دێڕک دەڵێت:

شەوقی ریوایەی (الام)ی گۆرکیم
کردە ملوانکەی ملم بۆ ژیان

ئەگەرچی لە چەندین شوێنی شیعرەکانیدا باوەڕی بە ئایینی ئیسلام دەردەکەوێت کە باوەڕێکی پتەو بووە و ناوی پەیامهێنی ئیسلام و کچەکەی (فاتیمەی زەهرا) و هەندێ لە ئەسحابەکانی سەردەمی زووی ئایینی ئیسلام دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خانمە مێشکی داخراو نەبووە و ئەدەبیاتی مارکسی خوێندۆتەوە و ناوی ئەنگلس و مارکس و گۆرکی لە شیعرەکانیدا هاتووە. لە زمانی فارسیشدا شارەزاییەکەی وای کردووە شاکارەکانی سەعدی و حافیز و خەیام و ئەوانی تر بەسەر بکاتەوە و لێیانەوە ڕووناکی بۆ دنیای شیعری خۆی وەربگرێت.

چوومە نێو ماڵی حافز و سەعدی
لەگەڵ سەنائی کەوتمە هەڵقرچان
سەفەری دووری ڕێی خەیامم کرد
دڵی پڕ کردم لە قوڵپەی گریان

تەنیا عاشق بەو جۆرە بە سۆزی شیعر دەداتە قوڵپەیّ گریان، چونکە بە هەستی دەگاتە ناو نەستی ئەو شاعیرانەی کە شیعرەکانیان هۆنیوەتەوە. زەینەب خان عاشقی شیعر و ئەدەبیات بووە و بە تاسەوە شاکارەکانی ئەدەبی ناوچەکە و جیهانی خوێندۆتەوە و لە هەمووشیانەوە فێر بووە و شیعرەکانی لەو ئەزموونانە تێر بووە. کەشیعرەکانی زەینەب خان تاوتوێ دەکەیت دەبینیت زۆر تێرن بە بیر و گوزارەکانی پاک و ڕەوان و ڕەنگین و سەنگینن.

زەینەب خان کە شوو دەکات بە پیاوێکی شاری هەولێر و لە قەڵای هەولێر نیشتەجێ دەبێت، فێری تورکی دەبێت. قەڵای هەولێر بناغەی چەند هەزار ساڵەی شارەکەیە و لە ڕووی ئەندازەییشەوە شارەکە بە شێوەیەکی بازنەیی لە دەوری قەڵای هەولێر دروست بووە. زەینەب خان ماڵی هاوسەریی لە قەڵای ناوەندی هەولێر بووە. هەولێر وەک پێکهاتەی دانیشتوانەکەی لە زۆرینەی کورد پێک هاتووە، بەڵام لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بایەخ بە پێکهاتەی تورکمان دراوە بۆیە زۆرێک لە کوردەکانیش بە تورکمانی قسەیان کردووە و هەندێکیان خۆشیان بە تورک لە قەڵەم داوە. لەسەر قەڵای هەولێر کە شوێنی بنەڕەتی شار بووە، بە تورکی قسەیان کردووە، ئەگەرچی کوردییش بوون.

زەینەب خان فێری تورکی بووە، بەڵام لەناو خێزانی خۆیدا بە کوردی دواون و ئەم زانیارییانەش هەر لەو شیعرەدا بەیان کردووە:

ئەوساڵەی هاتین بۆ شاری هەولێر
ماڵمان هێنایە سەر قەڵای کوردان
کوردان بە تورکی قسەیان دەکرد
بە حوکمی سوڵتەی عوسمانلییەکان
تاقەماڵیک بووین بە کوردی ئەدواین
لە قەڵای هەولێر وەک شێری مەیدان
فێرە تورکی بووم زۆر بە ئاسانی
کەوتمە خوێندنەوەی کتێبی تورکان

کوردایەتی زەینەب خان و ئەوەی دەریبڕیوە تەنها هەست نییە بەڵکو لە ئاستێکی بڵندترداییە و گەیشتووەتە ئاستی هۆشیاری. هۆشیارییە نەتەوایەتییەکەی زۆر ڕوون لە زۆربەی شیعرەکانیدا دەدرەوشێتەوە. جگە لە باوکی، دایکیشی ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ژیانیدا و بە تایبەتی بۆ بەهێزکردنەوەی هەست و هۆشیاری کوردایەتی لە لای زەینەب خان. زەینەب خان لە دێڕێکی شیعرەکەیدا دەڵێت:

ڕۆژێکیان دایکمم بە تورکی بانگ کرد/ یەک شەقازیلەی لە بناگوێم گیر کرد
حاجی قادر بوو کەسی دایکی من
کورد دەریان پەڕاند بە دەستی دوژمن
دایکم ژنێ بوو، بە دین و ئیمان
ئەفکاری قەومی خسبووە سەرمان
دەیگوت کیژەکەم ژیر و هۆشیار بە/
بۆ حەقی کوردان دەم بە هاوار بە

لەم چەند دێڕەدا کاریگەری دایکی لەسەر زەینەب و، کاریگەری حاجی قادری کۆیی لەسەر دایکی زەینەب بە روونی دەردەکەوێت. حاجی قادر زۆر پەرۆش بووە بۆ نەتەوەکەی و زمانی کوردیشی وەک ناسنامەی نەتەوەیی لە لا بەرز و پیرۆز بووە و تەنانەت زۆر توند هەجووی ئەو کەسانەی کردووە کە زمانی خۆیان نەزانیووە و "دایک"ی بەرپرسیار کردووە لەو پرسەدا چونکە بە زمانی یەکەم و زمانی نەتەوەیی دەگوتریت"زمانی دایک"، چونکە دایک یەکەمین فێرگەی منداڵە و زمانیش لە نۆ مانگی تەمەنی منداڵەوە و لە ئامێزی دایکەوە دەست پێدەکات، حاجی گوتوویەتی:

ئەگەر کوردێ قسەی بابی نەزانێ / موحەققەق دایکی حیزە با بیزانێ
یان:
لە کوردی حەز نەکا کوردێ مەڵێ بۆچی وە یا چۆنە
لە دایکی پرسیارێ کە ئەو بێچووەی لە کوێ هێنا

دایکی زەینەب خان ئەگەر خوێندەواریش نەبووبێت بە حوکمی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی وەک هی حاجی قادری کۆییدا بووە و شیعریش لەو سەردەمانەدا وێردی سەر زاری خەڵک بووە بە نەخوێندەوارەکانیشەوە، بۆیە ئەم شیعرە هەجووەی حاجی قادری رۆشنگەر و شاعیر ڕۆڵی خۆی بینیوە هەم لە نێو بنەماڵەکەیان و لە هەموو ناوچەکەشدا بە گشتی کاری خۆی کردووە. خەڵکی کۆیە زمانێکی کوردی پاراو بەکار دەبەن و شاعیرانی کۆیە زۆر شیرینزمانن.

زەینەب خان لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەدواداچووی زۆرینەی شاعیرانی پێش خۆی و تەنانەت سەددەکانی دوورتریش لە پیش خۆی بووە، بابەتاهیری هەمەدانی نزیکەی هەزار ساڵ پێش زەینەب خان ژیاوە و شیعری داناوە، بەڵام ئەم ناسیویەتی و لە شیعرەکانیدا ناوی هێناوە.
ئێمە خاوەنی بابەتاهیرین
خاوەنی خانی و مەلای جزیریین
بابەتاهیری هەمەدانی ناسراو بە بابەتاهیری عوریان لە نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی یانزەیەمدا ژیاوە و شیعری بە زمانی فارسی پەهلەوی نووسیووە و بە کوردییش شیعری نایابی گووتووە. ناسینی بابەتاهیر لە لایەن زەینەب خانەوە ڕادەی قوڵایی خوێندەواری و هۆشیارییە ئەدەبییەکەی دەخاتە ڕوو. بابەتاهیری عوریان، شاعیر و نوقمبووی نێو زەریای عیرفان بە زمانێکی باڵا شیعرەکانی هۆنیوەتەوە و تێگەیشتن لە شیعری ئەو هۆشیارییەکی بڵندی ویستووە. بابەتاهیر بە کوردیش شیعری عیرفانی زۆری داناوە و چوارینەکانی لەو بوارەدا جێگەی سەرنجن و تێگەیشتن لێیان هۆشیاری عیرفانی پێویستە، بۆ نمونە:
مەگەر شێر و پڵنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
بە موو دایم بە جەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
ئەگەر دەستووم رەسەد خونت وەرێژم

بوینم تا چ ڕەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ
باباتاهیر دڵی خۆی دەدوێنێ و پێی دەڵێ مەگەر تۆ شێر و پڵنگی کە دایم لەگەڵمدا لە جەنگی، ئەگەر لە دەستم بێت خوێنت دەڕێژم تا بزانم ڕەنگت چۆنە!

بە هەر حاڵ زەینەب خان ئەم شاعیرە مەزنەی هەزار ساڵی پێش خۆی، ناسیووە و نەک هەر ئەو، بەڵکو خانی و مەلای جزیریشی ناسیووە کە بە کرمانجی ژووروو شیعریان نووسیووە و لە باکووری کوردستان ژیاون. مەلای جزیری لە نێوان (١٥٧٠-١٦٤٠) واتە لە نێوان سەدەی پانزە و شانزەی جزیرەی بۆتان دا ژیاوە. خانی لە (١٦٥١-١٧٠٧) ژیاوە و مەم و زین کە داستانە بەناوبانگەکەی کوردانە و بە شیعر هۆنیویەتییەوە و لەوێشدا ئەوپەڕی هۆشیاری نەتەوەیی دەردەکەوێت و تەنانەت باس لە سەربەخۆیی دەکات و بە دەوڵەتبوونی کوردستان بە ماف دەزانێ و دەخوازێت. زەینەب خان، ئەحمەدی خانی ناسیوە و بەرهەمەکانی خوێندۆتەوە، ئیتر چۆن هۆشیاری نەتەوەیی ئەم خانمە شاعیرە پەڕە ناگرێت، کە لە ئەحمەدی خانی ئەمەی خوێندبێتەوە:

گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە را دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت

شاعیران هەمیشە کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیانیان لەسەر دەبێت و ئیلهام لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەوانیش وەردەگرن. لێیانەوە فێر دەبن و بیرۆکەی جۆراوجۆریان بۆ دێ. زەینەب خان لە چەندین شیعردا باس لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات، باس لە پێویستی یەکگرتنی کوردان دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئاواتی دێرینی خۆی کە سەربەستی و ئازادی نەتەوەکەی و ڕزگاربوونی خاکەکەیەتی لە چنگی داگیرکاری.

چەند جۆرێکی هۆشیاری لە شیعرەکانی زەینەب خان دا بەدی دەکەین، هۆشیاری نەتەوەیی، هۆشیاری چینایەتی، هۆشیاری فێمینیستی، هۆشیاری ژینگە و سروشتگەرایی، هۆشیاری ئایینی و عیرفانی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا نموونەی شیعری هەر یەک لەو هۆشیارییانە پیشان دەدەین.

## یەکەم: هۆشیاری نەتەوەیی لە شیعرەکانی زەینەب خان

ژمارەی ئەو شیعرانەی زەینەب خان کە نەک تەنها هەستی پەتی، بەڵکو هۆشیاری باڵای کوردایەتی هەوێنێتی، زۆرن و لەم لێکۆڵینەوەیەدا مشت وەک نمونەی خەروار وەردەگرین و تیشک دەخەینە سەر ناوەڕۆکیان و پەیوەندییان لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵی کوردی لەو سەردەمەدا کە شیعرەکەی تێدا دانراوە.
لە شیعری (ئینسان)دا کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (١٩٢٧) دا لە دوو دێری کۆتاییەکەیدا دەڵێت:

خودا زمانی پێداوم، کردومیەتی بە کوردزادە
دەبێ بۆ سەربەخۆیی کورد، لە هەوڵ و لە تێکۆشان بم
هەرچەندە ئێمە بێکەسین، خودا کەسی بێ کەسانە
دەبێ ئیرادە و عەزمم بێ، نابێ بێ هەست و زوبان بم

دەرککردن بە گرنگی زمان وەک گرنگترین بەڵگەی ناسنامەی نەتەوەیی نیشانەی هۆشیاری نەتەوەییە کە لای ئەم خانمە شاعیرەدا لە چەندین شوێندا بەرجەستە کراوە. شیعرەکانیشی بە زمانێکی زۆر پاراوتر لە هەموو ئەو شاعیرانەی کە هاوچەرخی ئەو بوون، نووسیوە.
لە ساڵی ١٩٢٨ شیعرێکی بەناوی (ئینگلیزی داگیرکەر) نووسیووە و تیایدا باسی جوگرافیای لەتکراوی کوردستان دەکات و ژێردەستە و کۆیلەبوونی کورد لە پای ئەو لەتبوونی کوردستانەوە دەناسێنێت. بەریتانیا بە تاوانبار دادەنێت و نزا و تووکی لێ دەکات بۆ ئەو دەردەی بەسەر کوردیدا هێنا، لە چەند دێڕێکیدا دەڵێت:

خوا بتگرێ بەریتانیا، دەسەڵاتت لێ بستێنێ/
سەر و ماڵت حەڵاڵ کردین، خوا وەک کوردت بەسەر بێنێ
چ خراپەی تۆمان هەبوو، هاتی لەوسەری دونیاوە
ئێمەت هەڕاجی چوار لا کرد، ماڵی ئێمەشت گل داوە

ئەگەر نا، نە عەرەب نە فارس نە تورک کەس نەیدەتوانی
پڵینگ و هەڵۆ ڕاو بکات، هێندە بە سەهل و ئاسانی

بەڵام زەینەب خان، گەشبینە و هیوای لەوە نەبڕاوە کە کورد ئەو دۆخی کۆیلەیەتی و داگیرکارییە تێدەپەڕێنێت و دەگاتە مافەکانی خۆی، واتە بە سەربەخۆی دەگات. لە کۆتا دێڕی ئەو شیعرەدا دەڵێت:
(زەینەب) قەت بێ هیوا نییە، هەتا لێدانی نەفخی سوور
هەر مافی خۆیان دەستێنن کچ و کوڕی کوردی جەسوور
نموونەی شیعر کە هۆشیاری نەتەوەیی ئەم خانمە بخاتە ڕوو لە نێو دیوانەکەدا ئێجگار زۆرن و تەماشای هەر شیعرێکی دەکەیت، یەک لەویتر باڵاتر هەستی بەرز و هۆشیاری و کوردستانپەروەری دەربڕیوە، بەڵام مشتمان وەک نموونەی خەروار هێنایەوە.

## دووەم: هۆشیاری چینایەتی لای زەینەب خان

دابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر چینی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە، فەیلەسووفە سۆشیالیستەکان و تیۆرییەکانی مارکسی ڕوونی دەکەنەوە. سیستەمی سەرمایەداری بۆ قایمکردنی پێی خۆی چینی باڵادەستی دروست کرد کە خاوەنی سەرمایەکان بوون و کارگەکانیان دروست دەکرد و ئەوان خاوەن کار بوون و چینێکی تر لە ژێردەستیان دروست بوو کە کاریان بۆ ئەوان دەکرد و لە لایەن ئەوانەوە دەچەوسێندرانەوە. مارکس مرۆڤی بە بەنرخترین سەرمایە ناوزەد کرد، بەڵام سەرمایەداران ئەو مرۆڤەیان وەک کریکار دەچەوساندەوە و ماف و هەقدەستی شیاو بە بەرهەم و کارەکانیان پێ نەدەدرا. چینی چەوساوەی کرێکاران بە پرۆلیتاریا ناسێندران و لە تیۆرییەکانی مارکسدا زەمینەی ڕزگاربوونیان بۆ ساز کراوە. لە شیعرێکدا زەینەب خان ناوی مارکس و ئەنگلس دەهێنێت و ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو شارەزای بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوف و کۆمەڵناسە مەزنانەی مێژوو بوو. لە دێڕی کۆتایی شیعرێک بەناوی دەنگی ژن لە ١٨٣٦نووسیویەتی، دەڵێت:
ئینجلس کە ئایدۆلۆجیای بە هاوکاری مارکس نووسی
دایکێکی ئەسیلی هەبوو، خاوەن دڵێکی میهرەبان

زەینەب خان لە شیعرێکدا کە بۆ یەکی ئایار، جەژنی کرێکاران نووسیویەتی، ئەوە دەردەبڕێت کە چینی کرێکار بۆ ژیانی مرۆڤ چەند گرنگە و بۆ بنیاتنانی ژیان و پێشکەوتنی چەند پێویستە. لە شیعرێکدا کە ساڵی ۱۹۲٤ نووسیویەتی، دەڵێت:

گەر کرێکار رەنج نەدات و تێنەکۆشێ بۆ ژیان
درەختی گەل بەری نابێت، ناچێتە پێش نیشتیمان
نابێ زەحمەتی کرێکار فەرامۆش کەین تا ئەبەد
ساختومانی قوتابخانە و نەخۆشخانە و رێگاوبان

شیعرەکە ۷ دێرە و لە کۆتا دێڕیشیدا خۆزگەیەک دەخوازێت و ئەو خۆزگەیە زۆر لە خۆزگەکەیپیرەمیردی شاعیر دەچێت. زەینەب خان دەڵێ:

(زەینەب) خۆزگە تۆش دەبوویتە کرێکاری خۆبەخش
بۆ بینایەی قوتابخانەی منداڵانی کوردستان

ئاخر پیرەمێردی شاعیر هێندە پەرۆشی خوێندنی کچان بوو، لە شیعرێکی بەرز و بایەخداریدا زۆخگەیەک دەخوازێت و دەڵێت:

خۆزگە من ببمە درەخێ بۆ قوتابخانەی کچان
ئەو کچانە وا دەخوێنن، ببمە سێبەر بۆ ئەوان

## سێیەم: هۆشیاری ئافرەتیستی(فێمینیستی)

نزیکەی سەد ساڵێک بەر لە لەدایکبوونی زەینەب خان فەلسەفەیەک و دنیابینییەکی ژنانە لە رۆژئاوادا گەڵاڵە بوو، بیرمەندی ژن هێنایەنە بوون و لەو دیدگایەوە ژنبینی و ژیانبینیەکی نوێ دروست بوو، ئامانجی ئەوە بوو جێگرەوەیەک بۆ سیستەمی پیاوسالاری دابنێت و ئەو بارە لاسەنگەی کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی کە هەزاران ساڵ تەمەنی بوو هاوسەنگ بکەنەوە و لە جێی ئەو هەڵاواردنە توخمبەندییە، مرۆڤسالاری بێتە کایەوە و یەکسانی و دادپەروەری باڵ بکێشێت بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵ و کۆمەڵگاکاندا. ئەم هۆشیارییەی لە رۆژئاوا دروست بوو، شۆڕشی کولتووری بەرپا کرد و کۆمەڵگەکانی گۆڕی. ژن هاتە مەیدان و بۆ داواکاردنی مافەکانی ئەم فەلسەفەیەی کردە بڕوا و رێگا و رێباز. لە خۆرئاوا دوای سەد ساڵ خەبات دەستکەوتی پڕ بایەخ بە دەست هات و بەهۆی ئەوەشەوە پرسی ژن پرسی هەموو مرۆڤایەتییە، کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتییش تێکڕایان کەوتنە ژێر

کاریگەری ئەو بڕوا و رێ و رێبازانە. رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە جموجوڵی ئافرەتان تیایدا سەری هەڵدا و رۆشنگەرەکانی کوردیش لەژێر کاریگەری شەپۆلی خەباتی ژنان باسی یەکسانی و بیری یەکسانییان هێنایە گۆڕێ و لە شیعرەکانیان جێگەیان پێدا.

لە شیعری کوردیدا، لە سییەکان و لە چلەکاندا هەندێ لە شاعیرانی پیاو لە کوردستاندا ئەرکی باسکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاویان گرتبووە ئەستۆی خۆیان و لەو بوارەدا لە سلێمانی پیرەمێرد و فایەق بێکەس و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا هێمن موکریانی، نموونەی شاعیری رۆشنگەر و یەکسانیخوازن و نموونەی شیعری وایان هەیە کە لە لاپەڕە هەرە پرشنگدارەکانی مێژووی ژناندا تۆمار بکرێت. بۆ ئێمە پرسیار بوو، ئاخۆ ئەگەر ژنێکی شاعیری هاوچەرخی پیرەمێرد و بێکەس هەبوایە یەکسانخواز دەبوو یان نا، هۆشیاری ئافرەتیستانەی دەبوو یان نا؟ بە دەرکەوتنی زەینەب خان کە هاوچەرخی ئەوانە، ئەو پرسیارانە وەڵام درانەوە، چونکە ئەم شاژنی شیعرەی کە مەخابن لە کاتی خۆیدا دەرنەکەوت و بە بێ عەرش مایەوە و زۆر درەنگ بە بوونی خۆی و بەرهەمەکانی زانرا، هۆشیارییەکی ئەوەندە باڵای ئافرەتانەی یەکسانخوازانەی هەیە، کە کەموێنەیە لە جۆری خۆیدا.

زەینەب خان نەک لە شیعرێک و دووان و سییان، بەڵکو لە چەندین شیعری بەرزدا ئەو هۆشیارییە دەردەبڕێت و بانگی یەکسانی دەدات و هانی کچان دەدات بۆ ئازادبوون و خوێندن و فێربوون. لە شیعری ژنانی مەرد دا دەڵێت:

چ گەمژەیەکە، دەڵێ بە تەنیا
هەر بەرخی نێرە بۆ سەربڕینە
ئەگەر مێ نەبێ، نێر لە کوێ دەبێ
ئەسڵی ئەم قسە پڕ لە برینە
ژن شەوق و نوری ئەم دنیایەیە
بە بێ ژن دنیا تاریک و چۆلە
ئەوەی حورمەتی دایکی خۆی نەگرێ
یا خوشک و هاوسەر، بێگومان زۆڵە

بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێناسەی ژن دەکات و بە هەتاوی دادەنێت کە بەردەوام گەرمی هەست و ڕووناکی دەبەخشێت و بەهۆی ئەوەوە دەوروبەر دەبوژێتەوە.

ژن هەتاوێکە رووناکی ئەدا
بە ئێرە و ئەویَ، بە هەموو زەمین
ئەگەر گەورەیی دڵی ژن نەبێ
بۆ مەرگی پیاوان کێ دەگێڕێ شین

ئەگەرچی ژن لە سروشتی بوونی خۆیدا وەک ئەو هەتاوە ڕووناکی و گەرمیبەخشەیە کە زەینەب خان لەو شیعرەدا بەرجەستەی کردووە و پێناسەی دەکات، بەڵام کۆمەڵ پیزانینی نییە بۆ ئەو بەخشینانەی و دەیچەوسێنێتەوە. بە هۆشیارییەوە باس لەو چەوسانەوەیە دەکات و دەڵێت:

ئای کە ژن مەردن، مەرد ژیانن
مەردێکی وەها بە بێ تەفسیرن
بەڵام سەد حەیف و هەزار مەخابن
هەتا ئەم عەسرەش دیل و ئەسیرن
هەموو نمونەی بۆرەپیاوەکان
وەکو مەسەلە دەیخەنە سەر ژن
پیاوە مەردەکان ئێوە پاڵپشت بن
ژنی میهرەبان مەکەن بە دوژمن

لە ساڵی ١٩٣٦ شیعرێکی داناوە بە ناوی دەنگی ژن، بە تەواوی هۆشیاری و دیدگای ئافرەتیزمی تیادا بەرجەستە کراوە. رەخنەگرانە لەو دیدگای نێرسالارییەی کۆمەڵ پیادەی دەکات، دەروانێت. داوا لە ژن دەکات خۆی بە توانا بکات، ببێت بە خاوەنی فیکر و بێتە مەیدان. پێیان دەڵێ تەنها خەریکت جوانکاری ڕواڵەت مەبن و ناخ و هزر و بیر پەروەردە بکەن. لە سەرەتای شیعرەکەدا وەک چۆن سەرکردەیەک دەدوێت ئاوا بە فەرمانی (دەبێ) دەست پێ دەکات:

ژن دەبێ قودرەتی هەبێ، بزانی چۆن دێتە مەیدان
خۆ هەر بە شیعارات نابێ، بڵێین شیرەژنی ژیان
لە ناو فکرا، فکری هەبێ، وردبین و دووربین و ئازا
نابێ هەر دۆستی لانک و تەشی رێس بێ لەبەر هەیوان

چوار سەعات لەبەر ئاوێنە، خۆی با بدا و بلێ جوانم
کە تووشی غەمێکی سووک بوو، دەست بکاتە قولپەی گریان

لە ساڵی ۱۹۳۷یشدا دوو دێڕ شیعری داناوە بە ناونیشانی (ژن) و تیایدا لۆمەی کۆمەڵ دەکات کە ژن بە گوریسی شەیتان دەچوێنن و پیکەنینی ژن بە فیتنەی ئاخرزەمان دەزانن، ئەو لە شیوەی پرسیار بیری کۆمەڵ دەوروژێنێت بۆ وەڵامێکی لۆژیکی کە هەموویان وەڵامەکەی دەزانن:
حیکمەتی چ جاهیلێکە، کە ژن بێ گوریسی شەیتان
بەلەب خەندی جەماڵی ژن بلێن فیتنەی ئاخرزەمان
لە ڕەحمی کێدا گەورە بووی، کێ زادی حەیاتی پێدای؟
مەگەر دایکی تۆ ژن نییە، هەر شێرە ژنە بە قوربان!

"ئەوە سروشتە وای کردووە، ژن و پیاو جیاواز بن. ئەم گوتەیە کاتێک دروستە، مەبەست لەو جیاوازییە، تەنیا لە یەکدی نەچوونی بیۆلۆگی بێت و هیچی دیکە، بەڵام ئەوەی پیاو لە ژن باڵاترە، لە ئەفسانەیەکی حەوترۆح بەولاوە، هیچی دیکە نییە."[٩٦] ئەوانەی ئەو جیاوازییانەیان لە بەرژەوەندی پیاو و لە دژایەتی ژندا بەرجەستەکردووە بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتدارانی پیاو بوون لە نێو کۆمەڵدا. لە هەندێ قۆناغدا ئەو دەسەڵآتدارانە پیاوانی ئایینی بوون، لە هەندێ قۆناغدا پیاوانی سەرمایدار و لە هەندێ قۆناغی تردا ئاغا و دەرەبەگ بوون. ژن کە دەنووسێت مەرجە ئەو هەڵواردنە توخمبەندییە رەت بکاتەوە و خۆیشی بە زمانێکی بێلایەن و مرۆڤ سالارانە بنوسێت. زەینەب خان لە شیعرەکانیدا وای کردووە و بە تەواوی ئەو ستەمکارییەی بەرامبەر بە توخمی مێ دەکرێت، رەتی کردۆتەوە و بەرپەرچیشی داوەتەوە. لە ساڵی ۱۹۵۲دا لە ژێر ناوی (ئازادی خەاتی خوایە) شیعرێکی داناوە و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| خودا مافی بە مێ داوە | نابێ کۆت و ئەسیر بکرێ |
| ئاسۆی ژنان ڕووناک بۆوە | ئیدی نابێ زنجیر بکرێ |
| ئافرەت هەستاوەتە سەر پێ | بە زانست و خوێندەواری |
| پەرچەم و ئاڵای وڵاتە | لە کۆمەڵگای کوردەواری |

[٩٦] حەمەسەعید حەسەن. مێ لە سایەی ستەمدا. خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ۲۰۱۳. ل ٦٩.

(زەینەب)لەناو قەبریشا بێ ئازادی ژنانی دەوێ
ئازادی ئەو ئینسانبوونەی کە پیاو چۆنی دەست دەکەوێ
خودا ئازادی پیداوە تۆی بەندە لێی زەوت دەکەی
بۆ تۆ هەموو شت ڕەوایە بۆ ئەو هاواری کپ دەکەی؟!

**چوارەم: هۆشیاری ژینگە و سروشتگەرایی**

زەینەب خان چونکە بە تەنها بەهرە نەبووە کە پاڵی پێوە بنێت بۆ شیعرنووسن، بەڵکو ڕۆشنبیرییەکی زۆر فراوان و فرەڕەهەندی هەبووە، بۆیە لە هەموو بابەتەجۆربەجۆرەکان دواوە و هەموو لایەنێکی ژیانی بە نیشانەی شیعر زانیوە و پێکاویەتی. شاعیرێک بووە ویستوویەتی کەلێنێک نەهێڵێتەوە بە وشەی جوان پڕی نەکاتەوە. سروشت خۆی چەند جوان و پاراوە، لە زاری زەینەبەوە جوانتر و پاراوتر وێنەکێشراوە و وەرزەکانی وا پەسن داوە، هەر یەکەیان جوانییە ئەفسوناوییەکەی دەربکەوێت. لە نێو شاعیرانی پیاودا گۆران بە شاعیری سروشت ناوبراوە، چونکە گۆران لە پەسنی جوانی سروشتدا شاسواری مەیدانی شیعر بووە و کە باسی بەردێک دەکات، ڕۆح دەکاتە بەری ئەو بەردە. ئەم خانمە شاعیرەشمان لە پەسنی سروشتدا داهێنانی کردووە، بڕوانە لە ساڵی ١٩٣٢ چ شیعرێکی بەرزی بۆ سروشتی کوردستان گووتووە:

ئەرێ ئەی هەوری پڕ باران لەبەرچی خۆت مەڵاس داوە
مەگەر نابینی ئەم خاکە بە گریانی تۆوە ماوە
بە بیستنیناڵەی دڵت گوێی سەوزایی دەکرێتەوە
هەر لەگەڵ پێ و قەدەمی تۆ گیانی بەهار دەشنێتەوە

باران گریانی هەورە، ئەمە چ ڕستەیەکی سەرسامکەرە و دڵرفێن و چەند میتافۆرێک جوانە. ئەی کامیرای هەستی شعیر بۆ ناڵێی، چەند جوان وێنەی ئەو کوڕ و کچانەی گرتووە کە لە سەیرانگای بەهارانی کوردستاندا سەرنجی یەکتر و سروشت رادەکێشن.

پەردەی دڵان دەلەرزێنن هەیبەت سوڵتان و چنارۆک
کچان نێرگز لەسەر دەگرن کوڕان گوڵ دەدەن لە بەڕۆک

بەهار وەرزە دڵخوازەکەی عاشقان و شاعیران، هەمیشە هەستەکانی هێناوەتە هەڵەکەسەما و دڵی هێناوەنەتە جۆش و خرۆش. زەینەبی عاشقی شیعریش بە هەمان شێوە رۆحی خۆی ئاوێتەی بەهار کردووە.

بەهارە فەسڵی گوڵانە، گژوگیا سەوزی دەنوێنێ
سروشت ئارامگای دڵانە، نەسیم عەتران دەپرژێنێ
تاڤگەی شاخان دێنە خواری و خونچە دەمیان کردۆتەوە
شنەی شەماڵی بەیانە، پرچی کچان رادەژێنێ
دەنگی سوێسکە و قاسپەی کەو و شمشاڵی شوان
وەکو مۆسیقای بتهۆڤن، تەڵی دڵان دەهەژێنی

دەیان دێڕی باڵای تر لە پەسنی بەهار و پاییزدا دەبینین و سەرسام دەبین پییان. کە بەناو دیوانی شیعری زەینەب خاندە پیاسەیەک دەکەین، وەک ئەوە وایە لە فیردەوسی بەرین بین و نەزانین سەرەتا بۆنی کام گوڵ بکەین و دوای ئەوە لە چ کانییەک ئاو بخۆینەوە و دواتر لەسەر چ بەردکی ڕەنگین وێنەبگرین.

باعەی بەرخ و حیلەی ئەسپ و هاژەی ڕووبار
گرفەی کانی و قاقای کچان، هەستی بەردەیش دەبزوێنێ
موتریب و ساقی، دەم بە دەم،باسیان هەر باسی بەهارە
لەیلا، لە باوەشی مەجنون، چاوی نێرگسی هەڵدێنی

## پێنجەم: هۆشیاری ئایینی و عیرفانی

باوەڕی ئایینی لە چەندین دێڕەشیعر لە شیعرەکانی زەینەب خان دەردەکەوێت، بەڵام وشکە باوەڕ نەبووە و باوەڕی ئایینی ڕێگەی لێنەگرتووە فەلسەفە و باوەڕ و ئایدۆلۆژیاکان بناسێت و هەر لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت کە بێجگە لە ئیسلام کە باوەڕی ئەوی لەسەر چەسپیوە ئایینەکانی تریشی ناسیووە و ناوی ئایینی جوو و کرستیان دەهێنێت و باوەڕی بە فرەکلتووری و فرەئایینی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەبووە. لەبەر ئەو هۆیە دەتوانین بڵێین هۆشیارییە ئایینییەکەی زەینەب خان زیاتر شێوازێکی عیرفانی هەبووە، نەک

شێوازێکی وشکەبڕوایی. یەک وێنەی زەینەب خان لە دیوانەکەیدا دانراوە لەگەڵ هاوسەرەکەی و دڵداری شاعیر کە برای بووە، وێنەکە ساڵی ۱۹۳۰ گیراوە و بە جلوبەرگێکی مۆدێرنەوە دەرکەوتووە، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە شاعیر وشکە بڕوا نەبووە، دەنا وەک ژنێکی باڵاپۆش دەردەکەوت. ئەو شیعرانەی کە زیاتر عیرفانی بوونیان تێدا دەردەکەوێت، چوارینەکانی زەینەب خانن، پێدەچێت کاریگەری چوارینەکانی خەیامیشی لەسەر بووبێت. نموونەیەک لەو چوارینە عیرفانیانە:

ئەگەر بمبەن لە پاکەوە بەرەو پاک
دەستم بگرن لە خاکەوە بەرەو خاک
خاک هەر منم، من هەر خاکم بە خاکی
هەر دەمینێ، کە هەر ماوە رێگەی پاک

مرۆڤ لە خاک بووە و بۆ خاک دەگەڕێتەوە، مرۆڤی پاک بۆ لای پەروەردگاری تەنیا و تاک و پاک دەگەڕێتەوە، ڕووانینێکی عیرفانیە بۆ دۆخی ژیان و مردن، کە لەم چوارنەیەدا بە جوانی بەرجەستە کراوە و وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی لێ پێکهێناوە.

من کەی دەگەم بە دیداری ڕووناکت
ئیفتیخارە ویسالی نووری پاکت
لە خۆشیانا گوڵی گریانم دەڕژێ
بۆ خۆم لای تۆ و جەستەم دەچیتە خاکت

گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار کە ڕووناکی گەردوونە و رۆح وەک بەشێک لەو وزەی ڕووناکییە دەگەڕیتەوە بۆ لای سەرچاوەکە خۆی، وا دەکات مردن وەک کۆتایی وەرنەگیرێت، بەڵکو تەنها وەک وێستگەیەک کە جەستە لێی دادەبەزێت و بەرەو ناخی زەمین و خاک دەڕوا، رۆحیش هەر لەو ساتەدا بڵند دەبێتەوە و تێکەڵ بە ڕووناکی رەهای گەردوون دەبێت کە پەروەردگارە. ئەم بیرو وێنەیەی لەم چوارینە نایابەدا بەرجەستە بووە، ئەوپەڕی عیرفانیبوونی شاعیر دەردەخات. بە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت کە ئەو هیچ کات لەو ڕاستییە غافڵ نەبووە کە بڕوای پێی هەبووە، ئەو ڕاستییە رەهایەش

زاتی مەزن بووە، هەر بۆیەشە ئامۆژگاری مرۆڤەکانی کردووە غافڵ نەبن لەو ڕاستییە. لە چوارینەیەکدا دەڵێت:

جوانیت شکێنی رەونەقی گڵ بی
رۆژێ هەر دەبێ میوانی گڵ بی
نەبی بە پەندەی نەفس و زاتی خۆت
خۆت لێ بگۆڕێ و لە خوا غافڵ بی

## کاریگەری کات و شوێن بەسەر شاعیرەوە:

کات و شوێن دوو فاکتەری گرنگن بە شوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دەدانێن و هەندێک جار گۆڕانکاری چارەنووسساز لە ژیانی تاکدا ڕوودەدات بەهۆی کاریگەری یەکێک یان هەردوو فاکتەرەکە پێکەوە. هەر ئەم گرنگییەی کات و شوێنی ژیانی ئاسایی مرۆڤە لە نێو ئەدەبییشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە چیرۆک و رۆمان و داستانەکاندا بایەخ بەم دوو فاکتەرە دەدرێت و رەخنەی ئەدەبییش بۆ هەڵسەنگانەندی کەسایەتییەکان لە کاریگەری کات و شوێن بەسەریانەوە دەکۆڵنەوە.

زەینەب خان؛ کۆیە لە دایک بووە و سفر تا شەش ساڵی تەمەنی لە کۆیە بووە، شەش تا دوانزە ساڵی تەمەنی لە بەغدا خوێندویەتی، دووبارە گەڕاوەتەوە کۆیە و تا کاتێ ژیانی هاوسەریشی پێکهێناوە لەوێ بووە و ئینجا لە ماڵی هاوسەرگیری لە هەولێر نیشتەجێ بووە و ماڵیان لەسەر قەڵای هەولێر بووە. ئەم کات و شوێنانە و ئەم ژینگە جیاوازانە کاریگەرییان لەسەر خۆی و بەرهەمەکانی داناوە. بۆ نموونە کە لە بەغدا بووە، جگە لەوەی عەرەبی فێر بووە، بەهۆی بوونی ماڵی جولەکە لە دراوسێتی ماڵی خاڵی کە ئەمیش لەوێ بووە، فێری زمانی عیبری بووە. بێگومان بەهۆی ئەم زمانانەوە کلیلی ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانە کەوتۆتە دەستی. لە هەولێر فێری تورکی بووە و لە کۆیەش کە بەردەوامی بە خوێندن داوە فێری فارسی بووە و کلیلی ئەدەبیاتی تورک و فارسیش کەوتۆتە بەرکی. ئەو ژینگە جیاوازانە و لەو کاتە جیاوازانەدا ئەزموونی جیاواز و ناوازەیان بۆ پێکهێناوە. زایەنگە(شوێنی لەدایکبوون) گرنگی و کاریگەری تایبەتی هەیە لەسەر

مرۆڤ، بۆیە دەبینین کۆیە و گوندەکانی (تیمار) و(هەرمۆتە) لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و چەندین جار ناویان دەبات.

چەندە خۆشە هەرمۆتە، لە سەیران و بەهاری
هەموو یەک خانەوادەین، لە خاکی کوردەواری
هەرچەندە لە هەولێرم،هەرمۆتەم هەر لە بیرە
ئەڵلا کە خوایە خۆشە، گوندێکی چەند دڵگیرە

زەینەب خان؛ پێ ناچیت لە ژیانی خۆی لە شاری هەولێر ئەوەندە رازی بووبێت. دەشێ هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ داخراوی کۆمەڵی هەولێر لە چاو کۆمەڵی کراوەی کۆیە، شاعیریش پێویستی بە کەشێکی ئازاد و کراوە هەیە و بە کەشی داخراوی کۆمەڵی دواکەوتوو هەناسەتەنگ دەبێت. لە ساڵی ١٩٣١ دا شیعرێکی داناوە بە ناوی (لەبەر کۆیە)، زۆر سەرنجڕاکێشانە لە دووری خۆی و خەڵکی شارەکەی کۆیە دەدوێت.

هەموو دنیا لەبەر چاوم خاپوورە
چونکە سیمای ئەهلی کۆیەم لێ دوورە
تینووی ماچێکی دار و بەردی کۆیەم
لە دڵمایە، ئەمما لە چاوم دوورە

ئەگەر شاعیر لە ژینگەی نیشتەجێبوونی (هەولێر) رازی بایە، گومان لەوەدا نییە کە دەربڕینەکەی بۆ یادکردنی کۆیە، تا ئەو ڕادەیە هەژێنەر نەدەبوو، کە بڵێت:
هەژاندوومی، کوشتوومی یادی ئەوێ
ئاخ ئەو یادە مەرگێکی بێ سنوورە
ئێستا وەکو داری پیر و کلۆر وام
منی شۆخ و شەنگ و گوڵالەسوورە

ئاواتەخوازییەکەی بۆ گەڕانەوە بۆ کۆیە تا ئەندازەیەکە کە خوازیاری مردن بێت، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کەشی هەولیر چەند کەشێکی خنکێنەر بووە بۆ شاعیر. کەشێک بۆ شاعیرێک کە بەردەوام شیعری زۆر جوان و

بەرزی نووسیووە و نەیتوانیوە وەک شاعیرێک دەربکەوێت، چونکە ژن بووە و ژنیش لە هەولێر لەو سەردەمەدا پێچراوی ناو عەبا و پەچە بوون و لە کونجی ماڵ بترازێ، بواری هاتنەدەر نەدراون. بڕوانە زەینەب خان چەند بە حەسرەتەوە داخوازی فریادڕەسێ دەکات، تەنانەت ئەو فریادرەسە ئەگەر مردنیش بێت، پێی چاکترە لەوەی لەو ژینگە خنکاوەدا بمێنیتەوە:

مەگەر مردن ببێ بە فریادڕەسم
خودایە گیان، کوفر ناکەم بمبورە
ئەگەر(زەینەب) حەسرەتی دڵ هەڵڕێژێ
قەت لێی ناگرن، دەزانن کە مەجبوورە

لە دوا وشەی شیعرەکەوە(مەجبوورە) بارودۆخی دەروونی شاعیر دەخوێنینەوە کە چەند بێزار بووە لە شوێنێک و چەند تامەزرۆ بووە بۆ شوێنێکی تر. بێگومان ئەوساش (قەڵای هەولێر) وەک سیمایەکی شارستانی و بناغەی شاری هەولێر، شوێنیکی گرنگ و مێژوویی بووە. کۆیەش لەو سەردەمەدا شارۆچکەیەکی بچوک بووە، بەڵام جیاوازی ئەم دوو شوێنە بۆ شاعیر بریتی بووە لە (ئازادی)، کە لە کۆیە هەیبووە و لە (هەولێر)لە دەست داوە. لە پەیوەند بە کۆیەوە بەهۆی باوکی کە زۆر پشتیوانی بووە و براکانی کە چالاکی سیاسی بوونە، ئەمیش چالاکی سیاسی هەبووە و وەک لە پێشەکی دیوانەکەیدا گوتراوە لە دامەزرێنەرانی لقی کۆیەی حیزبی هیوا و رێکخراوی (دارکەر) بووە، ئەمەش لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت. پێناچێت لە هەولێر ئەو جۆرە چالاکییانەی هەبووبێت. شەش ساڵ دوای دانانی ئەو شیعرە، واتە لە ١٩٣٧ دا شیعریک بۆ (هەولێر) دادەنێت و تیایدا دەڵێت:

هەولێر ناگۆڕینەوە بە پاریس و بە یۆنان
شاری شارانە هەولێر، دایکی مێژووی کوردستان
قەڵای هەر ئاوەدان بێ بمێنێ بە سەربەرزی
خوایە بیانپارێزی خەڵکی باش و خانەدان

پێدەچێت وەکو ئەمەکدارییەک بۆ شارەکە کە تیایدا ژیاوە ئەم شیعرەی دانابێت، نەک لەبەر ئەوەی تیایدا ئاسوودەیە، هەروەها وەک شوێنەوارێکی

مێژوویی و دێرینی کوردان ویستوویەتی لە چوارچێوەی شیعری بگرێت. کە باسی ژن و پیاوی هەولێری کردووە، باسی خانمێتی ،جوانی، خانەدانێتی و ئازایەتی کردووە نەک باسی ئازادی و یەکسانیخوازی، دەڵێت:

ژنیان نازدار و خاتوون وەکو کنێر و بەیبوون
پیاویان مەرد و مەردانە لە دوژمن هاتنە مەیدان
هۆلاکۆیان تێکشکاند تەخت و تاراجیان ڕوخاند
ئەوان زوڵمیان نەکرد، دوژمن بوو هاتە سەر وان

بەو جۆرە وەسفانە بەردەوام دەبێت و سێ دێری تر دەنووسێت، بەڵام لەو جۆرە شانازییانەی کە بۆ ژنی کۆیەی تۆمار کردووە، بۆ ئەمانی تۆمار نەکردووە. لێرەوە نرخی شوێن بۆ شاعیر دەردەکەوێت، زەینەب خان بەهۆی ئەوەی لە کۆمەڵێکی داخراودا بوو، مێشکی چەند کراوەش بوو، هەر دادی نەدابوو. ئەو هەموو هاوارەی کە بۆ نیشتیمان و ئازادی و سەربەخۆیی گەلەکەی لە دوو توێی پەڕاوەکانیدا تۆماری دەکردن، لە کاتی خۆیدا نەگەیشتە کەس. هیچ هێندەی ئەوە سەخت نییە بۆ شاعیر کە بیرە ئازادیخوازەکانی هۆنیبێتەوە و لە ئاستێکی ئەوەندە بڵندیشدا دەریبڕیبێت، بەڵام ئەو بیر و هۆنراوانە ڕووناکی نەبینن. هەموو شاعیرێک بەرهەمی خۆی وەک جگەرگۆشەی خۆی خۆش دەوێت، وەک چۆن مرۆ پێی خۆشە جگەرگۆشەکانی سەرکەون و دەرکەون، ئاواش پێی خۆشە جگەرگۆشەی شیعرەکان دەرکەون و پەیامەکانی نێو ئەو هۆنراوانە بگەنە خەڵکێک کە لە پێناوی ئەواندا ئەو شیعرانە نووسراون. دەبێ چەند سەخت بووبێت بۆ زەینەب خان، کە ئەو هەموو جگەرگۆشەیەی لە کاتی ژیانی خۆیدا دیل بوون و لە دوای کۆتایی ژیانی خۆیشی دەستبەسەر بوون و زۆر زۆر درەنگ ڕووناکییان بەرکەوت.

## هۆنراوەی ئازاد لای زەینەب خان:

لە ساڵی ١٩٢٠ تا ساڵی ١٩٥٠، بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ شیعرەکانی زەینەب خان ستوونین و کێش و سەروایان هەیە. وەکو هەموو ئەو شاعیرانەی پێش خۆی و کاتی خۆی شیعری کێش و سەرواداری نووسیووە. شیعری هەشت بڕگەیی

و دەبڕگەیی بە کێشی پەنجە، زۆرینەی شیعرەکانی پێک دەهێنن، بەڵام لە ساڵی ١٩٥١ بەدواوە لە هەردوو جۆر شیعری نووسیووە، لە پاڵ شیعری ستوونیدا شیعری ئازادیشی نووسیووە. لە شیعری (چی بکەم)دا کە لە ساڵی ١٩٥١ نووسیوویەتی، لە شیعرێکی ئازاددا وا باسی مەرگ و ژیان دەکات:

من چی بکەم ژیانم مەرگ بێ و
مەرگم ژیان بێ
من چی بکەم
ئەشکی خوێنین
ریشەی لەناو چاوان بێ
بارێکی وا خرابێتە سەرشانم
قابیز لە هیچ لەحزەیەکدا
غافڵ نەبێ بۆ سپاردەی گیانم..
من چی بکەم
ڕەنگی بێ ڕەنگ
خۆی بە ئاڵۆز دەنوێنێ
تێناپەرێ
لەبەیانی بەفردا
وەک خێوەتێکی سپی
تیری نیشانە دەشکێنێ..

دەبینین بە تەواوی شیعرێکی ئازادی نووسیووە و مانا و وێنەی شیعری لا مەبەستە نەک سەروای شیعرەکە، لەو شیعرەدا بە جوانی و بە شێوەیەکی دروست زمانی ئیماژ، لێکچوون و میتافۆری بەکار بردووە و بایەخی بە پەیامی نێو شیعرەکە داوە.

لە شیعری (بەهاری شێتی)شدا، دیسانەوە هێندەی پەیام و ئیماژ و میتافۆرەکانی لا مەبەست بووە، گوێی نەداوەتە سەروا و بە ئازادییەوە پێنووسی بەسەر لاپەڕەکانی تێنووسدا بردووە و نووسیویەتی:

بمکە بە هاوەڵی خۆت
بۆ گەشتی ژیان

لە گەڵتم
لەگەڵتم بۆ مردنیش بێ
لەگەڵتم
نامەوێ
لە نەفەسی خۆم بپچڕێم
لە دابڕانت
بەهای نییە وجودم.

## گفتوگۆ و ڕامان:

زەینەب خان لە ١٨/١/ ١٩٦٣ بە نەخۆشی شێرپەنجە گیان لە دەست دەدات، بەڵام لەو هەژدە ڕۆژەدا چوار شیعری نووسیووە کە مێژووی ساڵی ١٩٦٣ بەسەریانەوەیە، ئەمەش چەند شتێک دەردەخات:

یەکەم/ نەخۆشییەکەی زەینەب خان دریژخایەن نەبووە و ئازاری نەبووە، بۆیە تا ساتەکانی دواهەناسەشی شیعری نووسیووە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زەینەب خان لە ماوەی ژیانیدا دەبێت یەکجار زۆرتر لەمەی کە لە دیوانەکەدا دەردەکەوێت شیعری نووسیبێت. زۆر گرنگە ئەو شیعرانەی دیکەشی بدۆزرێنەوە و ڕووناکییان بەر بکەوێت. یەکەمین شیعری دیوانەکەی مێژووی ١٩٢٠ی بەسەرەوەیە و دەشێ زۆر پێش ئەو مێژووەش شیعری نووسیبێت. ئەگەر لەو کاتەشەوە بیژمێرین ٤٣ ساڵی ڕەبەق شیعری نووسیووە، بۆیە دەبێت ئەم دیوانە زۆر کەمێکی شیعرەکانی بێت.

دووەم/ ساڵی ١٩٦٣ ساڵیکی نالەبار بووە بۆ کورد و ڕژێمی بەغدا گەلێ خەڵکی لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە داوە لەبەر کوردبوون و ئازادیخوازی. زەینەب خانیش لەو چەند شیعرەدا گوزارەی لەو دۆخە خراپەی کورد کردووە. بۆ نموونە لە شیعری (کوردی بێکەس)دا دەڵێت:
هەمیشە میحنەت بۆتە بەشی مە/ ڕاوەدوونانە چارەڕەشی مە/ نەوبەهارمان زەرد/پاییزمان هەر شووم/ ئاسۆی بەیانی/ نادیار، سەرنگوم/ فرمێسکی چاومان/بەستە ئەڵێت و/ حیکایەتخوانە/ دەزانی کوردی/مات و بەستەزمان/ چەند ماڵوێران و/ بێ پشتیوانە.

ئەم شیعرەو سێ شیعرەکەی دیکەش باس لە دۆخی مرۆڤی کورد دەکەن و ڕەنگدانەوەی واقعی کوردستانی ئەو ڕۆژە لە هۆنراوەکاندا دەردەکەوێت. ئەمەش نیشانی دەدات زەینەب خان تا دوا هەناسەی لەگەڵ ئازار و خەمەکانی نیشتیمان و نەتەوەکەیدا بووە و خامەکەی لە پێناوی گەلەکەیدا خستۆتە کار، بەڵام بێ باری و کەمتەرخەمی و ناتەبایی و بێئاگایی گەلیش زۆر ئازاری داوە. لە شیعری (میللەتی نووستوو)دا دەڵێت:

ئاواتی کوردەوارییە
ڕزگاری بێ نیشتیمانم
سەربەخۆ بێ کوردستانم
هەمووی
هەر تینووی ئازادیین
ڕەنجدەر و پاڵە و سەپانم
بەڵام کوانێ
نە دوژمنم لێ دەگەڕێ
نە میللەتم
لە خەوی قووڵ بە ئاگا دێ و
رادەپەرێ.

لە دیوانەکەی زەینەب خان بڕوانین دەبینین شیعری بۆ زۆر بۆنەی سیاسی و نەتەوەیی نووسیووە، هەروەها بۆ مەرگی زۆر شاعیر و کەسایەتی کورد. جگە لە باوک و براکانی خۆی کە کۆچی دواییان کردووە، شیعری بۆ (پیرەمێرد) و(عەونی) و(فایەق بێکەس) و(ئەحمەد موختار بەگی جاف) و (شێخ مەحمودی نەمر) نووسیووە. ئەم خانمە بە تەواوی هەستەکانیەوە ئامادەیی هەبووە لە گۆڕەپانی ئەدەب و سیاسەت. داگیرکەرانی ریسوا کردووە، سەرکۆنەی کەمتەرخەمەکانی میللەتی خۆی کردووە، بانگەوازی خەباتی داداوە، شیوەنی بۆ شەهیدەکانی کردووە، هانی کچ و کوڕانی داوە بۆ تێکۆشان، داخوازی سەرفرازی کردووە، هەموو کاتێک لە هەموو شوێنێکدا بە پێنووس ئامادە بووە، ئەگەرچی بوار نەدراوە لە ڕووی فیزیکییەوە لەو کاتانەدا لەو شوێنانە ئامادە بێت، یان بواری نەدراوە وەک سەرکردە کە ڕۆحی شیعرەکانی ئەوە دەردەبڕن کەسایەتی سەرکردەیەکی تێدا

بەرجەستەبووە، دەربکەوێت، بەڵام بە پێنووس قەرەبووی کردۆتەوە و نووسیوویەتی، هەستەکانی دەربڕیوە و هۆشیاری لە یاری وشەدا هۆنیوەتەوە.

جگە لەمە ئێمە لە شیعرەکانی زەینەب خان دا دەبینین عەقڵانیەت لە لای ئەم خانمە چەند جێگەی بایەخ بووە. ڕۆڵی عەقڵ لە رزگاریدا، لەباشترکردنی ژیاندا، لە سەرکەوتندا زۆر بە بایەخەوە تۆمار دەکات. لە ساڵی ۱۹۲۸، کە تەمەنی شاعیر ۲۸ ساڵ بووە شیعرێکی لە ژێر ناوی (حوکمی عەقڵ) نووسیووە و دەڵێت:

ئینسان گەر عەقڵی بزر کرد، ئەو عەقڵەی خودا پێی داوە
رێگەی راستی لێ ون دەبێ، چونکە عەقڵی لە دەست داوە
عەقڵ دایکە، عەقڵ باوکە، عەقڵ رەوڕەوەی ژیانە
عەقڵ مەنبەعی مەعریفەی تەعریفی زاتی ئینسانە.

ئەم دێڕانە و چەندان دێڕی تریش لە بارەی عەقڵ و عەقڵانیەتەوە دەردەبڕێت، بەڵام نەک تەنها لەم شیعرەدا بەڵکو لە چەندینی تریشدا دەربارەی بیرکردنەوە و هزر دواوە. شیعری(دیسان بیر بکەرەوە)، (خودا و ئینسان و مەعریفەت)، (ئیدراک)،(بیربکەوە و بیربکەوە)و (تێبفکرە) لە نمونەی ئەو جۆرە شیعرانەیە.

جگە لە عەقلانیەت کە تەوەرێکی بەهێزی بابەتی شیعرەکانیەتی، ئینسان و ئینسانییەتیش تەوەرێکی زۆر بەهێزی بابەتەکانی ئەو شیعرانەی دووتوێی دیوانەکەیە. مرۆڤایەتی بەهایەکی بڵندە و شیعرەکانی ئەم خانمەی بە بڵندی ڕاگرتووە.
خودا کردومی بە ئینسان، دەبێ دایما ئینسان بم
دەبێ بە هۆش و گۆشەوە خەریکی نەخشەی ژیان بم

بەهاکانی تری مرۆڤایەتی و خودایی لە نێو زۆرێک لە شیعرەکاندا دەدرەوشێنەوە وەکو(چاکە)، (خۆشەویستی) و (باوەڕ) و (ئازایەتی) و (مەردایەتی) و(پاکی) و (رەوشتبەرزی) و هتد. هەروەها دیاردەکانی مرۆڤبوون و پەیوەندیدار بە مرۆڤەوە بوونەتە بابەتی بیرکردنەوەی و

شیعرەکانی، وەکو (مردن) و(ژیان) و (تێکۆشان) و (خەم) و (ئازادی) و (سەربەخۆیی) و هتد.

فرەڕەهەندی بیرکردنەوەی زەینەب خان وای کردووە بیر لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ بکاتەوە و بۆیان بنووسێت، بۆ (ژن)و(پیاو) و(منداڵ) بنووسێت. ئەو شیعرانەشی کە بۆ منداڵان نووسیویەتی وەستایەتی لێدەچۆڕێت و بە پێی توانای گەشەی دەروونی منداڵ هۆنیونیەتیەوە.

دەربارەی کەسایەتی ئەم خانمە، ئەوەی لەبارەیەوە گێڕدراوەتەوە و لە پێشەکی و پاشەکی دیوانەکەیدا تۆمار کراوە، دەریدەخات ژنێکی چاونەترس بووە"زێنەب خان شێرەژن بوو، مشۆرخۆری ماڵەوە و دەرەوەش بوو، سەرپەرشتی گوندەکەیانی دەکرد کە ناوی تیمار بوو." هەروەها لەبارەی ئەو گوندەی تیمارەوە سەربوردەیەک لەو دەگێڕنەوە"لە گوندی تیمار سەگێکی غروێ و هار خەڵکی گوندەکەیان هەراسان دەکا، بەوەی هەموو جار دێتە سەر جۆخێنان و دەغڵ و دانیان لێ گلاو دەکا، خەڵکی گلەیی لای سەعید ئاغا دەکەن، ئەویش داوای تفەنگ دەکا و دوو جاران نیشانەی لێ دەگرێ و ناپێکێ، کەچی رۆژی دواتر زەینەب خان سیرەی لێدەگرێ و پەلەوانژی دەکاتەوە، کە خەڵکی گوند دەچنە سەری دەبینن گوللەکەی لە تەختەی ناوچەوانی داوە." جگە لەمانەش و گرنگتر لەمانەش ئەوەی کە لەبارەیەوە باسکراوە:"زۆر جار وا پێویستی کردووە زەینەب خان لە گوندەکەیانەوە بە شەو بگەڕێتەوە ماڵەوەیان،دەستی داوەتە تفەنگەکەی و فیشەکدانی لە خۆی پێچاوە. چەندان جار بە تاقە سوارە و زۆر بە ئاسایی گەڕاوەتەوە ماڵەوەیان کە لە قەڵاتی هەولێر بووە." هەموو ئەمانە نیشانی دەدەن کە زەینەب خان ماکێکی سەرکردەیی لە کەسایەتی و دەروونیدا هەبووە. ئازا و چاونەترس بووە، بەڵام دیسانەوە ئەو پرسیارە دێتەوە گۆڕێ، ئەی کەواتە بۆ لە کاتی خۆی وەکو شاعیرێک دەرنەکەوتووە؟ بۆچی مەستوورەی ئەردەڵانی نزیکەی سەد ساڵێکیش پێش ئەو توانیویەتی لە کات و شوێنی خۆیدا دەرکەوتوو بێت و سەرکەوتوو بێت؟

هەندێ ئاماژەی تر، لە بارەی کەسانی دیکەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن نووسین بۆ ژن لە باشووری کوردستاندا وەک نەنگییەک دانراوە و دەشێ لە ترسی

ئەوەی بە بێڕەوشت لە قەڵەم نەدرێن یان نووسینەکانیان بڵاونەکردۆتەوە، یانیش بە ناوی خوازراوەوە بڵاویان کردۆتەوە. ناهیدەی شێخ سەلام ئەگەرچی کچی شاعیرێکی بەناوبانگیش بووە و خۆیشی لە پەنجاکاندا لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستاندا زۆر چالاک بووە و تەنانەت بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، کەچی نووسینەکانی بە نازناوی (کچە کورد) یان (ن.س) بڵاو کردۆتەوە. چەند کەسێکی تری چالاک لە یەکێتی ئافرەتان کە گۆڤاری (دایکایەتی نوێ)یان دەرکردووە و کامل بەسیر سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە، ئەمان بە ناوی خوازراوەوە نووسینەکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، درەخشان حەفید زادە بە ناوی (سۆلاڤ) و بەهیە مەعروف بە ناوی (گزینگ) و ئەنجوم زوهدی بەناوی(قەدەمخێر)ەوە نوسینیان تیا بڵاو کردۆتەوە. کەواتە دەبێت عیللەتی ئەوەی ئەم میللەتە ژنی نووسەر و شاعیری تێدا هەڵنەکەوتووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەو بیروباوەڕە کۆنەپەرستانە و نالۆژیکییە بووبێت کە نووسین بۆ ژن بە نەنگی زانرابێت. لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا کۆمەڵ کراوەتر بووە و کولتووری ئێران لە چاو هی عێراق زۆر پێشکەوتووتر بووە، بۆیە سەد ساڵ پێش زەینەب خان مەستوورەی ئەردەڵان دەرکەوتووە و رێزی لێگیراوە و بەرهەمەکانیشی چاپ کراون.

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا کە بە میتودی رەخنەی راڤەکاری لە بارەی ژیان و شیعرەکانی (زەینەب خان)ەوە ئەنجاممان دا، دەگەینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** زەینەب خان، لە شاعیرانی هاوخەرخی خۆی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا سەرەتای شەستەکانی ئەو سەدەیە، لە ڕووی داڕشتنی شیعر و زمان و شارەزاییەوە، هاوپلەوپایەی ناودارترین شاعیرەکانە. ئەگەرچی لە سەردەمی خۆیدا دەرنەکەوتووە و ناوی نەچووەتە نێو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەڵام لە ئێستا بە دواوە کە ئەم دیوانەی ڕووناکی بینی، پێویست دەکات مێژووی ئەدەبی کوردی دووبارە بنووسرێتەوە تا ناوی زەینەب خان لە پرشنگدارترین لاپەڕەکانیدا بنووسرێت.

**دووەم:** زەینەب خان تەنها خاوەنی بەهرەی شیعری نەبووە، بەڵکو خاوەنی هۆشیاری و ڕۆشنبیرێکی پڕ بە مانای وشە بووە، زمانی کوردی پاراو بووە و زمانەکانی تریشی کە زانیویەتی وەکو عەرەبی، عیبری، فارسی و تورکی ، بووەتە هۆی فراوانکردنەوەی ئاسۆی بیری و خوێندنەوە و ناسینی کولتوورەکانی وڵاتانی دەوروبەر و دنیا.

**سێیەم:** بڵاونەکردنەوەی نووسین یان بڵاوکردنەوەی بە ناوی خوازراوەوە لە بەشی کوردستانی باشووردا(داگیرکراوی عێراق) هۆی ئەوە بووە نووسین بۆ ژن بە نەنگی زانراوە. ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی کولتووری خێڵەکی عەرەبەوە بووە بەسەر بەشی کوردستانی باشوور، کە لە کولتووری خێڵدا ژن هەر بە عەورەت زانراوە و بواری نەدراوە بە هیچ شێوەیەک خۆی بێت و خۆی دەربرێت.

## دوا وتە:

گومان دەکەم؛ چەندین ئافرەتی بلیمەتی تری وەکو (زەینەب خان) لە باشووری کوردستاندا هەبووبن و لە ترسی تانەوتەشەری کۆمەڵی داخراو و کولتووری دواکەوتووی پیاوسالاری، دەرنەکەوتبن. دۆزینەوەی ئەو گەوهەرە شاراوانە دەبێت جێێ بایەخی بزوتنەوەی ژنان و دۆزی ژن بێت.

**سەرچاوەکان:**

١/ دیوانی زەینەب خان. کچەکورد(١٩٠٠-١٩٦٣). ئامادەکردنی حیکمەت حەمید مەلا رەئووفەفەندی خادم سوجادە. پێشەکی و پێداچوونەوە و رێکخستن: عەبدوڵلا زەنگەنە. هەولێر. ٢٠١٨.
٢/ د. ئیبراهیم مەحمود خەلیل. رەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی. و: مەحەمەد تاتانی، ٢٠١٧.
٣/ حەمەسەعید حەسەن. مێ لە سایەی ستەمدا. چاپ و پەخشی دەزگای موکریانی، هەولێر . ٢٠١٣.
٤/ محمد امین زکی. مشاهیر الکرد و کردستان. الجز الثانی. بنکەی ژین. سلیمانیە. ٢٠٠٥.
5/ https://ckb.wikipedia.org

# چەند دێڕێک لە ژیاننامەی ئەدەبی و پیشەیی نووسەر مەهاباد قەرەداغی

- لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٩٦٦ لە شاری کفری لە باشووری کوردستان لەدایک بووە.
- لە ١٩٧٨ ەوە، کە تەمەنی دوانزە ساڵ بووە، دەستی کردووە بە شیعرنووسین.
- لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ یەکەمین بەرهەمی شیعری لە هەفتەنامەی هاوکاری کە لە بەغدا دەردەچوو، بڵاو کراوەتەوە.
- لە ٢٨ی نیسانی ١٩٨٠ لە سۆنگەی شیعری بەرگری لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە دەگیرێت و دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان و بێسەروشوێنکردن، حوکمی ساڵێک زیندانیی بەسەردا دەسەپێندرێت. ئەو ماوەیە لە زیندانەکانی ئەمنی کفری، ئەمنی بەعقوبە، ئەمنی عامەی بەغدا و زەعفەرانیە دەبێت.
- ١٩٨١ هەر دوای ئازادبوونی لە زیندان پەیوەندی دەکات بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و لە کفری یەکەمین شانەی ئافرەتان دروست دەکات.
- ١٩٨٥- ١٩٨٧ پەیمانگای هونەری بەشی ژمێریاری لە کەرکووک تەواو دەکات.
- لە ١٩٨٠وە تا ١٩٩٠ لە چاپەمەنییە کوردییەکاندا شیعرەکانی بڵاو دەکاتەوە، وەک (هەفتەنامەی هاوکاری، گۆڤارەکانی بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، نێرگز، کاروان). لە گۆڤارەکانی شاخیش بە ناوی نهێنییەوە شیعری بڵاوکردۆتەوە. ناوە نهێنییەکانی (ئاڵا، ژاڵە، هەتاو گەرمیانی) بوون.
- لە ١٩٨٥ بۆ یەکەم جار لە کۆڕی شیعری لەگەڵ چەند شاعیرێکی تردا لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لە شاری هەولێر بەشدار دەبێت و چەند پارچە شیعرێکی خۆی دەخوێنێتەوە.
- لە ١٩٨٦ بۆ یەکەم جار لە شاری سلێمانی کۆڕێکی تایبەتی بۆ ساز دەکرێت لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر و ١٢ شیعری خۆی دەخوێنێتەوە. هەر لەو کۆڕەدا جەمال غەمبار باسێک لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی و دڵشاد عومەر کاکی باسێک لەسەر فۆرمی شیعرەکانی پێشکەش دەکات.

- **لە ١٩٨٦ بۆ یەکەم جار لە بەرنامەیەکی ئەدەبی لە تەلەفیزیۆنی کەرکووک چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت. بەرنامەکە لە ئامادەکردنی دڵشاد مەریوانی و پێشکەشکردنی شەهاب عوسمان دەبێت.**
- **لە ١٩٨٧ و ١٩٨٩ و ١٩٩٠ هەوڵی چاپکردنی دیوانی شیعری داوە، بەڵام دەزگای سانسۆری وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق رەتی کردۆتەوە و چاپکردنیانی قەدەغە کردووە.**
- **ساڵی ١٩٨٩ لێکۆڵینەوەیەکی لە بارەی کێشەی ئافرەتی کورد نووسیووە، بەڵام ئەویش چاپ نەکراوە.**
- **لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری کارای لە ڕاپەڕین دا کردووە لە رۆژی ئازادکردنی شاری کفری لە ١٠ ی ئاداردا.**
- **لە کۆڕەوی ملیۆنیدا لەگەڵ خەڵکی گەرمیان لە دەستی بۆردومانەکانی ڕژێمی بەعس هەڵاتوون و سێ مانگ لە ناوچەی تیلەکۆی سەرسنوور لە ئۆردوگای پەنابەری ژیاوە.**
- **لە یەکەم فیستیڤاڵی ئەدەبی و هونەری کە لە دوای ئازادبوون ئەنجام دراوە لە هاوینی ١٩٩١، بە ناوی "فیستیڤاڵی شیعر و پێشمەرگە" لە سەرتەکی بناری بەمۆ، بەشدار بووە. هەر ئەو ساڵە یەکەمین نامیلکەی شیعری بە تیراژێکی کەم، چاپ کردووە.**
- **١١ی ئازاری ١٩٩٢ لەگەڵ شاعیر و رۆژنامەنووس مستەفا گەرمیانی زەماوەندی هاوسەرگیری کردووە.**
- **لە حوزەیرانی ١٩٩٢ لەگەڵ هاوسەرەکەی چووەتە دیمەشق. لەوێ رۆمانی "کۆچ"ی نووسیووە و سێ کتێبی ئەدەبی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە.**
- **لە ٢٥ی ١ی ١٩٩٣ گەیشتۆتە وڵاتی سوید و لەوێ نیشتەجێ بووە. بەرهەمە چاپنەکراوەکانیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە.**
- **لە ١٩٩٤ یەکەمین دیوانی شیعری بە ناوی (پانۆراما) لە سوید چاپ کردووە، بە یارمەتی دەزگای کولتووری وڵاتی سوید.**
- **لە ١٩٩٥ رۆمانی کۆچی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.**
- **لە ١٩٩٦ کتێبی لێکۆڵینەوەکەی بە ناوی(لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا) چاپ کردووە و سێ کتێبە وەرگێردراوەکانی چاپ کردووە.**
- **١٩٩٧ بەرنامەی ئەدەبی و هونەری (پانۆراما)ی لە ستۆدیۆی ستۆکهۆڵمی تەلەفیزیۆنی میدیا ئامادە و پێشکەش کردووە و پەخشی کەناڵەکە لە بروکسلی پایتەختی بەلجیکا بووە. بۆ ماوەی دوو ساڵ بە خۆبەخش لەو کەناڵەدا زیاتر لە ٥٠ بەرنامەی پێشکەش کردووە.**

- **لە ماوەی نێوان ١٩٩٤-٢٠٠٤ دا دەیان سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەی لە شارەکانی وڵاتی سوید و لە وڵاتانی تردا بەشداری دەیان کۆنفرانسی کردووە وەک نەرویژ، دانمارک، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئوتریش، بەریتانیا، بەلجیکا و ئیسپانیا و هەروەها هەندێ وڵاتی عەرەبی وەک میسر و ئوردون.**
- **لە ١٩٩٩/٦/١ کچە تاقانەکەی لە دایک بووە و ناوی (شاکار)ە.**
- **لە ساڵی ٢٠٠٠ لە زانکۆی ستۆکهۆڵم دەست بە خوێندن دەکات لە کۆلێژی پەروردە.**
- **لە ساڵی ٢٠٠١ لەگەڵ دوو خانم چالاکوان شنە هیدایەتی و مونیرە موفتیزادە دەست بە پرۆژەی گەڵاڵەکردنی(داخوازینامەی ژنی کورد- Kurdish Women Charter) دەکەن و ڕێکخراوی پرۆژەی ژنی کورد بۆ ئەو مەبەستە دادەمەزێنن.**
- **لە ٢٠٠٢دەبێتە ئەندامی یەکێتی نوسەرانی سوید.**
- **تا ساڵی ٢٠٠٣ پێنج جار بۆ کتێبەکانی ستیپێندیۆمی لە سندوقی نووسەرانی سویدەوە پێ دەبەخشرێت، کە کۆی هەر پێنجیان نزیکەی نیو ملیۆن کرۆنی سویدی بووە.**
- **لە ٢٠٠٥ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و وەک راوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری یەکسانی، دەست بە کار دەبێت.**
- **لە ٢٠٠٨، دەبێتە یەکێک لە ئەندامی لیژنەی باڵای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی.**
- **لە ٢٠٠٩، دەست دەکات بە خوێندن لە بەشی ئینگلیزی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سابیس لە هەولێر.**
- **لە ٢٠١٠ لە کۆنگرەی هەشتەم دەبێتە ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتی نووسەرانی کورد.**
- **٢٠١٢ دەبێتە بەڕێوەبەری پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.**
- **٢٠١٢ دەبێتە سەرنووسەری گۆڤاری هزری وەرزی (شیکار) و گۆڤارەکە هێشتا بەردەوامە.**
- **٢٠١٣ دەبێتە ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و رۆژنامەنووسانی جیهانی.**
- **دەیان خەڵاتی بۆ بەرهەم و چالاکییە ئەدەبی، رۆژنامەنووسییەکانی وەرگرتووە. هەروەها بۆ چالاکییەکانی لە بواری مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەردا.**

- **بەرهەمە چاپکراوەکانی لە بواری ئەدەبدا؛ شیعر، کورتە چیرۆک و ڕۆمان، بیرەوەری، لە بواری لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانیشدا چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەن، کە ئەمانەن:**

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

**شیعر:**

١. **نەخشەی دواڕۆژی کرێکار**
٢. **پانۆراما**
٣. **شاخ کێڵگەی گەنمەشامییە**
٤. **میدالیا**
٥. **هاژەی ڕۆح**
٦. **هێشووی عەشق**
٧. **باڵندەبەفرەکان ( بە سویدی) Snö Fåglar**
٨. **دیوانی مەهاباد قەرەداغی(کۆبەرهەم)**

**چیرۆک، ڕۆمان، بیرەوەری:**

٩. **کۆچ (ڕۆمان)**
١٠. **ئەڤین ئاوی ژیانە (ڕۆمان)**
١١. **مەرگی مرۆڤ و نیوێک (کورتەچیرۆک)**
١٢. **ساڵێک لە دۆزەخ (بیرەوەری)**
١٣. **چلچرا (بیرەوەری)**
١٤. **زەنگدانەوە (ڕۆمان)**
١٥. **لەتێ پیاو(کورتەچیرۆک)**
١٦. **فاتیلا (ڕۆمان)**

**لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی، ئەدەبی و دیدار:**

١٧. **لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا**
١٨. **ئازادکردنی مێژوو**
١٩. **شەرەفنامە، شەرەف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن**
٢٠. **زمان، ڕامان و ناسنامە**
٢١. **کارەساتی ئەنفال، کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی**
٢٢. **ژن و کۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەس دا**

**٢٣. وشەباران**
**٢٤. لە فێنیزمەوە تا هیومانیزم**
**٢٥. ئافرەتیزم/ مێژووی سەدساڵ تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان.**

**وەرگێڕان لە عەرەبی و ئینگلیزییەوە:**

**٢٦. شیعر هەناسەی گەردوونە(هەڵبژاردەیەک لە شیعری هاوچەرخی جیهانی).**
**٢٧. دانپیانانێکی پیاوانە (١٢ کورتەچیرۆکی د. نەوال سەعداوی)**
**٢٨. نانی ژەهراوی (شانۆنامە لە نووسینی ڤیسیلین هانچێڤ)**
**٢٩. جینۆساید/ هۆلۆکۆست، کۆکوژیی جولەکەکان لە لایەن ئەڵمانیای نازییەوە. نووسینی: ئارێل هوروتز. (لە ئینگلیزییەوە)**
**٣٠. جینۆساید/ کۆمەڵکوژیی لە خاکی هەزار گرددا، ڕواندا ١٩٩٤. نووسینی:بنیامین نیوبێرگەر (لە ئینگلیزییەوە).**
**٣١.جینۆساد/ کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان، لە یادکراو و نکۆڵیلێکراو. نووسینی: پرۆفیسۆر یایر ئاورۆن.(لە ئینگلیزییەوە)**

**کتێبی پەروەردە و فێرکردن، کتێبی هاوبەش لەگەڵ نووسەری تر:**

**٣٢. گەرمیان**
**٣٣. باوەگوڕگوڕ**
٣٤. دیلان

## سوپاس و پێزانین

به پێویستی دەزانم سوپاسی چەند کەسێکی هێژا بکەم کە بۆ ئەم کتێبە هاوکار و هاندەر و پشتیوان بوون.

یەکەم: د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، کە لە پێدانی زانیاری سەبارەت بە رێکخراوەکە و هەندێ تێبینی بەسوود درێغی نەکرد لە هاوکاری کردن.

دووەم: ژیان بەرزنجی کە بە هەمان شێوە هاوکار بوو لە پێدانی هەندێ بەڵگە و کتێب و زانیاری و لینکی گرنگ، کە بۆ ئەم کتێبە سوودم لێ بینین.

سێیەم: ڤینۆس سەلاحەدین، کە بە وردی کتێبەکەی خوێندەوە و هەڵەچنی باشی تێدا کرد.

چوارەم: شاکار گەرمیانی کە دیزاینی بەرگی کتێبەکەی کرد.

پێنجەم: هێمن خدر، کە بە سەلیقە هونەرییە جوانەکەیەوە دیزاینی ناوەڕۆکی کتێبەکەی بۆ جێبەجێ کردم.

## پێڕست


ناوی بابەتەکان | ژمارەی لاپەڕە

- **پێشکەشە** ٣
- پێشواژە ٥
- دەروازە ١١
- **توێژینەوەی یەکەم ئافرەتیزم- مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان** ١٥
- سەرەتا
- میتودە بەکاربراوەکان لەم توێژینەوەیەدا
- دەستەواژە کلیلییەکانی لێکۆڵینەوەکان
- ئافرەتیزم و ئافرەتیست
- توخمبەندی ، سیستەمی بابسالاری
- یەکسانی، توندوتیژی، ژنبینی
- ژیانبینی
- ئامانج و پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە
- **پاشخانی مێژووی پرسی یەکسانی لە جیهان و لە کوردستان** ٢٧
- پرسی یەکسانی چییە؟ ٢٨
- لە جیهاندا چی بۆ پرسی یەکسانی کراوە؟
- دەرەنجام و کاریگەریەکانی خەباتی یەکسانی لە جیهاندا ٣٤

❖ کاریگەری خەباتی یەکسانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٤٧
میسر بە نمونە
❖ **رۆڵ و پیگەی ئافرەتان لە کودستاندا** **٤٩**
ژنبینی و ژیانبینی کورد
ژنی کورد لە پەراوێزی مێژوودا
ژنی کورد لە چارەیەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا
شاژنی بێ تاج
❖ **یەکەمین رێکخراوی ژنی کورد** **٥٥**
(کۆمەڵەی پێشخستنی ژنی کورد)
ژنێکی جەنگاوەر لە گەرمیاندا ٥٦
❖ **کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد** **٥٧**
❖ کۆمەڵەی ئافرەتانی شۆڕشگێری کوردستان ٥٩
❖ کۆمەڵەی دایکانی دیموکراتی کوردستان ٦٠
❖ ڕۆڵی حەپسەخانی نەقیب لە بزوتنەوەی کوردایەتیدا ٦١
❖ **دامەزراندنی کۆمەڵەی مافی ئافرەتانی عێراق** **٦٣**
❖ خەباتی رزگاریخوازی کوردستان و پێگەی ژن ٦٦
❖ **ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە دوو شۆڕشدا** **٧١**
❖ پێگەی ژن لە شۆڕشی نوێدا ٩٩
❖ **مێژووی تێکۆشان بۆ یەکسانی لە پاش ڕاپەڕین** **١٠٩**
❖ قۆناغی یەکەم: (ژیانەوەی کورد)(١٩٩٤-١٩٩٢) ١١١
❖ پێگەی ژن لە خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان ١١٣
❖ پێگەی ژن لە ناو کابینەکانی یەکەم و دووەم حکومەت ١١٥
❖ قۆناغی دووەم:(شەڕی براکوژی)(١٩٩٨-١٩٩٤) ١١٦
❖ قۆناغی سێیەم: (نەشەڕ نە ئاشتی)(٢٠٠٢-١٩٩٩) ١٢١
❖ پێگەی ژن لە کابینەی سێیەم و چوارەمی دوولەتبوو
❖ ئاستەنگی و ئاڵنگارییەکان ١٣٤
❖ کابینەی چوارەم و سیاسەتی یەکسانی ١٣٦
ناوەڕۆکی سیاسەتی یەکسانی

❖ سیاسەتی یەکسانی و پرۆژەی دەستووری کوردستان ١٤٥
❖ پرۆژەی ژنی کورد و داخوازینامەی ژنی کورد ١٤٧
❖ پاشبەندی داخوازینامەی ژنی کورد ١٥٣
❖ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ژنی کورد لە ستۆکهۆڵم ١٦٠
وتاری نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی
❖ **گفتوگۆ و تێڕامان** **١٦٤**
قۆناغی چوارەم:(یەکگرتنەوە)(٢٠٠٩-٢٠٠٦) ١٦٦
پێگەی ژن لە خولی دووەمی پەرلەمان و کابینەی پێنجەم ١٦٦
وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان ١٦٩
دەنگدانەوەی جیهانی بەردبارانکردنی دۆعا ١٧٠
وەزارەتی ناوخۆ و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ١٧٠
رێکارەکانی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ١٧١
❖ خەڵاتی ژنپارێزی ١٧٦
❖ بەڕێوەبەرێتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ١٧٧
توندوتیژی دژی ئافرەتان
❖ قۆناغی پێنجەم: (سستی و بەرهەڵستی)(٢٠١٣-٢٠٠٩) ١٨٠
پێگەی ژن لە خولی سێیەمی پەرلەمان ١٨٠
پێگەی ژن لە کابینەی شەشەمدا ١٨٨
ڕۆڵی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە ژنپارێزی ١٨٨
دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ١٨٩
پێگەی ژن لە کابینەی حەوتەمدا ١٩٦
❖ قۆناغی شەشەم:(شەڕی داعش و قەیران) ١٩٧
(٢٠١٧-٢٠١٣)
❖ گەشەی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا ٢٠٢
❖ بەڵێنی چوارساڵی ئارام ٢٠٨
❖ حکومەتی بنکەفراوان و پێگەی ژن ٢١١
❖ هۆکارەکانی قەیرانی دارایی ٢١٣
❖ کارەساتی شەنگال و ئەنفالێکی تر ٢١٤

❖ یەکخستنی پەرلەمان و ئاڵۆزاندنی بارودۆخ ٢١٥
❖ گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕۆڵی ژن ٢٢٠
❖ جاشی ژن بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا ٢٢١
❖ کارەساتی ناپاکی ١٦ ئۆکتۆبەر و کەوتنی کەرکوک ٢٢١
❖ گفتوگۆ و ڕامان ٢٣١
❖ دەرەنجام ٢٤٠
❖ ڕاسپاردەکان ٢٤٢

❖ **توێژینەوەی دووەم**
❖ **زەنگی هەراسی، بانگێ بۆ یەکسانی** **٢٤٧**
دەربارەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان
لە باشووری کوردستان
❖ فلاشباکێکی مێژوویی ٢٤٩
ڕەوت و پرسیارەکانی توێژینەوەکە
پێناسەی توندوتیژی و هۆکار و جۆرەکانی ٢٥٢
❖ یەکەم:توندوتیژی جەستەیی ٢٥٧
❖ دووەم: توندوتیژی وتەیی ٢٦١
❖ سێیەم: توندوتیژی دەروونی ٢٦٤
❖ چوارەم: توندوتیژی کۆمەڵایەتی ٢٦٥
❖ پێنجەم: توندوتیژی سێکسی ٢٦٩
❖ شەشەم: توندوتیژی سیاسی ٢٧٠
❖ حەوتەم: توندوتژی یاسایی ٢٧٢
❖ هەشتەم: توندوتیژی ئابووری ٢٧٣
❖ گفتوگۆ و ڕامان ٢٧٤
❖ ئەنجام ٢٨١

❖ **توێژینەوەی سێیەم**
**جیابوونەوە و لێكترازانی خێزان لە هەرێمی كوردستان ٢٨٣**
❖ پێشەكی ٢٨٥
❖ خێزان وەك دامەزراوەیەكی یاسایی ٢٨٥
❖ پێوەرەكانی پیكەوەنانی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی ٢٨٦
❖ ڕێژەی پێكهێنانی خێزان لە چاو لێكترازانی خێزان ٢٨٨
❖ هۆكارەكانی تەڵاق و جیابوونەوە ٢٩٠
❖ خستنەڕووی ڕێژە و ئەنجامەكانی هەر هۆكارێك
❖ یەكەم: پیكەوەنەگونجانی هاوسەرەكان و هۆكاری كۆمەڵایەتی ٢٩٠
❖ دووەم: هۆكاری ئابووری ٢٩١
❖ سێیەم: ناپاكی هاوسەری ٢٩٢
❖ چوارەم: تەكنەلۆژیای سەردەم ٢٩٤
❖ پێنجەم: جیاوازی تەمەن و نەزۆكی ٢٩٤
❖ شەشەم: فرەژنی و هۆكاری تەندروستی و ئایینی ٢٩٥
❖ حەوتەم: هۆكاری نەگونجانی زایەندی ٢٩٥
❖ پۆلێنكردنی فاكتەرەكانی جیابوونەوە بە پێی ڕێژەكانیان ٢٩٦
❖ گفتوگۆ و شیكاریی ٢٩٦
❖ ئەنجامگیری ٣٠١
❖ پێشنیار بۆ چارەسەری ٣٠٢

❖ **توێژینەوەی چوارەم**
**زەینەب خان:**
**شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم ٣٠٥**
پێشەكی
پرسیارەكانی توێژینەوەكە ٣٠٧
❖ رەخنەی راڤەكاریی ئەدەبی ٣٠٨
❖ لە مەستوورەی ئەردەلانەوە تا زەینەب خان ٣١٠

❖ ژیاننامەی زەینەب خان بە شیکارییەکی کۆمەڵناسییەوە ٣١٦
یەکەم: هۆشیاری نەتەوەیی لای زەینەب خان ٣٢٤
دووەم: هۆشیاری چینایەتی لا زەینەب خان ٣٢٥
سێیەم هۆشیاری ئافرەتیستی ٣٥٦
چوارەم: هۆشیاری ژینگە و سروشتگەرایی ٣٣٠
پێنجەم: هۆشیاری ئایینی و عیرفانی ٣٣١
❖ کاریگەری کات و شوێن بەسەر شاعیرەوە ٣٣٣
❖ هۆنراوەی ئازاد لایزەینەب خان ٣٣٦
❖ **گفتوگۆ و ڕامان** ٣٣٨
❖ ئەنجام ٣٤٢
❖ دواوتە ٣٤٣

❖ **ژیاننامەی نووسەر** **٣٤٥**
❖ بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر ٣٤٨
❖ سوپاس و پێزانین ٣٥٠
❖ **پێڕست** **٣٥١**

مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان

MAHABAD QARADAGHI

# AFRATISM

## A HISTORY OF THE STRUGGLE FOR GENDER EQUALITY IN SOUTHREN KURDISTAN (1918-2018)

ISBN 978-91-981378-8-0